# جەنگی سارد

# ١٩١٧-١٩٩١

Yvan Vanden Berghe

# جەنگی سارد

# ١٩١٧-١٩٩١

وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە

**ڕێکەوت ئیسماعیل**

ناوی کتێب: جەنگی سارد ١٩١٧-١٩٩١
نووسینی: پرۆفیسۆر دکتۆر ئیڤان ڤاندێن بێرخ
وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: ڕێکەوت ئیسماعیل
تایپ: وەرگێڕ
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی تاران
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠٢٥
نرخ: ١٠.٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( ١٩٦٦ ) ی ساڵی ٢٠٢٤ ی پێدراوە

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری- بۆردی هۆشیاری

# پێشەکی

جەنگی سارد زاراوەیەکی سیاسییە و تەعبیر لە دۆخی گرژیی و بێ متمانەیی و نائارامیی نێوان دوو، یان چەند دەوڵەت و هێزی سیاسی ئەکا. ئەگەرچی بنەمای مێژوویی و سەرهەڵدانی ئەم چەمکە مەودایەکی مێژوویی کۆنتری هەیە، بەڵام وەک حاڵەتێکی جێگیر لە دوای شۆڕشی ئەکتۆبەری ١٩١٧ و کۆتایهاتنی جەنگی جیهانیی یەکەم (١٩١٨) خۆی سەپاند، بە تایبەت کە سەرمایەدارانی جیهان هەستیانکرد سیستمێکی تری جیاواز رووبەڕوویان بووەتەوە و لەسەر زەمینەی واقیع وەک دوژمنێکی سەرسەخت مامەڵەیان لەتەکدا ئەکا. ئەو سیستمەش سۆشیالیزمە.

دیارە سیستمی سەرمایە هەروا لە خۆوە و بێ بنەما تووشی ئەم بەدگومانییە نەبوو. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە پێش چاوییەوە ئەیبینی، بیری سوشیالیستی بە چ گوڕ و تینێکەوە هاتۆتە ژیانەوە و چۆن لە چەند شوێنی دنیا ململانەی سیستمی سەرمایە ئەکا و لە هەوڵی دامەزراندنی سۆشیالیزمدایە. هەڵوێستە سەرەتاییەکانی دەوڵەتی تازە دامەزراوی شورەوی، بەنمونە: بەستنی پەیمانی (بریست لیتۆفسک) و کشانەوەی یەک لایەنانەی لە جەنگی یەکەم و ئاشکرا کردنی یەک بە یەکی بڕگە نهێنییەکانی پەیمانی (سایکس- پیکۆ ١٩١٦). لەولایشەوە کۆمەک و هاوکاریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ لەشکری سپی و خۆشکردنی ئاگری شەڕی ناوخۆ لەناو رووسیادا، بە مەبەستی شکستپێهێنانی بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ئەمانە بە گشتی چەند هەڵوێستی بە کردەوە بوون کە هەردوولای هاوکێشەکەی خستبووە حاڵەتی بێ متمانەیی و بەدگومانییەوە.

تا ئێستا مێژوو نووسان رایەکی یەکگرتوویان سەبارەت بە دەستپێکی جەنگی سارد نییە. بەڵام زۆربەیان رایان وایە، سەرەتاکانی ئەگەڕێتەوە بۆ دوای کۆتاییپێهاتنی جەنگی دووەمی جیهان. دیارە ئەم رایە ئەوە ناگەیەنێ کە پێشتر ناکۆکی و ململانە لە نێوان هێزە نێودەوڵەتییەکاندا نەبووە. هەر روسیای تزاری بوو لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا لە ململانێیەکی توند و تیژدا بوو لەگەڵ دەوڵەتە ئەوروپاییەکان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەسەڵاتدارانی شۆرەوی هەستیانکرد لە باری سیاسییەوە ئابڵووقە و گۆشەگیر کراون بۆیە (لینین) رایگەیاند کە سەرمایەدارانی جیهان بە مەبەست لە هەر چوار لاوە دەوریانگرتووە و ئەویسترێ بە تەواوی گۆشەگیر بکرێن. ڕێگا چارەش بۆ ئەم حاڵەتە ئەوەیە ناکۆکییەکانی نێوان شورەوی و سەرمایەدارانی جیهان بە شێوازی دیبلۆماسی قووڵتر بکرێنەوە. هەنگاوی یەکەمیش بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە، دامەزراندنی (کۆمنترن-١٩١٩) بوو، کە بە (ئەنتەرناسیۆنالیزمی سێیەم) ناسراوە. (کۆمنترن) چەند ئەرکی شۆڕشگێڕیی پێ سپێردرا. لەوانە ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتەکانی سەرمایەداری و بەهێزکردنی بزوتنەوەی کرێکاری و قوڵکردنەوەی ناکۆکییەکانی ناو هەناوی سیستمی سەرمایەداری بە هیوای بەرپاکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی لە وڵاتانی دیکەی جیهاندا.

دوای مردنی لینین (١٩٢٤)، (ستالین) جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست. لە ماوەی دە ساڵدا ١٩٢٤-١٩٣٥ (کۆمنترن) حەوت کۆنگرەی بەست. جار لە دوای جار کۆنگرە تەئکیدی لە خەبات دژی سەرمایەداری و شۆڕشی چینی کرێکاران ئەکردەوە. بەڵام روداوەکانی دوای هەڵگیرساندنی جەنگی دووەم (١٩٣٩-١٩٤٥)، ستالینی ناچار کرد دەستبەرداری ئەو سیاسەتە ببێ. بۆیە ساڵی ١٩٤٣ (کۆمینترن)ی بە یەکجاری هەڵوەشاندەوە..

ستالین لەمەڕ شێوازی پەیوەندی نێو دەوڵەتان بە پێچەوانەی (لینین) ەوە رایەکی تری هەبوو. ئەم دەیگوت: شورەوی دورگەی سۆشیالیزمە و لەسەریەتی ئابلووقەی سەرمایەداریی جیهانی بدا. چونکە سیاسەتی نێو دەوڵەتی سیاسەتی جووت جەمسەرە و یەکێتیی شورەوی لەسەریەتی ئەو

وڵاتانە بەلای خۆیدا رابکێشێ کە مەیلیان لە سۆشیالیزمە. هەرچی ئەوانەیشن کە مەیلیان لە سەرمایەدارییە، با روو لەو کەمپە بکەن.

لە نێوان جەنگی یەکەم و دووەمدا، پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی شورەوی و سەرمایەدارانی جیهان، چەندین هەوراز و نشێوی بە خۆیەوە دی. ساڵی ١٩٣٩ ئەڵمان لە دژی ئەوروپای رۆژئاوا جەنگی هەڵگیرساند. دەوڵەتی شورەوی بۆ ئەوەی خۆی لەم جەنگە بە دوور بگرێ لەگەڵ ئەڵمان پەیمانێکیان مۆرکرد کە هیچ کامیان پەلاماری ئەویتر نەدا. ئەمە لە کاتێکدا کە شورەوی بە کردەوە بێلایەنی خۆی لە جەنگەکە راگەیاندبوو. بەڵام ساڵی ١٩٤١ ئەڵمان کە لە سەرەتاوە مەستی سەرکەوتنە یەک لە یەکەکانی بوو لە ئەوروپا، بەندەکانی رێککەوتنەکەی پێشێلکرد و پەلاماری شورەوی دا. لەولایشەوە (ژاپۆن) کە هاوپەیمانی ئەڵمان بوو، هێرشێکی ئاسمانیی گەورەی کردە سەر هێزی دەریایی (ئەمریکا) لە (پیرل هاربەر) و گەورەترین زیانی پێگەیاند، لە کاتێکدا ئەمریکا لە شەڕدا نەبوو.

ئەم دوو روداوە جارێکی تر نەخشەی جەنگەکەی گۆڕی و بوو بەهۆی هاوپەیمانییەکی فراوان لە نێوان شورەوی و ئەمریکا و بەریتانیا. بەو جۆرە (شورەوی)ش بە کردەوە بووە لایەنێکی جەنگەکە. بەڵام هەر لە دەستپێکەوە هەستیکرد هاوپەیمانەکانی (ئەمریکا و بەریتانیا) بەو رادەیە هاوسۆزی نین کە پێویستە و متمانەیان پێناکرێ. ئەگەرچی ستالین بۆ دەربڕینی نیازپاکی ساڵی ١٩٤٣ (کۆمینترن) هەڵوەشاندەوە. هەر زوو شورەوی هەستیکرد هاوپەیمانان مەبەستیانە گورزی گەورەی شەڕ بەر ئەو بکەوێ، تا لە دوای جەنگ شورەوی بە ئابورییەکی داڕوخاو بێتە دەرەوە و نەتوانێ بەرگەی ئاسەوارەکانی جەنگ و زیانەکانی بگرێ. شورەوی هەر زوو تێگەیشت کە رۆژئاوای سەرمایەداری لە گەرمەی رووداوەکانی جەنگدا لە نێوخۆیاندا خەریکی سازش و رێککەوتنن و ژێر بە ژێر لە سەر چۆنێتی دابەشکردنی ناوچەی دەسەڵات و رووبەڕووبوونەوەی شورەوی دوای جەنگ، بۆیە هێشتا جەنگ کۆتایی نەهاتبوو شورەوی هەستی بەم سیاسەتەی هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی کرد و سەرەنجام پەیوەندییەکانی نێوانیان چووە دۆخێکی

گرژ و نا ئارامەوە، بەڵام بە نهێنی.

کاتێکیش جەنگ کۆتاییهات (١٩٤٥)، هاوپەیمانان لەسەر نەخشەی نوێی ئەوروپا پێکهاتن و سنوری نێوان دەوڵەتانیان دەستنیشانکرد، بەڵام هەر لایەنە (شورەوی و ڕۆژئاوا) بیروڕای جیاوازیان هەبوو لەمەڕ ئاشتی و ئاسایشی جیهان و چۆنیەتی پاراستنی لە دوای جەنگ.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باوەڕی وابوو کە ناکۆکی نێوان دەوڵەتان ئەبێ لە ڕێگای ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە چارەسەر بکرێ. هەرچی شورەوی یە، بیرو بۆچونێکی جیاوازی هەبوو. شورەوی وڵاتێکی مارانگەستە بوو. ئەو لە ماوەی سەدە و نیوێکدا چەندجار کەوتبووە بەر هێرش و پەلاماری ئەوروپاییەکان. بەسەرێکی تریش سیستمی سەرمایەداری، شورەوی بە دوژمنی سەرسەختی خۆی ئەزانی و باوەڕی وابوو هەمیشە لە پارێزدایە بۆ لەناوبردنی. لەم تێڕوانینەوە باوەڕی بە سیاسەتی خۆپاراستن و سنوورێکی قایم و پتەو هەبوو.

ئەو لە مێژووی خۆیدا هەم هێرشی ناپلیۆن (١٨١٢)ی دیبوو، هەم هێرشی ئەڵمانیای نازی (١٩٤١)، کە سەرەنجام ٢٧ ملیۆن مرۆڤی سۆڤێتی بوونە قوربانی، ئەمە بێجگە لەو کاولکارییەی دووچاری وڵاتەکە ببوو.

شورەوی مەبەستی بوو سیستمی ئاشتی و ئاسایشی جیهان لەسەر بنەمایەک دابڕێژرێ، هەڕەشەی دەرەکی لەسەر وڵاتەکەی نەبێ، بۆ ئەم مەبەستەیش ئەبوو هەوڵبدا دراوسێکانی دۆست و هاوپەیمانی بن، بە تایبەت وڵاتێکی وەک (پۆڵەندا).

ڕاستییەکەی، کۆنگرەی یالْتا (١٩٤٥) بۆ ئەوە بەسترا ئەم کێشەیە بە جۆرێک لە جۆرەکان بە لایەکدا بخرێ، بەڵام هاوپەیمانان نەیانتوانی بگەنە ئەنجامێکی باش و کێشەکە بە هەڵواسراوی مایەوە. کە جەنگیش کۆتاییهات، شورەوی بە مەبەستی جێگیرکردنی ستراتیژەکەی خۆی، ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی کۆنترۆڵکرد. ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئەوروپای ڕۆژئاوایان خستە ناو بازنەی سیاسەتەکانی خۆیانەوە. لەسەرەتاوە ئەڵمانیا کرا بە چوار پارچەوە و هەریەک لە (شورەوی، ئەمریکا، بەریتانیا و فەرەنسا)

ناوچەیەکیان بەڕێوە ئەبرد. پاشان کرایە دوو بەش، کە دواتر بە (ئەڵمانیای ڕۆژهــەڵات) و (ئەڵمانیای ڕۆژئــاوا) نــاسـران. دواتـریـش کە بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی نێونەتەوەیی ڕێکخراوی (نەتەوەیەکگرتووەکان) یان دامەزراند، داهێنانی مافی (ڤیتۆ) و بەخشینی ئەو مافە بە سەرکەوتووانی جەنگ کارێکی کرد، ئەو ڕێکخراوە نەتوانێ وەک پێویست ئەرکەکانی خۆی بەجێ بهێنێ و ڕۆڵێکی ئەوتۆ لە بواری ئاسایشی نێونەتەوەییدا بگێڕێ. ئینجا هاوپەیمانان و لە ریزی پێشەوەی هەمووان (بەریتانیا) هەستیانکرد ئەو هێزە گەورە و زەبەللاحەی شورەوی کە لە دوای جەنگ لە ئەوروپادا بڵاویکردۆتـەوە، مەترسییەکی گـەورەیـە بۆ سـەر ئاسایشی ئـەوروپـای ڕۆژئاوا، دەبێ بەری پێ بگیرێ و بە زەبری هێز ڕووبەڕووی ببنەوە. بۆ ئەم مەبەستەیش پلانی ڕووبەڕووبوونەوە داڕێژرا، بەڵام دوایی کە زانییان ئەم پلانە قابیلی جێبەجێکردن نییە، دەستبەرداری بوون.

* * *

دوو ساڵی یەکەمی دوای کۆتاییهاتنی جەنگ ١٩٤٥-١٩٤٧ سەرەتاکانی جەنگی سارد و ئاسەوارەکانی بە تەواوی لە شێوەی پەیوەندی و چۆنیەتی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ڕەنگیان دایــەوە. شــورەوی کۆنترۆڵی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیکرد. لەولایشەوە ئەمریکا بە مەبەستی دانانی سنوورێک بۆ شورەوی، سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی وڵاتانی دنیای گرتەبەر. لە سەرەتاوە بە کۆمەک و یارمەتی ئەوروپای ڕۆژئاوا دەستیپێکرد. لە قۆناغێکی تردا کەوتە یارمەتیدانی ئەو هێزانەی لە دژی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە جەنگدا بوون. بە نمونە لە شەڕی ناوخۆی (یۆنان)دا بووە پشت و پەنای هێزە نەیارەکانی حزبی کۆمۆنیست. هەر زوو هەوڵیدا ڕۆژئاوا لە ناو قەوارەیەکی سیاسیدا بکاتە بەرەیەکی یەکگرتوو لە دژی شورەوی و ئەنجام پەیمانی (باکوری ئەتلەسی – ناتۆ) ی بەرهەمهێنا. لە سەروبەندی سەرکەوتنی شۆڕشی (چین – ١٩٥٠) و هەڵگیرسانی جەنگی کۆریا (١٩٥٠-١٩٥٣) دا، وردە وردە ناکۆکی نێوان هــەردوو کەمپی ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئــاوا بە ئاستێک گەیشت چەقی ململانەی نێوانیانی گواستەوە بۆ وڵاتانی کۆلۆنیالکراوی ئەمریکای لاتین و

ئەفریقا و باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا و ناوچەی خاوەرمیانە. بە کورتی هەر جموجوڵ و ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە هەر بستە خاکێکی ئەم سەر زەمینەدا روویدابێ، ئاسەواری سیاسەتەکانی جەنگی ساردیان وەک رۆژی رووناک بەسەرەوە دیار بووە، ( پەیمانی جەزائیرو رێککەوتنی عیراق و ئێران٥□□□ کەشکستی بە بزووتنەوەی کورد هێناو دووچاری گەورەترین کارەساتی مێژوویی کرد بە ئاشکرا جێ پەنجەی ئەو جەنگەی بەسەرەوە دیارە . جەنگێک هەمیشە دەرەنجامەکانی لەسەر حسابی ئازادی ومافی گەلان بووەو بە قازانجی یەکێک لە و دوو کەمپە کۆتاییهاتووە).

وەک کاردانەوەیەکیش لە بەرامبەر دامەزراندنی پەیمانی ناتۆ، شورەویش پەیمانی (وارشۆ) ی لە ساڵی ١٩٥٥دا دامەزراند و تەواوی وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات تێیدا بوونە ئەندام. سەرکەوتنی کودەتاکەی هەنگاریا (١٩٥٦) و رووبەڕووبوونەوەی هەردوو کەمپەکە لەسەر دروستکردنی دیواری بەرلین (١٩٦١) کە بە قەیرانی بەرلین ناسراوە، ئەمانە بێجگە لە قەیرانە گەورەکەی نێوان ئەمریکا و شورەوی لەسەر بنیاتنانی بنکەی موشەکی ئەتۆمی لە کوبا (١٩٦٢)، نمونەیەکن لە شێوازی ململانە و رووبەڕووبوونەوەی ئەو دوو جەمسەرە لە سایەی دۆخێکدا کە بە جەنگی سارد ناوزەد کرابوو.

هەڵبەت بارودۆخەکە بەوجۆرە نەمایەوە و رۆژ لە دوای رۆژ (جەنگی سارد) ئاسەواری زیاتری لە دوای خۆیەوە بەجێ ئەهێشت، بە تایبەت ساڵانی ٦٠ی سەدەی رابوردوو ئاڵوگۆڕێکی چۆنایەتی لە شێوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هاتە کایەوە. بە نمونە ناکۆکییەکی ئایدیۆلۆژی قووڵ کەوتە نێوان (چین و شورەوی) کە بووە هۆی شەقکردنی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە سەرتا سەری جیهاندا. جموجوڵی رزگاربوونیش لە هەژمونی شورەوی لە ناو وڵاتانی پەیمانی (وارشۆ)دا رویدا، وەک بزوتنەوە شکستخواردووەکەی (دۆبچیک) لە هەنگاریا (١٩٦٨). درێژە کێشانی جەنگی ڤێتنام (١٩٥٥-١٩٧٥) و کۆتایهاتنی بەسەرکەوتنی گەلی ڤێتنام بەسەر حکومەتە دەستکێشەکەی ئەمریکادا. هەموو ساڵانی ٧٠-٨٠ی سەدەی رابوردوو گرژی و ئاڵۆزی نێوان هەردوو کەمپی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بە رادەیەک پەرەیان سەند و

قووڵبوونەوە، هەموو شەرایەتەکانی جەنگی راستەقینەیان پێوە دیار بوو. بە تایبەت کاتێک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ململانەی زانستی و شەڕی ئەستێرەکان و چوونە بۆشایی ئاسمانی خستە ناو بەرنامەی جەنگی ساردەوە، بە مەبەستی وێرانکردنی ئابوری شورەوی کە لەناو قەیرانێکی کوشندەدا ئەژیا. بە درێژایی ئەو ساڵانە ئاستی گرژی و بێ متمانەیی لە نێوان هەردوو کەمپی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا بە رادەیەک پەرەی سەند، لەوە دەرچوو لە چوارچێوەی پرنسیپەکانی جەنگی سارددا بمێنێتەوە، بەڵکو بە ئاشکرا و بێ پەردە چووە دۆخی دەستێوەردانی سەربازی و گرنگیدان بە هەژموونی دەسەڵات لە سەرتاسەری جیهاندا. ئەمە لە کاتێکدا شورەوی بە دەست قەیرانێکی قووڵی ئابورییەوە ئەیناڵاند. بۆیە سەرکردەی ئەو کاتی شورەوی (گۆرباچۆڤ) پرۆژەیەکی بە مەبەستی ریفۆرمێکی گشتگیر لە ساڵی ١٩٨٥دا پێشکەشکرد بە ناونیشانی (پیرۆسترۆیکا) کە بە مانای (رێکخستنەوەیەکی نوێ) و (گلاسنۆست) کە بە مانای ئازادی بیر و ئازادی رادەربڕین و ئازادی مافی دامەزراندنی رێکخراوی کلتوری هەمەجۆر دێ، پیادە کرد. بەڵام سەرەڕای ئەم هەوڵانەیش، چونکە دەرهاویشتەکانی جەنگی سارد تا ئەو کاتەیش هەر لە برەودا بوون و شورەوی تا ئەو کاتەیش دەستبەرداریان نەببوو. لە جومگەیەکی مێژووییدا کە حزبی کۆمۆنیستی ئەفغانی بە کودەتایەک جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، بە مەبەستی پشتگیریکردن لە سیستمی نوێی ئەو وڵاتە، دوچاری شەڕێکی نەخوازراو بوو تا ئەنجام بە شکستی سەربازی و کشانەوە ناچار کرا. زۆری نەخایاند وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات کە بە وڵاتانی پەیمانی (وارشۆ) ناسرابوون، یەک لە دوای یەک سەربەخۆییان راگەیاند بێ ئەوەی شورەوی هێزی سەربازی لە دژی خواستی جیابوونەوەیان بەکاربهێنێ. تا ساڵی ١٩٩١ ئەو قەوارە سیاسییەی پێی دەگوترا (یەکێتیی شورەوی) لەبەر یەک هەڵوەشا و ئاسەواری نەما و جیهانێکی لە دوای خۆی بەجێهێشت کە سەرمایەدارانی جیهان ناویان نا (جیهانگیری – گلۆبالیزەیشن) و لیبرالیزمی نوێیش ئەو میکانیزمەیە کە سیستمی سەرمایە بۆ سەرخستنی سیاسەتەکانی پەیڕەوی

ئەکا و سەرتاسەری دونیای دووچـاری چەندین جۆر قەیرانی ئابوری، سیاسی، کەلتوری کردووە.

ئەم کتێبە کە لە زمانی هۆڵەندییەوە تەرجەمە کراوە بۆ کوردی، یەکێکێکە لەو کتێبانەی کە وردەکاری تەواوی جەنگی سارد لە خۆ دەگرێت. نوسەری ئەو کتێبە (پرۆفیسۆر ئیڤان ڤاندێن بێرخ) ماوەیەکی باش سەرقاڵی نوسینی ئەم کتێبە بووە. دەستخۆشی لە وەرگێڕی ئەم کتێبەش دەکەم کە بەو کارەی توانیویەتی کتێبخانەی کوردی بە یەکێک لە هەستیارترین بابەتە سیاسییەکان دەوڵەمەند بکات.

**فواد مەجید میسری**
**هۆڵەندا/ دیسێمبەری ٢٠٢٤**

## وتەی دەستپێک

مێژوو نوسەکان کەسانی ترسناکن. ئەوان ئەتوانن هەموو شتەکان سەرەوژێرکەن، بۆیە دەبێت کۆنترۆڵیان بکەین.. نۆرمان شوارسکۆف

ئەم کتێبە مێژووی جەنگی سارد و ریزبەند کردنیەتی. لە ساڵی ١٩٨٤دا مێژوونوس و میدیاکاری کۆچکردوو ئیریک پێرتز کە لە تەلەفیزیۆنی ئەوسای بی ئاڕ تی (BRT) کاری دەکرد، داوای لێکردم سیناریۆی پێنج زنجیرە بۆ پرۆگرامێکی رادیۆ بنوسم لەسەر مێژووی جەنگی سارد. ئەو سەرسامی دیدگای من بوو کە لە یەکێک لە کۆڕەکانمدا خستبوومەڕوو. ئەو دەقەم پێشکەشکرد کە ئەو بە گونجاوی دەزانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ بڕیاری کۆتایی دەبوو بیخاتە بەردەم دەستەی کارگێڕ. دەرکەوت کە پارە و تێچوونەکەی زۆر گرنگ نییە بۆیان، بەڵام کێشە لە شیکاری و بۆچوونەکاندا بوو. لە نوسینەکەمدا گومانم لەوە کردبوو کە سۆڤێتیەکان هێشتا نیازی داگیرکردنی رۆژئاوای ئەوروپا لە کەللەیان دەرنەچووە. هەروەها ئەوەشم وتبوو کە ناتۆ ئەوە زۆر باش دەزانێ. هەروەها رەخنەم لە هێرشی ئەتۆمیی ئەمەریکا گرتبوو بۆ سەر هیرۆشیما و ناکازاکی و دەمپرسی داخۆ ئەمە لە رووی سەربازییەوە چ سودێکی هەبوو؟ ئەم تێڕوانینانەی من کاردانەوەی خراپیان هەبوو، سەرەنجام پرۆگرامەکەیان وەستاند. ئەو دەمە دامەزراوەی میدیایی "بی ئار تی" کەناڵی رەسمی و زمانحاڵی دەوڵەت بوو کە هەمیشە خوازیاری ئەوە بوون هاوسەنگی سیاسی پیشان بدەن.

دواتر کاتێک داوام لێکرا لە پرۆژەیەکی دیکەدا بەشداری بکەم، ئەم شتە روونتر رەنگی دایەوە. لەگەڵ میدیاکاری رادیۆ "فرانس بوندەرس" هەستام بە ئامادەکردنی چوار زنجیرەی رادیۆ لەسەر خۆبەدەستەوەدانی ژاپۆن، ئەمەش لە یادی چل ساڵەی روداوەکەدا لە مانگی ئابی ١٩٨٥. دیسانەوە

رادیۆکە لە دووا ساتەکاندا پەخشکردنی بەرنامەکەی راگرت - بەبێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانین- هەرچەندە دواتر ریگایان داین سەرلەنوێ زنجیرەکان بڵاو بکەینەوە بەڵام ئەمجارەیان بە شێوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوبەری کەناڵی (GRT).

ساڵی ١٩٨٧ کتێبێکم بە ناونیشانی (حەفتا ساڵ جەنگی سارد ١٩١٧-١٩٨٧) بڵاو کردەوە، ئەم کتێبە درێژەی هەمان بەرنامە تەلەفیزیۆنییەکە بوو. ئەو کتێبەم یەکەم هەوڵێک بوو بە زمانی هۆڵەندی دیدگایەکی گشتی لەسەر جەنگی سارد بخاتە روو. هەندێ لە سەرنجەکان لەسەر ئەو کتێبە بە سروشتی خۆیان سیاسی بوون. هەندێ لە رەخنەگرەکان دەیانویست دڵسۆزیی خۆیان بۆ پەیمانی ناتۆ پیشان بدەن و لە ڕێگای سەرکۆنەکردنی کتێبەکەوە بیسەلمێنن کە خاوەنی بیرکردنەوەی سیاسیی دروستن. خۆشبەختانە پێداچوونەوە ئەقڵانیەکان لە چاپی دواتری کتێبەکەدا بڵاو کرانەوە، زۆربەشیان زۆر کاریگەر نەبوون.

ئەو کتێبەم کە ساڵی ١٩٨٧ بڵاوکرایەوە، پێشکەشم کرد بە هەر دوو کچە هەرزەکارەکانم "سارا و لویز" رەنگە ئەو نەوەیەی ئەوان بایەخ بە گرفتێکی وەکو جەنگی سارد نەدەن. بەڵام ئیتر هەموو شتێک ئاشکرا بووە، جەنگی سارد بۆتە پرسێکی درۆینە، ژمارەیەکی کەم لە چاودێران ویستیان یاخود ریگایان پێدرا ئەوە بدرکێنن. من لەو باوەڕەدا بووم، جەنگی سارد لە نەوەتەکاندا ئیتر کۆتایی دێت. ئەوروپای خۆرئاوا رۆڵێکی گرنگی بینی، هەروەک دەتوانێت رۆڵیکی گرنگ ببینێت لەم بارەوە.

هەموو شتەکان زۆر لەوە خێراتر کە من بیرم لێدەکردەوە تێپەڕین، نەک تەنها دبلۆماسییەتی ئەوروپای رۆژئاوا، بەڵکو پێشکەوتنی کۆمەڵگەی ئەوروپا لە رووی ئابورییەوە رۆڵێکی گرنگی بینی کە لە پێکهێنانی بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا لە ساڵی ١٩٩٢ (رێکەوتننامەی ماستریخت – وەرگێڕ) رەنگی دایەوە. ئەمە کاریگەرییەکی یەکجار گەورەی کردە سەر دانیشتوانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا کە بە روونی دیار بوو دڵیان بۆ ئەو مۆدێلە رۆژئاواییە لێدەدا.

سەرکەوتنی بزووتنەوەی دژە مووشەک لە ئەورووپای ڕۆژئاوا و بزووتنەوەی ئاشتی لە ئەمریکا، کاریگەری لەسەر ئەورووپییەکانی ڕۆژهەڵاتیش هەبوو. پێش هەموان پۆلەندییەکان درکیان بەوە کرد کە دەسەڵاتی جەماوەر دەتوانێت ڕژێمە گەندەڵەکان بشکێنێت (١٩٨٠-١٩٨١). ئەوانی تریش لە ساڵی ١٩٨٩ بەدواوە هەمان ڕێچکەیان گرت. گۆرباچۆڤ ئەورووپایەکی ڕۆژهەڵاتی دیموکراسی قبوڵ کرد و سەربازەکانی کشاندەوە و بەمەش کۆتایی بە شەڕی سارد هێنا کە لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە ئەڵمانیا و بەرلین و ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوە هەبوو.

من مکوڕم لەسەر ئەوەی کە دەکرێت جەنگی سارد وەک مێژووی فریودانێکی گەورە تەماشا بکرێت. ئەمەش گریمانە نیە، بەڵکو دەرەنجامێکە لە دوای چەندین ساڵ توێژینەوە پێیگەیشتووم. سەرمایەداری و کۆمۆنیزم ڕکابەری یەکتر بوون و لە کێبەرکێدا بوون، شەڕێکی ئایدیۆلۆژی پەیڕەو کرا، ئەمریکا و سۆڤیەت لەسەر هەژمونخوازی کێبەرکێیان دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کام لەو دوو لایەنە بە شێوەیەکی جدی بیریان لەوە نەدەکردەوە کە هێرشێکی کەمەر شکێن بکەنە سەر یەکتر، هەرچەندە هەردوو لایەن لە هەندێ حاڵەتی سەرهەڵدانی قەیراندا ئەو ترسەیان لە یەکتر هەبوو.

لە زۆربەی قۆناغەکانی جەنگی سارددا، سەرکردە گەورەکان هەمیشە دەیانزانی کە دوژمنی بەرامبەریان نایەوێت هێرش بکات، زۆر جار لەم بارەدا رای گشتی لە خشتە براوە. هەڵە تێگەیشتن لە نێوان سەرکردە گەورەکاندا نەبوو، بەڵکو لە ناو خەڵکدا بوو، ئەم پەندەش ئەوە پیشان دەدات کە جەنگی سارد لە راستیدا ئەرکی دیکەشی هەبوو، سەرکردەکانی سۆڤێت و ئەمەریکاش جەنگی سارديان دەکردە بیانوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆیان، سەبارەت بەم خاڵە توێژینەوەیەکی ئەوتۆ نەکراوە و ئەم بیرۆکە گرنگەش لەم کتێبەدا هەروا بە ئاسانی ناتوانرێت ئاماژەی بۆ بکرێت.

ئەم چاپی چوارەمەی بەردەستان بریتییە لە پێداچوونەوە و پوختکردنەوەیەکی ورد. هەوڵمداوە بە وردی بەدوواداچوون بۆ هەموو ئەو سەرچاوە فراوان و زانستییانەی ئەم ساڵانەی دوایی بکەم و بتوانم

ئەو بۆچوونانەی خۆم ئاوێتە بکەم لەگەڵ ئەو دەرەنجامانەی کە نوێترین توێژینەوە ئەکادیمییەکان پێشکەشیان کردووە.

وەکو سەرچاوە ئەوەی کە پەیوەندی بە بلۆکی کۆمۆنیستیی پێشووەوە هەبێت، سودم لە بۆڵتین و بڵاڤۆکەکانی "پرۆژەی مێژوی نێودەوڵەتی جەنگی سارد" و چەندین سەرچاوەی تر وەرگرتووە. هەروەها زیاتر گرنگیم بە ڕووداوەکانی چین و وڵاتانی دیکەی جیهانی سێیەم دەدا. ئەمێستاکە ئاوەڵاتر لەگەڵ قەیرانەکانی ئەو رۆژگارەدا مامەڵە دەکرێت، چونکە لێکۆڵینەوەی ئەرشیفی ئەو وڵاتانەی کۆن لە بلۆکی کۆمۆنیزم بوون لە بەردەستدایە و ڕێگە بە دەستخستنی دەدرێت، هەر بۆیەش سەرنجی منیش لەسەر هەندێک بابەت گۆڕاوە.

من لە دیدگایەکی مێژویی خاوێنەوە بە خستنە رووی بابەتەکان بە شێوەیەکی یەکانگیر، لە گرنگترین راستییەکان و پاشخانەکان دەکۆڵمەوە. بەهیچ شێوەیەک هەوڵم نەداوە بۆچوونی خۆم یاخود هیچ دیدگایەک بسەلمێنم، بەڵکو هەوڵم داوە گرێ کوێرەی ڕووداوەکان بکەمەوە و کارو کاردانەوەکان شرۆڤە بکەم.

باوەڕناکەم سەر بە 'قوتابخانە'یەکی دیاریکراو بم. من سروشم لە وەڵامە سیاسییەکانی دەستەی نوسەرانی دوو گۆڤاری گرنگی زانستی ئەمریکی وەرگرتووە: مێژووی دیپلۆماسی و گۆڤاری لێکۆڵینەوەکانی جەنگی سارد. هەوڵم داوە بزانم بەڕاستی چی ڕوویداوە، ئەمەش بە خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەکانی ئەو نوسەرانەی کە بەوردی راوێژیان بە سەرچاوە بەردەستەکانی خۆیان کردووە و شارەزایی زمانەوانی تەواویان هەیە بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی ڕەخنەگرانە لە سەرچاوە ڕووسی و چینی و سەرچاوەکانی دیکە. زۆر سەرسامیش بووم بە زانایانی وەک ئادەم ئولام، ڤۆیشیش ماستنی، مارک کرامەرو هەروەها سەرسامم بە زۆر کەسی تریش.

نووسینی چیرۆکێکی کەم تا زۆر بابەتیانە بۆ پرسێکی بارگاویکراوی وەک مێژووی شەڕی سارد، تاقیکردنەوەیەکی زۆر قورسە ئەگەر مەحاڵیش

نەبێت، من ئەوە زۆر بە باشی دەزانم. جگە لەوەش، پرسیاری ئەوە لەخۆم دەکەم کە تا چەندە توانیومە ڕاستییەکان ڕوون بکەمەوە.

هەموو پێدراوەکان لەم کتێبەدا لەسەر بنەمای شیکارییەکی ڕەخنەگرانەی ئەدەبیاتی زانستی خراونەتەڕوو. نەبوونی پەراوێزەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کتێبەکە لە سیناریۆیەکی تەلەفزیۆنییەوە چەکەرەی کردووە و لە سەرەتادا بۆ خوێندکاران و بینەرێکی گشتی ئامادە کراوە.

سوپاس و پێزانینم بۆ هەر یەکە لە گریگۆری هەوت، کە دۆکیومێنتەکانی تایبەت بە "چین"ی بۆ کۆکردمەوە، هەروەها د.ئانیک شرامە، د. دیرک رۆختورس، داڤید گریگمانس، نادین ڤان دێر لیندن، ڤیرۆنیکا میشێلس و تیمۆن بۆ سالۆمۆنسۆن، کە تێکستەکانیان دەخوێندەوە. هەروەها سوپاسی ستیڤان ماترێڵ دەکەم کە هاوکارم بوو بۆ پێکهێنانی بیبلۆگرافیا. سوپاسی زانکۆی ئانتڤێرپن دەکەم.

**پرۆفیسۆر دکتۆر ئیڤان ڤاندێن بێرخ**

## جەنگی سارد

زاراوەی جەنگی سارد بە شێوەیەکی فەرمی لە ساڵی ١٩٤٧ لە لایەن ەەسێکی خەزنەداری ئەمەریکی بەناوی (بێرنارد باروخ- Bernard Ba-ruch) بەکار هێنراوە، لە کاتی وتەیەکی خۆیدا سەبارەت بە پلانەکانی سەرۆک ترۆمان Truman بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی بە یۆنان و تورکیا.

رۆژنامەنوس والتەر لیپمان (Walter Lippmann) ئەم زاراوەیەی وەک ناونیشانێک بۆ یەکێک لە کتێبە بەناوبانگەکانی خۆی بەناوی (جەنگی سارد – توێژینەوەیەک لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا- ١٩٤٧) بڵاوکردەوە. هەریەکە لە باروخ و لیپمان ئەم تێرمەیان وەک دەربڕینێک لە زاری هەندێ سیاسەتمەدار و چاودێری سیاسی لە وانشتۆن دەبیست، کە هێربێرت ساوپ(Herbert Swope) یەکێک بوو لەوانە.

جەنگی سارد ململانێیەک بوو لە نێوان دوو سیستەمی ئابوری و سیاسی جیاواز، دوو ئایدۆلۆژیا کە راستەوخۆ دژ بەیەک وەستابوونەوە، لە لایەک سیستەمی سەرمایەداری و لەملاشەوە نمونەی (لینینیزمی سۆڤیەتی) لە مارکسیزم. گرنگترین دژبەرەکانی ئەم ململانێیەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەت بوون. هەرچەندە ژینگەی ململانێکە لە ماوەی درێژ مەودا بووە هۆکاری هەڵایسانی جەنگ، بەڵام هەرگیز لە نێوان هەردوو لایەنی جەنگی سارد رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ و جەنگ بەرپا نەبوو، بەڵکو ململانێیەکی بەردەوام بوو لە پێناو هاوپەیمان و هەژمونخوازی و دەستکەوتنی سەرچاوە ئابوریەکان، هەروەها زیاتریش جەنگێکی

پرۆپاگەندەیی بوو، لە دوای ١٩٥٠ بوو بە پێشبڕکێیی خۆپڕچەککردن.

بە بڕوای مێژوونوس و چاودێران، جەنگی سارد لە ساڵی (١٩٤٧)ەوە دەستپێدەکات، ئەو کاتەی دۆکترین (عەقیدە)ی ترۆمان ئاشکرا کراو پەیتا پەیتا زۆر بەخێرایی برەوی سەند هەتا کاتی مردنی جۆزیف ستالین لە ساڵی ١٩٥٣، و دواتریش بە چارەسەربوونی قەیرانی کوبا، نزمتر بۆوە. بۆ ئەو روداوانەی کە لەنێوان ساڵانی (١٩٧٩–١٩٨٥) رویانداوە، نوسەرانی ئەو بوارە ناچار بوون کە زاراوەی (جەنگی ساردی دووەم) بەکار بێنن.

من بۆخۆم لەو باوەڕەدام جەنگی سارد لەگەڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیا ساڵی ١٩١٧ دەستپێدەکات، ئەو کاتەی ململانێیەکی توندی ئایدۆلۆژی لە پێناو هەژمونخوازیی بۆ دەستگرتن بەسەر جیهاندا خۆی دەرخست. ئەندرێ فۆنتاین (André Fontaine)یش هەمان ماوە دەکاتە دەستپێک بۆجەنگی سارد. جەنگی سارد لە ماوەی نێوان ١٩٨٩-١٩٩١ دا، بە کەوتنی دیواری بەرلین، دیموکراتیزەکردنی ئەوروپای رۆژهەڵات، پاشەکشەی هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت، رەتکردنەوەی کۆمۆنیزم لە سۆڤیەت و دواتریش هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت – وڵاتی باوک بۆ کرێکاران و جوتیاران، کۆتایی هات.

## بەشی یەکەم

## بەرایی

## (١٩١٧-١٩٤١)

### پارسەنگی هێزی نێودەوڵەتی بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیا:

لە سالانی بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیا -١٩١٧- سیاسەتی نێودەوڵەتی تەنها لە چوارچێوەیەکی تەسکدا دەچوو بەلای مۆدێلی ئایدۆلۆژیا و سیاسەت و نەزمی کۆمەلایەتی ژیان. زلهێزەکانی ئەو سەردەمە سیاسەتی دەرەوەی خۆیان تەنها لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نیشتیمانیی رووت دادەڕشت. لەسەر ئەم بنەمایەش رێکەوتنی دووقۆڵی و هەندێ جار رێکەوتنی سەربازی و سازان و هاوپەیمانیش گرێ دەدران. بەمجۆرە بە گۆڕانی بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان بۆ لایەنە بەرامبەرەکان تێگەشتن و واتای بەرژەوەندییەکانیش دەگۆڕان و تەنانەت پابەندبوون (ئیلتیزامات)ە نێو دەوڵەتیەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا دەهات. لەم سۆنگەیەوە بەرژەوەندی تایبەت و سیاسەتی پراگماتیکی دوو بزوێنەری سەرەکی بوون بۆ ئاراستەکردنی سیاسەتی نێو دەوڵەتی.

مێژووی دبلۆماسیەتی سەدەی نۆزدە زنجیرەیەک لە روداو، ململانێ، دەستوەردانی سەربازی، جەنگ بوو لە نێوان بەرە و هاوپەیمانە جیاوازەکاندا، بەهۆی بەرکەوتنی بەرژەوەندییە بالاکانی زل هێزەکانی وەکو: بەریتانیای مەزن، روسیا، پروسیا (لە ١٨٧١ەوە ئیمپراتۆریای ئەڵمانیا) و نەمسا (لە ١٨٦٧ ەوە نەمسا و هەنگاریا). لە کۆتا چارەکی سەدەی نۆزدە بە شێوەیەکی گشتی پارسەنگی هێزی نێودەوڵەتی لە نێوان ئەو زل هێزانەدا زیاتر و زیاتر کاریگەری تێدەکرا لە لایەن هێزە دژبەرەکانی دەرەوەی ئەوروپا بەهۆی بەرژەوەندییە جیاوازەکانیانەوە، ئەمەش لە راستیدا سەردەمی ئیمپریالیزم بوو. بە گورتربوونی پیشەسازی و ئەوەی بە شۆرشی دووەمی پیشەسازی ناوی دەبرێت بووە هۆکاری تەشەنەسەندنێکی فراوانی هێزە ئیمپریالیستەکانی ئەوروپا لە دەرەوەی ئەوروپا. هەوڵدان و شەڕکردن بۆ دەستخستنی کەرەستەی خاو و بازاڕەکان، ئەمەریکای باشور و ئەفریقیا و

ئاسیای گرتەوە و سەرەنجام لە ساڵی ١٨٩٠ بەدواوە دوو هێزی نا ئەورووپایی هێنایە سەر شانۆی سیاسی کە ئەوانیش ئەمەریکا و ژاپۆن بوون. دواتر هێزە ئیمپریالیستەکان وردە وردە لە هەوڵەکانی خۆیاندا بۆ هێشتنەوەی کۆلۆنی (مستەعمەرە) و ناوچەکانی هەژمونی خۆیان (تەنانەت لە ئەورووپاش) دەستیان کرد بە گەڕان بەشوێن دۆست و دروستکردنی هاوپەیمانی بەهێز لەگەڵیاندا. لە هەمان کەش و دۆخدا پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن سەریهەڵدا کە لە ١٩١٣ بەدواوە راگرتنی ئیتر مەحاڵ بوو.

هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهان بە تەواوی رەنگدانەوە و کاریگەری ئەو ڕێکەوتن و هاوپەیمانیانە بوو کە هاتبونە ئاراوە. کوشتنی شازادەی نەمسا (فرانس فەردیناند)، لە لایەن کەسێکی ناسیۆنالیستی سربەوە لە سەراییڤۆ (بۆسنە) لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩١٤ بووە پاساوی راگەیاندنی زنجیرەیەک جەنگ، هەریەکە لە هاوپەیمانی سێ قۆڵی (ئەڵمانیا، نەمسا- هەنگاریا، ئیتالیا) لە لایەک و دەوڵەتانی ناوەند (فەرەنسا، بەریتانیای مەزن، روسیا) لە لایەکی دیکەوە خستە ناو ململانێیەکی راستەوخۆوە. بنەما ئایدیۆلۆژییەکان هەرگیز هیچ رۆڵێکیان نەگێڕاوە لە پێکهێنانی ئەو هاوپەیمانییانەدا.

بەمجۆرە وڵاتانی دیموکراسی وەکو فەرەنسا و بەریتانیا، لە تەنیشت روسیایەکی ئۆتۆکراسەوە چوونە ناو جەنگی یەکەمی جیهانەوە. لە ئەورووپای خۆرئاوا سۆزێکی ئەوتۆ بۆ رژێمی ملهوڕ و بەسەرچووی قەیسەر نەبوو. کۆماری فەرەنسا لە لایەن راوێژکاری ئەڵمانیاوە (پسمارک) ساڵانێک بوو لە رووی سیاسییەوە گۆشەگیر کرابوو. لە ساڵی ١٨٩٣ دا ڕێکەوتنێکی سەربازی نهێنی لەگەڵ روسیا مۆرکرا، بە گوێرەی ئەم ڕێککەوتنە دەبوو هەر دوو وڵات بەرگری لەیەکتر بکەن لە ئەگەری هەر هێرشێکی هاوپەیمانی سێ قۆڵی. فەرەنسا دەیویست خۆی بپارێزێت لە هەڕەشە و ملهوڕیەکانی ولیەمی دووەمی ئەڵمانیا، روسیا لە دژی ئارەزووە فراوانخوازییەکانی ناوچەی بەلقان کە خۆی لە هەریەکە لە نەمسا و هەنگاریا دەبینیەوە. ئەڵمانیا و جوتە شانشینەکە لە ساڵی ١٨٧٩ ەوە چارەنوسی خۆیان بە توندی پێکەوە گرێ دابوو (دوو هاوپەیمانییەکە). پێشتریش روسیا لەگەڵ ئەڵمانیا و جوتە

شانشینەکە هاوپەیمانی بەستبوو. لە ساڵی ١٨٧٣ سێ ئیمپراتۆریا لە ناوچەکەدا بوونی هەبوو، بەڵام سیاسەتی دەرەوەی روسیا بە دیدگای پانسلاڤیزمی خۆیەوە بەردەوام توشی بەرکەوتن دەبوو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ناوچەی بەلقان و دوو شانشینەکە. نەمسا و هەنگاریا لەو ناوچەیەدا بە پەرۆشەوە بە شوێن قەرەبووکردنەوەی هەژمونی لەدەستچووی خۆیان بوون لە ناوەندی ئەوروپا.

قەیسەرەکانی روسیا لە هەمان کاتدا خۆیان وەک رزگارکەری هەموو گەلانی سلاڤی دەزانی چ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی نەمسا و هەنگاریا بێت یان ئەوانەی ژێر دەستی ئیمپراتۆریای عوسمانی، هەروەها خۆشیان بە پارێزەری هەموو کریستیانە ئۆرتۆدۆکسەکان دەزانی لە دژی چەوساندنەوەیان لە لایەن کاتۆلیک و پرۆتستانتەکان، یاخود موسڵمانەکان. سیاسەتی روسیا لەو دەمەدا تەنها یەک دەرەنجامی دەردەخست ئەویش ئەوە بوو کە ئیمپراتۆریایەکی لاوازی عوسمانی لە دوای قەیرانی بەلقان ١٨٥٧–١٨٧٨ دەبوو سەربەخۆیی هەر یەکە لە رۆمانیا، سربیا، مۆنتینگرۆ (کێوە رەش) و بولگاریا بسەلمێنێت (بە گوێرەی رێکەوتنی بەرلین ١٨٧٨). روسەکان دەیانویست زیاتر پەلبهاوێژن ، بۆ ئەوەی خەونی لە مێژینەی خۆیان بەدی بێنن. دەیناویست هێرش بکەنە سەر ئەستەنبوڵ و کۆنترۆڵی گەرووەکانی بسفۆڕ و دەردەنیل بکەن بۆ ئەوەی رێگەی خۆیان بکەنەوە بۆ ناو دەریای رەش، بەر لەوەی ئابلوقە بدرێن بتوانن ئیمپراتۆریای عوسمانی لەناوبەرن.

ئەو دەسەڵاتەی کە بەردەوام ئەم نەخشانەی روسیای پوچەڵ دەکردەوە، بەریتانیا بوو. ئەم وڵاتە بە شێوەیەکی نەریتی سیاسەتێکی هاوسەنگی پەیڕەو دەکرد لە ئەوروپا، بە گوێرەی ئەو سیاسەتە نەدەبوو تەنگەبەرە دەریاییەکانی تورکیا بکەونە ژێر دەستی روسیاوە. بەهەمان ئەو هۆکارانەش نەدەبوو هۆڵەندا و بەلجیکا بکەونە بن دەستی فەرەنسا و ئەڵمانیاوە. بەریتانیا بەهۆی گەلە کەشتییە زەبەلاحەکانی خۆیەوە دەسەڵاتی بەسەر بەشی هەرە زۆری رێڕەوە دەریاییەکانی دنیادا گرتبوو، هەروەها کۆلۆنیا

یەکی زۆری لە دنیادا بنیات نابوو، بۆیە زۆر جار لەگەڵ زلهێزەکانی دیکەی ئەوروپا بە تایبەت وەکو فەرەنسا بەریەککەوتنی دەبوو، کە ئەویش وەکو بەریتانیا خوازیاری ئەوە بوو بەرژەوەندییەکانی خۆی لە دەریای ناوەڕاست بپارێزێت، بۆیە لە هەوڵی فراوانخوازیدا بوو. لە ساڵی ١٩٠٤دا هەردوولا ڕێکەوتنێکی دڵخوازانەی خۆیان مۆرکرد کە بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنە هەردوولا ناوچەکانی هەژمونی خۆیان لە میسر و مەغریب دابەشکرد. هەر بە گوێرەی ئەم ڕێکەوتنە هەردوو دوژمنی کۆن وردەوردە سیاسەتەکانی خۆیان لە ئەوروپا یەکخست.

لە ئەوروپا بە تەنها بەریتانیا نەبوو کە بەشوێن هاوپەیماندا دەگەڕا، بەڵکو ئیمپریالیزمی روسیش لە ڕۆژهەڵات مایەی دڵەڕاوکە بوو بۆ بەریتانیا: بەردەوام هەڕەشە بوو بۆ سەر هەژموون و بەرژەوەندییەکانی. روسیا لە ئاسیا هەموو سیبریای بۆ خۆی بردبوو (لە سەدەی شازدەوە)، هەرێمی "ئامور و کوست" یشی لە (١٨٥٨)ە وە داگیرکردبوو، دورگەی سەخالینیش لە ١٨٧٥ ەوە، هەموو ئەمانەی لە خۆرهەڵاتی نزیک بۆ خۆی بردبوو. هەر وەها لە ناوچەکانی کازاخستان و تورکمانستان فراوانخوازی زۆری کردبوو (لە ساڵانی ١٨٥٤ و ١٨٦٤. هەروەها قەفقازیاش بە تێپەڕبوونی سەدەی نۆزدەیەم کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی روسیاوە (لە دوای جەنگێکی پارتیزانی دریژخایەن لە نێوان ساڵانی ١٨٣٠-١٨٥٩). بەریتانیا ترسێکی زۆری لە سنورەکانی هیندستان هەبوو. لە ساڵی ١٩٠٢دا هاوپەیمانییەک لە ژاپۆن بەسترا. نەتەوەیەکی تازە پێگەیشتووی ئیمپریالیستی بە سوپایەکی مۆدێرن و گەلە کەشتییەکی پێشکەوتوو لە گۆڕێدا بوو. هەر دوو وڵات (ژاپۆن و بەریتانیا) ڕێکەوتنێکی سەربازییان مۆرکرد. ڕێکەوتنەکە بە روونی دیار بوو کە لە دژی روسیایە.

ژاپۆن لەو باوەڕەدا بوو کە سیاسەتی چوست و چالاکانەی روسیا لە خۆرهەڵاتی دوور ڕێگری سەرەکییە لەبەردەم ئارەزووە فراوان خوازییەکانیدا لە کیشوەرەکە. وەکو ملهوڕیەکی ئاشکراش روسەکان لە ساڵی ١٨٦٠ لە دەریای ژاپۆن نزیک لە سنورەکانی چین، بەندەرێکی تازەیان دروستکرد.

بەندەرەکە بەناوی ڤلادیڤۆستۆک (Vladivostok) بوو کە واتای (دەستگرتن بەسەر رۆژهـەڵات) دەگەیەنێت. لە ساڵی ١٨٩١ دەستکرا بە کارکردن لە پرۆژەی هێڵی ئاسنی سیبریا، دوای رەزامەندی چین لە ساڵی ١٨٩٦ هێڵەکە لە باشوری مەنشۆریاوە درێژ دەبۆوە بۆ ڤلادیڤۆستۆک. لە ساڵی ١٨٩٨ روسیا دەسەڵاتی لاواز و هەڵوەشاوەی چینی ناچار کرد کە بەندەری پۆرت ئارسەر (Port Arthur)ی بە کرێ بداتێ، بەمەش راکێشان و تەواوکردنی بەشی خوارووی پرۆژەی هێڵی ئاسنی سیبریا دەگەیشتە لوتکە و تەواوی مەنشۆریا دەکەوتە ژێر کۆنترۆڵی روسەکانەوە. ژاپۆن خۆی دەستبەرداری ناوچەیەکی دەوڵەمەندی وەکو مەنشۆریا نەدەبوو. لە نێوان ١٨٩٤-١٨٩٥ دا جەنگێکی سەرکەوتوانەی لە دژی چین و نیمچە دۆرگەی لیاو تونگ و پۆرت ئارسەر و فۆرمۆزا و دورگەکانی پیسکادوریس و کوریا (وەکو مانداتێکی پارێزاو)، ئەنجامدا. زلهێزە خۆرئاواییەکان سەرسام بوون بەو خێراییەی پێشکەوتنی ژاپۆنییەکان، بۆیە دەستیان بە جوڵە کرد و ژاپۆنیەکانیان ناچار کرد لە رێکەوتنی ئاشتی پەکین (١٨٩٥) نیمچە دورگەی ستراتیژی لیاو تونگ رادەست بکاتەوە. کاریگەریشیان لەسەر کۆریا لە دەستدا چونکە لە ساڵی ١٨٩٧ بەدواوە کەوتە ژێر پارێزگاری روسیاوە. هەروەها ژاپۆن بەشێوەیەکی دڕدۆنگا نە تەماشای دەکرد کە چۆن زلهێزەکانی ئەوروپا (روسیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، بە شێوەیەکی کەمتریش بەریتانیا) کەنارەکانی چینیان داگیر دەکرد و ئیمتیازاتی سەرەکی هێڵی ئاسنیان بەدەست دەهێنا. لەو لاشەوە بە روسی کردنی مەنشۆریا و داگیرکردنی پۆرت ئارسەر لە لایەن روسیاوە ئەوانی بە تەواوی تورە و دەهری کردبوو.

بەهرەمەند بە پشتیوانی بەریتانیا ژاپـۆن لە مانگی شوباتی ١٩٠٤ جەنگی لە دژی روسیا هەڵگیرساند، جارێکی تر ژاپۆن سەرلەنوێ جیهانی سەرسام کرد، سوپای روسیای لە وشکانییەکانی موکدن تێکشاند، هەروەها گەلەکەشتی بەلتیقی روسیای لە تشوشیما بەزاند (ئەو گەلە کەشتییە دەبوو بە سەرلوتکەی هیوادا تێپەڕێت – گیبرالتار واتە جەبل تارق- لەژێر دەستی ئینگلیزدا بوو، ئەمەش دەبووە هۆی دواکەوتنێکی زۆر). لە ٥ی ئەیلولی

١٩٠٥دا، ڕێکەوتنی ئاشتی پۆرتسماوس (Portsmouth) مۆرکرا. ژاپۆن بەندەری پۆرت ئارسەری وەرگرتەوە، هەروەها بەشی باشوری دورگەی ساخالین. روسیا دەسەڵاتی بەسەر مەنشۆریا مایەوە، هەروەها ڕێگەی پێدرا پارێزگاری لە کۆریا بکات هەتا ١٩١٠ و دواتریش ئەو پارێزگارییەی کۆریا هەتا ساڵی ١٩٤٥ بە دەست ژاپۆنەوە بوو. دەرەنجامەکانی ئەو جەنگە کاریگەری یەکجار زۆری بەسەر گۆڕانکارییەکانی هێز و سوپادا کرد لە ڕۆژهەڵاتی دووردا، هەروەها کاریگەری زۆری کردە سەر پەیوەندییە سیاسییەکانی ئەوروپا.

روسیا لە دوای ئەو شکستە زۆر نیگەران بوو، ئاستەنگەکانی ناوخۆشی بە تەواوی وێرانی کردبوو (شۆڕشی ١٩٠٥)، بۆیە ناچار بوو کە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ بەریتانیا ئاسایی بکاتەوە. لە کاتی قەیرانی مەغریب لە نێوان ساڵانی ١٩٠٥-١٩٠٦ روسیا و بەریتانیا پێکەوە پشتیوانی فەرەنسایان کرد لە دژی ئەڵمانیای مشەخۆر. هەردوو وڵات لە سیاسەتەکانی ئەڵمانیا دەترسان لە ڕۆژهەڵاتی نزیک (پلانەکانی ئەڵمانیا بۆ بنیاتنانی هێڵی ئاسنی بەغداد)، هەروەها بەرنامەی سەربازیی ئەڵمانیا بۆ برەوپێدانی گەلەکەشتی سەربازیی دەریایی. لە ساڵی ١٩٠٧ پێکەوە دانوستانیان کرد و پێکهاتن لەسەر ئەوەی کە هەر یەکەیان ناوچەی هەژمونی خۆی لە دەوروبەری هندستان دیاری بکات. وڵاتی فارس دابەشکرا بەسەر دوو ناوچەی هەژمونەوە، باکور(ناوچە نزیکەکانی قەوقاز و دەریای قەزوین "یاخود خەزەر" و ڕۆژئاوای تورکمانستان) کەوتە ژێر هەژمونی روسیاوە، بە جۆرێک بەریتانیا هیچ جۆرە جوڵە و چالاکییەکی لەو شوێنانە نەبێت. ناوچە باشورییەکانیش (ناوچە نزیکەکانی کەنداوی عومان و بەلوجستان و ئەفغانستان) کەوتنە ژێر هەژمونی بەریتانیاوە. لە نێوان ئەو دوو ناوچەیەشدا ناوچەی بێلایەن دەستنیشان کرابوو. هەروەها پێکهاتن لەسەر ئەوەی کە ئەفغانستان بە تەواوی لەژێر هەژمونی بەریتانیادا بێت و ناوچەی پامیر (ناوچەیەکی شاخاوییە لە نێوان سنورەکانی ئاسیای ناوەڕاست و پاکستان – وەرگێڕ)

بە تەواوی بۆ روسیا دەبێت، جگە لە ناوچەیەکی بچوکی کشمیر. تبت بۆ کەسیان نابێت و هیچ کامیان لێی نزیک نابیتەوە.

ئەم سازانەی روسیا و بەریتانیا لە دوای رێکەوتنی سەربازیی نێوان فەرەنسا و روسیا لە ١٨٩٣ و هەروەها رێکەوتنی دۆستانەی نێوان فەرەنسا و بەریتانیا لە ١٩٠٤ بناغەی ئەو پێکهاتنە سێ قۆڵییە بوو کە لەدوای ١٩٠٧ زیاتر خۆی وەک بلۆکێک نمایش دەکرد لە دژی ئەو هاوپەیمانییە سێ قۆڵییەی تر کە لەساڵی ١٨٨٢ەوە خۆی نمایش دەکرد و پێکهاتبوو لە کوالیسیۆنی نێوان ئەڵمانیا و نەمسا- هەنگاریا و هاوبەشێکی نامتمانە پێکراوی وەکو ئیتالیا کە دەیویست خۆی لە ئارەزووە فراوانخوازییەکانی فەرەنسا بپارێزێت لە باکوری ئەفریقا. ئیتالیا بە نیاز بوو خۆی لە باکوری ئەفریقا کۆلۆنیاکانی خۆی دروست بکات. وێرای هەوڵەکانی ویلیەمی دووەم لە پێناوی قایل کردنی قەیسەری روسیا نیکۆلاسی دووەم بۆ گرێدانی هاوپەیمانی لە نێوان ئەڵمانیا و روسیا و هەوڵە بەردەوامەکانی بەریتانیا بۆ راگرتنی پرۆژەی گەلەکەشتیی سەربازیی ئەڵمانیا، بەڵام دیسانەوە هاوپەیمانی و کوالیسیۆنەکان وەک خۆیان بە چەسپاوی مانەوە.

کێشە و ناکۆکییەکانی بەلقان ئاگری جەنگی لە ساڵی ١٩١٤ کردە شتێکی حەتمی. یەکەم جار لە ساڵی ١٩٠٨ بوو کاتێک نەمسا – هەنگاریا بۆسنەی هەرزۆگۆڤینیان بۆ خۆیان برد، دواتر بولگاریا، سربیا، یۆنان و رۆمانیا لەسەر کێکەکە بوو بە شەڕیان (جەنگی بەلقانی دووەم). ئەوەی لە مانگی حوزەیرانی ١٩١٤ ئاشکرا بوو وەک روداوەکانی بەلقان تەماشای دەکرا شتێک نەبوو جگە لە چڕبوونەوە و لێکترازانی بەرژەوەندییەکان لە ناوچەکەدا کە خۆی لە ململانێی سربیا و نەمسا- هەنگاریا دا دەبینیەوە و دواتر بوو بە یەکەمین روبەڕوبونەوەی سەربازیی توند لە نێوان زلهێزەکاندا و بوو بە جەنگێکی جیهانی و چوار ساڵی رەبەقی خایاند. ئەو جەنگە زۆر بە وردی لە رەهەندە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانەوە جیهانی گۆڕی. نەخشەی سیاسیی ئەوروپا سەرلەنوێ داڕێژرایەوە، لێرە بە دواوە ئەمەریکا بوو بە کارەکتەرێکی سیاسەتی نێو دەوڵەتی. لە ساڵی ١٨٩٧ بە دواوە، ئەم

هێزە گەشەسەندووانە لە نیوەی ڕۆژئاوای گۆی زەوی بەڕوونی پێیانەوە دیار بوو کە بە پێگەی خۆیان قایل نین، هەروەک چۆن ئەمە لە سیاسەتی دەرەوەیاندا ڕەنگی دابۆوە بە تایبەت دوای ئاشکرا کردنی عەقیدەی مۆنرۆ لە ساڵی ١٨٢٣.

تەنانەت ئەمەریکاش ڕێچکەیەکی ئیمپریالیزمانەی وەرگرتبوو، لەم بارەوە لەگەڵ هەریەکە لە بەریتانیا و روسیا و ژاپۆن دووچاری بەریەککەوتن ببووەوە، تەنانەت لە شاڵاوی ئەوروپییەکانیشدا لە دژی چین، لە دوای یاخی بوونی بۆکسێنەرەکان (ملاکمەکان[1] ١٩٠٠-١٩٠١). سەرۆکی ئەمەریکا تیۆدۆر رۆزفلت[2] نێوەندگیری ئاشتی کرد لە نێوان ژاپۆن و روسیادا، بە تایبەتیش لە پێناوی راگرتنی ئارەزووە فراوانخوازییەکانی ژاپۆن کە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکای دەخستە ژێر هەڕەشەوە. لە ساڵی ١٩١٧دا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەشدار بوو لە یەکەم جەنگی جیهانیدا.

پەیوەندییەکانی ئەمەریکا – روسیا هەتا ساڵی ١٩١٧:

هەرچەندە زەریا هەر یەکە لە ئەمەریکا و روسیای لە یەکتر جیاکردۆتەوە، بەڵام ئەو دوانە بە شێوەیەکی گشتی هاوسێن، جگە لەوەش هەتا ساڵی ١٨٦٧ ئالاسکا موڵکی روسیا بوو. لە سۆنگەی ئەم پێگە جوگرافییەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە چاودێرانی سەدەی نۆزدەیەم لەوانەش ناپلیۆنی یەکەم بەریەککەوتنی ئەو دوانەیان بە شتێکی حەتمی زانیوە.

لە سەر زەمینەی واقع بارودۆخەکە بە جۆرێکی دیکە بوو، لە سێ چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا پەیوەندییەکان بە شێوەیەکی دۆستانە بوو. هەردوو وڵات رقیان لە سیستەمە کۆمەڵایەتی – سیاسییەکەی یەکتر دەبۆوە، بەڵام بێزار بوونیان لە ئیمپریالیزمی ئینگلیزی ئەوانی لەیەکتر نزیک کردبۆوە.

---

[1] یاخی بوونی بۆکسێنەرەکان: یاخی بوونێک بوو لە چین لە دژی ئیمپریالیزم و دەستوەردانی بێگانە و ئایینی مەسیحی، لە کۆتا ماوەی فەرمانڕەوایی شینگەکان بەرپا کرا. راپەڕینەکە لە لایەن میلیشیای یەکگرتوو بۆ ریفۆرم ئەنجام درا. ئەم یاخی بوونە یاخود ئەم راپەڕینە، بە راپەڕینی بۆکسێنەرەکان ناوی براوە، چونکە زۆربەی بەشداربووانی ئەم یاخی بوونە وەرزشوانی یاری بۆکسێن بوون. (وەرگێڕ).

[2] Theodore Roosevelt (١٨٥٨-١٩١٩) بیست و شەشەمین سەرۆکی ئەمەریکا. وەرگێڕ.

لە ساڵی ١٨٦٧دا ئەمەریکا بە بەهای حەوت ملیۆن و دووسەد هەزار دۆلار (٧.٢٠٠.٠٠٠) ئالاسکای لە قەیسەری روسیا کڕی، ئەمەش لوتکەی باڵای پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و روسیای پێکدەهێنا. هەتا ئەو کاتە ئالاسکا بۆ روسەکان هیچ بەهایەکی ئەوتۆی نەبوو، کاریگەری ئەمەریکییەکان تا دەهات بەهێز تر دەبوو. بۆ قەیسەری روس رون و ئاشکرا بوو کە ئەو ناوچەیە لە کۆتایدا دەبێتە موڵکی ئەمەریکا. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە بە پارەیەکی باش بیفرۆشێت، باشترە لەوەی لە دواییدا جەنگێکی دۆڕاو هەڵگیرسێنێت بۆ سەندنەوەی. بە کورتی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و روسیا لەسەر بنەمایەکی واقعی پێکهێنرابوو، جیاوازییە ئایدۆلۆژییەکان پاڵنەری ئەو پەیوەندییانە نەبوون.

لە چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم ئەم رەوشە بە تەواوی گۆڕا. بە تێپەڕبوونی کات رای گشتی لە ئەمەریکا لە دژی سەرکوتکردنی بەربەریانەی ئۆپۆزیسیۆن و جولەکەکان لەلایەن قەیسەرەوە، گۆڕانی بەسەردا هات، بە تایبەتی دوای ئەو هەڵاوردن و زۆربۆهێنانەی روسەکان کردیان لە دژی هەندێ لە هاوڵاتیانی جولەکەی ئەمەریکی، کە ئەمەش بە تەواوی رەوشەکەی ئاڵۆزکردبوو. کار گەیشتە ئاڵۆز بوونی دبلۆماسی لە نێوان هەردوولا، کاتێک روسیا لە مەنشۆریا و لە کاتی یاخی بوونی بۆکسێنەرەکاندا هەژمونی خۆی زیاتر بەکار دەهێنا و بە نیاز بوو هەموو مەنشۆریا داگیر بکات، ئەمەش دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا بوو کە بە نیاز بوو بازارەکانی چین و مەنشۆریا بۆ خۆی بەرێت، بۆیە دەترسا لەوەی کە روسەکان ئەو ناوچەیە بکەنە مۆنۆپۆڵی خۆیان. لە راستیدا لە ساڵی ١٩٠٤دا ئەگەری هەڵایسانی جەنگ لە نێوان ئەمەریکا و روسیا لە ئارادا بوو.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم سەرۆکەکانی ئەمەریکا چیدیکە متمانەیان بە حکومەتە گەندەڵ و ناپەرپرسەکانی روسیا نەمابوو، ئەمەش پەیوەندییە دووقۆڵیەکانی ئاڵۆز کردبوو. لە سۆنگەی پەیوەندییە ئاڵۆسکاوەکانەوە بەو جۆرە تەماشای سیستەمی سیاسی ئۆتۆکراتی روسیا دەکرا کە خۆی بەشێک

بێت لە ململانێکان. شۆڕشی فێبریوە[3] (شوبات)ی ١٩١٧ زۆر بە خۆشحاڵییەوە لە لایەن ئەمریکاوە پێشوازی لێکرا، حکومەتی نوێ بە خێرایی بە رەسمی ناسرا و قەرزێکی ٥٤٠ ملیۆن دۆلاریشی پێدرا.

## شۆڕشی ١٩١٧ و دەستوەردانی خۆرئاواییەکان لە شەڕی ناوخۆدا:

دەتوانین بڵێین کە مێژووی جەنگی سارد لە لایەن فلادمیر ئیلتش ئۆلیانۆف لینینەوە دەستیپێکردووە. لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهاندا، ئەم سەرکردە روسە بۆلشەویکە لە سویسرا دەژیا، تەواو بێهیوا ببوو لە رەفتاری جەنگئامێزانەی پارتە سۆشیالیستەکانی هەریەکە لە فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا. لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی (ئیمپریالیزم باڵاترین قۆناغی سەرمایەداری) کە ساڵی ١٩١٧ بڵاوی کردەوە، وەک هەڵوێستێک لە سیستەمی سەرمایەداری، هەندێ دەرەنجامی دوور مەودای پێشکەش کرد. پارتە کرێکارییەکان سەرکەوتوو نەبوون لە رێگاگرتن لە هەڵایسانی جەنگ و کۆتایی پێهێنانی. بە پێچەوانەی هەر یەکە لە کارل مارکس و فریدیک ئنگلس کە ساڵی ١٨٧١ پێشبینیان کردبوو، لینین لەو باوەڕەدا نەبوو کە سۆشیالیزم قۆناغ بە قۆناغ و لە رێگای هەڵبژاردنەوە دەتوانرێت بەدەست بهێنرێت، بەڵکو تەنها لە رێگای شۆڕشەوە ئەوان دەتوانن دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. ئەم شۆڕشە و تەنانەت شۆڕشی جیهانیش فرسەتێکی زێڕینی لەبەردەستدایە بەهۆی ئاڵۆزییەکانی جەنگی جیهانیەوە کە سیستەمی سەرمایەداری شەتەک و ماندوو کردبوو. تەنانەت لەو وڵاتانەشی کە پیشەسازی زۆر پێشکەوتوو نەبوو، لەوانە وڵاتەکەی خودی لینین خۆی پێدەچوو بارودۆخەکە لەبار بێت. لایەنگرانی لینین، ئەوانەی کە پێیان وا بوو شۆڕش تاکە رێگای گەیشتنە

[3] شۆڕشی فێبریوە یاخود شوباتی ١٩١٧ بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری پارتی بەلشەفیک بوو بە سەرکردایەتی لینین. ئەو شۆڕشە لە نێوان ٨-١٢ی مانگ گەیشە لوتکە. سەرەنجام سیستەمی سیاسی روسیا گۆڕا. قەیسەری روس نیکۆلای دووەم لابرا و سیستەمی ئیمپراتۆری هەڵوەشێنرایەوە و لە شوێنی ئەو حکومەتێکی کاتیی هەڵبژێردراو دامەزرا. دواتر و لە ١٧ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ کۆمۆنیستەکان دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت و یەکێتیی سۆڤێتیان دروست کرد (وەرگێڕ).

بە سۆشیالیزم، چیدیکە بەخۆیان نەدەگوت سۆشیالیست بەڵکو ناوی کۆمۆنیستیان لە خۆیان ناو لەساڵی ١٩١٩دا ئینتەرناسیۆنالی سێیەمیان کردە جێگرەوەی دووەم.

لینین باوەڕێکی پتەوی بە شۆڕشێکی جیهانیی نزیک هەبوو، خۆشی لەم بارەوە رۆڵی سەرکردەی دەبینی. دوای روخانی قەیسەر ئەم بیرکردنەوەیە کرایە ئارەزوویەک بۆ دەسەڵات بەدەستەوە گرتن لە روسیا، بەبێ گوێدانە بارودۆخەکە، کە ئەمەش رەنگە بە بۆچونی ئەو ببێتە هۆکاری هەڵگیرسانی شۆڕش لە هەموو ئەوروپادا.

روسیای قەیسەری هاوشانی فەرەنسی و بەریتانی و بەلجیکی و هاوپەیمانەکانی دیکە لە دژی قەیسەرەکانی ئەڵمانیا و نەمسا – هەنگاریا و هاوپەیمانەکانیان دەجەنگا. روسیا کە قەیسەرێکی ئۆتوکراسی بەڕێوەی دەبرد، دەسەڵاتێکی لاوازی هەبوو، زەرەرو زیانێکی یەکجار زۆری پێگەیشت. لە مارتی ١٩١٧دا ژمارەی کوژراوەکانی روسیا پێنج ملیۆنی تێپەڕاند. خەڵکی روسیا بە دەست برسێتیەوە دەیانناڵاند، ئەو هەستەیان لا دروست ببوو کە سیستەمی قەیسەر چیدیکە بەکەڵکی ژیان نەماوە. لە ٢ی مارتی ١٩١٧ قەیسەری روسیا نیکۆلاسی دووەم لەسەر کار لابرا، حکومەتێکی کاتیی بە ئامانجێکی دیموکراسی لە لایەن لیبراڵەکانەوە پێکهێنرا. لە ٦ی مایس لە لایەن ژمارەیەک لە سۆشیالیستەکانەوە پشتیوانی کرا و حکومەت لە لایەن گۆرگی لڤۆڤ دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. ئەم حکومەتە بە نیازی دیموکراتیزە کردنی وڵات و بەردەوامی پێدانی جەنگ بوو لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا بۆ ئەوەی بگاتە ئاشتییەکی ئابڕومەندانە. لە دوای خۆپیشاندانی سەربازان و جوتیاران و کرێکاران لە رۆژانی ٣-٤ی مایسدا، کابینەی ئەنجومەنی وەزیران گۆڕانکاری بەسەردا هات: لێرە بە دواوە ئەلکسەندەر کیرینسکی سۆشیالیست سەرۆکایەتی حکومەتی گرتە دەست کە سۆشیالیستەکان بەسەریدا زاڵ بوون. ئامادە کاری کرا بۆ هەڵبژاردنێکی ئازادانە بۆ دەستنیشانکردنی ئەنجومەنی نوێنەران کە لە نۆڤێمبەری ١٩١٧دا ئەنجام درا و کۆمۆنیستەکان بە فیعلی دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت. لە کۆی ٧٠٧ کورسی ٣٧٠ کورسی

لە لایەن حزبی شۆڕشگێڕی سۆشیالیستەوە کە جوتیاران پشتیوانی بوون بەدەستهێنرا و بەمجۆرە بوونە زۆرینەی پەرلەمان. لەو کاتەدا کۆمەڵگەی روسی هێشتا ٨٠٪ جوتیاران بوون و تەنها ١٠٪ی کرێکاران بوون. لە رۆژی ٥ی کانونی دووەمی ١٩١٨دا لینین ئەنجومەنی نوێنەرانی هەڵوەشاندەوە و بەمەش یەکەمین هەوڵی دیموکراتیزەکردنی روسیا شکستی خوارد و کۆتایی هات.

بە هاوکاری ئەڵمانەکان، لینین لە ٣ی نیسانی ١٩١٧ گەیشتە پەترۆگراد. ئەڵمانەکان دەیانزانی کە لینین جەنگ رادەگرێت، بەهۆی ئەمەشەوە دەتوانن زۆرینەی سوپاکەیان لە بەرەکانی رۆژهەڵاتەوە بکشێننەوە و بەرەکانی رۆژئاوای خۆیان بەهێز بکەن و دۆخێکی تازە بسەپێنن. وێرای ئەمانەش هیواخوازی ئەوە بوون کە گەیشتنی بۆلشەویەکان بە دەسەڵات روسیا بەرەو ئاژاوە و پاشاگەردانی بڕوات. بەم ڕێگەیە بە نیاز بوون بتوانن باڵا دەست بن بەسەر باشوری روسیادا و روسیایەکی دابڕاو لە فەرەنسا و بەریتانیا ناچار دەبێت بە تەواوی پشت بە ئابوری ئەڵمانیا ببەستێت. لە پەترۆگراد لینین پێشوازی لە پێشنیازی بۆلشەویەکان کرد، کە لەو باوەڕەدا بوون کاتی ئەوە هاتووە کۆمۆنیستەکان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتانی تەوەر (میحوەر) راگەیەنن. لەو باوەڕەدا بوون کە شۆرشی جیهانیی بەڕێگاوەیە و پرۆلیتاریای ئەڵمانیا ئەوەندە نابات شۆڕش هەڵدەگیرسێنن و راپەڕینی سەرتاسەری رادەگەیەنن و هەموو دنیا بەرەو سۆشیالیزم دەڕوات. بۆچی شۆڕشی شوبات کە روسیای کرد بە ئازادترین وڵاتی دنیا گۆڕا بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبەر و دیکتاتۆریەتی کۆمۆنیزم؟

روسیا لە دوای روخانی قەیسەرەوە بوو بە وڵاتێکی بێهێز، حکومەتی کاتی هێندەی شانازی بە دیموکراسیەتەوە دەکرد، هێندە لە خەمی گەلدا نەبوو (نان، خاک، ئاشتی)، کرێکاران و سەربازان بە نیاز بوون دەسەڵات بە دەستەوە بگرن بەڵام سەرکردەی لێهاتوویان نەبوو. پارتە سۆشیالیستەکان ئەوانەی نوێنەرایەتی ئەوانیان دەکرد لە پەرلەمان پابەند بوون بەو عەقیدەیەی مارکس کە دەڵێت شۆڕشی پرۆلیتاری دەبێت پێش شۆڕشی

بـورژوازی بکەویت. لە دەرەوەی شارەکاندا هیچ قسە و باسێک لەسەر بـورژوازی روسـی نەبوو، خەڵکی گوندەکان چەندین سـەدە بوو لە ژێر سیستەمی دەرەبەگایەتیدا دەژیـان، خۆڕسکانە هیچ متمانەیەکیان بەهیچ دەسەڵاتێکی ناوەندی نەبوو، بەر لە هەموو شتێک خوازیاری ئەوە بوون کە گوندەکانیان ئازادی و سەربەخۆیی خۆی هەبێت بەبێ دەستوەردانی هیچ لایەنێکی دەرەکی. لە بارودۆخێکی ئاوادا هیچ کەس بە خەیاڵیدا نەدەهات کە لینین بتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ بتوانێت پارێزگاری لە دەسەڵاتی خۆی بکات، بەڵام لینین توانی دڵی جوتیارەکان بۆ خۆی بەرێت بەوەی کە رێگای پێدان خۆیان رزگارکەن لە دەسەڵاتدارە کۆنەکانیان، بەمەش توندوتیری بە مەودایەکی فراوان سەراپای وڵاتی گرتەوە.

لە رێگای بەخشینی ماف بە جوتیارەکان بۆ دەستگرتن بەسەر زەوی و زارەکان و چەسپاندنی خۆبەڕێوەبەری لە گوندەکانیاندا بەو جۆرەی کە خۆیان بە گونجاوی دەزانـن، وای لـەوان کرد خۆیان بە دوور بگرن لە سیاسەتی نیشتمانی، لەهەمان کاتدا لینین کاری کرد بۆ ئەوەی لە شارەکاندا هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی پارتەکەی خۆیدا چڕ بکاتەوە،



لینین ... دامەزرێنەری یەکێتیی سۆڤێت

دواتریش بە نیازی ئەوە بوو کە لە ڕێگای دەزگایەکی تۆکمە و پێشکەوتووی تیرۆرەوە سەرلەنوێ هەموو وڵاتەکە ڕێکبخاتەوە. لینین بڕوای تەواوی بەوە هەبوو کە کودەتاکەی هیچ واتایەکی لۆژیکی ناگەیەنێت تەنها ئەو کاتە نەبێت کە شۆڕش لە وڵاتە شەڕکەرەکانی دیکەدا بەرپا بکرێت. دەبێت لەم سۆنگەیەوە تێگەشتنمان بۆ یەکەمین مەرسومی حکومەتە شۆڕشگێڕەکە هەبێت کە لە ٨ی ت٢ ی ١٩١٧ دا دەرکرا: داوا لە هەموو حکومەتەکان کرا ئاشتی بەرقەرار بکەن بەبێ هیچ داگیرکردن و هەڵاواردنێک، هەروەها هەموو کرێکارانی جیهانیش هاندرا کە شۆڕش بەرپا بکەن. لینین بەڵێنی ئاشتی دابوو بە روسەکان، ئەو سەربازانەی کە تەواو لە جەنگ شەکەت و ماندوو ببوون بە دڵنیاییەوە کۆتاییان بە دەسەڵاتی ئەو دەهێنا ئەگەر جەنگ بەردەوام بوایە لەگەڵ ئەڵمانیا و نەمسا – هەنگاریا، بەڵام هیچ وڵاتێک بە نیاز نەبوو جەنگ رابگرێت، هەروەها نە لە فەرەنسا و نە لە ئەڵمانیا پرۆلیتاریا دەسەڵاتی بەدەستەوە نەگرت، بۆیە دەبوو لینین لە دژی بەندەکانی پەیمانی لەندەن (٥ی ئەیلولی ١٩١٤) بەبێ راوێژ بە هاوپەیمانە کۆنەکانی روسیا (فەرەنسا و بەریتانیا) پێداچوونەوە بکات و دانوستان لەگەڵ ئەڵمانیا ، نەمسا– هەنگاریا، بولگاریا، ئیمپراتۆریای عوسمانیدا بکات. ئەمەش لە برێست لیتۆڤسک رویدا. دانوستانەکان کە چەند جاریک راگیران لە ٩ی ک١ی ١٩١٧ دەستی پێکرد و هەتا ٣ی مارتی ١٩١٨ی خایاند. بۆڵشەویەکان بە دوو کارت وازییان دەکرد. لە لایەکەوە دانوستانیان دەکرد و لەولاشەوە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە سەربازانی ئەڵمانی چەکەکانی خۆیان فڕێ بدەن و یارمەتی شۆڕشی کۆمۆنیستی بدەن، هەروەها هەوڵیان دەدا کات قازانج بکەن چونکە هێشتا بە بیرکردنەوەی خۆیان چاوەڕوانی راپەڕینێکی کۆمۆنیستانە بوون لە ئەڵمانیا.

لە دانوستانەکانی برێست لیتۆڤسک دەبوو لینین لە پێناوی شۆڕشدا دەستبەرداری یەک لەسەر سێی دانیشتوان بێت، وڵاتانی بەلتیق (لاتیڤیا – لێتلاند، ئێستلاند – ئستۆنیا، لیتاوین – لیتوانیا)، هەروەها فینلاند، پۆڵۆنیا، ئۆکرانیا و روسیای سپی، هەر هەموویان سەربەخۆ بوون و کەوتنە ناوچەی ژێر هەژمونی ئەڵمانیاوە. ئەڵمانیا و نەمسا– هەنگاریا لە میانەی




ترۆتسکی لە سەروبەندی ڕێکەوتننامەی برێست-لیتۆڤسک

برێست لیتۆڤسک سەربەخۆ لەگەڵ (رادا) حکومەتی لاوازی تازە بنیاتنراوی ناسیۆنالیستی ئۆکرانیا ڕێکەوتنی ئاشتییان مۆر کرد. هێزەکانی نەمسا-هەنگاریا و ئەڵمانیا، دەستبەجێ چونە ناو ئۆکرانیاوە بۆ دەرکردنی هێزە کۆمۆنیستەکانی روسیا کە خۆ بە خۆ حکومەتێکی دژ بەوانیان پێکهێنابوو.

لینین لە برێست لیتۆڤسک قارس و ئەردەهان و بۆتانی بۆ تورکەکان لە دەستدا و لە ١٩١٨دا لە دوای دانوستانێکی دیکەدا بیسارابیا (مۆڵداڤیا-وەرگێڕ)ی بۆ ڕۆمانیا بەجێهێشت. هەرچەندە ڕێکەوتنی برێست لیتۆڤسک لە دوای خۆبەدەستەوەدانی ئەڵمانیا لە ١١ی ت٢ ی١٩١٨ ڕەتکرایەوە، بەڵام وڵاتە تازەکان توانیان سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن، جگە لە روسیای سپی و ئۆکرانیا. ئۆکرانیا لە ساڵی ١٩٢٠ کەوتە ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤێت، ئەمەش بێگومان لە دوای سەرکێشی پۆڵەندە لە جەنگێکی لاوەکیدا لە دژی سۆڤێت لە ئۆکرانیا. سەرکردەی پۆڵۆنی جوزیف پیلسودسکی فیدراسیۆنێکی پۆڵۆنی بەهێزی دروستکردبوو کە بەنیاز بوو روسیای سپی و ئۆکرانیا و

لیتوانیاش بخاتە ناو فیدراسیۆنەکەوە. هەرچەندە نەیتوانی ئەم پلانەی خۆی جێبەجێ بکات، بەڵام توانی بەشێکی گرنگ لە خاکی روسیای سپی و ئۆکرانیا بۆ خۆی بەرێت. یەکێتیی سۆڤێت هەرگیز بەو بارودۆخە قایل نەدەبوو، بۆیە لە هەموو بۆنە و فرسەتێکدا داوایان دەکرد ڕێککەوتنی بریست لیتۆڤسک وەک خۆی جێبەجێ بکرێت، ئەوە بوو دواتر و لە ساڵی ١٩٤٥ دا هەموو ئەو ناوچانەیان لە پۆڵەندا سەندەوە.




لینین و ستالین پێکەوە: وێنەکە لە لایەن ستالینەوە مۆنتاج کراوە و ڕاستەقینە نیە!

گفتوگۆکانی بریست لیتۆڤسک لە رویەکی دیکەشەوە گرنگ بوون. هەرچەندە لینین لەو ئانوساتەدا بانگەشەی بۆ شۆڕشێکی نێونەتەوەیی دەکرد، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە تەک ئیمپریالیستە سەرمایەدارەکاندا دانوستانی دەکرد، بۆ ئەوەی فریای شۆڕشی ئۆکتۆبەر بکەوێت و سۆشیالیزم لە روسیا بکاتە ڕاستی و بە پێوەڕاییبگرێت، لەو پێناوەشدا ئامادە بوو گەورەترین سازش بکات. زۆرێک لە بۆلشەویەکانی دیکە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نەبوون،

هەندێکیان بە تەواوەتی لە لینین جودا بوونەوە. هاوبەشە هاوپەیمانەکەی لینین، چەپە شۆڕشگێڕە سۆشیالیستەکان حکومەتیشیان بەجێ هێشت. روسە نیشتیمانییەکان جا ئایا لایەنگری شۆڕش بووبێتن یان نا، ڕێککەوتنی ئاشتیی "برێست لیتۆڤسک" یان وەک کارەسات دەبینی. ئەم هەڵوێستە توندەی لینین بووە هۆکاری ئەوەی کە پارتی بۆلشەفیک بە تەواوی کەنارگیر بکرێت. کودەتای بۆلشەویەکان، داخستنی کۆمیتەی دامەزرێنەر و مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی برێست لیتۆڤسک، شەڕی ناوخۆی لە روسیا کردە شتێکی حەتمی، هەربۆیە بوو لە هاوینی ١٩١٨دا ئەوە رویدا.

لە ٢٨ی ئابی ١٩١٨دا دەبوو بۆلشەویەکان سەربەاری ئەوەش دەیباجەیەکی ڕێکەوتنەکە وەک تەواوکار پەسەند بکەن. دەبوو شەش ملیار رۆبڵی زێڕ بدەن بە سەرکەوتووەکان. لەبری ئەم پارەیەش روسیا دەبوو سامانی سروشتی خۆی بدات، نزیکەی سێ یەکی بەرهەمی نەوت رادەستی ئەڵمانیا بکات. لە بڕگەی نهێنی ڕێکەوتنەکەدا هاتبوو کە روسیا هەموو هێزە هاوپەیمانەکان لە سەر خاکی خۆی دەربکات. بەمجۆرە روسیا بە شێوەیەک لە شێوەکان وەک هاوپەیمانی ئەڵمانیای لێهاتبوو، بەڵام بەهۆی کەوتنی ئەڵمانیا و هاوپەیمانەکانیەوە لە جەنگدا لە ت٢ی ١٩١٨دا، ئەم ڕێکەوتنە هەرگیز جێبەجێ نەکرا.

جیهانی خۆرئاوای سەرمایەداری پەرچەکرداریان بەرامبەر بە شۆڕشی روسیا پەرتەوازە بوو. فەرەنسا و بەریتانیا و دواتریش بە ماوەیەکی کەم ئەمەریکا، هاوپەیمانێکی خۆیان لە شەڕی دژ بە دەوڵەتانی تەوەر (میحوەر) لەدەستدا. ئایا لینین سیخوڕێکی ئەڵمانی بوو؟ ئایا پاشکۆی ڕێکەوتنەکەی لەگەڵ ئەڵمانەکان روسیای نەدەکردە بەشێک لە ئیمپراتۆریای ئەڵمانی؟ سەرکردە سەربازییەکانی فەرەنسا و بەریتانیا لە کانونی یەکەمی ١٩١٧دا بە نیاز بوون ئۆکرانیەکان و قەفقازییەکان و قۆزاقەکان و هەموو ئەو نەتەوانەی کە کۆمۆنیزمیان لا پەسەند نەبوو، ساز و تەیار بکەن بۆ بەردەوامی شەڕ دژ بە ئەڵمانەکان، بەڵام ئەمە رووی نەدا چونکە ئۆکرانیەکان لە ڕێکەوتنی برێست لیتۆفسک خۆیان خستە ژێر پارێزگاریی ئەڵمانەکانەوە.

ڕژێمی کۆمۆنیستی لە سەرەتادا بۆ هیچ کەس جێگەی ترس نەبوو، چونکە هیچ کەسێک – تەنانەت ئەڵمانەکانیش – لەو باوەڕەدا نەبوون کە بۆ ماوەیەکی درێژ بتوانێت خۆی رابگرێت. ئەوەی جێگەی ترس بوو لەو کاتەدا ئەوە بوو کە ئەڵمانەکان دەست بگرن بەسەر هەموو چەک و ئامێرە جەنگییەکانی هاوپەیمانەکان کە لە بەندەرەکانی روسیا لە کۆگاکاندا هەڵگیرابوون.




ئەو ناوچانەی سۆڤێت لە دەستیدان لەدوای ڕێکەوتننامەی برێست- لیتۆڤسک

هێزێکی بەریتانی، هاوشانی شۆرا خۆجییەکانی سۆڤیێت لە زستانی ١٩١٧–١٩١٨ ئەو دەمەی هێشتا سەهۆڵبەندان نەبوو، بەرگریان لە بەندەری مۆرمانسک کرد، لە دژی هێرشەکانی ئەڵمانیا و فینلەندای سپی. لە مارتی ١٩١٨دا هێزەکانی بەریتانیا، دواتریش هەندێ هێزی بچوکی فەرەنسا و ئەمەریکا هێرشیان کردە سەر مۆرمانسک. لە نیسانی ١٩١٨دا هێزەکانی ژاپۆن چوونە ناو بەندەری ڤلادیڤۆستۆک"، دەست بەجێ دوای ئەوان مەفرەزەکانی بەریتانیا، ئەمەریکا، فەرەنسا، ئیتالیا و کەنەداش چوونە ژورەوە. ژاپۆنییەکان ئاسایی بە مافی خۆیان دەزانی کە مەنشۆریا بگرن. گرنگترین بەندەریش کە ئارخانلسک بوو لە ٢ی ئابی ١٩١٨ لە لایەن بەریتانیاوە داگیرکرا و دواتر سێ بەتالیۆنی ئەمەریکیش هاتنە ناوی. لە هەمان کاتدا هێزەکانی بەریتانیا لە ئێرانەوە چوونە ناو باکۆ کە یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی پترۆڵ لەسەر دەریای خەزەر.

هەموو ئەم دەستوەردانانە جگە لەوەی ژاپۆن، لە بنەڕەتا دژی ئەڵمانەکان بوو نەک کۆمۆنیستەکان. ئەوان دەیانویست ڕێگا بگرن لەوەی کە لە بەندەرەکانی روسیاوە چەک و خۆراک و کەلوپەل بۆ ئەڵمانیا بگوێزرێتەوە.

پلانی بەریتانیا و فەرەنسا بۆ کردنەوەی بەرەیەکی راستەقینەی جەنگ لە دژی ئەڵمانەکان لە روسیا و دابەزاندنی هێزێکی بەرفراوان لە ناوچەی ڤلادیڤۆستۆک بۆ ئەوەی لە رۆژئاواوە لە ڕێگای هێڵی ئاسنین بە ناو سیبریاوە بیگوێزنەوە، شکستی هێنا، چونکە سەرۆکی ئەمەریکا "ودرۆ ویڵسۆن" پلانەکەی بە ریالستی و واقیعی نەدەزانی.

لە ساڵی ١٩١٩دا بەرهەڵستی ناوخۆیی لە دژی بۆلشەویەکان زیادی کرد. جەنگێکی ناوخۆی قورس بەرپا بوو کە بەهۆیەوە زیاتر لە نۆ ملیۆن کەس بوونە قوربانی کە بەشی زۆریان بەهۆی برسێتی و نەداریەوە بوو. ئەو جەنگە مایەی مەترسییەکی گەورە بوو بۆ بۆلشەویەکان.

لە لایەکی دیکەشەوە نزیکەی هەژدە حکومەتی دژە شۆڕش هەبوون لە ئەوروپا، شۆڕشی کۆمۆنیستەکان هەڕەشەیەکی جدی بوو بە تایبەت لە ئەڵمانیا. هەروەها هەندێ سیاسەتمەداری سەرمایەداری رۆژئاوایی هەبوون

کە بە نیاز بوون دژایەتی بۆلشەویە ترسناکەکان بکەن، بەڵام لە شێوازی پەیڕەوکردنی تەکتیکی بەگژاچوونەوە هاوبیر نەبوون، بە تایبەتی لە فەڕەنسا کە بۆلشەویەکان دوژمنیان زۆر بوو، ژمارەیەکی زۆری وەبەرهێن و پیشەساز زیانێکی یەکجار زۆریان بەرکەوت لە روسیا، لەبەر ئەوەی سامان و ماڵیان خۆماڵی کران. لە عانێکدا یەکسەر ١.٨٠٠.٠٠٠ هاوڵاتی فەرەنسی مایەپوچ بوون بەهۆی ئەو پشکانەی لە روسیا بە دەستیانەوە بوو، بەڵام لە ئیستادا هیچ نرخێکی نەمابوو!

سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا جۆرج کلیمنسۆ، سەرۆکی ئەرکانی سوپای فەرەنسا و وەزیری جەنگی بەریتانی وینستۆن چەرچڵ، بە نیازی ئەوە بوون کە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی گەورە، لەشکرێکی بێشومار بەڕێ بکەن، بەڵام سەرۆکی ئەمەریکا ویڵسۆن و سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا داڤید لیۆد دوودڵ بوون.

سەرباری ئەوەش ویلسۆن بەردەوام بوو لە هاوکاریکردنی دارایی سپییەکان[٤] بە شێوەیەکی نهێنی. بوریس باخمیتیف، "کە نوێنەرێکی ژەنراڵ ئانتۆن دەنکین بوو لە واشنتۆن" و هەتا ساڵی ١٩٢٢ وەک نوێنەری روسیا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، لە ڕێگایەوە ١٨٧ ملیۆن دۆلاریان بۆ رەوانە کرا. ویلسۆن تۆڕێکی جاسوسی فراوانیشی لە روسیا دروستکرد کە ئالین دالاس "دواتر کرا بە سەرۆکی سی ئای ئەی" رۆڵی سەرەکی تێدا بوو.

حکومەتی ژەنراڵی سپی ئەلکسەندەر کولشاک کە هەتا ساڵی ١٩١٨ لە سیبریاوە کاری دەکرد و پێشتر کودەتای بەسەر سیستەمی سۆشیالیستی خۆجێیی کردبوو، لەلایەن فەرەنسی و بەریتانیەکانەوە پشتیوانی سیاسی و داراییی دەکرا. فەرەنسیەکان ٤٤٢ تۆپهاوێژ و ٧٠ ئۆتۆمبیل و ١٢٦ فڕۆکەیان بۆ ناردن. کوڵشاک کەسێکی سەربازیی لیبراڵ و راستگۆ و لێهاتوو بوو، بەڵام پشتی بە کۆمەڵێک لە هاوکاران و ئەفسەرانی کۆنەپەرست و لێنەهاتوو بەستبوو. سەرەتا لە لایەن جوتیارە ئازادیخوازەکانی سیبریا و دەوڵەمەندە

---

٤ کۆمۆنیستەکان سور بوون و سوپای سوریان دروستکردبوو، لەبەر ئەوە بەریتانیەکان لە بەرامبەر ئەواندا هەموو ژەنراڵ و هێزە دژە کۆمۆنیستەکانیان بە سپی ناو دەبرد – وەرگێڕ–.

مام ناوەندەکان پشتیوانی کرا، بەڵام کاتێک بەهۆی جەنگەوە گرانی و قات و قڕی کەوتەوە و بەهۆی ئەو توند و تیژییەی کە لە گۆڕێدا بوو، ڕێگای گەیشتنی خۆراک و ئازوقە گیرا، ئەو پشتیوانیەی لەدەست دا.

کاتێ کۆڵشاک لە بەهاری ١٩١٩دا ویستی بەرەو روباری ڤۆڵگا بڕوات سەرکەوتووەکان لە ڕێککەوتنامەی ڤێرسای لە ٢٦ی مایسی ١٩١٩دا بە ئاشکرا پشتیوانی خۆیان بۆ دەربڕی بەو مەرجەی کە پشتیوانی لە رژێمێکی دیموکراسی بکات و بچێتە ژێر باری دانەوەی هەموو قەرزە دەرەکییەکانی روسیا. بەریتانیا و فەرەنسا سوپایەکی بچوکیان لە ٣٨ هـەزار کەس پێکهێنابوو، ئەمانە ئەو سەربازە چیکی و سلۆڤینیانە بوون کە لە سوپای نەمسا- هەنگاریا هەڵهاتبوون کە خوازیاری ئەوە بوون هەوێنی سوپایەکی نیشتمانی بۆ خۆیان دروست بکەن. ساڵی ١٩١٨ ژمارەیان گەیشتە ٧٠ هەزار کەس. لە دوای مۆرکردنی پەیمانی برێست لیتۆفسک، بەلشەفیەکان ڕێگایاندان لە بەندەری ڤلادیڤۆستۆک روسیا بەجێ بهێڵن بۆ ئەوەی شەڕی دژ بە هێزەکانی سەنتەر (میحوەر) درێژەپێبدەن لە بەرەکانی رۆژئاوا. کاتێ لە رۆژی ٢٩ی ئەیلول گەیشتنە بەندەری ناوبراو هیچ پاپۆڕێک نەبوو ئەوان بگوێزێتەوە بۆ بەرەکانی جەنگ، لە کۆتایدا لەگەڵ ئەدمیراڵ کولشاک پێکەوە پارێزگارییان لە هێڵی ئاسنی سیبریا دەکرد، بەڵام لە ت ٢دا رژێمی کولشاک دووچاری نەهامەتی گەورە هات و لەبەردەم سوپای سوردا چەند جارێک دووچاری شکست بۆوە، لەم سەروبەندەدا سەربازە چیکی و سلۆڤینیەکان لە ڕێگای هێڵی ئاسنی سیبریاوە هەڵهاتن و لەگەڵ خۆشیاندا ژەنراڵ کولشاکیان برد و لەبەرامبەر پەڕینەوەیان بە سەربەستی، ژەنراڵی ناوبراویان رادەستی هێزە شۆڕشگێڕە سۆشیالیستەکان کرد کە "ئیتۆسک" یان داگیر کردبوو.

لە کانونی یەکەمی ١٩١٨دا یەکە سەربازییەکانی فەرەنسا بە نزیکەی ٥٠ هـەزار سەربازەوە هـەردوو بەندەری "ئۆدیسیا و سیباستۆپۆڵ" یان داگیر کرد. ئامانجی ئەم هێرشەش تەنها بۆ شەڕی بۆلشەویەکان نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوە بوو کە ڕێگا بگرن لەوەی ئۆکرانیا بکرێتە قوربانی ئامانجە ئابورییە فراوانخوازەکانی ئەڵمانیا. لە کۆتاییدا هێزەکانی فەرەنسا ئامادە

نەبوون هاوکاری ناسیۆنالیستەکانی ئۆکرانیا بکەن لە شەڕەکەیاندا لە دژی بۆلشەویەکان. لەشکر (فرقە) یەکی سوپای بەریتانیا لە ت ٢ی ١٩١٨دا گەیشتبووە باکۆ و بانتۆم. هەردوو ئەم سوپایە دەستەوەستان مابوونەوە و هیچ بەشدارییەکیان لەو شەڕەدا نەکرد کە فەرەنسی و بەریتانیەکان بڕیاریان دابوو، ئیتر ئەوە بوو کە لە بەهاری ١٩١٩دا بڕیاریاندا کە ئەو هێزانە بکشێننەوە و تەنها بە سیاسەت و ئابوری پشتیوانی حکومەتی سپییەکان بکەن.

لە بەهاری ١٩١٩دا بارودۆخەکە وا دەهاتە بەرچاو کە ئەو ژەنراڵە سپییانەی لە ڕۆژئاواییەکانەوە پشتیوانییان دەکرا سەرکەوتن بەدەست بێنن، بەڵام بەو جۆرە نەکەوتەوە. کوڵشاک لە سیبریاوە بەئاراستەی روسیای ئەوروپییەوە پێشڕەوی دەکرد، بەڵام لە ماوەی نێوان تەموز و ئەیلولدا تێکشکێنرا. ئەنتۆن دینیکین لە باشورەوە بەرەو مۆسکۆ پێشڕەوی دەکرد بە نیاز بوو لە بەلتیقەوە بەرەو پترۆگراد بڕوات، ئەویش تێکشکا.

ئەنجامەکانی شەڕی ناوخۆ بۆ زۆربەی دانیشتوانی روسیا جێگای بایەخ نەبوو. خەڵک تەنها هێندەی دەویست کە لە سنوری گوند و ناوچەکانی خۆیان لە ژێر سایە و دەسەڵاتی سۆڤێتە خۆجێیەکانی خۆیاندا بە ئارامی بژین. حەزیان بەوە نەدەکرد خەڵکی دیکە دەست لە ژیانیان وەربدات جا سورەکان بن یاخود سپیەکان، چونکە دەیانزانی کە هەر لایەکیان بێن، ئەوە دەبێت ئەوان بەشە خۆراک و بەرهەمی خۆیان بە زۆر بەوان بدەن.

هۆکارەکانی شکستخواردنی سپییەکان تەنها سەربازی نەبوون، بەڵکو هۆکاری سیاسیش هەبوون. سپییەکان هیچ وەڵامێکی روون و ئاشکرایان نەبوو بۆ ڕەواندنەوەی ترسی هاوڵاتیان – ئاشتی و خاک – دەیانویست هەموو پرسیارە پراکتیکییەکان هەڵگیرێن بۆ دوای سەرکەوتن، ئەوان ئەوەیان فەرامۆش کردبوو کە مەرجی هەرە سەرەکی بۆ هەر حزبێک کە بیەوێت لە جەنگی ناوخۆدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت ئەوەیە کە بتوانێت زۆرترین ژمارەی خەڵک بەلای خۆیدا رابکێشێت و ساز و تەیاریان بکات. ئەوەش کاتێک روودەدات کە ئەو حزبە بتوانێت چیرۆکێک یاخود خەیاڵێک

دروست بکات وەک هیوایەک بۆ ئایندە، نەک تەنها بە بەڵێن و دروشمی بریقەدار هەوڵ بدات دەسەڵاتی ئیستا لەناو بەرێت. بەشی هەرە زۆری سەرکردە سپییەکان کەسانی لیبراڵ بوون و پێشوازیان لە شۆڕشی شوبات دەکرد، بەڵام لە راستیدا هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەر هێزەکان و ئەفسەرەکانی ناو مەیدانی شەڕدا نەبوو. ئەو لەشکرە زیاتر لەو ئەفسەرانە دروستکرابوو کە سەر بە قوتابخانەی کۆنی "قەیسەر" بوون و لۆژیکی هەژمونخوازی و تۆڵەسەندنەوە بەسەریاندا زاڵ بوو. ئەوانە خۆیان بە نەتەوەپەرستانی مەزنی روس دەزانی و هیچ تێگەشتنێکیان بۆ مافی کەمینەکان نەبوو، بۆیە هەرگیز لە لایەن ئۆکرانی و بەلتیقییەکانەوە پشتیوانی نەکران کە خاوەنی دەسەڵاتێکی فراوان بوون لە ناوچەکانی خۆیاندا.

سەرباری ئەمانەش، سوپای سور کە لەلایەن "لیف ترۆتسکی[٥]" یەوە دامـەزرا و پەرەپێدرا نەک تەنها پاڵەوانانە شەڕی دەکرد بەڵکو زۆر بە کارامـەیی رەفتـاری دەکـرد. دەیـان هـەزار کۆمۆنیستی بێگانەی وەکو لاتیڤەکان، پۆڵەندییەکان، فنلەندییەکان و چینییەکان، تەنانەت دیلە ئەڵمانەکانی جەنگیش لەپاڵ سوپای سوردا دەجەنگان. لە پایزی ١٩١٨دا نزیکەی ٥٠ هەزار کۆمۆنیستی نێونەتەوەیی لە ریزی بۆلشەویەکاندا بوون کە پاڵەوانانە دەجەنگان و کاریگەری زۆر زیاتریان لەسەر رێچکەی روداوەکان هەبوو، زیاتر لەو دەستوەردانە دوودڵانەی کە سەرمایەداران دەیانکرد.

---

٥ لیۆن ترۆتسکی، ناوی ڕاستەقینەی (لیڤ داڤیدۆڤیچ برونشتاین) لەدایکبووی ٧ی تت٢ی ١٨٧٩ یە، لە خانەوادەیەکی دەوڵەتمەندی جولەکەی ئۆکرانیا بوو. شۆڕشگێڕێکی ڕووسی مارکسیست بوو، سیاسەتوانێکی سۆڤیەت و دامەزرێنەر و یەکەم سەرکردەی سوپای سوری سۆڤێتی بوو. یەکێک بوو لە سەرکردە دیارەکانی و یەکێکە لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی جیهانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو، هەروەها ئەندامی مەکتەبی سیاسی بۆلشیڤیک بوو لە سەردەمی فەرمانڕەوایی لینین. تروسکی لە رووی ئایدۆلۆژیەوە لەگەڵ ستالین ناکۆک بوو. سەرەنجام ستالین توانی تروتسکی لە حزب دەربکات و دواتریش لە سۆڤێت دوری بخاتەوە. تروتسکی سەرەنجام لە مەکسیک گیرسایەوە، بەڵام وازی لە نوسین و کاری سیاسی نەهێنا و رەخنەی زۆر کوشندە و توندی ئاراستەی ستالین دەکرد. تروتسکی لە ٢١ی ئابی ١٩٤٠ لە مەکسیک تیرۆر کرا. وەرگێڕ.

لە ت٢ی ١٩٢٠ دووا ژەنراڵی سپی "پیتەر ورانگڵ" لە بەرەکانی جەنگدا بەزی و کۆتایی هات. ژاپۆنیەکانیش کە ٧٠ هەزار سەربازی خۆیان هێنابووە ناوچەی باکوری مەنشۆریا لە ت ١ی ١٩٢٢ کشانەوە.

بێسەروبەری و دوو دڵی لە دەستوەردانی وڵاتانی سەرمایەداری هیچ کاریگەرییەکی ریشەیی لەسەر ئۆپراسیۆنە سەربازییەکان نەکرد. بە شێوەیەکی زۆر کەمیش نەبێت هێزەکانیان راستەوخۆ لە ناو گۆڕەپانی جەنگدا و لە شەڕەکاندا بەشدار نەبوون. لە کۆی گشتیدا نزیکەی ٢٥٠ هەزار سەرباز لە ١٤ نەتەوەی جیاواز بۆ پشتیوانی سپیەکان کۆکرابوونەوە. بە هەر حاڵ لە کن بەلشەفیەکانیش ئەم گەلە کۆمەیە واتای ئەوەی دەبەخشی کە سەرمایەداران هیچ کات بوونی دەوڵەتی سۆڤێت پەسەند ناکەن و لە یەکەم فرسەتدا کار بۆ لەناوبردنی دەکەن.

لە ماوەی نێوان تشرینی ١٩١٨ و بەهاری ١٩١٩دا، هیچ کام لە فەرەنسا و بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادە نەبوون هیچ کام لەو پێشنیازانەی ئاشتی پەسەند بکەن کە بەلشەفیەکان پێشکەشیانی دەکردن و دەترسان لەوەی کە هێرشێکی بەرفراوان و رێکخراوی ئیمپریالیزم سپییەکان پێکەوە شپرزەیان بکات، بە تایبەتی فەرەنسا کە بە نیاز بوو لە دوای کۆتایی جەنگی ناوخۆی روسیا ئابلوقەیەکی توند بخاتە سەر سۆڤێت. فەرەنسا سوپاکانی پۆڵەندا، رۆمانیا و چیکوسلۆفاکیای ساز و تەیار کردبوو، سۆڤێت لەوە دەترسا کە فەرەنسا بنکەیەکی ئۆپراسیۆن دروست بکات و خۆی بۆ جەنگێکی نوێ ئامادە بکات.

دواجار جەنگی ناوخۆی روسیا، قازانجێکی گرنگ وچاوەڕوان نەکراوی بە سۆڤێت گەیاند. مەنگۆلیا ساڵی ١٩١١ لە قەیراندا بوو لەگەڵ "چین" ، خوازیاری ئەوە بوو خۆی لە ژێر دەستەیی رزگار بکات، بەڵام چین بەردەوام بوو لە هێرش و "ئۆرگا" ی پایتەختی گرت. لە ت ٢ی ١٩٢٠ سوپای ژەنراڵە سپیەکان بە پاڵپشتی سوپای ژاپۆنیەکان بە سەرکردایەتی ژەنراڵ رۆمان ڤان ئۆنگرین ستێرینبێرخ هێرشی کردە سەر مەنگۆلیا و ئۆرگای داگیری کرد و لە چینی سەندەوە. ئامانجیان لەم هێرشە ئەوە بوو کە ئەویٚ بکەنە بنکە و

بارەگایەک بۆ دژایەتیکردنی بەلشەویەکان. ئەو سیستەمە سەرکوتکاریەی کە ئەوان دروستیان کرد لە لایەن خەڵکانی ئەو وڵاتەوە هیچ پێشوازی و لایەنگرییەکی نەکرا، بۆیە خەڵکەکە بە گەیشتنی سوپای سور لە مانگی تەموزی ١٩٢١ زۆر خۆشحاڵ بوو، ئەوە بوو دواجار و لە ساڵی ١٩٢٤ کۆماری مەنگۆلیای شەعبی دروستکرا و بوو بە یەکێک لە نزیکترین ئەو دەوڵەتانەی لە چوارچێوەی یەکێتیی سۆڤیەتدا مانەوە.

## یەکەمین پەیوەندی و ململانێ لە نێوان سیستەمی سەرمایەداری و کۆمۆنیزم، یاخود ئەنتەرناسیۆنالیزم و بەرژەوەندی نەتەوەیی (١٩١٩–١٩٣٣):

### سەنترالیستەکان لە فیدرالیستەکان دەبەنەوە:

هەموو ئەوانەی کە وەهمی سروشتی دیموکراسیانەی دەوڵەتی سۆڤیەتیان چووبووە سەر توشی نائومێدی هاتن. وێرای هەموو لێدوان و بەڵێنە بریقەدارەکان، لە هاوینی ساڵی ١٩١٨دا ئیمپراتۆریای روسیا بوو بە دەوڵەتی تاکە حزبی بە سەرکردایەتی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا. لینین سەرکردەیەکی بەهێز بوو، بەڵام لە دوای ت١ی ١٩٢٢ بە هۆکاری تەندروستی وەکو پێویست نەیدەتوانی بەشداربێت لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا. لە رۆژی ٢١ی ک ٢ی ١٩٢٤ کۆچی دوایی کرد و ململانێ بۆ شوێنگرتنەوەی ئەو چەندین ساڵی خایاند. هەتا ساڵی ١٩٢٩ بارودۆخەکە بەو جۆرە مایەوە، سەرەنجام سکرتێری حزب جۆزیف ستالین توانی هەموو نەیارە سەرەکییەکانی خۆی لەناو بەرێت. ئەم کەسە جۆرجییە قاڵەوەبووی مارکسیزم – لینینیزم بوو، بڕوای تەواوی بەوە هەبوو کە دەوڵەتە سەرمایەدارەکان هەوڵ دەدەن سیستەمی کۆمۆنیزم لە وڵاتەکەیدا لەناو بەرن.

کەسێکی گۆشەگیربوو، تا رادەیەکی یەکجار زۆر لە خۆبایی بوو، ئامانجی ئەوە بوو کە ناوبانگی کەسایەتی خۆی گەورەتر بکات لەوانەی بەر لە خۆی وەکو لینین و پەترۆسی مەزن. ستەمکارێکی بێ بەزەیی بوو، بەرامبەر بەوانەی گوایا "نەیارن" زۆر بێڕەحم بوو.

چەند ساڵێک بوو سروشتی سەنترالیزە (ناوەندگەرایی) بوون یاخود فیدرالی بوونی کۆماری نوێ ئاشکرا نەبوو. ناوی ولاتیش بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دەهات. لە ١٦ی کانونی دووەمی١٩١٨دا کۆماری روسیای سۆڤێتی راگەیەنرا، لە ٢٣ی مانگدا بوو بە کۆماری روسیای سۆشیالیستی سۆڤێتی، بەلام لە تەموزی ١٩١٨ ە وە ناوەکە گۆڕدرا بۆ کۆماری روسیای فیدرالی سۆشیالیستی، لە پاڵ ئەوەشدا کۆماری سۆڤێتی رۆسیای سپی، کۆماری ئۆکرانیای سۆڤێتی، کۆمارەکانی پشتی قەفقازیای سۆڤێتی (ئازەربایجان، ئەرمینیا، جۆرجیا)، بوونیان هەبوو. هەر چوار کۆمارەکە لە رووی تیۆرییەوە یەکسان بوون و ڕێکەوتنامە لە نێوانیاندا هەبوو.

سۆڤێت بالادەستییەکی رونی هەبوو دوای ئەوەی کۆماری رۆژهەلاتی دوور لە سیبریا لە ئایاری ١٩٢٠ دروستکرا. حکومەتی ئەم هەرێمە لە هەریەکە لە سەرمایەداران و کۆمۆنیستان پێکهاتبوو، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئەمەریکا پاراستبوو. ئامانجی سەرەکی کۆماری رۆژهەلات بۆ دوور خستنەوەی سوپای ژاپۆن بوو لە رۆژهەلاتی سیبریا. کاتێک ژاپۆنیەکان ڤلادیڤۆستۆکیان چۆڵکرد، ئیتر لە ت١ی ١٩٢٢دا کۆماری رۆژهەلات لکێنرا بە یەکێتی سۆڤێتەوە.

شەڕی نێوان ناوەندگەرایی و فیدرالیستەکان بە سەرکەوتنی یەکەمیان تەواو بوو. لە ک ٢ی ساڵی ١٩٢٢ یەکێتی کۆماری سۆسیالیستی سۆڤیەت پێکهێنرا. چوار کۆماری دامەزرێنەر لەسەر ئاستێکی یەکسان بوون و دەیانتوانی کاروباری خۆیان بەڕێوەببەن، بەلام ستالین توانی مۆدێلی ئەو دەستووره دروست بکات کە لە ک٢ی ١٩٢٤ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە بۆ ئەوەی دەسەلاتی ناوەندی کۆمۆنیست لە مۆسکۆ بە تەواوی کۆنترۆڵی چوار کۆمارەکەی بکات.

## خەونی شۆڕشی جیهانی دەڕەوێتەوە:

بێگومان لینین هەتا کۆتایی ١٩٢٠ باوەڕی بەوە هەبوو کە بە زووترین کات شۆڕشی جیهانی بەرپا دەبێت و سیستەمی کاپیتالیزم لە ناو دەچێت.

ئەڵمانیا لە ت ١ و ت ٢ی ١٩١٨ هاوشێوەی نمونەی روسیا دارِمـا و سەربازان و کرێکاران دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدا بوو کە بزووتنەوەکە لەویَ لە دەستی سۆشیال- دیموکراتەکاندا بوو کە سیاسەتێکی یەکجار نەرمیان پەیرِەو دەکرد و بە دڵنیاییەوە بە نیازی ئەوە نەبوون شۆرِش بەرپا بکەن. بە پێچەوانەی ئەمەوە، سەرکردە سۆشیال – دیموکراتەکان خوازیاری ئەوە بوون بە خێرایی شوراکان لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە. سەرباری ئەوەش بەرِێوەبردنی ئیمپراتۆریاکە بە ئاسایی بەرِێوە دەبرا و بەردەوام بوو. لە شوباتی ١٩١٩ وردە وردە وازیان لە دەسەڵات هێنا بۆ پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو. لە رایخی نوێدا ئەفسەرانی ئیمپراتۆریا بەردەوام بوون لە حوکمرِانی. کودەتای سەرپێییانە و بێسەروبەری کۆمۆنیستەکان لە بەرلین خەڵتانی خوێن کرا و هەردوو سەرکردەی ئایدیۆلۆژی کارل لیبکنێخت و رۆزا لوکسۆمبۆرگ، کە حەزیان لە کاری توند و تیژی نەبوو، بە دەستی میلیشیا راسترِەوەکان، لە ١٥ی ک٢دا تیرۆر کران. شورا کۆمۆنیستەکانی بایرن (باڤاریا – وەرگێرِ) لە نیسان و مایسی ١٩١٩دا بە شێوازێکی خوێناوی لە لایەن راسترِەوەکانەوە لەناو برا و تەنها ١٤ رۆژ تەمەنی کرد.

لە هەنگاریا کە یەکێک بوو لە دۆرِاوەکانی جەنگ، حکومەتی کۆمۆنیستی بێلا کون (Béla Kun) لە ٢١ی مارت هەتا ١ی ئابی ١٩١٩ توانی بمێنێتەوە. کۆمۆنیست و سۆشیال دیموکراتەکان خۆیان لە پارتی سۆشیالیستی هەنگاریا رێکخستەوە، توانییان دەسەڵات بە دەستەوە بگرن، چونکە هەنگاریا لە شەرِێکی لابەلای سنوردا لەگەڵ رۆمانی و چیکوسلۆڤاکیەکان "کە فەرەنسا پشتیوانی دەکردن" لە جەنگدا بوو.

سەرکردە نوێیەکان هەموو هەستێکی ریالیستی (واقعیع)یان فەرامۆش کردبوو، دەستیان کرد بە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیست وەک ئەوەی لە کتێبەکاندا نوسراوە! ئەمەش کەم تا زۆر تەنها لە رێگەی تیرۆرێکی خوێناوییەوە دەتوانرا بەدەستبهێنرێت، چونکە جوتیارەکان ئامادە نەبوون دەستبەرداری بەرهەمەکانی خۆیان بن بەرامبەر دراوێکی نوێی بێ بەها، ئازوقە نەدەگەیشتە شارەکان، کرێکارانیش لە دژی رژێم نارِەزایەتیان

دەردەبڕی. هەروەها سوپای سوری هەنگاری کە تازە دامەزرابوو دەیتوانی سنورێک بۆ پێشڕەویەکانی سوپای ڕۆمانی و چیکو- سلۆڤاکییەکان دابنێت، بەڵام بەهۆی نارازیبوونیان لە رژێم، سەربازەکان بە کۆمەڵ هەڵدەهاتن. ڕۆمانی و چیکو- سلۆڤاکیەکان بەرەو بودابست لە پێشڕەویدا بوون. لەبەر ئەوەی چیدیکە نەدەکرا بە تەمای هاوکاری کۆمۆنیستەکانی روسیا بن و هیواشیان بەوە نەما کە لە نەمسا کۆمۆنیستەکان دەسەڵات بە دەستەوە بگرن، سەرکردە کۆمۆنیستەکانی هەنگاریا هەڵهاتن.

لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩١٩ پۆلیسی ڤیەنا تەقەی لە گردبوونەوەیەکی کۆمۆنیستەکان کرد، لێرەدا هەلێک بۆ کودەتایەکی راستەقینە شکستی خوارد، کە کۆمەڵێکی بچوک لە کۆمۆنیستە بەکرێگیراوەکان لە ژێر کاریگەری هەنگاریا بە نیازی بوون. هەروەها لە فینلاند، ڕاپەڕینێکی کۆمۆنیستی کە لەلایەن سوپای سوورەوە پشتیوانی دەکرا، لەلایەن سەربازانی ئەڵمانیا و ناسیۆنالیستە فینلەندییەکانەوە بە سەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ بارۆن کارل مانەرهایم لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩١٨دا پوچەڵ کرایەوە.

لیستی شکستەکان سەرنجڕاکێش بوو. لینین جارێکی تر هیوای خواست کە کۆمۆنیزم لە ئەوروپای ناوەڕاست ببوژێنێتەوە، ویستی شکست بە پۆلەندییەکان بێنێت کە لەگەڵیاندا کەوتبووە ناو ململانێ لەسەر ئۆکرانیا و ڕژێمێکی کۆمۆنیستی لە پۆڵەندا دابمەزرێنێت. لەوێوە ئاگری شۆڕشگێڕانە بۆ ئەڵمانیا بگوێزێتەوە، بەڵام سوپای سۆڤیەت پێش ئەوەی بگاتە وارشۆ لە ئابی ١٩٢٠دا شکستی هێنا.

سەرۆکی پۆڵەندی پیلسودسکی بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەوروپای لە کۆمۆنیزم ڕزگار کردووە. جگە لەوەش فەرەنسا و بەریتانیا کە درکیان بە مەترسی دۆخەکە کردبوو، هاوکاری پۆڵەندایان کردبوو، ئەمەش نزیک بوو لە کۆتایی هاتنی وەهمەکەی لینین سەبارەت بە شۆڕشێکی جیهانی. سەرکوتکردنی ڕاپەڕینە کۆمۆنیستییەکان لە ئەڵمانیا لە ئازاری ١٩٢١ تەنیا ئەمەی پشتڕاست دەکردەوە.

ڕاپەڕینێکی دیکەی کۆمۆنیستەکان لە ٢٣ی ت١ی ١٩٢٣ لە هامبۆرگ سەرهەڵدەدات، کە سێ ڕۆژ دواتر بە ڕەشەکوژییەکی خوێناوی کۆتایی هات، تێیدا ٤٠ کۆمۆنیست و ١٧ پۆلیس گیانیان لەدەستدا. هەروەها لە ساکسۆن و تورینجیا کە کۆمۆنیستەکان بەشێک بوون لە حکومەتەکان و دەیانویست دەسـەڵات بـەدەسـتـەوە بگرن ئـاژاوەی خوێناوی لـە مانگی ئۆکتۆبەردا سەریهەڵدا کاتێک هێزەکانی ڕایشسوێر (Reichswehr) کۆمۆنیستەکانی لە حکومەتەکان دەرکرد. هەموو ئەم ئاژاوەگێڕییە کۆمۆنیستەکان بەو مانایە بوو کە لە ئەورووپای ناوەڕاست ترسێکی زۆر هەبوو لەوەی کە کۆمۆنیستەکان دەسـەڵات بەدەستەوە بگرن، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی دەسەڵاتی ڕژێمە ڕاستڕەوەکان و ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لە هەموو شوێنێک.

## ڕەوشی خراپی ئابووری یەکێتی سۆڤیەت داوای ڕیالیزم دەکات:

لە ساڵی ١٩٢٠ بەرهەمی پۆڵا لە کۆماری ڕوسیای سۆشیالیستی فیدراڵی تەنها ٤٪ و بەرهەمی لۆکە ٥٪ بوو بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمی ساڵی ١٩١٣. هەروەها بەرهەمی شمەکی خۆراکیش بە ڕێژەی ٥٠٪ دابەزیبوو، بۆیە دەبوو بە زووترین کات باشترین پەیوەندی لەگەڵ سەرمایەدارەکاندا دروست بکرێت و بتوانرێت لەو ڕێگایەوە پرۆسەی بنیاتنانەوە و گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازی پێشبخەن. بەبێ هاوکاری تەکنەلۆژی خۆرئاوا ئەم کارە ئەستەم بوو.

هەرچەندە لینین لـەو بـاوەڕەدا بـوو کە سـەرمـایـەداری بە شێوەیەکی گشتی لەمەڕ پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ ڕژێمی سۆڤیێتی ناکۆک و ناتەبا بوو، بەڵام هەر یەکە لە سەرمایەدارەکان لە خەمی دەستخستنی قازانجی کورتخایەندا بوون. بلۆکی سەرمایەداری وەک هەمیشە – ئێستاش- یەکانگیر نەبوون، بەڵکو دابەش و پەرتەوازە بوون، دەبوو ئەم دابەشبوونە بە ژیرانە بقۆزرێتەوە. لینین کەسێکی ریالیست و پراگماتیک بوو، بۆیە دەیویست بە خێرایی پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ زۆرترین وڵاتانی سەرمایەداری دروست بکات. دوای مردنیشی لە ساڵی ١٩٢٤ ئەوانەی دوای ئەو هاتن درێژەیان بەم

سیاسەتە دا. دواتر هەریەكە لە سیاسەتی ئابوری نوێ (مارتی ١٩٢١ هەتا ١٩٢٨) و پلانی پێنج ساڵی بەبێ بەشدارییەكی بەرچاوی ڕۆژئاواییەكان واتە سەرمایەدارەكان شكستیان دەخوارد.

ئەم سیاسەتە پراگماتیكیە لە كەسایەتی خانەدانی پێشوو و هاوچەرخی وەكو "گۆرگی شیشیرین" دا رەنگی دابۆوە، كە لە شوباتی ١٩١٨ بەدواوە ڕێگەپێدراوی كاروباری دەرەوە بوو. سیاسەتەكەی شیشیرین زۆر جار توشی بەركەوتن دەبوو لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای شۆڕشی نێونەتەوەیی و ئەنتەرناسیۆنالی سێیەم كە سالی ١٩١٨ لە مۆسكۆ دامەزرابوو. ئەنتەرناسیۆنال جۆرێک بوو لە ڕێكخستنی سێبەر بۆ هەموو ڕێكخراوە كۆمۆنیستەكانی دنیا، ئامانجی سەرەكی و ڕاگەیەندراوی ئەم ڕێكخراوە دژایەتیكردنی سەرمایەداری و ڕێكخستنی شۆڕشی سەرتاسەری جیهانیی بوو.

لە كۆنگرەی دووەمدا لە مانگی تەموزی ١٩٢٠ بڕیاری ئەوە دەرچوو كە دەبێت هەموو پارتە كۆمۆنیستەكانی دنیا گوێڕایەڵیی خۆیان بۆ دەسەڵاتی مۆسكۆ پەسەند بكەن. ئەو كۆنگرانەی كە بەردەوام لە مۆسكۆ گرێ دەدران دەبوونە لوتكەی توندوتیژی شۆڕشگێڕانەی زارەكی. لە ژێر سایەی سەركردایەتی سۆڤێتدا دەبوو كۆمۆنیستەكانی هەموو دنیا دژایەتی سەرمایەداری بكەن. چەند جارێک ئەم تاكتیكە گۆڕانكاری بەسەردا هێنرا، ئەوە بوو لە كۆنگرەی چوارەمدا (لە ٥ی ت٢ - ٥ی ک ١ی ١٩٢٢) لە ژێر كاریگەری لینین، ڕاسپاردەی ئەوە هاتە ئاراوە كە هاوكاری لەگەڵ سۆشیالیست دیموكراتەكاندا بكرێت. ئەم بنەمایە هەتا ساڵی ١٩٢٨ پەیڕەو كرا. هەروەها پەیڕەوی سیاسەتێک پەسەند كرا كە ململانێی نێوان سەرمایەداران تۆخ بكاتەوە، ململانێیەک كە بە حەتمی و مێژوویی ئەژمار دەكرا، بۆ نمونە ململانێی بەریتانیا لە دژی ئەمەریكا، ئەمەریكا لە دژی ژاپۆن، فەرەنسا لە دژی بەریتانیا. لە ناوچە كۆلۆنیەكانیشدا دەبوو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە لایەن كۆمۆنیستەكانەوە دروست بكرێت یاخود پشتیوانی بكرێت. هەروەها بەڵێنی بەرپابوونی ڕاپەڕینی كرێكاران لە وڵاتە سەرمایەدارییەكاندا هێشتا بەردەوام بوو، هەندێ جاریش بە ئاشكرا هاوكاری دەكران.

لە کۆنگرەی ١٧ی تەموز تا ١ی ئەیلولی١٩٢٨ کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنال بە تایبەتی لە دژی خائنەکانی چینی کرێکاران وەستایەوە: سۆشیالیستە ناشۆڕشگێڕەکان یاخود سۆشیالیست دیموکراتەکان. ئیتر کار کردن لەگەڵ ئەو فاشیستە سۆشیالیستانەدا "وەک ستالین ناوی دەبردن" مەحاڵ بوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبوو دژایەتی بکرانایە. لە ساڵی ١٩٢٨ بە تایبەتی جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە دەبێت هەموو بەرژەوەندییە تایبەتی و نیشتمانیەکان بخرێنە خزمەت مانەوە و گەشەپێدانی تاکە دەوڵەتی سۆشیالیست : یەکێتی سۆڤێت.

دروشمە شۆڕشگێڕەکان و هەندێ رەفتاری کۆمۆنیستەکان وەکو هاوکاریکردنی ئەو راپەڕینە چەکدارییەی مانگی مارتی ١٩٢١ لە ئەڵمانیا، یاخود هاوکاریکردن لە رێکخستنی پیلانێکی سەرنەگرتوو لە مانگی ت١ی ١٩٢٣ لە ساکسن و تورینگن، ئەمانە هەمووی تەواو پێچەوانەی سیاسەتی دەرەوە بوون کە یەکێتی سۆڤێت پەیڕەوی دەکرد.

لە ژێر دروشمی (نا بۆ سەرکێشی) هەمیشە بایەخی پلە یەکەم بۆ سیاسەتی کلاسیکیانەی دەرەوە بوو، لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات. ستالین لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٤ پشت ئەستور بە وتەیەکی لینین کە لە ساڵی ١٩١٥دا رایگەیاندبوو کە دەکرێت و زۆر پێویستیشە سۆشیالیزم لە یەک وڵاتدا "روسیا" بەرقەرار بکرێت، بەمەش توانی دژایەتی تروتسکی بکات "ئەو کات هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو" کە بانگەشەی شۆڕشی سەرتاسەریی جیهانیی دەکرد.

بۆ زۆرێک لە چاودێرانی بێگانە ئاشکرا نەبوو کە داخۆ: دروشم و وتەکانی ئەنتەرناسیۆناڵ بەهەند وەربگرن یاخود، پەیڕەوی پراگماتیکیانەی سەرکردەکانی سۆڤێت. لە کن زۆرێک لەوانە تێگەشتنێکی هەڵە هەبوو، هەتا ساڵی ١٩٢٠ لەو باوەڕەدا بوون کە سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤێت لە پێناو ئاراستەکردن و بەدیهێنانی شۆڕشی سەرتاسەری جیهاندایە. دواتر بەهۆی بەرژەوەندییە ئابورییەکانیانەوە زۆربەی حکومەتەکانی دنیا پەیوەندی دبلۆماسییان لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت دروستکرد.

وێڕای هاندانی ئینتەرناسیۆنالیزم لە دژی سیستەمی سەرمایەداری و ئەو ڕاستییەی کە سۆڤێت بە ئاسانی نە دەچووە ژێر باری قەرزەکانی ڕژێمی قەیسەر و تەنانەت ئەو حکومەتە کاتییەی کە لە نێوان مارت – ت١دا دروست بوو، بەڵام پەیوەندییەکان دروست دەبوون، هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو کە ڕەنگە پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ کۆمۆنیستەکان بتوانیت ئەوان خاو بکاتەوە و پەلکێشیان بکات بۆ ناو بازرگانی سەرمایەداری و زهنییەتی لیبراڵی.

ساڵی ١٩٢٠ کۆمارەکانی بەلتیق پەیوەندییە دبلۆماسییەکانیان لەگەڵ سۆڤیت گرێ دایەوە. بەریتانیاش یەکەم دەوڵەتی گەورەی سەرمایەداری بوو کە پەیمانی بازرگانیی لەگەڵ سۆڤێت مۆرکرد. لە ١٦ی نیسانی ١٩٢٢ ئەڵمانیاش لە ڕێگای پەیماننامەی ڕاپالۆ ددانی بە یەکێتیی سۆڤێتدا نا. بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە هەر جۆرە قەرەبووکردنەوەیەک نابێت و ئەڵمانیا بەبێ مەرج ددان بە سەروەری یەکێتی سۆڤێتدا دەنێت و پەیوەندی ئابوری و هاوکاری سەربازی بەردەوام دەبن. لە ساڵی ١٩٢٤دا دووا بە دووای بەریتانیا، هەر یەکە لە ئیتالیا، نەرویج، نەمسا، یونان، سوید، چین، دانیمارک و فەرەنسا و پاشانیش لە ساڵی ١٩٢٤ ژاپۆن، یەکێتی سۆڤێتیان بە فەرمی ناساند.

پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا هەمیشە لە کەشێکی دۆستانەدا نەبوون، چەندین ڕوداو هاتنە ئاراوە، بۆ نمونە لەگەڵ بەریتانیا پەیوەندییە دبلۆماسییەکان لە ساڵی ١٩٢٧ تا ١٩٢٩ پچڕا، لەبەر ئەوەی یەکێتی سۆڤێت سەرزارەکی دەستتێوەردانی دەکرد لەو مانگرتنە سەرتاسەرییەی کە مایسی ١٩٢٦ سەراپای وڵاتی گرتەوە.

لە سەروبەندی بڵاوبوونەوەی برسێتی و قات و قڕی لە سۆڤێت کە بەهۆیەوە نزیکەی پێنج ملیۆن کەس مردن، ئەمریکیەکان هاوکاری زۆر پڕ بایەخیان پێشکەش بە یەکێتی سۆڤێت کرد کە نزیکەی ١١ ملیۆن کەسی لە برسێتی ڕزگار کرد، هەرچەندە یەکێتی سۆڤێت بەڵێنی سودمەندبوونێکی ئابوری یەکجار باشی دابوو، کەچی ئەمەریکا ئامادە نەبوو ئەو حکومەتە شۆڕشگێڕە بە فەرمی بناسێت چونکە زیاتر لە ژێر کاریگەری دروشمەکانی

ئینتەرناسیۆنالیزم بوون کە بانگەوازی بۆ روخاندنی هەموو سیستەمە کاپیتالیستەکان دەکرد. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە سۆڤێت کار بۆ روخاندنی هەموو حکومەتە سەرمایەدارەکان دەکات. هەر ئەو تێگەشتنانەش بوونە هۆکاری ئەوەی کە ساڵی ١٩١٩ تەواوی ئەندامە دیارەکانی پارتی کاری کۆمۆنیست دەستگیر بکەن لە ئەمەریکا و هەموویان بخەنە بەردەمی دادگا.

لە ت١ی ١٩٢٨دا کۆمۆنیستەکان رایانگەیاند کە هەموو ویلایەتەکانی باشوری ئەمەریکا، ئەوانەی زۆرینەی رەهایان لە رەشپێستەکانن دەبێت لە ئەمەریکا جیا ببنەوە و کۆماری سەربەخۆی خۆیان دروست بکەن. ئەمەش ئەمەریکای ناچار کرد بنکەیەکی چاودێری لە "ریگا" ی پایتەختی لاتیڤیا دابمەزرێنن، کە هەندێ لە سلاڤییە ناودارەکانی وەکو جۆج کینان کاریان تێدا دەکرد. لە کۆتاییدا فرانکلین رۆزفلتی دیموکراتی بوو کە ساڵی ١٩٣٣ حکومەتی یەکێتی سۆڤێتی بە فەرمی ناسی، ئەمەش لە پێناوی زیاد کردنی هەناردەکانی ئەمەریکا بوو بۆ سۆڤێت وێڕای روبەڕوبونەوەی هاوبەشیان لە دژی کردەوە شەڕانگێزییەکانی ژاپۆن لە ئاسیا، وێڕای ئەوەش ئەمەریکا لەو باوەڕەدا بوو کە رەنگە سۆڤێت لە داهاتوودا هاوپەیمانی بێت لە دژی ئەڵمانیای نازی.

لە هەمان کاتدا، سەرمایەدار و بازرگانەکانی ئەمەیکا لە هەوڵی ئەوەدا بوون لە سۆڤێت وەبەرهێنان بکەن و سەرمایە کەڵەکە بکەن. بەمجۆرە تەنها بازرگانە کۆمۆنیستەکانی وەکوهەنری فۆرد و یۆهان روکفیلەر وەبەرهێنانیان لە سۆڤێت نەدەکرد، بەڵکو پێش ئەوانیش سەرمایەداری ئەفسوناوی ئەرماند هامەر رۆشتبوو. ئەمریکیەکان تەکنەلۆژیای باشیان بە سۆڤێت فرۆشت. کۆمپانیای ئەڵبێرت کان (Alebert Kahn) نەخشەی ننیاتنانی ٦٠٠ کۆمپانیای بۆ سۆڤێت دانا. کۆمپانیای جەنراڵ ئەلکتریک (Gen-eral Electric) بەربەستی زەبەلاحی دنەیپرستۆی (Dneiprostoy) و کۆمپانیای ئۆتۆمبیلی بنیاتنا، کۆمپانیای (فۆرد)یش کارخانەی کامیۆن و بارهەڵگری بنیاتنا.

ئەمریکا بۆیە ئەم کارانەی دەکرد بۆئەوەی سودەکانی سەرمایەداری بە روسەکان پیشان بدات، بەڵام ئەمە بە پێچەوانە کەوتەوە، کاتێک سۆڤێت لە ساڵی ١٩٣٤ متمانەیان بە خۆیان پەیداکرد کە دەتوانن خۆیان کارگەی دروستکردنی ئوتۆمبیل دروست بکەن، گرێبەستەکەیان لەگەڵ کۆمپانیای فۆرد هەڵوەشاندەوە.

روکفلر (Rockefeller) سۆڤێتییەکانی فێری دەرهێنان و پاڵاوتنی نەوت کرد. ئەفریل هاریمان (Aerell Hrriman) کانەکانی مەنگەنیزی بەڕێوە دەبرد لە قەوقاز. هەروەها ئامێرەکانی کشتوکاڵیش هەر لە ئەمەریکاوە هاتن، جگە لەوەش سێ سەد ئەمەریکی لە شاری ستالینگراد سەرقاڵی دروستکردنی ئامێرە کشتوکاڵیەکان بوون.

بەرزبوونەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بووە هۆکاری ڕێککەوتنی بازرگانی لە نێوان هەردولا لە ٤ی ئابی ١٩٣٧، دوای ئەوە گۆڕینەوەی نێردە شارەزاو پسپۆڕەکان لە نێوان هەردوولا زیادی کرد. سۆڤێت ئامێر و تەکنەلۆژیای تازەی دەکڕی و بەرامبەر بەوەش خام و کانزا و خەڵوز و مەنگەنیز و تەختەی هەناردەی ئەمەریکا دەکرد. بەمجۆرە پتر لە ڕێژەی ٩٥٪ی کۆمپانیاکانی سۆڤێت بە شێوەیەک لە شێوەکان بە تەکنیک و ئامێری نوێ هاوکاری کران. لە ساڵی ١٩٢٩دا نزیکەی ١٣٠٠ تەکنیکار و ئەندازیاری بێگانە لە سۆڤێت کاریان دەکرد. بنیاتنانەوەی یەکێتیی سۆڤێت لە بیستەکانی سەدەی رابوردوودا مەحاڵ دەبوو ئەگەر ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان خۆرئاواو خۆرهەڵاتدا نەبووایە.

لە بواری سەربازیدا، پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەڵمانیا بۆ یەکێتیی سۆڤێت زۆر گرنگ بوو. براوەکانی جەنگ لە ڕێکەوتننامەی ڤێرسای ساڵی ١٩١٩دا ئەوەیان بەسەر ئەڵمانیادا سەپاند کە بۆی نییە پیشەسازی مۆدێرنی سەربازی بەرهەم بێنێت. دروستکردنی فڕۆکە و تانک بە گوێرەی ئەو ڕێکەوتنە قەدەغە کرابوو. یەکێتیی سۆڤێت (بزنە رەشەکەی تر لە ئەوروپا) بە دەگمەن چەکی مۆدێرنی هەبوو، سوپای هەردوولا کە پێکەوە دەیانتوانی باشتر یەکتر تەواو بکەن، لە ئەیلولی ١٩٢١دا ڕێکەوتننامەیەکی نهێنیان مۆرکرد و زۆر بە چڕو

پڕی کەوتنە هاوکاری یەکتر. بەمجۆرە سەربازەکانی ئەڵمانیا لە یەکێتیی سۆڤێت لەسەر چەکی نوێ و قەدەغەکراو راهێنانیان دەکرد، راهێنەرە ئەڵمانیەکانیش هاوپیشەکانی خۆیان لە سوپای سور راهێنانپێدەکرد. هەردوو کۆمپانیای یۆنکەرز (Junkers) و کروپ (Krupp) فڕۆکە و چەکی قورسیان لە یەکێتیی سۆڤێت بەرهەم دەهێنا. ئەم هاوکاریکردنەی یەکتر نزیکەی دە ساڵی خایاند و بۆ هەردوو لا زۆر بەسود بوو. لێرەدا دەپرسین داخۆ ئەگەر ئەم هاوکاریکردنەی ئەڵمانیا نەبوایە، یەکێتی سۆڤێت دەیتوانی لە ساڵی ١٩٤٥دا بەسەر ئەڵمانەکاندا سەرکەوێت؟ ئەم هاوکاریکردنەی هەردوولایان رەهەندێکی جیوسیاسی هەبوو. هەندێ بازنەی بڕیار لە ناو هەردوولا هەبوو کە خوازیاری ئەوە بوون چەند ناوچەیەکی پۆڵەندا بۆ خۆیان داببڕن، یان هەر بە تەواوی ئەو دەوڵەتە لەسەر نەخشە بسڕنەوە.

### ئەنتەرناسیۆناڵ و کۆمۆنیستی چین (١٩١٩-١٩٣٥):

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا چین وڵاتێک بوو تەنها سێبەرێکی بەسەر خۆیدا هەبوو. شانشینی نانچو لە ساڵی ١٩١٢ دەستی لەکارکێشایەوە و چین بووبوو بە کۆمارێکی دیموکراسی، کە دیکتاتۆر "یان شیکای" سەرۆکایەتی دەکرد. لە دوای مردنی ئەو لە ساڵی ١٩١٦ دەسەڵاتی ناوەندی لەناو چوو، هەرێمەکان کەوتنە دەستی ژەنەڕاڵە دیکتاتۆرەکان: ئەمیرەکانی جەنگ.

زلهێزە بیانییەکانی وەک ڕوسیا، ژاپۆن، بەریتانیا، فەرەنسا و ئەمریکا تا دەهات هەژمونی خۆیان بەسەر ئەم وڵاتەدا فراوانتر دەکرد، لە کاتێکدا چینییەکان بە نیگەرانیەوە دەیانڕوانییە وڵاتەکەیان کە خەریکە وەک شوتی قاش قاش دەبوو. دەسەڵاتدارەکانی چین هەوڵیان دا بە مۆدێرنیزەکردنی چین بەرپەرچی ئەم ئاراستەیە بدەنەوە. بۆیە هەوڵیان دا سوپا و تۆڕەکانی شەمەندەفەر و هەروەها دەستوور نوێ بکەنەوە. هەروەها کێشەی ئالوودەبوون بە تریاک چارەسەر بکەن. خوێندکارانی چینی ڕوویان لە ڕۆژئاوا کرد و بە چەندین بیرۆکە و تیۆری نوێ ئاشنا بوون. دەتوانرا هەندێک لەو تیۆریانە بۆ مۆدێرنیزەکردنی چین بەکاربهێنن.

شتێک وەک مانگەشەو ڕوون بوو: گۆڕانکاری بەپەلە نەکرێت، چین بوونی نامێنێت. ئەم ڕۆشنبیرە گەنجانە ڕەوتی بیرکردنەوەی جیاوازیان پەیڕەو دەکرد، لەوانە داروینیزمی کۆمەڵایەتی "سۆشیال داروینیزم" و مارکسیزم.

جەنگی جیهانی یەکەم و بە تایبەتی پەیمانی ڤێرسای کارتەکانی تێکەڵ کرد. چین لە مانگی ئابی ساڵی ١٩١٧ەوە لە بەرەی هاوپەیمانەکاندا بوو. هۆکاری سەرەکی پاڵپشتیکردنی سەربازانی فەرەنسی و بەریتانیا لەم شەڕەدا، کۆنترۆڵکردنەوەی هەرێمی شاندۆنگ بوو. ئەم ویلایەتە چینییە لە دەستی ئەڵمانیادا بوو، بەڵام دیار بوو کە ژاپۆنیش دەیویست هەژمونی خۆی لەم ناوچەیەدا فراوانتربکات.

کاتێک چینییەکان لە سەرەتای مانگی ئایاری ساڵی ١٩١٩ لە چوارچێوەی پەیمانی ڤێرسایدا زانیان کە مافەکانی ئەڵمانیا لەسەر شاندۆنگ دەگوازرێنەوە بۆ ژاپۆن، بەشێکی بەرفراوانی دانیشتوان کاردانەوەیەکی شۆک ئامێزیان نواند. ئەوە چەندەمین جار بوو کە خەڵک بە چاوی خۆیان دەیانبینی ڕۆژئاواییەکان و بە تایبەتی سەرۆک ویڵسن و تێزەکانی سەبارەت بە مافی چارەی خۆ نوسین جێگەی متمانە نابن. ئەم پەرچەکردارە توند و تیژانە کە لە مێژوودا بە بزوتنەوەی ٤ی ئایار ناوی براوە، نەک تەنها دژی پەیماننامەی ڤێرسای بوو، بەڵکو دژی بەردەوامبوونی سیاسەتی ڕەزیل و سەفیلکردنی چین بوو لە لایەن ڕۆژئاواییەکانەوە.

لەم ساتە وەختەدا بوو کە ترۆتسکی بڕیاریدا دەستبەرداری هەموو ئەو مافانە بێت کە ڕژێمی قەیسەر لە چین بەدەستی هێنابوو. لەم سۆنگەیەوە سۆڤێت بڕیاریدا دەستبەرداری هەموو ئیمتیازاتەکانی خۆیان بن لە مەنشۆریا، هەروەها دەستبەرداری ئەو پارەیە بن کە وەک قەرەبووکردنەوەی تایبەت بوو بە یاخیبوونی بۆکسێنەرەکان. بەڵام ئەمە هەموو شتێک نەبوو، بەڵکو سۆڤێتیەکان بەبێ قەرەبوو کردنەوە، وازیان لە باسکردنی مافی خۆیان هێنا لە هێڵی ئاسنی ڕۆژهەڵاتی چین. چینییەکان ئەمەیان وەک ئاماژەیەکی زۆرئەرێنی وەرگرت. دراوسێ گەورە و ستەمکارەکەیان لە ناکاو بوو بە برا و پشتیوانێکی یاریدەر بۆیان، لە کاتێکدا هەموو زلهێزەکانی دنیا پشتیان دەکردە خەڵکی چین.

لە چاوی زۆرێک لە چینییەکان یەکێتی سۆڤیەت زۆر زیاتر بوو لە برایەکی یارمەتیدەر. پێیان وابوو دەتوانرێت بە هەمان شێوەی ڕووسیا چاکسازی لە چین بکرێت. بەم شێوەیە ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چینی پاڵنا بۆ باوەشی کۆمۆنیزم.

لە ساڵی ١٩٢١ پارتی کۆمۆنیستی چین بە نهێنی لە شاری شەنگەهای دامـەزرا. تەنانەت پێش دامەزراندنی ئەو حیزبە، ئینتەرناسیۆنال نێردەی نـاردبـوو بۆ یارمەتیدانی کۆمۆنیستەکانی چین، لەژێر کاریگەری ئەم نوێنەرانەی کۆمینتەرن کۆمۆنیستەکانی چین زۆر زوو تێگەیشتن کە ئەوان زۆر لاوازن و ناتوانن لەسەر دوو پێی خۆیان بوەستن. بۆیە بڕیاریان دا لەگەڵ پارتی گەلی نیشتمانی کۆنتر و بەهێزتر کە زیاتر بە کومینتانگ ناسراوە، پێکەوە کار بکەن.

کۆمینتانگ هەوڵیدا چین لە ژێر دەستی ئەمیرەکانی جەنگ دەربهێنێت. لینین لەگەڵ ئەوەدا بوو کە پشتیوانی ناسیۆنالیزمێکی بەهێزی چینی بێت لە جیاتی ئەوەی بیر لە پارتێکی بەهێزی چینی بکاتەوە. هیوای بەوە هەبوو کە ئەگەر دەوڵەتێکی متمانە بەخۆ بوو لە چین هەبێت ئەوە دەتوانێت شەڕی ئیمپریالیزم بکات کە چەندین بەندەر و شوێنی گرنگی ستراتیژی لە چین داگیر کردبوو. هەموو کۆمۆنیستەکانی چین بەم بڕیارە ئاسودە نەبوون، بەڵام نوێنەرەکانی ئەنتەرناسیۆنال کە هاوکاریی دارایی حزبی کۆمۆنیستی چینیان کردبوو، توانای باشیان هەبوو لە قایل کردنیان.

سەرەتا هاوکاری لە نێوان حزبی کۆمینتانگ و حزبی کۆمۆنیستی چین بە باشی بەڕێوە دەچوو، بەڵام مردنی سەرۆکی کۆمینتاگ "سون یاتسن" لە مارتی ١٩٢٥ دۆخەکەی ئاڵۆز کرد، جێگرەوەکەی "شانگ کای شیک" کە ژەنراڵێکی دژ بە کۆمۆنیزم بوو زۆر باش ئەو راستییەی دەزانی کە بۆ ئەوەی شۆڕشە ناسیۆنالیستەکەی بە کۆتاییەکی باش بگات دەبوو پشت بە یەکێتیی سۆڤێت ببەستێ، بۆیە نەیتوانی راستەوخۆ لەو قۆناغەدا حزبەکەی لە کۆمۆنیستەکان پاک بکاتەوە، بۆیە ناچار بوو بە لێزانی مانۆڕ بکات. بەڵام گرژیی نێوان کومینتانگ و پارتی کۆمۆنیستی چین ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بوو.

کۆنگرەی دووەمی حزبی کومینتانگ لە کانونی دووەمی ١٩٢٦ وەک تەقینەوەی بۆمبێک بوو. کۆمۆنیستەکان پێگەی گرنگیان لەناو حزبی ناسیۆنالیستیدا گرت. بۆ "شانگ کای شیک" ئەمە وەک چڵە پوشە بوو کە پشتی هوشترەکەی شکاند: نوێنەری ئینتەرناسیۆنال و راوێژکاری تایبەت لە کن کۆمینتانگ "میشێل بۆرۆدیم" توانی "شانگ" قایل بکات و بۆچوونی بگۆڕێت.

دەستگیرکراوەکان ئازاد کران، بەڵام "شانگ" بڕیاریدا کە هیچ کۆمۆنیستێک بۆی نەبێت سەرۆکایەتی لقێکی ئەو حزبە بکات. بۆ کۆمۆنیستەکانی چین ئەمە نائومێدییەکی گەورە بوو، بەتایبەتی چونکە ئینتەرناسیۆنال زۆری نەکرد بۆ پێچەوانەکردنەوەی ئەم بڕیارە.

ڕەنگە مرۆڤ ئەو پرسیارە لە خۆی بکات کە بۆچی یەکێتیی سۆڤێت بەرامبەر بە "شانگ" نەرم بوو؟ هۆکاری ئەمە لە راستیدا پەیوەندی بە ململانێی دەسەڵاتەوە هەبوو لە نێوان ستالین و ترۆتسکی. دووەمیان باوەڕی بە شۆڕشێکی نێونەتەوەیی هەبوو. بە کارێکی مەترسیداری دەزانی ئەگەر سۆشیالیزم بە تەنها لە یەک وڵاتدا پێشبخرێت، ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە بڕیارەکانی ستالین سەبارەت بە هاوکاریکردنی کۆمینتانگ هەڵەیەکی کوشندەیە. لە کۆتاییدا ترۆتسکی ئەم جەنگەی دۆڕاند، بەڵام ستالین کۆتایی بە پەیوەندیی نێوان ناسیۆنالیستەکانی چین و کۆمۆنیستەکان نەهێنا بەبێ ئەوەی ئابروی نەچێت. بۆیە بۆ پاراستنی پارتی کۆمۆنیستی چین لە هێرشە بەردەوامەکانی کۆمینتانگ هیچی ئەوتۆی نەکرد.

شانگ کە بەشێکی سەرەکی خاکی چینی لە ژێر دەستی ئەمیرەکانی جەنگ دەرهێنابوو، زیرەکانە ئەم دۆخەی قۆستەوە، لە ١٢ی نیسانی ١٩٢٧ تیرۆی سپی دەستپێکرد و هێرشێکی راستەوخۆی کردە سەر کۆمۆنیستەکان لە شانگهای، میلیشیاکان بە هاوکاری سوپای شۆڕشگێڕی نەتەوەیی شانگ کای شیک هەڵیان کوتایە سەر باڵەخانەی سەرەکی سەندیکا و داگیریان کرد.

کۆمۆنیستەکانی شەنگەهای بە تەواوی قڕ کران. لە ١٥ی تەمووزدا کۆمۆنیستەکان بە فەرمی لە کۆمینتانگ دەرکران و حزبی کۆمۆنیستی

چینی بە شێوەیەکی کرداری هەڵوەشایەوە. پاشان یەکێتی سۆڤیەت بڕیاریدا پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ کۆمینتانگ بپچڕێنێت. شانگ بە نیاز بوو بۆ هەمیشە کۆمۆنیستەکانی چین بنبڕ بکات. بۆ ئەمەش لە نێوان ساڵانی ١٩٢٨-١٩٣٤ پێنج شاڵاوی کردە سەریان و تا ڕادەیەکی تەواو لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بوو.

لە مانگی ئەیلولدا ژاپۆن هێرشی کردە سەر مانشۆریا. قەیرانی ئابووری ساڵی ١٩٢٩ ژاپۆنیشی گرتبۆوە ئەمەش وایکردبوو ژاپۆن بەدوای کەرەستەی خاو و بازاڕی فرۆشتنی نوێدا بگەڕێت لە مەنشۆریا.

کـاردانــەوەی کۆمینتانگ تــەواو لاواز بــوو. شـانگ گـرەوی لەسەر چارەسەرێکی نێو دەوڵەتی دەکرد. پێی وابوو کە فراوانخوازی ژاپۆن درەنگ یان زوو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت یان ئەمریکادا بەریەک دەکـەون، هەر بۆیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٢ پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت دامەزراندەوە. بەڵام ئەمە بەڕاستی بەو مانایە نەبوو کە لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی چین ئاشتەوایی بکات. هێرشەکانی بۆ سەر حزبی کۆمۆنیستی چین بێ وەستان بەردەوام بوو.

لەم سەروبەندەدا کۆمۆنیستەکانی چین هەوڵیان دا لە ژیاندا بمێننەوە. لەم ماوەیەدا دوو فراکسیۆن لەناو حزبی کۆمۆنیستی چیندا سەریان هەڵدا. لە ژێر کاریگەری یەکێتی سۆڤیەتدا بەشێک لە سەرکردایەتی حزبەکە لە شارەکاندا مانەوە بۆ ئامادەکردنی پرۆلیتاریای پیشەسازی بۆ شۆڕش. بەو پێیەی ئەم سەرکردانە بە ئاسانی شوێنەکانیان دەدۆزرایـەوە، بە ئاسانیش دەبونە نێچیری هێزەکانی کۆمینتانگ.

گروپێکی تر بڕیاریان دا لە گوندەکان نیشتەجێ بن. یەکێک لە لایەنگرانی ئەم فراکیسۆنەی دووەم "ماو تسیتونگ" بوو، ئەو باوەڕی بەوە هەبوو کە فیکری کۆمۆنیستی لە چین لەلایەن پرۆلیتاریای پیشەسازییەوە پشتگیری نەکراوە، بەڵکو لەلایەن جووتیارانی هەژارەوە پشتگیری دەکرێت.

لە ٧ی ت٢ی ١٩٣١دا دوور لە دەستی ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی، لە شاخی "جانگشی" کۆماری سۆڤێتیی چینی دامەزراند. هەرچەندە ئەم دوو فراکسیۆنە لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە دژ بە یەک بوون، بەڵام ماو هێشتا پەناگەی بە کۆمۆنیستەکانی شار دەدا بۆ ئەوەی بتوانن لە هێرشە بەردەوامەکانی شانگ ڕزگاریان بێت.

لە راستیدا لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٤دا، شانگ کای شیک نزیک بوو لەوەی کە بۆ دووەم جار کۆمۆنیستەکان لەسەر نەخشە بسڕێتەوە، کۆمۆنیستەکان ناچار بوون بۆ پاراستنی خۆیان ڕێگایەکی دوور و سەخت بگرنە بەر کە لە مێژوودا بە "ڕێپێوانی درێژ" ناسراوە. ئەم ڕێپێوانە لە شاخی "جانگشی" دەستیپێکرد و لە هەرێمی "شانشی" کۆتایی هات. لە کاتی ئەم ڕێپێوانە درێژەدا کۆمۆنیستەکان لە نێوان ١٥-١٧ی ک٢ی ١٩٣٥ کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا، لەو کۆبونەوەیەدا ماو سەرکەوتوو بوو لەوەی کە دەسەڵاتی حزب بەدەستەوە بگرێت.

ماو لە چاو کۆمۆنیستەکانی سەر بە یەکێتیی سۆڤێت هەڵوێستێکی ڕوونترو سەربەخۆتری نواند، بەمجۆرە یەکەمجار بوو لە دوای دروستبوونی حزبی کۆمۆنیستی چین، پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت لاواز بێت.

## بێ بازاڕیی گەورە: یەکێتیی سۆڤێت دەبێتە "ئەندامێکی بەڕێز" ی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (١٩٣٠-١٩٣٦):

لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٩دا بێ بازاڕییەکی ئابوریی زۆر توند رۆژئاوای گرتەوە، کە بووە هۆی بێکارییەکی زۆر و هەژاربوونێکی لە رادەبەدەری چینی کرێکاران. لێرەوە ئینتەرناسیۆنال کەوتە لێدانی سۆشیال دیموکراتەکان. ئینتەرناسیۆنال لەو باوەڕەدا بوو کە تەنها سۆشیال دیموکراتەکانن بوونەتە ڕێگر لەبەردەم لەناوچوونی سیستەمی سەرمایەداریدا، ئەگەر ئەوانە نەمێنن ئەوە خۆرئاوای سەرمایەداری وەکو سێوێکی گەیو دەکەونە باوەشی کۆمۆنیزمەوە.

بەڵام ستالین خێرا هەستی بەوە کرد کە سەرمایەداری خۆی لەم نەهامەتییە قوتار دەکات. قەیرانی ئابوری بووە هۆکاری هەڵایسانی ژمارەیەک ئاشوبی سیاسی. لە ئەمەریکا "رۆزفلت"ی سەربە دیموکراتەکان لە ساڵی ١٩٣٣ هاتە سەر کار و پرۆگرامێکی ئابوری خستەڕوو بۆ زاڵ بوون بەسەر قەیرانی ئابوریدا. لە هەمان ساڵدا "ئەدۆلف هتلەر" بوو بە راوێژکاری ئەڵمانیا، دوای ئەوەی زیرەکانە لە بانگەشەی هەڵبژاردندا نەهامەتی و چەرمەسەری خەڵکی بێکاری قۆستەوە. دۆخەکە بۆ هتلەر لەبار بوو، چونکە کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیا (بە فەرمانی ستالین) بە هێندی ئەوەی شەڕی سۆشیال دیموکراتەکانیان دەکرد، خۆیان لە قەرەی شەڕی نازیەکان نەدەدا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆری روناکبیرو چەپەکانی خۆرئاوا بە گڕو تینەوە سەرسامی یەکێتی سۆڤێت بوون. یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستەکانی سۆڤێت لە نیوەی ماوەی یەکەم نەخشەی پێنج ساڵەی خۆیدا بوو. بێکاری بوونی نەبوو، هەموو کەسێک بەو پەڕی متمانەوە کاری بۆ بنیاتنانی یەکەم دەوڵەتی سۆشیالیست دەکرد. جیاوازییەکی یەکجار زۆریان لەگەڵ خۆرئاوای بێ هیوادا هەبوو.

بۆ زۆرکەس، لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە ئاسۆی دروست بوونی کۆمەڵگەی ئایندە بەدی دەکرا. ستالین لە ساڵی ١٩٢٩ دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو، دەیویست بە زووترین کات وڵات بەرەو پیشەسازی بەرێت. بەبێ ژێرخانێکی پیشەسازی مۆدێرن و بەهێز سەرکەوتن لەو جەنگە چاوەڕوان کراوە لەگەڵ سەرمایەداریدا ئاستەم دەبوو. سەرمایەی پێویستیش بۆ پیشەسازی دەبوو لە کشتوکاڵەوە چنگ بخرێ، هەر بۆیە ستالین لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٩ بەدواوە دەستی بە هەرەوەزی زۆرەملەی کشتوکاڵ کرد. ئەمەش واتای ئەوە بوو کە "کۆلاکەکان[٦]" (جوتیارە گەورە و مامناوەندە خاوەن زەوییەکان) وەک چینێک قڕ بکات و جووتیارەکانی دیکە ناچار بکات بچنە ناو "کۆلخۆزەکانەوە" (کێڵگە بەکۆمەڵەکان).

---

[٦] کولاک وشەیەکی روسیە، بەو توێژە لە جوتیاران دەگوترێت کە شەش هکتار زەوی (٢٤ دۆنم) و ژمارەیەک سەر ئاژەڵیان هەبووبێت. ئەمانە لەسەردەمی شۆڕشی بولشەویکدا بە دوژمنی گەل ناویان دەبرا. لینین ئەوانی بە خوێنمژ ناو دەبرد – وەرگێڕ–

لە ڕاستیدا کۆلاکەکان بە تەنها نە دەکەوتنە بەر شاڵاوەکان، بەڵکو بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ٣٪ - ٤٪ خێزانە جوتیارەکان کەوتنە بەر ئەو شاڵاوانە. تیرۆر و پاشاگەردانی لە گوندەکان بووە هۆی برسێتییەک کە لە ساڵانی ١٩٣٢-١٩٣٣ گەیشتە لوتکە. ئەم شاڵاوەی یەکەمی تیرۆر و برسێتی لانیکەم پێنج ملیۆن تا دە ملیۆن قوربانی لێکەوتەوە. بە شێوەیەکی سەرەکیش لە ئۆکرانیا و بێلاڕووس بە توندی پەیڕەو دەکرا. ئەم تیرۆرە لە ڕێگەی برسێتیەوە لەلایەن ستالینەوە بە بەرنامە کاری بۆ دەکرا، مەبەستی سەرەکیش بنبڕکردنی ناسیۆنالیزمی ئۆکراینی و ڕووسیای سپی بوو.

لە ڕۆژئاوا ڕای گشتی زۆر ئاگاداری ئەو ڕووداوانە نەبوو. هەروەها هیچ وەڵامێکی توندیش نەبیسترا. حکومەتی بەریتانیا کە ئاگاداری دۆخەکە بوو، بەڵام بێدەنگی هەڵبژارد بۆ ئەوەی پەیوەندییە ئابوورییە باشەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت نەخاتە مەترسییەوە، بەریتانیا نزیکەی ٤٠٪ی دانەوێڵەی لەو ساڵانەدا لە یەکێتی سۆڤیەت دەکڕی.

حکومەتی ئەمریکا بێدەنگ بوو، چونکە بە نیازی دامەزراندنی پەیوەندی دبلۆماسی بوو لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت. دواجار لە کۆمەڵەی گەلاندا ڕێگە نەدرا باسی ئەم جینۆسایدەی ئۆکراینی و بیلاروسی بکرێت چونکە زۆربەیان دەیانویست یەکێتی سۆڤیەت ببێتە ئەندامی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و بە گونجاویان نەدەزانی دانوستانەکان ئاڵۆزتر بکەن. سەردانکەرە دیارەکانی ڕۆژئاوا بۆ یەکێتی سۆڤیەت وەک "جۆرج بێرنارد شۆ" کە لە مانگی تەمموز و ئابی ١٩٣١دا سەردانی سۆڤێتیان کرد، خۆیان لە گێلی دەدا. لەبارەی برسێتیەکەوە پرسیارلە "بێرنارد شۆ" کرا، لە وەڵامدا وتی: من هەرگیز ئەوەندە باش نانم نەخواردووە وەک لەم گەشتەمدا خواردوومە. کاتێک یەکێتی سۆڤیەتی بەجێهێشت، لە کتێبی میوانانی هۆتێل مێترۆپۆلدا یاداشتی کردبوو: سبەی ئەم خاکە پڕئومێدە بەجێدەهێڵم و دەگەڕێمەوە بۆ ڕۆژئاوای نا ئومێدی.

ستالین بە تەواوی باوەڕی بە تێزی "دروستکردنی سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا" هێنا و بایەخێکی ئەوتۆی بە کردەوە شۆڕشگێڕییەکان لە دەرەوەی یەکێتی

سۆڤیەت نـەدەدا. هەروەها ستالین زەندەقی لەوە چوو بوو کە لە نێوان یەکێتیی سۆڤێت و زلهێزێکی سەرمایەداریی گەورە یان هاوپەیمانی گەلانی سەرمایەداری جەنگ هەڵایسێت.

ستالین هاوشێوەی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩١٧، ترسی ئەوەی هەبوو کە ڕژێمەکەی لە شەڕێکی هاوشێوەدا لەناو بچێت، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆری دوژمنی ناوخۆیی هەبوو، هەروەها قڕکردنی کولاکەکان و بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکانی ئۆکرانیا و بێلاڕوس بەشێکی هەرلەم سۆنگەیەوە تەماشا دەکرێت.

سیاسەتی دەرەوەی ستالین لە ماوەی ساڵانی ١٩٣٠–١٩٣٦ لەوەدا قەتیس کرابوو کە زۆر بە وریایی مامەڵەبکات و دوور کەوێتەوە لە هەموو جۆرە ململانێیەک. کاتێک ژاپۆنییەکان لە ساڵی ١٩٣١دا مەنشۆریایان داگیرکرد کە سەر بە چین بوو، وا دەردەکەوت کە شەڕی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و ژاپۆن نزیک بووبێتەوە. هەر بۆیە ستالین بەشوێن پەیوەندییەکی باشدا دەگەڕا لەگەڵ ئەمریکییەکان، بە گریمانەی ئەوەی کە ڕەنگە هاوپەیمانی داهاتووی بن بۆ ئەم شەڕە.

بە ڕەزامەندی ستالین، "ماو"ی سەرکردەی کۆمۆنیستی چینی لە ساڵی ١٩٣٦ لەگەڵ دوژمنە سەرسەختەکەی کە ژەنەڕاڵی ناسیۆنالیست "شانگ کای شیک" بوو، دژی دەستدرێژکارانی ژاپۆن بوونە هاوپەیمان. بەم کارە سەرکردایەتی سوپای ژاپۆنی دەهری کرد، کە ترسیان لەوە هەبوو چین بەم شێوەیە بکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمۆنیزم و هەژموونی سۆڤیەتەوە.

لە ٧ی تەممووزی ١٩٣٧ سوپای ژاپۆن هێرشی کردە سەر چین. شەڕی ژاپۆن و چینی دواتر بە باشی لەگەڵ بەرژەوەندی ستالیندا یەکانگیر دەبوو. سوپای ژاپۆن بەمجۆرە بەسترایەوەو نەیدەتوانی دەستبەجێ هێرش بکاتە سەر یەکێتی سۆڤیەت. ستالین پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ ئەمریکییەکان دروستکردبوو، کە دەیانویست ڕێگری لە ژاپۆن بکەن لە داگیرکردنی بازاڕی چین، هەروەها ستالین پشتگیری لە سوپای "شانگ" دەکرد.




هاوڕێ ستالین: سەرکردەی بێ هەڵە و بێ گەرد

ستالین درکی بە مەترسییەکانی هتلەر نەدەکرد پێش دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لە ساڵی ١٩٣٣. پێش ساڵی ١٩٣٣ کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیا لەلایەن ئینتەرناسیۆنالەوە فەرمانیان پێکرابوو کە بە شێوەیەکی سەرەکی شەڕ لەگەڵ سۆسیال دیموکراتەکان بکەن. ستالین لە ئەگەری هاوپەیمانی حکومەتێکی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی لەگەڵ فەرەنسی و ئینگلیزەکان لە دژی یەکێتی سۆڤیەت دەترسا.

هتلەر کە چیدیکە بە ڕێکەوتننامەی ڕاپالۆ (Rapallo) پابەند نەدەبوو، لە گەڵ پۆڵەندا ڕێکەوتنێکی دەستدرێژی نەکردنە سەر یەکتری مۆرکرد، بە نیازی ئەوەش بوو هاوپەیمانییەکی دووقوڵی لە دژی یەکێتیی سۆڤێت لەگەڵیدا پێکبهێنێت. ئینتەرناسیۆنال لە دوواهەمین کۆنگرەی خۆیدا لە نێوان٢٥ی تەموز بۆ ٢١ی ئابی ١٩٣٥ درەنگانە و دوای لەدەستچوونی

ساڵانێکی زۆر، ڕێنمایی ئینتەرناسیۆنال دەرچوو بۆ دژایەتیکردنی فاشیزم و نازیزم شان بە شانی سۆشیال دیموکراتەکان و بزوتنەوە جەماوەرییەکان. ئێستا تازە بە تازە ستالین بڕوای بەوە کردووە کە دەوڵەتە فاشیستەکان جەنگ لە دژی یەکێتیی سۆڤێت بەرپادەکەن. ستالین فەرەنسایەکی فاشیستی بە مەترسی دەزانی، هەروەها لە بەریتانیاش دەترسا کە ڕەنگ بوو شان بە شانی فەرەنسییەکان ببنە هاوپەیمانی هتلەر لە دژی کۆمۆنیستەکان. بۆ ڕێگا گرتن لەو ئەگەرانە لە ٢ی مایسی ١٩٣٥ ڕێکەتننامەی هاوکاری سۆڤێتی – فەرەنسی مۆرکرا. ئەم ڕێکەوتننامەیە کە چیکۆسلۆڤاکیاشی هاتە پاڵ بڕگەیەکی لەسەر هاوکاریکردنی یەکتری بوو لە کاتی ڕوودانی هەر دەستدرێژییەکی بە ئانقەست، هەرچەندە ڕێکەوتنەکە هیچ بڕگەیەکی سەربازی تێدا نەبوو، بۆیە دەکرێت تەنها وەک ڕێکەوتنێکی ڕەمزی تەماشا بکرێت.

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٣٣-١٩٣٦ دەوڵەتانی خۆرئاوا ئیتر وەک هاوبەشێکی سروشتی تەماشای یەکێتیی سۆڤێتیان دەکرد. سەرەتا ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٣٣ سۆڤێتی بە ڕەسمی ناسی، بەلجیکاش لە ساڵی ١٩٣٥ دانی بە یەکێتیی سۆڤێتدا نا. هۆڵەندا لە ژێر کاریگەری پادشای وڵات خانم ولیەمینا (Wilhelmina) کە نەیدەتوانی هەرگیز کوژرانی قەیسەر و ئەندامانی خێزانەکەی لەبیر بکات هەتا ساڵی ١٩٤٢ کە هیچ بژاردەیەکی لەبەردەمدا نەمابوو، ئامادە نەبوو ددان بە یەکێتیی سۆڤێتدا بنێت.

لە ساڵی ١٩٣٤ یەکێتیی سۆڤێت بەتەواوی بوو بە دەوڵەتێکی ڕێزدار، کاتێک لەسەر داوای فەرەنسا بوو بە ئەندامی تەواوەتی لە ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان. لە جیاتی دژایەتیکردنی کۆمۆنیزم، دەوڵەتانی ڕۆژئاوا سەرقاڵی بایەخدان بوون بە لێکەوتەکانی بێ بازاڕی و قەیرانی ئابوری و سیاسەتەکانی هتلەر.

## شەڕی ژاپۆن لە چین (١٩٣٧-١٩٤١):

لە ٧ی تەموزی ١٩٣٧دا ژاپۆن هێرشی کردە سەر چین. زۆر بە خێرایی هیزەکانی چین کەوتنە حاڵەتی بەرگرییەوە، لە کانونی یەکەمدا ناسیۆنالیستەکانی چین شاری "نانژین" ی پایتەختی خۆیان لە دەستدا. 'شانگ' لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە چارەسەرێکی نێودەوڵەتی بۆ دۆخەکە بدۆزێتەوە. گرەوێکی گەورەی لەسەر ئەوە دەکرد کە یەکێتیی سۆڤێت لەو ململانێیەدا بەشدار بێت. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە ئارەزووی فراوانخوازی ژاپۆن و دژایەتیکردنی بۆ کۆمۆنیزم درەنگ بێت یان زوو دەیخاتە بەردەم ڕووبەڕووبونەوەی یەکێتیی سۆڤێت.

ستالین لە نێوان دوو بژاردەی قورسدا بوو، لەلایەک دەیویست یارمەتی "کۆمینتانگ" بدات بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی چین پێکەوە بەرەیەکی دژ بە ژاپۆن دروست بکەن، چونکە تەنها "چین" ێکی بەهێز دەتوانێت لە بەردەم هێزەکانی ژاپۆن ڕابوەستێت و بەرامبەر بەمەش دەبوو چین ڕێککەوتنامەی دەستدرێژی نەکردنە سەر یەکتر لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت مۆر بکات. لە لایەکی دیکەشەوە ستالین دەیویست خۆی بە دوور بگرێت لە هەموو بەرکەوتنێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ژاپۆن. ئەگەری تێوەگلان لە جەنگێکی دوو بەرەییدا ئەگەرێکی بەهێز بوو. هاوکارییە داراییەکانی سۆڤێت نەبوونە هۆکاری ئەوەی کە 'شانگ' پانتاییەکی گەورەی چین لە دەست نەدات لەبەردەم هێزەکانی یاباندا، لە هەمان کاتیشدا یابان لە هەموو ئەو ناوچانەی داگیری کردبوون، سیستەمی بەڕێوەبردنی دروست کردبوو، بەمەش کۆمنینتانگ و پارتی کۆمۆنیست ڕووبەڕوی ئەرکێکی زۆر گران بوونەوە.

لە ئەیلولی ١٩٣٩ یەکێتیی سۆڤێت چینییەکانی تەواو بێ هیوا کرد. ستالین لەگەڵ هاوپەیمانی یابانیەکان 'هتلەر' نەک تەنها ڕێکەوتننامەی دەستدرێژی نەکردنە سەریەکتریان مۆرکرد، بەڵکو پۆڵەنداشیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد. ئەم ڕێککەوتنە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی لە بەرە یەکگرتووەکەی کۆمانتانگ و کۆمۆنیستەکان نەکرد، بەڵکو سۆڤێت لە پێناوی پرۆپاگەندەدا لەگەڵیاندا مایەوە.

شانگ هەستی بەوە کرد کە هیچ فرسەتێکی ئەوتۆ نەماوە بۆ ئەوەی ۆڤێت بێتە ناو جەنگەوە لە دژی ژاپۆن. ڕێکەوتنی نۆمۆنهان (Nomon-han) لە ١٦ی ئەیلول لە نێوان ژاپۆن و سۆڤێت ئەوەی بە باشی سەلماند. لە ساڵی ١٩٣٩ بەدواوە شانگ تاکتیکەکانی خۆی گۆڕی: داوای پشتیوانی و هاوکاری لە ئەمەریکا کرد. سەرەتای ساڵی ١٩٤١ ژاپۆن و یەکێتیی سۆڤێت ڕێکەوتننامەی "بێلایەنی"یان مۆرکرد، ئەمەش بە تەواوی بووە هۆکاری ئەوەی کە یەکێتیی سۆڤێت ئیتر هەرگیز نەتوانێت هاوکاریی چین بکات.

لە سۆنگەی خۆ پارێزییەوە، لە کۆتاییدا ستالین هتلەری هەڵبژارد (١٩٣٦-١٩٤١).

ساڵی ١٩٣٦ بایەخێکی گرنگی هەبوو لە سیاسەتی نێودەوڵەتی لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا. سەرباری ڕێکەوتننامەی ڤێرسای هتلەر لە ٧ی مارتی ١٩٣٦هەر دوو کەناری چەپ و ڕاستی ڕووباری "ڕاین"ی میلیتاریزە کرد. ئەمەش بووە ئەنجامی ئەوەی کە هێڵێکی بەرگری زۆر بەهێز دژی فەرەنسا بنیات بنێ، هەروەها لە ساڵی ١٩٣٥ سەربازگیری زۆرەملەی بەسەر لاواندا سەپاندەوە.

لە هەمان ساڵی ١٩٣٦ و لە ڕۆژی ١٧ی تەموزدا، شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا هەڵگیرسا، هەرچەندە زۆربەی دەوڵەتان لە ئەیلولدا بڕیاری دەستوەرنەدانیان دابوو، بەڵام ڕایگشتی ڕۆژئاواییەکانی دابەشکرد بەسەر دوو بەرەدا. تەنها پرتوگال و ڤاتیکان بە ئاشکرا پشتیوانی خۆیان بۆ ڕژێمی فاشیستی ژەنراڵ فرانسیسکۆ فرانکۆ (Francisco Franco)ی یاخی بوو دەربڕی.

ئەوانەی بڕیاری دەستوەرنەدانیان دابوو، لەوانەش هتلەر و مۆسولینی، هێزی تایبەت و پڕ چەکیان نارد بۆ یارمەتی ڕاستڕەوەکان. ئینتەرناسیۆنال پشتیوانی حکومەتی یاسایی بەرەی گەلی کرد، کە پێکهاتبوون لە کۆمارییەکان و سۆشیال و دیموکراتەکان. چەک و تانک و فڕۆکەیان بۆ ناردن، جگە لە هێزە خۆبەخشە نێودەوڵەتییەکان. دیارنەبوون و ئامادە نەبوونی سۆڤێت جێگەی سەرنج بوو. خۆبەخشەکان لە چەندین وڵاتی خۆرئاواوە دەهاتن و سەربە چەند ڕەوتێکی سیاسی جیاواز بوون، لەوانەش کۆمارییەکان و

سۆشیال دیموکراتەکان و کۆمۆنیستەکان و خەڵکانی دیکەی دژ بە ڕەوتی فاشیزم.

یەکێتیی سۆڤێت کە ئەویش بانگەشەی بێلایەنی و دەستوەرنەدانی دەکرد، فڕۆکەوان و تەکنیکار و ڕاوێژکاری جەنگی ڕەوانە کرد کە هەموویان پێکەوە نزیکەی دوو هەزار کەس دەبوون. جێگەی سەرنج بوو کە لیوای نێودەوڵەتی و هاوکارییەکانی یەکێتیی سۆڤێت ڕەوانە نەکران تا ئەو کاتەی ئیتالی و ئەڵمانەکان بە کردەوەیی "بە عەمەلی" بەشداری جەنگ بوون. کۆی گشتی خۆبەخشەکان لە ئیسپانیا نزیکەی ٤٠ هەزار کەس دەبوون، لە کاتێکدا ژمارەی سەربازانی ئەڵمانی و ئیتالی بە تەنها خۆیان دوو ئەوەندە بوون.

هەموو هاوکاریەکانی یەکێتیی سۆڤێت بۆ ئیسپانیا دەبوو نرخەکەی لە لایەن حکومەتی بەرەی گەلی ئیسپانی بە زێڕ بدرێت. ستالین حەزی نەدەکرد بەرەیەکی چەپ لە باشوری ئەوروپا هەبێت، بەڵام حەزیشی نەدەکرد ئیسپانیا بکەوێتە ژێر دەستی فاشیەکانەوە. ئینتەرناسیۆنال لەو ماوەیەدا کە بە تەواوی بانگەشەی دژ بە فاشیزم دەکرد، وەک ئەرکێکی ئەخلاقی پابەند بوو بە ناردنی هاوکارییەکانی.

ستالین حەزی لەوە نەدەکرد کە ئانارشیست و ترۆتسکییەکان لە ئیسپانیا دەسەڵات بە دەستەوە بگرن. لە ژێر فشاری سۆڤێتدا لە ئیسپانیا دادگاییکردنی زۆر دڕندانە لە دژی کۆمۆنیستە نا ستالینییەکان پەیڕەو کرا. بەمجۆرە لە جەنگێکی ناوخۆ لە ناو جەنگی ناوخۆدا دروست بوو، وێڕای ئەوەش هەموو ئەو هێزانەی سۆڤێت کە ڕەوانەی ئیسپانیا کرابوون، گومانی ئەوەیان لە سەر دروست ببوو کە دژە ستالینن، بۆیە لە گەڕانەوەیاندا بۆ سۆڤێت هەر هەموویان دەرکران. لە بەر ئەوەی ستالین ترسی زۆری لە هەڵگەڕانەوەی ئایدیۆلۆژی نێردراوەکان هەبوو، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٣٨ هەر هەموویانی بانگ کردەوە بۆ یەکێتیی سۆڤێت، خۆبەخشە نێودەوڵەتیەکانیش لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٨ کشانەوە. لە نیسانی ١٩٣٩ ژەنراڵ فرانکۆ سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

تەنها لە ساڵانی دواتردا ئاشکرا بوو کە ستالین دووفاقانە گەمەی کردووە. لەپڕێکدا بە سارد و سڕی هاتە ناو شەڕەکە لە دژی نازی و فاشییەکان، ئامانجی ئەوە بوو لە دژی ئەڵمانیا لەگەڵ فەرەنسا و بەریتانیا هاوپەیمانی بکات، لەو لاشەوە زۆر بە نهێنی لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٦دا خەریکی گرێدانی پەیوەندی بوو لەگەڵ هتلەر. بەڵام هتلەر بایەخێکی زۆری بەوە نەدا چونکە دەیوست یەکێتیی سۆڤێت ئەوە بەکار نەهێنێ وەک فشارێک بۆ ناچارکردنی فەرەنسا و بەریتانیا تا هاوپەیمانی لەگەڵدا بکەن لە دژی ئەو.

ستالین لە یەک کاتدا لە هتلەر دەترسا و سەرسامیش بوو پێی، ئەو ستالینی بە مامۆستای خۆی دەزانی هەرچەندە دوژمنێکی سەرسەختی کۆمۆنیزم بوو. هەردووکیان زۆر کارامە بوون لە گەمەکردن بە گەلانی خۆیان و تۆقاندنیان. هتلەر و ستالین هەردوکیان شانازییان بە هێزی رەهای خۆیان دەکرد و حەزیان دەکرد وەک خوداوەندی زیندوو بپەرسترێن.

هەرچەندە دەستوەردانی سۆڤێت لە جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا زۆر کەم و دیاریکراو بوو، کەچی لە رۆژئاوا رایگشتی لە ناو راستڕەوەکان و کەسانی ئایینی بەوجۆرە کەوتەوە کە کۆمۆنیستەکانی سۆڤێت دەیانەوێ لە رێگای ئیسپانیاوە شاڵاو بۆ هەموو ئەوروپا بەرن، هەر لەو سەروبەندەدا لە فەرەنسا حکومەتێکی نیشتمانی لە ساڵی ١٩٣٦ دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت.

جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا بە شێوازێکی زۆر دڕندانە پەیڕەو کرا. پروپاگەندەی راستڕەوەکان جەختی لەسەر تیرۆری کۆمۆنیستەکان دەکردەوە بە تایبەت لە دژی پیاوانی ئایینی. ئەمەش لە بەرژەوەندی حکومەتە فاشیستەکانی ئەڵمانیا و ئیتالیا و هەموو راستڕەوەکانی ئەوروپا کەوتەوە، کە دەیانتوانی رونتر ترسانکی و دڕندەیی سیستەمی کۆمۆنیستی بخەنە روو.

ساڵی ١٩٣٦ لە یەکێتیی سۆڤێت چەندین دادگای سەرپێیی و رواڵەتکار دانران، سەرکردە کۆمۆنیستە کۆنەکان بە تۆمەتی ساختە و درۆینە هەر هەموویان لە سێدارە دران، ژمارەی قوربانیەکانی ئەم دادگایانە نزیکەی نیو ملیۆن کەس دەبوون. ملیۆنان کەس دوورخرانە بۆ سەربازگای کاری زۆرەملێ و لانی کەم سێ ملیۆن کەسیان مردن. ئەم کردەوانە کاریگەری

زۆر نەرێنییان کردە سەر رایگشتی لە خۆرئاوا. کەسانێکی زۆر بەهۆی ئەمەوە بە تەواوی وازیان لە مارکسیزم هێنا، ئەمەش ستالینی خستە ناو دۆخێکی خراپەوە لەبەردەم ئەوانەی مارکسی نەبوون و لایەنگری یەکێتیی سۆڤێت بوون. لە کن بەشێکی زۆر لە لاوان ئەو هەستە پەیدا بوو کە بۆلشەویزم هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر شارستانیی خۆرئاوا، هەر بۆیە خەبات لە دژی بۆلشەویزم بۆ چەندین ڕێکخراوی لاوان بوو بە ئامانجی سەرەکی.

لە قۆناغی دوای ساڵی ١٩٣٦، هتلەر ناوەندی سیاسەتی نێودەوڵەتی بوو. سەرکردەکانی دیکەی جیهان کردەوەکانیان سنورداربوو لە چوارچێوەی هەوڵداندا بوو بۆ وەڵامدانەوەی هەنگاوەکانی هتلەر لەسەر تەختەی شەترەنجی نێودەوڵەتی. هتلەر چیدیکە پابەند نەدەبوو بە بەندەکانی ڤێرسایەوە، سوپایەکی بەهێزی دروستکرد و لە ساڵی ١٩٣٨دا نەمسای گرتەوە، ئامانجی دواتریشی ئەوە بوو کە (Suderten[7] لە چیکوسلۆڤاکیا بخاتەوە سەر ئەڵمانیا، بەڵام دەیزانی کە چیکوسلۆڤاکەکان بەرەنگاری دەبنەوە و بەهۆی ئەوەشەوە ڕەنگ بوو شەڕێکی سەرتاسەری ئەورووپا بگرێتەوە و هاوپەیمانەکان بێدەنگ نەبن، بۆیە بڕیاریدا ئەم گرفتە لە ڕێگەی دبلۆماسییەوە چارەسەر بکات.

لە ئەگەری دەستدرێژی ئەڵمانیا ئەگەری ئەوە هەبوو کە فەرەنسا بە ئەرکی خۆی هەستێت و بە هانای چیکوسلۆڤاکیاوە بچێت، ئەمەش ستالین ناچار بکات هێزەکانی خۆی لە دژی هتلەر بخاتە ئامادەباشییەوە. لە ٢٨ی ئەیلولی ١٩٣٨دا، هتلەر، مۆسۆلینی، (ئارسەر چەمبەرلین و ئیدوارد دالادی)[8] لە میونشن ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە ئەڵمانیا دەتوانێت سودێتنلاند بخاتە

[7] سودیت : ئەمانە ئەو ئەڵمانیانە بوون کە لە ناوچەی بوهیمیای چیکوسلۆڤاکیا دەژیان و ژمارەیان نزیکەی ٣ ملیۆن کەس دەبوو. دواتر لە دوای تەواو بوونی جەنگ بەشی هەرە زۆریان دەرکران بۆ ئەڵمانیا و نەمسا. — وەرگێڕ-.

[8] ئارسەر چەمبەرلین (Arthur Neville Chamberlain) ، سەرۆک وەزیرانی ئەوددەمی بەریتانیا بوو، ئیدوارد دالادی (Edouard Daladier) سەرۆک وەزیرانی ئەوددەمی فەرەنسا بوو. — وەرگێڕ-

ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. هەروەها لە ٣٠ی ئەیلولدا لە نێوان بەریتانیا و ئەڵمانیا و لە ٦ی کانوونی دووەمدا لە نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا پەیماننامەی دەستدرێژی نەکردن واژۆکرا.

ستالین کە بانگهێشتی میونشن نەکرابوو، هەستی کرد پەراوێزخراوە و ترسی ئەو ئەگەرەی هەبوو کە چوار وڵاتی گەورەی خۆرئاوایی لە دژی رژێمەکەی هاوپەیمانی ببەستن. لە ئازاری ساڵی ١٩٣٩ بەدواوە ستالین تێگەیشت کە شەڕی ئیسپانیا بەرەو کۆتایی دەچێت. لێرە بەدواوە ستالین هیوای بەوە نەما کە فەرەنسا یاخود بەریتانیا لە دژی ئەڵمانیا دەستوەردان بکەن. ستالین سیاسەتێکی دوو لایەنەی هەبوو: یەکەم ئەوە بوو کە چەندە بتوانێت شەڕ لە دژی ژاپۆن و ئەڵمانیا دووا بخات، دووەمیش ئەوە بوو کە بە زووترین کات هەموو دوژمن و نەیارە ناوخۆییەکانی خۆی لەناو بەرێت. لە ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٨دا پێشتر زۆربەی ئەفسەرە باڵاکانی لە پلەی کۆلۆنێلەوە کوشتبوو. ئەم کردەوە پارانۆیایە کە ٣٥ هەزار ئەفسەری باڵای تێدا کوژران، توانای جەنگاوەرانی سوپای سووری بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز کرد.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٩ بۆ هەموو کەسێک لەوانەش ستالین روون بوو کە هتلەر خۆی بۆ جەنگ لەگەڵ پۆڵەندا ئامادە دەکات، ئەگەر پۆڵەندا بکەوێت ئەوە هێزەکانی ئەڵمانیا دەگەنە سەر سنوری سۆڤێت، بەڵام داخۆ ئەوان لەسەر ئەو سنورە رادەوەستن؟

خەونەکانی هتلەر بۆ داگیرکردنی ئۆکرانیا و کردنی بە بەهەشتێک بۆ گەلی ئەڵمانیا ئاشکرا بوو. هتلەر ئامانجی ئەوە بوو هۆزە سلاڤیەکان و دواتریش گەلانی پۆڵەندا و ئۆکرانیا (کە رەگەزێکی نزم بوون لەچاو ئەڵمانەکان لە بۆچونی هتلەردا) ژێردەستی خۆی بخات. تەنها لە رێگای بەکارهێنانی زەوییە بە پیت و فەرەکانیان کە گەلێ کانزای بەنرخیشی تێدایە دەتوانێت ئیمپراتۆریای مەزنی ئەڵمانی بخاتە سەرپێ و سەربەخۆیی ئابوریی چنگ بخات.

لە ٣١ی ئازاری ١٩٣٩ فەرەنسا و بەریتانیا زۆر بە تەنگ سەربەخۆیی پۆڵەنداو گرەنتی کردنی سنورەکانیەوە نەبوون، ئەگەر هێرش بکرێتە سەر پۆڵەندا ئەوە بە ناچاری دەبوو هەردوو وڵات شەڕ لە دژی ئەڵمانیا ڕاگەیەنن. بەڵام ئایا ئەوانە ئەو شەڕە دەکەن؟ ستالین ئەوانەی لێکدەدایەوە، تەنانەت دەکرا گومان بکات لە دوای شکستی پۆڵەنداوە ڕێکەوتنێک لە نێوان وڵاتانی سەرمایەداریی وەکو فەرەنسا، بەریتانیا و ئەڵمانیا لەبەرچاو بگیرێت. ئەم هاوپەیمانییە لە هەموو ئەگەرەکاندا لە دژی یەکێتیی سۆڤێت دەبوو. سیاسەتی ستالین لە یەک ڕەهەندی بیرکردنەوە سەرچاوەی دەگرت ئەویش ئەوە بوو چۆن بتوانێت یەکێتیی سۆڤێت لەو جەنگە دوور بخاتەوە؟ دوو ئەگەری لەبەردەمدا بوو: یان ئەوەتا بەشداری هاوپەیمانیی نێوان پۆڵەندا و فەرەنساو بەریتانیا بێت و هتلەر لە شەڕێکی حەتمی لە دژی پۆڵەندا رابگرن و بەم شێوەیە ئاشوب لە یەکێتیی سۆڤێت دوور بخرێتەوە، یان ئەوەتا بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ هتلەر ڕێک بکەوێت و ددان بە داگیرکردنی پۆڵەندا بنێت.

بەهۆی تیرۆری ستالینەوە "دالادی" و "چامبەرلاین" وەک دژە کۆمۆنیستێکی توندڕەو ڕاوەستان و ئامادە نەبوون دانوستانی جدی لەگەڵ سۆڤێت بکەن. جگە لەوەش ئامادە نەبوون خۆیان ڕادەستی خواستەکانی ستالین بکەن و ببینن کە چۆن سەربازانی سۆڤێت لە فینلاند و دەوڵەتانی بالتیک و پۆڵەندا و ڕۆمانیا لە کاتی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکاندا لە دژی ئەڵمانیا بە ئارەزووی خۆیان تەراتێن بکەن و هەموو ئەوروپای ڕۆژهەڵات بە دەستی خۆیان بخەنە ژێر هەژمونی یەکێتیی سۆڤێتەوە.

نەبوونی ئارەزووی دانوستان لەگەڵ سۆڤێت ئەو کاتە ڕونتر بۆوە کە هەر یەکە لە "دالادیێ و چامبەرلاین" لە ماوەی قەیرانی ١٩٣٩دا بە پاپۆڕێکی خاو لە دەریاوە سەفەریان کرد بۆ مۆسکۆ، سۆڤێتییەکان زانیان کە فەرەنسی و ئینگلیزەکان لە ئەگەری هێرشی ئەڵمانەکان بۆ سەر پۆڵەندا ئەرکە سەربازییەکانی خۆیان جێبەجێ ناکەن.

ئینگلیزەکان سوپای وشکانییان نەبوو و فەرەنسییەکانیش مەوداکەیان بە دوور دەزانی، لە ئەگەری بوونی هاوپەیمانییەکی فەرەنسی، بەریتانی، پۆڵۆنی،

سۆڤیێتی، ئەوە سۆڤیێت بە ناچاری دەکەوتە جەنگەوە لەگەڵ هتلەر، ئەمەش ئەوە بوو کە ستالین دەیویست خۆی لێ بەدوور بگرێت، بەڵام وەزیری دەرەوەی پۆڵەندا کۆلۆنێل جۆزیف بیک (Josef Beck) هەوڵیدا ئاستەنگ دروست بکات بۆ ئەو کارە چونکە دەترسا لەوەی ئەگەر سوپای سور بچێتە پۆڵەنداوە لانی کەم بەشە ئۆکرانیەکەی پۆڵەندا و بەشە پۆڵەندییەکەی روسیای سپی دەخستە ژێر رکێفی خۆیەوە.

ستالین کێشەی دیکەی هەبوو کە ناچاری دەکرد بەشوێن نزیکبوونەوە لە هتلەردا بگەڕێت. لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٣٩، سەربازانی ژاپۆن هێرشیان کردە سەر کۆماری گەلی مەنگۆلیا. ژەنەڕاڵ جۆرجی ژوکۆڤ لە ئەیلوولی ١٩٣٩دا پاشەکشەی پێکردن، بەڵام لە هەر ساتێکدا ئەگەری ئەوە هەبوو جەنگی تەواوەتی لەگەڵ ژاپۆن هەڵگیرسێت. بە دڵنیاییەوە شەڕێک لە دوو بەرەوە دەبێتە هۆی ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و کۆتایی هاتنی سەردەمی ستالین.

ستالین کە چاوەڕوانییەکی کەمی لە ئینگلیزەکان دەکرد، بڕیاریدا بە شێوەیەکی کاتی بەرە و لای بەرەکەی تر بڕوات. ئەم جوڵە دبلۆماسییانە ساڵانێک پێشتر لە ڕێگەی پەیوەندییە نهێنییەکانەوە ئامادەسازی بۆ کرابوو. بۆیە لە ٣ی ئایاری ١٩٣٩دا ستالین وەزیری دەرەوەی خۆی "ماکسیم لتڤینۆڤ"، کە جوولەکەیەکی دژە نازی و لایەنگری هاوکاریکردن بوو لەگەڵ دیموکراسیەکانی ڕۆژئاوا گۆڕی و لە شوێنی ئەو "ڤیشاسلاڤ مۆلۆتۆڤ"ی متمانەپێکراوەی خۆی دانا.

دوای ماوەیەکی کورت لە دانوستان، مۆلۆتۆڤ و هاوپیشە ئەڵمانییەکەی "یواخیم ڤۆن ریبەنترۆپ" (Joachim von Ribbentrop) ڕێکەوتنێکی گونجاویان لە بەرژەوەیندی یەکێتیی سۆڤیێت مۆرکرد. بە ئامادە بوونی خودی ستالین لە ٢٣ی ئابی ١٩٣٩ ڕێکەوتنی دەستدرێژی نەکردنە سەریەکتریان مۆر کرد. ئەم ڕێکەوتنە دەیباجیەکی نهێنی لەگەڵدا بوو کە زۆر لە بەرژەوەندی یەکێتیی سۆڤیێت بوو. لەدوای شکستی پۆڵەندا ڕێگا بە یەکێتیی سۆڤیێت درا کە هەندێک لە بەشەکانی روسیای سپی و ئۆکرانیا لە پۆڵەندا بخاتە ژێر

دەستی خۆی. هەروەها بە نهێنی ئەڵمانیا و سۆڤیێت ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە یەکێتیی سۆڤیێت دەوڵەتانی بەلتیق وەکو ئیستوانیا و لاتیڤیا و لیتوانیا و هەروەها فینلەندا و بیسارابیا داگیر بکات. هەموو ئەو شوێنانە کاتی خۆی لە ڕێکەوتنی بریست لیتۆفیسک لە ساڵی ١٩١٨ لە ژێر دەستی بۆلشەویەکاندا نەمابوون.

لە لایەکی دیکەوە ستالین بە گوێرەی ڕێکەوتنی بازرگانی کە ١٩ی ئابی ١٩٣٩ پێش ڕێکەوتنی "دەستدرێژی نەکردنە سەریەکتر" مۆری کردبوو لە ماوەی دوو ساڵدا دەبوو بە بەهای ١٨٠ ملیۆن مارک هەموو کەلوپەلێکی ستراتیژی و مەوادی خۆراکی بە ئەڵمانیا بدات. بەمجۆرە ئەڵمانیا ٢.٢ ملیۆن تۆن دانەوێڵە و یەک ملیۆن تۆن ڕۆن و چەندین مەوادی خۆراکی گرنگی بەدەستهێنا و یەکێتیی سۆڤیێتیش ٢٠٠ ملیۆن مارکی وەک قەرز وەرگرت لە ئەڵمانیا کە هەموو ئەو پارەیەی لە کڕینی چەک و ئامێری نوێی ئەڵمانی سەرف کرد. ٧٧٨ ئەندازیاری سۆڤیێتی ڕۆشتن بۆ ئەڵمانیا بۆ تاقیکردنەوەی نوێترین ئامێر و چەکی ستراتیژی، سەرەنجام نوێترین تانکەکانی ئەڵمانیایان لەگەڵ خۆیاندا بردەوە و ٣٠ نمونەی سەرەتایش لە نوێترین فرۆکە و بۆمب و چەک و چۆڵ وێرای هەموو پێداویستییە یەدەگیەکان.

هتلەریش لەو باوەڕەدا بوو ڕێکەوتنەکە قازانجی خۆی تیایە، پێش هەموو شتێک یەکێتیی سۆڤیێت هەموو ئەو کەلوپەلە خام و خۆراکیانە بۆ ئەڵمانیا دابین دەکات، کە بەهۆی ئابلوقەی بازرگانی بەریتانیاوە بە زەحمەت چنگ ئەڵمانیا دەکەوتن. وێرای ئەوەش ئێستا ئەو دڵنیا بووە لەوەی کە لە دوو بەرەوە جەنگ ناکات. فەرەنسی و بەریتانیەکان هەرگیز بەبێ یەکێتی سۆڤیێت ناجەنگن، ئەگەر نا، هتلەر "بەمجۆرە بیری دەکردەوە" ئەوا کەمێک شەڕە قسە و پرتە و بۆڵە زیاتر هیچیان لەدەست نایەت.

پەیمانی دەست درێژی نەکردنە سەریەکتر لە نێوان ئەڵمانیا و سۆڤیێت، هەموو دنیای حەپەساند. لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە هتلەر و ستالین دژبەر بوون. پێشتر لە ٢٥ی نۆڤێمبەری ١٩٣٦ هتلەر ڕێکەوتنی دژ بە کۆمۆنیست ئینتەرناسیۆنال لەگەڵ یابان مۆرکردبوو، دواتریش لە ساڵی ١٩٣٧ ئیتالیاش

رۆشتە ناو ڕێکەوتنەکەوە. بەهەرحاڵ ڕێکەوتنەکەی ستالین و هتلەر بە روونی ئەوەی دەرخست کە ستالین لەپێناوی پاراستنی ڕژێمەکەیدا کۆ لە هیچ ناکاتەوە.



٢٣ی ئابی ١٩٣٩مۆلۆتۆڤ ڕێکەوتن لەگەڵ سۆڤێت واژۆ دەکات

لە رۆژی ١ی ئەیلولی ١٩٣٩ ئەڵمانیا هێرشی کردە سەر پۆڵەندا. پۆڵەندیەکان زۆر شەرافەتمەندانە بەرگریان کرد، بەڵام نەیانتوانی لە بەردەم چەکی مۆدێرنی ئەڵمانیا خۆیان رابگرن. هاوپەیمانەکانی پۆڵەندا "فەرەنسا و بەریتانیا" هیچیان نەکرد، هەرچەندە لە ٣ی ئەیلولدا جەنگیان لە دژی ئەڵمانیا راگەیاند، بەڵام هێزەکانیان لە شوێنی خۆیاندا نەجوڵاند و تەنها قسە بوو. کاتێک سوپای پۆڵەندا دۆڕا، سوپای سور لە رۆژی ١٧ی ئەیلولدا چوونە ناو پۆڵەندا و دەستیان گرت بەسەر رۆژهەڵاتی پۆڵەندا و هەموو ئەو شوێنانەی کە بە گوێرەی پەیمانی ئاشتی ریگا (Riga) ساڵی ١٩٢١ لە دەستیان دابوو، گرتیانەوە و دەستیان گرت بەسەربەشێک لە لیتوانیا و روسیای سپی و ئۆکرانیا.

سۆڤێت دەستبەجێ پرۆسەیەکی تیرۆر و تۆقاندنی پەیڕەو کرد. نزیکەی ١.٢٥٠.٠٠٠ کەس راگوێزران کە ٧٠٠ هەزاریان پۆڵەندی بوون. وێرای ئەوەش گیستاپۆ (Gestapo[9]



بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە هێزەکانی سۆڤێت و ئەڵمانیا لە پۆڵەندا یەکیانگرتەوە

و هاوپیشە روسەکانیان لە ئێن کا ڤەی دێ (NKVD[10]) پێکەوە برایانە کاریان دەکرد بۆ لەناو بردنی دەستەبژێری کۆمەڵگەی پۆڵەندی. هتلەر و ستالین کۆک بوون لەسەر تەفروتونا کردنی پۆڵەندا.

لە دوای هەرەسی پۆڵەندا، بەندێکی نوێ خرایە سەر رێکەوتنەکەی ئەڵمانیا و سۆڤێت کە تا رادەیەکی زۆر یەکێتیی سۆڤێتی کردە پاشکۆی ئەڵمانیا،

٩ پۆلیسی نهێنی ئەڵمانیای نازی گیستاپۆ کورتکراوەی (Geheime Staats polizei) – وەرگێڕ–

١٠ کورتکراوەی (دەسەڵاتدارێتیی کاروباری نیوخۆیی گەل)ە، پۆلیسی نهێنی یەکێتیی سۆڤێت بوو، لە سەردەمی ستالیندا وەک دەزگایەکی تۆقێنەر بەرپرس بوو لە هەموو کردەوەکانی تیرۆر لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات. ساڵی ١٩٣٤ دامەزراو ساڵی ١٩٥٤ هەڵوەشێنرایەوە.

ستالین بە گوێرەی ئەو بەندە ناچار بوو کە ڕێگا بە ئەڵمانەکان بدات کە بنکەیەکی پتەوی سەربازی لە نیمچە دوورگەی "کولا" بۆ ژێر دەریاییەکانیان دروست بکەن. ئینجا لەملاشەوە ئینتەرناسیۆنال لە هەموو شوێنێکەوە پرۆپاگەندەی بۆ ئاشتی و هاوکاریکردن لەگەڵ هتلەر دەکرد. ئەمەش بە تایبەت لەو وڵاتانەدا دەکرا کە لە حاڵەتی جەنگدا بوون لەگەڵ هتلەر. لە فەرەنسا و بەریتانیا سەرکردایەتی سوپا لە هاوپەیمانیی نێوان ئەڵمان و ڕوسەکان دەترسان، پلانیان بۆ ئەنجامدانی کردەوەی دژ بە یەکێتی سۆڤێت دادەنا. لە ماوەی نێوان مارت و مایسی ١٩٤٠ بەریتانیەکان بە جدی بیریان لە بۆردومان کردنی کێڵگەکانی نەوت و پاڵاوگەکانی باکۆ و بانتۆم دەکردەوە.




چوارەم دابەشکردنی پۆڵەندا

ئەم نەخشەیە دەرەنجامی جەنگی نێوان سۆڤێت و فینلەندا بوو کە لە ٣٠ ت ٢ی ١٩٣٩ هەڵئایسا. ستالین کە ئیتر هتلەر دەستی ئاوەڵا کردبوو، لەوە نیگەران بوو کە سنورەکانی فینلەندا تەنها ٣٠ کیلۆمەتر لە لینینگرادەوە دوور بوو، بە ئاسانی دەکرا لە لایەن فینلەندیەکانەوە بۆمباران بکرێت. پێشنیازی ئاڵوگۆڕی زەویی کرد لەگەڵ فینلەندیەکان، بەڵام ئەوان قایل نەبوون. شەڕەکە

چەند مانگێکی خایاند. کاتێک لە ١٢ی مارتی ١٩٤٠ ئاگر بەستیان ڕاگەیاند ٢٥ هەزار سەربازی فینلەندی و ٢٠٠ هەزاری ڕوسی کوژرابوون. ئەم ژمارانەش بە ئاشکرا خراپی ڕێکخستن و ستراتیژی سوپای سور دەردەخەن.

دەستدرێژیکردنە سەر فنلەندا لە لایەن سۆڤێتەوە نارەزایی توندی لێکەوتووە. لە شوباتی ١٩٤٠دا هەر یەکە لە دالادێ و چامبەرلاین بڕیاریاندا تا ناوەڕاستی مانگی نیسان سێ بۆ چوار فیرقەی سەربازی لە ڕێگای نەرویج و سویدەوە رەوانەی فنلەندا بکەن، بەڵام سوید لەبەر ئەوەی بێلایەن بوو لە جەنگدا ڕێگای پەڕینەوەی سوپاکەی نەدا، فنلەنداش خۆی هەتا ئەو کاتە داوای پێشکەش بە سوید نەکرد چونکە لە ژێرەوە بە نهێنی وتووێژەکانی ئاشتی لەگەڵ مۆسکۆ دەستپێکردبوو. ئەگەر شەڕەکە زیاتری بخایەندایە ئەوە ڕەنگە سەربازانی فەرەنسی و بەریتانی لە فینلاند شەڕی سوپای سووریان بکردایە. لەگەڵ هەموو ئەو لێکەوتە چاوەڕوان نەکراوانەی کە کاری خراپ دەکاتە سەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، یەکێتیی سۆڤێت لە ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٣٩ لە کۆمەڵەی گەلان دەرکرا، ئەمەش وایکرد زیاتر لەگەڵ ئەڵمانەکان هاوکاری بکات.

کاتێک هتلەر لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٤٠ هێرشی کردە سەر بەریتانیا و فەرەنسا، ستالین ساتێکی مەزنی دەبینی: سەرمایەدارەکان یەکتریان شڕودڕ دەکرد لە کاتێکدا یەکێتی سۆڤیەت لە دوورەوە بێ زیان تەماشای دەکرد. ئەو ڕاستییەی کە سەرەکیترین دوژمنی سۆشیالیزم، بەریتانیا زۆر بە خراپی تێوەگلابوو ستالینی دڵخۆش کردبوو، بەڵام سەری سوڕما بوو لە کەوتنی خێرای فەرەنسا. هیوای دەخواست کە شەڕەکە وەک چۆن لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ڕویدا، بۆ ساڵانێکی درێژ بەردەوام بێت. شەڕێکی درێژ خایەن دەبێتە هۆی لاوازکردنی ئەڵمانیا بە خراپی، ئەمەش وادەکات نەتوانێت بیر لە هێرشکردنە سەر یەکێتیی سۆڤێت بکاتەوە. ئەو ماوەیە هاوکار دەبێت بۆ ئەوەی ستالین بتوانێت سوپاکەی بەهێز بکات. ئەم ڕەوشە ڕێگر نەبوو لەوەی کە ستالین پیرۆزبایی گەرم بۆ هاوپەیمانە بەوەفاکەی خۆی ‹هتلەر› بنێرێت، لە سەرگەرمی و ئاهەنگی جەژنەکاندا ستالین بەشدارییەکی دیکەشی

دەکرد: تانکەکانی ئەڵمانیا لە فەرەنسا بە دیزلی یەکێتیی سۆڤێت کاریان دەکرد.

لە دژی لکاندنی سێ دەوڵەتی بەلتیقی بە یەکێتیی سۆڤێتەوە (لیتوانیا، ستوانیا، لاتیڤیا) لە حوزەیران و تەموزی ۱۹٤۰دا نارەزاییەکی زۆر توند نیشان نەدرا. بایەخی سەرەکی و گرنگ بۆ سەر بەرەکانی خۆرئاوا بوون، هەروەک چۆن راپێچکردنی ۱۳۰ هەزار کەسی بەلتیق بۆ زیندان و کاری زۆرە ملێ، سەرنجی کەسی رانەکێشا. هەروەها لکاندنی بیسارابیا و باکوری بوکۆڤینا لە ۲۸ی مایسی ۱۹٤۰ لەسەر حسابی رۆمانیا مشتومڕی زۆری لێنەکەوتەوە. کۆماری نوێی مۆڵداڤیای سۆڤێتی دامەزرا بۆ ئەو بەشەی کە بە رۆمانی قسە دەکەن و ئۆکرانیەکانیش خرانە سەر ئۆکرانیا.

لە ت۲ی ۱۹٤۰ لە بەرلین گفتۆگۆی نێوان مۆلۆتۆڤ و هتلەر لەسەر فینلەندا گرژی تێکەوت. هتلەر خوازیاری پاراستنی فینلەندیەکان بوو، لە کاتێکدا ستالین خوازیاری لکاندنی بوو بە یەکێتیی سۆڤێتەوە. هەروەها مۆلۆتۆڤ پێشنیازی ئەوەی کرد کە یەکێتیی سۆڤێت باشوری بوکۆڤینای سەر بە رۆمانیا بلکێنێت بە خۆیەوە، ئەمەش بۆ هتلەر پەسەند نەبوو، چونکە سۆڤێت زیاتر لەو سەرچاوە پترۆلیانە نزیک دەبۆوە کە هتلەر چاوی تێبڕیبوون. هەروەها هتلەر حەزی نەدەکرد بولگاریا و بە پلەیەکی کەمتریش تورکیا بکەونە بازنەی هەژموونی سۆڤێتەوە. ناکۆکیەکان زیاتر لەسەر بولگاریا بوو، هەریەکە لە ستالین و هتلەر چاویان لەسەری بوو، هەروەک هەموو قەیسرەکانی پێش خۆی ستالین خوازیاری ئەوە بوو ناوچەکانی خۆرهەڵاتی بەلقان بەهۆکاری ئاسایشی نەتەوەیی لە چوارچێوەی هەژمونی خۆیدا بێت، ئەو دەیویست دەسەڵاتی خۆی هەتا دەریای رەش درێژ بکاتەوە.

سەربـاری هـەمـوو ئـەمـانـەش لـە میانەی گفتوگۆکاندا دابەشکردنی ئیمپراتۆریای بەریتانی لە نێوان یەکێتیی سۆڤێت و ئەڵمانیا و ئیتالیا و یابان، خەیاڵ پلاوێک بوو کە هیچیان لەسەر رێک نەدەکەوتن، لەوەش زیاتر لە گەرمەی گفتوگۆکانیاندا هەموویان ناچار بوون بگەڕێنەوە بۆ ناو ژێرزەمینەکانی وەزارەتی دەرەوە، چونکە لەو کاتەدا تۆپهاوێژەکانی بەریتانیا

بەرلینیان تۆپباران کرد. هتلەر ماڵئاوایی لە مۆلۆتۆڤ کرد و بانگهێشتی ستالینی کرد بۆ سەردانکردنی.



بەرلین تشرینی دووەمی ١٩٤٠: مۆلۆتۆڤ و هتلەر

هتلەر زۆر نیگەرانی فراوانخوازییەکانی سۆڤێت بوو. چیدیکە چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد تا بەریتانیا هەرەس بێنیت یاخود داوای ئاشتی بکات. لە رۆژی ١٨ی کانونی یەکەمی ١٩٤٠ فەرمانی دەکرد نەخشەی هێرشکردنە سەر یەکێتیی سۆڤێت ئامادە بکرێت، نەخشەکە دانرا بۆ بەهاری ١٩٤١ کە لە ماوەی پێنج مانگدا چۆک بە یەکێتیی سۆڤێت دابدەن. ستالین کە لە چەندین لاوە هۆشداری پێدرابوو، تەواوی هەوڵی خۆی خستبووە گەڕ تا ڕادەی مل کەچ بوون تەنها لە پێناوی ئەوەی پارێزگاری لە نیەت پاکی هتلەر بکات و دڵی رابگرێت. تا چەند رۆژێکیش بەر لە هێرشی ئەڵمانیا بە تەمای ئەوە بوو مۆلۆتۆڤ رەوانەی لای هتلەر بکات و دانوستانی زیاتری لەگەڵدا بکات. ستالین باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە لە ئەگەری بەرپا بوونی جەنگدا ئەڵمانەکان سوپای سور تێکدەشکێنن و رژێمەکەی دەڕوخێت.

## بەشی دووەم
## هاوپەیمانیی سێ زلهێزەکە (١٩٤١-١٩٤٥):

### ئاشتییەکی ناوازە بوونی نیە:

سوپای ئەڵمانیا کە لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٤١دا هێرشی کردە سەر یەکێتی سۆڤیەت، بە خێرایی وەک ئەوەی چەقۆیەک بکەیت بەناو کەرەدا لەتی کرد. چوار ملیۆن سەربازی سۆڤێتی بەبێ هیچ هێڵێکی بەرگری لەسەر سنوری پۆڵەندا بوون، ئەوان بۆ هێرشکردن ئامادە کرابوون. کەلوپەلی جەنگیی زۆر خراپیان لەبەردەستدا بوو، فەرماندەی زۆر بێ ئەزموونیان هەبوو[١١]. ستالین هەموو شتێکی دەکرد بۆ قایلکردنی هتلەر و چاوەڕوانی هێرشی سوپای ئەڵمانیای نەدەکرد. ئەو لەو باوەڕەدا بوو هتلەر بە کۆکردنەوەی هێز بە نیازی ئەوە بووە فشار بخاتە سەر یەکێتی سۆڤێت تا بتوانێت بە ڕێکەوتنێکی باشترەوە لەگەڵیاندا بێتە دەرەوە. ستالین وەک ریالیستێک نەیدەتوانی لەوە تێبگات کە هتلەر بێباکە لەوەی لە بەرەیەکی تریشەوە جەنگ بەرپا بکات. "چەرچڵ"یش کە ریالیستێکی دیکە بوو بەهەمان شێوە بیری دەکردەوە. لە ڕۆژانی سەرەتای هێرشەکەی ئەڵمانیا، سەربازانی سۆڤێت فەرمانی دژ بەیەک یاخود فەرمانێکی قورس و ئاستەمیان بۆ دەهات. بۆ نمونە لە ڕۆژی دووەمدا کاتێک هێڵەکانی بەرگری پێشەوە تێکشابوون و سوپای سۆڤێت هەڵدەهات، لە لایەن مۆسکۆوە فەرمانیان پێدەکرا کە پێشڕەوی بۆ ناو خاکی ئەڵمانیا بکەن. زیانەکانی سوپای سۆڤێت زۆر گەورە بوون. لە هەفتەکانی سەرەتادا ٨٥٪ی پێداویستییەکانی تەقەمەنی لەدەست چوون و ئەڵمانەکان ٣.٦ ملیۆن سەربازی سۆڤێتیان بەدیل گرت.

جیهانی ستالین هەرەسی هێنا. دوای کەوتنی مینسک لە ٢٨ی حوزەیرانەوە تا ١ی تەموز بەبێ ئەوەی هیچ بکات و هیچ فەرمانێک دەربکات، دەستەوەستان

[١١] بە گوێرەی هەندێ سەرچاوە ستالین بە ئانقەست ئەو کارەی کردووە بۆ ئەوەی لەیەکەم ڕووبەڕووبوونەوەدا هتلەر بە هەڵە بەرێت و وا پیشانی بدات کە هێزەکانی یەکێتی سۆڤێت بێ ئەزمون و بێ سەروبەرەن، بەمەش هەڵسەنگاندنی هتلەر بۆ سۆڤیەت بە هەڵەیەکی کوشندەدا بەرێت. وەرگێڕ

لە یەکێک لە گوندەکان لە هەوارگەیەکی تایبەتیی خۆیدا بێدەنگ مایەوە. تەنها لە ڕۆژی ٣ی تەموزدا لە ڕێگای رادیـۆوە وتارێکی بۆ هاولاتیانی خۆی خوێندەوە، بانگەوازی بۆ کردن کە (لە جەنگی گەورەی وڵاتی باوک) بەشداربن. سەرکەوتنی روسیا بەسەر ناپلیۆندا ئیلهام بەخش بوو بۆی. ئەوەی لە بنەڕەتا لیی دەترسا هێشتا رووی نەدابوو. رژێمەکەی نەروخاوە و بەریتانیا ئاشتی لەگەڵ ئەڵمانیا نەکردووە بۆ ئەوەی پێکەوە لە دژی سۆڤێت بن، بەڵکو لە رۆژی ٢٢ حوزەیراندا چەرچڵ لە لیدوانێکدا بۆ (BBC) گوتی: ئێمە پابەندین بە لەناو بردنی هتلەر و سڕینەوەی هەموو شوێنەوارێکی رژێمی نازی، بۆیە بەهەموو شێوەیەک ئەوەندەی لە تواناماندا بێت هەموو جۆرە هاوکارییەکی روسیا و گەلی روسیا دەکەین.

لە ١٢ی تەموزی ساڵی ١٩٤١ یەکێتی سۆڤیەت و بەریتانیا لە مۆسکۆ ڕێککەوتنێکی هاوکارییان واژۆ کرد. رێکەوتنەکە بڕگەیەکی تێدا بوو کە بۆ ستالین زۆر گرنگ بوو ئەویش ئەوە بوو کە "هەردوو وڵات بەڵێنیان داوە کە جیا بە جیا بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەڵمانیا ئاشتی ساز نەکەن"، بەڵام ئەمەش دادی ستالینی نەدا، بە وتەی جێگری راوێژکاری ئەڵمانیا "ژوکۆڤ" ئەو لە سەرەتای مانگی ت١دا هەوڵیدا پەیوەندی بە ئەڵمانیاوە بکات بۆ دانوستان لەسەر مۆرکردنی پەیمانێکی تازەی بریست لیتۆڤسک، بەڵام هتلەر لەو باوەڕەدا بوو بە ئاسانی دەتوانێت ستالین بە چۆکدا بێنێت بۆیە ئامادە نەبوو هیچ سازشێک بکات.

هەروەها ڕۆزڤێڵت بڕیاریدا هاوکاری پێشکەش بە یەکێتی سۆڤیەت بکات. ئەو باوەڕی وابوو کە هتلەر و نازیزم لە ستالین و کۆمۆنیزم مەترسیدارترن بۆ ئەمریکا. هتلەر جیهانی دابەش دەکرد بەسەر ناوچەی هەژموونی سیاسی و ئابووری، ئەمەش بە تایبەتی زیان بە ئابووری ئەمریکا دەگەیەنێت کە دەبوو بتوانێت بە ئازادی لە سەرانسەری جیهاندا کار بکات. لە ت٢ی ساڵی ١٩٤١، (پێش ئەوەی ئەمریکا لەگەڵ ئەڵمانیا بکەوێتە شـەڕەوە)، ڕۆزڤێڵت دوای مانۆڕێکی ورد بۆ ئەوەی بیروڕای گشتی ئەمریکا توڕە نەکات، یاسای قەرز و بەکرێدانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت درێژکردەوە. ئەمەش بەو مانایە بوو

کە یەکێتی سۆڤیەت کەرەستەی جەنگی وەردەگرێت کە دەبوو لە دوای جەنگ پارەکەی بداتەوە.

تەوژمێکی یەکجار زۆری شمەک و کاڵا لە بەریتانیا و ئەمریکاوە رەوانە کران. ئەمریکییەکان بۆ نمونە ١٨٧٠٠ فڕۆکە و ١٠٨٠٠ ئۆتۆمبێلی زرێپۆش و ٩٦٠٠ تۆپهاوێژو ٤٠٤٤٠٠ ئۆتۆمبێل (بە شێوەیەکی سەرەکی بارهەڵگربوون) و بڕێکی زۆر خۆراکیان بۆ یەکێتی سۆڤیەت دابین کرد. ئەمریکا بە گشتی ١٧ ملیۆن تۆن کاڵای بە بەهای ١٢ ملیار دۆلار بۆ یەکێتی سۆڤیەت نارد. ئەمەش یەکسان بوو بە سێ هێندەی بەهای هەموو هەناردەکراوەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٤٠. کۆی هاوکارییەکانی بەریتانیا و ئەمریکا ١٢٪ی ئەو کەرەستانەیان پێکهێناوە کە لە یەکێتی سۆڤیەتدا بەرهەم دەهێنران و لە شەڕی دژی ئەڵمانیادا بەکارهێنراون. شایانی باسە لە کاتی جەنگدا سۆڤیەت توانیویەتی ٤٨٩ هەزار تۆپهاوێژ و ١٣٦ هەزار فڕۆکە و ١٠٢ هەزار و ٥٠٠ تانک بەرهەم بهێنێت.



فرانکلین رۆزەڤێلت و ونستۆن چەرچڵ

وا دەردەکەوت کاروبارەکان لە نێوان سێ هاوپەیمانەکەدا زۆر بە باشی بەڕێوە دەچوون، بە تایبەت لە دوای کانونی یەکەمی ١٩٤١ کاتێک ئەمەریکا لەگەڵ ئەڵمانیا و ژاپۆن کەوتە ناو جەنگەوە. (یەکێتیی سۆڤیێت تا کۆتایی جەنگ لە گەڵ ژاپۆن بێلایەن مایەوە، هەردوو وڵات لە ١٣ی نیسانی ١٩٤١ پەیمانی بێلایەنییان لەگەڵ یەکتر مۆرکردبوو). هەروەها یەکێتی سۆڤیەت پشتگیری لە بەیاننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد لە ڕۆژی یەکی کانونی دووەمی ١٩٤٢ ڕاگەیەنراو تیایدا هاتبوو کە "ئەڵمانیا دوژمنی سەرەکییە و هیچ وڵاتێک بە تەنها نابێت ئاشتی لەگەڵدا بکات" لەم خاڵەدا هاوپەیمانان متمانەیان بە یەکتر نەبوو. ئەنگلوساکسۆنیەکان ترسیان لەوە هەبوو کە ستالین درەنگ یان زوو ڕێککەوتنێکی دیکە لەگەڵ هتلەر ساز بکات. ستالینیش کە بە سروشتی خۆی لەڕادەبەدەر کەسێکی بە گومان بوو، لەوە دەترسا کە هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاواش هەمان کار بکەن. وێرای ڕاگەیاندنەکەی کۆمەڵەی گەلان، لە ساڵی ١٩٤٣دا لە نێوان ئەڵمانیا و سۆڤیێت لە (ستۆکهۆڵم)ی بێلایەن دانوستانی نهێنی هەبوو. بەم دانوستانە نهێنییانە ستالین هەوڵی دەدا فشار بخاتە سەر هاوبەشە ئەنگلۆساکسۆنەکانی بۆ ئەوەی بەرەی دووەم بکەنەوە.

## بەرەی دووەم:

پرسی بەرەی دووەم هۆکاری سەرەکی گرژی نێوان هاوپەیمانەکان بوو. هتلەر بە بەشێکی زۆری سوپا بەهێزە زەمینیەیکەی خۆی تەرخان کردبوو بۆ داگیرکردنی یەکێتیی سۆڤیێت بە پەیڕەوکردنی بنەمای (بلیتسکریگ[١٢]). بە نیاز بوو لە ماوەی تەنها سێ مانگدا لینینگراد و مۆسکۆ و کێڵگە نەوتییەکانی قەوقاز داگیر بکات. پێشبینی ئەوەی دەکرد بەر لە کۆتایی ساڵی ١٩٤١ سەرکەوتنی سەربازی بەدەست بێنێت و یەکێتیی سۆڤیێت بڕوخێت. لە پایزدا دوو هەزار فڕۆکەی ئەڵمانی بۆمبارانی مۆسکۆیان کرد. لە مانگی ت١دا مۆسکۆ ئیتر لە کەوتندا بوو. لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٤١ هتلەر لە

١٢ نوسەر لێرەدا زاراوەی (Blitzkrieg)ی بەکار هێناوە، کە وشەیەکی ئەڵمانیە و واتای جەنگی غافڵگیر (الحرب الخاطفة) دەگەیەنێت. وەرگێڕ

جەنگی مۆسکۆدا شکا، سوپای ئەڵمانیا یەدەگ و پێداویستی نەمابوو بۆیە بە ناچاری دەبوو بکشێتەوە، بەڵام هتلەر بەهۆی ئەوەی رەگەزپەرستانە بیری دەکردەوە، سور بوو لەسەر کارەکەی خۆی. هتلەر نەیتوانی بە تەواوی سود مەند بێت لەو هەستەی کە خەڵکی بیلاروسیا و ئۆکرانیا هەیانبوو بەرامبەر بە سوپای ئەڵمانی، کە زۆرینەی دانیشتوان هەستیان بە رزگاربوون دەکرد لە روسیا و ستالین، ئامادەبوون لەگەڵ ئەڵمانیا شەڕ بکەن لە دژی ستالین بەرامبەر بەوەی کە فۆرمێک لە ئۆتۆنۆمییان پێبدرێت.

هتلەر هەرگیز پێشنیازی "ئەم گەلە نزمانە"ی بە هەند وەرنەگرت، بەڵام (ئێس ئێس[١٣]) بەشی زۆری سەربازەکانی روسیای سپی و ئۆکرانیای وەرگرت و رێکخستنی بۆ کردن و بە هاوکاری ژەنراڵی ناسراوی سۆڤیەتی "نەندرێ ڤالسۆڤ" سوپای ئازادی خوازی روسیای دژ بە کۆمۆنیستەکان لێدروستکردن کە ٣٠٠ هەزار کەس دەبوون، بەڵام تەنها لە دووا ساڵی جەنگدا خرانە کارەوە.

یەکێتیی سۆڤیەت بە تەنها خۆی دەبوو قورسایی سوپای ئەڵمانیا هەڵبگرێت. لە ١٩٤١دا زیاتر لە ٧٠٪ی سوپای ئەڵمانیا لە بەرەکانی رۆژهەڵات دەجەنگان. لە بەهاری ١٩٤٤ ئەم رێژەیە دابەزی بۆ ٦٣٪. کاتێکیش هاوپەیمانانی رۆژئاوا لە حوزەیرانی ١٩٤٤ بەرەیەکی نوێی شەڕیان کردەوە لە فەرەنسا ئەم رێژەیە دابەزی بۆ ٥٥-٥٧٪.

هەرچەندە لە ساڵی ١٩٤٢ بەدواوە، ستالین زۆر زیاتر لە هتلەر ئامێری جەنگی و سەربازی لەبەردەستدا بوو، بەڵام پێی وانەبوو کە بتوانێت بە رادەی پێویست بەرگەی قورسایی جەنگی ئەڵمانیا بگرێت، بۆیە بە پرتاو داوای لە هاوپەیمانە خۆرئاواییەکانی دەکرد بەرەی دووەمی جەنگ لە فەرەنسا بکەنەوە، بۆ ئەوەی کەمێک قورسایی ئەڵمانیا لەسەر یەکێتیی

---

١٣ ئێس ئێس (SS) کورتکراوەی (Schutzstaffel) شوتزشتافل، هێزێکی تایبەتی ئەمنی بوو کە هتلەر خۆی سەرپەرشتی دەکرد. لە هەموو ئەو شوێنانەی کە سوپای ئەڵمانیا داگیری دەکردن رۆڵێکی زۆر فراوانی هەبوو لە کردەوەکانی تیرۆر و کوشتن، بە تایبەتی لە جێبەجێکردنی پرۆسەکانی جینوسایدی جولەکەدا. وەرگێڕ




رایخی ئەڵمانیا ١٩٣٣-١٩٤٣

سۆڤێت کەم بێتەوە. لە یەکەم دانوستاندا لە شوباتی ١٩٤٢ ئەمەریکا بەڵێنیدا بەرەی دووەمی جەنگ بکاتەوە بەو مەرجەی کە سۆڤێت هەمان کار لە دژی ژاپۆن بکاتەوە.

بۆ پیشاندانی نیەت پاکی و بۆ ئەوەی سۆڤێت بخاتە سەر ئەو باوەڕەی کە شەڕ لەگەڵ ژاپۆندا بکات، ڕۆزفلت ویستی لە هاوینی ساڵی ١٩٤٢دا ١٥٠ هەزار سەرباز لە باکوری فەرەنسا دابەزێنێت بۆ ئەوەی فشاری لوفتوافە[١٤] (Luftwaffe) لەسەر هێزەکانی یەکێتیی سۆڤێت کەم بکاتەوە. چەرچڵ

[١٤] لوفتوافە هێزی ئاسمانی ئەڵمانیایە. بە گوێرەی مەرجەکانی ڕێکەوتننامەی ڤێرسای، ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٢٠ قەدەغەی لێکرا کە هێزی ئاسمانی هەبێت. بەڵام وەکو لە بەشەکانی پێشتردا ئاماژەی بۆکراوە، ئەڵمانیا بە ڕێکەوتن لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت بە نهێنی ئەو هێزەی دروست کردەوە و لە سەربازگاکانی سۆڤێت ڕاهێنانی پێدەکردن. دوای بەهێزبوونی نازیەکان ئیتر ئەڵمانیا خۆی لە ڕێکەوتنامەی ڤێرسای کشاندەوە و لە ساڵی ١٩٣٥ بە ئاشکرا دروستکردنەوەی هێزی ئاسمانی ئەڵمانیای ڕاگەیاند و لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا ٢٨ بەشی جیاوازی هەبوو. وەرگێڕ.

توانی سەرۆکی ئەمەریکا قایل بکات کە ئۆپراسیۆنێکی دابەزاندنی هێز لە باکوری ئەفریقا لە مانگی ت٢ی ١٩٤٢ ئەنجام بدات. ئیمپراتۆریای بەریتانیا ئامانجی ئەوە بوو کەناڵی سوێس دابین بکات، چەرچڵ خوازیاری ئەوە بوو کە سەربازانی ئەمەریکا بتوانن فریای هێزەکانی بەریتانیا بکەون کە لەلایەن هێزە ئەڵمانیەکانی ژەنراڵ "ئەروین رۆمل" ە وە گەمارۆ درابوون. کاتێک هێزی هاوپەیمانە ئەمریکییەکان لە بەشە فەرەنسییەکی باکوری ئەفریقا لە مانگی ت٢ی ١٩٤٢ دابەزین، ڕەوشەکە لەسەر زەوی گۆڕابوو، ژەنراڵی بەریتانی "بێرنارد لاو مۆنتگۆمەری" سەرکەوتووانە پێشڕەویی کردبوو.

ستالین بەردەوام بوو لە فشارەکانی خۆی بۆ کردنەوەی بەرەی دووەم و لە ساڵی ١٩٤٣ هاوپەیمانە ئەنگلۆساکسۆنەکان توانیبویان دابەزینێکی گەورە بۆ سەر فەرەنسا بکەن، بەڵام جارێکی دیکە چەرچل توانیبوی ئەمەریکییەکان بەوە قایل بکات بیرۆکەکەی ستالین ڕەت بکەنەوە. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە وێرای ئەو پێشڤەچوونانەی بەدەست هاتوون، هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە بەرەی دیکە بکرێتەوە. هێشتا سوپای ئەمەریکا توانای ڕوبەڕوبونەوەی سوپای ئەڵمانیای نەبوو. ئەمریکییەکان هێشتا نەبونەتە خاوەنی نەریتێکی سەربازیی بەهێز و هێزی وشکانیشیان تازە و بێ ئەزمون بوو. وێرای ئەوانەش لە ١٩٤٣دا تۆڕی شەمەندەفەری فەرەنسا کاری دەکرد. ئەڵمانەکان لە ڕێگای شەمەنەفەرەوە هەموو جۆرە پێداویستییە سەربازییەکانی خۆیان خێراتر دەگواستەوە، لە کاتێکدا ئەنگلۆساکسۆنییەکان هێزەکانی خۆیان بە پاپۆڕ دەگواستەوە. چەرچل لە کۆنگرەی کازابلانکا لە کانونی دووەمی ١٩٤٣دا ڕۆزفلتی قایل کرد کە دابەزینێکی کەم و دیاریکراو لە سەقەلیە و دواتر لە ئیتالیا بکات. ئەمەش بەرەی دووەمی جەنگ نەبوو، بەڵکو هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای ئیتالیا و نەمساوە پێشڕەوی بۆ ناو دڵی ئەڵمانیا بکەن بەر لەوەی سۆڤێت ئەو کارە بکات، چونکە لەدوای سەرکەوتنەکەی ستالینگرادەوە (کانونی دووەمی ١٩٤٣) ئەوان بە هێواشی بەڵام بە چەسپاوی لە ڕۆژهەڵاتەوە نزیک دەبوونەوە. هەروەها دەکرا لە ئیتالیاشەوە خۆیان بگەیەننە بەلقان پێش ئەوەی هێزەکانی سۆڤێت بگات.

بۆ هێورکردنەوەی ستالین؛ چەرچل و ڕۆزفلت لە کازابلانکا ڕایانگەیاند کە ئەوان تەنها بە خۆبەدەستەوەدانی بێ مەرجی ئەڵمانیا قایل دەبن، بۆیە هەر جۆرە دانوستانێک لەگەڵ ئەڵمانەکان ڕەت دەکەنەوە.

شکستی کردنەوەی بەرەی دووەمی جەنگ بۆ سۆڤێت بێهوابوونێکی گەورە بوو، ئیستا ئەوان ئیتر بە تەواوەتی لە نیاز خراپی هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانیان دڵنیا بوون، کە چێژ لەوە دەبینن نازی و کۆمۆنیستەکان یەکتر کەلەپاچە بکەن. سیناتۆری دیموکراتی و سەرۆکی دواتری ئەمەریکا هاری ترۆمان لە حوزەیرانی ١٩٤١ لێدوانێکی بەو واتایە دابوو. روزفلت لەو بارەوە بە شێوەیەکی دروست هەڵسەنگاندنی پێنەدرابوو. ئەو بە هۆی ئامۆژگارییە ستراتیژییەکانی چەرچلەوە کردنەوەی بەرەی دووەمی دواخست، سەرباری ئەوەش ویستی بڕواتە جەنگەوە بەبێ ئەوەی گیانی ئەمریکییەکان بخاتە مەترسییەوە، هەر لەبەر ئەوەش بوو لە ساڵی ١٩٤٣ دوو دڵ بوو لە داگرتنی هێزەکانی لە فەرەنسا هەتا هێزە جەنگاوەرەکانی ئەڵمانیا نەشکێن. لە ڕاستیدا ئەو لەو باوەڕەدا بوو ئەوە ئەرکی هێزە شەڕکەرەکانی سۆڤێتە کە بڕبڕەی پشتی فێرماخت[١٥] (Wehrmacht) ی ئەڵمانیا بشکێنن.

ستالین بۆ ئەوەی بێزاریی خۆی لەم ڕەوشە پیشان بدات، لە بەهاری ١٩٤٣دا باڵیۆزەکانی خۆی لە واشنتۆن و لەندەن بانگ کردەوە. سەرلەنوێ لە ستۆکهۆڵمەوە دەستی کرد بە گرێدانەوەی پەیوەندی نهێنی لەگەڵ ئەڵمانەکان. یەکەمین گەڕی دانوستانەکان لە نیسانی ١٩٤٣ دەستیپێکرد و هەتا مانگی حوزەیرانی خایاند. لە ١٣ی حوزەیراندا بەریتانی و ئەمریکییەکان بڕیاریاندا دەست بە ئۆپەراسیۆنی ئۆڤەرلۆرد (Overlord) بکەن، کە داگرتنێکی یەکجار گەورەی سوپا بوو لە نۆرماندی (Normandy)، ستالین ئەرێنی وەڵامی ئەم هەنگاوەی دایەوە و لە ١٥ی حوزەیراندا ئینتەرناسیۆنالی هەڵوەشاندەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا سەرلەونوێ دەستی بە دانوستانەکان کردەوە لەگەڵ ئەڵمانیا، کە هەتا سەرکەوتنی سۆڤێت لە کورسک (٥-١٢ی تەموزی ١٩٤٣)

---

[١٥] ناوی فەرمی هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا بوو لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٤٥ هەموو هێزەکانی پیادە و دەریایی و ئاسمانی و کۆماندۆزی ئەڵمانیای دەگرتەوە. وەرگێڕ.

درێژەی کێشا. ڕەنگە بەمجۆرە ستالین ویستبێتی هەمیشە کوتەکێکی بە دەستەوە بێت بۆ نەیارەکانی.

لە کۆنفرانسی تاران (٢٨ ت٢ تا ای ک١ ١٩٤٣) چەرچل و ڕۆزفلت جەختیان لەسەر کردنەوەی بەرەی دووەم کردەوە لە بەهاری ١٩٤٤ لە فەرەنسا، بەڵام داگرتنی هێزەکانیان کەوتە ٦ی حوزەیران، ئەمەش گومانەکانی سۆڤێتی نەڕەواندەوە، ئەوان لەو باوەڕەدا بوون هاوپەیمانە خۆرئاواییەکان بۆیە دووا جار ئەو کارە دەکەن بۆ ئەوەی ڕێگا لە هێزە سەرکەوتووەکانی سۆڤێت بگرن تا هەموو ئەوروپا نەگرێتەوە. لە شوباتی ١٩٤٥ جارێکی تر ستالین لە هاوپەیمانە ئەنگلۆساکسۆنەکانی کەوتەوە گومان، کاتێک بە نهێنی لە شاری بێرن لەگەڵ ژەنراڵی هێزەکانی (SS) کارڵ وڵف کەوتنە گفتوگۆی نهێنی سەبارەت بە پرسی خۆبەدەستەوەدانی ئەڵمانیا. ستالین جارێکی دیکە لەوە دەترسا کە هاوپەیمانییەکی خۆرئاوایی لە دژی یەکێتیی سۆڤێت دروست بکرێت.

بە سەرنج دان لە کێشەی کردنەوەی بەرەی دووەم، ئاشکرا دەبێت کە یەکێتیی سۆڤێت گەورەترین بەشداریی کردووە لە سەرکەوتن بەسەر نازیەکاندا. تەنها لە بەرەکانی ڕۆژهەڵات نزیکەی ٦ ملیۆن ئەڵمانی کوژران، لە کاتێکدا لە سەرجەم بەرەکانی دیکە پێکەوە تەنها یەک ملیۆن ئەڵمانی کوژران. یەکێتی سۆڤێت ٢٦.٥ ملیۆن کەسی لێکوژرا، لەوانە ١٥ ملیۆن کەس هاوڵاتیی بوون (١١.٥٪ ی دانیشتوان) ئەڵمانەکانیش زیانی زۆریان بەرکەوت: ٣.٢٥٠.٠٠٠ سەرباز و ٣.٨١٠.٠٠٠ هاوڵاتی (١٢.٧٪ی دانیشتوان). ئەمریکیەکان تا ڕادەیەک باشتر لێی دەرچوون: تەنها ٤١٠.٠٠٠ کوژراویان هەبوو.

هەروەها ئاشکرایە کە ٤٠٪ی ژێرخانی پیشەسازی سۆڤێت لە کاتی جەنگدا وێران بوو. یەکێتیی سۆڤێت نەک تەنها زۆرترین قورسایی ئەڵمانیای لە ئەستۆ گرتبوو، بەڵکو بە زۆری خۆشی سەرکەوتنی سەربازیی بەدەست هێنا. جەنگی ستالینگراد خاڵی وەرچەرخانی سایکۆلۆژی بوو لە جەنگەکەدا، لە کاتێکدا سەرکەوتن لە جەنگی تانکەکاندا لە کۆرسک شەڕی یەکلاکەرەوەی

سەربازی بوو. سۆڤێتییەکان پێش هەموو کەس چونە ناو خاکی ئەڵمانیا و لە مانگی مایسی ١٩٤٥دا لە دوای شەڕێکی قورس 'بەرلین' یان گرت. ئەدمیرالی گەورە کارل دۆنیتز (Karl Donitz) کە دوای هتلەر بوو بە سەرۆکی وڵات هەموو ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی لە دژی ئەنگلۆساکسۆنەکان لە ڕۆژی ٥ی مایس راوەستاند لە کاتێکدا هەتا ڕۆژی ٩ی مایسی ١٩٤٥ شەڕی لە دژی سۆڤێت رانەگرت، بەمەش ڕێگای گرت لەوەی کە ١.٨ ملیۆن سەربازی ئەڵمانی بە دیل بکەونە دەستی روسەکان.

ئەو روداوانە لە پەیوەندی نێوان هاوپەیمانەکاندا ڕۆڵی زۆر کاریگەری گێڕا. سۆڤێت بوو بە خاوەن پێگەیەکی زۆر گەورە بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی هاوپەیمانە ئەنگلوساکسۆنیەکان زۆر دواکەوتن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانیان بە تایبەت پرسی کردنەوەی بەرەی دووەم.

## ماو لە دژی ژاپۆنیەکان شەڕ دەکات (١٩٤١-١٩٤٥):

لە ٧ی کانونی دووەمی ١٩٤١ ژاپۆن بەشی زۆری گەلە کەشتیی ئەمریکییەکانی لە پیرل هاربەر[١٦] (Pearl harbour) لە ناو برد. بۆ چینییەکان ئەمە هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو، چونکە ئیتر ئەوان لە شەڕدا بە تەنها نەبوون لە دژی ژاپۆنیەکان. لەو کاتە بەدواوە ئەمەریکا دەستکراوانەتر قەرزی دەدا بە کۆمینتانگ.

---

١٦ لە ڕۆژی ٧ی کانونی یەکەمی ١٩٤١ ژاپۆن هێرشێکی کتوپڕی کردە سەر گەلە کەشتیی ئەمەریکی لە دورگەی هاوای زەریای پاسفیک (المحیط الهادیء). ئەم هێرشە ئەمەریکای ناچار کرد کە بەشداری لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بکات. ئامانجی یابان لەم هێرشەدا ئەوە بوو کە دەستپێشخەری لە لیدانی هێزەکانی ئەمەریکا بکات بۆ ئەوەی لاوازیان بکات و دووریان بخاتەوە لە زەریای پاسڤیک تا یابان بتوانیت لە شەڕەکانی خۆیدا لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە دژی بەریتانیا و ئەمەریکا و هۆڵەندا، دەستی کراوە بێت. هێرشێکی کەمەرشکێن لە لایەن ٣٥٣ فڕۆکەی جەنگی یابانییەوە جێبەجێ کرا و لێدانێکی کوشندەی لە ئەمەریکا سرەواند و بنکە دەریایی و ئاسمانییەکەی بە تەواوی خاپور کرد، جگە لە کوژرانی ٢٤٠٢ سەرباز و بریندار بوونی ١٢٨٢سەرباز، سەدان فڕۆکە و بەلەم و گەمی و ئامێری سەربازی تێکشکێنران. هێزەکانی یابان تەنها ٦٥ بریندار و کوژراویان هەبوو- وەرگێڕ-

پێگەی ستراتیژی چین وایدەکرد کە ئەو وڵاتە وەک یەکێک لە چوار زلهێزە هاوپەیمانەکان ڕۆڵێکی گونجاو بگێڕێت. هەرچەندە کۆمینتانگ هەندێ سەرکەوتنی بچوکی بەرامبەر بە ژاپۆنیەکان بەدەستهێنابوو، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی نەدەکرا وەک هاوبەشێکی کاریگەر تەماشا بکرێت.

لەم سەروبەندەدا پارتی کۆمۆنیستی چین دووچاری کێشەیەکی گەورە بوو. کۆمۆنیستەکانی چین نەیاندەتوانی گرەو لەسەر یارمەتی سۆڤێت و ئەمەریکا بکەن، ئەمە سەرباری ئەوەی کە شانگ کای شیک گەمارۆی ئابوری خستبووە سەر پارتی کۆمۆنیستی چین و لەملاشەوە ژاپۆنییەکان کاردانەوەی زۆر توندیان هەبوو بەرامبەر بەو شەڕە پارتیزانییەی کە کۆمۆنیستەکانی چین ئەنجامیان دەدا. بەهۆی ڕێکخستنی بەرفراوانی جوتیارانەوە، کۆمۆنیستەکان دەیانتوانی درێژە بە شەڕ لە دژی ژاپۆن بدەن.

لە ساڵی ١٩٤٢ دا ماو بەهۆی شاڵاوی (ڕاستکردنەوەی ڕێڕەو) توانی بە تەواوی دەست بەسەر پارتی کۆمۆنیستدا بگرێت. ئامانجی فەرمی ئەم شاڵاوە ئەوە بوو کە پەیوەندی دروست بکات لە نێوان روناکبیران و جوتیارانی گوند نشین و هاندانیان بۆ رەخنە لەخۆ گرتن. لە پراکتیکدا ئەو هەڵمەتە بووە هۆی ڕاماڵینی زۆرێک لە نەیارەکانی ماو کە زۆر بە توندی رەفتاریان لەگەڵدا کرا.

ستالین لە مانگی مایسی ١٩٤٣دا ئینتەرناسیۆنالی هەڵوەشاندەوە، ئەمەش وایکرد کە پارتی کۆمۆنیستی چین بتوانێت سەربەخۆ بەرامبەر بە مۆسکۆ رەفتار بکات. وردە وردە متمانەی ئەمەریکا بە کۆمینتانگ لەق دەبوو. ئەوان دەیانبینی کە رژێمی چین گەندەڵە و خەڵکی وڵاتەکە بە ئاستەم پشتگیری لە سوپا دەکەن، یان هەر پشتگیریشی لێناکەن، بەڵام کۆمینتانگ دیسانەوە وەک هاوبەشێکی گرنگ تەماشای دەکرا لەبەر ئەوەی ژاپۆن لە خاکی چینەوە بە ئاسانی دەکرا بۆردومان بکرێت. ژاپۆنیش ئەو ڕاستیەی دەزانی بۆیە ڕێگای بەوە نەدەدا و شاڵاوەکانی ئیشی گۆ[١٧] (Ichi go)ی دەستپێکرد، کە زیانێکی

[١٧] زنجیرە هێرشەکانی ئیشی گۆ (Ichi go) سێ شاڵاوی سەربازی گەورە بوون لە لایەن سوپای ئیمپراتوری یابانی ساڵی ١٩٤٤ کرایە سەر هێزەکانی شانگ لە چین، ئامانجی ئەم شالاوانە ئەوە بوو کە ژاپۆن دەست بەسەر هەموو بنکە سەربازیانەدا بگرێت لە باشوری رۆژهەڵاتی چین کە ئەمەریکا بەکاری دەهێنان بۆ هێرشکردنە سەر یابان. وەرگێڕ.

یەکجار زۆری گەیاند بە هێزەکانی شانگ.

لەم نێوەدا ئەمریکیەکان سەرسام بوون بە پارتی کۆمۆنیستی چین. کۆمۆنیستەکانی چین بە کەمترین دەرامەتەوە دەیانتوانی زۆرترین زیان بە سوپای ژاپۆن بگەیەنن، بۆیە ئەمەریکیەکان خوازیاری ئەوە بوون کە هاوکارییان بکەن. شانگ کای شیک لەگەڵ ئەوەدا نەبوو، بەڵام نەیتوانی ڕێگری بکات لە سەردانی نوێنەرایەتی[١٨] (Dixie mission) ئەمەریکا بۆ "یانان" ی پایتەختی ئەو کاتەی کۆمۆنیستەکانی چین، لە تەموزی ١٩٤٤.

ماو هەوڵیدا ئەمەریکییەکان قایل بکات کە بە چەک هاوکاری کۆمۆنیستەکانی چین بکەن. کۆلۆنێل داڤید بارێت (David Barett) سەرۆکی تیمەکە پەیڕەوانی 'ماو' ی وەک کۆمۆنیستی ڕاستەقینە ناودێر نەکردبوو، بەڵکو ئەوانەی وەک ناسیۆنالیستی چینی تەماشا دەکرد، بۆیە ڕاوێژی دەدا بە حکومەتەکەی کە هاوکاریان بن، بەڵام ئەمەریکا لە ژێر باندۆری کۆمینتانگدا بوو، بۆیە دواجار ئامادە نەبوو هاوکاری ماو بکات. بۆ پارتی کۆمۆنیستی چین ئەم هەواڵە تەواو جێگای نائومێدی بوو.

کۆنگرەی یاڵتا (٤-١١ شوباتی ١٩٤٥) هەواڵی ناخۆشتری بۆ کۆمۆنیستەکانی چین تیدا بوو. ستالین تەنها بەڵێنی ئەوەی نەدابوو کە هاوکاری ئەمەریکا بکات لە جەنگی دژ بە ژاپۆن، بەڵکو بڕیاریدا لەگەڵ کۆمینتانگ گفتوگۆ بکات. گفتوگۆکان بەوە کۆتایی هات کە ڕێکەوتننامەی هاوڕێیەتی و هاوکاری لە نێوان چین و سۆڤێتدا مۆر بکرێت (١٤ی ئابی ١٩٤٥)، ستالین بەڵێنی بە حزبی کۆمینتانگ دابوو کە هاوکاری زیاتریان پێشکەش بکات.

ستالین داوا لە ‹ماو› دەکات پروپاگەندەی دژ بە کۆمینتانگ ڕابگرێت، بەرامبەر بەوەش یەکێتیی سۆڤێت موڵکایەتی هاوبەشی هێڵی ئاسنی باکوری مەنشۆریا و باشوری ‹هایەربین› و نیمچە دورگەی ‹لیاودۆنگ› ی

[١٨] گروپی چاودێری سوپای ئەمەریکا لەو کاتەدا بە دیکسی میشن ناسرابوو. یەکەمین هەوڵەکانی ئەمەریکا بوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری ، لەو دەمەدا هێشتا دەزگای سیخوڕی ئەمەریکا (سی ئای ئەی) دروست نەکرابوو. ساڵی ١٩٤٧ لە دوای دروستکردنی سی ئای ئەی ئیتر ئەم کۆمیسیۆنە هەڵوەشایەوە. وەرگێڕ.



ماو لەگەڵ دیکسی میشن

بەدەستهێنا هەروەها بەندەرێکی بازرگانی لە ‹داێرن› و بنکەیەکی دەریایی لە ‹ پۆرت ئارسەر›. هەروەها داوا لە سۆڤێت کرا کانزاکانی مەنشۆریا و شینگیانگ دەربهێنێت. چین دانی بە سەربەخۆیی دەوڵەتی مەنگۆلیادا نا کە لە ناو بازنەی هەژمونی سۆڤێتدا بوو.

هەموو ئەو روداوانە رێگر نەبوون لەبەردەمی "ماو"دا بۆ ئەوەی لە نیسانی ١٩٤٥ کۆنگرەی حەوتەمی پارتی کۆمۆنیستی چین گرێ بدات. کاریگەریی سۆڤێت لەم کۆنگرەیەدا زۆر کەم بوو، ماو توانی بە تەواوی خۆی لەناو حزبدا بەهێز بکات. سەرکەوتنی ناوخۆیی کۆمۆنیستە چینییەکان ئەو راستییەی سەلماند کە پشتیوانی دەرەکی شتێک نیە گرەوی لەسەر بکرێت. کۆتایی هاتنی جەنگ شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، نە کۆمۆنیستەکان و نە کۆمینتانگ ئامادە نەبوون بۆ ئاشتی.

## تراژیدیای پۆڵۆنیەکان:

حکومەتی مەنفای پۆڵەندیەکان لە بەریتانیا زیاتر لەگەڵ سۆڤێت لە جەنگدا بوو وەک لە ئەڵمانەکان. هەردوو وڵات لە ئاب و ئەیلولی ١٩٣٩ لە نێوان خۆیاندا پۆڵەندایان دابەش کرد. سۆڤێت بە شێوەیەکی سەرەکی هەندێ بەشی روسیای سپی و ئۆکرانیا و لیتوانیای لە پۆڵەندا بردبوو، ئەو بەشانەی خستە سەر کۆمارە سۆڤێتیەکانی بیلاروسیا و ئۆکرانیا و لیتوانیا. دوای هەڵگیرسانی جەنگ لە نێوان ئەڵمانیا و یەکێتیی سۆڤێت، ئەڵمانیا هەموو ئەو زەویانەی لە سۆڤێت گرتەوە. لە ژێر فشاری چەرچڵدا حکومەتی پۆڵەندی لە ساڵی ١٩٤١پەیوەندی دبلۆماسی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت دروستکردەوە. دیلە پۆڵەندیەکانی جەنگ لە گرتووخانەکانی سۆڤێت ئازاد کران و سوپای پۆڵەندا لەسەر دەستی ژەنراڵ فلادیسلاڤ ئەندرس دروستکرایەوە و دواتر شان بە شانی ئینگلیزەکان دەجەنگین.

لە یەکەمین ساتەکانی پەیوەندی لەگەڵ پۆڵەندا و هاوپەیمانە رۆژئاواییەکاندا، ستالین جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە خوازیارە دەست بە سنورەکانی ساڵی( ١٩٤١) ەوە بگرێت. چەرچڵ زۆر دژ بەوە نەبوو، چونکە ئەو سنورانە تا رادەیەکی زۆر تەبا بوون لەگەڵ هێڵی (کورزۆن) ی ساڵی ١٩٢٠ کە جۆرێک بوو لە سنوری (زمان) و بەو جۆرەش پۆڵەندایەک دروست دەبوو بەبێ کەمینەی ئۆکرانی و بیلاڕوسی و لیتوانی (ئەو شوێنانەی کە سۆڤێت لە ١٩٤١ داگیری کردبوون).

رۆزفلت دەیویست جەنگ کۆتایی بێت ئەوسا بێتە سەر دانوستانکردن لەسەر گۆڕانکارییە هەرێمییەکان. حکومەتی پۆڵەندا بە سەرکردایەتی ژەنراڵ (فلادیساو سیکۆرسکی) رەتی کردەوە گفتوگۆ لەسەر پێشنیازەکەی سۆڤێت بکات، هەرچەندە سۆڤێت بەڵێنی ئەوەی دابوو لە جیاتی ئەو شوێنانە لە رۆژئاواوە لەسەر حسابی ئەڵمانیا قەرەبوویان بکاتەوە. پرسی سنور بووە هۆکاری ئەوەی کە لە نێوان ستالین و حکومەتی پۆڵەندی هەمیشە ناکۆکی هەبێت. ناکۆکی راستەقینەش ئەو کاتە رەنگی دایەوە کە ئەڵمانەکان لە دارستانەکانی کاتیان (Katyan) نزیک سمۆلەنیسک (Smolensk) لە ١٢ی

نیسانی ١٩٤٣دا گۆڕێکی بە کۆمەڵیان دۆزیەوە. بێگومان ئەمەش هەوڵێکی ئەڵمانەکان بوو بۆ ئەوەی ئاژاوە بخەنە نێو هاوپەیمانەکانەوە. لە گۆڕە بە کۆمەڵەکەدا پروسکی ٤٤٤٣ ئەفسەری پۆڵەندی دۆزرانەوە کە سۆڤێتیەکان بە لێدانی فیشەک لە گەردنیان کوشتبوونیان. پۆڵەندییەکان چەندان جار داوای دیاریکردنی چارەنوسی ٢١٨٥٧ ئەفسەر و بەرپرسی گەورەی خۆیانیان دەکرد کە ساڵی ١٩٣٩ لە لایەن سۆڤێت بەدیل گیرابوون و هیچ شوێنەوارێکیان لە سەربازگە و گرتووخانەکانی سۆڤێت نەمابوو. سۆڤێت نەیدەتوانی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە.

ئێستا لە پڕێکدا زانرا کە چی قەوماوە: ستالین هەموو ئەفسەرە پۆڵەندیەکانی لەناو بردووە. ئەوەی ئەوکاتە و دواتریش ئاشکرا نەبوو رێکەوتنەکانی نێوان ئەڵمانیا و سۆڤێت بوو لە نێوان ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٠ بۆ لەناو بردنی روناکبیرانی پۆڵەندا. لە ٥ی مارتی ١٩٤٠ مەکتەبی سیاسی واژوی لەسەر فەرمانی کوشتنەکانیان کردبوو.

لە دوای کۆتایی جەنگی سارد، ئەوەش ئاشکرا بوو کە لە نیسانی ١٩٤٠دا لە کالینین (Kalinin) لە دووریی ١٦٠ کیلۆمەتر لە باکوری رۆژئاوای مۆسکۆ ٦٩٢٥ ئەفسەری پۆڵەندی لەسەر دەستی (NKVD) دەزگا هەواڵگریەکەی پیش کەی جی بی، گوللە باران کراون. تەنها ٣٪ ئەفسەرە پۆلۆندیەکان لە گرتووخانەکانی سۆڤێت رزگاریان بوو.

سەرۆک وەزیرانی تورەی پۆڵەندا "سیکۆرسکی" یەکسەر بە پێشنیازەکەی ئەڵمانیا قایل بوو بەوەی کە لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی لە لایەن خاچی سورەوە لە 'کاتین' بکرێت. لێکۆڵینەوەکە زۆر بە ئاشکرا سەلماندی کە ئەفسەرە پۆڵەندییەکان لە لایەن هێزەکانی سۆڤێتەوە رەشەکوژی کراون. سۆڤێت نکوڵی کرد لەوەی کە هیچ پەیوەندییەکیان بەو روداوە هەبێت و رایانگەیاند کە ئەڵمانیا خۆی ئەو رەشەکوژەی ئەنجام داوە. ئەمەشیان بە هەلێکی گونجاو زانی بۆ ئەوەی لە ٢٥ی نیسانی ١٩٤٣هەموو پەیوەندییە دبلۆماسیەکانی خۆیان لەگەڵ حکومەتی پۆڵەندی لە لەندەن هەڵپەسێرن.

دوای مردنی سیکۆرسکی لە ڕوداوێکی گوماناویی تێکشکان و کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەدا لە ٤ی تەموزی ١٩٦٣، شوێنگرەوەکەی (ستانیسلاڤ میکۆلایشیک) هەمان هەڵوێستی توندی دژ بە سۆڤێت پەیڕەو دەکرد، بەڵام هاوپەیمانە خۆرئاواییەکان ئەوەیان لا پەسەند نەبوو. حەزیان بەوە نەدەکرد لە بەر خاتری پۆڵەندا کۆتایی بە هاوپەیمانی بێنن لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت. لە کۆنگرەی تاران (٢٨ی ت٢ – ١ی ک١ی ١٩٤٣) جارێکی دیکە جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە لەگەڵ ستالین لەسەر هێڵی "کورزۆن" ڕێککەوتوون وەک هێڵی سنوری ڕۆژهەلاتی پۆڵەندا، وەک قەرەبوو کردنەوەش بۆ پۆڵەندا، لەسەر داوای چەرچڵ بەشێک لە خاکی ئەڵمانیا هەتا "ئۆدەر" دەخرێتە سەر پۆڵەندا. هەروەها پۆڵەندییەکان "پروسیای ڕۆژهەڵات و دانزیگ" دەخەنە سەرخاکی خۆیان. ڕۆزفلت و چەرچل و ستالین هەرسێکیان تەبا بوون لەسەر دیاریکردنی سنوری ڕۆژئاوای پۆڵەندا، بەڵام هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوەیان نەدا هەتا پرسێک بە حکومەتی پۆڵەندی لە مەنفا (لە بەریتانیا- وەرگێڕ-) دەکەن. لەبەر ئەوەی نزیکەی شەش حەوت ملیۆن پۆڵەندی لە ئەمەریکا هەبوون و هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ت٢ی ١٩٤٤ نزیک بوو، ڕۆزفلت حەزی نەدەکرد ئەو شتانە ئاشکرا بکات.

سۆڤێتییەکان حکومەتی مەنفای پۆڵەندیان بە ناپەسەند دەزانی چونکە دانوستانی نەدەکرد، بۆیە لە ٢٢ی تەمۆزی ١٩٤٤ کۆمیتەیەکیان لە کۆمۆنیستەکانی پۆڵەندا بە ناوی (کۆمیتەی لوبلن[١٩]) دروستکرد و ئەندامەکانیشی لەو ناوچانە دەستنیشان کران کە بەدەست خودی خۆیانەوە بوو.

لە کۆتایی تەموزی ١٩٤٤دا سوپای سور بە سەرکردایەتی کۆنستەنتین ڕۆکۆسۆفسکی (Konstantin Rokossovski) بەرە بەرە لە شاری

١٩ کۆمیتەی لوبلن (Lublin Comite) کۆمیتەی میللی ئازادی پۆڵەندا بە کورتکراوەی (PKWN)ناوی دەبرێت. لە ٢٢ی تەموزی ١٩٤٤ لە لایەن یەکێتیی سۆڤێتەوە دروستکراو لە ٢٦ی تەموز لە شاری لوبلن وەک دەوڵەتی نوێی پۆڵەندا خۆی ڕاگەیاند. ئەم کۆمیتەیە تەواوی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستی نازیەکانی بەڕێوە دەبرد کە لە ڕاستیدا لە ژێر دەستی سوپای سوردا بوو. وەرگێڕ.

وارشۆ نزیک دەبۆوە. حکومەتی پۆڵەندا لە مەنفای لەندەن حەزی نەدەکرد وارشۆ لە لایەن سوپای سورەوە ئازاد بکرێت، هەروەها خوازیاری ئەوە بوو کە پیشانی هەموو دنیای بدات سوپای نیشتیمانی (لە ناوخۆی وڵات) کە ٣٨٠ هەزار ئەندامی هەبوو گوێڕایەڵی ئەو حکومەتەیە. لێرەدا بڕیارێکی تەواو نادروست و وێرانکەرانە درا، دەستپێکردن و نەکردنی شەڕی رزگاری پۆڵەندا درایە دەستی سەرکردە مەیدانیەکان، ئەوانیش لە مارتی ١٩٤٤ خۆیان خستە ژێر فەرمانی سەرکردایەتیی ئۆپراسیۆنەکانی سوپای سور کە بەرەو وارشۆ لە پێشڕەویدا بوو.

لە دوای رزگارکردنی "ڤیلنوس" لە تەموزی ١٩٤٤ دەرکەوت کە سوپای سور پابەندی بەڵێنەکانی خۆی نەبووە و سوپای نهێنی رزگاری پۆڵەندای وەک دوژمن تەماشا کردووە، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە سوپای نهێنی ناوخۆی پۆڵەندا هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن بەرامبەر بە سوپای سور و ئامادە نەبوون کۆمیتەی لوبلن بە رەسمی بناسن. بە شێوەیەکی کرداری بوون بە دوژمنی سوپای سور.



ژەنراڵ (تادیوش بۆر کۆمۆرفسکی) لە یەکی ئابدا لەگەڵ ٤٦ هەزار سەربازی "ژێرزەوی" بڕیاری یاخی بوونی لە دژی ئەڵمانیا دا لە وارشۆ. ئەو بەتەما بوو سێ چوار ڕۆژ خۆی بگرێت و دواتر بە ناوی حکومەتی مەنفای پۆڵەنداوە ڕێگای بە سوپای سور بدات بێنە وارشۆ، ئەم کارەی کرد بەبێ ئەوەی لەگەڵ سەرکردایەتی سوپای سور تەنسیق بکات.

بۆر کۆمۆرفسکی خۆی بە بەهێز دەهاتە بەرچاو کاتێک لە کەناڵێکی میدیایی پروپاگەندەوە سۆڤێت داوای لە خەڵکی وارشۆ دەکرد خۆیان ڕزگار بکەن، سەرباری ئەوەش بەهەڵە وایزانیبوو سوپای سور گەیشتۆتە قەراغەکانی "پراگ" لە کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕوباری "فیستۆلا". سوپای سور نەگەشتبووە ئەو شوێنە و ئامادەی ئەوەش نەبوون. ئەوان لە ماوەی شەش هەفتەدا ٦٠٠ کیلۆمەتریان بڕیبوو، چاوەڕێی پێداویستی و ئازوقەیان دەکرد. بێگومان ستالین ئامادە نەبوو سوپاکەی خۆی بخاتە مەترسییەوە بۆ یاخیبووە پۆڵەندییەکان کە لە هەمان کاتدا دژی یەکێتیی سۆڤێتیش بوون. دوای ئەوەی هێزە یاخیبووەکانی پۆڵەندا چەند هەفتەیەک شەڕیان کرد و ئازوقە و تەقەمەنییان بەرەو نەمان دەچوو، سۆڤێتییەکان کە لەو دیو سنورەوە لە خۆرهەڵاتی ڕوباری فیستۆلاوە بە ئارامی وەستابوون و تەماشایان دەکرد، لەملاشەوە ستالین ڕێگای نەدا بە فرۆکە بەریتانی و ئەمریکییەکان لە پشت هێڵە جەنگییەکانی ئەمانەوە هەستن و ئازوقە و تەقەمەنی بگەیەنن بەوان.

سۆڤێتیەکان بە ئانقەست ڕێگایاندا ڕاپەڕینی یاخیبووەکان شکست بێنێت، ئەمەریکی و بەریتانیەکانیش دەستەوەستان بوون و هیچیان بۆ نەدەکرا، ئەمەش بۆ پۆڵەندا نەهامەتییەکی زۆر قورس بوو. لە ماوەی دوو مانگ شەڕی وارشۆدا ٢٠٠هەزار پۆڵەندی کوژران و ٨٠٠ هەزار لە دانیشتوانی وارشۆ کە مابوونەوە دوورخرانەوە بۆ ئەڵمانیا، دوای ئەوە وارشۆ بە شێوەیەکی سیستەماتیک لە لایەن ئەڵمانەکانەوە خاپور کرا. سۆڤێتیەکان لە ١٧ی کانونی دووەمی ١٩٤٥ چوونە ناو وارشۆ، شارێک بەردی بەسەر بەردەوە نەمابوو!

لە ژێر کاریگەری ئەو تراژیدیایەدا و بەهۆی باوەڕی هەڵەیان بەوەی کە ڕۆزفلت یارمەتییان دەدات، پۆڵەندیەکانی لەندەن ئامادە نەبوون دانوستان لەگەڵ سۆڤێت بکەن لەبارەی سنورەکانی خۆیانەوە. ستالین زیاتر لە جاران بایەخی بە کۆمیتەی لوبن دەدا و وەک حکومەتی راستەقینەی پۆڵەندا مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن. بەریتانی و ئەمریکییەکان پێشنیازی ستالینیان پەسەند کرد بۆ فراوان کردنی کۆمیتەکە بەوەی کە هەندێ ئەندامی لەوانەی لەندەن و خۆرئاوای بۆ زیاد بکەن. ئەمەش لە کۆنگرەی یالتا چەسپی و ستالین بەڵێنی دا هەڵبژاردنێکی ئازادیش لە ماوەی یەک مانگدا لە پۆڵەندا بکرێت.

لەسەر سنوری خۆرئاوای پۆڵەنداش هیچ رێکەوتنێک نەکرا، بەڵام ئەمە دواتر لە کۆنگرەی ئاشتی لەگەڵ ئەڵمانیا چارەسەر کرا. بەشێوەیەکی کاتی پۆڵەندییەکان دەستیان گرت بەسەر ناوچەکە هەتا هێڵی (ئودەر نایسە[٢٠])، کە بەهۆیەوە پتر لە هەشت ملیۆن ئەڵمانی هەڵهاتن یاخود ئاودیوی ئەڵمانیا دەکرانـەوە. پۆڵەندیەکان تۆڵەیان لە ئەڵمانەکان دەکـردەوە. ژمارەیەکی باوەڕپێکراوی قوربانییانی ئەم کردەوانە لەبەردەستدا نین، بەڵام بە سەدان هەزار کەس خەڵمێنراون. ماڵ و موڵک و زەوی و زاری ئەڵمانەکان لە لایەن دوو ملیۆن لە پۆڵەندیەکانی رۆژهەڵات کە خاک وماڵیان لە لایەن سۆڤێتەوە زەوت کرابوو، داگیر کران.

هەموو لایەنەکان لە یالتا بە توندی لەگەڵ ئەوەدا کۆک بوون کە یەکێتیی سۆڤێت مافی ئەوەی هەیە حکومەتێکی پۆڵەندی "دۆست" هاوسێی بێت، بەڵام ئەمە لە حکومەتی مەنفای پۆڵەندی بەدی نەدەکرا، کە ئامادە نەبوو ددان بە رێکەوتنی یالتا بنێت و فەرمانی بە پاشماوەی سوپاکەیان دابوو کە ئیتر لە دژی سۆڤێت دەست بەکار بن. هەڵبژاردنی ئازاد بۆ سۆڤێتییەکان زۆر پەسەند نەبوو، چونکە تا ڕادەیەکی زۆر دڵنیابوون لەوەی کە حکومەتێکی ئەنتی سۆڤێتی دێتە سەر دەسەڵات. بەبێ رەزامەندی پۆڵەندییەکانی لەندەن و بە هاوکاری چەرچل و سەرۆکی تازەی ئەمەریکا "ترۆمان" شەش کەسی

---

٢٠ بە ئینگلیزی بە (Oder- Neisse line) ناوی دەبرێت. هەڵبەتە ئودەر نایسە روبارێکە لەو ناوچەیە و دەرژێتە دەریای بەلتیقەوە – وەرگێڕ–




هێڵی ئۆدەر نایسە

پۆڵەندی پرۆ ڕۆژئاوایی بۆ کۆمیتەی لوبلین زیاد کران، لەوانەش سەرۆک وەزیرانی کۆنی پۆڵەندا لە لەندەن میکۆلایشیک.

لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٤٥ هەموان پێکەوە حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانیی کاتییان پێکهێنا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەرگیز هەڵبژاردنێکی ئازاد ئەنجام نەدرا، هەرچەندە سەرۆک ترۆمان زۆر سور بوو لەسەر ئەوە.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە داخۆ کێشەی پۆڵەندا کە بووە هۆکاری گرژی توند لە نێوان ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤێت لە ساڵی ١٩٤٥ نەدەکرا ڕوونەدات

ئەگەر سیکۆرسکی هێڵی کۆرزۆنی بە ڕەسمی پەسەند بکردایە؟ ئەو کاتە یەکێتیی سۆڤێت ناچار دەبوو کە زیاتر حساب بۆ حکومەتی پۆڵەندی مەنفا بکات لە لەندەن و ئەوسا ڕەنگ بوو هەڵبژاردنێکی ئازادانەش بەدی بهاتایە.

## کۆنگرە گەورەکان:

لەگەڵ نزیک بوونەوەی کۆتایی جەنگ، لە نێوان سێ هاوپەیمانەکەدا گرژی و ئاڵۆزی لەسەر هەژموون و دەسەڵاتیان لە ئەوروپای ڕۆژئاوا هاتە ئاراوە. زۆر جار دەگوترێ کە دابەشکردنی ئەوروپا بەسەر چەند ناوچەیەکی جیاوازی هەژموندا لە کۆنگرەکانی تاران و یالتا و پوتسدام بڕیاری لەسەر دراوە. دۆخەکە بەو جۆرە نەبوو، بەڵکو دابەشبوونی ئەوروپا و لەت و پەت بوون و ئەو گرژی و ئاڵۆزیانەی کە دەهاتنە پێشەوە، هەمووی بەشێوەیەکی خۆرسکانە و ڕەمەکی وەک دەرەنجامی واقعی جەنگ هاتنە گۆڕێ.

## هەڵوێستی سێ زلهێزەکە ساڵی ١٩٤٣ پێش کۆنگرەی تاران:

### ڕۆزفلت:

سەرۆک ڕۆزفلت سەرەتا هیچ بایەخێکی ئەوتۆی بە ئەوروپای خۆرهەڵات نەدەدا. دەوڵەتانی وەکو سلۆڤاکیا، ڕۆمانیا، بولگاریا و هەنگاریا هاوپەیمانی ئەڵمانەکان بوون. بە گوێرەی ئەو باوەڕەی کە بە (جارنامەی ئەتلەسی[٢١]) هەیبوو، لەو باوەڕەدا بوو کە هەموو ناکۆکییەکان لە نێوان لایەنەکانی جەنگدا دەبێت پاش کۆتایی هاتنی جەنگ چارەسەر بکرێن. زۆر بە توندی دژی ئەوە بوو کە ئەوروپا دابەش بکرێت بەسەر ناوچەی جیاوازی هەژمونی سیاسی، لەگەڵ ئەوەشدا ڕونی کردەوە کە دەوڵەتانی بەلتیق، ئیستوانیا، لاتیڤیا، لیتوانیا

٢١ جارنامەی ئەتلەسی (Atlantic Charter) جارنامەیەک بوو کە ١٤ی ئابی ١٩٤١ لە لایەن هەریەکە لە ڕۆزفلت و چەرچڵ واژوو کراوە. بە گوێرەی ئەم جار نامەیە ئامانجی هاوپەیمانەکان بۆ دوای جەنگ دیاری کراوە کە گرنگترینیان بریتی بوو لە دروستکردنی ڕیکخراوێکی ئاشتی بۆ جیهان و مافی گەلان لە ئازادی و ئاشتی و پێکەوە ژیان. وەرگێڕ.

دەبێت هەر بەشێک بن لە یەکێتیی سۆڤێت، بۆ ئەوەی رای گشتی ئەمەریکا تورە نەکرێت باشترە جۆرێک لە ریفراندۆم بۆ ئەو پرسە بکرێت.

رۆزفلت بەرە بەرە باوەڕی بەوە هێنا کە یەکێتیی سۆڤێت هەقی خۆیەتی کە هەندێ ڕێکار بگرێتە بەر بۆ ئەوەی جارێکی تر دووچاری هێرشێکی تازەی ئەڵمانەکان نەبێتەوە، ئەمەش لە ڕێگای دروستکردنی پشتوێنێک لە دەوڵەتە هاوسێکانیەوە لەوانەش پۆڵەندا و رۆمانیا و بولگاریا و رەنگە هەنگاریاش، ئەم دەوڵەتانەش دوای ئەوە دەکەونە نێو بازنەی هەژمونی یەکێتیی سۆڤێتەوە. وردە وردە ئەم پێناسە تەڵخە واتایەکی رونتری لای رۆزفلت دروستکرد و پاشانیش لای ترۆمان. سۆڤێت نەدەبوو ئەم وڵاتانە بکاتە ژێر دەستەی خۆی بەڵکو تەنها دەبوو جڵەوی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانەی بەدەستەوە بێت. سەبارەت بە دەوڵەتانی دیکەش ئەوە دەبوو بۆ ئەمەریکاش ئاوەڵا بن، دواتر ئەم سیستەمە بە (فینلاندیکردن[٢٢]) ناودێر کرا.

رۆزفلت باوەڕی بە جۆرێک لە ئیدارەدانی ئایندەیی هەبوو لە نێوان هەر چوار زلهێزەکەدا (ئەمەریکا، یەکێتیی سۆڤێت، بەریتانیا، چین)، ئەم چوارە وەکو پۆلیس دەبوو ئاشتی و سەقامگیری نێودەوڵەتی بچەسپێنن، دەبوو پێکەوە بۆچوونەکانیان یەکبخەن و پێکەوە ڕێکاری توندیان بگرتایەتە بەر بەرامبەر بە ئەگەری هەر کردەوەیەکی شەڕانگێزانە، ئەم بۆچوونە بنەڕەتیانەی خۆی لەگەڵ پێشنیازێکدا گونجاند کە رای گشتی پەسەندی بوو: دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تازەی نێودەوڵەتی هاوشێوەی کۆمەڵەی گەلان. رۆزفلت ئامادە بوو ئەم بۆچوونەی خۆی بخاتە بەردەم سۆڤێتیەکان بەو مەرجەی کە چوار زلهێزەکە خۆیان سەرکردایەتی کۆمەڵەی گەلانی نوێ بکەن.

رۆزفلت بۆ ئەوەی ئەم بیرۆکەیە بۆ سۆڤێتیەکان روون بکاتەوە و نیگەرانیەکانیان لە دواکەوتنی کردنەوەی بەرەی دووەمی جەنگ برەوێنێتەوە

٢٢ بە ئینگلیزی بە (Finlandization) ناوی براوە، مەبەست لەوەش ئەوەیە کە وڵاتێکی بچوکی دراوسێی وڵاتیکی گەورە هەوڵ نەدات بەرپەرچی سیاسیەتی دەرەوەی وڵاتە گەورەکە بداتەوە، بەڵکو کڕ بێت و پارێزگاری لە سەروەری وڵاتەکەی خۆی بکات. فینلەندا بە درێژایی جەنگی سارد ئەم سیاسەتەی پەیڕەو کرد بەرامبەر بە یەکێتیی سۆڤێت. هەروەها دۆخی تایوان و چینیش جۆرێکە لەو پەیوەندییە. وەرگێڕ.

سور بوو لەسەر ئەوەی چاوی بە خودی ستالین خۆی بکەوێت. ئەوەی ڕۆزفلت دەیویست لە هەموو حاڵەتێکدا خۆی لێ بەدوور بگرێت ئەوە بوو کە نابێت ئەمەریکا لە دوای جەنگ سیاسەتێکی پەرانگیرانە پەیڕەو بکات، چونکە ئەمە دەبووە هۆکاری ئەوەی جارێکی تر بێ بازاڕی سەرهەڵبداتەوە. ئابوری ئەمەریکا ئەوەندە پەرەی سەندبوو کە پێویستی بەوە بوو هەموو دنیا بکاتە مەیدانی کاری خۆی. لە ڕێگای ڕێکخراوە تازەکەشەوە بە نیاز بوو بایەخ بە هەموو دنیا بدات و کەرەستەی خاو پەیدا بکات و بازاڕی فرۆشتن بدۆزێتەوە. بۆ ئەمەش ڕۆزفلت پێویستی بە هاوکاری سۆڤێت هەبوو.

هەروەها روزفلت دەیویست گرەنتی لەوان وەربگرێت کە جەنگ لە دژی ژاپۆن بەرپا بکەن. ئەمەریکا دڵنیا بوو لەوەی کە بەبێ هاوکاری سۆڤێت جەنگ لەگەڵ یابان چەندین ساڵ درێژە دەکێشێت و سەدان هەزار ئەمەریکیش دەکاتە قوربانی. بەبێ تۆپخانەی سۆڤێتی ڕۆزفلت نەیدەزانی چۆن بتوانێت هێرش بکاتە سەر مەنشۆریا. بۆ بەدەستهێنانی ئەو دوو ئامانجە ڕۆزفلت دەبوو سۆڤێتییەکان ڕازی بکات و ئامادەش بوو لەو پێناوەدا چاوپۆشی لە زۆر شتی تایبەت بە ئەوروپای ڕۆژهەڵات بکات. ئەو نەیدەویست پەیوەندییە باشەکەی خۆی لەگەڵ سۆڤێت بخاتە مەترسیەوە لە پێناوی بەرژەوەندی ئەورووپیە ڕۆژهەڵاتیەکان کە نەیدەناسین و جێگەی بایەخیش نەبوون بۆی. تەنانەت پۆڵەنداش ئەوەندە گرنگ نەبوو کە لە پێناویدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت تێکبدات. ڕۆزفلت هیچ پێی باش نەبوو ئەڵمانیا سەرلەنوێ لە ڕووی ئابورییەوە بنیات بنرێتەوە، تەنانەت لایەنگری نەخشەی هاوڕێکەی خۆی وەزیری دارایی (هەنری مۆرگنساو) بوو، کە پێشنیازی کردبوو ئەڵمانیا دابەش بکرێت بۆ سەر چەند وڵاتێکی کشتوکاڵی، بەڵام لە کۆتایدا ئەم پلانە نەکەوتە واری جێبەجێکردنەوە، چونکە کۆدەنگی لەگەڵدا نەبوو.

## چەرچل:

چەرچل لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانیدا، بە پلەی یەکەم بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی ئیمپراتۆریای ئینگلیزی دەکرد. دەیویست لە ڕێگای

پاراستنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، ئارامی کەناڵی سوێس مسۆگەر بکات، جگە لەوەش دەبوو (یۆنان وەک قەڵایەکی بەریتانی بمێنێتەوە) و پارسەنگی هێز لە ئەوروپا رابگرێت. چەرچڵ دەترسا ئەوروپا دابەش بێت بەسەر چەند جەمسەرێکی هێزدا. لەو باوەڕەدا بوو پێشڕەوی کردنی زیاتری هێزەکانی سۆڤێت بەرەو ئەوروپا رۆژهەڵات دەبێتە هۆی چەسپاندنی هەژمونی یەکێتیی سۆڤێت بەشێوەیەکی هەمیشەیی. ئەو دەیویست بە هەر شێوەیەک بووە رێگا لەوە بگرێت، یەکێک لە رێگاکانیش ئەوە بوو کە پێداویستی زیاتر بۆ سوپا لە ئیتالیا دابین بکات، بۆ ئەوەی بتوانن بە خێرایی لە لیوبلیانا (Ljubljana) وە پێشڕەوی بکەن بەرەو ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی ئەوروپا. هەروەها دەبوو تورکیای بێلایەن خێرا هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت و لە ژێر سەرکردایەتی بەریتانیادا ناچار بکرێت چالاکانە بەشداری شەڕ بکات لە دژی ئەڵمانیا، بەمجۆرەش سۆڤێت تورکیا داگیر ناکات و بەریتانیاش دەتوانێ بەرەیەکی بچوکی جەنگ لە بەلقان بکاتەوە و سیاسەتی (خۆسەلماندن) لەوێ پیشان بدات.

بە بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، بەریتانی و ئەمریکیەکان لە نێوان ئەیلول و ت١ی ١٩٤٣دا لەمەڕ دابەشکردنی ناوچەکانی هەژمون، پێشینەیەکی زۆر مەترسیداریان تۆمار کرد. ئەمریکیەکان حەزیان نەدەکرد کورسییەک لە ئەنجومەنی هاوپەیمانان بۆ ناوچە ئازادکراوەکان بدەن بە یەکێتیی سۆڤێت، بەریتانیەکان پێیان باش بوو ئەو داوایـەی سۆڤێت جێبەجێ بکەن، بە دیاریکراویش بۆ ئەوەی بەرامبەر بەوە خۆیان بڕۆنە ئەوروپای رۆژهەڵات، بەڵام سەرکردایەتی باڵای سەربازیی ئەمەریکا حەزی بەوە نەبوو سۆڤێتیەکان وەک حازرخۆری بەر سێبەر لەوێ بن، بۆیە ئەو داوایەی سۆڤێت رەتکرایەوە و کورسییەکی ناو ئەنجومەنی راوێژکاری پێنەدرا کە لە جەزائیری پایتەخت و لە شوێنێکی زۆر دوورەوە بەبی هیچ دەسەڵاتێکی ئەوتۆ پێکهێنرابوو. دوای ساڵێک سۆڤێتیەکانیش ئامادە نەبوون گوێ لە قسەی ئەمەریکی و بەریتانیەکان بگرن سەبارەت بەو ناوچانەی کە سوپای سور لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا داگیری کردبوون.

## ستالین:

ئامانجەکانی ستالین زۆر سادە بوون. سەرەتا ویستی هەڵیک بقۆزێتەوە بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو زەویانەی کە لەنێوان١٩١٨-١٩٢٠ لە دەستیان دابوو بە تایبەتیش لە ناوچەی بەلتیق و هەندێ بەشی روسیای سپی و ئۆکرانیا لە پۆڵەندا و بیسرابیا لە ئیتالیا. سۆڤیێت کەمتر بایەخی بۆ ئەوە هەبوو کە بەردەوام لە فینلەندا بمێنێتەوە کە ئەویشی لە ساڵی ١٩١٨ لە دەست دابوو، چونکە ستالین پێشبینی کردبوو کە لە ماوەی ٢٠ ساڵی داهاتوودا ئەڵمانیا هێرشێکی نوێ دەکاتەوە، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە پشتێنەیەکی ئارام لە نێوان خۆی و ئەڵمانیا لە وڵاتانی دۆست و باوەڕپێکراو دروست بکات. دەوڵەتانی وەکو پۆڵەندا، رۆمانیا، بولگاریا و تاڕادەیەک هەنگاریاش، ئەگەر دۆستی سۆڤیێت بن دەبنە یەکەم هێڵی بەرگری بۆ یەکێتیی سۆڤیێت. ستالین وای دانا بوو کە ئەو دەوڵەتانە نابێت پەیوەندی دۆستانەیان لەگەڵ ئەڵمانیا هەبێت و دەبێت هەموویان پەیمانی بەرگری هاوبەشیان هەبێت لەگەل یەکێتیی سۆڤیێت.

هەرچەندە ستالین متمانەی زۆری بە بورژوا سیاسییەکان نەبوو لەو وڵاتانەی کە زۆرجار هاوکاری ئەڵمانیا بوون (جگە لە پۆڵەندا)، بەڵام ئەو لە پلەی یەکەمدا بیری لەوە نەدەکردەوە کە رژێمیکی کۆمۆنیست لەو وڵاتانە دروست بکات چونکە دەیزانی کە ئاسان نیە ژمارەیەکی پێویست لە سیاسەتمەدارانی دۆستی سۆڤیێت بدۆزێتەوە، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە لە ١٥ی مایسی ١٩٤٣ ئینتەرناسیۆنالی هەڵوەشاندەوە بۆ ئەوەی بتوانێت لە نێوان کۆمۆنیستەکان و بورژوا سیاسیەکاندا پردێکی هاوکاری دروست بکات.

ئامانجی سێیەمی ستالین سروشتێکی ماددی هەبوو: دەیویست بە شێوەیەک لە شێوەکان لەسەر حسابی ئەڵمانیا قەرەبووی ئەو هەموو زیانە وەربگرێتەوە کە بەر ئابوری سۆڤیێت کەوتووە. ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە هیچ کام لە سێ زلهێزەکە لە ساڵی ١٩٤٣دا هیچ دیدگایەکی رونیان بۆ چارەنوسی ئەڵمانیا نەبوو لە ئایندەدا، لێرەوە هەموو ئەو بارودۆخانەی کە بەڕێکەوت دەهاتنە پێشەوە دەبوونە ئەمری واقع.

## تاران:

لە یەکەم کۆنگرەی گەورەی زلهێزەکاندا لە تاران (٢٨ی ت٢- ١ی ک١ی ١٩٤٣) کە لەسەر داوای ڕۆزفلت ساز کرا، هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان تەواو دڕدۆنگ بوون. دەکرا ستالین لە هەر ئان و ساتێکدا بێت با بداتەوە بەلای هتلەر و ڕێکەوتنیکی چاوەڕوان نەکراوی لەگەڵدا بکات. دانوستانەکانی ئەڵمانیا و سۆڤێت لە ستۆکهۆڵم لە کن ئەنگلۆساکسۆنییەکان شاراوە نەبوو، وێرای ئەوەش ئەوان پابەند نەبون بە بەڵێنەکانیان لە کردنەوەی بەرەی دووەمی شەڕ، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە سۆڤێتییەکان تەنها ملیۆنان کەسیان لەدەست نەدابوو، بەڵکو زیانێکی یەکجار زۆریان بە ئەڵمانەکان گەیاندبوو.

ڕۆزفلت پابەند بوونی سۆڤێتی دەویست بە دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و بەڵێنێکیش بۆ بەشداریی جەنگ لە دژی ژاپۆنییەکان. ڕۆزفلت بەڵێنی بە ستالین دا کە خۆی و چەرچڵ بەرەیەکی دژ بە سۆڤێت دروست ناکەن. ڕۆزفلت هەردوو بەڵێنەکەی لە ستالین وەرگرت، ئەویش بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی لە لایەن هەر چوار زلهێزەکەوە پێ باش بوو. لێرەوە کێشەی کردنەوەی بەرەی دووەمی جەنگ بە تەواوی چارەسەر کرا. ڕۆزفلت و ستالین دژی چەرچڵ بوون کە دەیویست شاڵاوی هاوپەیمانەکان لە ئیتالیاوە دەستپێبکات، لە جیاتی ئەوە بڕیاری ئەوەیاندا کە لە مایسی ١٩٤٤ دابەزینی نۆرماندی ئەنجام بدرێت. چەرچڵ ملی بەو بڕیارە دا، بەڵام هەر بە هیوای ئەوە بوو کە پێشڕەوی سوپا لە ئیتالیاش بایەخی تایبەتی پێبدرێت و ئەنگلۆساکسۆنییەکان پێش زستانی ١٩٤٤ لە پێدەشتەکانی "لوبلیانا" وە خۆیان بگەیەننە ناوەڕاستی ئەوروپا.

ڕۆزفلت زۆر مکوڕ نەبوو، قایل بوونی خۆی پیشاندا بە مانەوەی دەوڵەتانی بەلتیق لە ژێر دەستی یەکێتیی سۆڤێت، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ خۆڵکردنە چاوی رایگشتی ئەمەریکا دەبوو ستالین ریفراندۆمێک بکات. ڕۆزفلت پێداگیری لەسەر ئەوە نەکرد کە چاودێرانی نێودەوڵەتی ریفراندۆمەکە بەڕێوەبەرن، کەواتە ئیتر کار و بارەکان ستالینیانە جێبەجێ دەکرێن. چەرچڵ و ڕۆزفلت سنوری تازەی ڕۆژهەڵاتی پۆڵەندایان زۆر لا نایاب بوو، تەنانەت شاری

لڤۆڤ (Lvov) کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی پۆڵەندی زمان بوون و گوندەکانی دەوروبەریشی ئۆکرانی بوون خرایە سەر یەکێتیی سۆڤێت. بەرامبەر بەوە پۆڵەندا لەسەر حسابی ئەڵمانیا هەتا روباری ئۆدەر (Oder) فراوان کرا. چەرچڵ ئامادەش بوو تەنانەت لەبەردەم حکومەتی پۆڵەندی لە مانفای لەندەن بەرگری لەوە بکات کە دەبێ شاری سەرکەنار دەریا کۆنیگسبێرگ (Konigsberg)ی پۆڵەندی ببەخشێت بە ستالین. ئەمە داوای ستالین بوو چونکە سۆڤێت پێویستی بە بەندەرێکی ئاو هەبوو کە شەختە و سەهۆڵبەندان نەیگرێت. لە راستیدا دەبوو ئەو شارە لەگەڵ هەریەکە لە دانزیگ (Danzig) و رۆژهەڵاتی پروسیا بەشێک بوونایە لە پۆڵەندا. گۆڕینەوەی ئەم شوێنانە بێگومان دەبوو لە لایەن حکومەتی پۆڵەنداوە لە لەندەن رەزامەندی لەسەر بکرایە، لە تاران ئەم بابەتە کێشەیەک نەبوو.

رۆزفلت و چەرچڵ لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ستالین مافی خۆیەتی لە پۆڵەندا و وڵاتە دراوسێکانی لە سنوری رۆژئاوایدا حکومەتەکان دۆستی بن، لەوەش زیاتر زۆر هاوسۆزی ستالین بوون لەوەی کە لێبڕاوانە هەوڵی دەدا بۆ بەدەستهێنانەوەی سنورەکانی روسیا و گێڕانەوەی بۆ پێش ساڵی ١٩١٧. بیسارابی درا بە یەکێتیی سۆڤێت لەسەر حسابی رۆمانیای هاوپەیمانی ئەڵمانیا. هەروەها بەڵێنیاندا کە تورکیا هان بدەن گرەنتی تێپەڕبوونی هەموو پاپۆڕێک بدات لە گەرووەکانی بۆسفۆڕ و دەردەنیل.

رۆزفلت داوای سەربەخۆیی فینلەندای کرد و ستالینیش بەبێ سێ و دوو رازی بوو. سەرۆک سور بوو لەسەر ئەوەی کە رێکەوتنەکەی خۆی و ستالین لەمەڕ سنوری پۆڵەندا و فراوانبوونی سۆڤێت ئاشکرا نەکات، لەبەر کاریگەری کۆچبەرە پۆڵەندییەکانەوە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بۆ ساڵی ١٩٤٤ لە ئەمەریکا. رۆزفلت لە سەروبەندی کۆنگرە و لە دوای کۆنگرەش بڕوای وا بوو کە دەکرێت هەڵبژاردنێکی ئازاد لە وڵاتە "دۆستەکانی" یەکێتیی سۆڤێت ئەنجام بدرێت. ستالینیش لەو باوەڕەدا بوو کە هاوپەیمانە خۆرئاواییەکان قایل بوون بەوەی کە دراوسێکانی یەکێتی سۆڤێت (ئەوروپای رۆژهەڵات) دەبێت "رژێمێکی دۆست" بن بۆ سۆڤێت، بەڵام لە ترسی رایگشتی ناوخۆ

ناتوانن ئەوە ئاشکرا بکەن. جاڕنامەی ئەتلەسی کە ستالینیش واژووی کردووە و مافی گەلان لە بڕیاردانی چارەنوسی خۆیان دەسەلمێنیت و ڕۆزفلت زۆر شانازی پێوە دەکرد، نەبوو بە بەربەست لەبەردەم ئەو ڕێکەوتنانەدا. لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە ڕۆزفلت وای لە ستالین کرد کە زۆر بە باشی تێبگات لەوەی کە بەرژوەندی ئەمەریکا لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا نیە، بەڵکو لە زەریای پاسفیکدایە. ستالینیش لە تاران ددانی بە سەرکردایەتی ئەمەریکادا نا لەو شوێنەدا، هەروەها ئاشکرای کرد کە ئەو هێشتا شیانگ بە سەرکردەی چین دەزانێ.

## مۆسکۆ:

لە پایزی ١٩٤٤، یەکێتیی سۆڤێت ڕۆمانیا و بولگاریای گرت. ئیستا چەرچل لەوە دەترسێت کە سوپای سور یۆنانیش بگرێت، ئەو یۆنانەی کە وەک داشی دامە بوو بۆ ئینگلیزەکان لە حەوزی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست. دەبوو زۆر بە پەلە ئەم پرسە لەگەڵ ستالین تاوتوێ بکات، بەڕەزامەندی ڕۆزفلت بەڵام بە ئاگاداری ئەو، چەرچڵ چوو بۆ مۆسکۆ بۆئەوەی لەگەڵ ستالین سەبارەت بە ناوچەکانی هەژموون لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات قسەی لەگەڵدا بکات.

لە ٩ی ت١ی ١٩٤٤دا لە نێوان ستالین و چەرچڵ ئەو گفتوگۆیە کرا. سەرۆک وەزیرانی ئینگلیز داوای لە ستالین کرد بەو جۆرەی خوارەوە ناوچەکانی هەژمونی سۆڤێت دابەش بکرێن:

| وڵات | یەکێتیی سۆڤێت | وڵاتانی ڕۆژهەڵات |
|---|---|---|
| ڕۆمانیا | ٪٩٠ | ٪١٠ |
| بولگاریا | ٪٧٥ | ٪٢٥ |
| یۆنان | ٪١٠ | ٪٩٠ |
| یوگوسلاڤیا | ٪٥٠ | ٪٥٠ |
| هەنگاریا | ٪٥٠ | ٪٥٠ |

ستالین یەکسەر بەوە رازی بوو، بەڵام لە ١١ی مانگدا لە نێوان مۆلۆتۆڤ و ئەنتۆنی ئیدن رێکەوتنەکە سەرلەنوێ دارێژرایەوە: رێژەی هەژمونی سۆڤێت لە هەنگاریا کرا بە ٨٠٪ و بولگاریا ٨٠٪ و لە یوگوسلاڤیاش سۆڤێت پێگەی خۆی باشتر کرد و بەرزی کردەوە بۆ ٦٠٪.

چەرچڵ بە دەرەنجامەکە رازی بوو: ئەوەی بۆ ئەو گرنگ بوو یۆنان بوو. یۆنان ستراتیژی بوو بۆ بەریتانیا، بەهۆیەوە دەروازەی کەناڵی سویس پارێزراو دەبوو. یۆنان سەرەنجام بۆ بەریتانیا مایەوە. دەوڵەتە هەژارەکانی وەکو رۆمانیا و بولگاریا کەمتر بایەخی هەبوو بۆی، هێزەکانی سۆڤێت خۆیان هەر لەوێ بوون و هەڵکەوتەی ئەوانیش وایە کە لە ژێر هەژمونی سۆڤێتدا بن. یوگوسلاڤیا کە لەلایەن ستالینەوە نا بەڵکو لە لایەن چەرچڵەوە پشتیوانی دەکرا، پارتە کۆمۆنیستەکەی بە رابەرایەتیی (جۆزیپ بروز تیتۆ[٢٣]) زەبری

---

٢٣ جۆزیف بروز تیتۆ (١٨٩٢-١٩٨٠) لە باوکێکی کرواتی و دایکێکی سلۆڤینی لە دایک بووە. ساڵی ١٩١٠ پەیوندی کرد بە پارتی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی کرواتیاوە. ساڵی ١٩١٣ پەیوەندی کردووە بە سوپای نەمساوە. لە شەڕی دژ بە روسیا بریندار دەبێت و بە یەخسیری دەکەوێتە دەستی سوپای قەیسەرەوە و رەوانەی کاری زۆرە ملە دەکرێت لە شاخی ئۆرال. دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر زیندانەکان دەشکێن و ئازاد دەبێت و هەمان ساڵی شۆڕش واتە ١٩١٧ پەیوەندی دەکات بە بۆلشەویەکانەوە و دەبێتە ئەندامی پارتی بۆلشەوی و دواتریش دەبێتە ئەفسەر لە سوپای سور. سالی ١٩٢٠ دەگەڕێتەوە بۆ یوگوسلاڤیا و دەبێتە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی یوگوسلافی. ساڵی ١٩٣٥ سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ یەکێتی سۆڤێت و لەوێ رەوانەی ئیسپانیا دەکرێت بۆ هاوپشتی کردنی چەپ و کۆمۆنیستەکان. ساڵی ١٩٣٧ لە لایەن ستالینەوە رەوانە دەکرێتەوە بۆ یوگوسلاڤیا بۆ ئەوەی پارتی کۆمۆنیست رێکبخاتەوە. ساڵی ١٩٤١ دوای ئەوەی یوگوسلاڤیا لە لایەن ئەڵمان و نەمساییەکان و هەنگاریەکانەوە داگیر دەکریت، سوپای ئەو وڵاتە یەکسەر هەرەس دەهێنێ و ئەرکی بەرگریکردن و بەرخودان دژ بە داگیرکەران دەکەوێتە سەر شانی تیتۆ. تیتۆ جوامێرانە سوپای رزگاری یوگوسلاڤیای دروست کرد و زەبری کاریگەری لە نازیەکان دەوەشاند بە جۆرێک لە دنیادا دەنگی دابۆوە. ساڵی ١٩٤٤ تیتۆ رێکەوتنی سەربازی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت کرد و سەرەنجام توانی ئەڵمانەکان بە تەواوی لە یوگوسلاڤیا دەربکات. لە ٧ی مارتی ١٩٤٥دا کرا بە سەرۆکی یەکەم حکومەتی کاتیی لە یوگوسلاڤیا. تیتۆ کەسێکی وڵات پارێز بوو، کۆکەرەوەی هەموو کەمایەتی و نەتەوەکانی یوگوسلاڤیا بوو. هەر لەبەر ئەوەش زۆر زوو لەگەڵ ستالین کەوتە ناکۆکی و سیاسەتەکانی خۆی تەواو لە ستالین جیا کردەوە و لە جەنگی ساردی نێوان هەردوو بلۆکیشدا بێ لایەن مایەوە. لە سەردەمی تیتۆدا

توندی لە ئەڵمانەکان وەشاندبوو، خەریکە کەمێک بەلای ستالیندا لایدەدا، بەڵام بەریتانیەکان هێشتا هەژمونی خۆیان پاراستووە. تاکە هاوپەیمانی هتلەر هەنگاریا بوو کە چارەنوسی لە بەرژەوەندی یەکتێی سۆڤێت یەکلاکرایەوە. بێگومان دەوڵەتانی ئەوروپای خۆرئاوا کە هێزەکانی ئەنگلۆساکسۆنییەکان ئازادیان کردن، لە ژێر هەژمونی ئەواندا مانەوە.

ئەم ئاراستەیەی چەرچڵ کە بۆ رۆزفلت زۆر جێگای بایەخ نەبوو، بە واتای ئەوە نەدەهات کە چەرچڵ حەزی کردبێت وڵاتانی وەکو رۆمانیا و بولگاریا و هەنگاریا ببن بە کۆمۆنیست. لە میانەی گفتوگۆکاندا جەخت لەسەر ئەوە کرابۆوە کە ئەم ڕێکەوتنە تەنها بۆ کاتی جەنگە. لە کۆنتێکستەکەدا وا دەردەکەوێت کە چەرچڵ لە بیرکردنەوەی خۆیدا هێشا بوارێکی بۆ گەمەکردن هێشتۆتەوە و لەو باوەڕەدا بووە کە سۆڤێتیەکان تەنها بۆیان هەیە



تیتۆ

---

یۆگوسلافیا پێشکەوتنی ئابوری گرنگی بەخۆیەوە بینی. ساڵی ١٩٨٠ دوای مردنی تیتۆ یوگوسلاڤیا ئاژاوەی تێکەوت و دواتریش لەبەر یەک هەڵوەشایەوە. وەرگێڕ.

ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانە بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە، هەروەها رەنگە ویستبێتی دڵی ستالین نیا بکات بەوەی کە خۆرئاواییەکان هەرگیز هەوڵ نادەن ئەم وڵاتانە لە ژێر هەژمونی یەکێتیی سۆڤێت دەربێنن. فەرمانیان بە سیاسەتمەدارانی لایەنگری خۆرئاوا کرد کە هاوکاری سۆڤێت بن، بەو جۆرە لە دوای پاشەکشەی هێزەکانی سۆڤێت هەموو ئەو دەوڵەتانە دەبنە دەوڵەتانی دیموکراس و ئاوەڵا و کە تەنها سیاسەتی دەرەوەیان وابەستە دەبێت بە یەکێتیی سۆڤێتەوە. ئەگەر بێتو ستالین بترسێت لەوەی کە خۆرئاواییەکان هەوڵ دەدەن رۆمانیا و بولگاریا و هەنگاریا لە ژێر هەژمونی ئەو دەربێنن، ئەوە هەرگیز پاشەکشە ناکات لەو وڵاتانە، بگرە هەوڵ دەدات یۆنانیش بگرێت.

ستالین ویستی پابەندی بەڵێنەکانی خۆی بێت. سەرکردەی کۆمۆنیستەکانی فەرەنسا (مۆریس تۆرێز) کە لە مۆسکۆ گەڕابۆوە بزوتنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی چەک کرد و لەگەڵ حکومەتدا پێکهاتن. لە ئیتالیاش هەمان شت رویدا، سەرکردەی کۆمۆنیستی ئیتالی (پاڵمیرۆ تۆگلیاتی) کە لە مۆسکۆ گەڕابۆوە، ئامادەبوو راستەوخۆ لەگەڵ پارتە بورژواکاندا پێکبێت.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بە روداوە تراژیدییەکانی یۆنان بدەین لە هەمان ماوەدا. هێزەکانی بەریتانیا بە هاوکاری بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەل (ئیلاس ئیلام) ئەو وڵاتەیان لە ئیتالی و ئەڵمانەکان رزگار کرد. بە هاوکاری بەریتانیەکان حکومەتی یاسایی (بەڵام کۆنەپەرست) ی پێشوو لە ١٨ی ت١ی ١٩٤٤ دا گەڕێنرایەوە. ئۆپۆزیسیۆنی ریفۆرمخواز کە ئاراستەیەکی کۆمۆنیستی توندڕەوانەی هەبوو ئامادە نەبوو چەک دابنێت. هێزەکانی بەریتانیا لە گەڵیاندا کەوتە شەڕەوە و لە ماوەی ٣٣ رۆژدا تەفروتونای کردن. ئەم سیاسەتەی چەرچڵ کە تەواو دژ بە جاڕنامەی ئەتلەسی بوو، لە رۆژئاوا بە تایبەتی لە ئەمەریکا زۆر سەرزەنیشتی کرا، بەڵام ستالین کە دەبوو پابەندی بەڵێنەکان بێت، نوتقی لەخۆی بڕیبوو!

## یاڵتا:

دووەم کۆنگرەی لوتکە لە نێوان سێ زلهێزەکە لە یاڵتا لە (٤-١١ ی ک٢ی ١٩٤٥) دیفاکتۆی جەنگ بەسەریدا زاڵ بوو. جارێکی دیکەش هەر ڕۆزفلت بوو داوای ئەم کۆنگرەیەی کرد. سۆڤێتیەکان بوون سوپای ئەنگلۆساکسۆنیەکانیان ززگارکرد، کاتێک بەهۆی هێرشی فۆن ڕۆندستێدئۆفنزیف (Von Rund-stedtoffensief) ەوە تەواو شپرزە ببوون. ڕۆزفلت دیسانەوە ویستی لەوە دڵنیا بێتەوە کە داخۆ سۆڤێت بەشداری جەنگ دەکات لە دژی ژاپۆن. ڕۆزفلت دیسانەوە زۆر پێویستی بە سۆڤێت هەبوو لەبەر ئەوەی نەیتوانی کۆمۆنیستەکان و ناسیۆنالیستەکانی چین یەکبخات لە بەرەیەکی یەکگرتوودا دژی ژاپۆن. ستالین جارێکی دیکە بەڵێنی بە ڕۆزفلت دایەوە کە لەماوەی سێ مانگدا جەنگ لە دژی ژاپۆن بەرپا بکات، بەو مەرجەی لە دوای خۆبەدەستەوە دانی ئەڵمانیا یەکێتیی سۆڤێت هەموو ئەو شوێنانەی دەست بکەوێتەوە کە ساڵی ١٩٠٥ لەبەردەم ژاپۆندا لە دەستی دابوون.

ئەوەش واتای ئەوە بوو کە یەکێتیی سۆڤێت شان بە شانی چین، جارێکی تر پێکەوە هێڵی ستراتیژی شەمەندەفەری سیبریا کە درێژ دەبێتەوە بۆ مەنشۆریا، بەڕێوە بەرن و هێزە سەربازیەکانیان لە شارە سەر کەنارەکانی وەکو (دایرین و پۆرت ئارسەر) ئامادە دەبن. سەرباری باکور کە بەدەست هێزەکانی سۆڤێتەوە بوو، باشوری دورگەی گەورە و ستراتیژی "سەخالین" یش بۆ خۆیان دەبەن. دەستبەسەرا گرتنی دورگەکانی "کۆریل"یش داوایەکی تازەی ستالین بوو کە ڕۆزفلت بێ چەند و چوون رازی بوو. لە لایەن خۆشیەوە ستالین بەڵێنی ئەوەی دا کە دوای شکستی یابان بە هیچ شێوەیەک پشتیوانی کۆمۆنیستەکانی چین نەکات و چەکی دیلە ژاپۆنیەکانیشیان نەداتێ، بەرامبەر بەوەش داوای ئەوەی کرد کە ئەمەریکا ددان بە سەربەخۆیی مەنگۆلیادا بنێت.

هەروەها بۆ ئەگەرەکانی دروستکردنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕۆزفلت دیسانەوە پێویستی بە هاوکاری سۆڤێت دەبێت. ستالین لە یالتا نیەت پاکی خۆی زۆر بە باشی پێشاندا و قایل بوو بەوەی کە تەنها دوو کۆماری

سۆڤێتی (بیلاروسیا و ئۆکرانیا)، سەرباری خودی یەکێتیی سۆڤێت بکرێنە ئەندامی ڕێکخراوەکە، بە پێچەوانەی جارانەوە کە داوای ١٦ کورسی دەکرد، هەروەها بەو شێوازی دەنگدانەش قایل بوو کە ڕۆزفلت پێشنیازی کرد بۆ کارکردن لە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوەکە. وەکو هەموو ئەندامانی هەمیشەیی ڕێکخراوەکە مافی ڤیتۆ بۆ یەکێتیی سۆڤێتیش دەستەبەر کرا.




چەرچڵ، ڕۆزڤێلت، ستالین لە یاڵتا

هەروەها ستالین بە پێشنیازی بەریتانیا قایل بوو بەوەی کە فەرەنسا ناوچەیەکی داگیرکراوی ئەڵمانیا بۆ خۆی بەرێت، جگە لە کورسییەک لەو لیژنە چاودێرییەی کە بە شێوەیەکی کاتی حوکمی ئەڵمانیا دەکات. لە ١٢ی ئەیلولی ١٩٤٤ بەریتانیا و ئەمەریکا و سۆڤێت لە لەندەن بڕیاری ئەوەیان دا کە ئەڵمانیا و بەرلین بە شێوەیەکی کاتی بکرێن بە سێ ناوچەی داگیرکراو. چەرچڵ دەیویست هاوسەنگییەک لە نێوان دوو زلهێزەکەدا هەبێت، بۆیە لە یالتا هەلێکی چاوەڕوان نەکراو درا بە فەرەنسا بۆ دیاریکردنی چارەنوسی

ئەڵمانیا. فەرەنسا کە خۆی بەشدار نەبوو لە کۆنگرەی لوتکەی یالتا کەچی براوەی یەکەم دەرچوو!

داخوازی سەرەکی سۆڤێت ئەوە بوو کە بە بەهای دە ملیار دۆلار لەوشمەک و کاڵا و بەرهەمە پیشەسازیانەی کە لە ئەڵمانیای دۆڕاو بەدەست دێن وەک قەرەبوو بۆ بنیاتنانەوەی سۆڤێت بۆ خۆی بەرێت. هەرچەندە پێشنیازەکە و بڕی قەرەبووەکە لە لایەن ڕۆزفلتەوە (بەڵام چەرچل ڕازی نەبوو) پەسەند کرا بەڵام لەو کاتەدا دەستبەجێ داخوازیەکە جێبەجێ نەکرا، بەڵکو دەبوو لە کۆنگرەیەکی جیاوازدا لە مۆسکۆ ڕێکار و شێوازی ئەم کارە تاوتوێ بکرێت.

پرسی ئاڵۆزی پۆڵەندا جارێکی تر هاتەوە بەر باس. هەموان سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی پۆڵەندای داهاتوویان پەسەند بوو، بەڵام هاوپەیمانە ئەنگلۆساکسۆنەکان بەوە قایل نەبوون کە "ئۆدەر نایسە" بکرێتە هێڵی سنوری ڕۆژئاوای پۆڵەندا. دواتر هەموان کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە حکومەتێکی کاتی بۆ پۆڵەندا دروست بکرێت: ئەو حکومەتەی کە سۆڤێت دروستی کردووە لە کۆنفرانسێکدا لە مۆسکۆ فراوان دەکرێت و هەندێ پۆڵەندی ڕۆژئاوایی بۆ زیاد دەکرێت. دوای زۆرلێکردنی ڕۆزفلت و چەرچل، ستالین بەڵێنی ئەوەیدا کە بە زووترین کات هەڵبژاردنێکی ئازاد لە پۆڵەندا بکرێت. لە کەشێکی ئارام و لێکتێگەیشتنێکی باش و پێکەوە کارکردندا، لەسەر داوای ڕۆزفلت، بەیاننامەی ئەوروپای ئازاد لە لایەن سێ زلهێزەکەوە واژۆ کرا. خۆیان وەک بەرپرس دانا لە ئایندەی سیاسی و کۆمەڵایەتی - ئابوری ئەوروپا. مافی دەستوەردانی هاوبەشیان بە خۆیان دەدا لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی ئەوروپا. هەر یەکە لە ستالین و چەرچل و ڕۆزفلت ڕایانگەیاند کە هەموو ئەو وڵاتانەی لە دەستی نازیەکان ئازاد دەکرێن دەبنە خاوەنی ڕژێمی دیموکرات و لە سەر بنەمای هەڵبژاردنی ئازادانە بەڕێوە دەبرێن. ستالین ئەمەی واژۆ کرد بۆ ئەوەی کەشی هاوکاری و پێکەوە کارکردن تێک نەدات، هەروەها لەبەر ئەوەی دەیزانی کە ڕۆزفلت پێویستی بەو جۆرە تێکستانەیە تاوەکو ڕایگشتی ئەمەریکا قایل بکات.

پێویستی نەدەکرد دەقاو دەق ئەو تێکستە جێبەجێ بکرێت، لە سەرو ئەوەشەوە مافی دەستوەردانێکی فراوان بە سۆڤێت درابوو. ڕۆزفلت لە راستیدا دەیتوانی ئەو تێکستە بە ئامانجی پروپاگەندە بەکار بهێنێت و بتوانێت دەمی هەندێک لە ئەندامانی رەخنەگر لە ئەنجومەنی پیران دابخات. چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد کە ستالین دەستبەجێ هەڵبژاردنێکی ئازاد لە ئەوروپای رۆژهەڵات ئەنجام بدات، بەڵام هیواشی بەوە هەبوو چونکە ستالین بەڵێنی تەواوی دابوو کە بە زووترین کات ئەو کارە لە پۆڵەندا بکات.

کۆنگرەی یالتا بە گیانێکی تەبایی و هاوکاری لە نێوان هەر سێ هاوپەیمانەکەدا بەڕێوە چوو. هێشتا ئەڵمانیا و یابان نەشکابوون، لانیکەم ئەو سێ هاوپەیمانە دەبوو لانی کەم یەکێتیی ریزەکانیان بپارێزن. وێرای ئەوەی کە چەرچل سور بوو لەسەر ئەوەی کە پێش کۆنگرەی یالتا بەریتانیا و ئەمەریکا هەڵوێستی خۆیان یەک بخەن، بەڵام ئەمە روی نەدا. گفتوگۆکانی یالتا ئەوەی دەرخست کە ئەو سێ دەوڵەتە زلهێزە بە نیازی ئەوە بوون لە دوای جەنگیش هەر گیانی تەبایی و هاوکاری بپارێزن.

## ترومان:

ئەم هاوکاری و تەباییە کەوتە مەترسیەوە، لە ١٢ی نیسانی ١٩٤٥ ڕۆزفلت کت و پڕ کۆچی دوایی کرد. ترۆمان کە جێگری بوو، دوای ئەو بوو بە سەرۆک. ڕۆزفلت بۆ کێشەی رۆژهەڵاتی ئەوروپا سیاسەتێکی ریالیستی پەیڕەو دەکرد، ئەمەش بێگومان بە رۆحێکی هاوکاریکردن لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت. زۆرجاریش لەبەر ئەو هۆکارە سیاسەتەکانی ناکۆک بوون لەگەڵ ئەو بنەما بەرزانەی کە بانگەشەی بۆ دەکردن. ڕۆزفلت باوەڕی بە جیهانێکی ئاوەڵای ئابوری هەبوو کە لە لایەن چوار دەوڵەتەوە: ئەمەریکا، سۆڤێت، بەریتانیا، چین، بەڕێوەببرێت. لە رووی کرداریشەوە ئەمە واتای ئەوە بوو کە ئەمەریکا (بەشێوەیەکی تایبەت) خۆی بڕیارەکان دەدات و یەکێتیی سۆڤێتش بەوە قایل دەبێت، بەو مەرجەی کە هەندێ شتی دەستکەوێت (بۆ نمونە لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا).

سەرۆک ترۆمان زانیاری زۆری لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتان نەبوو، چ جای ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، ڕۆزفلت هەرگیز متمانەی بەو نەدەکرد. ترۆمان ناسیۆنالیستێکی دڕ بوو، باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە کۆمەڵگەی ئەمەریکا لە ڕەگەزێکی باڵان و هەڵبژێردراوی خودان. قێزی لە کۆمۆنیزم دەهاتەوە و بە سەرچاوەی هەموو نەهامەتیەکانی دنیای دەزانی، سەرباری ئەوەش ترۆمان نەیدەتوانی هاو سۆز بێت لەگەڵ ئەو گەل و وڵاتانەی کە دووچاری گیروگرفت دەهاتن. بەهۆی دردۆنگی خۆیەوە دەیویست چەندە بتوانێت بەردەوامی بە سیاسەتەکانی ڕۆزفلت بدات، بەڵام هەمیشە نەیدەتوانی جیاوازی بکات لە نێوان ڕێککەوتنە کۆنکرێتیەکان و گوتاری سیاسی ئەوەی پێش خۆی. سەرەتا بۆ شاردنەوەی نەشارەزایی خۆی لە دۆسییەکاندا، ترۆمان بڕیاری توند و پەلە و سەرپێیی دەدا، بەهۆی ئەوەشەوە زۆر زوو کەوتە کێشەوە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت لەسەر پرسی هەڵبژاردن لە پۆڵەندا. لەگەڵ چەرچڵ حکومەتی کاتیی پۆڵەندا کە ئاراستەیەکی سۆڤێتیی هەبوو بە ڕەسمی ناسی (٥ی تەموزی ١٩٤٥) دوای ئەوەی هەندێ ئەندامی دیکەی لە ڕۆژئاوای پۆڵەندا بۆ زیاد کرا.

## پوتسدام:

کۆمۆنیستەکان لە ڕۆمانیا و بولگاریا، لە ناو حکومەتە ئیئتلافیەکاندا کە دوای ئازادکرانیان لە لایەن یەکێتیی سۆڤێتەوە دروستکران، کاریگەری زۆریان هەبوو. ڕۆژئاواییەکان نەیاندەتوانی ناڕەزایی دەربڕن، لەبەر ئەوەی سۆڤێتیەکانیش هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەر ئیتالیاوە نەبوو کە هێزەکانی ئەنگلوساکسۆنییەکان لە ساڵی ١٩٤٣ ڕزگاریان کرد، بە هەمان شێوەش ڕۆژئاواییەکان نەیاندەتوانی هیچ کاریگەرییەکیان هەبێت بەسەر ئەوروپای ڕۆژهەڵاتەوە کە سۆڤێت داگیری کردبوون.

لە دوای خۆبەدەستەوەدانی ئەڵمانیا لە مایسی ١٩٤٥، چەرچڵ لەوە دەترسا کە بەو نزیکانە سوپای ئەمەریکا ئەوروپا بەجێبێڵێت، ئەو کیشوەرە لاواز و ماندووە بکات بە پارویەکی چەورو ئاسان لەبەردەم سوپای سور.

ستالینیش لای خۆیەوە دەیویست بە زووترین کات پرسی قەرەبووکردنەوەی سۆڤێت یەکلا بکاتەوە، کە لیژنەکەی مۆسکۆ نەیتوانی یەکلای کاتەوە. هیچ ئاماژەیەکیش بۆ ئەوە نەبوو کە ستالین بە نیاز بێت پێشڕەوی بکات بەرەو ئەورووپای خۆرئاوا، تەنانەت سەرۆک ترۆمانیش لەو باوەڕەدا نەبوو ستالین نیازێکی وای هەبێت.

لە سایەی ئەم بارودۆخەدا بوو کە کۆنگرەی پۆتسدام (١٧ تەموز- ٢ی ئابی ١٩٤٥) گرێدرا. سەرۆکی ئەمەریکا ترومان کە بۆ یەکەمجار بوو ستالین ببینێت، هەستی زۆر بە بەهێزی خۆی دەکرد، چونکە یەکەم بۆمبی ئەتۆمی کە لە ١٦ی تەموز تاقیکرایەوە زۆر سەرکەوتوو بوو. ترۆمان بە ئانقەست کۆنگرەکەی دواخستبوو بۆ ئەوەی بکەوێتە دوای یەکەمین بەکارهێنانی، ئەو دەیویست کاتێک چاوی بە ستالین دەکەوێت بۆمبە ئەتۆمیەکە لە ناو جانتاکەیدا بێت.



ئاتلی، ترومان، ستالین لە پۆتسدام

هەروەها وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا (جەیمس بیرنس) و چەرچڵ دەیانویست بە چەکی ئەتۆم، سۆڤێت ناچار بکەن سیستەمی دیموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا دابمەزرێنێت، بەڵام دەرکەوت هەژموونی ستالین بەسەر ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوە زۆر لە چەکی ئەتۆمی بەهێزترە. دواتر چەرچڵی بەد بەخت کە هەڵبژاردنەکانی دۆڕاندبوو، دەبوو لەگەڵ وەزیری دەرەوەیدا (ئەنتۆنی ئیدن) لە نیوەی کۆنگرەکەدا بگەڕێتەوە بۆ بەریتانیا. دوای چەرچل (کلیمینت اتلی) سۆشیالیست بوو بە سەرۆک وەزیران و (ئەرنست بیڤن) بوو بە وەزیری دەرەوە.

لەگەڵ بڕیارەکانی تایبەت بە ناوچە داگیرکراوەکان، ئامادەبووان لە دوای گفتوگۆیەکی درێژ لەسەر قەرەبوو کردنەوەی سۆڤێت ڕێککەوتن. دەوڵەتانی ئەنگلوساکسۆنی دەیانویست ڕێگا بگرن لەوەی کە سۆڤێت هەموو ئەڵمانیا تاڵان بکات، لە کاتێکدا دەبوو مافەکانی سۆڤێتیش لە قەرەبووکردنەوە پەسەند بکەن. بەمجۆرە بڕیار درا هەموو داگیرکەرێک لەو بەشەی کە داگیری کردووە قەرەبووەکانی خۆی وەربگرێتەوە لە ئامێر و ئامرازی پیشەسازی و کەرەسەی بەرهەمهێنراوی تەواو. سۆڤێت بە بەهای ١٠ ملیارد دۆلار قەرەبووی وەرگرتەوە، هەروەها ڕێگای پێدرا کە بە ڕێژەی ٢٥٪ ئەو ئامێر و کەرەستانە بەرێت لە ناوچەکانی ڕۆژئاوا کە گرنگ نەبوون بۆ (ئابورییەکی ئاشتیخواز). بەرامبەر بە ڕێژەی ١٥٪ی ئەو پیشەسازیانە دەبوو بەهەمان بڕ پێداویستی خۆراک و کەرەسەی خام ڕەوانە بکەن بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوا. لە رووی پراکتیکەوە هیچ شتێکی ئەم ڕێکەوتنە جێبەجێ نەکرا و ڕێگا بە سۆڤێت نەدرا هیچ ئامێر و ئامرازێکی پیشەسازی لە ناوچەکانی خۆرئاوا تاڵان بکات.

پۆڵەنداش لە ڕۆژەڤی کارەکاندا بوو. ئەندامانی حکومەتی پۆڵەندا لە ڕاست و چەپەکانیانەوە لەگەڵ ئەوەدا بوون کە (ئۆدەر نایسە) سنوری کۆتایی بێت بۆ ڕۆژئاوای پۆڵەندا. ملیۆنان ئەڵمانی لەو شوێنانە هەڵهاتبوون، هاوبەشە ئەنگلۆساکسۆنیەکان ئامادە نەبوون ئەو دیفاکتۆیە پەسەند بکەن و ئاماژەیان

بۆ گرێدانی کۆنگرەی ئاشتی دەکرد لەگەڵ ئەڵمانیا. ستالینیش لەم بارەوە زۆر فشاری نەکرد.




فراوان بوونی یەکێتیی سۆڤێت لەدوای جەنگی دووەمی جیهان

ستالین و ترۆمان تا رادەیەک رێکەوتن لەسەر خاڵێکی هاوبەش، ئەویش ئەوەیە کە: پێشنیازەکانی یابان بۆ ئاشتی لە ئێستادا پەسەند ناکرێت. وەزیری جەنگ (هەنری ستیمسۆن) دەیویست لە رێگای پەسەند کردنی پێشنیازەکانی یابانەوە بە زووترین کات جەنگ کۆتایی بێت و گرەنتیی پاراستنی ئیمپراتۆریش بکرێت. ترۆمان و بیرنس زۆر بە توندی دژی ئەوە بوون. لە پۆتسدامەوە یاداشتێک لە لایەن ئەمەریکاو چین و بەریتانیا وە

ڕەوانەی ژاپۆن کرا، دوا ئاگادارکردنەوەیە یابانی تێدا تۆمار کرابوو: بەبێ هیچ مەرجێک دەبێت ژاپۆن خۆی بەدەستەوە بدات.

ستالین کە هەتا ئەو کاتە بە فەرمی بێلایەن بوو، دەیویست خێرا ئەو ناوچانەی کە لە ساڵی ١٩٠٥دا لە دەستی دابوون، بەر لە کۆتایی جەنگ هەمووی بگرێتەوە. هێزەکانی لە پێشڕەویدا بوون بەرەو مەنشۆریا.

ترۆمان کە ئێستا ئیتر چەکی ئەتۆمی بەدەستەوەیە، هیچ هۆکارێکی نەبوو بۆ ڕاگرتنی جەنگ بەبێ ئەوەی جارێ ئەو چەکە تازەیە بەکار بهێنێت. هەر لە کاتی کۆنگرەکەدا فەرمانیدا ئەو دوو بۆمبە ئەتۆمە بگوێزنەوە کە بڕیار بوو بیکێشێت بە ژاپۆندا. ئەو بۆمبانە ئامادە کران بۆ ئەوەی لە دژی ژاپۆن بەکار بهێنرێن. ترۆمان لەو باوەڕەدا بوو بەهۆی ئەو بۆمبە ئەتۆمیانەوە دەتوانێت ژاپۆن ناچار بکات بەبێ هیچ مەرجێک خۆی بەدەستەوە بدات. هەروەها بە نیاز بوو لە مانگی ت٢ هێزەکانی دابەزێنێتە سەر (کیۆشۆ)، بەر لەوەی سۆڤێت بەشێکی زۆری مەنشۆریا داگیر بکات، بەمجۆرەش لە دوای جەنگ دەتوانن پێگەی خۆیان هەبێت لە یابان. ترۆمان دەیویست یابان هەمووی بۆ ئەمریکا بێت.

## خۆبەدەستەوەدانی یابان:

لە ٦ی ئابدا بۆمبێکی ئەتۆمی کێشرا بە هیرۆشیما و لە ٩ی هەمان مانگ بۆمبێکی تر کێشرا بە ناکازاکی. بە گوێرەی ڕێکەوتنەکان سۆڤێتیش لە ٨ی ئابدا جەنگی لە دژی ژاپۆن ڕاگەیاند و بەرەو مەنشۆریا پێشڕەوی کرد. ژاپۆنیەکان لە ١٠ی مانگدا خۆبەدەستەوەدانیان ڕاگەیاند بەو مەرجەی کە ئەمەریکا ئیمپراتۆر بپارێزێت. کاتێک ئەمەریکا لە ١١ی ئابدا بەوە قایل بوو ئیمپراتۆری ژاپۆن لە ڕێگای ڕادیۆوە، ڕۆژی ١٥ی مانگ خۆبەدەستەوانی ژاپۆنی ڕاگەیاند. هەندێ ئەفسەری یاخیبوو هەوڵیاندا ئیمپراتۆر پاشگەز بکەنەوە لەو بڕیارە.

لە مایسی ١٩٤٥ەوە ئیمپراتۆر (هیرۆهیتۆ) و سەرۆک وەزیرانی نوێ (بارون کانتارۆ سیوزوکی) لەگەڵ هەردوو وەزیری دەرەوە و هێزە

دەرياييەكان، لە هەوڵی ئەوەدا بوون پرسی خۆبەدەستەوەدانی ژاپۆن لەگەڵ ئەمریكییەكان تاوتوێ بكەن، بەو مەرجەی كە سیستەمی پاشایەتی پارێزراو بێت. لە ٢٢ی مایسدا هیرۆهیتۆ بڕیارەكەی دەركرد و لەسەر فەرمانەكانی ئەو، حكومەتی یابان دەستبەجێ هەوڵیدا لە ڕێگای سۆڤێتەوە (كە تا ئەو كاتە بێ لایەن بوو) لەگەڵ ئەمەریكییەكان بكەوێتە گفتوگۆ. هیچ كام لە ئەمریكا و سۆڤێت ئامادە نەبوون وەڵامی داواكەی ژاپۆن بدەنەوە.

پێشنیازی خۆبەدەستەوەدانی ژاپۆن لە ١٠ی ئاب لە بنەڕەتا لەو بیرۆكەیەوە سەرچاوەی گرتوە: (پێشتر خۆی لە لایەن ئەمەریكاوە ژاپۆن شكستی هێنابوو)، بەڵام ئەگەر سۆڤێت هێرش بكات ئەوە بە تەواوی دادەڕمێت و لەناو دەچێت و وادەكەوێتەوە كە سۆڤێت ژاپۆنی بە چۆكاهێنابێت. وێران كردنی ئەو دوو شارە بە بۆمبای ئەتۆم بە شێوەیەكی كەم هۆكار بوون لە خۆبەدەستەوە دانی ژاپۆن. شارەكانی ژاپۆن رۆژانە لە لایەن ئەمریكاوە بە بۆمبی سوتێنەر بۆردومان دەكران. بەر لە ٦ی ئاب شەست شاری ژاپۆن كرابوون بە سوتماك، ٦٠٠ هەزار كەس كوژرابوون و ملیۆنێكی تر بریندار ببوون، هەشت ملیۆن كەسیش لە شارە سوتاوەكان ئاوارە ببوون، وێرای ئەمانەش ژاپۆنیەكان ئاسەواری تەقینەوەكەیان نەدەزانی.

ئێستا ئەمریكیەكان بۆخۆبەدەستەوەدان یەک مەرجیی ژاپۆنیان پەسەند كرد، كە پاراستن و هیشتنەوەی ئیمپراتۆر بوو، ئەو ئیمپراتۆرەی كە بە تاوانباری جەنگ ناودێر كرابوو. دەبوو بە زووترین كات جەنگ كۆتایی بێت و ڕێگا لەوە بگیرێت كە سۆڤێت شكستێكی گەورە بەسەر ژاپۆنیەكاندا بێنێت، ئەوەش وا بكات كە لەداگیركردنی ژاپۆندا ببنە شەریكە بەشی ئەمەریكا و لە ئایندەی ژاپۆن قسەیان هەبێت.

دوای هەموو ئەوانە دەبوو داستانێک دروست بكرێت كە وێنەی ئیمپراتۆرێكی تاوانباری جەنگ بگۆڕێت بۆ كەسێكی تینو بۆ ئاشتی، كە لە كاتی جەنگدا وەكو بوكەڵەیەک بووە بەدەستی ژەنراڵەكانەوە. سەرچاوە بەردەستەكان وێنەیەكی تەواو جیاوازیان بۆ هیرۆ هیتۆ دروستكردووە. ئەو لەئامادەكارییەكانی جەنگدا رۆڵی هەبووە و ڕەزامەندیش بووە بە جەنگ.




یەکەمین بۆمبی ئەتۆم بەڕێگاوەیە بەرەو هیرۆشیمای یابان. ڕۆکێتەکە بە ناوی دایکی فڕۆکەوان پاوڵ تیبیتس ناونرا

ناکرێت بە تەواوی ئاگای لەو هەموو تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیانە نەبووبێت کە بەناوی ئەوەوە ئەنجام دراون. هەتا کاتی داگیرکردنی ئۆکیناوە لە مانگی مایسی ١٩٤٥ لە لایەن ئەمەریکاوە، ئیمپراتۆر بەردەوامیی بە جەنگ دا، ئینجا دواتر خۆی بەدەستەوەدا، چونکە لەوە دەترسا کە خەڵکی ژاپۆن لەژێر کاریگەری بۆردومان و ئاستەنگیەکانی ژیان لە ڕژێمەکەی هەڵگەڕێنەوە. ڕاپۆرتەکانی دەزگای پۆلیس بەو ئاراستەیەدا هۆشدارییان داوە.

هیرۆهیتۆ تەنها بەو مەرجە خۆی بەدەستەوەدا کە لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە و وەکو تاوانباری جەنگ دادگایی نەکرێت. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە: بۆچی ئەمریکیەکان پێشنیازی خۆبەدەستەوەدانی ژاپۆنیان لە حوزەیرانی ١٩٤٥ پەسەند نەکرد؟ ڕێکەوتنێکی خێرای لەو جۆرە جەنگی سۆڤیێتی لە دژی ژاپۆن هەڵدەوەشاندەوە و پێویستیش نەدەکرا بۆمبی ئەتۆمی بەکاربهێنرێت. لە ڕاستیدا ترۆمان بوێری ئەوەی نەبوو لەو کاتەدا لە هەڵویستی ڕۆزفلت

لابدات کە دەیویست ژاپۆن بەبێ هیچ مەرجێک دەبێت خۆی بەدەستەوە بدات، بۆیە ئارەزوی ئەوەی نەبوو لەگەڵ ژاپۆنیەکاندا گفتوگۆ بکات، بە دڵنیایشەوە حەزی لە میانگیری سۆڤێت نەبوو. شایانی باسە ژاپۆن لە مانگی حوزەیراندا بە تەواوی ئابلوقە درابوو، هێزە ئاسمانی و دەریاییەکانی بە تەواوی پەکی خرابوو، بۆیە پارویەکی چەور و ئاسان بوو بۆ ئەمەریکا، کە ئەو کاتە چەکی ئەتۆمی بەدەست خستبوو.

هەرچەندە ناتوانرێت ١٠٠٪ ئەوە بسەلمێنرێت، بەڵام دەکرێت قسەیەکی زۆر لەسەر تێزەکەی (گار ئەلپیرۆڤیتز[٢٤]) بکرێت. ئەو لەو باوەڕەدایە کە ترۆمان و بە تایبەتی بیرنس، پێشنیازی خۆبەدەستەوەدانی ژاپۆنیان بە هەند وەرنەدەگرت بۆ ئەوەی بتوانن گۆڕەپانێکی نوێ بدۆزنەوە بۆ جەنگ تا بتوانن بۆمبی ئەتۆمی تێدا تاقی بکەنەوە، بەمەش دەیانویست یەکێتیی سۆڤێت بترسێنن و ناچاری بکەن لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا گوێڕایەڵیان بێت. سەرباری ئەوەش ژەنراڵ لیزلی گرۆڤز (Leslie Groves) سەرکردەی پرۆژەی نهێنی مانهاتن، فشاری زۆری دەهێنا بۆ ئەوەی بۆمبی ئەتۆم لە ناوچە جەنگیەکان تاقی بکرێنەوە تاوەکو پاساو بۆ ئەو هەموو تێچوون و هەوڵە زۆرانە بهێننەوە، هەروەها بەردەوامی پرۆژەکە مسۆگەر بکات. بۆ پاساو هێنانەوەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی دواتر بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو نوقڵانەوەی ئەوە لێدەدرا کە گوایا ئەو بۆمبە گیانی سەدان هەزار

---

٢٤ مێژوو نوس و ئابوری ناسی ئەمەریکی (Gar Alperovitz)،١٩٣٦-، لە زانکۆی پادشایەتی کامبێردج کاری کردووە. یەکێکە لە دامەزرێنەرەکانی پەیمانگەی هارڤارد، مامۆستای چەندان زانکۆی ئەمەریکی بووە. بەڕێوبەری بەشی یاسادانان بووە لە ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا. ساڵی ١٩٦٥ تێزی دکتۆراکەی لە کامبێردج بڵاو کرایەوە. لە بەشێک لەتێزەکەیدا کە پشتی بە چەندین بەڵگەنامە بەستووە ئەوە دەخاتە روو کە لە دوای شکستی ئەڵمانیا لە جەنگی جیهان دووەمدا، بڕیاربەدەستانی سیاسی لە ئەمەریکا ستراتیژێکی تازەیان لە بەرامبەر یەکیتیی سۆڤێت دارشت کە ئەویش بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی بوو بۆ ئەوەی یەکێتیی سۆڤێت چاوترسێن بکەن و لە داڕشتنەوەی سیستەمی سیاسی دوای جەنگ ملکەچی بکەن. ئەو لەو باوەڕەدایەدا بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی بۆ ملکەچکردن و خۆبەدەستەوەدانی یابان نەبووە، ئەوەندەی بۆ پێشاندانی هێز و هەڕەشەکردن بووە لە یەکێتیی سۆڤێت. وەرگێڕ.

کەسی ئەمریکی پاراستووە، لە کاتێکدا سوپا شیمانەی ئەوەی کردبوو کە بۆ داگیرکردنی یابان لانی زۆر ٤٦ هەزار قوربانی دەکەوێتەوە. لە سەرو هەموو ئەوانەشەوە چاوەڕێ دەکرا بەبێ بەکارهێنانی چەکی ئەتۆم و بەبێ ڕاگەیاندنی جەنگ لە لایەن یەکێتیی سۆڤێتەوە یابان زۆر بە ئاسانی بەر لە یەکی مانگی ت٢ بڕستی لەبەر دەبڕێ و بە ناچاری خۆی ڕادەست دەدات.

ڕاستەوخۆ لە دوای هیرۆشیما و ناکازاکی، گرفتێکی ئاڵۆز لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هاتەگۆڕێ: ئەمەریکا بۆمبی ئەتۆمی هەبوو، یەکێتیی سۆڤێت نەیبوو. سۆڤێت دەیزانی کە نابێت تەقاندنی ئەو دوو بۆمبەی ئەمەریکا بەهەڵە تێبگەن: ئامانجی ئەو کارە ترساندنی یەکێتیی سۆڤێت بوو سەبارەت بە پرسی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا نەک ناچارکردنی ژاپۆنیەکان بۆ خۆبەدەستەوەدان. بەو شێوەیە دووا بۆمبەکانی جەنگی دووەمی جیهانی، یەکەمین بۆمبەکانی جەنگی سارد بوون. وردەکاریەکان گرنگ نین: بۆمبەکان ئەتۆم بوون، گاڵتەیان لەگەڵدا نەدەکرا!

## بەشی سێیەم
## گرژی و ئاڵۆزی (١٩٤٥-١٩٥٣)

چاوەڕێیان بووین تا دەگەنە سەر زەوی، دەمانتوانی بە تەواوی دەمووچاویان ببینین، ئێمە خەیاڵی شتی ترمان دەکرد، بەڵام کە دیمان ئەوان بە تەواوی لە مرۆڤی ئاسایی دەچوون، ئەوانە ئەمریکییەکان بوون

گاردی ٨٨ی سۆڤێت

پێشبینیمان نەدەکرد داخۆ دەبێت ئەوانە چۆن رەفتارێک بکەن، بەڵام کاتێک تەماشام کردن شتێکی سەیر بوو ئەزانی؟ ئەگەر جلی ئەمەریکیت بکردایەتە بەریان رێک لە ئەمریکی دەچوون.

ئالئەڕۆنسۆن، هێزی ٦٩ی پیادەی ئەمەریکا

### باڵادەستیی تەکنەلۆژی و سەربازی و ئابوریی ئەمەریکا:

جەنگی دووەمی جیهانی بۆ ئەوروپا بەوجۆرە تەواو بوو کە هتلەر پێشبینی کردبوو: رۆژئاوای ئەوروپا لە لایەن ئەنگلوساکسۆنیەکانەوە داگیرکرا و سەرەنجام کەوتە ژێر هەژموونی ئەمریکاوە. ئەوروپای رۆژهەڵاتیش کەوتە ژێر دەسەڵاتی سۆڤێتەوە. ئەوروپا زیانێکی یەکجار زۆری وێکەوتبوو. گەلانی ئەوروپا وەک هێزێکی جیهانی نەمان، لە راستیدا لە ساڵی ١٩٤٥دا تەنها یەک زلهێزی جیهانی هەبوو: ئەمەریکا. خاوەنی گەورەترین هێزی دەریایی، بەهێزترین هێزی ئاسمانی، وێرای ئەوەش چەکی ئەتۆمی بە دەستەوە بوو ، دەیتوانی لە هەموو کونج و سوچێکی دنیادا ئۆپەراسیۆنی سەربازی بکات. هەژمونێکی ئابوری سەرنجڕاکێشی هەبوو.

لە کاتی جەنگدا خاکی ئەمەریکا بە سەلامەتی مایەوە و تەنها ٤١٠ هەزار کوژراویان هەبوو. لە ساڵانی جەنگدا ژمارەی دانیشتوانی ئەمەریکا لە ١٣١ ملیۆنەوە هەڵکشابوو بۆ ١٤٠ ملیۆن. سەراپای بەرهەمی نەتەوە لە ٩٠.٥ ملیار دۆلارەوە لە ساڵی ١٩٣٩ بەرز بۆوە بۆ ٢١١.٩ ملیار دۆلار لە ساڵی ١٩٤٥. لە ساڵی ١٩٤٣دا بەرهەمی کەرەسەی سەربازی لە ئەمەریکا لەبەرهەمی ئەڵمانیا و بەریتانیا و یەکێتیی سۆڤێت پێکەوە زیاتر بوو. کەرتی کشتوکاڵیش

بەشێوەیەکی ناوازە پێش کەوتبوو: لە سەروبەندی جەنگدا بەرهەم بە ڕێژەی ١٥٪ زیادی کردبوو. ژمارەی ڕەشەوڵاخ لە ٦٦ ملیۆن سەرەوە لە ساڵی ١٩٣٩ هەڵکشابوو بۆ ٨٣ ملیۆن سەر لە ساڵی ١٩٤٥. ئەمەریکا ببووە زەبەلاحێکی ئابوری. ساڵی ١٩٤٧ کۆنترۆڵی ٥٩٪ی سەرچاوەکانی پترۆلیان کردبوو، سێ یەکی هەناردەکانی جیهان ئەمەریکی بوون، یەدەگی زێر بە ڕێژەی ٧٥٪ لە ژێر دەستی خۆیاندا بوو. ساڵی ١٩٤٨ ڕێژەی ٤١٪ی هەموو شمەک و خزمەتگوزاریەکانیان بەرهەم دەهێنا و ٥٠٪ ئامێر و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە ژێر دەستی خۆیاندا بوو. تێکڕای داهاتی تاکە کەسێک ١٤٥٣ دۆلار بوو، لە کاتێکدا لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ٣٢٠ دۆلار، لە فەرەنسا ٤٨٢ لە بەریتانیا ٧٧٣ دۆلار بوو.

ئەوروپا ملیۆنان کوژراوی هەبوو، ژێرخانی خاپور کرابوو، سیستەمی پەیوەندییەکانی وێران ببوون. ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٤٦کەمتر لە سێ یەکی ساڵی ١٩٣٨ی بەرهەم دەهێنا، سەراپای بەرهەمی نەتەوەی تەنها ٤٥٪ بوو لەچاو ساڵی ١٩٣٨.



بەرلین لەدوای جەنگ ١٩٤٥

ئیتالیاش بە هەمان شێوە بوو، سەراپای بەرهەمی نەتەوەیی لەساڵی ١٩٤٥ تەنها ٤٠٪ی ساڵی ١٩٣٨ بوو. فەرەنسا لە ساڵی ١٩٤٨دا سەراپای بەرهەمی نەتەوەی تەنها٤٥٪ بوو لەچاو ساڵی ١٩٣٨.بەریتانیا سەرەڕای قەرزارییەکی زۆر بارودۆخی لەوانی تر باش تر بوو. لە ساڵی ١٩٤٨دا سەراپای داهاتی نەتەوەی ١٠٦٪ بوو بە بەراورد بە ساڵی ١٩٣٨، بەریتانیا هێشتا دووەم دەوڵەتی پیشەسازی جیهان بوو. لەو وڵاتانە و لە زۆرینەی وڵاتانی دیکەی ئەوروپا ژمارەیەکی یەکجار زۆری خەڵک لە ژێر هێڵی هەژارییەوە دەژیان. لە ساڵەکانی جەنگدا سەراپای بەرهەمی ناوخۆی ئەوروپا (جگە لەیەکێتیی سۆڤێت) بە ڕێژەی ٢٥٪ دابەزیبوو، بەرکەوتەی تاکە کەس لە بەرهەمی ناوخۆ لە ئەوروپا نیوەی ئەمەریکا بوو. بارگرانی قەرز لەسەر دەوڵەتانی ئەوروپای خۆرئاوا بە تایبەت بەریتانیا یەکجار قورس و بەرز بوو. زۆرینەی دەوڵەتانی ئەوروپا بەبێ قەرز و یارمەتی خۆراکی ئەمەریکا نەیاندەتوانی بەردەوام بن لە ژیان. ڕەوشی ژیان هێندە گران و قورس بوو بەشێکی زۆری سیاسەتمەدار و پسپۆڕانی ئابوری لەو باوەڕەدا بوون کە ئەوروپا هەرگیز هەڵناسێتەوە.

یەکێتیی سۆڤێت خراپتر بوو، ٢٦ ملیۆن هاوڵاتی و سەرباز کوژرابوون. ژمارەی دانیشتوانی یەکێتیی سۆڤێت لە ١٩٤ ملیۆنەوە لە ساڵی ١٩٤٠ دابەزیبوو بۆ ١٧٠ ملیۆن کەس لە ساڵی ١٩٤٥. ٣٠ هەزار کارگە و ٤٠ هەزار میل لە هێڵی ئاسنی شەمەنەفەر وێران کرابوون. بەرهەمی کشتوکاڵی لە ساڵی ١٩٤٥دا تەنها ٥٠٪ی ڕێژەی ساڵی ١٩٤٠ بوو. ١٧١٠ شار و ٧٠ هەزار گوند وێران کرابوون. ٢٥ ملیۆن کەس بێ خانە و لانە بوون. لە هەندێ ناوچەی غەیرە روسی بارودۆخ نا ئارام بوو، ئۆکرانیە ناسیۆنالیستەکان لە ڕۆژئاوای وڵات شەڕێکی سەختی پارتیزانییان لە دژی سۆڤیەت بەرپاکرد هەتا ساڵی ١٩٥٢ی خایاند.

ئەم بارودۆخە ئابورییە بە شێوەیەکی زۆر بنەڕەتی لە سیاسەتی دەرەوەی هەریەکە لە سۆڤێت و ئەمەریکا ڕەنگدەداتەوە. سەرۆک ترۆمان و حکومەتەکەی هەستیان بە متمانە و هێز دەکرد. بڕوایان بە باڵادەستیی

سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و فەرهەنگیی ئەمەریکا هەبوو، حەزیان دەکرد لە هەموو دنیادا ئەو کەلتورە بڵاو بکەنەوە. بە پێچەوانەی (ڕۆزفلت) ەوە، ئامادە نەبوون هیچ جۆرە سازشێک لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت بکەن. تاکە شتێک کە ئەوانی نیگەران دەکرد بێ بازاڕی بوو وەک ئەوەی کە لە سییەکاندا رویدا. بۆ ئەوەی ئەمە روونەداتەوە دەبوو جیهان هەمووی بازاڕێکی ئازادی گەورە و یەکگرتوو بێت، ئەوەش بەو واتایە دەهات کە ئەمەریکا دەیویست هەموو کۆلۆنییە ئەوروپیەکان و ئەوروپای رۆژهەڵاتی بن هەژمونی سۆڤێت ئاوەڵا بکات. لەو باوەڕەدا بوون ئەوروپای رۆژئاوا کە زۆر لاواز و بێ هێز بووە بە ئاسانی مل دەدات، بەڵام رەنگە بە ئازادیی گەیشتن بۆ رۆژهەڵاتی ئەوروپا توشی سەرئێشەیان بکات لەگەڵ سۆڤێت.

ستالین دەیزانی ئەمەریکا زۆر بەهێز بووە و خۆشی لاواز، یەکەم و گرنگترین ئامانجی ئەوە بوو کە ئابوری وڵات ببوژێنێتەوە. بە هیوای ئەوە بوو کە قەرزێکی گەورەی ٦ملیار دۆلاری لە ئەمەریکا بکات، هەروەها چاوی لەوە بوو کە ١٠ ملیار دۆلار قەرەبوو لە ئەڵمانیا وەربگرێتەوە کە لە کۆنگرەکانی یالتا و پوتسدام بەڵێنی پێدرابوو. بۆ ئەوەی ئەو پارەیەشی دەست بکەوێتەوە چاوی لەوە بوو کە دەستی بە هەموو ئەڵمانیا بگات، بەڵام هاوپەیمانە ئەنگلۆساکسۆنیەکانی لە ساڵی ١٩٤٦ ڕێگەی ئەوەیان نەدا، ئەمەش بووە هۆی بەرپابوونی جەنگی سارد.

سەرباری هەموو ئەو پێشکەوتنە گرنگانە، ئەمەریکا لە رووی تەکنەلۆژیای سەربازییەوە باڵا دەستیی ئاشکرای هەبوو، ئەمەش لە هیرۆشیماو ناکازاکی رەنگی دایەوە. لە ساڵی ١٩٤٦ ڕێککەوتنی " کۆنترۆڵکردنی چەکی ئەمەریکا" پێشنیاز کرا، کە بە (پلانەکەی باروخ[٢٥]) ناوی دەبرێت. یەکێتی سۆڤێت ئەوەی

٢٥ Bernard Baruch سەرمایەدارو سیاسەتمەدارێکی بە بنەڕەت جولەکەی ئەمریکی بوو، رۆڵی سەرەکی هەبوولە داڕشتنی ئەو راپۆرتەی لەمەڕ جەکی ئەتۆم پێشکەش بە رێکخراوی وزەی ئەتۆمی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان (UNAEC) کرا. پێشتر ئەمەریکا و بەریتانیا و کەنەدا داوایان لە رێکخراەکە کردبوو کە وزەی ئەتۆم لە رێگای دروستکردنی رێکخراوێکەوە بە بەرنامە کارەکانی خۆی بکات و لە ژێر کۆنترۆڵدا بێت. بەڵام لەبەر ئەوەی مۆنۆپۆڵی وزە و چەکی ئەتۆمی دابووە دەستی ئەمەریکا، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی

پەسەند نەکرد چونکە گرەنتی مۆنۆپۆڵکردنی چەکی ئەتۆمی بۆ ئەمەریکا هێشتبۆوە، هەروەها ئەمریکاش پێشنیازی یەکێتیی سۆڤیێتی رەتکردەوە کە داوای کردبوو هەموو جۆرە چەکێکی ئەتۆم لە ناو ببرێت (کە تەنها ئەمەریکا هەی بوو).

## ململانێی سیاسی لەسەر ئێران و تەنگەبەرەکانی تورکیا (١٩٤٥-١٩٤٦):

لە یەکەمین مانگەکانی دوای کۆتایی شەڕ، لە ڕێگای تانە و تەشەر و مشتومڕێکی زۆرەوە، لە نێوان هەردوو بلۆکدا گرژی و ئاڵۆزییەکان توندتر دەبوونەوە. ترۆمان لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێت سنورێک بۆ فراوانبوونی یەکێتیی سۆڤیێت دابنرێت، هەروەها کۆمۆنیزمی بە مەترسیدار دەزانی و نەدەبوو زیاتر بەهێزتر بێت. گرنگ نیە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا لە ژێر هەژمونی سۆڤیێتدا بن، بەڵام رژێمەکانیان دەبوو"ئاوەڵا" و دیموکراس بن. لە ئۆراسیا نەدەبوو یەکێتیی سۆڤیێت لە هیچ بارودۆخێکدا هێزێکی باڵادەست بێت. کەس ترسی ئەوەی نەبوو کە یەکێتیی سۆڤیێت هێرش بکاتە سەر رۆژئاوای ئەوروپا، چونکە ئەمە لە رووی مادیەوە مەحاڵ بوو.

بەریتانیاش بە تەواوی لەگەڵ ئەو بیرو بۆچوونانەی سەرەوەدا بوو. "کلیمێنت ئاتلی" و "ئێرنست بێڤن" هەڵویستیان بەرامبەر بە یەکێتیی سۆڤیێت لە ئەمەریکییەکان توندتر بوو. بەریتانیا دەیویست سەرلەنوێ ببێتەوە بە زلهێز و لەو باوەڕەدا بوو بەهۆی ئەو پێگەیەوە کە هەیەتی ناچارە بە توندی مامەڵە لەگەڵ سۆڤیێتدا بکات. ستالین بەریتانیای وەک دوژمنی سەرەکی یەکێتیی سۆڤیێت دەبینی.

زۆر بە خێرایی ژمارەیەک قەیران سەریانهەڵدا. ئەمریکیەکان لەو باوەڕەدا بوون کە سۆڤیێت بەنیازە دەست بەسەر ئێران و پترۆلی ئێراندا بگرێت. لە راستیدا ئەوان بارودۆخی جەنگیان قۆستەوە. کاتێک ئەمەریکی و بەریتانیەکان و سۆڤیێت، ئێرانی دۆستی ئەڵمانیایان داگیر کرد، سۆڤیێت دەیویست شوێنی بەریتانیا لە ئێران بگرێتەوە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە سۆڤیێتیەکان تەنها

---

لەسەر داوای یەکێتیی سۆڤیێت لەمانگی ک ١ی ١٩٤٦ پەسەندی نەکرد. وەرگێڕ.

دەیانویست ئیمتیازەکانی نەوت بۆ خۆیان بەرن. بۆ ئەوەی فشاری زیاتر بخەنە سەر ئێران، سۆڤێتیەکان پشتوانی ئازەرییەکان و کوردەکانیان کرد، هەردووکیان کۆمارێکی خودموختارییان ڕاگەیاند. هەروەها لەملاشەوە سۆڤێت هاوکاری پارتی کۆمۆنیستی ئێران (تودە)ی دەکرد. ململانێکە لە بەرژەوەندی ئەمەریکا کۆتایی هات. لە مایسی ١٩٤٦دا دوای ئەوەی سۆڤێت ڕێکەوتنی ئیمتیازی نەوتی لەگەڵ ئێراندا کرد، سوپای سور کشایەوە، بەڵام ستالین هیچی دەست نەکەوت، چونکە دواتر پەرلەمانی ئێران ڕەزامەندی لەسەر گرێبەستی نەوت نەکرد و هەموو ئیمتیازاتی نەوتی ئێران بەدەست کۆمپانیای ئەنگلۆ- ئێرانیەوە مایەوە. لە ک ١ی ١٩٤٦دا حکومەتی ئێران بە پاڵپشتی ئەمەریکا بە ئاگر و ئاسن ئازەری و کوردەکانی سەرکوت کرد. بەمجۆرە ئێران لە ژێر هەژموونی ئەمەریکا مایەوە هەتا کۆتایی هەفتاکان.

لەسەر هەردوو تەنگەبەری بۆسفۆر و دەردەنیلیش قەیران دروست بوو. بە گوێرەی ڕێکەوتنی مۆنترۆ (١٩٣٦)، دەبوو تورکیا ڕێگا لە هەموو کەشتییە جەنگییەکان بگرێت کە بیانەوێت لەو تەنگەبەرانەوە هاتوچۆ بکەن، تورکیا بێلایەن بوو بەڵام هەتا حوزەیرانی ١٩٤٤ تورکیای هاوسۆزی ئەڵمانیا ڕێگای بە کەشتییەکانی ئەڵمانیا دەداو ڕێگای لەوانەی سۆڤێت دەگرت. پێشتر هەریەکە لە ڕۆزفلت و چەرچل لە کۆنگرەی تاران بەڵێنیان بە ستالین دابوو کە میانگیری بکەن لەگەڵ حکومەتی تورکیا بۆ گرەنتی کردنی تێپەڕبوونی ئازادانەی کەشتیەکانی سۆڤێت لەو تەنگەبەرانە. هەمووشیان لە کۆنگرەی پوتسدام کۆک بوون لەسەر ئەوەی پێداچوونەوە بە ڕێکەوتنی مۆنترۆ بکرێت. لە مارتی ١٩٤٥ ستالین فشاری خستە سەر تورکیا بەوەی کە ڕێکەوتنی (دەستدرێژی نەکردن) نوێ ناکاتەوە. لە حوزەیراندا جۆرێک لە هۆشداری بە تورکەکاندا: سۆڤێت تەنها پێداچوونەوەی بە ڕێکەوتنی مۆنترۆ ناوێت بەڵکو ناوچەکانی قارس و ئەردەهانیشی دەوێتەوە،ساڵی دواتر دەستیان بە شاڵاوی پروپاگەندەی شەڕ کرد بۆ بەدیهێنانی ئەو داوایانە.

دەرەنجامی ئەم هۆشداریانە ئەوە بوو کە تورکیا نەک تەنها هێزەکانی خستە ئامادە باشی بەڵکو داوای هاوکاری ئەمەریکاشی کرد. ئەمەریکا لە

شوباتی ١٩٤٦کەشتیی جەنگی میسۆری نارد بۆ تورکیا. کاتێک سۆڤێت لە ٧ی ئابی ١٩٤٦ داوای لە تورکیا کرد کە پێکەوە بەرگری هاوبەش لە تەنگەبەرەکان بکەن، تورکیا ئامادە نەبوو، ئەمەریکا دەستبەجێ نوێترین کەشتی هەڵگری فڕۆکەی رەوانەی رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست کرد، بۆ یەکەم جار ترۆمان فەرمانی ئامادەسازی دەرکرد بۆ جەنگ لە دژی سۆڤێت. ستراتیژی وێران کردنی شارەکانی سۆڤێت بە چەکی ئەتۆم دانرا، لە ئەگەری سەرهەڵدانی هێرشی سۆڤێت، ترس لەوە هەبوو تورکیا و دواتریش یۆنان بکەونە بن دەستی بلۆکی سۆڤێتەوە. بەریتانیەکانیش لەوە دەترسان سۆڤێت کەناڵی سوێس داگیر بکات و لە کۆتایدا ئیتالیاش بگرن.

ئایا نەخشەیەکی سۆڤێتی لەو جۆرە هەبووە؟ هەرگیز ناتوانرێت ئەمە پشتڕاست بکرێتەوە. لە راستیدا سۆڤێت پابەندبوون بە رێکەوتنەکانیان لەگەڵ چەرچل، دەستوەرنەدانیان لە شەڕی ناوخۆی یۆنان، ئاماژەیە بۆ ئاراستەیەکی جیاواز. رەنگە ئەوانە زیاتر لە خەمی کۆنترۆڵی توندی تورکیا و تەنانەت ئەمەریکاش بووبن بۆ هاتوچۆی کەشتیەکانیان لە دەریای رەش. دوای ئەوەی رۆژئاوا زۆر بە توندی بەرپەرچیان دایەوە، ستالین بڕیاریدا هەموو پلانەکانی خۆی لەمەڕ تورکیا دوابخات.

## هاوکاری ئابوری وەک چەکێکی سیاسی (١٩٤٥-١٩٤٧):

لە لایەنی ئابوریشەوە گرژییەکان پەرەیان سەند. لە ناوەڕاستی مایسی ١٩٤٥دا، ترومان بەبێ ئەوەی یەکێتیی سۆڤێت ئاگادار بکاتەوە بە گوێرەی یاسای قەرز و بە کرێدان، هەر جۆرە قەرز و بەخشینێکی بۆ سۆڤێت راگرت. سۆڤێت ئەو قەرزەی کە بەڵێنی پێدرابوو وەر نەگرت، هەروەها هەموو جۆرە قەرزێکیش بۆ وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەوروپا راگیرا، بەو جۆرەش ئەوان زیاتر خزێنرانە نێو کامپی سۆڤێتەوە.

رەنگە دانوستانەکان لەگەڵ پۆڵەندا لە ١٩٤٥–١٩٤٦ نمونەیەکی گونجاو بێت لەو بارەوە. جێگری سەرۆک وەزیرانی پۆڵەندا (میکۆلایچیک) سەرکردەی راسترەوی جوتیاران، داوای قەرزێکی گەورەی لە ئەمەریکا کرد. ئەو بەتەما

بوو بەو هۆیەوە بتوانێت جەماوەری خۆی زیاد بکات و هەڵبژاردنەکان بباتەوە. ئەمریکیەکان زۆر بێ منەتانە وەڵامیان دایەوە: دەبێت سەرەتا هەڵبژاردنێکی ئازادانە بکرێت بەر لەوەی پارەکانیان تەخشان و پەخشان کەن، بەمجۆرە پۆڵەندا دەبوو بە تەواوی پشت بە یەکێتیی سۆڤێت ببەستێت.

لە ئەیلولی ١٩٤٦دا وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا (بیرنس) رایگەیاند، وڵاتەکانی ئەوروپای رۆهەڵات ئەوانەی کە لە نێو بازنەی هەژموونی یەکێتیی سۆڤێتدا دەژین ( بە چیکوسلۆڤاکیاشەوە) نابێت چاوەڕێی پێدانی قەرز بکەن. تەنها گەمژەکان دوژمنەکانی خۆیان بەهێز دەکەن. هەروەها بانکی نێو دەوڵەتی و سەندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی کە تازە دروست کرابوون و بە تەواوی لە لایەن ئەمریکاوە کۆنترۆڵ کرابوون، بایکۆتی یەکێتیی سۆڤێت و هەموو ئەو وڵاتانەی کرد کە سەر بە سۆڤێتن. قەرزیان تەنها بەو وڵاتانە دەدا کە پەیڕەوی سیستەمی ئابوری سەرمایەدارییان دەکرد. تەنانەت ئەو هاوکارییە مرۆییانەی کە لە لایەن سەندوقی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (UNRRA) پێشکەش بە دەوڵەتانی رۆژهەڵات دەکران لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٤٧ راگیران.

ئەمریکا سنگی دەردەپەڕاند و بە هێزەوە قسەی دەکرد، دەیویست بە هەمووان بڵێت کە تەنها دڵسۆزەکانی خۆی هاوکاری ئابوری وەردەگرن. ترومان زۆر بە ئاشکرا دەیویست باڵادەستیی ئەمەریکا لە رووی ئابورییەوە وەک چەکێکی سیاسی بەکار بێنێت.

ئەم هەڵوێستە لە سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە ئەڵمانیاش رەنگی دابۆوە. لە راستیدا ئەمەریکا هەرگیز نەڕۆشتە ژێر باری نەخشەکەی یەکێتیی سۆڤێت و ئەو بەڵێنانەی لە کۆنگرەی پۆتسدام پێی درابوون بە راکێشانی ئامێر و ئامرازی ئەڵمانی بە بەهای ١٠ ملیار دۆلار، چونکە ئەمە ئەڵمانیای زیاد لە پێویست لاواز دەکرد و یەکێتیی سۆڤێتیی زۆر بەهێز دەکرد. ئەوەش یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە سیاسەتێکی هاوبەشی لە نێوان هەر چوار زلهێزەکە کردە شتێکی مەحاڵ. لە ٢ی مایسی ١٩٤٦ وێرای بەڵێن و ڕێکەوتنەکان ژەنراڵ لوسیۆس کلای (Lucius Clay) ڕێگای نەدا سۆڤێت

ئامێر و ئامرازی کارخانەکانی ئەڵمانیا، لەو شوێنانەی کە لە ژێر دەستی ئەمریکیەکاندا بوون، هەڵوەشێنێت و ئاودیویان بکات.

بەم ڕێگایە هەوڵیاندا فشار بخەنە سەر یەکێتیی سۆڤێت، بەبێ ئەوەی دەرەنجامێکی باش بەدەست بێنن. ئەو فشارە ئابورییانەی کە لە ماوەی نێوان ١٩٤٥–١٩٤٧ خرانە سەر سۆڤێت هیچ دەستکەوتێکی سیاسی بۆ ڕۆژئاوا بەدەست نەهێنا، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەڵوێستی سۆڤێت گرژتر بوو. سۆڤێت ناچار بوو دەست بکات بە دادۆشینی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی و دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات کە لە ژێر هەژموونی خۆیدا بوون. بە گشتی سۆڤێت لەو وڵاتانە نزیکەی چواردە ملیار دۆلاری دەستکەوت بوو.

## وێناکردن لەسەر بنەمای ئەزموونی جەنگ:

لە ماوەی نێوانی ١٩٤٥–١٩٤٦ هەردوو لایەن وێنەیەکی ناشرینیان بۆ یەکتر دروست کرد. ئەو وێنانە ناشرین بوون چونکە لەسەر بنەمای ڕاستیی دروست نەدەکران، بەڵکو تێکەڵەیەکی نامۆ بوون لە وێنەی ئامادەکراو –ستریۆتایپ- و پارانۆیا و خەیاڵی تۆقێنەرانە، کە سەرچاوەی هەموویان ئەو تاقیکردنەوە تاڵانەبوون کە لەجەنگی دووەمی جیهانیەوە سەرچاوەیان گرتبوو. بۆ سەرۆک ترۆمان و بۆ زۆرێک لە ئەمریکییەکان هیچ گومان لەوەدا نەبوو کە: ستالین کەسێکی سەرکێش و ملهوڕە خوێنڕێژە و حەزی لە جەنگە. لەوەش زیاتر: ستالین هتلەری دووەمە هەر جۆرە دانوستانێک و ڕێکەوتنێک لەگەڵیدا وەکو میونشنی نوێ دەبێت[٢٦].

---

٢٦ لێرەدا مەبەستی نوسەر ڕێککەوتنامەی میونشنە. ڕێکەوتنی میونشن (Munich Agree-meent) ڕۆژی ٣٠ی ئەیلولی ١٩٣٨ لە لایەن ئەڵمانیای نازی و بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا مۆرکرا. ئەڵمانیای نازی داوای ناوچەی سودێت (Sudetenland) ی دەکردەوە کە بەشێک بوو لە چیکوسلۆڤاکیا. هاوپەیمانەکان بۆ ئەوەی جەنگ بەرپا نەبێت بە تایەبەت بۆ ئەوەی بیانوی هتلەر ببڕن لەگەڵیدا ڕێککەوتن و چیکۆسلۆڤاکیا دابەش کرا و ئەو ناوچەیەش درا بە ئەڵمانیا. وەرگێڕ.

وتارەکەی چەرچل لەسەر پەردەی ئاسنین[27] و بروسکە بەناوبانگەکەی جۆرج کینان (George kennan) ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لە وێناکردنەکە. لە ٥ی مایسی ١٩٤٦ چەرچڵ لە فولتۆن (Fulton) بە ئامادەبونی سەرۆکی ئەمەریکی وتارێکی پێشکەش کرد و تیایدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە سۆڤێت تەنها ئامادەسازیی بۆ جەنگ ناکات، بەڵکو دەیانەوێت هەژمون و ئایدیۆلۆژیای خۆیان فراوان بکەن هەتا ئەوپەڕی دنیا دواتر ناتوانرێت رابگیرێن تەنها بەوە نەبێت کە هەموو دەوڵەتانی دیموکراسی ئەنگلۆساکسۆن پێکەوە هاوپەیمانییەک لە بەرامبەریدا ساز بکەن. ستالین زۆر توڕە بوو، چەرچلی بە هتلەر چواند.

جۆرج کینان، نوێنەری ئەمەریکا لە مۆسکۆ بیروباوەڕی خۆی لە بروسکەیەکی دوور و درێژدا لە ڕۆژی ٢٢ی شوباتی ١٩٤٦ ڕەوانەی حکومەتەکەی دەکات. بروسکە سەرنجڕاکێشەکە دواتر لە مانگی تەموزی ١٩٤٧ لە گۆڤاری کاروباری دەرەوە (Forein Affairs) بە ناوی خوازراوی مستەر ئێکس (Mister X) بڵاو کرایەوە و دواتر کینان لە لێدوانێکیدا رایگەیاند کە نوسینەکە بە هەڵە لێکدراوەتەوە.

لە بروسکەکەدا کینان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سەرچاوەی شەڕانگێزی سۆڤێت زیاتر ترسە نەک فراوانخوازی. ئەو لەو باوەڕەدا بوو بۆ کپکردنەوەی هەژموونی سۆڤێت دەبێت زیاتر پشت بە یارمەتیدانی ئابوری و دبلۆماسی ئەوروپا و یابان ببەسترێت، نەک بیرکردنەوە لە شێوازی سەربازی. بە گوێرەی لێکدانەوەکانی کینان سیستەمی یەکێتیی سۆڤێت هەمیشە پێویستی بە دوژمن و دوژمنایەتیکردنی ڕۆژ ئاوا هەیە بۆ ئەوەی لە ناوخۆدا ڕژێمی دیکتاتۆری بپارێزن. ترس لە شۆڕشی ناوخۆ بۆخۆی یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵوێستە شەڕانگێزەکانی سۆڤێتە. کینان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ترسەکە

[27] زاراوەی پەردەی ئاسنین کۆنە و زۆر جار بەکار هاتووە، بەڵام چەرچڵ لە ٥ی مایسی ١٩٤٦ لە کۆلیژی وێست منستەر لە ویلایەتی میسۆری (Westminster Colleg in Fulton-Missouri) وتارێکی پێشکەش کرد بە ناوی ژێیەکانی ئاشتی (Sinews of peace)، لەو وتارەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە یەکێتیی سۆڤێت لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا پەردەیەکی ئاسنینی دروست کردووە و ئێمە نازانین لە پشتی پەردەکەوە چی دەگوزەرێت. وەرگێڕ

لە هێرشی سەربازیدا نییە، بەڵکو لە برەوسەندی پارتە کۆمۆنیستەکانە لە ئەوروپای رۆژئاوا.

بەرپرسە ئەمریکییەکان هەڵوێستیان زۆر جیاواز بوو سەبارەت بە هەڕەشەکانی سۆڤێت لە نێوان ١٩٤٥–١٩٤٦. هەریەکە لە ترۆمان و وەزیری دەرەوە (بیرنیس) لەو باوەڕەدا نەبوون کە سۆڤێت بەو لاوازییەی خۆیەوە هێرش بکاتە سەر ئەوروپای رۆژئـاوا. مەترسی ئەوە لە گۆڕێدا بوو کە خەڵکە سادەکەی ئەوروپای رۆژئاوا بەشێوەیەکی ساویلکانە و هەڕەمەکی کۆمۆنیزم هەڵبژێرن و بکەونە ژێر کاریگەری ستالینەوە. بەشێوەیەکی گشتی لەو باوەڕەدابوون کە دەکرێت لەگەڵ ستالین رێکەوتن بکەن بەو مەرجەی کە لە رووی پرەنسیپەوە زاڵ بن و ئەمەریکا لە پێگەی هێزەوە رەفتار بکات.

لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس (تەموز و ت١ ی ١٩٤٦)، بیرنیس زۆر سەری سوڕما کاتێک تەماشای کرد کە هەموو دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژهەڵات و چیکۆسلۆڤاکیاش هەمیشە پشتیوانی لە هەڵوێستەکانی ستالین دەکەن. بۆیە لەوە بە دوواوە ئیتر نەدەبوو چاوەڕوانی هاوکارییەکانی ئەمەریکا بکەن. ترۆمانیش باوەڕی بەوە هێنا کە سۆڤێتییەکان پلانێکی فراوانخوازی بەربڵاویان هەیە، بە تایبەت سەبارەت بە تورکیا و یۆنان و هندستان و چین، کەچی لە مانگی (ت١)ی هەمان ساڵدا لە سەرو بەندی کۆبوونەوەی دەستپێکردنی کاروبارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاشکرای کرد کە ئامادەیە هاوکار بێت لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت. لە راستیدا ترۆمان و بیرنس هیچ دیدگا و بیکردنەوەیەکی روون و ئاشکرایان نەبوو بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ستالین کە متمانەیەکی ئەوتۆیان پێ نەبوو. تاکە وەزیر کە دیدگای روون و واقعی هەبوو بۆ یەکێتیی سۆڤێت (هەنری ولاس) بوو، ئەویش بەهۆی بوونی کیشەوە لەگەڵ بیرنس لە ٢٠ی ئەیلولی ١٩٤٦ لەسەر کار لابرا.

ستالین لە لایەن خۆیەوە زۆر باش هەستی بە لاوازی ئابوری یەکێتیی سۆڤێت دەکرد، لەوە تێنەدەگەشت کە بۆچی ئەمەریکا تۆمەتباری دەکات بە شتێک کە مەحاڵ بوو لە رووی تەکنیکییەوە ئەنجامی بدات. بە پێچەوانەی ئەوەشەوە ستالین لەو باوەڕەدا بوو کە ترۆمان بە تەمایە دەست بەسەر

هەموو دنیادا بگرێت و ئەمەریکا لە هەموو لایەکەوە ئابلوقەی یەکێتیی سۆڤێتی داوە. نامەکەی نوێنەری سۆڤێت لە ئەمەریکا نیکۆلای نۆڤیکۆڤ کە لە شێوەی بروسکەیەکدا لە ڕۆژی ٢٧ی ئەیلولی ١٩٤٦ ڕەوانەی مۆسکۆی کردووە هەر ئەوەبوو کە سەرکردەکانی حەزیان دەکرد گوێبیستی بن: ئەمەریکا زۆر هەوڵ دەدات دەست بەسەر دنیادا بگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە گوێرەی ئایدیۆلۆژیای مارکسی ئەو دۆخە لایەنێکی روناکی تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە دوو دەوڵەتی گەورەی ئیمپریالیستی وەکو بەریتانیا و ئەمەریکا توشی بەریەککەوتن دەبن لەگەڵ یەکتریدا بەهۆی هەوڵەکانیان بۆ دەستگرتن بەسەر پترۆڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام باڵادەستبوونی ڕەهای ئابوریی ئەمەریکا هێندە گەورەیە کە مەحاڵە بتوانرێت دژایەتیی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی بکرێت، بۆیە ستالین لە ماوەی نێوان ١٩٤٥-١٩٤٦ کۆمۆنیستەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوای هاندا کە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە هاوکاری حکومەتەکان بن بۆ سەرلەنوێ بنیات نانەوە، بەمجۆرە دەوڵەتانی وەکو ئیتالیا و فەرەنسا کە پارتی کۆمۆنیستی تێدا بەهێز بوو کەمتر پشت دەبەستن بە ئەمەریکا. ڕەنگە ئەمەریکا هەوڵ بدات هێڵی بەرگری ڕوسیا لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بشکێنێت و ئەڵمانەکان هان بدات بۆ جاری سێیەم لە سەدەی بیستەمدا هێرش بکەنەوە سەر یەکێتیی سۆڤێت. ستالین هیوایەکی بەوە هەبوو کە جیهانی سەرمایەداری یەک دەنگ نەبوون بەڵکو دابەشبوون: هەندێک لە سەرمایەداران خوازیاری ئەوە بوون لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت ڕێکەوتن بکرێت، هەندێ دیکەشیان خوازیاری جەنگ بوون. بە پێچەوانەی ڕەفتارەکانی لەگەڵ هتلەر، ستالین هەوڵی دەدا ترسەکانی خۆی بشارێتەوە و وەکو کەسێکی ملکەچ و لاواز خۆی دەرنەخات بەڵکو سەرکەش و باوەڕ بە خۆ بوو خۆی دەربخات. ئایا هەر ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی کە ئامادە نەبێت "لەبەر هۆکاری تەندروستی" داوەت نامەی ترۆمان پەسەند بکات بۆ سەردانی ئەمەریکا لە ٩ی مارتی ١٩٤٦؟ سەبارەت بە ستالین هەمان شێوە بوو، تاقیکردنەوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی، نەک ڕاستییەکان، ڕۆڵێکی سەرەکییان دیوە لە نەخشاندنی وێنایەکی ناشرین بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

## بارودۆخ لە ئەوروپای رۆژهەڵات (١٩٤٥-١٩٤٨):

نازانرێت داخۆ ستالین لە ساتەوەختێکی نێوان ١٩٤٤-١٩٤٥ بە تەما بووبێت ئەوروپای رۆژهەڵات هەمووی بخاتە سەر سۆڤێت یان نا، پێدەچێت لە سەرەتادا نیەتی ئەوەی هەبووبێت کە دۆستایەتیان بکات و لە نێو بازنەی هەژمونی خۆیدا گیریان بدات. ئەوەش بە واتای ئەوە دێت کە یەکێتیی سۆڤێت کۆنترۆڵی سیاسەتی دەرەوەیان بکات، ئەمەش لە ئامانجەکانی سیاسەتی ئایندەیی دەرەوەی یەکیتیی سۆڤێت بوو کە سێ کەس لە گەورە دبلۆماتکارانی سۆڤێت لە کۆتایی جەنگدا دایانڕشتبوو.

ئیڤان مایسکی، ماکسیم لیتڤینۆڤ و ئەندرێ گرۆمیکۆ سنورەکانی ساڵی ١٩٤١ی یەکێتیی سۆڤێتیان پەسەند بوو، هەروەها وڵاتە هاوسێ (دۆستەکانیش) کە مەرج نەبوو کۆمۆنیست بن. هەروەها باوەڕیان بە بەردەوام بوونی هاوپەیمانیی سێقۆڵی هەبوو لە نێوان هەر سێ زلهیزەکەدا بۆ ئەوەی ژاپۆن و ئەڵمانیا لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بهێڵنەوە. شایانی باسە ئەڵمانیا نەک ئەمەریکا بە دوژمنی گریمانەکراوی یەکێتیی سۆڤێت هەژمار دەکەن، لەو باوەڕەدا بوون کە بەهۆی کێبەرکێی چاوەڕوان کراوی نێوان دەوڵەتانی زەبەلاحی سەرمایەدارییەوە، بەریتانیا و ئەمەریکا رێگا لە بەهێزبوونی ئەڵمانیا دەگرن، هەروەها پێشبینی کێبەرکێیەکی توندی نێوان بەریتانیا و ئەمەریکایان دەکرد.

## یوگوسلاڤیا و ئەلبانیا:

لە کاتی جەنگدا یوگوسلاڤیا کە وڵاتێکی کشتوکاڵیی دواکەوتوو بوو، لە لایەن ئەڵمان و ئیتالیا و هەنگاری و بولگاریەکانەوە داگیر کرا. تەنها کرواتیای فاشیست سەربەخۆ بوو، بەڵام بە توندی کەوتبووە ژێر هەژموونی ئەڵمانیاوە. ژەنراڵ (دراگۆگلوبدرازا میخایلۆڤیچ) کە ئەندامێکی شاهانەی سربی بوو، بزوتنەوەیەکی چەکداری نهێنی دامەزراند بۆ ئەوەی لە دوای شکستی ئەڵمانەکان دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت، بەڵام لە لایەن کۆمۆنیستی کرواتی (تیتۆ) کە لە (بۆسنە) ە وە سەرکردایەتی جوڵانەوەیەکی پارتیزانی دەکرد،

دژایەتی دەکرا. ئینگلیزەکان لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٣ ە وە پشتیوانی تیتۆیان دەکرد، لە بەر ئەوەی زیاتر لە میخایلۆڤیچ بەرامبەر بە دوژمنان دەجەنگا. لەبەر ئەوەی تیتۆ کەسێکی سەربەخۆ بوو ستالین زۆر متمانەی پێ نەبوو، بۆیە ستالین بە ئاشکرا خۆی یەکلا نەکردبۆوە. تیتۆ پروپاگەندەی زۆری بۆ خۆی دەکردە داستان گوایە هێزەکانی ئەو لە یوگوسلاڤیا توانیویانە چەندین یەکەی سەربازیی ئەڵمانیا لە ناو بەرن، لە کاتێکدا ئەوانە پارتیزان بوون و بە هێندەی نوکە دەرزییەک زیانیان لە هێزەکانی ئەڵمانیا دەدا.

لە سەروبەندی جەنگی یوگوسلاڤیا، میلیشیا جیاوازەکان لە ناو خۆیاندا خەریکی شەڕی ئەتنی بوون لە جیاتی ئەوەی شەڕی داگیرکەران بکەن. لە نێوان ١.٧ ملیۆن قوربانیدا، یەک ملیۆنی ڕێک لە شەڕی خۆبەخۆدا کوژراون. لە مایسی ١٩٤٤دا ئەڵمانەکان ئابلوقەی تیتۆیاندا بە ئاستەم توانی دەربازی بێت و رابکات بۆ ئیتالیا. ئەوە تیتۆ نەبوو کە بەلەگرادی رزگارکرد، بەڵکو سوپای سور بوو کە بەرە بەرە لە ت١ی ١٩٤٤ دا تەواوی یوگوسلاڤای ئازاد کرد. بێگومان بە گوێرەی ڕێکەوتنەکان سوپای سور دەبوو بکشیتەوە. بێگومان سوپای سوریش لە دوای کشانەوەی خۆی دەسەڵات رادەستی میخالۆڤیچ ناکات، بەڵکو دەیداتە دەستی کەسێکی کۆمۆنیستی وەکو تیتۆ.

لەسەر فەرمانی ستالین یوگوسلاڤیا بە شێوەیەکی کاتی وەکو شانشین مایەوە. تیتۆش لەگەڵ پارتیزانەکانیدا بووە گەورەی وڵات لە لایەن هاوپەیمانەکان ناچار کرا کە پێنج کەسی غەیرە کۆمۆنیست بخاتە ناو حکومەتەکەیەوە. تیتۆ دەیویست بە ڕێگای خۆیدا بڕوات و بەردەوام بێت، بۆیە تەنگی بەو کەسانە هەڵچنی و ناچاری کردن زۆربەیان واز لە حکومەت بێنن. لە هەڵبژاردنەکانی ١١ی ت٢ی ١٩٤٥دا دەنگدان تەنها لەگەڵ یاخود لە دژی لیستی بەرەی گەل بوو کە کۆمۆنیستەکان زۆرینە بوون تیایدا. دیموکراتخوازەکان بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان کرد. سەرەنجام تیتۆ ٩٦٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا.

لە رۆژی ٢٩ی ت٢ دا سیستەم کرا بە کۆماری و دەستورێکی نوێ لە ٣١ی ک٢ی ١٩٤٦ دانراو یوگوسلاڤیا بوو بە فیدراسیۆنێک لە چەند کۆمارێکی

سەربەخۆ کە تیتۆ ویستی لەگەڵ بولگاریا و ئەلبانیاش فراوانتری بکات، بەڵام ستالین قایل نەبوو. تیتۆ سیتەماتیک دەستی کرد بە قەلاچۆکردنی نەیارەکانی خۆی. میخایلۆفیچ لە ١٧ی تەموزی ١٩٤٦ لە سیدارە درا. بەگشتی تیتۆ لە نێوان ساڵانی ١٩٤٤–١٩٨٧ نزیکەی یەک ملیۆن لە نەیارەکانی خۆی لەناو برد.

لە ساڵی ١٩٣٩ ئیتالیەکان شانشینی ئەلبانیایان داگیر کرد، دوای ئەوەی کۆسۆڤۆ و چەند شوێنێکی تری خرایە سەر، ئەلبانیای مەزن دروستکرا. لە کاتی جەنگدا پارتیزانە کۆمۆنیستەکان، کە لەلایەن تیتۆوە پشتیوانی دەکران، شەڕی هەموو گروپەکانی دیکەیان کرد. ئیتالیەکان لە ئابی ١٩٤٣دا ئەلبانیایان بەجێهێشت و ئەڵمانەکان چوونە شوێنیان. حکومەتێکی ئەلبانیان دروست کرد کە لەلایەن پارتیزانەکانەوە دژایەتی دەکران. کاتێک ئەڵمانەکان لە پایزی ١٩٤٤ ئەلبانیایان بەجێهێشت، رابەری پارتیزانەکان (ئەنوەر خۆجە) دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. لە دوای هەڵبژاردنە کارتۆنیەکەی مانگی ک١ی ١٩٤٥ ئیتر ئەلبانیاش بەرەو سیستەمی تۆتالیتاری هەنگاوی نا.

## بولگاریا، رۆمانیا، هەنگاریا:

ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە بولگاریا و رۆمانیا و هەنگاریا، هەمان شێوازی هەبوو. ئەو سێ وڵاتە هێشتا نیمچە فیودال بوون و نەریتی دیموکراسی راستەقینەیان نەدیبوو. خۆیان لە پەراوێزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بازاڕدا دەبینیەوە. هاوپەیمانی ئەڵمانیای نازی بوون و زۆرینەی سیاسیەکانیان فاشیست بوون، یاخود بەهۆی هاوکاری نازیەکانەوە لە مەترسیدا بوون. گـەورە بـەرپـرس و ئەرستۆکراتەکانیش بەهەمان شێوە بـوون. پارتە سیاسیەکان رێکخراو نەبوون و لە دوای رۆشتنی ئەڵمانەکان بۆشاییەکی راستەقینە دروست بوو. لە لایەکی دیکەوە کۆمۆنیستەکان رۆڵی سەرەکیان بینی لە بەرگریکردن و وەکو پاڵەوانەکانی جەنگ گەڕانەوە بۆ ناو وڵات و بۆ لای سوپای سور، ئەمە وێرای ئەوەی کە زۆر باش ساز و تەیار بوون. ئەو ریفۆرمە کشتوکاڵیانەی کە خێرا ئەنجامیاندا بەو پێییەی کە ئەندام بوون

لە ناو حکومەتی کوالیسیۆندا بووە هۆکاری ئەوەی کە لەناو جوتیارانی هەژاری نیمچە دەرەبەگدا کە زۆرینەی دانیشتوان بوون پشتیوانی بکرێن. زۆرێک لە روناکبیرانیش ئێستا بوونە لایەنگری کۆمۆنیستەکان کە چۆکیان بە فاشیستەکان دادابوو. سەردەمی نوێ بوونەوە لە گۆڕێدا بوو، ئەوانە کۆمۆنیزمیان بە ڕێبازی ئایندە دەزانی. لە سەرو ئەوەشەوە کۆمۆنیستەکان پشتئەستوربوون بە سوپای سور کە بە تاکە هاوڕێی راستەقینەی یەکێتیی سۆڤێتی دەزانین. سیاسەتمەدارانی پرۆ رۆژئاوایی دەیانزانی کە وڵاتەکانیان لە دەرەنجامی جەنگەوە کەوتۆتە ژێر هەژموونی سۆڤێت، بۆیە پشتیان بە رۆژئاواییەکان دەبەست، بەڵام ئەوانیش تەنها بە قسە پشتیوانیان بوون و بە کردەوە هیچیان بۆ نەکردن. ئەفسەرە بەریتانی و ئەمریکییەکان بە ژمارەیەکی کەم لە ناو لیژنەکانی چاودێری هاوپەیماناندا بوون و




ستالینیزم لە ئەوروپای رۆژهەڵات لە برەوسەندندا

یەکێتیی سۆڤێت بەسەر لیژنەکاندا زاڵ بوو هیچ دەسەڵات و توانایەکی ئەوتۆیان نەبوو کە بتوانن بجوڵێن و هاوکاری سیاسەتمەدارانی دیموکراتخواز بکەن. بەریتانیەکان پابەندی ئەو دابەشکردنە ڕێژەییە بوون کە لە ١١ی ت١ی ١٩٤٤ لەسەری ڕێککەوتبوون. سەرەنجام هیچیان بۆ نەکرا و ئەمەریکاش رەتی کردەوە کە تەنانەت قەرزیشیان پێبدات.

کۆمۆنیستەکان لە ماوەی نێوان ١٩٤٦–١٩٤٨ لە رۆمانیا و بولگاریا و هەنگاریا لە ناو حکومەتە کوالیسیۆنەکاندا دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت. لە ناو ئەو حکومەتانەدا هەمیشە وەزارەتەکانی داد و ناوخۆیان بەدەستەوە دەگرت کە زۆر بە سود بوون بۆیان بۆ ئەنجامدانی کودەتاکانیان. ئۆپەراسیۆنەکانی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن کۆمۆنیستەکانی ناوخۆوە جێبەجێ دەکرا و لە پشتەوە سوپای سوریش هاوکاریان بوو. هەرگیز ئاشکرا نیە کە داخۆ ئەم ئۆپەراسیۆنانە بە فەرمانی مۆسکۆ کراون یاخود هەر خۆبەخشانە کۆمۆنیستەکان کردویانە، بەڵام ئەوەی کە ئاشکرا بوو ئەوەیە کە هەتا گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا زیاتر بوایە، مۆسکۆ زیاتر هەوڵی دەدا کە هاوسەنگی رەچاو بکات. بە هەر حاڵ ستالین پێویستی بەوە بوو کە ئەو حکومەتانە دۆستی بن و بتوانن بەربەستێک بن لە دژی ئەڵمانیای نوێ و لەملاشەوە بتوانێت کە قەرەبووەکانی خۆی لە دۆستە هاوپەیمانە کۆنەکانی ئەڵمانیا وەربگرێتەوە. یەکێتیی سۆڤێت ئەو دۆخەی قۆستەوە و زۆر لەوە زیاتری وەرگرتەوە کە لەسەری رێککەوتبوون.

ئەم پەرەسەندنانە زۆر بە باشی رون دەبێتەوە کاتێک راستییەکان وەک ئەوەی کە روویانداوە پیشان دەدەین و دەبینین کە چۆن کۆمۆنیستەکان لەو سێ وڵاتەدا دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتووە:

## بولگاریا

بولگاریا تاکە هاوپەیمانی هتلەر بوو کە هەرگیز جەنگی لە دژی یەکێتیی سۆڤێت بەرپا نەکرد. لە هاوینی ١٩٤٤ بولگاریەکان لەگەڵ بەریتانی و ئەمریکییەکان کەوتە دانوستانی ئاشتییەوە، بەم جۆرە دەکرا رێگا لە سۆڤێت بگرن بولگاریا داگیر بکات. لە ٥ی ئەیلولی ١٩٤٤ دوای خۆبەدەستەوەدانی رۆمانیا، ستالین جەنگی بەرامبەر بە بولگاریا راگەیاند. بەرەی نیشتمانی، کە بەرەیەکی هاوبەش بوو لە نێوان کۆمۆنیست و جوتیارانی چەپ و ناسیۆنالیستە دژ بە ئەڵمانەکانی زڤینۆ (Zveno) دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت و لە ٨ی ئەیلول بۆ ئەوەی دڵی ستالین رابگرن، جەنگیان لە دژی

هتلەر راگەیاند. بەر لە جەنگ کۆمۆنیستەکان لە بولگاریا زۆر بەهێز بوون و لە هەردوو وەزارەتی داد و ناوخۆ دەستڕۆیشتوو بوون. ئیستا کە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە کەوتنە دادگایی کردنی فاشیستە راستەقینەکان و گومانلێکراوەکان، هەروەها دەستیان لە دیموکراتخوازەکانیش نەپاراست. تاوانی کوشتنی سیاسی بەر بڵاو بوو: لەماوەی شەش مانگدا نزیکەی دوو هەزار کەس لە سێدارە دران و سوپای سوریش لەولاوە تەنها تەماشای دەکردن.

لە هەڵبژاردنەکانی ت٢ی ١٩٤٥ کە دەستکاری دەرەنجامەکانی کرابوو، بەرەی نیشتمانی کە کۆمۆنیستەکانی بەسەردا زاڵ بوو ڕێژەی ٨٦٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا. لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمێک سیستەمی کۆماری لە ١٥ی ئەیلولی ١٩٤٦ پەسەند کرا. پادشای وڵات (سیمۆنی دووەم) کە هێشتا منداڵ بوو، دەرکرا بۆ دەرەوەی وڵات. لەم نێوەدا سەرکردەی پێشووی ئەنتەرناسیۆنال جۆرجی دیمترۆڤ (Georgi Dimitrov) کە تازە لە یەکێتیی سۆڤێت گەڕابووەوە بوو بە سەرۆک وەزیران. ناوبراو هیچ دوودڵ نەبوو لەوەی کە راستەوخۆ لە ٢٣ی ئەیلول رکەبەرەکەی خۆی (نیکۆلا بیکتۆڤ) سەرۆکی یەکێتیی جوتیاران لە سێدارە بدات. لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٨ کۆمۆنیستەکان تەواو سەرکەوتووبوون لە سڕینەوەی هەر جۆرە ئۆپۆزیسیۆنێک ئەمەش بە راکێشانی سۆشیال دیموکراتەکان بۆ لای خۆیان. لە دوای مردنی دیمترۆڤ لە ساڵی ١٩٤٩ و لە سێدارەدانی سەرکردەی کۆمۆنیستی نیشتمانی ترایشتیۆ کۆستۆڤ (Trajtsjo Kostov) لە هەمان ساڵدا، ڤالکۆ شیرڤینکۆڤ (Valko Tsjerenkov)ی ستالینی لە ١٩٥٠ دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و ناوی وڵاتی گۆڕییەوە بۆ کۆماری گەلیی بولگاریا.

### ڕۆمانیا:

دیکتاتۆر مارشاڵ ئیۆن ئەنتۆنیسکۆ (Ion Antonnescu) هاوپەیمانی هێزەکانی ئەڵمانیا بووله دژی یەکێتیی سۆڤێت. سوپای ڕۆمانیا لە شەڕی

ستالینگراد تێوەگلاو ١٥٠ هەزار سەربازی لەدەستدا. ئەنتۆنیسکۆ دوای ئەوە هەوڵیدا پەیوەندی لەگەڵ بەریتانیا و ئەمریکا بکات بۆ ئەوەی ڕێگا بگرن لەوەی کە سۆڤێت دەست بەسەر بەلقاندا بگرێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. کاتێک سوپای سۆڤێت لە پێشڕەویدا بوون بەرەو ڕۆمانیا، پادشای لاو میخایل لە ٢٣ی ئابی ١٩٤٤ کەوتە جوڵە و بە هاوکاری کۆمۆنیستەکان و دیموکراتخوازەکان توانی مارشال ئیۆن ئەنتۆنیسکۆ دەستگیر بکات. لەگەڵ سۆڤێت ڕێکەوت و جەنگی لە دژی ئەڵمانەکان ڕاگەیاند. ڕۆمانیا لە لایەن سوپای سورەوە داگیر کراو حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانی بە سەرکردایەتی ژەنراڵ کوستانتین ساناتیسکۆ پێکهێنرا، کە بووە هۆی دروستبوونی گرژی ئەتنی و ململانێی مەترسیدار. ژەنراڵی ناوبراو لەژێر فشاری یەکێتیی سۆڤێت لە ک١ی١٩٤٤دا دەستی لە کار کێشایەوە و ژەنراڵ نیکۆلای ڕادیسکۆ شوێنی گرتەوە.

کۆمۆنیستەکان کە پێش جەنگ لە ڕۆمانیا بوونێکی ئەوتۆیان نەبوو، لەم حکومەتەدا پۆستی گرنگیان پێدرا. ڕادیسکۆ کەوتە دژایەتی کۆمۆنیستەکان، بۆیە لای سۆڤێتیەکان بووە کەسێکی ناپەسەند. توند و تیژی و ئاڵۆزیەکانی ٢٧ی شوباتی ١٩٤٥ بوو بە پاساوێک بۆ جێگری وەزیری دەرەوە (ئەندرێ ڤیژینسکی) کە شا میخایل ناچار بکات ڕادیسکۆ لابەرێت و لە ٦ی مارتی هەمان ساڵدا (پیترۆ گرۆزا) کە بە کەسێکی میانڕەو ناسرابوو بخاتە شوێنی.

گرۆزا دەستی کۆمۆنیستەکانی ئاوەڵا کرد بۆ چاندنی ترس و تیرۆر لە دڵی پارتە دیموکراتخوازەکاندا. لە ئابی ١٩٤٦دا شا میخایل ئەوی لاداو پشتیوانی خۆی بۆ جاڕنامەی یالتا ڕاگەیاند بۆ دیموکراتیزەکردنی ئەوروپا. گرۆزا ئامادە نەبوو دەستبەرداری پۆستەکەی خۆی بێت و هیچ بەهایەکی بۆ شا دانەدەنا. گەڕانەوەی باکوری ترانسیلڤانیا کە لە دەستی هەنگاریەکاندا مابۆوە لە کاتی جەنگدا، هەروەها ریفۆرمی زەوی و زار کۆمۆنیستەکانی کردە خاوەن جەماوەرێکی باش. لە شوباتی ١٩٤٦ بەریتانیا و ئەمەریکا حکومەتەکەی گرۆزا (کە ببوە حکومەتێکی بنکە فراوان لەگەڵ دیموکراسەکان) یان بە فەرمی ناسی.

لە هەڵبژاردنێکی ساختەدا کە لە ت٢ی ١٩٤٦ ئەنجام درا، بەرەی نیشتمانی دیموکراسی، کە کۆمۆنیستەکانی بەسەردا زاڵ بوو ٣٤٧ کورسی لە کۆی ٣٨٣بردەوە. دوای کۆنگرەی ئاشتیی پاریس لە شوباتی ١٩٤٧، ئیتر هیچ ئاستەنگێک نەمایەوە بۆ یەکلاکردنەوەی خێرای پرسەکان. لە ٣٠ ئەیلولی ١٩٤٧ شا میخائیل ناچار کرا تەختی پاشایەتی چۆڵ بکات. لە مارتی ١٩٤٨ هەڵبژاردنی نوێ کرایەوە و بەرەی دیموکراتی گەل بەڕابەرایەتی کۆمۆنیستەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێناو کۆماری گەلیی ڕۆمانیا ڕاگەیەندرا. لەو سەروبەندەدا سۆڤێت بە تەواوی دەستی گرتبوو بەسەر دەرهێنانی نەوت و پیشەسازی تەختە و گواستنەوەی دەریایی. ڕۆمانیا بە بەهای ٣٠٠ ملیۆن دۆلار شمەک و کاڵای وەک قەرەبووی جەنگ دایەوە بە سۆڤێت.

### هەنگاریا:

بە هاندانی ئەڵمانیا، لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٤١دا هەنگاریا جەنگی لە دژی یەکێتیی سۆڤێت ڕاگەیاند. دوای ئەوەی کە سوپای دووەمی هەنگاریا لە نزیک ڤۆرۆنیژ (Voronezh) تەفروتونا کرا، سەرۆکی وڵات ئەدمیرال میکلۆس هۆرتی، هەوڵیدا لەگەڵ بەریتانیا و ئەمەریکا دانوستانی ئاشتی بکات. لەبەرامبەر ئەوەدا ئەڵمانیا لە ١٩ی مارتی ١٩٤٤ هێرشی کردە سەر هەنگاریا. هۆرتی نوێنەرانی خۆی ڕەوانە کرد بۆ مۆسکۆ، لە ١١ی ت١ دا ئاگربەستیان لەگەڵ سۆڤێت ڕاگەیاند و بەڵێنی ئەوەشیاندا کە جەنگ لەدژی ئەڵمانیا ڕاگەیەنن. لە هەمان ڕۆژدا مۆلۆتۆڤ و ئیدن لە مۆسکۆ بڕیاریاندا کە ٨٠٪ی هەنگاریا بکەوێتە ژێر هەژموونی سۆڤێتەوە. هێزەکانی ئەڵمانیا و میلیشیاکانی پایڵکراوزەر (Pijlkruisers)[٢٨] بە توندی و خێرایی هاتنە دەست

[٢٨] میلیشیای پارتی خاچی تیرداری هەنگاریایە (Nyilaskereszets Part- Hungaris-ta Mozgalom). ئەمانە میلیشیای ئەو حزبە فاشیستە ڕاستڕەوە هەنگاریە بوون کە بە سەرکردایەتی (Ferenc Szalasi) بە پشتیوانی ئەڵمانیا حکومەتیان لە هەنگاریا دروست کردبوو. دەستیان هەبوو لە ڕەشەکوژەی نەیارەکانی خۆیاندا. لەسەر دەستیان نزیکەی ١٥ هەزار کەسی جولەکە و ڕۆمانی کوژران و نزیکەی ٨٠ هەزار کەسیشیان بۆ سەربازگاکانی

و لە ١٥ی ت١ (هورتی)یان لادا و خۆیان دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت. هەتا ڕۆژی ١٢ی شوباتی ١٩٤٥ لە دەسەڵاتدا مانەوە و سەرەنجام سوپای سور (بوداپست)ی بە وێرانکراوی داگیر کرد.

لەم سەروبەندەدا حکومەتێکی کاتی لە کۆمۆنیست و سۆشیال دیموکرات و پارتی جوتیارانی پاڵە و پارتی نیشتمانیی جوتیاران، پێکهات. کۆمۆنیستەکان زۆر خێرا لە نێو جوتیارانی بێ زەویدا جەماوەریان هەڵکشا، ئەمەش لە ڕێگای ئەنجامدانی پرۆسەیەکی گەورەی ریفۆرمەوە کە بەهۆیەوە ٣٥٪ی زەوییەکان دابەش کران بەسەر ٦٤٢ هەزار خێزانی جوتیاردا. لە ماوەی نێوان ١٩٤٥-١٩٤٦ نزیکەی ٨٠٠ هەزار سەربازی سۆڤیێتی لە هەنگاریادا بوون. لە هەڵبژاردنەکانی ت٢ی ١٩٤٥دا پارتی جوتیارانی پاڵە ٥٧٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، کۆمۆنیستەکان تەنها ١٧٪ی دەنگەکانیان هێنا و لە حکومەتی نوێدا پۆستی وەزاری گرنگیان وەرگرت، لەوانەش وەزارەتی داد و ناوخۆ. لێرەشەوە دواتر ئەو دوو پۆستە گرنگە بەکار دێنن بۆ تیرۆری ڕاستەقینەی سەرکردە و ئەندامانی پارتە دیموکراتخوازەکان و لەو لاشەوە لە کاتی پێویستدا سوپای سور لە بەرژەوەندی ئەوان دەستوەردانی دەکرد.

لە ١٧ی مارتی ١٩٤٧دا سکرتێری گشتی پارتی جوتیارانی پاڵە بێلا کۆڤاکس (Béla Kovács) دەستگیرکرا، دواتر هاوڕێکەی لە هەمان پارت (فرەنک ناگی) کە سەرۆک وەزیران بوو ناچار بوو لە مایسی ١٩٤٧ دەست لە کار بکێشێتەوە. لە ٣١ی ئابی ١٩٤٧ هەڵبژاردن لە دۆخێکی پڕ لە ئاشوب و ئاژاوەدا کرایەوە. وێرای هەڕەشە و چاوترساندنەکانیان کۆمۆنیستەکان نەیانتوانی زیاتر لە ٢٢٪ی دەنگەکان بێنن، کوالیسیۆنی چەپ کە خۆیان تێیدا ئەندام بوون ٦٠٪ دەنگەکانی هێنابوو. پارتی جوتیارانی پاڵە بەهۆی هەڵسوکەوتی پۆلیس و تۆمەتەکانەوە پەرتەوازە ببوو، لە حوزەیرانی ١٩٤٨ سۆشیالیستەکان ناچارکران لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا یەکگبگرن. لە تەموزی ١٩٤٨دا

---

نەمسا و ئەڵمانیا گواستەوە کە بەشی زۆریان پاکتاوکران. لە دوای جەنگ وەکو تاوانباری جەنگ دەستگیرکران و سزا دران. وەرگێڕ.



کاردینال جۆزێڤ میندزەنتی لە کاتی دادگاییکردنیدا

(زولتان تیلدی) لە پارتی جوتیارانی پاڵە، کە پۆستی وەزیری دەوڵەتی هەبوو، دەستی لە کار کێشایەوە. کەنیسەی کاتۆلیکی لەو کاتەدا بەهێزترین جومگە و دامەزراو بوو کە دەیتوانی بەرگری بکات، بۆیە لە پێناوی شکاندنی دەسەڵاتی کەنیسە بە شێوەیەکی یەکجارەکی، کاردینالٚ جۆزێف میندزەنتی لە ٢٥ی ک١ ی ١٩٤٨ دەستگیرکرا و لە ڕۆژی ٨ی ک٢ ی ١٩٤٩ بە تۆمەتی خیانەتی گەورە و ئاودیو کردنی دراوی قورس، سزای زیندانی هەتا هەتایی بەسەردا بڕا.

لە دوای هەڵبژاردنەکانی مانگی مایس کە ڕێگا گیرا لە بەشداربوونی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان، لە ٢٠ی ئابی ١٩٤٩کۆماریی گەلیی هەنگاریا ڕاگەیەندرا و ماتیاس ڕاکۆسکی وەک دیکتاتۆرێکی دەسەڵاتدار جێگیر کرا.

پۆڵەندا:

پۆڵەندا وەک پشتوێنەیەکی بەرگری لە دژی ئەڵمانیا، بۆ یەکێتیی سۆڤێت بایەخێکی زۆر گرنگی هەبوو. لەبەر هۆکاری مێژوویی پۆڵەندیەکان زۆر بە توندی دژە ڕوس و دژە سۆڤێت بوون. هەڵبژاردنێکی ئازادیش لەوانە

بوو حکومەتێکی نەخوازراو بێنێتە گۆڕێ، لەوەش خراپتر ئەوە بوو کە سۆڤێت دەترسا لەوەی کە حکومەتێکی دیموکراتخوازی پۆڵەندی ددان بە سنورە تازەکانی نێوان پۆڵەندا و سۆڤێت نەنێ و داوای بەشەکانی ئۆکرانیا و بیلاروسیا بکاتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە هەموو پۆڵەندیەکان حەزیان بەوە بوو کە زەوییە کۆنەکانی ئەڵمانیا لە پروسیای رۆژهەڵات و پۆمیران و سیلیزیا هەتا روباری ئۆدەر نایس، بۆ پۆڵەندا بمێنێتەوە.

بە درێژایی ماوەی جەنگ کۆمیتەی کۆمۆنیستیی لوبلن پۆڵەندای بەڕێوە دەبرد. بۆ ئەوەی سۆزی جوتیارە بێ زەوییەکان بەلای خۆیاندا راکێشن، لە ٦ی ئەیلولی ١٩٤٤ لە گەرمەی شەڕی وارشۆ بڕیاریاندا کە هەر موڵکێک لە سەد (هێکتار)[٢٩] زیاتر بێت دابەش بکرێت بەسەر جوتیاراندا. بەمجۆرە توێژێکی گرنگ لە جوتیارانی خاوەن دوو یان سێ هێکتار زەوی پەیدا بوو، کە زۆر رەزامەند بوون بە سیستەمی نوێ و بە وەزیرە کۆمۆنیستەکەی کشتوکاڵ. شایانی باسە کۆمۆنیستەکان سەرپەرشتی دەستبەسەراگرتنی ئەو ملیۆنان کەسەی دەکرد کە دەچوونە شوێنی ئەڵمانەکان. دابەشکردنی زەویەکان لەوێش هەر بە دەستی کۆمۆنیستەکان بوو.

لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٤٥ لە ژێر فشاری ئەمریکی و بەریتانیەکان، حکومەتی یەکێتیی نیشتمانی دروست بوو. هەر چەندە میکۆلاژیک سەرۆکی جوتیاران کە لە لەندەنەوە هاتبۆوە، لە هەڵبژاردنەکەدا بەشدار بوو، کەچی کۆمۆنیستەکان دەستیان بەسەر حکومەتی نوێدا گرت کە تا رادەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمیتەی لۆبلن پێکهاتبوو. پارتی سۆشیالیستی پۆڵەندا کە پارتێکی بەهێز بوو، نزیکەی ٢٠٠ هەزار ئەندامی هەبوو، هیچ هەڵوێستێکی ئەوتۆی بەرامبەر بە توندوتیژیی کۆمۆنیستەکان دەرنەبڕی. (میکۆلاژیک) بە تەنها خۆی بەرامبەریان وەستایەوە. لە ک٢ی ١٩٤٦ پارتی جوتیارانی دروستکرد کە ٦٠٠ هەزار ئەندامی هەبوو.. تیرۆریزمی کۆمۆنیستەکان توندتر بۆوە

---

٢٩ بۆ زیاتر بەرچاوڕونی خوێنەر هکتار یەکەیەکی پێوانەی ئینگلیزە کە بەرامبەر بە ١٠ هەزار مەتری چوارگۆشەیە. دونم یەکەیەکی پێوانەی عوسمانیە کە بەرامبەر بە ٢٥٠٠ مەترە (لە عیراق). کەواتە یەک هکتار زەوی بەرەمبەر بە ٤ دۆنم زەوییە. وەرگێڕ.

ئەو کاتەی کە میلیشیا کۆمۆنیستەکان و سوپا کەوتنە ویزەی دەیان هەزار جەنگاوەر کە لە بەشی رۆژهەلاتی پۆڵەندا لە دژی ئەوان و سۆڤێت دەجەنگان. هەروەها (بۆلیسلاڤ بیروت) و (فلادیسلاڤ گۆمولکا) کە لایەنگری ئەو سوپا پۆڵەندیەی ژەنراڵ (زیگمونت بیرلین) بوون کە لە یەکێتیی سۆڤێت دروستکرابوو، تیرۆرێکی راستەقینەیان لە دژی سەرکردە و جەنگاوەری پارتە غەیرە کۆمۆنیستەکانیان پەیڕەو کرد کە دەیان هەزار کەسی کردە قوربانی و نزیکەی سەد هەزار پۆڵەندیش لە کونجی زیندانەکاندا توند کران. حکومەت جار لە دوای جار هەڵبژاردنەکانی دووا دەخست و دواترکە لە ١٧ی ک٢ی ١٩٤٧ ئەنجام درا، بە تەواوی ساختە کرا. کۆمۆنیستەکان ئیتر ئەوەندە بەهێز بوون کە لێبوردنی گشتییان راگەیاند. نزیکەی ٤٠ هەزار جەنگاوەری ئۆپۆزیسیۆن لە ک٢ی ١٩٤٧ خۆیان رادەستکرد و چەکیان دانا، تەنها لە شوێنە دوورە دەستەکاندا نەبێت کە هەندێ شانەی بەرگری مابوونەوە. میکۆلاژیک لە ترسی ئەوەی وەک خائنێک لە سێدارە بدرێت، لە ت١ی ١٩٤٧ هەڵهات بۆ دەرەوەی وڵات.

لە مانگی ک١ی ١٩٤٨ کۆمۆنیستەکان و سۆشیالیستەکان تێکەڵ بوون و پێکەوە پارتی کرێکارانی پۆڵەندایان دروستکرد. بۆ پیشاندان و چەسپاندنی هەژموونی یەکێتیی سۆڤێت مارشاڵی سۆڤێتی بە رەچەڵەک پۆڵەندی رۆکۆسۆڤسکی (Rokossovski) لە ت٢ی ١٩٤٩دا کرا بە جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگری و هەروەها ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبەکە. "گۆمولکا" هەوڵیدا لەسەر رێبازی پۆڵەندییانەی خۆی بەردەوام بێت. پۆڵەندا پەیوەندییە ئابورییەکانی خۆی لەگەڵ ئەوروپای رۆژئاوا نەبڕی و بەردەوام بوو لەسەر هەناردەکردنی خەڵوزی بەردیی هەرزان. زەوییە کشتوکاڵییەکانی خۆماڵی نەکرد و لەگەڵ کەنیسەی بەهێزی کاتۆلیکی جۆرێک لە رێکەوتنی کردبوو. وەک زۆرێک لە هاوڵاتیانی پۆڵەندا پارێزگاری لە مۆرکی ناسیۆنالیستانەی خۆی کرد.




## چیکوسلۆڤاکیا:

لە دوای ڕێککەوتنامەی میونشن لە ساڵی ١٩٣٨ و خیانەتە گەورەکەی بەریتانیا و فەرەنسا، چیکوسلۆڤاکیای سلاڤی زیاتر لە یەکێتیی سۆڤیێت نزیک دەبۆوە. لە ١٢ی ک١ی ١٩٤٣ سەرۆکی حکومەت لە مەنفای لەندەن ئێدوارد بێنیش (Edvard BeneŠ) پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری دوای جەنگی لە مۆسکۆ لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیێت مۆرکرد. ئەم پەیمانە گرنگە هەردوولا پابەند دەکات کە لە دوای جەنگ هاوکاری سەربازی یەکتر بکەن لە ئەگەری سەرهەڵدانی هێرشێکی تازەی ئەڵمانیا. وێرای ئەوەش پەیمانەکە چەند بەندێکی دیکەی لەخۆ گرتبوو، لەوانەش هاوکاری ئابوری یەکتر و بەشداری نەکردن لە هیچ ڕێکەوتن و هاوپەیمانییەکدا کە دژی لایەنەکەی دیکە بێت. ئەو پەیمانە چیکوسلۆڤاکیای کرد بە پشتوێنەیەک بۆ یەکێتیی سۆڤیێت لە دژی ئەڵمانیا و بە تەواوی خستییە ژێر هەژموونی سۆڤیێت. (بێنیش) بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێت چارەنوسی وڵاتەکەی بۆ پەنجا ساڵ دیاریکرد!

لە سەروبەندی جەنگدا، چیکییەکان لە ژێر پارێزگاری بوهیمیا – مۆراڤیا (Bohemen-Moravie)[٣٠] بوون، کە ئەڵمانیا سەپاندبووی بەسەریانداو زۆر بە جددی کاریان بۆ ماشێنی جەنگیی هتلەردەکرد. دوای ئەو شڵەژانەی کە بەهۆی هێرشەکەی ڕۆژی ٢٧ی مایسی ١٩٤٢ بۆ سەر )راینهارد هایدریش([31] کەوتەوە، بەرگرییەکی ئەوتۆ نەمابوو. سلۆڤاکیا تا ڕادەیەکی باش سەربەخۆ بوو، سەرۆک (جۆزیف تیسۆ) رژێمێکی هاوکاری کاسۆلیکی دروست کردبوو، کە ئەڵمانیا زۆر دەسەڵاتی بەسەرەوە نەبوو. هەروەها سوپای سلۆڤاکی زۆر کرچ و کاڵ لەگەڵ ئەڵمانیای هاوپەیمانیدا دەجەنگا.

لە دوای ستالینگراد، تیسۆ وەک هەموو هاوپەیمانەکانی ئەڵمانیا بیری لە سەنگەر گواستنەوە و کۆتایی پەیوەندی دەهێنا لەگەڵ ئەڵمانیا. ساڵی ١٩٤٣ نەیارەکانی تیسۆ کۆبوونەوە و لە مانگی ک١ی ١٩٤٣ ئەنجومەنی نیشتمانی سلۆڤاکیایان پێکهێنا. لیبراڵ و سۆشیال دیموکرات و کۆمۆنیستەکان لەوانەش (گوستاڤ هوشاک)، لەسەر کۆمەڵێک خاڵ پێکهاتن لەوانەش داڕشتنەوەی چیکوسلۆڤاکیا بوو لەسەر بناغەی کۆنفیدرالی. بۆ ئەوەی بە سۆڤێتی نیشان بدەن کە ئەوان سەر بە کامە بلۆکن دەیانویست کودەتایەک لە دژی رژێمی تیسۆ ئەنجام بدەن. بە هاوکاری سوپای سلۆڤاکیا کودەتاکە لە ٢٧ی ئابی ١٩٤٤ لە ڕۆژهەڵاتی سلۆڤاکیاوە دەستپێیکرد. گەیشتنی سوپای سور لە ئان و ساتدا بوو، لە هەمان کاتدا ڕاپەڕینی سوپای نهێنی پۆڵەندا لە وارشۆ دەستیپێکردبوو: سۆڤێت بەهەمان شێواز پەرچەکرداری نواند: لە شوێنەکانی خۆیاندا مانەوە و ڕێگایان نەدا بەریتانی و ئەمریکییەکان لە فرۆکەخانەکانیان بنیشنەوە بۆ ئەوەی هاوکاری یاخیبووەکان بکەن. یەکینەکانی سوپای

---

٣٠ کۆماری ئێستای (چیک). وەرگێڕ.

٣١ Reinhard Heydirch ئەفسەری باڵای ئەڵمانیای نازی بوو، بە ئەندازیاری هۆلۆکۆست ناو دەبرێت. یەکێک بووە لە هەرە کەسایەتی متمانە پێکراوی هتلەر کە بە (پیاوی دڵ ئاسن) ناوی بردووە. چەندین پۆستی گرنگی ئەمنی وەرگرتووە. حکومەتی چیکۆسلۆڤاکیا لە مەنفای لەندەن نەخشەی تیرۆر کردنی بە هاوکاری دەزگای هەواڵگری بەریتانیا دانا. ڕۆژی ٢٧ی مایسی ١٩٤٢ کەوتە ناو بۆسەی جەنگاوەران و بە سەختی بریندار کرا و دواتر لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. وەرگێڕ.

ئەڵمانیا، هێزەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی سلۆڤاکیای تێکشکاند و دەسەڵاتیان لە (تیسۆ)ی هەڵهاتوو سەندەوە.

لە کۆتایی مارتی ١٩٤٥، کاتێک سلۆڤاکیا لە لایەن سوپای سورەوە ئازاد کرابوو، "بێنیش" و نوێنەرانی پارتە دژە فاشیستەکان لە مۆسکۆ کۆبوونەوە بۆ ئەوەی حکومەتێکی نوێ دابمەزرێنن و سیاسەتی داهاتوو دەستنیشان بکەن. بڕیار درا بەرەیەکی نیشتمانی لە هەموو حزبە دیموکراتخوازەکان دروست بکرێت، بێگومان لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا، بڕیاریش درا سەرکردایەتییەکی هاوبەش لە سەرۆک وەزیران و سەرۆکی هەر پێنج پارتە بەشداربووەکە پێکبهێنرێت و سەرکردایەتی هاوبەش بڕیار لە هەموو پرسە هەستیارەکان بدات و لە پراکتیکیدا ئەو لیژنەیە لە سەرو پەرلەمانیشەوە بێت.

حکومەتی تازەی بەرەی نیشتمانی لە لایەن باڵیۆزی وڵات لە مۆسکۆ زدنیک فیرلینگەر (Zdenék Fierlinger) کە چەپێکی سۆشیال دیموکرات بوو، سەرکردایەتی دەکراو بیست و پێنج ئەندامی هەبوو کە یەک سێیان لە کۆمۆنیستەکان بوون. پرۆگرامی حکومەت زۆر بە روونی چەپڕەوانە بـوو: ریفۆرمی کشتوکاڵ، خۆماڵیکردنی پیشەسازییە بنەڕەتییەکان و دابینکردنی بیمەی تەندروستی. هەروەها پێکهێنانی حکومەتێکی فیدراڵی لە نێوان چیک و سلۆڤاکیەکان، بە مەرجێ هەردوو دەوڵەت هاوتا بن و هەموو "سودیت" ە ئەڵمانەکان لە چیک دەربکرێن و هەموو هەنگارییەکانیش لە سلۆڤاکیا بەهەمان شێوە دەربکرێن. لە ماوەی نێوان ١٩٤٥-١٩٤٧ نزیکەی ٢- ٢.٥ ملیۆن ئەڵمانی بە شێوەیەکی نامرۆڤانە دەرکـران و هەموو کەلوپەلەکانیشیان لە دوای خۆیانەوە بە جێهێشت. چیکییەکان بە کۆمەڵ تۆڵەیان دەکردەوە، کردەوەکانی کوشتنی رەمەکی و دزین و لاقەکردن بەر بڵاو بوون. ژمارەی کوژراوەکان خۆی دەدا لە ٤٠ هەزار کەس. وەزیرە کۆمۆنیستەکەی کشتوکاڵ بە ئـارەزووی خۆی دەستنیشانی دەکـرد کە کێ دەتوانێت دەست بگرێت بەسەر کێڵگە و ماڵی ئەڵمانیە دەرکراوەکان. دەرکـەوت کە ئەندام بوون لە پارتی کۆمۆنیست مەرجێکی بنەڕەتی بوو. لەبەر هۆکاری دبلۆماسی هەنگاریەکان بە کۆمەڵ لە سلۆڤاکیا دەرنەکران.

هەتا هەڵبژاردنەکانی ٢٦ی مایسی ١٩٤٦ حزبەکانی بەرەی نیشتمانی پێکەوە گونجاو بوون و کۆک بوون لەسەر ئەوەی ڕێگا بە هیچ حزبێکی تر نەدەن بێتە ناو بەرەکەو، دواتریش هەر پێکەوە کابینەی نوێ دروست بکەن. دەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان وەک گەورەترین حزب بە ڕێژەی ٣٨٪ی دەنگەکان و ١١٤ کورسی پەرلەمان لە کۆی ٣٠٠ کورسی، بۆ هیچ کەس مایەی سەرسوڕمان نەبوو. بە دڵنیایشەوە هۆکارەکەی بوونی هێزەکانی سۆڤێت نەبوو، ئەوان لە مانگی ک١ی ١٩٤٥ ڕۆشتبوونەوە.

کلیمێنت گۆتواڵد (Klement Gottwald) حکومەتێکی تازەی بەرەی نیشتمانی دروستکرد. کۆمۆنیستەکان لەم حکومەتەدا نۆ وەزارەتیان بە دەستەوە بوو، لەوانەش کشتوکاڵ و ناوخۆ، پارتەکانی دیکەش سیازدە وەزارەت. دوو وەزیری بێ لایەنیش هەبوون: "ژان ماسەریک" پرۆ ڕۆژئاوایی بۆ کاروباری دەرەوە و ژەنراڵ "لودڤسک سڤۆبۆدا" بۆ وەزارەتی بەرگری، کە بە کەسێکی زۆر نزیک لە کۆمۆنیستەکان ئەژمار دەکرا، هەروەها سێ وەزیرە سۆشیال دیموکراتەکەش لە کۆمۆنیستەکانەوە نزیک بوون. هێشتا چاوەڕێی ئەوە دەکرا چیکۆسلۆڤاکیا بەرە و دیموکراسی هەنگاو بنێت، سەرۆک بێنیش کە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات خاوەن ڕێزێکی زۆر بوو، هێشتا پارێزەری دەستور بوو.

سەرەتا لە ناو حکومەتدا هاوکاری و تەباییەکی باش هەبوو. حکومەت بە پشتیوانی جوتیاران و کرێکاران و روناکبیران ریفۆرمی کۆمەڵایەتی دەکرد. ژان ماسەریک هۆشیارانە لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هاتوچۆی دەکرد، کۆمۆنیستە نیشتمانییەکان زۆر بە توندی پشتیوانی بوون. نیگەران بوو لە هەڵوێستی نەرێنیانەی حکومەتی ئەمەریکا کە ئامادە نەبوو هیچ جۆرە قەرزێک بە چیکوسلۆڤاکیا بدات هەتا کۆمۆنیستەکان لە حکومەتدا بن. بەمجۆرە وڵات زیاتر پشتی بە مۆسکۆ دەبەست. ئەو بارودۆخە لە پایزی ساڵی ١٩٤٧ بە دیار کەوت کاتێک دروێنەی ئەو ساڵە خراپ بوو، ئەمەریکا ئامادە نەبوو هیچ هاوکارییەک پێشکەش بکات، ناچار ٦٠٠ هەزار تۆن گەنمیان دا بە یەکێتیی سۆڤێت. وادەردەکەوت کە ئەمەریکا چیکوسلۆڤاکیای لای خۆی بە تەواوی سڕیبێتەوە.

## فنلاند:

فنلاند کە لەگەڵ ئەڵمانیا جەنگی لە دژی یەکێتیی سۆڤێت بەرپا کردبوو، بۆیە رزگاری ببوو لە سەمای ستالینی. لە دوای ئاگربەستی ئەیلولی١٩٤٤ سۆڤێت ئەو وڵاتەی ناچارکرد کە لەو شەڕە بێتە دەرەوە و ٢٠٠هەزار سەربازی ئەڵمانی لە "لاپلاند" دەربکات. ڕێکەوتننامەی ئاشتی پاریس لە ١٠ی شوباتی ١٩٤٧ بۆ فنلەندا خراپ نەبوو: دەستبەرداربوونی هەندێ زەوی بۆ سۆڤێت، سنوردارکردنی سوپای فنلاند و قەرەبووکردنەوەی سۆڤێت بە ٣٠٠ ملیۆن دۆلار لە شێوەی شمەک و کاڵا.

لە دوای جەنگ چەند حکومەتێکی کوالیسیۆن لە فنلاند دەستبەکار بوون کە تیایدا کۆمۆنیستەکان رۆڵی باڵایان هەبوو. ئەو کۆمۆنیستە نیشتمانیانە لەوانەش وەزیری ناوخۆ یرۆ لەینۆ (Yrlö Leino) زۆر بایەخیان بە کودەتا و خۆگرتنە یەکێتیی سۆڤێت نەبوو. ستالین بە ڕێکەوتنی دۆستایەتی و هاوکاری هەردوو قایل بوو کە لە ٦ی نیسانی ١٩٤٨ مۆرکرا. فنلاند بەڵێنی دا کە دژی هەر هێرشێکی تازەی ئەڵمانیا و هاوپەیمانەکانی بێت و داوای هاوکاری سۆڤێت بکات. هەردوولا ناچنە ناو هاوپەیمانییەکی دژ بە یەکتر و دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی یەکتر ناکەن و هەردوولا زۆر بە توندی پابەندی ئەو خاڵانە دەبن. بەرامبەر بە سەروەری رەهای فنلاند دەبوو ئەویش بەهیچ شێوەیەک هیچ رەفتاریکی دژ بە یەکێتیی سۆڤێت لە دەرەوەی وڵات نەنوێنێت. ئەو مۆدیلەش لە پەیوەندی دواتر بە (فنلاندیزەکردن)[٣٢] ناوی برا.

## دۆکترین (عەقیدە)ی ترۆمان : کپکردنەوەی هەژموون:

لە بەهاری ١٩٤٧دا، سەرۆک ترۆمان بەتەواوی بێزار ببوو. ئەورووپای خۆرئاوا هێشتا بە تەواوی نەکەوتبۆوە سەر پێیەکانی خۆی دووچاری نەهامەتی و برسیبوون بوو، وێرای ئەوەش لە پۆڵەندا، یوگوسلاڤیا، رۆمانیا، بولگاریا، هەنگاریا و ئەلبانیا، کۆمۆنیستەکان دەسەڵاتیان بە دەستەوە

٣٢ فنلاندیزەکردن یاخود بە فنلاندکردن، بڕوانە پەراویزی ژمارە ١٢ لە بەشی دووەمی ئەم کتێبە. وەرگێڕ

گرتبوو. لە فەرەنسا، ئیتاليا، چیکوسلۆڤاکیا، هەنگاریا، بەلجیکا، نەمسا، نەمسا، دانیمارک، فنلەندا، نەرویج، ئایسلاند و لوکسۆمبۆرگ، کۆمۆنیستەکان بەهێز بوون و بەشێک بوون لە حکومەت.

ترس لەوەش هەبوو کە کۆمۆنیستەکان لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازادەوە لە فەرەنسا و ئیتاليا پێگەی خۆیان بەهێز بکەن و دەرگا والآ بکەن بۆ سوپای سور. بەریتانییەکان زۆر بە سەختی توانییان لە هندستان بێنە دەرەوە، لە فەلەستینیش لە نێوان جولەکە و فەلەستینیەکاندا قەتیس مابوون. نەیاندەتوانی چیدیکە لە رووی داراییەوە پشتیوانی حکومەتە راستڕەوە گەندەڵ و لەرزۆکەکەی یۆنان بکەن، کە لەشەڕدا بوو لە دژی بزوتنەوەی بەرگری کە کۆمۆنیستەکان سەرکردایەتیان دەکرد.

لە ناو حکومەتی بەریتانیدا بۆچوونی جیاواز هەبوو: سەرۆک وەزیران ئاتلی کە بەشێوەیەکی زۆر باش دۆخەکەی هەڵسەنگاندبوو، دەیویست بە زووترین کات سوپاکەی پاشەکشە پێبکات، لە کاتێکدا بەیڤین لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە شەڕی ناوخۆی یۆنان تەنها پرسێکی یۆنانی بێت. سەرەنجام بەریتانیا بڕیاریدا لە مانگی مارت بەدواوە هەموو جۆرە هاوکارییەکی یۆنان رابگرێت و سەربازەکانیشی کە ژمارەیان ٤٠ هەزار بوو بکشێنێتەوە. هەروەها هەموو جۆرە هاوکارییەک بۆ تورکیاش راگیرا کە حکومەتێکی گەندەڵ و لەرزۆک بەڕێوەی دەبرد.

وەزیری دەرەوەی سەردەمی ترۆمان دیان ئاشسۆن (Dean Acheson)، دیدگایەکی روونی هەبوو لەمەڕ هەڕەشەی کۆمۆنیزم. ئەو نوسەری سەرەکی ئەو وتارە بوو کە ترۆمان لە رۆژی ٢٢ی مارتی ١٩٤٧ لەبەردەم کۆنگرێس پێشکەشی کرد و لە مێژودا بە دۆکترین (عەقیدە) ترۆمان تۆمارکرا. ئامانجیش ئەوە بوو کۆنگرێس کە کۆمارییەکان بەسەریدا زاڵ بوون، رەزامەندی بدات بۆ دەستخستنی ٤٠٠ ملیۆن دۆلار هاوکاری ئابوری بۆ یۆنان و تورکیا، لەو کاتەدا دەمودەست ئاماژە بۆ دەستێوەردانی سەربازی نەکرا، هەروەها ترۆمان حەزی لەوە نەبوو کە پرۆژەکە فراوانتر بکات و جگە لە یۆنان و تورکیا دەوڵەتانی دیکەش بگرێتەوە. لە وتارەکەدا ئاماژە بۆ بوونی دوو

جیهان کرابوو: جیهانی ئازاد و جیهانی دکتاتۆریەتی کۆمۆنیزم. لێرە بەدواوە ئیتر ئەمەریکا یارمەتی هەموو ئەو وڵاتانە دەدات کە لە دژی راپەڕینی کۆمۆنیستەکان بەرگرییان لە خۆیان کرد، وڵاتانێک کە راستەوخۆ لە ژێر هەڕەشەی یەکێتیی سۆڤێتدا بوون.

بەمجۆرە شاڵاوی دژە کۆمۆنیزم دەستیپێکرد. ترۆمان بە فەرەنسا و ئیتالیای راگەیاند ئەو کاتە چاوەڕوانی قەرزی گەورەی ئەمەریکا بن کە کۆمۆنیستەکان لە حکومەتەکانیاندا نەمابن. ئەوەش لە مایسی ١٩٤٧ رویدا لە هەریەکە لە فەرەنسا و ئیتالیا، چەند رۆژێکی کەم دوای ئەوە "جۆن مەک کلۆی" سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی پێدانی قەرزێکی زەبەلاحی بە فەرەنسا ئاشکرا کرد.

## گرێ کوێرەی ئەڵمانیا (١٩٤٥-١٩٤٧):

لە ئەڵمانیا روبەڕوبونەوەی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا گەیشتە ترۆپک. ئەو وڵاتەی لە لایەن ئەمەریکا، سۆڤێت، بەریتانیا و فەرەنساوە داگیرکرابوو، چاوەڕوانی پێکهێنانی حکومەتێکی نوێی دیموکراسی دەکرد، کە پەیمانی ئاشتیی لەگەڵدا ئەنجام بدرێت. وڵاتەکە لە لایەن ئەنجومەنی چاودێری هاوپەیمانانەوە بەڕێوە دەبرا. ئەمە ئەوە بوو کە لەسەری رێککەوتبوون، بەڵام لە پراکتیکدا هەر داگیرکەرێک بە شێوازی خۆی ناوچە داگیرکراوەکەی ژێردەستی خۆی بەڕێوە دەبرد. ئەوەش پەیوەندی بە ئامانج و دیدگای هەر یەکە لە چوار زلهێزەکەوە هەبوو بۆ ئایندە. رێککەوتنەکانی پوتسدام: میلیتاریزە نەکردن، هەڵوەشاندنەوەی پیشەسازی جەنگ، پاکتاوکردنی نازیزم، هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا لێکدەدرانەوە.

سۆڤێتییەکان بە پلەی یەکەم ترسیان لە بوژاندنەوەی میلیتاریزمی پروسی هەبوو، بۆیە لە ناوچەداگیرکراوەکانی ژێر دەستی خۆیاندا چینی یونکەرس (Junkers)[٣٣]، چینی ئەفسەرە باڵاکانیان کردە ئامانج، بە هۆی ریفۆرمی زەوی

٣٣ وشەیەکی ئەڵمانیە بۆ چینی دەربەگ و کۆلاکە گەورە و دەوڵەمەندەکان بەکار دێت. وەرگێڕ

و زارەوە زەبریان لێدان بەوەی کە موڵکایەتی زەوی لە سەد هکتار زیاتر ڕێگەپێدراو نەبوو. هەروەها بەڵێندەرە دەوڵەمەندەکانیش کە بە ئارەزوومەندی جەنگ ناودێر کرابوون بە ئامانج گیران. سەروەت و سامانیان خۆماڵی کرا و لە دەسەڵاتی سیاسی داماڵدران: ٤٥٪ی پیشەسازی هەڵوەشێنرایەوە و بەشی زۆری گواسترایەوە بۆ یەکێتیی سۆڤیێت، لە کاتێکدا لە ناوچەکانی دیکە ئەو ڕێژەیە تەنها ٨٪ بوو. هەروەها پرۆسەیەکی وردی پاکتاوکردنی نازیزم پەیڕەو کرا. یەکێتیی سۆڤیێت لە هەوڵی ئەوەدا بوو زۆر بە خێرایی بە بەهای ١٠ ملیارد دۆلار قەرەبوو شمەک و کاڵای ئەڵمانیا ئاودیو بکات، چونکە داگیرکەرە خۆرئاواییەکان ئاستەنگیان بۆ دروست دەکردن و دوای ماوەیەکی دیاریکراو ئیتر ڕێگرییان لەوە کرد کە لە ناوچەکانی ژێر دەستی ئەواندا کارخانەکان هەڵوەشێننەوە. سۆڤیێتیەکان ناچار بوون قەرەبووەکان بە تەواوی لە ناوچە ئەڵمانەکانی ژێر دەستی خۆیانەوە بەدەست بێنن. ئەوەی دواتر بە کۆماری دیموکراتی ئەڵمانیا (DDR) ناوبرا، ٣٥٠٠ کارگەی هەڵوەشێنرایەوە و ئاودیوی سنورەکانی سۆڤیێت کران. ئەو کارگانە نزیکەی دوو ملیۆن هەلی کاری پیشەسازی پێکدەهێنا.




ئەڵمانیا لە دوای جەنگ دابەشکرا بەسەر چوار هێزەکەدا

مۆسکۆ زۆر خێرا ڕێگایدا ژیانی سیاسی لە ناوچە داگیرکراوەکانی ژێر دەستی خۆیدا ببوژێتەوە. ڕێگا درا بە چوار پارتی ئەنتی فاشیست بەشداری سیاسی بکەن. ستالین لە هەوڵی ئەوەدا بوو حکومەتێکی نوێ لە ئەڵمانیا دروست بێت و پەیمانی ئاشتیی لەگەڵدا ببەستێت. بێگومان سۆڤێت پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا (KPD)ی بە سەرکردایەتی ڤیلهەڵم پیک (Wilhelm Pieck) لا پەسەند بوو، کە لە نیسانی ١٩٤٦دا لەگەڵ پارتی سۆشیال دیموکرات(SPD) بە سەرکردایەتی ئۆتۆ گرۆتۆهل (Otto Grotewohl) یەکیان گرتبوو بۆ پێکهێنانی پارتی یەکێتیی سۆشیالیست (SED). گرۆتۆهل حەزی بەو تێکەڵبوونە نەبوو، چونکە پارتەکەی بەهێزتر بوو لە (KPD)، بەڵام بەهۆی فشارێکی زۆری کۆمۆنسیتەکان و سۆڤێتەوە ناچار بوو قایل بێت. سۆڤێت حەزی بەوە نەدەکرد دەوڵەتێکی کۆمۆنیستی سەربەخۆ لە ئەڵمانیا دروست بێت، بە پێچەوانەوە دەیانویست یەکپارچەیی ئەڵمانیا بپارێزن و لەگەڵ هەر سێ هاوپەیمانەکەی دیکەدا بەردەوام بن لە کۆنترۆڵ کردنی (Roergebied)[٣٤] و ناوچە پیشەسازییە گرنگەکانی دیکەدا. ستالین کە زۆر بە باشی ئاگای لەوە نەبوو داگیرکەرانی سۆڤێت لە ئەڵمانیا چۆن ڕەفتار دەکەن، بەهیوای گرێدانی پەیوەندییەکی زۆر باش بوو لەگەڵ ئەڵمانیای نوێدا. لە ساڵانی یەکەمی دوای جەنگدا کاروبارەکان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی سۆڤێت تاڕادەیەک بە باشی بەڕێوە دەچوو، ئەو ناوچەیە بە گشتی ناوچەیەکی کشتوکاڵی بوو، خەڵکەکەشی خۆراکیان زۆر باشتر بوو لە چاو شوێنەکانی تر.

بەریتانی و فەرەنسی و ئەمریکییەکانیش لای خۆیانەوە قەرەبووی زیانەکانیان وەردەگرتەوە. بۆ نمونە ئەمەریکا سیستەماتیک دەستی دەگرت بەسەر بڕوانامەی داهێنان و زانیارییە تەکنەلۆژییەکانی ئەڵمانیا کە بایی نزیکەی ١٠ ملیار دۆلار بوون. هەرچەندە ئەو هێزانە ناوچەکانی ژێر دەستی خۆیان بە جیا بەڕێوە دەبرد، بەڵام هەرسێکیان سیاسەتێکی هاوشێوەیان پیادە

٣٤ ڕاگەبید یاخود ڕوڕگبید ناوچەیەکی پیشەسازی گرنگی ئەڵمانیایە لە هەرێمی نۆردراین، لەو سەردەمەدا بە دڵی ئابوریی ئەڵمایا ئەژمار دەکرا. وەرگێڕ.

دەکرد. لە پێناوی کاربەڕێکردن و بەردەوامیدا، پرۆسەی ریشەکێشکردنی نازیزم لە سێکتەری بەڕێوەبردندا بە شێوەیەکی ورد و درشت ئەنجام نەدرا. پیشەسازیش بە شێوەیەکی راستەقینە پەلوپۆ نەکرا، سۆڤێتییەکان لە ناوچەکانی خۆرئاوادا توانییان تەنها حەوت کارخانە وەک قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی جەنگ ئاودیوی سنور بکەن، هەروەها پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە ناوچە داگیرکراوەکانی رۆژئاوا دەستکاری نەکرا و وەکو جارانی پێش جەنگ مایەوە: نە ریفۆرمی زەوی کرا و نە پرۆسەی خۆماڵیکردن ئەنجام درا.

وێرای هەموو ئەوانەش هێشتا ئەمەریکی و فەرەنسی و بەریتانیەکان لە ناو خۆیاندا کۆک و تەبا نەبوون. فەرەنسا لە ئەڵمانیایەکی بەهێز دەترسا و دژی دروستکردنی دەوڵەتێکی ئەڵمانی نوێ بوو، بە تایبەت لە ناوچەی (رورگبید)، فەرەنسییەکان دەیانویست ئەو ناوچەیە لە ژێر دەسەڵاتی نێودەوڵەتیدا بهێڵنەوە. هەروەها خوازیاری ئەوە بوون کە ناوچە پیشەسازییەکانی روباری "راین" کە بەشێک بوو لە ناوچە داگیرکراوەکانی ژێر دەستی خۆیان و سارلاند (Saarland) کە لە حوزەیرانی ١٩٤٥ ەوە لە ژێر دەستی خۆیاندا بوو جیا بکریتەوە لە ئەڵمانیا و تەنانەت بۆ هەمیشە بخرێتە ژێر دەستی خۆیان. هەر جۆرە پێشنیازێک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەنترالی (مەرکەزی) لە ئەڵمانیا و ئەنجومەنی چاودێری هاوپەیمانان لە لایەن فەرەنسیەکانەوە مایەی گفتوگۆکردن نەبوو. لەم بۆچوونەدا هەردوو هاوپەیمانی ئەنگلۆساکسۆنی لەگەڵ فەرەنسادا نەبوون. ئەوان هەر لە بنەڕەتەوە لەگەڵ دابەشکردنی ئەڵمانیا نەبوون.

لەبەر بوونی جیاوازییەکی زۆر جەوهەری لە نێوان هەر چوار ئەندامەکەدا، ئەنجومەنی چاودێری هاوپەیمانان نەیانتوانی سیاسەتێکی یەکانگیری هاوبەش پەیڕەو بکەن، هەروەها جار لە دوای جار کۆنفرانسە یەک لە دوای یەکەکانی تایبەت بە ئەڵمانیا شکستیان دەخوارد. هەریەکە لە (بیرنیس و بیڤین) بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە مایسی ١٩٤٦ گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە دەکرێت و رەنگە باشتربێت کە دەوڵەتی ئەڵمانیای رۆژئاوای سەربەخۆی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرسێ هێزە خۆرئاواییەکە دروست بکرێت.

بیڤین ئەم بیرۆکەیەی خستە بەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی بەریتانیا. بیڤین کە راشکاوانە لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتی ئەڵمانیای رۆژئاوا بوو کە لە ژێر هەژموونی خۆیاندا بوو، دەیویست رایگشتی بەرەو ئەوە بەرێت کە سۆڤێت بەرپرسیارە لە دابەشکردنی ئەڵمانیا.

بۆ ئەوەی لەم گێژاوە دەربازیان بێت، لەسەر داوای سەرکردە بەریتانیەکان، ئەمەریکی و بەریتانیەکان، لە ١ی ک٢ی ١٩٤٧دا لە بیزۆنیا (Bizonia) پێکاتن لەسەر ئەوەی ناوچەداگیرکراوەکانی خۆیان تێکەڵ بکەن. بیڤین لەو باوەڕەدا بوو کە ئەوە سەرەتایەکە بۆ دروستکردنی ئەڵمانیای رۆژئاوا. لێرە بەدواوە بەریتانی و ئەمەریکییەکان کاریان بۆ ئەوە دەکرد کە ئابوریی ئەو ناوچانە ببوژێننەوە. دەیانویست ئەڵمانەکان خۆیان بتوانن لە رێگای هەناردەکردنی شمەک و کاڵای پیشەسازییەوە، پارەی پێداویستییەکانی خۆراک و بەکاربردن دابین بکەن، لە بەرئەوەی دابینکردنی ئەو کەلوپەلانە ساڵانە نزیکەی نیو ملیارد دۆلار لەسەر خەڵکی باجدەری ئەمەریکا و بەریتانیا دەکەوت.

بۆئەوەی کارامەیی ئەڵمانەکان بەرز بکەنەوە لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٧ ەوە، ئەنجومەنی ئابوری (Wirtschaftsrat) بە سەرکردایەتی راوێژکاری داهاتووی ئەڵمانیا لودڤیگ ئیرهارد (Ludwig Erhard)[٣٥] دروستکرا. رێگا بە ئەڵمانیا نەدرا چیدیکە وەکو پێش جەنگ پەیڕەوی ئابوری ئۆتاریکی[٣٦] بکات، بەڵکو دەبێت شمەک و کاڵای ئەمەریکی و بەریتانیش بکڕێت.

لە کۆنگرەی چوار زلهێزەکەدا لە مۆسکۆ (مارت و نیسانی ١٩٤٧)، وەزیری نوێی دەرەوەی ئەمەریکا جۆرج مارشاڵ(George Marshall)

---

٣٥ لودڤیگ ویلهەڵم ئێرهارد (١٨٩٧–١٩٧٧) سیاسەتمەدار و ئابوریناسێکی ئەڵمانی بوو. ساڵی ١٩٦٣ هەتا کۆتایی ١٩٦٦ بوو بە راوێژکاری ئەڵمانیا. لەو ماوەیەدا تیۆری بازاڕی ئابوری کۆمەڵایەتی داهێنا و بە ئەندازیاری هەستانەوەی ئابوری ئەڵمانیا دەژمێردرێت لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی. وەرگێڕ.

٣٦ ئابوری ئۆتاریکی یاخود داخراو (Autarky) جۆرێکە لە سیستەمی ئابوری کە دەوڵەتێک بۆ پشتبەستن بەخۆیی و کەمکردنەوەی پاشکۆیەتی بۆ بێگانە و بازاڕەکانی دەرەوە پشت بە خۆی دەبەستێت بۆ دابین کردنی هەموو پێداویستیەکانی لە شمەک و خزمەتگوزارییەکان. گرنگی ئەمجۆرە لە ئابوری لە کاتی جەنگ و گەمارۆی ئابوریدا دەردەکەوێت. وەرگێڕ

و هاوتا فەڕەنسییەکەی جۆرج بیداوڵت (George Bidault) وردە وردە لەمیانەی گفتوگۆ تایبەتەکانی خۆیاندا کۆک بوون لەسەر بۆچوونەکەی "بیڤین". ئەڵمانیایەکی دابەشکراو کەمتر مەترسی دەبێت لەسەر ڕۆژئاوا، لە ئەڵمانیایەکی یەکگرتووی ژێر دەستی سۆڤێت. ڕەنگە بێئومێد بووبێتن لە ڕەوتی گفتوگۆکان کە پێدەچێت هەموان لەگەڵ یەکپارچەیی ئەڵمانیادا بوون.

ئەمەریکی و بەریتانیەکان پێشنیازی دروستکردنی ئەڵمانیای فیدراڵییان کرد، کە هێزەکانی (Länder)[٣٧] ڕۆڵی سەرەکی تێدا بگێڕن، لە کاتێکدا سۆڤێت داوای گەڕانەوەی بۆ دەستوری (فایمار) دەکرد، هەروەها بۆچوونی هاوبەش هەبوو لەسەر ئەوەی کە ناوچەی (روورگبید) لە ژێر دەسەڵاتی نێودەوڵەتیدا بمێنێتەوە. دوای شکستی کۆنگرەکە، بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش کەوتنە بیر کردنەوە لە پێکهێنانی دەوڵەتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا. لە پایزی ١٩٤٧دا بە وریاییەوە دەست بە هەنگاوەکان کران.

بەمجۆرە نەدەکرا داواکەی یەکێتیی سۆڤێت پەسەند بکرێت. لە کۆنگرەی نێوان چوار زلهێزەکە لە لەندەن (ت٢ و ک١ی ١٩٤٧) بڕیاری ئەوە پەسەند نەکرا کە یەکێتیی ئابوری ئەڵمانیا بپارێزرێت و ڕێگا بە سۆڤێت بدرێت کە قەرەبووەکانی خۆی لە ناوچە ڕۆژئاواییەکانی ئەڵمانیا وەربگرێتەوە. ئەمریکیەکان دەیانویست لە ڕێگای نەخشەی مارشاڵەوە ئابوری ڕۆژئاوای ئەڵمانیا تێکەڵ بە جیهانی ئازادی خۆرئاوا بکەن. ئەمریکیەکان لەپڕێکدا لە ڕۆژی ١٥ی ک١ی ١٩٤٧دا کۆنگرەکەیان ڕاگرت و هیچ مەوعیدێکیش بۆ کۆنگرە و کۆبوونەوەی داهاتوو دیاری نەکرا.

بەشێوەیەکی سەرەکی بەریتانیەکان لە بەهاری ١٩٤٨ بەبێ دوودڵی و لیبراوانە کاریان دەکرد بۆ ئەوەی لەو ناوچانەی خۆرئاوای ئەڵمانیا کە بەدەست هاوپەیمانەکانەوە بوو، ئەڵمانیایەکی سەربەخۆی ڕۆژئاوا دروست بکەن. ئەنجومەنی هاوپەیمانان بۆ دواجار لە ٢٠ی ئازاری ١٩٤٨ کۆبووەوە.

---

٣٧ مەبەست لەوە هەرێمەکانە، واتە هەرێمە فیدراڵیەکانی ئەڵمانیا ڕۆلی سەرەکی بگێڕن لە داهاتووی وڵاتدا، هەر یەکە لەو هەرێمانە بە گوێرەی دەستور نیمچە سەربەخۆییەکی خۆی دەبێت. وەرگێڕ.

لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٤٨دا، ئینگلیزەکان کەسایەتی کاریگەری ئەمەریکا (ئاشسۆن) یان قایل کردبوو کە دروستکردنی دەوڵەتی ئەڵمانیای رۆژئاوا پەسەند بکەن و چیدیکە وەک جۆرج کینان پرسەکە ئاڵۆز نەکەن و بیر لە ئەڵمانیایەکی یەکگرتووی چەکداماڵدراو و بێلایەن نەکەنەوە!

## مارشاڵ پلان (بوژاندنەوەی ئەوروپا) و کۆمینیفۆرم (١٩٤٧):

دوای شکستی کۆنفرانسی چوار زلهێزەکە لە مۆسکۆ، جۆرج مارشال لەو باوەڕەدا بوو کە ئەوروپای رۆژئاوا، بە تایبەتی ئەڵمانیا نابێت بەجێبهێڵرێت بۆ چارەنوسی خۆی: لە ساڵی ١٩٤٧ بەرهەمی کشتوکاڵ و پیشەسازی ئەڵمانیا نیوەی بەرهەمی پێش جەنگ بوو. لە وتارەکەی خۆیدا کە ٥ی حوزەیرانی ١٩٤٧ لە زانکۆی هارڤارد پێشکەشی کرد، مارشاڵ رایگەیاند کە دەبێت بە پەلە هاوکارییەکان پێشکەش بکەین. بۆ ئەوەی ئەو ئامانجەش بە دەست بێت لەو باوەڕەدا بوو کە ئەوروپییەکان دەبێت دەستپێشخەری بنوێنن بەوەی کە نەخشەیەکی هاوبەش بۆ بوژاندنەوە و گەشەسەندن پێشکەش بە ئەمەریکا بکەن. تا ئەو کاتەش زیاتر لە نۆ ملیارد دۆلار قەرز پێشکەش بە ئەوروپای رۆژئاوا کرابوو بەبێ ئەوەی ئامانجێکی ئەوتۆ بەدەست بێنن.

مارشاڵ لەو باوەڕەدا بوو کە بوژانەوەی ئابوری دەتوانێت پێشکەوتنی کۆمۆنیزم لە رۆژئاوا و باشوری ئەوروپا رابگرێت، هەروەها ئەوروپییەکان دەتوانن بەرجەستەی ئەوە بکەن کە دیموکراسیەت و ئابوریی بازاڕ لە سۆشیالیزم باشترن. هەروەها ئەوروپای رۆژئاوا ئەگەر ئابورییەکی بەهێزی هەبێت و ئەمەریکا ئاراستەی بکات رەنگە وابکات کە دەوڵەتە هەژارەکانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا سەرسام بکات. رەنگە ئەمەریکا بەم رێگایە بتوانێت ئەو دەوڵەتانە لە ژێر هەژموونی بازنەی سۆڤیێت بێنێتە دەرەوە.

لە هەموو حاڵەتێکدا بلۆکێکی بەهێزی خۆرئاوا دروست دەکرێت، پێویستە ئەڵمانیای رۆژئاواش لەو بلۆکەدا جێگەی خۆی بگرێت. ئاوێتەکردنی ماکینەی خێرا وەگەڕکەوتووی ئابوری ئەڵمانیای خۆرئاوا بەس نەبوو بۆ ئەوەی کە ئەوروپای رۆژئاوا لە زەلکاوی ئابوریدا دەربهێنرێت. پلانی مارشاڵ

پرۆگرامێکی ئەورووپی بوو، دەیتوانی خۆی لە ڤیتۆی فەرەنسا بدزێتەوە کە بەردەوام دژی هاوکاریکردنی ئابوری ئەڵمانیا بوو، جگە لەوەش ئەڵمانیای ڕۆژئاوای بە تەواوی لە یەکێتیی سۆڤێت دادەبڕی.




بنیاتنانەوەی ئەورووپای ڕۆژئاوا بە پێی مارشاڵ پلان

هەندێ لە بەرپرسە ئەمەریکییەکان لەو باوەڕەدابوون کە پلانی مارشال دەتوانێت ئەورووپایەکی خۆرئاوای بەهێز و یەکگرتوو لە ڕووی سیاسی و ئابوری و دیموکراتییەوە بهێنێتە ئاراوە، کە هەمیشە پەیوەست دەبێت بە ئەمەریکاوە. ئەو دەمە ئیتر ئەورووپای ڕۆژئاوا پێش دەکەوێت و دەتوانێت ئەرکی بەرگریکردن بگرێتە ئەستۆی خۆی، بەمەش بودجەی بەرگری ئەمەریکا دابەزینێکی بەرچاو بە خۆیەوە دەبینێت. پلانی مارشاڵ دوورتر- بەڵام بە شێوەیەکی لاوەکی- تەماشای دەکرا بەوەی کە هۆکارێک بێت ئەگەری بێ بازاڕی لە ئەمەریکا کەم بکاتەوە و خواستی ئەورووپا لەسەر شمەکی

ئەمەریکی بەرز بکاتەوە. هەروەها زیاتر دەبوو ئابورییە نیشتمانییەکانی ئەوروپای رۆژئاوا ئاوەڵابکرێن، نەدەبوو هیچ بازاڕێکی ئەوروپا داخراو بمێنێتەوە لەبەردەم شمەک و کاڵای ئەمەریکی. هەروەها دەبوو هەموو بازاڕە قۆرخکراوەکانیش لەبەردەم ئەمەریکادا زۆر بە روونی ئاوەڵا بن.

لە رووی پرەنسیپەوە، یەکێتیی سۆڤێت و وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتیش دەیانتوانی بەشداربن لە پلانی مارشاڵ، بەڵام لە راستیدا ئەمە بەو جۆرە نەبوو، چونکە خاوەن پلانەکان باش دەیانزانی کە هیچ هەلێک نیە بۆ ئەوەی کۆنگرێسی ئەمەریکی قایل بێت بەوەی کە دۆلار برژێت بەسەر ئەوروپای خۆرهەڵات و یەکێتیی سۆڤێت. ترومان و مارشاڵ بە نهێنی هیواخواز بوون کە یەکێتیی سۆڤێت ئەو داوایە رەت بکاتەوە. بەمەش تەنها دۆخەکە ئاسان تر نەدەبۆوە بەڵکو پروپاگەندەیەکی گەورەش دەبوو بۆ خودی ئەمەریکا. سەرەتا مۆلۆتۆڤ بە شێوەیەکی ئەرێنی وەڵامی دایەوە، بەڵام لە ٢ی تەموزی ١٩٤٧ بەهۆی فەرمانەکانی ستالینەوە درزێکی خستە نێو کۆنفرانسەکەوە. لە پاریس جگە لە سۆڤێت، بەریتانی و فەرەنسییەکانیش لەوێ بوون. فەرەنسییەکان بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کە یەکێتیی سۆڤێت لە پلانی مارشاڵ بەشداربێت. ئامانجی کۆنگرەش خاپاندنی رایگشتی چەپەکان بوو. مۆلۆتۆڤ لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە سوپەر پاوەرێک هاوکارییەکان بەڕێوەبەرێت، لە جیاتی ئەوە پێشنیازی رێکەوتنی راستەوخۆی دووقۆڵی کرد لەگەڵ ئەمەریکا. سەرەتا لەو باوەڕەدا بوو کە دواجار ئەمریکییەکان دێنە ژێرباری

ئەوەی ئەو قەرزە بدەن کە زۆر دەمێکە ئەمان چاوەڕوانی بوون بۆ بوژاندنەوەی یەکێتیی سۆڤێت. لە رێگای هەواڵگرییەوە سۆڤێت ئەوەی زانیبوو کە ئەمەریکی و بەریتانیەکان بە نیازن سەرلەنوێ پەیکەری ئەوروپای رۆژئاوا دابرێژنەوە و ئەڵمانیای رۆژئاوا لە ژێر دەستی سۆڤێت دەربێنن. کاتێک ستالین ئەمەی بیست، داوای لە مۆلۆتۆڤ کرد دەست لەکار بکێشێتەوە.

هەروەها وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات، پۆڵەندا، یوگوسلاڤیا، چیکوسلۆڤاکیا بە روونی بایەخی خۆیان بۆ پلانەکە دەربڕی، بەڵام بە فەرمانی ستالین

خۆیان گرت و وازیان لە بەشداریکردن هێنا. دوای ئەم ڕەتکردنەوەیەی یەکێتیی سۆڤێت، کۆنگرێس ڕەزامەندی لەسەر پلانەکە دەربڕی کە ماوەی (٣ی نیسانی ١٩٤٨ تا ٣٠ی مایسی ١٩٥١) ی بۆ دانرابوو. نزیکەی ١٣ ملیارد دۆلار، کە بەشی هەرە زۆری قەرز بوون، دران بە ئەوروپای ڕۆژئاوا لەوانەش ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و بەرلینی ڕۆژئاوا. گرفتی نەبوونی دۆلار لە ئەوروپا چارەسەرکرا، ئەروپییەکان توانیان بگەنە بازاڕە زەوەندەکانی ئەمەریکا، هەروەها بازرگانی لە نێوان ئەوروپا زیاتر ئازاد کرا کە ئەمەش بوو بە هۆی بوژاندنەوەی ئابوری و خۆشگوزەرانی خێرا.

دەبێت ئەوەش بگوترێت کە بوژاندنەوەی ئابوری لە زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکاندا لە ١٩٤٦ دەستیپێکردبوو، تەنانەت بەبێ پلانی مارشاڵیش. هاوکارییەکان تەنها ٢٪ی سەراپای بەرهەمی نەتەوەی پێکدەهێنا لە وڵاتە بەشداربووەکان و لە وەبەرهێنانیشدا تەنها ١٠ بۆ ٢٠٪ی پێکدەهێنا. ئەمە ئەو تێزە بوو کە ئالان میلوارد (Alan.S. Milward) ئاماژەی بۆ کرد کە دەڵێت؛ کەمبونەوەی دۆلار لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە ساڵی ١٩٤٧ هۆکارەکەی وەبەرهێنانی زۆرگەورە بوو لە شمەکی سەرمایەداریدا. میلوارد زۆر ڕاشکاوانە ئەو تێزانەی باس دەکرد، بەڵام میشیڵ هۆگان(.Michael.J Hogan) ڕەخنەی لێدەگرێت و دەڵێت: ڕاستە بوژاندنەوەی ئابوری ئەوروپا بە تەنها بەهۆی پلانی مارشاڵەوە نەبوو، بەڵام پلانەکە بەهایەکی دەرونی یەکجار گەورەی هەبوو: ئەوروپای ڕۆژئاوا ئیتر دەتوانن وەکو ئەمریکییەکان خۆشگوزەران بژین. دەبوو شێوازی ژیانی ئەمەریکی پەیڕەو بکەن لە بەرهەمی (زۆر) زەوەند و بەکارهێنانی زەوەند لە پاڵ تەکنیکی دیاریکراو بۆ بەڕێوەبردن. دەبوو پارتە چەپەکان و سەندیکاکانی کرێکاران فێری ئەوە بن کە تەنها سەرمایەداری دەتوانێت بە خێرایی خۆشگوزەرانی مسۆگەر بکات، جگە لەوەش زانینی ئەوەی کە ئەمریکا لە خەمی ئەوروپای ڕۆژئاوادایە و ئەو وڵاتە زلهێزە لە بوژانەوەی ئابووریدا پێشەنگە، دۆخێکی گەشبینانەی لە هەموو سێکتەرە ئابورییەکاندا دروستکرد.

لە سەرەتادا ستالین لەژێر کاریگەری ئابوری ناسەکەیدا، یوژین ڤارگا (Eugeen Varga) لەو باوەڕەدا بوو، بەهۆی کەڵەکە بوونی بەرهەمەوە لە ئەمەریکا، قەیرانێکی توند رووی تێدەکات و دواتر ناچار دەبن بەرهەمەکانیان بە هەر نرخێک بووە بفرۆشن، ئیتر ناچار دەبن لە رێگای قەرزپێدانی زۆرەوە کڕیار بۆ خۆیان بدۆزنەوە. هەروەها پێی وابوو لەم بارەشەوە ململانێی توند دەکەوێتە نێوان هەردوو ئیمپریالیستە گەورەکە: ئەمەریکا و بەریتانیا. ستالین لەوە دەترسا کە ئەڵمانیای رۆژئاوا لە رووی ئابورییەوە زۆر بەهێز بێت، بەڵام نەیدەزانی چۆن رێگا لەوە بگرێت، لە کۆتاییدا گرەوی لەسەر ئەوە دەکرد کە لە نێوان سەرمایەداراندا ململانێ بێتەگۆڕێ. کاتێکیش بڕیاری کۆتاییدا بەوەی کە سۆڤێت بەشدار نابێت لە پلانەکەدا، لەو باوەڕەدا بوو تەنها دوو هەڵبژاردنی لەبەردەمدایە: یان ئەوەتا وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات بەشداربن لە پلانی مارشاڵ و بەهۆیەوە ئاستی بژێوی دانیشتوانەکەیان بەرزبێتەوە و سەرەنجام ئەوروپای رۆژهەڵات لەدەست بدات و بکەونە ناو بازانەی هەژموونی ئابوریی رۆژئاواوە و دواتریش هەژمونی سیاسی. یان بەشدار نەبن، لەم حاڵەتەشدا ئەوروپای رۆژهەڵات بە بەراود لەگەڵ رۆژئاوا زۆر هەژار دەبێت. تەنها پەردەی ئاسنینی تۆکمە دەتوانێ ئەم ناوچە کشتوکاڵیانە لە دەرەوەی هەژمونی رۆژئاوا بهێڵێتەوە. ستالین چارەسەری دووەمی بە مسۆگەرترو ئاسایشتر دەزانی لەوەی یەکەم. بە پەلە هەندێ رێکاری خراپ گیرانە بەر. لە ماوەی نێوان تەموز و ئەیلولی ١٩٤٧ یەکێتیی سۆڤێت و وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات کۆمەڵێک رێکەوتننامەی بازرگانییان واژۆ کرد بە ئامانجی ئەوەی کە پشتبەستن بە رۆژئاوا کەم بکەنەوە و ئاڵوگۆڕی دوولایەنە زیاتر بکەن. لە ٨ی ک ٢ی ١٩٤٩ ئەنجومەنی هاوکاری ئابوری بۆ ئەو مەبەستە دروستکرا، کە ساڵی ١٩٥٩ کرا بە کۆمیکۆن. ئەم بارودۆخە تەواو لە دژی بەرژەوەندی وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات بوو. نەک هیچ کامیان هیچ جۆرە هاوکارییەک نەکران، بەڵکو ستالین کە بە نیازی ئەوە بوو بە زووترین کات سەرلەنوێ یەکێتیی سۆڤێت بنیات بنێتەوە، دەیزانی کە چۆن دوژمنە کۆنەکانی خۆی دادۆشێت. لەهەمان ئەو ماوەیەی

کە پلانی مارشاڵ جێبەجێ دەکرا (١٩٤٨-١٩٥١) بڕی ١٤ ملیارد دۆلاری بۆ قەرەبووکردنەوەی زەرەرەکانی جەنگ لەو وڵاتانە وەرگرتەوە.

ستالین بە تایبەت لە گەڕانەوەی دووبارەی بەهێزی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا زۆردەترسا، لەسەر دەستی ئەمریکییەکان، بۆیە ویستی لە ڕووی سیاسیشەوە پەرچەکردار بنوێنێت. هاوشێوەی ئەنتەرناسیۆنالیزم لە ئەیلولی ١٩٤٧هەستا بە دروستکردنی کۆمنفۆرم (ناوەندی ڕاگەیاندنی کۆمۆنیزم) بە سەرکردایەتی ئەندرێ ژیدانۆڤ (Andrej Zjdanov). جارێکی دیکە هەموو پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کەوتنەوە ژێر دەستی یەکێتیی سۆڤێت. بەبێ خواستی خۆیان فەرمان بە هەموو کۆمۆنیستەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا کرا سەرلەنوێ ململانێی چینایەتی بەرپا بکەنەوە و لە دژی پلانی مارشاڵ پروپاگەندە بکەن، تەنانەت لە ڕێگای مانگرتن و ڕێکارەکانی دیکەوە هەوڵ بدەن پلانەکە بشێوێنن، بەڵام داوای شۆڕش و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتیان لێنەکرا، هەروەها وازهێنانیان لە کاری پەرلەمان لێنەکرا.

هەروەک خۆیان پێشبینییان کردبوو، ئەم سیاسەتە بووە هۆکاری لەدەستدانی دەنگی ژمارەیەکی زۆر لە کۆمۆنیستەکانی ئەورووپا. لە ئەیلولی ١٩٤٧ لە سەروبەندی کۆبوونەوەی دامەزراندنی کۆمینفۆرم لە "ژکلاسکا پۆریبا (Szklarska Poreba)ی پۆڵەندا، فەرمان بە سەرکردە کۆمۆنیستەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات کرا ریزەکانیان یەکبخەن. ژیدانۆڤ بە ڕوونی ئەوەی ڕاگەیاند کە لەمەودوا تەنها دوو بلۆک هەیە: ئیمپریالیزم و دژە ئیمپریالیزم. لە ڕێگای پلانی مارشاڵەوە ئەمەریکییەکان ئەورووپای ڕۆژئاوا بۆ جەنگی خۆپاراستن لە دژی بلۆکی دژە ئیمپریالیزم ئامادە دەکەن. ئیتر ڕێگا بە ئەورووپای ڕۆژهەڵات نەدەدرا بە ڕێبازی تایبەتی خۆی بەرەو سۆشیالیزم بڕوات، بەڵکو دەبوو ڕێبازێکی ستالینی توند بگرێتە بەر. ئەو کۆمۆنیستانەی کە ناڕازی بوون بەوە و باوەڕیان بە گرتنەبەری ڕێبازی نیشتمانی خۆیان هەبوو، کەوتنە بەر شەپۆلێکی توندی تیرۆری ستالینی. ستالین لەو باوەڕەدا

بوو دابڕانێکی تەواوەتی و سەرکوتکردنێکی توند تاکە ڕێگەن کە بتوانن ڕۆژهەڵاتی "هەژاری" ئەوروپا لە هەژمونی ئەمەریکا بپارێزن.

## کودەتاکەی چیکۆسلۆڤاکیا (١٩٤٨):

کۆمۆنیستەکانی چیکوسلۆڤاکیا، پارتی دەسەڵاتداری سەرەکی بوون لە حکومەت. سەرکردەکەشیان گۆتواڵد، سەرۆک وەزیرانی وڵات بوو. هەڵبژاردن لە پێشیان بوو، ئەوان بە نیاز بوون دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. سەرەتا لەو باوەڕەدا بوون کە هەڵبژاردنەکان دەبەنەوە. لە پایزی ١٩٤٧ دڵنیا نەبوون لەو سەرکەوتنە، بۆیە خۆیان ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی قەیرانێک دروست بێت و لە قەیرانەکدا دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. وەزیری ناوخۆ ڤاسەلاڤ نۆسیک (Václav Nosek) جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەزگاری هەواڵگری و هێزەکانی پۆلیس بخاتە ژێر کۆنترۆڵی کۆمۆنیستەکانەوە، هەروەها دەکرا پشت بە وەزیری بەرگری سڤۆبۆدا (Svoboda) ببەستن بۆ ئەوەی سوپاش لە ژێر کۆنترۆڵدا بمێنێتەوە. هەروەها کۆمۆنیستەکان بە تەواوی دزەیان کردبووە ناو سەندیکاکان. هەروەها لەناو هەموو پارتەکانی دیکەدا بە تایبەت سۆشیال دیموکراتەکان خەڵکی خۆیان ئامادە کردبوو، ژمارەی ئەندامانی خۆشیان ١.٥ ملیۆن ئەندام دەبوو (بەهاری ١٩٤٨) کە بەشێوەیەکی زۆر نمونەیی ڕێکخرابوون و زۆر بە ئاسانی مۆبۆلیزە دەکران.

ستالین لە ٨ و ٩ی تەموزی ١٩٤٧ فشارێکی توندی خستە سەر "ماساریک و گۆتواڵد" بۆ ئەوەی بەشدار نەبن لە پلانی مارشاڵ. ستالین ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٤٣ بیر دەهێنانەوە کە ڕێگا دەگرێت لە هەر لایەک بچێتە ناو هاوپەیمانییەک دژ بە لایەنەکی دیکە. هەرچەندە ستالین زۆر زیرەکانە ئاماژەی بەوە کرد کە ئەوان بەرگری لە سلاڤییەکان دەکەن لە دژی ئەمریکی و بەریتانیەکان، بەڵام بە روونیش ئەوەی وەبیرهێنانەوە کە ئەوان سەر بە بلۆکی سۆڤێتین. لە کاتی کۆبوونەوەی یەکەمی کۆمینفۆرم لە ئەیلولی ١٩٤٧ ، سەرکردە کۆمۆنیستەکانی چیکۆسلۆڤاکیا وانەی داهاتوویان وەرگرت، ئەویش ئەوە بوو کە دەبێت ئیتر دەستبەرداری ئەوە بن لە ڕێگای پارلەمانەوە دەست

بەسەر حکومەتەکاندا بگرن. ئاشکرا نیە کە داخۆ ئەوان ڕێنمایی کراون بۆ ئەوەی دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن یان نا، بەڵام ڕۆدولف سلانسکی کە لە کۆبوونەوەکەدا بووە، بە مەکتەبی سیاسی ڕاگەیاندووە کە بەهۆی دروست بوونی قەیرانێکەوە دەبێت دەسەڵات بەدەستەوە بگرن.

لە پایزی ١٩٤٧ بەدواوە، بەهۆی دیاری کردنی وادەی هەڵبژاردن لە مایسی ١٩٤٨ پەشێوی کەوتە ناو حکومەتەوە. کۆمۆنیستەکان لەوە دەترسان کە هاوڕێکانیان هاوشێوەی فەرەنسا و ئیتالیا گەمەیەک بکەن و لە حکومەت وەدەریان نێن. وەزیرەکان لە ناو خۆیاندا ناکۆک بوون لەسەر ریفۆرمی نوێ و دانانی کۆمۆنیستەکان لە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش. بۆ ئەوەی خۆیان باشتر ساز و تەیار بکەن، پارتی کۆمۆنیست (چوار وەزیر) پارتی گەل (سێ وەزیر) پێکەوە هاوکار بوون. سۆشیال دیموکراتەکان (سێ وەزیر) لە ناو خۆیاندا ناکۆک بوون و بەسەر باڵی چەپ و ڕاستدا دابەش ببوون و دوو دڵ بوون لە کارکردن لەگەڵ ئەو گروپەدا.

لە ١٣ی شوباتی ١٩٤٨دا ململانێیەکی توند لەسەر دامەزراندنی هەشت سەرکردەی کۆمۆنیست لە دەزگاکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە پراگ هاتە ئاراوە. کاردانەوەی ئەو سێ پارتەی لە بلۆکی دژە کۆمۆنیست خۆیان ڕێکخستبوو، زۆر توند بوو. لەبەر ئەوەی کە گۆتواڵد هەرگیز بە نیازی پاشگەز بوونەوە نەبوو، هەڕەشەی دەست لەکار کێشانەوەی کرد. ئەمەش ڕێک لە ٢٠ی مانگدا رویدا، دوای ئەوەی میانگیری سۆشیال دیموکراتەکان شکستی خوارد، گوتواڵد سور بوو لەسەر هەڵوێستی خۆی. ئەنتی کۆمۆنیستەکان بە هیوای ئەوە بوون کە بێنیش دەست لەکارکێشانەوەکانیان پەسەند نەکات و کۆمۆنیستەکان ناچار بکات داوای دامەزراندنەکانیان بکێشنەوە، سۆشیال دیموکراتەکان بڕیاریاندا لە پۆستەکانی خۆیاندا بمێننەوە و زیاتر میانگیری بکەن و داوا لە سەرۆک بێنیش بکەن دەست لە کار کێشانەوەی وەزیرەکان پەسەند نەکات. لەبەر ئەوەی سڤۆبۆدا و ماساریک کە بێلایەن بوون مابوونەوە، بۆیە هێشتا زۆرینەیەک بە چواردە وەزیر مابوون لە کۆی بیست و حەوت وەزارەت.

بە پێچەوانەی نەیارەکانیانەوە، کۆمۆنیستەکان بە روونی دەیانزانی چییان دەوێت: قۆستنەوەی قەیران بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا، ئەمەش پێویستی بەوە دەکرد کە دەست لەکارکێشانەوەی وەزیرە "کۆنەپەرستەکان" پەسەند بکرێت و حکومەت فراوان بکرێت لە کۆمۆنیستەکان و سێبەرەکانیان لە ناو حزبەکانی تری بەرەی نیشتمانی. گۆتواڵد لە لایەن جێگری وەزیری دەرەوەی سۆڤێت ڤالیریان زۆرین (Valerian Zorin) کە لە ١٩ی شوبات، بە بۆنەی وەرگرتنی بڕێکی زۆر دانەوێڵە سەردانی وڵاتی دەکرد؛ ڕێنمایی ئەوەی وەرگرت. زۆرین لەو باوەڕەدا بوو کە ئیتر کاتی لێدان هاتووە، هێزەکانی یەکێتیی سۆڤێت لە هەنگاریا ئامادەیە بۆ پێشڕەوی کردن بۆ ناو پراگ. گۆتواڵد ئەو پێشنیازەی رەتکردەوە لەبەر ئەوەی کە لێکەوتەی خراپی نێودەوڵەتی دەخاتەوە، هەروەها پێی وابوو کە حزب خۆی دەتوانێت ئیرادەی خۆی بسەپێنێت. کەواتە چارەنوسی چیکوسلۆڤاکیا لەسەر جادەکان یەکلایی دەکرێتەوە. سەندیکا کرێکاریەکان لە بەرژەوەندی حکومەتی چەپڕە و دەستیان بە خۆپیشاندان کرد. کۆنگرەی نیشتمانی بۆ ئەنجومەنی کارگەکان و جوتیارەکان گرێ درا. لیژنەکانی بەرەی نیشتمانی کە کۆمۆنیستەکان بەسەریدا زاڵ بوون چەندین جۆر بڕیاریان دەرکرد. میلیشیا کرێکارییە چەکدارەکانیش لەوپەڕی ئامادەباشیدا بوون. وەک ئەوەی هەموو ئەمانە بەس نەبن، هەڕەشەی ئەوە کرا کە مانگرتنی گشتی لە سەرتاسەری وڵات رادەگەیەنرێت ئەگەر بێتو بێنیش دەست لەکار کێشانەوەی وەزیرەکان پەسەند نەکات.

پارتە دەست لەکار کێشاوەکان خێرا زانییان کە لە دۆخێکی باشدا نین. باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە چیکوسلۆڤاکیا لۆرانس شتاینهارت (Laurence.A. Steinhardt) پاش ماوەیەکی کەم لە گەیشتنی "زۆرین" و لە ١٩ی شوبات گەیشتە پراگ، جگە لە بەڵێنی پشتیوانی مەعنەوی و هەوڵی دبلۆماسی هیچی تری لە هەگبەدا نەبوو. ئەو حزبانە بە شێوەیەکی هەڵە هەموو هیوایەکی خۆیان بەستبوو بە سەرۆک "بێنیش" کە دووچاری

نەخۆشییەکی کوشندە ببوو، زۆریش هانیدان بەر لەوەی دەست لەکار بکێشنەوە ئاگاداری هەنگاوەکانی خۆیان بن.

بێنیش دوو دڵ بوو، نەیدەزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ قەیرانەکەدا بکات. لە دژی توندو تیژی کۆمۆنیستەکان تەنها ئەوەندەی دەتوانی کە سوپا دابەزێنێت، بەڵام "سڤۆبۆدا" ی وەزیری جەنگ لایەنگری کۆمۆنیستەکان بوو، جگە لەوەش ڕەنگ بوو کارەکە سەربکێشێت بۆ جەنگی ناوخۆ، کە دەیویست خۆی بەدوور بگرێت لێی، بۆیە لە ٢٥ی شوبات دەست لە کار کێشانەوەی وەزیرەکانی پەسەند کرد و لیستی تازەی حکومەتی نوێی ڕاگەیاند. حکومەتی تازە لە (١٣) کۆمۆنیست پێکهاتبوو، بەڵام لە ڕاستیشدا وەزیرەکانی تر کە سەربە پارتی سۆشیال دیموکرات و حزبە دەست لەکار کێشراوەکان بوون، لە ژێرەوە هەموویان کۆمۆنیست بوون!

هەڵبژاردن لە حوزەیرانی ١٩٤٨ ئەنجام درا. بەڵام دەنگدەران تەنها ئەو لیستانەیان لەبەردەمدا بوو کە کۆمۆنیستەکان لەبەرەی نیشتمانی بەسەریدا زاڵ بوون. چیکۆسلۆڤاکیا بە خێرایی بەرەو دیکتاتۆریەتی ستالینی هەنگاوی نا. سەرۆکی نەخۆش و نیوەمردوو" بێنیش" لە ٧ی حوزەیرانی ١٩٤٨ دەستی لە کار کێشایەوە. وەزیری دەرەوە "ماسەریک" کە خاوەنی جەماوەر بوو، ئەویش لە مانگی مارت لە پەنجەرەی وەزارەتەوە کەوتە خوارەوە و مرد. ئایا تاوانی کوشتن بوو یان خودکوژی بوو؟ تا ئێستا بارودۆخی مردنەکەی بە تەواوی ڕوون نەکراوەتەوە.

دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات لە چیکوسلۆڤاکیا سەرنجێکی زۆری سەرکردە ڕۆژئاواییەکانی ڕانەکێشا. دوای گەیشتنی گۆتواڵد بە دەسەڵات ئەو وڵاتە ئیتر بوو بەشێک لە کایەی هەژموونی سۆڤێت، بۆیە زۆر شت نەگۆڕا. ڕوداوەکانی چیکوسلۆڤاکیا بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ترس لە نێو دانیشتوانی ئەوروپای ڕۆژئاوا. تاڕادەیەکی زۆر هەموو کەس دەیزانی کە سۆڤێت ئەو کودەتایەی ئەنجامداوە. هەرچەندە ئەوە نەسەلمێنراوە، بەڵام دواجار ئەوە وەزیرە غەیرە کۆمۆنیستەکان بوون کە بەدەست لە کار کێشانەوەیان فرسەتی ئەوەیان بەخشی بە کۆمۆنیستەکان کە بەبێ پێشێلکردنی دەستور

دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن. شۆڕشی کۆمۆنیستەکان سەرکەوت چونکە ئەوان دەستیان بەسەر سەندیکا و سوپا و پۆلیسدا گرتبوو، پشتیان بەو هاوکارییە زۆرە بەستبوو کە کرێکاران و جوتیاران و روناکبیران پێشکەشی دەکردن. ئەمە واتای ئەوە نەبوو کە خەڵک حەزی لە رژێمی ستالینی کردبێت، بەڵکو دەترسان لەوەی ئەو ریفۆرمە کۆمەڵایەتییە لەدەست بدەن کە لە نێوان (١٩٤٦–١٩٤٧) بەدەستیان هێنابوو، بۆیە پشتیوانی بەرەی نیشتمانییان کرد. رژێمی ستالینی بەشێوەیەکی زۆر چاوەڕوان نەکراو پەیدابوو، بە هیچ شێوەیەک خوازراو نەبوو.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە داخۆ مۆدێلی چیکۆسلۆڤاکی دەتوانێت هاوکارییەکی ئاشتیانە لە نێوان کۆمۆنیست و غەیرە کۆمۆنیستەکان دروست بکات لە ئەوروپایەک کە دابەش بووە بەسەر دوو سەربازگەی دژ بەیەکەوە؟ ستالین نەیدەتوانی دۆخێکی ناڕۆشن لە ناوەندی ئەوروپا پەسەند بکات: یان دەبوو ئەو هەڵبژێرن یان دەبوو ببنە بەشێک لە کایەی هەژموونی ئەمەریکا. رێکەوتننامەی دۆستایەتی ساڵی ١٩٤٣ی نێوان چیکوسلۆڤاکیا و یەکێتیی سۆڤێت چارەنوسی ئەو وڵاتەی دیاری کرد. رێکەوتنەکە بە ئاشکرا ئەو وڵاتەی خستە ناو کایەی هەژموونی سۆڤێتەوە.

### دوو ئەڵمانیا (١٩٤٩):

لە دوای شکستی کۆنفرانسی چوار زلهێزەکە لە مۆسکۆ (مارت و نیسانی ١٩٤٧) و لە لەندەن (ت٢ و ک١ی ١٩٤٧)، لە نێوان شوبات تا مایسی ١٩٤٨ لە لەندەن کۆنفرانسی شەش دەوڵەتی لەسەر چارەنوسی ئەڵمانیا بەسترا کە بریتیبوون لە سێ دەوڵەتە داگیرکەرەکەی ئەوروپای رۆژئاواو سێ وڵاتەکەی بەنەلوکس (بەلجیکا، هۆڵەندا، لوکسۆمبۆرگ – وەرگێڕ). لە ١ی حوزەیراندا بڕیاری ئەوە درا ئەڵمانیای رۆژئاوا بەهۆی پلانی مارشاڵەوە بەهێزبکرێت و بکرێتە وڵاتێکی سەربەخۆ و وەکو بەربەستێکی گەورە بێت لە دژی فراوانبوونی کۆمۆنیزم. داوا لە ئەمەریکا کرا هێزەکانی خۆی بۆ ماوەیەکی درێژی دیاری نەکراو لە ئەڵمانیا بهێڵێتەوە.

لە ژێر فشاری ئەمەریکا و بەرزبوونەوەی رادەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا، فەرەنسییەکان چیدیکە دژی خێرا بنیاتنانەوەی ئەڵمانیا نەوەستانەوە و لەگەڵ ئەوەدا دەبن کە ئەڵمانیایەکی نوێ دروست بکرێت و ناوچەی (رورگبید) لە ژێر چاودێری کۆمیسیۆنێکدا بمێنێتەوە بە ئەندامێتی ئەو شەش وڵاتەی کە کۆنفرانسەکەیان بەستبوو.

سۆڤێت لەو باوەڕەدا بوو کە دەوڵەتی نوێی ئەڵمانیا سەربازی و تۆڵەئەستێن دەبێت و جارێکی تر دەبێتەوە بە هەڕەشە بۆ یەکێتی سۆڤێت. دوای ئەوەی سێ هاوپەیمانە رۆژئاواییەکە ریفۆرمی دراویان لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٤٨ دا پەیڕەو کرد و(مارک)[٣٨]ی بەهێزی رۆژئاوایان کردە دراو، کاردانەوەی ستالین ئەوە بوو کە هەموو ڕێگاکانی بۆ ناو بەرلین لە ٢٤ی مانگدا داخست. ستالین پێی وابوو ئەگەر ئەڵمانیا بکرێت بە دوو دەوڵەتەوە، ئەو چوار ناوچە دابەشکراوەی بەرلین کە بە تەواوی دەکەونە ناو خاکی سۆڤێتەوە، هیچ سودێکی ئەوتۆیان نابێت، بۆیە ئەگەر نەتوانێت رێگری لە دابەشکردنی ئەڵمانیا بکات ئەوا وەکو پاداشت و بۆ رازی بوونی دەبێت بەرلینی رۆژئاوا بۆ خۆی بەرێت.

بیڤین یەکەم کەس بوو کە راشکاوانە وەڵامی دایەوە؛ بەریتانیا لە بەرلین دەمێنێتەوە بە هەر نرخێک بێت، هەروەها بیرۆکەی ئەوەی خستەڕوو کە پردێکی ئاسمانی بۆ بەرلینی رۆژئاوا دابین بکرێت. ترومان لەو باوەڕەدا بوو کە مانەوەی بەرلینی رۆژئاوا لە ژێر دەسەڵاتی رۆژئاواییەکاندا شتێک نیە لە پێناویدا شەڕ بکرێت. هاوپەیمانەکان بڕیاریاندا لە بەرلین بمێننەوە بەبێ ئەوەی هێز بەکار بێنن. لە نێوان تەموزی ١٩٤٨ هەتا مایسی ١٩٤٩ پردێکی ئاسمانییان دروست کرد بۆ هاوکاریکردنی دوو ملیۆن دانیشتوانی بەرلین کە پێشتر هاوتای نەبووە.

---

٣٨ مارکی ئەڵمانی (Duitse Mark) ئەو دراوە رەسمیەی ئەڵمانیایە کە هاوپەیمانەکان لە ساڵی ١٩٤٨ بۆ ئەڵمانیای رۆژئاوایان دروستکرد. ئەم دراوە ساڵی ١٩٩٠ لە دوای یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا بوو بە دراوی هەردوو ئەڵمانیا و هەتا دروست بوونی دراوی یورۆ لە ٢٠٠٢ چوارەمین دراوی قورسی جیهانی بوو. وەرگێڕ.

هەموو ئەو فڕۆکانە لە لایەن ناوەندی کۆنترۆڵی هاوپەیمانانەوە، کە ئەندامی خودی سۆڤێتییەکانی تێدابوو، ڕێگایان درا بەسەر ئاسمانی ناوچەداگیرکراوەکانی ژێر دەستی یەکێتیی سۆڤێتەوە بفڕن.




ئاگاداربە تۆ بەرلینی ڕۆژئاوا بەجێ دەهێڵیت!

لە راستیدا ئەو پردە ئاسمانییە تەنها دە یەکی پێداویستییە خۆراکی و کەرەسەخاوەکانی پیشەسازیی خۆراکی دابین دەکرد. هەتا ئەیلولی ١٩٤٨ پێداویستیە خۆراکییەکان لە ناوچە کشتوکاڵیەکانەوە بەردەوام بوو، دواتر ستالین بە ئانقەست ڕێگایدا بە دانیشتوانی بەرلینی ڕۆژئاوا کە پێداویستییەکانی خۆیان لە بەرلینی ڕۆژهەڵات و ناوچەداگیرکراوەکانی دیکەی ژێر دەستی سۆڤێت دابین بکەن، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی چەندین بازاڕی رەش لە بەرلینی ڕۆژئاوا. خواردن لە یەکێتیی سۆڤێتەوە بۆ بەرلین دەهات. هەروەها خەڵوزی بەردینە و کەرەسەی خاوی پیشەسازی و شمەکی دروستکراویش دەهات. ستالین نەیدەویست سەقامگیری لە بەرلینی ڕۆژئاوا تێکبدات، چونکە ئەمە رەنگدانەوەی خراپی دەبوو بەسەر بارودۆخی نێودەوڵەتی. ستالین

هێشتا هەوڵی دەدا ئەڵمانیا بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بێگومان برسیکردنی دانیشتوانی بەرلینی ڕۆژئاوا لە دژی ئەم ئامانجە دەبوو. ئاستی بێکاری لە بەرلینی ڕۆژئاوا لە ڕێژەی ٤.٤٪ لە حوزەیرانی ١٩٤٨ هەڵکشابوو بۆ ١٣.٥٪ لە مارتی ١٩٤٩. هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٤٨ قەدەغەی ئاڵوگۆڕی شمەکیان کرد. بڕیارەکە زۆر توند بوو، چونکە پلان دانەرەکان پشتیان بە بازرگانی ئەڵمانی- ئەڵمانی بەستبوو.

لە سەروبەندی قەیرانی بەرلیندا، دانوستانەکان بـەردەوام بـوون، بە تایبەت کە ئەمەریکییەکان زۆریـان متمانە بە خۆ بوو، لەو کاتەدا دەیان بۆمبی ئەتۆمیان لە کۆگاکاندا دانابوو، ئامادە نەبوون خۆیان بە دەستەوە بدەن. ستالین ئەوکاتە هێشتا دەستی بە بۆمبی ئەتۆمی نەگەیشتبوو، هێشتا چاوەڕوانی یەکەمین بۆمبی تاقیکردنەوەیان دەکرد. دواجار لە ١٢ی مایسی ١٩٤٩وازی لە ئابلوقە شکست خواردووەکەی هێنا. نەیتوانی ئامانجەکەی خۆی بەدیبێنێت لە ڕێگاگرتن لە دروستبوونی دەوڵەتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا یان ئەگەر نەیتوانی ئەوە بکات ئەوە ڕێگا بگرێت لەوەی کە ئەو دەوڵەتە ببێتە پێگەیەکی پێشکەوتووی سەرمایەداری لە ناو دڵی دەسەڵاتەکەی خۆیدا.

ساڵی ١٩٤٨ دابەشبوونی بەرلین بۆ دووبەش و دوو بەڕێوەبەرایەتی جیاواز بوو بە دیفاکتۆ. هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان بەڵێنیان دا چەندە بە پێویستی بزانن هێزە سەربازییەکانیان لە بەرلینی ڕۆژئـاوا بهێڵنەوە. دەرەنجامەکەش ئـەوە بوو کە ئەڵمانەکان هاوپەیمانانیان وەک هێزێکی داگیرکەر تەماشا نەدەکرد، بەڵکو وەکو رزگارکەر سەیریان دەکردن. بەرلین بۆ خۆرئاواییەکان ئەرکێکی ڕەمزیشی وەرگـرت. هەموو سەرۆکەکانی ئەمەریکا ئەوەیان دووپات دەکـردەوە کە ئـەوان ئامادەن ئەگەر پێویست بکات بۆ بەرگریکردن لە بەرلینی ڕۆژئاوا جەنگ لەگەڵ سۆڤێت بەرپا بکەن. بەرلینی ڕۆژئـاوا بووە ناوەندی پروپاگەندە و جاسوسی بۆ ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی. کەواتە ئابلوقە سەپێنراوەکەی سەر بەرلینی ڕۆژئاوا بوو بە شکستێکی گەورە بۆ ستالین. لەبەرامبەر هەڵگرتنی ئابلوقەکەدا تەنها ئەوەی دەستکەوت کە دژە ئابلوقەی هاوپەیمانەکان لادەبرێت و کۆنگرەیەکی دیکەی

وەزیرانی دەرەوەی چوار زلهێزەکە دەبەستریێت بۆ ئەوەی ئایندەی ئەڵمانیا دیاری بکرێت.



ئەمەریکا ئابلوقەی سۆڤێت لە دژی بەرلینی رۆژئاوا دەشکێنێت

لە لایەکی دیکەوە ئەنجومەنێکی تایبەت لە سیاسەتمەدارانی ئەڵمانیا، لە ئەیلولی ١٩٤٨ ەوە سەرقاڵی دارشتنی دەستور بوون. ئابلوقەی سەر بەرلین بووە هۆکاری ئەوەی کارەکان خێراتر برۆن و جۆرێک لە هاوکاری و هاوسۆزی لە ئەڵمانیای رۆژئاوا دروست بێت. رۆژی ٨ی مایسی ١٩٤٩ پرۆسەی دەنگدان لەسەر دەستوری ئەڵمانیای فیدراڵی یاخود ئەڵمانیای رۆژئاوا جێبەجێکرا و لە ٢٣ هەمان مانگ چووە واری جێبەجێکردنەوە. دەەوڵەتی نوێ بەتەواوەتی سەروەر نەبوو، بەڵام لە ناو ستاتۆی هەرسێ داگیرکەرەکەدا هاتبوو کە بەرپرسیاریەتی سیاسەتی دەرەوە، بازرگانی، بەرگری نیشتمانی و ئاسایشی ناوخۆ لە ئەستۆی خۆیان دەگرن. ستالین بە دوو دڵی کاردانەوەی نواند، کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیا (DDR)ی لە

٧ی ت١ی ١٩٤٩دامەزراند، کە لەلایەن سەرکردە کۆمۆنیستەکانی ناوخۆوە ئامادە کرابوو.

دامەزراندنی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بۆ سۆڤێت واتای لەدەستدانی کۆنترۆڵ و بڕیاری دەگەیاند بەسەر ئەو بەشە گرنگەی ئەڵمانیا. سۆڤێتییەکان ئەوەیان وەک چارەسەری کۆتایی نەدەبینی: ڕاستەوخۆ دەستیان بە هێرشێکی دبلۆماسی کرد بە ئامانجی دروستکردنی ئەڵمانیای یەکگرتووی بێلایەن کە لە ژێر دەسەڵاتی هەر چوار هێزەکەدا بێت لەوانەش یەکێتیی سۆڤێت. لە دەستدانی کۆماری هەژاری ئەڵمانیای دیموکرات وەک هاوپەیمانێک، لەوە باشتر بوو کە کۆماری دەوڵەمەندی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ( وەک دوژمنێکی گریمانەکراو) لەدەست بچێت. هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان بە تایبەتی ئەمەریکا بەم پێشنیازە ڕازی نەبوون. بیرکردنەوە لە ئەڵمانیایەکی بێلایەن و یەکگرتوو بۆ ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی سەرئێشەیەکی گەورە بوو. ئەو جۆرە لە ئەڵمانیا دەیتوانی هاوسەنگی ڕابگرێت لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بەو جۆرە دەیتوانی داشی خۆی سوار کات و لە هەردوو لا بخوات، ڕەنگە لە گەڵ یەکێتیی سۆڤێتیش هاوپەیمانی دروست بکات. ڕاوێژکاری ئەڵمانیای ڕۆژئاواش، کۆنراد ئەدیناوەر (Konrad Adenauer) لە پارتی کۆنزەرڤاتیڤی دیموکراتی مەسیحی (CDU) کە ئەمەریکا پشتگیری دەکرد بە توندی ئەو بیرۆکەیەی ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند کە حکومەتەکەی تاکە حکومەتی یاسایی گەلی ئەڵمانیایە و دان بە کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتیدا نانێت. ئەدیناوەر لەوە دەترسا کە سۆڤێت بە نیازی هێرشکردنە سەر ئەورووپای ڕۆژئاوا بێت و بە سود وەرگرتن لە پیشەسازی ئەو وڵاتانە هێرش بکەنە سەر ئەمەریکا.

## هەموو شتێکمان دەوێت یاخود (پاکێجی برۆکسل) ١٩٤٨ و پەیمانی ئەتلەسی ١٩٤٩:

ئەم هەموو ئاڵۆزیانە دۆخێکی ناسەقامگیری لە ئەورووپای ڕۆژئاوا هێنایە ئاراوە، بە تایبەت لەناو ڕایگشتی و بە پلەیەکی زۆر کەمتریش لە ناو نوخبەی سیاسی: یان ئەوەتا کۆمۆنیستەکان لە ئیتالیا و فەرەنسا بە شێوەیەکی یاسایی

دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن و سوپای سور پەلکێش دەکەن بۆ وڵاتەکانیان، یان ئەوەتا سوپای سور خۆی هەر دێت و ئەوروپای رۆژئاوا داگیر دەکات. رەنگە تاقیکردنەوەکان لەگەڵ هتلەر بە شێوەیەکی تایبەت هۆکاری ترسانی ئەوروپییە رۆژئاواییەکان بێت: ستالین هتلەرێکی تازە بوو، قسەی لەگەڵدا نەدەکرا و بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو فرسەت دەهێنێت و لێدەدات. جگە لەوەش ئەو شەپۆلی تیرۆرە مەترسیدارەی ستالینیزمی نوێ کە ئەوروپای رۆژهەڵات و یەکێتیی سۆڤێتیشی گرتبۆوە، خەڵکی ئەوروپای رۆژهەڵاتی خستبووە دڵەڕاوکێ.

له ٤ی مارتی ١٩٤٧ بەریتانی و فەرەنسییەکان لە دونکێرک (Du-inkerke) رێکەوتنێکی بەرگری هاوبەشیان مۆرکرد، کە لە راستیدا لە دژی ئەڵمانیا ئاراستە کرابوو. دوای ئەوە بە ساڵێک لە ١٧ی مارتی ١٩٤٨ هەریەکە لە بەریتانیا و فەرەنسا شان بەشانی سێ دەوڵەتەکەی بەنەلوکس رێکەوتنێکی بەرگری هاوبەشیان بەناوی (پەیمانی بروکسل) ەوە مۆرکرد بۆ پەنجا ساڵ. ئەم رێکەوتنە بەبەرچاوی ئەمریکییەکان و رەزامەندی ئەوانەوە کرا. ئیتالیا و ئەڵمانیای رۆژئـاوا، ساڵی ١٩٥٥ هاتنە ناو رێکەوتنەکەوە، دواتریش ئیسپانیا و پرتوگال لە ساڵی ١٩٨٨ هاتنە ناوی. ئەم پەیمانە زۆر توند و تۆکمە بوو: هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە مۆریان کردووە پابەندن بەوەی هاوکاری سەربازی پێشکەش بە هەر ئەندامێک بکەن کە دووچاری هێرش دەبێتەوە (مادەی پێنجەم) و دەبێت هەموو یارمەتی و هاوکارییەک سەربازی و نا سەربازی پێشکەش بکات بە گوێرەی توانا). جگە لەوەش چەند بڕگەیەکی تێدایە کە تایبەتن بە هاوکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری لە نێوان هاوبەشەکاندا. وەزیری دەرەوەی بەلجیکا "پاوڵ هەنری سپاک" لەگەڵ "بیڤین" کە گەورەترین رەواجپێدەری ئەو رێککەوتنە بوو، مەبەستیان بوو کە یەکانگیرییەکی ئابوری و سیاسیی راستەقینە لە نێوان ئەو پێنج لایەنەدا دروست بکەن. سپاک دەیویست ئەوروپای رۆژئاوا بە سەرکردایەتی بەریتانیا تۆکمە و یەکانگیر بێت، فەرەنسا دژی ئەوە بوو، هەروەها بەریتانیاش حەزی نەدەکرد ئەو رۆڵە بگێڕێت. لە کاتی مۆرکردنی

پەیمانەکەدا بیڤین بیری لەوە دەکردەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەمەریکا بێتە ناو پەیمانەکەوە. بیڤین دەیویست بەم کارە سەرلەنوێ هاوپەیمانیی کاتی جەنگی دووەمی جیهانی لە نێوان ئەمەریکا و بەریتانیا زیندوو بکاتەوە. بیری لەوە دەکردەوە کە هاوپەیمانییەکی لەو جۆرە سودێکی زۆر باش دەگەیەنێ بە بەریتانیا لە رووی ئابوری و یەکانگیری وچەندان بەرژەوەندیی تر، بەو پێیەی کە بەریتانیا هاوبەشی هەڵبژێردراوی ئەمەریکایە. بوونێکی بەهێزی سەربازیی ئەمەریکا وا دەکات ئەوروپای رۆژئاوا زیاتر متمانەی بە خۆ هەبێت، فرسەتەکان لەبەردەم پارتە کۆمۆنیستەکاندا کەمتر دەبێتەوە، بوار بۆ بێلایەنی نامێنێت. ترۆمان هاوسۆز بوو لەگەڵ ئەم بیرۆکەیە، بەڵام دەیزانی مانەوەی درێژ مەودای ئەمەریکا لە ئەوروپا لێکەوتەی دارایی قورسی دەبێت، بۆیە زۆر بە جۆش نەبوو بۆی.

قەیرانی بەرلین ترس و دڵەڕاوکەی زیاتری خستەوە بەرامبەر بە فشارەکانی سۆڤێت بۆ سەر ئەوروپای رۆژئاوا. سەرکردە هەرە زیرەک و بە تواناکانی ئەمەریکاش بیریان لەوە نەدەکردەوە کە یەکێتیی سۆڤێت هێرشی سەربازی بکات، ئەوەندەی خەمی فراوان بوونی هەژموونی سیاسی سۆڤێت بوون. سەرنجیان زیاتر لەسەر بەهێزیی پارتە کۆمۆنیستەکانی فەرەنسا و ئیتالیا بوو نەک بە توانای هێرشبەریی سوپای سور. لە ساڵی ١٩٤٧دا پارتە کۆمۆنیستەکان لە لوکسۆمبۆرگ و بەلجیکا و فەرەنسا و ئیتالیا لە حکومەتە کوالیسیۆنەکان هاتنە دەرەوە، ئەمەش بە فشاری ئەمەریکا نەبوو وەکو دەگوترێت، هەروەها مۆسکۆش رێنمایی نەکردبوون، بەڵکو ئەوان بە گەمەیەکی سیاسی – دیموکراتی کرانە دەرەوە.

تەنها ئیتالیا بەدەر بوو لەوە، چونکە مارشاڵ فشارێکی زۆری خستە سەر سەرۆک وەزیران ئەلسید دی گاسپێری (Alcide de Gasperi) بۆ ئەوەی کۆمۆنیستەکان لە حکومەتەکەی دەربکات. دی گاپێری بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە رۆژی ١٢ی مایسی ١٩٤٧ دەستی لە کار کێشایەوە و لە ٣٠ مانگدا حکومەتێکی بەبێ کۆمۆمیستەکان دروست کرد. ئەمەریکا زۆر بە چڕی دەستی خستە ناو هەڵبژاردنەکانی ١٨ی نیسانی ١٩٤٨ و



پەیمانی بروکسل ١٧ی مارتی ١٩٤٨ بەردی بناغەی پەیمانی ناتۆ

ئەوەی لە توانایدا بێت کردی بۆ ئەوەی هاوپەیمانیی کۆمۆنیستەکان (PCI) و سۆشیالیستەکان (PSI) نەتوانن دەنگی زۆر بێنن. ڕێگا نەدرا بە ئیتالیا لە پلانی مارشاڵ بێتە دەرەوە. ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا "سی ئای ئەی" بەو پەڕی هێزەوە پشتیوانیان لە پارتی دیموکراتی مەسیحی (DC)، پارتەکەی گاسپێری کرد. مافیاکان و ڤاتیکانیش خرانە سەر خەت لە پێناوی سەرخستنی ئەواندا. سەرەنجام پارتی دیموکراتی مەسیحی زۆرینەی دەنگەکانی هێنا (٤٨.٥٪) و ٣٠٥ کورسی لە کۆی ٥٧٤ کورسی بردەوە.

بیڤین کە لە مانگی مارتی ١٩٤٨ ە وە بە نهێنی لەگەڵ ترۆمان لە گفتوگۆدا بوو بۆ دروستکردنی پەیمانی ئەتڵەسی (ئەمەریکا نەیدەواتنی ببێتە ئەندامی

پەیمانی برۆکسل)، لە هێرشێکی سۆڤێتی نەدەترسا. ژمارەیەکی زۆری سیاسەتمەدارانی بێئاگا و رای گشتی لە هێرشی سۆڤێتی دەترسان. میدیاکان و چەند لایەنێکی رەسمی ئەم ترس و تۆقینەیان برەو پێدەدا. هەستێکی وا بڵاو بوو کە بوونی بەردەوامی ئەمەریکا تەنها شتە کە بتوانێت ئەوروپا لە کۆمۆنیزم بپارێزێت. هەمان ئەو بیرۆکەیەش لە ئەمەریکا چەسپیبوو، کە ببووە هۆی دروستبوونی لۆبییەکی زۆر بەهێز لە دژی سۆڤێت. دوژمنایەتیکردنی کۆمۆنیزم یەکێک بوو لەو ئامرازانەی کە دیموکراتەکان بەکاریان دەهێنا بۆ ئەوەی کۆمارییەکان ناچار بکەن ئەمەریکا ئامادەیی بەردەوام و هەمیشەیی هەبێت لە جیهاندا. دژایەتیکردنی کۆمۆنیزم هەندێ خەسڵەتی هستری و نائەقڵانی لەخۆ گرتبوو. هەرچەندە زۆرێک لە سەرکردە و سیاسەتمەدارانی ئەمەریکاشی گرتبۆوە، بەڵام ئەمان لە دانیشتن و کۆبوونەوە داخراوەکاندا دید و بۆچوونی وردتریان دەخستەڕوو. بۆ نمونە پیشەسازی فڕۆکە بە رێژەی ٩٠٪ تەرخان کرابوو بۆ بەرهەمی سەربازی، لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٧ هەتا سەرەتای ١٩٤٨ دووچاری قەیرانێکی مەترسیدار بۆوە، چونکە ئەویش دووچاری پەتای ئەنتی سۆڤێت هاتبوو. باوەڕێک لە گۆڕێدا بوو کە تەنها هێزێکی ئاسمانی بەهێز دەتوانێت رووبەڕووی یەکێتیی سۆڤێت راوەستێت! لە ١٥ی مارتی ١٩٤٨ بەدواوە، ئەمەریکا بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو هەناردەکانی خۆی بۆ یەکێتیی سۆڤێت و رۆژهەڵاتی ئەوروپا کەمکردەوە. ئەم رێکارانە هەتا ساڵی ١٩٥٤ بەردەوام بوو.

بڕیاری "ڤان دەنبێرگ" لە ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا لە ١١ی حوزەیرانی ١٩٤٨ پەسەند کرا، لە رووی یاساییەوە رێگای خۆشکرد بۆ ئەمەریکا کە بتوانێت لە کاتی ئاشتیدا هاوپەیمانیی پێکبهێنێت. لە ٢٤ی ت٢ی ١٩٤٨ سەرۆک ترۆمان بەڵگە نامەی ژمارە (NSC 20/4)ئەنجومەنی ئاسایشی مۆرکرد، کە تیایدا بە روونی هاتووە، یەکێتیی سۆڤێت بە نیازە هێرش بکاتە سەر ئەوروپای رۆژئاوا. تەنها ئەمەریکا دەیتوانی فراوانبوونی کۆمۆنیزم رابگرێت، لە ئەنجامی ئەوەشدا ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا "سی ئای ئەی" و ئاژانسی هەواڵگری بەریتانیا ژمارەیەک لە سیخوڕ و تێکدەری خۆیان نارد

بۆ ناو دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات. لە ئەیلولی ١٩٤٩ هەر یەکە لە بیڤین و ئاشسۆن بڕیاریاندا رژێمەکەی ئەنوەرخواجە لە ئەلبانیا بڕوخێنن. ئەم هەوڵە شکستی هێنا، لەبەر ئەوەی سیخوڕەکەی بەریتانیا "کیم فیلیبی" دووسەرە دەرچوو، زانیاریی تەواوی دابوو بە بلۆکی کۆمۆنیزم و دەستبەجێ هەموو ئەوانەی پەیوەست بوون بەو کارەوە دەستگیر کران. ئەو سیخوڕانەشی کە ڕەوانـەی پۆڵەندا و ئۆکرانیا و بەلتیق کرابوون و هێشتا بزوتنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە کۆمۆنیزم لە ئارادا بوو، لەگەڵ گەیشتنیان بۆ ئەو شوێنانە ئاشکرا بوون و دەستگیرکران.



سەرۆک ترۆمان لە ساتەوەختی واژۆ کردنی پەیمانی باکوری ئەتلەسی (ناتۆ) لە ٤ی نیسانی ١٩٤٩

لە ١٨ی مارتی ١٩٤٩ وشەی ناتۆ (NATO) – پەیمانی باکوری ئەتلەسی، ئاشکرا کرا. ئەمە هاوپەیمانییەک بوو بۆ بەرگریکردن، ئەرک و پابەندبوونەکانی کەمتر بوون لەوەی بروکسل: هەر کاتێک یەکێک لە ئەندامەکان هێرش بکرێتە سەری، لایەنەکانی دیکە سەرپشک دەکرێن لە چۆنێتی کاردانەوە لەگەڵ دەستدرێژیکار (مادەی پێنجەم: بەو شێوەیەکی کە بە پێویستی دەزانێت مامەڵە دەکات [ لەوانەش بەکارهێنانی هێزی چەکدار)، کەواتە لێرەدا ئەندامان ناچار نین بچنە جەنگەوە. ئەم خاڵەش لە لایەن ئەمریکاوە دانوستانی لەسەر کرا، بۆ ئەوەی پەلکێشی شەڕ نەکرێت لە دژی یەکێتیی سۆڤیێت، دەیویست کارەکە بەجێبهێڵێت بۆ کۆنگرێس و ئەو بڕیار بدات کە جەنگ بەرپا دەکرێت یان نا. ئەم گرێبەستە بۆ بیست ساڵ بوو، دوای ئەوە هەر ئەندامێک دەیتوانی هاوپەیمانییەکە بەجێبهێڵێت و بکشێتەوە بەو مەرجەی بە ڕێزەوە ساڵێک پێشوەختە داواکە پێشکەش بکات. ئەندامانی ئەم هاوپەیمانییە، وێڕای ئەمەریکا، لایەنەکانی پەیمانی برۆکسل، کەنەدا، نەرویج، دانیمارک، ئایسلەندا، پورتوگال و ئیتاڵیا بوون. (لە شوباتی ١٩٥٢ یۆنان و تورکیا دەبنە ئەندام. لە مایسی ١٩٥٥ ئەڵمانیای رۆژئاوا، لە ١٩٨٢ ئیسپانیا، لە ١٩٩٩ پۆڵەندا و چیک و هەنگاریا بوونە ئەندام).

هۆکارەکانی بوونە ئەندامی ئەمەریکا لە پەیمانی ناتۆ ئاڵۆز بوون. ئەوان لە پلەی یەکەمدا دەیانویست ئەورووپای رۆژئاوا بایی ئەوەندە بەهێز بێت کە پێویستیان بەوە نەبێت ئەمەریکا هێزەکانی خۆی لەوێ بۆ ماوەیەکی درێژ بهێڵێتەوە. بۆ ئەمەش دەبوو ئەڵمانیا سەرلەنوێ چەکدار بکرێتەوە، فەرەنسییەکانیش بەمە رازی نەدەبوون مەگەر ئەمەریکا بە قورسایی خۆی هاوسەنگی دروست بکردایە، بەو جۆرەش ناتۆ چوارچێوەیەکی دەبوو بۆ ئەوەی ئەڵمانیا چەکدار بکات بە بێ ئەوەی توشی فیتۆی فەرەنسی بێتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە سۆڤیێت بە چاوی خۆی ئەوەی دەبینی کە ئیتر ئەورووپای رۆژئاوا بە شێوەیەکی هەمیشەیی کەوتۆتە نێو بازنەی هەژموونی ئەمەریکاوە.

پەیمانی باکوری ئەتلەسی لە بنەڕەتدا سیستەمێکی بەرگری یەکانگیر و سەرکردایەتییەکی ئەمەریکی هاوبەشی دانەنا، ئەمەریکا بە شێوەیەکی سەرەکی دەیویست لە رووی سیاسی و دارایی (نەک سەربازی) بەشدار بێت لە بەرگریکردن لە ئەوروپا. تەنها لە دوای هەڵگیرسانی ململانێی کۆریا ئەو کارەی کرد. لە ١٩ی ک١ی ١٩٥٠ بڕیار درا ژەنراڵ دوایت ئەیزنهاوەر (Dwight Eisenhower)[٣٩] بکرێتە سەرکردەی باڵای هێزەکانی ناتۆ (SA-CEUR) لە ئەوروپا و ئیتر وردە وردە پەیکەری سەربازی پەیمانەکە پەرەپێبدرێت.

کاردانەوەی سۆڤێت بەرامبەر دروستکردنی پەیمانی ناتۆ زۆر توند بوو. سۆڤێت ئەو کارەی بە پێشێلکردنی بنەماکانی نەتەوەیەکگرتووەکان دایە قەڵەم و رایگەیاند کە ئەو پەیمانە ئامانجی خراپی هەیە. ئەم ترسە لە جێی خۆیدا نەبوو، چونکە لە سەرەتادا پەیمانەکە تەنها ژمارەیەکی کەم تیپی سەربازی هەبوو.

ئـەوروپـای رۆژئـاوا ئێستا بەهۆی ئەمەریکای هاوپەیمانیەوە هەست بە ئاسایش و سەقامگیری دەکـات: سوپای سور ئێستا دوودڵـە، لەوەش گرنگترئەوەیە کە کۆمۆنیستەکانی ناوخۆ ئیتر ناتوانن بێنە سەر دەسەڵات. دەستکەوتی ئەمەریکاش زۆر ئاشکرا بـوو: ئـەوروپـای رۆژئـاوا ئیتر بە تـەواوی کەوتە ناو بازنەی هەژمونی خۆیەوە، پێشبینی دەکرا ئەڵمانیاش بکرێتە ئەندامی پەیمانەکە، بەوجۆرەش پڕچەک دەکرا!

بوونی پەیمانی ناتۆ واتای ئەوەی دەبەخشی کە دەستەبژێری ئەمەریکا و ئـەوروپـای رۆژئـاوا زیاتر لەیەکتر نزیک بوونەتەوە. لە چوارچێوەی ئەتلەنتیکیزمدا پەیوەست بوونێکی ئایدیۆلۆژی نوێ هاتە ئاراوە کە لەسەر بنەمای کۆدەنگی بوو لەسەر وەهمی هەڕەشەی سەربازیی سۆڤێت. بە شێوەیەکی سیستەماتیک سازشێک لە نێوان سەرمایە و سۆشیال دیموکراسی هاتە گۆڕێ کە ئەوروپای رۆژئاوای بەرەو گەشەسەندن و ئارامی گواستەوە.

---

٣٩ دوایت ئەیزنهاوەر (١٨٩٠-١٩٦٩)، یەکەم سەرکردەی باڵای پەیمانی ناتۆ بوو. دواتر و لە ساڵی ١٩٥٣ بوو بە سەرۆکی ئەمەریکا. وەرگێڕ.

لەبەر ئەم هۆکارە بورژوازی ئەتلەسی لە هەریەکە لە ئەمەریکا و ئەورووپا خوازیاری بەردەوامیپێدانی ئەو سیستەمە بوون بۆ درێژترین ماوە، ئاشکرایە ئەمریکییەکان پێشەنگی ئەو کارە بوون، نەک دیدگای خۆیان بۆ جیهان، بەڵکو شێوازی ژیان (way of life) و زانست و کەلتوریشیان بۆ هاوبەشەکانیان گواستەوە. ئەوانەی لەگەڵ ئەو بۆچونەدا نەبوون و نەیاندەویست باوەڕ بە وەهمی هەڕەشەی سەربازیی سۆڤێت بێنن، بە شێوەیەکی خۆڕسکانە خۆیان سستە دەرەوەی سیستەمەکە. نوسەری بەریتانی ماری کالدۆر (Mary kal-dor) ساڵی ١٩٩٠ ئاماژەی بۆ شتێک دەکرد بە ناوی (جەنگی وەهمی).

## ماو لە چین سەردەکەوێت (١٩٤٥-١٩٤٩):

جەنگی دووەمــی جیهانی بۆ چین تەنهاماڵوێرانی و پاشاگەردانی بەجێهێشت. هیچ کام لە حزبەکان بەشی ئەوەندە بەهێز نەبوون کە بتوانن وەڵامدەرەوەی قۆناغەکە بن. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش هەتا ساڵی ١٩٤٥ پارتی کۆمۆنیستی چین پێگەیەکی ئەوتۆی نەبوو. هەریەکە لە ئەمەریکا و سۆڤێتیش هاوکاری کۆمینتانگ بوون. یەکێتیی سۆڤێت فشاری زۆری دەخستە سەر پارتی کۆمۆنیست تا دانوستان لەگەڵ ناسیۆنالیستەکاندا بکات. ستالین لەو باوەڕەدا بوو کە هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە پارتی کۆمۆنیستی چین لە دژی کۆمینتانگ ململانێی دەسەڵات بکات. ماو کە ئامادە بوو بۆ هێرشبردن، ملی بە داخوازیەکەی سۆڤێتدا و هەوڵیدا چارەسەرێکی ئاشتیانە بدۆزێتەوە. هەوڵیدا بوونی سۆڤێت لە مەنشۆریا بۆ خۆی بقۆزێتەوە و دەسەڵاتێکی زیاتر لەو ناوچەیە پەیدا بکات، بەڵام ستالین ڕێگای نەدا بۆ ئەوەی خۆی بە دوور بگرێت لە ململانێی ئەمەریکا، بەڵام ژێر بە ژێر ستالین چەک و تەقەمەنی یابانییەکانی دەگواستەوە بۆ کۆمۆنیستەکانی چین.

لەم سەروبەندەدا دانوستانی پارتی کۆمۆنیستی چین و کۆمینتانگ بە باشی بەڕێوە نەدەچوو، هەردوو لایەن لە مەنشۆریا شەڕیان دەکرد. لە ک١ی ١٩٤٥دا ژەنراڵ جۆرج مارشاڵ وەک نێردراوی سەرۆک ترۆمان بۆ میانگیری لە نێوان کۆمۆنیستەکان و کۆمینتانگ ڕۆشت بۆ چین. لە ک٢ی ١٩٤٦

سەرکەوتنێکی بچوکی بەدەستهێناو توانی ئاگربەست لە نێوان هەردوولادا ڕاگەیەنێت. ئەمەریکا و سۆڤێت هەردوکیان خوازیاری حکومەتێکی هاوبەش بوون لە نێوان کۆمۆنیست و کۆمینتانگ بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن، بەڵام ئاگر بەست زۆری نەخایاند. ماو پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت کەمکردەوە بۆ ئەوەی بتوانێت سەرنجی ئەمریکییەکان بۆ خۆی ڕاکێشێت. لە حوزەیرانی ١٩٤٦دا ئاگربەستێکی تازە ڕاگەیەنرا، بەڵام پێدەچوو ئاستەم بێت ڕێگا لە شەڕی ناوخۆ بگیرێت. هەڵوێستی نەرمی ئەمەریکا بەرامبەر بە کۆمینتانگ وایکرد کۆمۆنیستەکان چیتر متمانەیان بە ئەمەریکا نەمێنێت وەک ناوبژیوان. لە ناوەڕاستی ١٩٤٦ ماو پێداچوونەوەی بە ستراتیژی خۆیدا کرد و هەوڵیدا پشتیوانی زیاتری سۆڤێت مسۆگەر بکات بەبێ ئەوەی پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەمەریکا بپچڕێنێت. هەڵوێستی سۆڤێت ئەرێنی بوو، ئەو هاوکاریانەی سۆڤێت ڕۆلی گرنگیان گێڕا لەوەی کە لە کۆتایدا ماو سەرکەوتن مسۆگەر بکات، بەڵام تاکە هۆکاریش نەبوون بۆ سەرکەوتنی ماو.

ماویەکان گەندەڵی و لاوازیی ڕژێمی "شانگ کای شیک" یان دەقۆستەوە، هەروەها فەرامۆشکردنی خواست و پێداویستییەکانی گەل لە لایەن کۆمینتانگ دیسان بۆ کۆمۆنیستەکان باش دەکەوتەوە. لە ڕووی سەربازیشەوە هەڵەی کوشندەی کۆمینتانگ ئەوە بوو کە تەواوی هێزی خۆی تەرخانکردبوو بۆ مەنشۆریا. بەهۆی دورودرێژی هێڵەکانی لوجستیکەوە مانەوە و بەرگری زۆر سەخت بوو لەو شوێنە، بە تایبەت کە ئەوان سۆز و خۆشەویستی گەلیان لە دەست دابوو، لە بەرامبەریشدا لایەنگری و خۆشەویستی بۆ ماو لە هەندێ شوێنی وڵات لە ترۆپکدا بوو.

لە ک٢ی ١٩٤٧ مارشاڵ گەڕایەوە بۆ واشنتۆن بەبێ ئەوەی چارەسەرێکی بۆ گرفتی چین دۆزیبێتەوە. سەردانی ژەنراڵ ئەلبێرت ویدەمایەر (Albert Wedemeyer) لە تەموز و ئابی ١٩٤٧ ئامانجێکی تەواو جیاوازی هەبوو. ئەو دەبوو میکانیزمێک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت تەشەنەسەندنی کۆمۆنیزم لە چین ڕابگرێت. ئەو گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە شەڕ بەتەنها ناتوانێت ئەو

کارە بکات، بەڵکو دەبێت لەگەڵیدا ریفۆرمێکی سیاسی و سەربازی و ئابوری بکرێت. ئەمریکییەکان ئامادە بوون هەر جۆرە هاوکارییەک پێشکەش بکەن، بەڵام نەیاندەویست بە تەواوی دەستێوەردان بکەن لە چین، لەوە دەترسان تێوە بگلێن، ئەمەش کاتێک بوو بە راستی کە بۆیان دەرکەوت شانگ نایەوێت یاخود رەنگە هەر نەتوانێت ریفۆرم بکات!

کۆمۆنیستەکانی چین بە تەواوی بە جۆرێکی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ دۆخەکەدا دەکرد، سوپاکەیان ناوبانگێکی باشی لەناو جەماوەردا هەبوو، کە بێگومان هێزە راوڕوتکەرەکانی کۆمینتانگ نەیان بوو. هەروەها ئەوان دڵخوازی خەڵک بوون، چونکە وەک سیمبوڵی بەرەنگاری دژ بە ژاپۆنیەکان تەماشا دەکران. کۆمۆنیستەکان لایەنگری جوتیارەکان بوون کە زۆرینەی رەهـای کۆمەڵگەیان پێکدەهێنا، هەندێ ریفۆرمیشیان لە بـەرژەوەنـدی ئەواندا کرد. لە زستانی ١٩٤٨دا، کۆمۆنیستەکان کۆتا هێرشیان کردە سەر ناسیۆنالیستەکان. لە ک٢ی ١٩٤٩دا جەنگ ئیتر بەرەو تەواو بوون دەچوو، هێزەکانی شانگ تەفروتونا کرابوون. رێگا بەرەو پەکین کراوە بوو، دەرگا لەسەر پشت بوو.

لەو کاتەدا ستالین لەسەر داوای کۆمینتانگ میانگیری لە نێوان کۆمۆنیست و ناسیۆنالیستەکاندا کرد. لەو باوەڕەدا بوو کە گرفتەکە چارەسەر دەبێت ئەگەر بێتوو چین دابەش بکرێت بەسەر دوو بەشەوە: دەوڵەتی کۆمۆنیست لە باکور و دەوڵەتێکی ناسیۆنالیست لە باشور. لە سەردەمی ئیمپراتۆریدا دابەشبوونی چین بە دوو کەرتەوە لە گۆڕێدا بوو.

ستالین ئارەزووی ئەو کارەی نەبوو، هەشت مەرجی پێشوەختەی دانا جێبەجێ بکرێن ئینجا ئامادە دەبێت بۆ دانوستان لەگەڵ کۆمینتانگ. ئەم هەڵوێستە بووە هۆی ساردبوونەوەی پەیوەندییەکانی یەکێتیی سۆڤێت و پارتی کۆمۆنیستی چین بۆ ماوەیەک، بەڵام نەبووە هۆی دابڕانی تەواوەتی. ماو بەم هەڵوێستەی پەیامێکی روونی بە ستالین دا و پیشانیدا هەموو دەمێک بەبێ ئەملا و ئەولا کوێرانە دوای ناکەوێت، بەڵام ئەمە نەبووە رێگر لەبەردەم ئەناستاس میکۆیان (Anastas Mikoyan) ئەندامی مەکتەبی سیاسی، کە




ماو تسیتۆنگ

سەردانی نوسینگەی پارتی کۆمۆنیستی چینی بکات لە ماوەی نێوان٣١ی ک٢ بۆ ٧ی شوباتی ١٩٤٩ . ماو سیاسەتی دەرەوەی خۆی بۆ رونکردەوە و پێی راگەیاند کە ئەو لە بەرژەوەندی نێونەتەوەیی پرولیتاریا کار دەکات. کەواتە یەکێتیی سۆڤێت دەتوانێت پشت بە چین ببەستێت. لیوو شاوکی (Liu Shaoki) کەسی دووەمی پارتی کۆمۆنیستی چین لە هاوینی ١٩٤٩ بەهەمان ئەو مەبەستە سەردانی مۆسکۆی کرد.

لە ساڵی ١٩٤٩ بەدواوە، ئەمەریکا ستراتیژی خۆی گۆڕی. ئەمەریکا هەوڵی دەدا کەلێن بخاتە نێو پەیوەندییەکانی پارتی کۆمۆنیستی چین و یەکێتیی سۆڤێتەوە. هەوڵیان دەدات نوسخەیەکی (تیتۆیزم) لە چین دروست بکەن. لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٤٩ باڵیۆزی ئەمەریکا جۆن لەیتۆن ستیوارت (John Leighton Stuart) چەند جارێک پەیوەندی بە پارتی کۆمۆنیستی چینەوە کرد. گفتوگۆی تایبەت بە مەرجەکانی دروستکردنی پەیوەندی

سروشتی لە نێوان ئەمەریکا و پارتی کۆمۆنیستی چین کرا. ئەو مەرجانەی کە پارتی کۆمۆنیستی چین داوای دەکردن لە راستیدا واقعی نەبوون (بڕینی هەموو جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ کۆمینتانگ و مامەڵەی یەکسان لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی چین). ئامادە بوونی کۆمۆنیستەکانی چین بۆ گفتوگۆ بە واتای ئەوە نەبوو کە ئەوان بەڕاستی دەیانەوێ هاوکاربن لەگەڵ ئەمەریکا.




هێڵی ئاسنی ترانس- مەنشۆریا

دەستبەسەرکردنی کونسڵی ئەمەریکی (ئەنگۆس وارد) و هێشتنەوەی لە ماڵەکەی خۆیدا لە ژێر مانەوەی زۆرە ملێدا لە نێوان ت٢ و ک١ی ١٩٤٩دا، ئەوە دەسەلمێنێت کە کۆمۆنیستەکانی چین پەرۆشی ئەوە نەبوون بە هەر نرخێک بووبێت خۆیان بخەنە ژێر باری پەیوەندییەکانی ئەمەریکاوە.

تاکتیکی ئەمەریکا بۆ کەلێن خستنە نێوان کۆمۆنیستەکانی چین و کۆمۆنیستە روسەکانی یەکێتیی سۆڤێت هەر لە سەرەتاوە شکستی خوارد. نەک تەنها پشتیوانی ئەمەریکا لە کۆمینتانگ، بەڵکو جیاوازی ئایدیۆلۆژیا فرسەتی هاوکاریکردنی جددی لە نێوان کۆماری گەلیی چین و ئەمەریکای کەم دەکردەوە، جگە لەوانەش بۆ پارتی کۆمۆنیستی چین گرنگ بوو کە پارێزگاری لە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت بکات. کۆمۆنیستەکانی چین، وڵاتانی سۆشیالیستیان بە هاوڕێی سروشتیی خۆیان دەزانی، هەر لەم دیدگایەشەوە کارکردن لە گەڵ جیهانی سەرمایەداریدا قورس بوو.

لە یەکی ت١ی ساڵی ١٩٤٩، ماو کۆماری گەلیی چینی راگەیاند. سوپای کۆمینتانگ و سەرکردەکانیان پاشەکشەیان کرد بۆ دورگەی تایوان (فۆرمۆزا)، بێگومان بە هیوای ئەوەی کە لە نزیکترین کاتدا بە هاوکاری ئەمەریکا بگەڕێنەوە بۆ کەنارەکانی چین. لە مانگی کانونی یەکەمدا بۆ دانوستان لەگەڵ ستالین، ماو سەردانی مۆسکۆی کرد. ستالین زۆر بە جۆش نەبوو بۆ ئەوەی رێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ چین مۆر بکات، ئارەزووی ئەوەی دەکرد لەسەر رێککەوتنە کۆنەکەی خۆی بڕوات لەگەڵ شیانگ کای شیک لە ١٤ی ئابی ١٩٤٥دا مۆری کردبوو. دواتر ئەوە ئاشکرا بوو کە ماو بە شێوەیەکی بنەڕەتی داوای هاوکاری سۆڤێتی کردووە لە ئەگەری هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر چین. لە رێکەوتنی ١٤ی شوباتی ١٩٥٠ هەردولا پێکهاتن لەسەر ئەوەی کە بۆ ماوەی سی ساڵ هاوکاریی سەربازیی یەکتر بکەن لە حاڵەتی هەر هێرشێکی ژاپۆن یاخود یەکێک لە هاوپەیمانەکانی، کە مەبەست لەوەش بێگومان ئەمریکایە. یەکێتیی سۆڤێت پێشتر پابەند بوو بە هاوکاریکردنی چین بۆ بنیاتنانی هێزی ئاسمانی و دەریایی. هەروەها بەڵێنی ئەوەشی بە چین دا کە فڕۆکەی بۆ رەوانە بکات بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی ناسیۆنالیستەکان لە تایوانەوە. لە هەمان رێککەوتندا سۆڤێتییەکان بە نابەدڵی بەڵێنیان بە چین دا کە هەتا کۆتایی ١٩٥٢ هێڵی ئاسنی رۆژهەڵاتی چین لە مەنشۆریا رادەست بکەنەوە. هەروەها هەردوو بەندەری پۆرت ئارسەر و دایرن بە گوێرەی خشتەیەکی دیاریکراو بدەنەوە بە چین، بەمجۆرە سۆڤێت

تاکە بەندەری لە نێو ئاوە گەرمەکاندا کە دەیگەیاند بە زەریای پاسفیک، لە دەستدا. لە بەرامبەریشدا ستالین بۆ ماوەی سی ساڵ، پێکەوە لەگەڵ چین مافی پشکنینی نەوت و بەکارهێنانی کانەکانی شینگیانگی هەبێت، هەروەها سەروەری مەنگۆلیاشی بە رەسمی وەرگرت. لە لایەکی دیکەشەوە ماو قەرزێکی بچوکی بە بەهای ٣٠٠ ملیۆن دۆلار وەرگرت.

## جەنگی کۆریا و پێشبڕکێی چەک (١٩٤٩-١٩٥٣): شەڕانگێزی هەر دوولا:

ئەمریکییەکان توشی شۆک هاتن کاتێک تەماشایان کرد، سەرباری ئەو هەموو دەستێوەردان و هاوکاریکردنە، کۆمۆنیستەکان دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت. ئەوەی ئەمریکییەکانی بێزار کردبوو ئەوە بوو کە سەرفکردنی سێ ملیارد دۆلار و ناردنی هەزار و چوارسەد فەرمانبەر و سەدان فڕۆکە هیچی لێ سەوز نەبوو، بەڵکو سەرەنجام ئاسیا بوو بە نێچیری سۆڤیێت، بۆیە دەبوو هەوڵی زیاتر بدەن بۆ ئەوەی پێگەی تۆکمە و بەهێزی ئابوری خۆیان لە ژاپۆن فراوانتر بکەن. دەبوو هێزەکانی ئەمەریکا جارێ لەوێ بمێننەوە و ئابورییە بەهێزەکەی ژاپۆن تێکەڵاو بێت لە گەڵ ئابوری ئاسیا. ئەوروپای رۆژئاوا نەک ئاسیا لەو قۆناغەدا لە پێشتر بوو بۆ ئەمەریکا.

لە ئەیلولی ١٩٤٩ ئەمریکییەکان ئاشکرایان کرد کە یەکێتیی سۆڤیێت بۆمبی ئەتۆمی تاقیکردۆتەوە. ئەمەش ئەمەریکای بە تەواوەتی سەراسیمە کرد، چونکە ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە سۆڤیێت چەندین ساڵی پێویستە بۆ ئەوەی دەستی بە بۆمبی ئەتۆمی بگات و ئەمەریکا قۆرخ کردنی ئەتۆمی لە دەست بدات. پەرچەکرداری ئەمەریکا زۆر خێرا بوو: سەرۆک ترۆمان لە کانوی دووەمی ١٩٥٠ ڕێگایدا بۆمبی هایدرۆجینی بەرهەم بێت.

لە ساڵی ١٩٤٩دا ئەمریکییەکان ٢٨٠ بۆمبی ئەتۆمییان هەبوو، بەریتانیا ٤٠ دانەی هەبوو، سۆڤیێت تەنها لە ساڵی ١٩٥٢دا توانیان ببنە خاوەنی ٤٠ دانە بۆمبی ئەتۆم. لەو کاتەدا ئەمەریکا ٨٤١ دانە و بەریتانیا ١٦٠ دانە بۆمبی هەبوو. هەتا ت١ی ١٩٤٩ پلانی ستراتیژی تەرواده لە ئەمەریکا لە

گۆڕێدا بوو بەوەی ١٣٣ بۆمبی ئەتۆمی بکێشرێت بە ٧٠ شاری روسیادا، بەم جۆرە لە ئەگەری جەنگدا ئەمەریکا دەتوانێت بەڕێژەی ٣٠-٤٠٪ ی ژێرخانی پیشەسازی یەکێتیی سۆڤیێت لەناو بەرێت. ئەمە رەنگە زیانێکی زۆر گەورە بێت بەڵام هێشتا بە هێندی ئەوە نابێت کە هتلەر بەسەر یەکێتیی سۆڤیێتیدا هێنا.

لە نێو رایگشتی ئەمەریکادا بیرۆکەیەک برەوی سەند کە سیناتۆر جۆزیف مەک کارتی (Joseph McCarthy) لە ساڵی ١٩٥٠ ە وە بانگەشەی بۆ دەکرد. بیرۆکەکە ئەوە بوو کە سۆڤیێت بە تەواوی لە حاڵەتی هێرشکردن دایە و دەتوانن سود لەو پشتیوانییە شاراوە نهێنییەی کۆمۆنیستەکان ببینن لەناو خودی کۆمەڵگەی ئەمەریکا. زۆرێک لەو کۆمۆنیستانە دەستیان بەسەر پلەو پۆستی گرنگدا گرتبوو. بە هاندانی مەک کارتی رەشبگیرییەکی جادوگەرانەی راستەقینە لە دژی ئەوانەی "گوایا کۆمۆنیستن" پەیڕەو کرا. لە نێوان ساڵانی ١٩٤٧-١٩٥٧ دا (٤.٧٦٥.٧٠٥) کەس لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرا. لانی کەم ١٥ کەس ناچار بە خۆکوشتن کران، ١٠٨ کەس پێکەوە بە ٤١٨ ساڵ زیندانی حوکم دران. چەندان کەس لەسەر کارەکانیان دەرکران یاخود خۆیان دەستیان لە کار کێشایەوە. بە گشتی روناکبیران و خەڵکانی بواری میدیا بە تایبەتی، لەوانەش شارلی شاپلن بوونە قوربانیی ئەو شاڵاوانەی کە بۆ ماوەیەکیش لە دوای تۆمەتبارکردنی مەک کارتی لە ک١ی ١٩٥٤ بەردەوامی هەبوو. میتۆدی لێکۆڵینەوەکانی بابەتیانە نەبوون، هەرچەندە توانیشی هەندێ بەرپرسی ئەمەریکی ئاشکرا بکات کە کاریان لە بەرژەوەندی سۆڤیێت دەکرد.

لە نیسانی ١٩٥٠ سەرۆکی تازەی تیمی نەخشەکێشانی سیاسی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا پاوڵ نیتز (Paul Nitze) شیکردنەوەیەکی بۆ پەیوەندییەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا کرد. وەزیر ئاشسۆن رەزامەندی لەسەر ئەو شیکردنەوەیە دەربڕی، کە کرا بە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی و بەژمارەی (NSC68) تۆمارکرا، لە ٣٠ ئەیلولی ١٩٥٠ دوای هەڵایسانی جەنگی کۆریا سەرۆک ترۆمان بەڵگەنامەکەی مۆرکرد. شیکردنەوەکە زیادەڕەوییەکی زۆری تێدا کرابوو، لەو باوەڕەدا بوو کە کۆمۆنیستەکانی

سۆڤێت هەوڵ دەدەن دەست بەسەر هەموو دنیادا بگرن و هێزێکی سەربازیی گەورەتریان هەیە لەوەی کە بۆ بەرگریکردن بێت لە خۆیان و هەوڵ دەدەن هەموو ئەورووپای ڕۆژئاوا بگرن و کەنەدا و ئەمریکاشیان لەبەر دەستدایە. ئاشسۆن و ئەو وەفدەی لە گەڵیدا بوون لەو باوەڕەدا بوون کە ئەوان لەبەردەم هەڕەشەی سۆڤێتدان. بەڵگەنامەکە دوو ئەگەری دانابوو: یان ئەوەتا ئەمەریکا ٢٠٪ بودجەی خۆی تەرخان بکات بۆ بەرگری و بەمەش هەژموونی سەربازی خۆی دەسەپێنێت، یان ئەوەتا هەموو مرۆڤایەتی نغرۆی کۆیلایەتی بێت. زەنگی مەترسی خەریک بوو لێدەدرا: شارستانی مەسیحیەت و سەرمایەداری لە مەترسیدان!

شیکردنەوەکەی نیتز هەڵە بوو: سۆڤێتییەکان نە هێزی دەریایی مۆدێرنیان هەبوو، نە هێزێکی ئاسمانیی ستراتیژی. ئەو ژمارە کەمەی بۆمبی ئەتۆمی (دەیان دانە) کە هەیان بوو، نەیان دەتوانیی لە دژی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا بیتەقێنن، چونکە پێویستی بە سەکۆی تایبەت و ئامێری تایبەتی هاویشتن هەبوو. ئەو ٨٠٠ هەزار سەربازەی هێزی وشکانی کە بە حساب ئەورووپای ڕۆژئاوا داگیر دەکات، چەند یەکینەیەکی زۆر کەمی زرێپۆش و ئامێریان هەبوو، بەرامبەر بەوە ٨٠٠ هەزار سەربازی هێزەکانی پەیمانی ناتۆ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە کە پڕچەکن. دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمەریکا ئەو ڕاستیانەیان دەزانی بەڵام بە دڵنیاییەوە زیادەڕۆییان کردووە. سەیرەکەش لەوەدایە کە لەملاشەوە سۆڤێت لە هەمان کاتدا لە هێرشێکی کتوپڕی ناتۆ دەترسا. لە مۆسکۆش زهنیەتێکی ڕاستەقینەی سەربازی هەبوو. لە نێو سەرکردە سەربازییەکانی ئەمەریکا زیادەڕۆیی لەو گفتوگۆیانەدا لە حاڵەتێکدا بوو کە ئاماژەیان بۆ دەستوەشانێکی پێشوەختەی ئەتۆمی دەکرا بۆ خۆپارێزی لە دژی سۆڤێت، هێزی ئاسمانی ئەمەریکا تەواو لایەنگری ئەو بیرۆکەیە بوو. ستالینیش لای خۆیەوە خەرجییە سەربازییەکانی بە شێوەیەکی خەیاڵی بەرز کردەوە و لە ساڵی ١٩٥٠ لە بوخارست دەستەی ئەرکانی یەکگرتووی سوپای پێکهێنا.

## جەنگی کۆریا:

وەک ئەوەی شیکردنەوەی نیتز دروست بووبێت، جەنگی کۆریا لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٥٠هەڵگیرسا. کۆریا کە پێشتر کۆلۆنییەکی ژاپۆن بوو، بە گوێرەی ڕێکەوتنی پۆتسدام لەدوای شکستی ژاپۆن بەشی باکوری دەکەوتە ژێر هەژموونی سۆڤێت و بەشی باشوریشی ئەمەریکا. هێڵی پانی سی و هەشت کرا بە سنوری دەستکردی نێوان هەر دوو بەشەکە. دوو لەسەر سێی دانیشتوان لە باشور دەژیان، بەڵام بەشی هەرە زۆر پیشەسازی وڵات دەکەوتە باکورەوە. هەریەکە لە ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤێت هەوڵیان دەدا مۆدێلێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆیان لە ناوچەکەی ژێر دەستی خۆیدا دروست بکات، بۆیە هیچ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان ئەو دوو بەشەدا نەبوو. هێڵی سی و هەشت سنوری مادی و ئایدیۆلۆژی نێوانیان بوو.

ئەمەریکا دەیوسیت کۆریا بەجێ بهێڵێت بەبێ ئەوەی توشی ئابڕوو چون بێت، بۆیە ساڵی ١٩٤٧ ڕێنماییەکانی خۆی دەرکرد بۆ ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی ڕێگا چارەیەک بۆ مەسەلەی کۆریا بدۆزنەوە. لەبەر ئەوەی کۆمیسیۆنە تایبەتەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان نەیدەتوانی بگاتە باکور، بۆیە لە مایسی ١٩٤٨ هەڵبژاردن تەنها لە باشور کرا. ڕاستڕەوەکان لەم هەڵبژاردنە توندئامێز و تاڕادەیەک ساختەیەدا سەرکەوتن. سینگمان ریی (Syngman Rhee) کە لە کاتی داگیرکاری ژاپۆندا لە مەنفای ئەمەریکا ژیابوو بوو بە سەرۆکی حکومەت و نەتەوەیەکگرتووەکان وەکو حکومەتی شەرعی هەردوو کۆریا لە ئابی ١٩٤٨دا ناودێریان کرد. لە ئەیلولی هەمان ساڵدا حکومەتی کۆریای باکوریش لە سەر دەستی کیم ئیل سونگ (Kim Il Soeng)ی کۆمۆنیست دروستکرا، کە ئەویش لەگەڵ ناسیۆنالیست و کۆمۆنیستەکاندا پێکەوە لە چین شان بەشانی ماو لەدژی ژاپۆنیەکان جەنگابوو. لە دوای دروستبوونی هەردوو حکومەت، سۆڤێت لە ک١ی ١٩٤٨ و ئەمەریکاش لە حوزەیرانی ١٩٤٩ کشانەوە. هەردوو حکومەت خۆیان بە حکومەتی یاسایی و نوێنەری ڕاستەقینەی هەموو کۆریا دەزانی، هێڵی پانی سی و هەشت بوو بە پەردەی ئاسنینی دووەم. سینگمان ریی سوپاکەی

خۆی بەهێز کرد و لە ٦٠ هەزار سەربازەوە لە ساڵی ١٩٤٩ بەرزی کردەوە بۆ ١٨١ هەزار سەرباز لە کۆتایی حوزەیرانی ١٩٥٠ و بە نیاز بوو هێرش بکاتە سەر کۆریای باکور، بەڵام ترۆمان ئارەزووی نەدەکرد هاوکاری بکات. ستالین و کیم ئیل سۆنگیش دەترسان سینگمان ریی هێرش بکات.

کۆریای باکور دەستپێشخەریی کرد. لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٥٠ سوپاکەی کیم ئیل سونگ هێرشی کردە سەر کۆریای باشور. بۆچی ستالین ڕێگایدا بە کیم ئیل سونگ هێرش بکاتە سەر کۆریای باشور و ئاشتی و سەقامگیری جیهان بخاتە ژێر هەڕەشە؟ کیم ئیل سونگ ستالینی رازی کردبوو بەوەی کە هەر ئەوەندەی سوپاکەی لە هێڵی سی و هەشت پەڕێنەوە، ئیتر لە باشوری کۆریا راپەڕینی کۆمۆنیستەکان لە دژی رژێمی نەخوازراوی سینگمان ریی سەرهەڵدەدات. کیم ئیل سونگ هیوای وا بوو کە وەکو پاڵەوانێکی نەتەوەیی و رزگارکەری کۆریای باشور پێشوازی لێدەکرێت و پرسەکە تەنها شەڕێکی سنورداری چوار رۆژە دەبێت و هیچ لێکەوتەیەکی گەورەی نێودەوڵەتی لێناکەوێتەوە.

لە دوای وتارەکەی ئاشیسۆن لە ١٢ی ک٢ی ١٩٥٠ ستالین لەو باوەڕەدا بوو کە کۆریای باشور بۆ ئەمەریکا بایەخێکی ستراتیژی ئەوتۆی نیە بۆیە دەستوەردان ناکات، وێرای ئەوەش لە هەموو حاڵەتێکدا ئەمریکییەکان دووا دەکەون و فریای هیچ ناکەون.

هەروەها ئەمەریکا لەو باوەڕەدا بوو کە یەکگرتنەوەی هەردوو کۆریا لە ژێر سایەی رژێمێکی کۆمۆنیستدا کاریگەری بە سودی دەبێت لەسەر گفتوگۆی ئاشتی لەگەڵ ژاپۆن. هەروەها لە دوای ئەوەی ستالین بەندەری ئاوە گەرمەکانی لە پۆرت ئارسەر و دایرین، بەهۆی ڕێکەوتنی لەگەڵ ماو، لەدەستدا، هیوای ئەوەی دەخواست دەستی بە بەندەرەکانی کۆریای باشور بگات. کیم ئیل سونگ هەتا سەردانی ستالینی نەکرد لە نیسانی ١٩٥٠ ڕەزامەندی بەدەست نەهێنا. مەکتەبی سیاسی لە ئەیلولی ١٩٤٩ ڕەزامەندی نەبەخشی، چونکە کۆریای باکور هێشتا لە رووی سەربازییەوە ساز و تەیار نەبوو.




سنوری نێوان هەردوو کۆریا... ئەو سنورەی جەنگ سەپاندی و هەتا ئەمرۆ ماوەتەوە

سوپای کۆریای باکور بە چەکی سۆڤێتی پڕچەکرا و ڕاهێنەرە سەربازییەکان ڕاهێنان و مانۆڤەریان پێکردن. ستالین نەیدەویست بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ململانێکەوە بگلێت، چونکە ئەو دەمە لە لایەن ئەمەریکاوە وەکو شەڕفرۆشتن دەکەویتەوە و ڕەنگە ئەویش ناچار بێت کە دەستێوەردان بکات، هەروەها ڕێگەی نەدەدا بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان ڕاهینەرەکانی سۆڤێت لەو شـەڕەدا بەشداربن. کیم ئیل سونگ لەسەر پێشنیازی ستالین لە ناوەڕاستی ئایاری ١٩٥٠ داوای لە "ماو" کرد ڕێگای پێبدات هێرش بکاتە سەر کۆریای باشور. بەوجۆرە ستالین گەمەکەی بە شێوەیەک کرد ئەگەر بێتوو هەڵەیەکیش ڕوویدات ئەوا سۆڤێت نا بەڵکو چین دەبێت فریای کیم بکەوێت. ماو ترسی لە هیچ دەستێوەردانێکی ئەمەریکی نەبوو، بۆیە داواکەی پەسەند کرد. ماو بە هیوای ئەوە بوو کە کۆریای کۆمۆمیست و یەکگرتوو، پێگەی ناسیۆنالیستەکانی تایوان لاواز بکات. لەبەر ئەوەی دوا بڕیاریش بەدەست ماو بوو، بۆیە ماو بڕیاردەری سەرەکی هێرشەکەی کۆریای باکور بوو.

ترۆمان ڕاستەو خۆ بەرامبەر هێرشەکەی کۆریای باکور کاردانەوەی پیشاندا. فەرمانی بە حاکمی سەربازی ژاپۆن، دۆگلاس مەکئارسەر (Doug-las MacArthur) کرد دەستبەجێ بکەوێتە خۆ بۆ هاوکاریکردنی کۆریای باشور و گەلە کەشتی و هێزی ئاسمانی بخاتە گەڕ. لەو کاتەدا گەلەکەشتی حەوتەم لە نێوان چین و تایوان لە ئەرکدابوو لە دەریا. هەروەها ئامادە بوو بە بۆمبی ئەتۆمی بۆردومانی سۆڤێت بکات، ئەگەر بێتوو دەستێوەردان لە جەنگەکە بکات. ترۆمان لەو باوەڕەدا بوو کە ڕاستگۆیی نەتەوەیەکگرتووەکان پێشێلکراوە، بۆیە دەیویست هەموو کارە سەربازییەکان لە ڕێگای ئەنجومەنی ئاسایشەوە بکرێن. نوێنەرەکانی یەکێتیی سۆڤێت لە ک٢ی ١٩٥٠ ە وە بایکۆتی هەموو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشیان کرد، لەبەر ئەوەی ڕێگا نەدەدرا کۆمۆنیستەکانی چین بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ەەتەوەیەکگرتووەکان بکەن، تەنها لە ١ی ئابدا باڵیۆز ئیاکۆڤ مالیک (Ia-kov Malik) گەڕایەوە. لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٥٠ ئەنجومەنی ئاسایش

لە بڕیارێکیدا داوای لە کۆریای باکور کرد پاشەکشە بە هێزەکانی بکات و هەروەک چۆن داواشی لە هەموو ئەندامان کرد کە لەو بارەوە یارمەتی پێویست پێشکەش بکەن. لە هەمان ئەو رۆژەدا پایتەختی کۆریای باشور سیئۆل داگیرکرا و کۆریای باکور پێشڕەوی زیاتری کرد.

ترۆمان تەنها بۆ گێڕانەوەی راستگۆیی نەتەوەیەکگرتووەکان کاردانەوی نە نواند، بەڵکو لەو باوەڕەدا بوو کە هەر فراوانبونێکی زیاتری کۆمۆنیزم لە جیهاندا دەبێت بە زووترین کات رابگیرێت. کۆریا وەک ناوچەیەکی(دادۆشین) ی ئابوری بۆ یابانیش، کە لەلایەن ئەمریکاوە بەهێزکرابۆوە، گرنگ بوو. سینگمان ریی و فەرماندەی باڵای هێزەکانی ئەمەریکا مەک ئارسەر پێکەوە گەمەیەکی تریان کرد. سەرەتا ویستیان هەموو کۆریا داگیر بکەن، مەک ئارسەر بیری لەوە دەکردەوە کە ئەو هەلە بقۆزێتەوە، هێرش بکاتە سەر چین و شیانگ کای شیک بگەڕێنێتەوە.

سوپای کۆریای باشور وەکو سوپای باکور نەبوو، کە بەردەوام بوون لە پێشڕەوی. ئەنجومەنی ئاسایش زۆر بە پێویستی دەزانی هێزێکی دیدەبانی لە ٤ی تەموزی ١٩٥٠ دروست بکات و لە کۆریا دایانمەزرێنێت. ئەم هێزە کە شازدە دەوڵەت تێیدا بەشدار بوو، لەوانەش بەریتانیا، فەرەنسا، دەوڵەتانی بەنەلوکس، پشکی شێری بەر ئەمەریکا کەوت و سەرکردایەتییەکەشی هەر بەدەست خۆیانەوە بوو. لە مانگی ئەیلولدا کۆمۆنیستەکان نزیکەی هەموو کۆریایان گرتبوو، جگە لە ناوچەیەکی بچوکی نزیک کەناری باشوری بەندەری شاری پوسان نەبێت.

لە ١٥ی ئەیلولدا مەک ئارسەر لە دووری سەدان میل لە پشت هێڵەکانی دوژمنەوە لە "ئینشون" هێزی دابەزاند، لە پشتەوە هێرشی کردە سەر دوژمن و سیئۆلی گرتەوە.

شەڕەکە بە تەواوی هەڵگەڕایەوە، سوپای کۆریای باکور تەفروتونا کرا. لەسەر داوای بەریتانیا لە رۆژی ٧ی ت١ لە کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بڕیارێک دەرکرا و داوا لە مەک ئارسەر کرابوو کە هێڵی سی و هەشت تێپەڕێنێت و هەموو کۆریا رزگار بکات لە پێناو ئەنجامدانی

هەڵبژاردنێکی ئازادانە. ویڕای هۆشدارییەکانی چین مەک ئارسەر پێشڕەوی کرد بۆ سەر سنوری چین و دەستی بە بۆردومانی هەندێ ئامانجی چینی کرد.

ستالین و ماو بە ئاراستەی جەنگ و دەستتێوەردانەکەی ئەمەریکا سەراسیمە بوون. لە کۆتایی ئەیلولی ١٩٥٠ کیم ئیل سونگ داوای لە سۆڤێت و چین کرد هاوکاری بکەن. ستالین نەیدەزانی چی بکات، بەڵکو بۆ ساتێکیش بیری لەوە دەکردەوە پێشنیازەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند بکات و دەستبەرداری کۆریای باکور بێت، بەڵام لەوە دەترسا مەک ئارسەر کە بەزمانی هەڕەشەئامێز قسەی دەکرد و داوای خۆبەدەستەوەدانی بێ مەرجی لە کیم ئیل سونگ دەکرد، زیاتر پێشڕەوی بکات و بەرەو چین بێت، یان زیاتریش بەرە و یەکێتیی سۆڤێت مل بنێ. لەبەر ئەوە ستالین لە یەکی ت١ی ١٩٥٠ داوای لە ماو کرد پێنج تا شەش لەشکر ڕەوانەی کۆریای باکور بکات. سەرکردایەتی سیاسی کۆمۆنیستی چین بەوە قایل نەبوو، بەڵام ماو توانی قایلیان بکات و لە ١٤ی مانگدا هێزەکانی نارد. لەگەڵ سۆڤێت ڕێکەوتن کە چوار تیپی هێزی ئاسمانی سۆڤێت هاوکاری سوپای چین بکات و چین بتوانێت چەکی مۆدێرنی سۆڤێت بکڕێت. لە ١٩ی ت١دا ماو دەستی بە جوڵە کرد. سەدان هەزار خۆبەخشی سوپای چین لە ڕوباری "یالو" پەڕینەوە و شان بەشانی سوپای کۆریا شەڕیان کرد. مەک ئارسەر کە چاوەڕوانی ئەو کاردانەوەی چین نەبوو، لە دوای چەند سەرکەوتنێکی کەم بە ناچاری پاشەکشەی کرد. لە ک١ی ١٩٥٠ کیم ئیل سونگ جارێکی تر سیئۆلی گرتەوە.

مەک ئارسەر لەو باوەڕەدا بوو کە ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی هێزی ناسیۆنالیستەکانی چین بخاتە گەڕ و بۆمبارانی شارەکانی چین بکات. ترۆمان کە هەمان بۆچوونی هەبوو لە ژێر کاریگەری سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا "ئاتلی" هیچی نەکرد. ئاتلی شەڕکردنی لەگەڵ چین و یەکێتیی سۆڤێت پێ باش نەبوو. لە ک٢ی ١٩٥١ چین هێرشەکانی خۆی ڕاگرت. لە ١٤ی مارتدا مەک ئارسەر دیسانەوە سیئۆلی گرتەوە. دوای شکستی دوو هێرشی تازەی



ئاوارەکانی جەنگی کۆریا ... منداڵان و ژنان زۆرترین قوربانیی جەنگەکانن

چین لە مانگی نیسان ومایسدا، هەموو لایەنەکان حەزیان لە ئاگربەست بوو. مەک ئارسەر ئیتر وەستا و دوای چەند روداوێکی نەخوازراو لە ١١ی نیساندا ترۆمان لە سەر کارەکەی دووری خستەوە. ئینگلیزەکان زۆرهاندەر بوون بۆ دوور خستنەوەی ئەو ژەنراڵە کەللە رەقە.

دوای هەندێک مشتومڕی نێوان لایەنەکان، دانوستانەکان لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٥١ دەستیپێکرد و هەتا ٢٦ی تەموزی ١٩٥٣ خایاندی. لەو سەروبەندەدا جەنگ بەشێوەیەکی دژوار بەردەوام بوو. لەو کاتەوە ئامانجی ئەمەریکا لە جەنگەکەدا ئەوە بوو کە تەنها پارێزگاری لە کۆریای باشور بکات و چەندە بتوانێت سنورەکەی بەرە و قوڵایی باکور درێژ بکاتەوە. ئەمریکییەکان لە ئاسماندا بە تەواوی باڵا دەست بوون و ئامانجە سەربازی و مەدەنیەکانیان

بێ پەروا بۆردومان دەکرد و چەکی ناپاڵمیشیان بەکار هێنا. هەردوو پایتەخت سیئۆل و پێ یۆنگ یانگ بە تەواوی خاپور کران.

تا ساڵی ١٩٥٢ بەرەکانی جەنگ سەقامگیر بوون، لە کاتێکدا بۆردومانەکانی ئەمەریکا هەر درێژەیان هەبوو. دانوستانەکان بەهۆی کێشەی دیلەکانی جەنگەوە چەقیان بەستبوو. ترۆمان نەیدەویست ئەو دیلانە بداتەوە کە بەهۆکاری سیاسی حەزیان بە گەڕانەوە نەدەکرد بۆ چین یان بۆ کوریای باکور. لەم بارەوە کیم ئیل سونگ و ماو هەستیان بە سوکایەتی دەکرد و نەیاندەویست ئاگربەست ئەنجام بدەن. لە لایەکی دیکەشەوە ترۆمان دەیویست هەڵوێستی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی ١٩٥٢ پتەو بکات، بۆیە بەردەوام بوو لەسەر بۆردومانەکانی.

ستالین ڕۆڵێکی خراپی دەبینی. لە دوو ساڵی کۆتایی تەمەنیدا بە تەواوی توشی نەخۆشی پارانۆید هاتبوو، هیچ بایەخێکی بە ئاگربەست نەدەدا. ڕەنگە ویستبێتی بەوە هێزەکانی ئەمەریکا گیرۆدە بکات لە کۆریا، بەمەش ئەگەری هێرشی پەیمانی ناتۆ بۆسەر ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا کەم دەبێتەوە. لەملاشەوە بڕیاریدا کە هیچ فڕۆکەوانێکی سۆڤێت لە ناو خاکی دوژمن چالاکی ئەنجام نەدات، بەمەش ماوی زۆر نیگەران کرد. ستالین حەزی بە هیچ کێشەیەک نەدەکرد لەگەڵ ئەمەریکا، کۆریا بۆ ئەو نرخێکی ئەوتۆی نەبوو.

دانوستانەکان هیچ پێشڤەچونێکی بەخۆوە نەدەدی، سەرۆکی تازەی ئەمەریکا "دوایت ئەیزنهاوەر" لە مانگی ئایاری ١٩٥٣ و دوای مردنی ستالین، بیری لەوە دەکردەوە بە ئەتۆم لە چین بدات. لەم سۆنگەیەوە ئەگەر تەماشای پەیمانی هاوکاری هاوبەشی نێوان سۆڤێت و چین (١٩٥٣) بکەین، ئەو هێرشە واتای ڕاگەیاندنی جەنگی دەگەیاند لە دژی یەکێتیی سۆڤێت، بۆیە دەبوو دەمودەست بە چەکی ئەتۆم لە یەکێتیی سۆڤێتیش بدرێت. ئەیزنهاوەر دڵنیا بوو کە چین و سۆڤێت بەو نەخشە نهێنییەی ئەویان زانیوە، کەچی ئەم پروپاگەندەیە هیچ کاریگەری نەبوو لەسەر هەڵوێستی دانوستانی ئەو سێ دەوڵەتە کۆمۆنیستە. ئەوان یەکسەر لە دوای مردنی ستالین بڕیاریان دابوو ململانێی کۆریا کۆتایی پێبهێنن.

له ٢٦ی تەموزی ١٩٥٣، لەسەر بناغەی هێڵێکی سنوریی باشور، ئاگربەست ڕاگەیەنرا. کۆریای باکور و چینییەکان دیسانەوە نەرمییان نواند: تەنها ئەو دیلانە درانەوە بەوان کە ئارەزوومەندانە دەیانویست بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان. جەنگ قوربانی زۆری لێکەوتەوە. ٩٠٠ هەزار سەربازی چینی و ١.٥ ملیۆن سەربازی کۆریای باکور و ١.٣ ملیۆن سەربازی کۆریای باشور و ٣٤ هەزار سەربازی ئەمەریکی کوژران. سەرکێشییەکەی ئەمەریکا بۆ کۆریا پەنجا ملیار دۆلاری تێچوو، دوو ملیۆن سەربازی ئەمەریکی لەو جەنگەدا بەشدار بوون، ململانێکە چارەسەر نەکرا: کۆریای باکور و باشور بە دابڕاوی مانەوە و هێزەکانی ئەمەریکاش هەر لە کۆریای باشور نەڕۆشتنەوە.

## سەرەتای پێشبڕکێی چەک:

له ساڵی ١٩٥٠ ئەمریکییەکان لەو باوەڕەدا بوون کە ململانێی کۆریا بە فەرمانی ستالین بووە بۆ ئەوەی کۆمۆنیزم فراوانتر بکەن. ئەوان وەک هەنگاوێکی ستراتیژی تەماشایان دەکرد، تەواوی سەرنجەکان لەسەر ئەورووپای ڕۆژئاوا نەمان، کە لە ئانوساتدا چاوەڕوانی ئەوە بوون سۆڤێت هێرشی بکاتە سەر. بەم شێوەیەش بۆچوونەکانی نیتز و ئاشسۆنیان دەسەلماند. ئەمەریکا زۆر بە خێرایی دەستیدایە خۆپڕچەککردن. ژمارەی سەربازەکانی لە ١.٥٠٠.٠٠٠ سەربازەوە لە ساڵی ١٩٤٨، بەرزکردەوە بۆ ٣.٢١١.٠٠٠ لە ساڵی ١٩٥١ . خەرجییە سەربازییەکانیش بازی هەڵدا لە ١٤.٥٩٩ ملیۆن دۆلاری سالی ١٩٥٠ بۆ ٣٣.٣٩٨ ملیۆن لە ساڵی ١٩٥١ و ٤٧.٠٠٠ ملیۆن لە ساڵی ١٩٥٢.

له کن یەکێتیی سۆڤێت دۆخەکە جیاواز بوو: ٢.٨٧٤.٠٠٠ سەرباز لە ساڵی ١٩٤٨ بەرزبۆوە بۆ ٣.١٠٠.٠٠٠ لە ساڵی ١٩٥١. خەرجیی سەربازییشی لە ٨.٢٨٧ ملیۆن ڕۆبڵەوە لە ساڵی ١٩٥٠، بەرزبۆوە بۆ ٩.٦٣٨ ملیۆن ڕۆبل لە ساڵی ١٩٥١. بەمجۆرە جەنگی کۆریا خاڵی دەستپێک بوو بۆ پێشبڕکێی چەک، پێشبڕکێیەک بوو کە خۆرئاوا تیایدا براوە بوو.

پەیمانی ناتۆ زۆر بە خێرایی بایەخی بە پڕچەکبوون دەدا، چونکە لە نێوان سالانی ١٩٥٢-١٩٥٤ لەو باوەڕەدابوون کە سۆڤیێت هێرش دەکاتە سەر رۆژئاوای ئەوروپا. ئەمەریکاش هێزەکانی خۆی لە ئەوروپا بەرزکردەوە لە دوو لەشکرەوە بۆ شەش لەشکر. بەریتانیاش چوار لەشکری لە ئەوروپای خۆرئاوا جێگیر کردبوو. هەموو ئەو دەوڵەتانەشی کە ڕێکەوتنی برۆکسلیان مۆر کردبوو لە ساڵی ١٩٤٨، لە رۆژی ٢٠ی ک١ی ١٩٥٠ بڕیاریاندا هەموو هێزەکانی خۆیان بە سەرکردایەتی مارشاڵی بەریتانی بێرنارد مۆنتگۆمەری (Bernard Montgomery) تێکەڵ بە پەیمانی ناتۆ بکەن.

پێکهێنانی سوپای ئەڵمانیای رۆژئاواش لەو دەمەدا لە ژێر تاوتوێکردندا بوو. لە شوباتی ١٩٥٢ لە لیشابۆن بڕیاری فراوانکردنی سوپای ناتۆ درا بۆ ٩٠ لەشکر. لە ساڵی ١٩٥٣ ناتۆ ٥٢٠٠ فڕۆکەی هەبوو. وەکو ئەڵتەرناتیف بۆ جێگیرکردنی لەشکر لە هێڵەکانی پێشەوەدا، لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٣ ئەمەریکا دەستی کرد بە بڵاوکردنەوە و جێگیر کردنی بڕێکی یەکجار زۆر لە چەکی ئەتۆمی تاکتیکی دژە هێرشی، وەکو گولە تۆپ و بۆمب و رۆکێتی کورت مەودا و لوغمی ئەتۆمی. لە ک١ی ١٩٥٤ پەیمانی ناتۆ ٣٠ لەشکری ئامادەی هەبوو، لە هەموو لەشکرەکانی دیکەشدا هێزی ناوکیی ئامادەی هەبوو.

لەو سالانەدا ئەقڵیەتی راستەقینەی جەنگ و شەڕانگێزی لە ئارا بوو، لە جەنگی کۆریاوە تا شکستی هێرشی یەکەمی چین (ک١ی ١٩٥١) لە ترۆپکدا بوو. لە نێو خەڵکی ئەوروپادا ترسێکی زۆر گەورە لە جەنگی ئەتۆمی تەشەنەی سەندبوو. ستالین و گەلی سۆڤیێتیش بەهەمان شێوە دەترسان. ستالین لەو باوەڕەدا بوو کە ئەمریکییەکان دەتوانن باڵا دەستی خۆیان لە توانای ئەتۆمدا بۆ لەناوبردنی یەکێتیی سۆڤیێت و کۆمۆنیزم بەکار بێنن. ستالین باوەڕی بە تیۆری دوو بلۆک هەبوو، پێکدادانی توندی نێوان سۆشیالیزم و سەرمایەداریی بە کارێکی حەتمی دەزانی. خۆشباوەڕانە پێی وابوو کە دەکرێت ئەم کارەساتە دووابخرێت، بەهۆی جەنگ و ململانێی نێوان خودی دەوڵەتە سەرمایەدارەکانەوە. زۆر بە توندی هیوای بە جەنگی نێوان بەریتانیا و ئەمەریکا هەبوو. لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ سەرکردە

سەربازییەکان و ئەمیندارانی پارتە کۆمۆنیستەکانی سەر بە خۆیان لە ک١ی ١٩٥١ گوایە گوتویەتی کە ئەو لە گەشەسەندنی ئابوری و سەربازی ئەوروپای رۆژئاوا و ئەمەریکا دەترسێت و دەبێت سۆڤیێت و هاوپەیمانەکانی ئامادەی هەر هێرشێک بن. تەنانەت بیر لـەوەش بکرێتەوە کە هێرشێکی پێشوەختە لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا بکرێتە سەر ئەوروپا بۆ ئەوەی رێگا لە ئەمەریکا بگرن بنکەی ئاسمانی لەو شوێنانە دروست بکات و بتوانێت بە بۆمبی ئەتۆم بۆردومانی مۆسکۆ بکات. دوای تێپەڕ بوونی چوار ساڵ باڵادەستی ئەمەریکا ئەوەندە لە پێش بوو تا ڕادەی ئەوەی کە هیچ هەلێکی بۆ سەرکەوتنی هیچ هێرشێک لە لایەن بلۆکی رۆژهەڵاتەوە نەهێشتبۆوە، لەگەڵ ئەوەشدا دۆخەکە هەر بەو جۆرە مایەوە.



مانۆڕی هێزەکانی سوپای سور لە مەیدانی سور لە مۆسکۆ

ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ ستالین ئاماژە بوو بۆ ئەو کەشە پڕ لە ترس و دڵەڕاوکەیەی کە کریملنی داپۆشیبوو. ستالین زۆر لە پێشبڕکێی چەکی ئەمەریکا و هێرشی ئەتۆمی بۆ سەر مۆسکۆ دەترسا. نیکیتا خرۆشۆڤ (Nikita Chroesjtsjov) لە بیرەوەریەکانیدا ئاماژە بۆ ئەو تۆنە ترسناکە

دەکات کە مۆلۆتۆڤ لە ڕاپۆرتەکانیدا لەسەر ئەو کۆنگرە نێودەوڵەتیانە نوسیبوونی کە خۆی ئامادە دەبوو تیایاندا: جەنگی جیهانی لە هەر ئان و ساتێکدا بێت هەڵدەگیرسێت. ئاشکرایە لەو بیرەوەریانە و لەو سەرچاوانەی دیکەش کە بەردەست کەوتوون، یەکێتیی سۆڤێت بەنیاز نەبووە هێرش بکاتە سەر ئەوروپای ڕۆژ ئاوا، ئەگەر جەنگیش بەرپا بێت، ئەوە تاکتیکی سۆڤێت ئەوە بووە کە چەندە بتوانێت شەڕ بخاتە نێو خاکی دوژمن بۆ ئەوەی زیانەکان لەسەر خۆی کەم بکاتەوە. لەوەش زیاتر یەکێتیی سۆڤێت زۆر بە چڕی بەشدار بوو لە دروستکردنی ئەنجومەنی ئاشتیی جیهان، کۆمۆنیستەکان لە هەمووجۆرە بۆنەیەکدا بۆ ئاشتی و تەبایی زۆر چالاک بوون. ئامانجیش لەوە ئەوە بوو کە ڕایگشتی جیهان لە ڕۆژئاوا لە دژی پێشبڕکێ و هەر هێرشێکی چاوەڕوانکراو بۆ سەر یەکێتیی سۆڤێت بەرێت.

لە ساڵی ١٩٥٠ و ساڵانی دواتر، جەنگی سارد بە تەواوی توانای خۆیەوە هەڵگیرسا. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابوردوو دەتوانین بە ئاسانی ئەوە بێژین کە جەنگی سارد لە ڕاستیدا لەسەر تێگەشتنێکی هەڵەی دوو لایەن بەرپا بوو کە دەتوانرا نەکرایە. ئەمریکییەکان لە هێرشی سۆڤێت دەترسان بۆ سەر ڕۆژئاوا، هەرچەندە خۆیان لە ڕووی تەکنیکی و ئابوری و سەربازییەوە باڵادەست بوون بەسەر سۆڤێتدا. لەولاشەوە ستالین کە دەیزانی پاشکەوتووە، نەیتوانی لەو حاڵەتی ترس و خۆپڕچەککردنەی ئەمەریکا تێبگات. لەو باوەڕەدا بوو کە ئەمەریکا نیەتی دوژمنکارانەی هەیە بەرامبەر بە کایەی هەژموونی سۆڤێت لە ئەوروپای ڕۆژهەلات، بەوجۆرە هەردوو لا نەیاندەتوانی شرۆڤەیەکی دروست بۆ نیەتەکانی یەکتر بکەن. ئەم هەڵوێستە پتەو تر دەبوو چونکە هیچ کەناڵێکی پەیوەندی ڕاستەقینە لە نێوانیاندا نەبوو. کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان ببوون بە جەنگی ڕاستەقینەی پروپاگەندە. ئەم دۆخە هەتا ساڵی ١٩٥٥ ، واتا دەساڵی خایاند، تا بۆ کۆتا جار سەرکردە سیاسییە باڵاکانی هەردوولا جارێکی تر چاویان بە یەکتر کەوتەوە.

## سەرلەنوێ چەکدارکردنەوەی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و شکستی کۆمەڵگەی بەرگری ئەوروپی (١٩٥٠-١٩٥٥):

جەنگی کۆریا ژیانی سیاسیی لە ئەوروپای رۆژئاوا خێراتر کرد. کتوپڕ هەلێک پەیدابوو بۆ ئەوانەی کە بەرگرییان لە ئەوروپا دەکرد بەو پێیەی کە هێزی سێیەم بێت لە ناوەڕاستدا. لە ٥ی ئایاری ١٩٤٩ ئەنجومەنی ئەوروپا لە لەندەن دروست بوو، کە یانەیەک بوو بۆ گفتوگۆ بەبێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی هەبێت. ئینگلیزەکان دژی هەر شێوەیەک لە شێوەکانی دەسەڵاتی بان نەتەوەیی (سوپەرناسیۆناڵ) بوون کە ببێتە هۆی لاوازکردنی باڵادەستیی بەریتانیا، بەهۆی ئەمەشەوە ئەنجومەنی ئەوروپا تەنها ڕێکخراوێکی بێدەسەڵات مایەوە.

ڕۆبێرت شۆمان (Robert Schuman)، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەیدا لە ٩ی مایسی ١٩٥٠ پشتیوانی زۆری لێکرا. شۆمان کە بیرۆکەکانی لە کۆمیسیاری فەرەنسی بۆ نەخشەکێشانی ئابوری (جان مۆنێ) وەردەگرت، پێشنیازی ئەوەی کردبوو کانە خەڵوزەکان و کارگەکانی دروستکردنی پۆڵا لە ئەوروپا بخرێنە ژێر دەسەڵاتێکی هاوبەشەوە، بەمەش پیشەسازییە قورسەکانی ئەڵمانیا لە ژێر دەستی فەرەنسا دەمێننەوە. فەرەنسا لەوە دەترسا کە نەتوانێت کێبەرکێ لەگەڵ ئەڵمانیا بکات لە پیشەسازی ئاسندا.

ئەمەش هەر خۆی چارەسەرێک دەبێت بۆکۆنترۆڵکردنی ناوچەی روڕگبید کە ساڵی ١٩٤٧ ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بۆ دروست کرابوو، جگە لەوەش ئەمە دەبووە هەنگاوێکی گرنگ بە ئاراستەی گشتگیرکردنی سیاسەتی ئەوروپا. مونێ لەو باوەڕەدا بوو کە دەکرێت ئەوروپا پەرەبسەنێت و وەک هێزی سێیەم دەرکەوێت و دووجەمسەری بشکێنێت. لە ١٨ی نیسانی ١٩٥١ دەوڵەتانی بەنەلوکس و ئیتالیا و فەرەنسا و ئەڵمانیای رۆژئاوا ڕێکەوتنی کۆمەڵەی ئەوروپایان بۆ خەڵوز و ئاسن (ECSC) مۆر کرد، بەمەش ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی چاودێری ناوچەی روڕگبید هەڵوەشایەوە.

هاوشانی ئەمە، پلانی دروستکردنی کۆبەندی بەرگری ئەورووپا[٤٠] بەڕێوە دەچوو. ئەدیناوەر هەر لە ساڵی ١٩٤٩ بەدواوە لە هەوڵی چەکدارکردنەوەی ئەڵمانیادا بوو. لە ئابی ١٩٥٠ ئاشسۆن گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئیتر ئەڵمانیا پێویستی بەوەیە چەکدار بێتەوە. دەیان لەشکری ئەڵمانی بەسەرکردایەتی ئەمەریکا خرانە ناو هێزەکانی ناتۆوە. دەستەی ئەرکانی ئەڵمانیا دروست نەکرا. لە میانەی کۆنگرەی هەرسێ دەوڵەتی داگیرکەر لە نیویۆرک لە ١٢ی ئەیلولی ١٩٥٠، ئاشکرا بوو کە فەرەنسا حەزی لە چەکدارکردنەوەی ئەڵمانیا نەبوو. ئاشسۆن چەکدارکردنەوەی ئەڵمانیای کردە مەرجی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەورووپا، فەرەنسا نەیتوانی بڕیار بدات هەتا یەکلاکردنەوەی کێشە گرنگەکانی وەکو داهاتووی سارلاند و روڕگبید یەکلا نەبێتەوە. ئەمەریکا سور بوو لەسەر هەڵوێستی خۆی و هەڕەشەی ئەوەیان کرد ئەگەر بێتو فەرەنسا رازی نەبێت ئەوە هەموو جۆرە هاوکاریەکانیان بۆ جەنگی فەرەنسا لە ئیندۆ- چین (ڤێتنام- وەرگێڕ) رادەگرن. (لە ک٢ی ١٩٥٠ هەتا ٧ ی مایسی ١٩٥٤ ئەمەریکا ٢.٦ ملیار دۆلاری بەخشی بە فەرەنسا لە جەنگیدا دژی ڤێت - مین[٤١]، کە ئەمەش ٨٠٪ تێچوونەکانی جەنگ بوو).

بۆ ئەوەی لەم قەیرانە رزگاریان بێت، سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا رینێ پلیڤین (René Pleven) نەخشەکەی "مۆنێ" ی لە ٢٨ی ت١ی ١٩٥٠ راگەیاند کە بریتی بوو لە دروستکردنی کۆبەندی بەرگری ئەورووپا (TEDC). بە گوێرەی ئەم پلانە لەشکرەکانی ئەڵمانیا لەگەڵ سوپای ئەورووپی تێکەڵ دەکران و نۆ کۆمیسیاری ئەورووپی سەرپەرشتی دەکردن. پلانەکە زۆر دوور

٤٠ کۆبەندی بەرگری ئەورووپا (Treaty establishing the European Defence Community) بە پەیمانی پاریسیش ناوی دەبرێت. لە یەکەمین هەوڵەکان بوو بە سەرکردایەتی فەرەنسا بۆ دروستکردنی سوپای یەکگرتووی ئەورووپا، بەڵام لە بەر ئەوەی ئەم پەیمانە دەبووە رکابەری پەیمانی ناتۆ بەدڵی ئەمەریکا نەبوو. هەر لەبەر ئەوەش پەیمانەکە نەچووە واری جێبەجێکردن و بە مردوویی لەدایک بوو. دەتوانین ناکۆکی فەرەنسا لەگەڵ پەیمانی ناتۆ لێرەوە بەهەند وەربگرین و دواتر دەبینین کە ئەو ناکۆکیە قوڵتر دەبێتەوە و فەرەنسا بۆ ماوەیەکی درێژ لە پەیمانەکە دێتە دەرەوە. وەرگێڕ.

٤١ ڤێت مین بەرەیەکی نیشتمانی بوو لە کۆمۆنیست و ناسیۆنالیستەکان لە لایەن هۆشی منە ساڵی ١٩٤٧ دروستکرا، بۆ جەنگی سەربەخۆیی ڤێتنام لە دژی فەرەنسا. وەرگێڕ.

مەودا بوو، چونکە لە سەرێکی تریشەوە گریێ دەدرایەوە بە ڕێکەوتنەکەی "خەڵوز و ئاسن"ە وە، بەمەش سەربەخۆیی سەربازیی و سیاسەتی ناوەندیی دەرەوەی وڵاتانی بەشدار بوو کەم دەکرایەوە. سیاسەتی سەربازی و دەرەوەی ئەوروپا لە لایەن پەرلەمانی ئەوروپاوە ئاراستە دەکرا. بەریتانیا ئامادە نەبوو دەستبەرداری سەربەخۆیی سیاسیی خۆی بێت. ژەنراڵ ئەیزنهاوەر کە ئەو کاتە فەرماندەی گشتی باڵای هێزەکانی پەیمانی ئەتلەسی 'ناتۆ' بوو، لە ژێر کاریگەری مۆنێ، توانی پشتیوانی حکومەتەکەی خۆی بۆ پلانەکە وەربگرێت. بەم جۆرە ئەوروپا ٤٧ لەشکری پیادە واتە (٦٠٠.٠٠٠) سەربازی دەخستە ژێر رکێفەوە، ئەمەش وایدەکرد کە ئەمەریکا بتوانێت هێزەکانی خۆی کەم بکاتەوە و پشت بە پەرچەبەرگری ئەتۆمی (هەرزان) ببەستێت و زۆر تێچوونی سەربازی لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. ئەگەر ڕێکەوتن لەسەر ئەمە کرا ئەوسا سوپای (TEDC) دەخرێتە ژێر دەستی فەرماندەی فەرماندەیی باڵای ئەمەریکا لە هێزەکانی ناتۆ.

لە ژێر فشاری ئەمریکا و لێکەوتەکانی جەنگی کۆریا، گفتوگۆی چڕ و پڕ لەو بارەوە کران. پەیمانی (TEDC) لە لایەن گروپی شەش دەوڵەتەکەوە لە ٢٧ی مایسی ١٩٥٢ مۆر کرا. ئەڵمانیا هێزەکانی خۆی بەشدارپێدەکرد بەڵام نە دەکرا بە ئەندامی ناتۆ، بەو جۆرەش نوێنەری لە سەرکردایەتی باڵادا نەدەبوو. دوای بە دوای ئەوەش دەستدەکرا بە دامەزراندنی کۆبەندی سیاسی ئەوروپا.

کۆبەندی بەرگری ئەوروپا (TEDC) دەبوو لە لایەن پەرلەمانی وڵاتانی ئەندامەوە ڕەزامەندی وەربگرێت. ساڵی ١٩٥٣ لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و دەوڵەتانی بەنەلوکس ئەم کارە کرا. لە ئیتالیا ئاستەنگ هەبوو، کۆمۆنیستەکان زۆر بە توندی دژی ئەوە بوون. هەندێ لە نوێنەران ئامادە نەبوون دەنگ بدەن بەو پەیمانە ئەگەر بێتو لە بەرامبەردا تریستی[٤٢] نەدرێتەوە بە ئیتالیا.

---

٤٢ شارێک و بەندەرێکی دەریاییە، دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئیتالیاوە. ساڵی ١٩٢٠ لە دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی خرایە سەر ئیتالیا. لە جەنگی دووەمی جیهانیدا کەوتە ژێر دەسەڵاتی نازیەکان، دواتر لە ساڵی ١٩٤٧ کرا بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. ساڵی ١٩٥٤

فەرەنسا بەهۆی جەنگی ڤێتنامەوە شەکەت و لاواز بوو، قەیران بەرۆکی حکومەتی گرتبوو، بۆیە ئاستەنگی زۆر لەبەردەم فەرەنسادا بوو. وێرای ئەوەی (TEDC) پێشنیازی خودی حکومەتی سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا بوو، بەڵام لەناو رایگشتیدا زۆر پەسەندکراو نەبوو.

لە ٥ی مارتی ١٩٥٣ ستالین کۆچی دوایی کرد و لە کۆریاش ئاگربەست راگەیەنرا. لە ئەنجامی ئەوەدا وەک ئەوەی کە لە ئیتالیا بەرچاومان دەکەوێت، ترس و تۆقین لە هێرشی سۆڤێت بە شێوەیەکی بەرچاو رەوینەوە. کۆمۆنیستەکان و ئاشتیخوازەکان و دیگۆلییەکان زۆررادیکالانە دژی (TEDC) وەستانەوە. مۆدێلەکەی بەریتانیا رۆڵێکی خراپی بینی لەم بارەوە: بۆچی دەبێت فەرەنسا دەستبەرداری بەشێک لە سەروەریی خۆی بێت لە کاتێکدا بەریتانیا ئامادەی ئەوە نەبێت؟ نابێت هیچ باوەڕیش بەو پروپاگەندانە بکەین کە گوایا سەرۆک وەزیرانی چەپ، پیرێ مەندێس فرانس (Pierre Mendés France) لە پەراوێزی کۆنگرەی جنێف سەبارەت بە ڤێتنام، لەگەڵ "ڤێت مین" ی لایەنگری سۆڤێت گەیشتۆتە ڕێککەوتن بەو مەرجەی کە پشتگیری لە (TEDC) نەکات. کاتێک پەیمانی ناوبراو لە ٣٠ ئابی ١٩٥٤ لە پەرلەمانی فەرەنسا رەتکرایەوە (بەهۆی داوایەک کە لەلایەن ئەندامێکی کۆنە ژەنراڵی دیگۆلی کرابوو). رەتکردنەوەی پەیمانەکە ئادناوەری توشی شۆک کرد و کاردانەوەی توندی لە لایەن تازە سەرۆکی ئێستا "ئەیزنهاوەر" و فۆستەر دالاسی وەزیری دەرەوە، لێکەوتەوە و هەڕەشەی راگرتنی هەموو جۆرە هاوکارییەکان و کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکایان کرد.

ئێستا ئیتر دەبوو بەریتانیا بە هاندانی ئەمریکییەکان جوڵەی دبلۆماسی دەستپێبکات، ئەنتۆنی ئیدن دەستی بە شاڵاوێکی دبلۆماسی چڕ کرد بۆ ئەوەی لەرێگای بە ئەندام بوونی ئەڵمانیا لە پەیمانی برۆکسل و ناتۆ بتوانێت سەرلەنوێ چەکدارکردنەوەی ئەڵمانیا مسۆگەر بکات. ئەو پەیمان و ڕێکەوتنانەی کە بەریتانیا خۆشی ئەندام بوو تیایاندا، لە جۆری کلاسیکی

---

بەشێکی درایەوە بە ئیتالیا و بەشی باشوری خرایە سەر یوگوسلاڤیا. ساڵی ١٩٧٥ بۆ دواجار لە ڕێککەوتنامەی ئۆزیمۆ ئەو کێشەیە بە تەواوی چارەسەر کرا. وەرگێڕ.

بوون و هیچ جۆرە دەستبەردانێکی بۆ سەروەری وڵات تێدا نەبوو. مەندێس فرانس ئامادە بوو لەو ڕێگایەوە هاوکار بێت. سەرەنجام لەسەر بنەمای پەیمانی هاوکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری (پاریس ٢٣ی ت١ ١٩٥٤) کە لە ٦ی مایسی ١٩٥٥ خرایە واری جێبەجێکردنەوە، ئەڵمانیای ڕۆژ ئاوا و ئیتالیا بوونە ئەندامی پەیمانی برۆکسل. دواتر لەسەر داوای فەرەنسا ئەڵمانیای ڕۆژ ئاواش بوو بە ئەندامی ناتۆ بەو مەرجەی کە هەندێ کۆت و بەند پەسەند بکات لەوانەش: قەدەغەی بەرهەمهێنانی چەکی بایەلۆژی، بەکتریۆلۆژی و ئەتۆمی و ڕۆکێتی دوور مەودا، هەروەها دەبوو سوپای ئەڵمانیا لە نیو ملیۆن سەرباز تێپەڕ نەکات.

بۆ گرەنتی باڵادەستبوونی بەسەر ئەڵمانیادا، مەندێس لە ٢٦ی ک١ی ١٩٥٥ بە نهێنی بڕیاریدا هێزی ئەتۆمی فەرەنسی دابمەزرێنێت. یاسای داگیرکردنی ئەڵمانیا لە ٥ی مایسی ١٩٥٥ هەڵوەشایەوە، بەڵام هێزەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا بۆ ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی فەرەنسا مانەوە. پەیمانی برۆکسل فراوان کرا و ناوەکەی گۆڕا بۆ یەکێتیی ئەوروپای ڕۆژئاوا، بە پێچەوانەی پەیمانی ناتۆ، ئەم ڕێکخراوە هەتا ساڵی ١٩٩٨ بە سستی مایەوە.

سەرلەنوێ چەکدارکردنەوەی ئەڵمانیا بۆ ستالین و هاوپەیمانەکانی سەرئێشەیەکی ڕاستەقینە بوو. ئامانجی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەیان ئەوە بوو کە نەیەڵن ئەڵمانیایەکی ڕۆژئاوای میلیتاریزەکراوی بەهێز دروست بێت. لە ساڵی ١٩٤٩ هەتا ساڵی ١٩٥٥ یەکێتیی سۆڤێت ژمارەیەکی زۆر پێشنیازی دوور مەودای خستەڕوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەڵمانیا. گرنگترینی ئەوانەش ئەوەی ڕۆژی ١٠ی مارتی ١٩٥٢ بوو، بەڵام ڕوداوی زۆر گرنگ و ئاڵۆزی بەسەردا هات. ستالین داوای کرد هەر چوار هێزەکە پێکەوە کۆنگرەیەک گرێ بدەن و پرسی بنیاتنانی ئەڵمانیایەکی یەکگرتوو و بێلایەن و ئاشتیخواز تاوتوێ بکەن. ئەو ئەڵمانیایە دەیتوانی سوپای هەبێت و چەک و چۆڵ دروست بکات، دەیتوانی هەڵبژاردنێکی دیموکراسی ئەنجام بدات هەمووان تێیدا بەشدار بن، تەنانەت ئەو نازیانەش کە تۆمەتبار نەکراون. دەکرا لەگەڵ ئەو جۆرە لە ئەڵمانیا ڕێکەوتنی ئاشتی بکرێت.

ئاشسۆن دەیویست ئەم پێشنیازە زیاتر تاوتوێ بکات، بەڵام کاردانەوەی ئەدیناوەر و هاوپەیمانە فەرەنسی و بەریتانییەکانی زۆر نەرێنی بوو. داوایان کرد لە هەموو ئەڵمانیادا دەستبەجێ هەڵبژاردنێکی ئازادانە ئەنجام بدرێت. ئەوان دەیانزانی کە ستالین ئەوە پەسەند ناکات. بێگومان ستالینیش دەیزانی کە ئەم پێشنیازەی ڕەت دەکرێتەوە، بەڵام دەیویست بەو شێوەیە باندۆرێک بخاتە سەر رایگشتی تا ڕێگا نەدرێت ئەڵمانیای ڕۆژ ئاوا ببێتە ئەندامی (TEDC). چارەسەری کۆتایی و گونجاو بۆ ئەدناوەر ئەوە بوو کە ئەڵمانیای خۆرئاوا بەهێز و میلیتاریست و ئەندامی ناتۆ بێت. لە سەرو ئەوانەشەوە ئەڵمانیای یەکگرتوو نا بەڵکو ئەڵمانیای بێلایەن دەبێتە نێچیرێکی ئاسان بۆ سۆڤێت، لە کاتێکدا پەیمانی باکوری ئەتلەسی (ناتۆ) لە ماوەی درێژ خایەندا دەتوانێت هەردوو ئەڵمانیا یەکبخاتەوە. ئەوەی ئەدناوەر نەیدەگوت و لێی دەترسا ئەوە بوو کە لە ئەڵمانیای یەکگرتوودا پارتی سۆشیال دیموکرات دەبووە پارتی هەرە بەهێز و دواجاریش ئیتر خۆی سەرکردایەتی لەدەست دەدات.

## پەیمانی وارشۆ و بێلایەنیی یوگوسلاڤیا:

دەوڵەتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و یەکێتیی سۆڤێت لە ڕۆژی ١٤ی مایسی ١٩٥٥ پەیمانی وارشۆیان بۆ سیستەمێکی بەرگری گشتگیر مۆر کرد. پێکهێنانی پەیمانی بەرگری هاوبەش کە هاوشێوەی پەیمانی ناتۆ بوو، وەکو کاردانەوەیک بوو بۆ سەرلەنوێ چەکدارکردنەوەی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، کە پۆڵەندا و چیکوسلۆڤاکیاش زۆر لێی دەترسان بەهۆی ئەو سنورە تازانەی کە دانرابوون. بەهەمان شێوەی پەیمانی ناتۆ، هەموو هێزەکانی دەوڵەتانی ئەندامی پەیمانی وارشۆ خرانە ژێر فەرماندەیی تەواوی سۆڤێتەوە.

هاوشێوەی پەیمانی ناتۆ، پەیمانی وارشۆ بە گوێرەی بنەماکانی نەتەوەیەکگرتووەکان داڕێژرابوو. پەیمانێک بوو کە سروشتی بەرگریکارانەی روتی هەبوو. جگە لە یەکێتیی سۆڤێت، ئەو وڵاتانەی کە ئەندام بوون بریتیبوون لە پۆڵەندا، چیکوسلۆڤاکیا، ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، ڕۆمانیا، بولگاریا، هەنگاریا، ئەلبانیا (هەتا ١٩٦٨)، ئامادە نەبوونی یوگوسلاڤیا جێگەی سەرنج



راوێژکاری ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ئەدیناوەر بەڵگەی بوونە ئەندامی ناتۆ واژۆ دەکات

بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێک نەبوو کە مرۆڤ سەرسوڕماو بکات هەتا ساڵی ١٩٥٥.

هاوشێوەی پەیمانی ناتۆ، لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات دەستەبژێرێکی نمونەیی کاری بۆ خۆشکردنی زەمینەی دروستکردنی پەیمانی وارشۆ کرد. ئەو دەستەبژێرە بە شێوەیەکی گشتی بریتیبوون لە ئەفسەرانی سوپا و دبلۆماتکار و سەرکردەی پارت و بەڕێوەبەرانی کارخانە سەربازییەکان بوون. هەموو ئەوانە ئەندامی حزب بوون و باوەڕیان بە وەهمی هەڕەشەی سەربازی ناتۆ هەبوو، خاوەنی پلە و پۆستی باڵا بوون و کاریان بۆ سەقامگیری دۆخەکە دەکرد.

ئەمەش واتای ئەوە بوو کە ئەوان پێویستیان بە پەیمانی ناتۆ هەبوو بۆ ئەوەی پاساوێکیان بۆ مانەوەی خۆیان هەبێت. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە

دەستەبژێری ناو پەیمانی ناتۆ بۆ مانەوەی خۆیان و یەکگرتوییان دوژمنێکی نمونەیی وەکو وارشۆیان پێویست بوو. لە ڕاستیدا هەردوولایان لە چوارچێوەی یەک سیستەم کاریان دەکرد و پشتیان بە یەکتر ئەستور بوو. پەیمانی وارشۆ لە ساڵی ١٩٩١ دوای هەرەسی کۆمۆنیزم لە یەکێتیی سۆڤیێت و ئەوروپای ڕۆژئاوا، هەڵوەشایەوە.

هەر چەندە ستالینییەکی بە جۆش و خرۆش بوو، بەڵام مارشاڵ تیتۆ داشی دەستی ستالین نەبوو. تیتۆ بە ئاشکرا دەیویست سەربەخۆ بێت لە سیاسەتی دەرەوەیدا. ئامادە نەبوو ئابوری یوگوسلاڤیا بکاتە پاشکۆی ئابوری یەکێتیی سۆڤیێت. ستالین هاوشێوەی دەوڵەتانی دیکەی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، کە لە کاتی جەنگدا دوژمنی سۆڤیێت بوون، مامەڵەی لەگەڵ یوگوسلاڤیا دەکرد، دەیویست تیتۆ و پارتە کۆمۆنیستەکەی بکاتە سیخوڕ. ستالین متمانەی بە تیتۆ و سەرکردەی بولگاری جیۆرجی دیمترۆڤ (Georgi Dimitrov) نەدەکرد کە بە نیاز بوون ژمارەیەک لە دەوڵەتانی بەلقان لە یەک فیدراسیۆنی یەکگرتوودا کۆ بکەنەوە.

تیتۆ خوازیاری ئەوە بوو کە ئەلبانیا بخاتە سەر یوگوسلاڤیا. دیمترۆڤ بە ئاشکرا لە ک٢ی ١٩٤٨دا داوای یەکگرتنی ڕۆمانیا و یوگوسلاڤیا و بولگاریا و یۆنان، کە هێشتا شەڕی ناوخۆی تێدا بوو، دەکرد. ڕۆژئاواییەکان لەسەر زاری وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بیڤین، دەستبەجێ بە توندی و نەرێنی کاردانەوەیان نواند. ستالین کە حەزی بە ئاڵۆزی زیاتر نەدەکرد لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان، دەستبەجێ فەرمانیدا ئەو پرۆژەیە فەرامۆش کەن، هەروەها قەدەغەی پێشکەشکردنی هەر جۆرە هاوکارییەکی بۆ کۆمۆنیستەکانی یۆنان کرد.

بەمجۆرە هیچ ڕێگایەکی لەبەردەم تیتۆ و دیمترۆڤ نەهێشتەوە کە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتیان بە دڵی خۆیان ئاراستە بکەن. دیمترۆڤ ڕاستەوخۆ لێدوانیدا و گوتی: یوگوسلاڤیا مافی خۆیەتی سیاسەتی دەرەوەی وڵات بە گوێرەی ویستی خۆی دابڕێژێت.




لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٤٨ جیابوونەوەکە بوو بە رەسمی: تیتۆ بە تۆمەتی بورژوازی بچوک و ناسیۆنالیزم لە کۆمینفۆرم دەرکرا. هەموو دەوڵەتانی بلۆکی رۆژهەلأت ناچار بوون هەموو جۆرە پەیوەندییەکی ئابوری و سیاسی لەگەڵ یوگوسلاڤیا ببڕن. لە هەموو شوێنێک دەستکرا بە راوەدوونانی خائینە تیتۆییەکان. لێرە بەدواوە رێگای نیشتمانی بەرەو سۆشیالیزم بوونی نەما، دەبوو تەنها مۆدێلی سۆڤێتی هەبێت، ستالین داوای لە کۆمۆنیستەکانی یوگوسلاڤیا کرد خۆیان لەو سەرکردە نا بەرپرسە رزگار بکەن. تیتۆ سور بوو لەسەر رێبازی خۆی، سەرکەوتووش بوو لەبەدەستهێنانی یارمەتی لە رۆژئاوا

لە ک١ی ١٩٤٩دا، ئەمریکییەکان دڵنەواییاندا کە هاوکاری یوگوسلاڤیا دەکەن ئەگەر بێتوو دووچاری دەستدرێژی بێتەوە، لە لایەن ئەمەریکا و بەریتانیا و ئەڵمانیای رۆژئاواوە قەرزی پێدرا. لە ک٢ی ١٩٥١ سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئەمەریکا سەردانی یوگوسلاڤیای کرد و بەڵێنی پێدا کە بە بەهای ٦٠ ملیۆن دۆلار چەکی پێبدات. لەهەمان ساڵدا ئەمەریکا ئەندامێتی پەیمانی ناتۆی خستە بەردەم یوگوسلاڤیا، بەلأم تیتۆ بێلایەنی هەڵبژارد.

لە ماوەی نێوان ١٩٤٩-١٩٥٢ ستالین چەند جارێک نەخشەی هێرشکردنە

سەر یوگوسلاڤیای لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا دانابوو، بەڵام هەموو جارێک لە ترسی دەستێوەردانی چەکدارانەی ئەمەریکا پەشیمان دەبۆوە. تیتۆ لەم ململانێیەدا بێدەنگ نەمایەوە، ستالینی بە ریڤیژینزم و ئیمپریالیزمی شۆڤێنی و ستەمکارێکی بیروکرات تۆمەتبار دەکرد. لە ئەنجامی ململانێی ئایدیۆلۆژی لەگەڵ مۆسکۆ، تیتۆ لە ساڵی ١٩٥٠ بەدواوە دەستیکرد بە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی، لەسەر بنەمای فیدرالی. کۆمارەکانی یوگوسلاڤیا تا رادەیەکی زۆر ئۆتۆنۆم بوون.

## تیرۆری ستالینیستی لە ئەوروپا:

دوابەدوای جێبەجێکردنی پلانی مارشاڵ و سەرکەوتنی ئەمەریکا لە بەرلین و دواتریش دامەزراندنی پەیمانی باکوری ئەتلەسی (ناتۆ) و دەستوەردانی ئەمەریکا لە کۆریا، ستالین دەترسا لەگەڵ ئەمەریکا بکەوێتە جەنگەوە. پەردەی ئاسنینی لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا ئەستورتر دەکرد، کۆمینفۆرمی دامەزراند و رژێمەکانی ژێر هەژموونی خۆی زیاتر سەرکوت دەکرد. ئەو ملکەچیی رەهای دەویست، ئەو سەرۆک و سەرکردانەی دەویست کە وەکو خوداوەند دەیانپەرست و بەرژەوەندی یەکێتیی سۆڤێتیان دەخستە سەرو بەرژەوەدنی وڵاتەکانی خۆیانەوە. بۆ بەدەستهێنانی ئەوەش شەپۆلێک تیرۆری راستەقینەی پەیڕەو کرد، کە تیایدا لایەنگری لە تیتۆیزم بەیەکێک لە تۆمەتە کوشندەکان دادەنرا.

سەرکردەی پۆڵەندی "گۆمولکا" یەکێک بوو لە قوربانییە بەراییەکان و وەک لایەنگری ناسیۆنالیزمی وردەدە بورژوا، واتە تیتۆیزم لە ٣ی ئەیلولی ١٩٤٨ لە پۆستی ئەمینداری گشتی حزب دوورخرایەوە. ئەو حوکم نەدرا، بەڵام لە ٣١ی تەموزی ١٩٥١ لەماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەری زۆرەملە کرا.

لە حوزەیرانی ١٩٤٩ وەزیری ناوخۆی ئەلبانیا بە تۆمەتی لایەنگری تیتۆ تیرۆر کرا. لە ١٥ی ت١ی هەمان ساڵدا نۆرە گەیشتە سەر وەزیری ناوخۆ و دەرەوەی هەنگاریا "لازلۆ راجاک". لە کاتی دادگایی کردنیدا ئەم وەزیرە کۆمۆنیستە دانی بەوەدا نا کە سیخوڕی کردووە بۆ رۆژئاوا و لەگەڵ

تیتۆ بەشێک بووە لە پیلانەکە بۆ گێڕانەوەی سیستەمی سەرمایەداری!. لە بولگاریا جێگری سەرۆک وەزیرانی کۆمۆنیست "تراجشو کۆستۆڤ" کە زۆر خۆشەویست بوو لە ناو خەڵکدا لە ک١ی ١٩٤٩ لە سێدارە درا، دوای ئەویش لە ساڵی ١٩٥٢ هەردوو سەرکردەی بەناوبانگی کۆمۆنیست "ئانا پاوکەر و ڤاسیللی لوس" لەناو بران.

ڕەنگە ئەو دادگاییکردنەی کە ڕۆژی ٢٠ی ت٢ی ١٩٥٢ لە دژی جێگری سەرۆک وەزیران و ئەمینداری گشتی پارتی کۆمۆنیستی چیک ڕۆدۆلف سلانسکی (Rudolf Slansky) و سیازدە گەورە ئەندامی دیکەی حزبەکە بەڕێوەبرا، زیاتر جێگەی ڕامان بێت. ئەوانە تۆمەتبار کران بە (تروتسکیزم، زایۆنیزم، تیتۆیزم، ناسیۆنالیزمی بورژوازی و خیانەت). هەموو ئەوانەی هاتنە ژێر بار و دانیان بە تۆمەتەکانیاندا نا لە سێدارە دران لەوانەش سلانسکی و دە کەس لە هاوڕێکانی. خۆڵەمێشی جەستەیان تێکەڵ بە خۆڵ کراو لە دەرەوەی پراگ فڕێ درا. هەموو ئەو دادگا ڕواڵەتیانە بە فەرمانی ستالین و جێبەجێکردنی پسپۆڕەکانی سۆڤێت بوون.

تیرۆر و تۆقاندن ئەندامە ئاساییەکانی حزبیشی گرتەوە: نزیکەی ٢٥-٣٠٪ ئەندامانی حزب دەرکران یاخود بە شێوەیەک لە شێوەکان سزا دران. تەنانەت هاوڵاتیانی ئاسایی لە تۆقاندن ڕزگاریان نەبوو. لە قوتابخانە و زانکۆکان و کارخانە و وەرشەکانی کارکردن، هاوڵاتیان ڕاپێچ دەکران بۆ شوێنی نادیار. دەیان هەزار کەس لە هاوڵاتیانی سڤیل کوژران، سەدان هەزار خرانە کونجی زیندانەکان و سەربازگا زۆرەملێکان. سەدان هەزاریش ڕاگوێزران، لەوانەش ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی بوداپست کە دیپۆرت دەکرانەوە، جولەکە و قەشەکان و باوەڕداران، قوربانییە دڵخوازەکانی جەلادەکانی ڕژێم بوون.

لە بیلاروس و ڕۆمانیا، شوێنکەوتووانی کەنیسەی ڕۆم کاتۆلیک دوچاری چەوساندنەوە بوونەوە. لە هەنگاریا و چیکۆسلۆڤاکیا، کاتۆلیکەکان بە توندی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا. بارودۆخەکە ئەوەندە نالەبار بوو کە وێڕای هەموو ئەو نەهامەتیانە خەڵکێکی زۆر لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات چاوەڕوانی هەڵگیرسانی شەڕیان دەکرد لە نێوان پەیمانی ناتۆ و یەکێتیی سۆڤێت، شەڕێک

کە تێیدا گرەو لەسەر سەرکەوتنی سوپای پەیمانی باکوری ئەتلەسی دەکرا کە وەکو پاڵەوان و فریادڕەسی راستەقینە پێشوازی دەکرێن. لە ٨ی شوباتی ١٩٤٩ کاردینال "جوزێف میندزەنتی" ڕۆحانی بەناوبانگی هەنگاریا بەزیندانی هەتا هەتایی حوکم درا. یەکێک لەو تۆمەتانەی کە ئاراستەی کرابوون ئەوە بوو کە هانی ئەمریکییەکانی داوە هەنگاریا ئازاد بکەن.

# بەشی چوارەم
# یەکەمین هەوڵەکان بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەسەردەمی ئەیزنهاوەر و خرۆشۆڤ
# (١٩٥٣-١٩٦١)

**ئایا هیچ کەسێک دەیتوانی تەنانەت لە خەویشدا بە ستالین بڵێت ئیتر تۆمان ناوێت و واز بێنە؟ ئێستا هەموو شتێک جیاوازە، ترس کۆتایی هات. هەمووومان دەتوانین پێکەوە بە یەکسانی قسە بکەین. بۆ من بەسە ئەگەر ئەوە بکەم**

خرۆشۆڤ ١٣ی ت١ی ١٩٦٤

## سیاسەتی رواڵەتیی نوێ لە لایەن هەردوو سەرۆک ئەیزنهاوەر و دالاسەوە:

ئـەو دەمــەی ژەنــراڵ ئـەیـزنـهـاوەر، سـەرکـردەی پێشووی هێزەکانی هاوپەیمانان لە دژی هتلەر و فەرماندەی باڵای یەکەمی پەیمانی باکوری ئەتلەسی لە رۆژی ٢٠ی ک٢ی ١٩٥٣ سوێندی یاسایی خوارد وەک سەرۆکی ئەمەریکا، دوو ئامانجی سەرەکی لە مێشکی خۆی دانابوو. پێش هەموو شتێک دەیویست بە هەر نرخێک بووە خۆی بە دوور بگرێت لە هەڵگیرسانی جەنگ لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت. ئەو پێی وابوو سەرکەوتن هیچ واتایەکی نیە لە جەنگێکدا ئەگەر بە وێران بوونی یەکێتیی سۆڤێت و ئەوروپای رۆژئاوا کۆتایی بێت. هەتا ساڵی ١٩٥٧ بە دڵنیاییەوە هێشتا دەکرا بوترێت، کە خاکی ئەمەریکا بە سەلامەتی دەمێنێتەوە لە حاڵەتی هەڵایسانی جەنگ لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا. ئامانجی دووەمیش هەر پەیوەست بوو بە یەکەمەوە: ئەیزنهاوەر بە نیاز بوو تێچووی سەربازیی ئەمەریکا بە رادەیەکی یەکجار زۆر کەم بکاتەوە. بەهۆی جەنگی کۆریاوە بودجەی حکومەتی ئەمەریکی دووچاری کورتهێنانێکی زۆر هاتبوو. ئەیزنهاوەر (کۆماری) کە هیچ بڕوای بە (کینز)[٤٣] نەبوو، لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێت ئەمەریکا بودجەیەکی ساڵانەی

٤٣ جۆن مینارد کینز (John Maynard Keynes) ١٨٨٣-١٩٤٦ ئابوری ناسێکی

هاوسەنگی هەبێت. دەبوو جەنگی کۆریا کۆتایی بێت و ستراتیژێکی سەربازی نوێ پەیڕەو بکرێت. نوسراوی (NSC 162/2) لە ڕۆژی ٣٠ ت١ی ١٩٥٣ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە خەرجییە سەربازییەکان دەکرێت کەم بکرێنەوە لە ڕێگای گرتنە بەری تاکتیکی تۆڵەسەندنەوەی ئەتۆمی بەرفراوان (Massive retaliation).

ئەم بیرۆکەیە لە لایەن وەزیری دەرەوە جۆن فۆستەر دالاس[٤٤] پێشکەش کرابوو. ئەیزنهاوەر ژمارەی سەربازانی لە سوپاکەی کەم کردەوە لە ١.٥٣٣.٠٠٠ بۆ ٨٥٦.٠٠٠ بەڵام هێزە ئاسمانییەکانی کارامەتر کرد بە ڕۆکێتی دوور مەودا. جگە لەمانەش باڵادەستبوونی ئەتۆمی زۆر پێویست بوو. لە ساڵی ١٩٦٠ ئەمەریکا هێزێکی تەفروتوناکەری ئەتۆمی پێکهێنابوو کە ١٨ هەزار بۆمبی ئەتۆمی لەخۆ دەگرت، لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٥٨دا تەنها ٦ هەزار دانەی هەبوو. پێشبینی ئەوەش نەدەکرا کە یەکێتیی سۆڤێت ئەو باڵادەستبوونە کەمەی خۆی بەکاربهێنێت و هێرش بکاتە سەر ئەوروپای ڕۆژئاوا، چونکە هێزە ئاسمانییەکانی ئەمەریکا، هێرش دەکەنە سەر شارە گەورەکانی سۆڤێت و بە چەکی ئەتۆمی لێی دەدەن. ئەم پەرچە بەرگرییەش سەرکەوتوو نەدەبوو، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە دوژمن دڵنیابێت لەوەی

بەناوبانگی بەریتانی بوو، تیۆرگەلێکی زۆری لەمەڕ ئابوری سەرمایەدارییەوە نوسیوە کە دوای خۆی بە قوتابخانەی کینزی ناوی دەبرا. وەرگێڕ.

٤٤ دالاس (John Foster Dalles) ١٨٨٨-١٩٥٩. سیاسەتمەداری ئەمەریکی، وەزیری دەرەوە لە بەڕیوبەرایەتی (دوایت ئەیزنهاوەر). کەسایەتییەکی گرنگی سەردەمی جەنگی سارد بوو. هەڵوێستی زۆر توند و دوژمنکارانەی بەرامبەر بە کۆمۆنیزم هەبوو. کۆلێژی یاسای لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن خوێندووە. باپیرەی جۆن دەبلیو فۆستەر لەسەردەمی خۆیدا وەزیری دەرەوە بووە، هەروەها خاڵیشی ڕۆبیرت لانسینگ بەهەمان شێوە وەزیری دەرەوە بووە. براکەشی ئەلین ویڵش دالاس، بەڕێوبەری ئاژانسی هەواڵگری سی ئای ئەی بووە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٣-١٩٦١. لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا دالاس لە ئەنجومەنی پیشەسازی جەنگی کاری کردووە، ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس ١٩١٩ و بوونە ئەندامی ئەمەریکا لە کۆمگەڵەی گەلان. ساڵی ١٩٥٢ دوای سەرکەوتنی ئەیزنهاوەر لە هەڵبژاردنەکاندا، بوو بە وەزیری دەرەوە تا ئەو کاتەی بە شێرپەنجە مرد. ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە بەهێزکردن و فراوانکردنی پەیمانی ناتۆ، هەروەها بە ئەندازیاری پەیمانی سیاتۆ دادەنرێت. لە کودەتای ساڵی ١٩٥٣ی ئێران و ١٩٥٤ی گواتیمالا دەستی هەبووە. وەرگێڕ.

کە بەرامبەرەکەی بەڕاستی چەکی ئەتۆمی بەکار دەهێنێت. دالاس لە ١١ی شوباتی ١٩٥٣ پێشنیازی ئەوەی کرد کە بەڕاستی چەکی ئەتۆم بەکاربێنن ئەگەر هاتوو بەو نزیکانە ئاگربەست لە کۆریا رانەگەیەنرا. لە هەردوو ساڵی ١٩٥٥ و ١٩٥٨ ئەیزنهاوەر ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لە دژی کۆمۆنیستەکانی چین تاوتوێکرد ئەگەر بێتو هێرش بکەنە سەر دوورگە ئەرخەبیلییەکانی کۆیمۆی و ماتسۆ کە بەدەستی ناسیۆنالیستە چینییەکانەوە بوون. لە هەردوو جارەکەدا دەیویست دوژمن بترسێنێت.

ئەیزنهاور لەو باوەڕەدا بوو کە نابێت ئامادەسازی بۆ جەنگ بکرێت ئەوەندەی کە دەکرێت خۆتی دوورلێبگریت. وەکو سیاسەتی بودجەش تاڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بوو: خەرجیی سەربازی لە ئەمەریکا لە ١٢.٨٪ ڕێژەی سەراپای بەرهەمی ناوخۆی ساڵی ١٩٥٤ دابەزی بۆ ٩.١٪ ی ساڵی ١٩٦١. وێرای ئەوەش هەوڵەکانی بەردەوام بوون بۆ چەکدارکردنەوەی ئەڵمانیای رۆژئاوا و ساڵی ١٩٥٤ ئەو کارەشی سەرکەوتووانە ئەنجامدا، بەو جۆرە هێزەکانی ئەڵمانیا تاڕادەیەک بوونە شوێن گرەوەی هێزەکانی ئەمەریکا.



سەرۆک دوایت ئەیزنهاوەر

ئەیزنهاوەر لەوەش زیاتر هەنگاوی نا و پێشنیازی ئەوەی کرد کە چەکی ئەتۆم بە ئەڵمانیاش بدرێت، بەڵام بەهۆی ناڕازی بوونی سۆڤێت و بەتایبەتیش بەهۆی ناڕازی بوونی هاوپەیمانەکانی خۆی لەوانەش بەریتانیا و فەرەنسا، ئەو کارەی بۆ نەکرا.

ئەیزنهاوەر و دالاس زۆر بایەخیان بە پروپاگەندە و جەنگی دەرونی دەدا. (ئەنجومەنی ستراتیژی دەرونی)[٤٥] ساڵی ١٩٥١ لە پاریس دروستکرا. لە ساڵی ١٩٥١ هەتا ١٩٥٦ بڕی ٣٠٠ ملیۆن بڵاوکراوەیان لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات، لە ڕێگای باڵۆنی هەواییەوە بەردایە خوارەوە. تا ئەوپەڕی رادەش سودیان لە ئێستگەکانی رادیۆ دەبینی. رادیۆی (دەنگی ئەمەریکا) لە ساڵی ١٩٤٦ بە ٤٦ زمان پەخشی هەبوو. رادیۆی ئەوروپای ئازاد، لە ساڵی ١٩٥٠ دامەزرا، کە زۆر شەڕانگێزانە ئاراستە دەکرا، لە لایەن ئاژانسی هەواڵگری "سی ئای ئەی" سپۆنسەری دەکرا. هەروەها رادیۆی رزگاری (Libration) کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ ئازادی (Liberty) لە ساڵی ١٩٥٣ خرایە گەڕ، بە تایبەتی ئاراستە دەکرا بۆ یەکێتیی سۆڤێت. ئەم کەناڵانە وەهمێکی ئەوتۆی دروست کردبوو کە گوایا رزگارکردنی ئەو وڵاتانەی کە سۆڤێت داگیری کردوون، ئامانجی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکایە.

---

٤٥ ساڵی ٢٠٢٠ حکومەتی بەریتانیا دەستبەرداری هەندێک بەڵگەنامەی نهێنی بوو کە لە ئەرشیفی نیشتمانی بەریتانی بە نهێنی هەڵگیرابوون. ئەو بەڵگەنامانە کە ئاستی (نهێنی) یان لەسەر هەلگیرا، ئاشکرای دەکەن کە حکومەتی بەریتانیا بە نهێنی هەردوو ئاژانسی (ڕۆیتەرز و بی بی سی)ی باربۆ کردووە و لە بەرامبەردا ئەوانیش بوختان و درۆیان لە دژی سۆڤێت بڵاوکردۆتەوە. شایانی باسە کەسانی وەکو (جۆرج ئۆرۆیل، برتراند راسل، ئارسەر کویستلەر و ئەی جی بی تایلۆر لەو کارانەدا چالاک بوون. لە کاتی جەنگی سارددا، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بەشی توێژینەوەی میدیایی (IRD) دروست کردووە کە ئەرکی سەرەکی و بنەڕەتییان شێواندن و ناوزڕاندنی سۆڤێت و کۆمۆنیستەکان بووە. جگە لەوەش چەندین ئاژانسی دیکە راستەوخۆ لە لایەن دەزگای هەواڵگری بەریتانیا و سی ئای بەڕێوە براون لەوانەش (Globe News Agenscy) لە هندستان، (Star News Agency) لە پاکستان، (Near and Far East News) لە تورکیا و (Arab News Agency) لە میسر. وەرگێڕ. سەرچاوەی ئەم پەراوێزە

وثائق رفعت عنها السرية تتعلق بالبروباغندا البريطانية قبل عام ١٩٧٧

لە سالآنی سەرەتای دەستبەکاربوونیدا دالاس بە شێوەیەکی مەترسیدار تیۆری پاشەکشە (Roll back theorie)[٤٦]ی خستەڕوو، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئاماژە بە چۆنێتی جێبەجێکردنی ناکات (NSC 68- 1950). دوای ماوەیەکی کورت گەڕایەوە بۆ سیاسەتی کپکردنەوەی هەژمون، لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێت ئەوروپییە رۆژهەڵاتییەکان لە دژی سۆڤێت دنە بدرێن بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئیمپراتۆریای کۆمۆنیزم هەڵوەشێتەوە. )ترۆمانیش بە یەکجاری بڕوای بەوە نەمابوو کە یەکێتیی سۆڤێت لەبەر هۆکاری تایبەت بە ئاسایشی خۆی هێرش بکاتە سەر ئەوروپای رۆژهەڵات. (NSC 135- 3-1-1953)[٤٧].

دالاس جارێکی تر هەوڵیدا کۆمۆنیستەکان لە ئەوروپای رۆژهەڵات و چین لەدەسەڵات دەربکات. بۆ ئەو مەبەستە پشتیوانی دارایی و چەکدارکردنی هەموو بزوتنەوەیەکی بەرهەڵستکاری ناوخۆی دەکرد لە دژی کۆمۆنیستەکان، بەڵام ئەیزنهاوەر هیچ نیەتێکی ئەوەی نەبوو جەنگ بەرپا بکات بۆ رزگارکردنی ئەوروپای رۆژهەڵات لە دەستی سۆڤێت. تیۆرەکەی دالاس "پاشەکشە" زۆر باش بوو بەڵام دەبوو پارەی تێنەچێت. دواجار لە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی (NSC 174- 1953) بەتەواوی تیۆری پاشەکشە (Roll back theorie) فەرامۆش کرا.

رزگارکردن کارێک بوو بۆ مەودای دوور، لە ئیستادا دەبێت بگەڕێنەوە بۆ سیاسەتی کپکردنەوەی هەژمون وەک لەوەی سەردەمی ترۆمان پەیڕەو دەکرا، بەڵام گوێگری رادیۆکانی ئەمەریکا ئەوە دەئاخنرایە ناو مێشکیان کە ئەمریکا

---

٤٦ بیرۆکەی پاشەکشە (Roll back theorie)، ئەو بیرۆکەیە بوو کە دالاس لە نێوان سالآنی ١٩٥٣-١٩٥٩ بانگەشەی بۆ دەکرد. دالاس لەم بیرۆکەیەدا کە شەڕکردنی لە دژی کۆمۆنیزم بە گرنگ داناوە، لەو باوەڕەدا بوو کە نابێت هەڕەشەی کۆمۆنیزم بە سیاسەتی کپکردنەوەی هەژموون (الاحتواء) خاو بکرێتەوە، بەڵکو دەبێت، شەڕی بکرێت و لەناو ببرێت. سەرۆک ئەیزنهاوەر لەدژی ئەم تیۆرییە بوو، بۆیە کاری پێنەکرا. وەرگێڕ.

٤٧ هاری ترۆمان کە پێش ئەیزنهاوەر بە هۆی مردنی سەرۆک فرانکلین رۆزفیلت بوو بە سەرۆک، هەتا ٢٠-١-١٩٥٣ لە پۆستی سەرۆکایەتیدا مایەوەوە. ئەو بەڵگەنامەیەش ماوەیەکی کەمی پێش کۆتایی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی ترۆمانە. وەرگێڕ.

پشتیوانی سەربازی پێشکەش بە شۆڕش و بزوتنەوە رزگاریخوازەکان دەکات، لەوەش زیاتر زۆرینەیەک لەو باوەڕەدا بوون جەنگ لە ئان و ساتدا هەڵدەگیرسێت و ئەمریکییەکان یەکێتیی سۆڤیێت دەرئەپەڕێنن!.

دالاس و ئەیزنهاوەر زیاتر لەوانەی بەر لە خۆیان پشتیان بە ئۆپراسیۆنە نهێنیەکانی ئاژانسی هەواڵگری سی ئای ئەی دەبەست. ئاژانەکانی ئەم رێکخراوە هەواڵگرییە بەهێزە هەندێ سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو، بە تایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، بەڵام لە پشت پەردە ئاسنینەکەوە بەهۆی بوونی ژمارەیەک لە سیخوڕە دووسەرەکان لە بلۆکی خۆرئاوا، چەند هەزار کەسێک لەوانە ئاشکرا بوون و لەناو بران.

زۆرجار وا هەست دەکرا کە ئەیزنهاوەر و دالاس هاوڕانەبن لەسەر پرسەکان. هەردوکیان لەو باوەڕەدا بوون کە سۆڤیێتییەکان دەیانەوێت دەست بەسەر هەموو دنیادا بگرن، چونکە ئایدیۆلۆژی ئەوان ئەوەی دەخواست. ئەیزنهاوەر لەو باوەڕەدا نەبوو کە سۆڤیێتیەکان لە رێگای جەنگێکی سەرتاسەرییەوە هەوڵبدەن دەست بەسەر دنیادا بگرن، بە دڵنیاییەوە ئەو پێشبینی هێرشێکی سۆڤیێتیی نەدەکرد، بەڵام خوێنخۆری کۆمۆنیستەکان دالاس لەو باوەڕەدا بوو ئەوە کارێکی حەتمییەو روودەدات. ئەیزنهاوەر لەو باوەڕەدا بوو سۆڤیێتییەکان هەوڵ دەدەن هەژمونی خۆیان تەنها لە رێگای پروپاگەندە و تێکدانەوە فراوان بکەن. بە شێوەیەکی گشتی وڵاتانی جیهانی سێیەم، کە زۆر گرنگ بوون بۆ رۆژئاواییەکان بەهۆی خامە سروشتییەکانیانەوە، لە ژێر مەترسی ئەوەدا بوون بکەونە بن دەستی کۆمۆنیستەکان. ئەرکی ئەمەریکا ئەوە بوو کە بڵاوبونەوەی کۆمۆنیزم رابگرن. تیۆری دۆمینە[48] هاتە ئاراوە،

[48] تیۆری کاریگەری دۆمینە (Domino effect) یاخود (Dominotheorie) تیۆرێکی سیاسی و ئابورییە، بەوە شوبهێنراوە کاتێک ژمارەیەک داشی دۆمینە ریز دەکرێن، بە کەوتنی یەکەمین داش، ئەوانەی تریش لە ژێر کاریگەری یەکەم کەوتندا یەک بە دوای یەکتر دەکەون. ئەمەش بە کارلێکی زنجیرەیی ناوی دەبرێت، کاتێک گۆڕانێکی ئاسایی دەبێتە هۆکاری دروست بوونی گۆڕانێکی دیکەی هاوشێوەی خۆی بە زنجیرە. کەواتە رودانی شتێک دەکرێت زنجیرەیەک روداوی هاوشێوەی خۆی بەدوای خۆیدا بهێنێت. نمونەی ئەمەش شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی. وەرگێڕ

ئەگەر فریا نەکەون ئەوە وڵاتانی جیهانی سێیەم یەک لە دوای یەک وەکو داشی دۆمینە دەکەونە ناو دەستی کۆمۆنیستەکانەوە.

دوای بانگەوازەکانی خرۆشۆڤ (Nikita Khrushchev) بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، لە ساڵی ١٩٥٦ بەدواوە، دالاس و ئەیزنهاوەر بە تایبەتی باوەڕیان کاڵ دەبۆوە لەوەی کە سۆڤێت بە نیاز بێت پەلاماری دنیا بدات، کەچی دالاس جەختی لەسەر مەترسییەکانی یەکێتیی سۆڤێت دەکردەوە، چونکە ئەوەی بە گرنگ دەزانی بۆ خۆڕاگری ئەمریکییەکان و پاراستنی یەکڕیزی پەیمانی ناتۆ.

سەرباری گوتارە باق و بریقەکانی دالاس، ئەیزنهاوەر زیاتر هەوڵی بۆ گفتوگۆ دەدا لە جیاتی روبەڕوبونەوەی نەیارەکانی. ناتوانین تەماشای رەفتارەکانی دالاس بکەین، بەبێ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ ئەو شاڵاوی راوەدوونانەی کە سیناتۆر جۆزیف مەکارتی (Joseph Mc Garthy) لە دژی کۆمۆنیستەکانی ئەمەریکا پەیڕەوی کرد. ژەنراڵ مەک ئارسەر کە ساڵی ١٩٥١ لە کۆریاوە بانگ کرابۆوە ویستی ئەو کەشە لە بەرژەوەندی کۆمارییەکان بقۆزێتەوە بۆ سەرکەوتنی کاندیدەکەیان لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەوە بوو لە رێگای موزایەدەی توند و زمانێکی زۆر زبر و دوژمنکارانەی دژ بە کۆمۆنیزم توانی کاریگەری زۆری هەبێت لەسەر دۆخی هەڵبژاردن.

زۆربەی چاودێران لەو باوەڕەدا بوون کە دالاس بەو چوست و چالاکی و زمانەیەوە تا ڕادەیەکی زۆرخۆی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکای داڕشتووە، بەڵام توێژینەوە ئەرشیفییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەیزنهاوەر خۆی داڕێژەر و ئەندازیاری ئەو سیاسەتە بووە. هەرچەندە ئەوە بۆ رایگشتی روون نەبووە، بەڵام دالاس ئەو سیاسەتەی زۆر بە ئەمانەتەوە جێبەجێ کردووە، پێدەچێت دابەشکردنی رۆڵ بوو بێت لە نێوانیاندا، چونکە هەردوکیان لەبنەڕەتا زیاتر لەگەڵ ئاشتی و پێکەوە ژیان بوون نەک جەنگ.

## مردنی ستالین، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە کریملن و ڕاپەڕینی ئەڵمانیای دیموکرات (١٩٥٣-١٩٥٦):

### دوای مردنی ستالین، جۆرێک لە لیبرالیزەبوون:

ستالین لە ٥ی مارتی ١٩٥٣ کۆچی دوایی کرد. هێشتا تەواو روون نەبۆتەوە کە داخۆ جێگری سەرۆک وەزیران، سەرۆکی بەرنامە ئەتۆمیەکەی سۆڤێت و سەرۆکی پێشووی دەزگای هەواڵگری، "لافرینتی بیریا"ی چارەگران، ستالینی دەرمانخوارد کردبێت لە کاتی توشبوونی بە خوێنبەربوونی مێشک یان نا. بە هەر حاڵ یەکێک لە هەرە کەسە نزیکەکانی ستالین، بەر لە مردنی بڕیاری دابوو بە شێوەکی کۆمەڵ سەرکردایەتی بەڕێوە بەرن. لەوە دەترسان راستەوخۆ لە دوای مردنی ستالین ئەمەریکا کتوپڕ هێرش بکاتە سەر یەکێتیی سۆڤێت، بۆیە دەبوو خۆیان بۆ ئەگەرە هەرە خراپەکە ئامادە بکردبا. جۆرجی مالینکۆف (Georgi Malenkov)، جێنشینی دانراوی ستالین، تەنها ئەمینداری یەکەمی حزب نەبوو، بەڵکو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش بوو: مۆلۆتۆڤ جارێکی دیکە پۆستی وەزیری دەرەوەی وەرگرتەوە. "بێریا" بوو بە وەزیری ناوخۆ و هەموو دەزگا ئەمنییەکانیش خرانە ژێر دەستیەوە. دوای تەنها یەک هەفتە دواتر "مالینکۆڤ" ناچارکرا دەستبەرداری سەرکردایەتی پارتەکە بێت بۆ نیکیتا خرۆشۆڤ، هەرچەندە دواتر بە فەرمی ئەوە پشتڕاستکرایەوە.

شوێنگرەوەکانی ستالین بۆ ماوەیەکی درێژ بەدەست ترس و تۆقینێکی بێ سنورەوە گیرۆدە بوون، بۆیە مکوڕبوون لەسەر ئەوەی رێگایەکی دیکە بگرنە بەر، هەروەها سنورێک بۆ کێشە نێودەوڵەتییەکان دابنێن. مالینکۆڤ لە ٨ی ئابی ١٩٥٣ رایگەیاند کە هیچ پاساوێکی بابەتی نییە بۆ هەڵگیرسانی جەنگ لە نێوان ئەمەریکا و سۆڤێت. یەکێتیی سۆڤێت لەگەڵ ئەوەدا بوو کە هەردوو سیستەمەکە پێکەوەژیانی ئاشتیانە پەیڕەو بکەن. مالینکۆڤ سەرلەنوێ ئاراستەکردنی ئابوری وڵاتی دارشتەوە و هەوڵیدا شمەکی خۆراکی و بەکاربردنی زیاتر لە وڵاتەکەیدا بەرهەم بهێنرێت. بۆ نمایشکردنی هێزی یەکێتی سۆڤێت بۆمبێکی هایدرۆجینی تاقی کردەوە. ئەم رووداوە لە

١٢ی ئابدا بوو، کاتێک کە باوکی ڕۆحی بۆمبی ئەتۆمی ئەندرێ زاخارۆڤ، (کە دواتر جیابۆوە و هەڵهات) یەکەم بۆمبی تاقیکردەوە، بەڵام کاتێک سۆڤێت بە ڕەسمی لە ١ی مارتی ١٩٥٤ بۆمبێکی تەقاندەوە، مالینکۆڤ لە ١٢ی مارت ڕایگەیاند کە ئیتر جەنگی ئەتۆمی کارێکی مەحاڵە چونکە بە هەڵگیرساندنی کۆتایی بە شارستانیەت دێت.

لە دوای مردنی ستالین، ئەنجومەنی سەرکردایەتی سنورێکیان بۆ خراپترین شێوەکانی تیرۆر دانا، زۆریان لە چین کرد کۆتایی بە جەنگی کوریا بێنێت، بەبێ ئەوەی هیچ دەستکەوتێک بۆ کۆریای باکور ڕەچاو بکەن.

بە سەرپەرشتیکردنی مۆلۆتۆڤ، تیمەکەی بێریا و مالینکۆف هەستان بە تاوتوێکردنی بارودۆخ لە وڵاتەکانی پاشکۆی خۆیان. سەرەتا بە نیازی ئەوە بوون لەو شوێنانەش کۆتایی بە ستالینیزیم بێنن، بەڵام ڕودانی هەندێک گرژی و ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی بەربەست بوو بۆیان و نەیانتوانی زیاتر هەنگاو بنێن.

گرژی و ئاڵۆزییەکان لە ڕۆمانیا، ماوەیەکی کورت لە دوای مردنی ستالین سەریانهەڵدا. لە ڕۆژی ٣ی مایسی ١٩٥٣، کرێکارانی جگەرە لە بولگاریا بەهۆی ناڕازیبوونیان لە شێوازی بەرهەم و درێژبوونەوەی ماوەی کارکردن، مانگرتنیان ڕاگەیاندن. سەرهەڵدانەکان بە شێوەیەکی بێ ڕەحمانە خەڵتانی خوێن کران.

ڕۆژی ١ی حوزەیرانی ١٩٥٣ گرژی و ئاڵۆزییەکانی شاری پیشەسازی (پیلسن) لە چیک جێگای سەرنج بوو. خۆی لە ڕاستیدا دۆخی چیکوسلۆڤاکیا لە مانگی نیسانەوە تێکچوو بوو. حکومەت بە نیازی ئەنجامدانی گۆڕانکاری بوو لە دراوی وڵات، ئەمەش دەبووە هۆی زیانێکی زۆر بۆ خەڵک، کاتێک گۆڕانکارییەکە لە یەکی حوزەیرانەوە دەستپێکرد، دۆخەکە تەقیەوە. کرێکاران لە سکۆدا و کارخانەکانی دیکەی پیلسن بە شێوەیەکی ڕەمەکی دەستیان بە ڕاپەڕین کرد. بیست هەزار خۆپیشاندەری یاخی بوو ڕژانە سەر شەقامەکان و دەستیان بەسەر شارەکەدا گرت و هێرشیان کردە سەر شارەداری و دەستیان بەسەردا گرت، دواتر باڵەخانەی دادگاشیان کۆنتڕۆڵ

کرد و دروشمی دژ بە کۆمۆنیزمیان دەگوتەوە. ڕۆژی دادیّ هێزەکانی ئاسایش بە ئاستەم توانیان کۆنترۆڵی شارەکە بکەنەوە. نزیکەی ٧٠-٨٠ کەس کوژران، کە بەشی هەرە زۆریان چەکدارانی میلیشیاکانی حکومەت و پیاوانی دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری بوون. سەرەتا نزیکەی دوو هەزار کەس دەستگیرکران و ڕۆژانی دواتریش چەند هەزار کەسێکی تریش خرانە پاڵیان. ڕژێم هەوڵیدا ڕاپەڕینەکە بە مستێکی ئاسنین دابمرکێنێتەوە.

مۆلۆتۆڤ و مالینکۆڤ و بێریا زۆر بێزاربوون لەو ڕوداوانەی پیلسن، لەو باوەڕەدا بوون کە تاکە ڕێگا بۆ هێشتنەوەی ئەو وڵاتانە لە ژێر هەژموونی سۆڤێت ئەوەیە کە بە شێوەیەکی سنوردار بڕێک دیموکراتیزە و لیبرالیزە بکرێن. ئەمەش بە واتای ئەوەی کە دەوڵەتانی پاشکۆ بەهەمان شێوازی سۆڤێت، سەرکردایەتی بە کۆمەڵ پەیڕەو بکەن. دەبوو سەرکردەی پارتەکان کەمێک پاشەکشە بکەن و بڕیارەکان بۆ حکومەتەکان بەجێبێڵن. لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات ئەو جۆرە لە گفتوگۆ هاتبووە ئاراوە، بەڵام سۆڤێتیەکان بە نیاز بوون ئەو مۆدێلە فراوان بکەن بۆ ئەوەی وڵاتانی تریش بگرێتەوە. لە ماوەی نێوان ١٣-١٦ی حوزەیران، سەرکردەی پارتی کۆمۆنیستی هەنگاریا و سەرۆک وەزیران (ڕاکۆسی) لە مۆسکۆ کەوتە بەر سەرزەنشت و لۆمەکردنێکی توندەوە. هەرچەندە ئەوان هاتنە ژێر باری ئەوەی کە لە ڕابوردوودا بە خراپی ڕێنوێنی ئەو کراوە، بەڵام هەموو سەرکوتکردن و تیرۆرەکان و سیاسەتی وێرانکاری ئابوری خرانە پاڵ ئەو. سور بوون لەسەر ئەوەی کە لەمەو پاش دەبێت سەکردایەتی بە کۆمەڵ پەیڕەو بکەن و ناچاریشیان کرد کەسایەتی ریفۆرمخواز (ئیمرە ناگی) لە جیاتی خۆی بکات بە سەرۆک وەزیران. سەرۆکی پارتی کۆمۆنیست و سەرۆک وەزیرانی ئەلبانیاش ئەنوەر خۆجە لە ١٥ی حوزیرەن هەمان تۆمەتی ئاراستە کرا، ئەویش ناچار کرا ڕێبازەکەی خۆی بگۆڕێت و سەرکردایەتی بە کۆمەڵ پەیڕەو بکات. مانگی تەموزیش دەستنیشانکرا بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرکردەی هەموو وڵاتانی دیکەی پاشکۆدا هەمان بابەت تاوتویّ بکەن.

## روداوەکان لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات (DDR):

مۆلۆتۆڤ و بێریا و مالێنکۆڤ کە لەلایەن ئەندامانی دیکەی سەرکردایەتییەوە پشتیوانی دەکران، بە تایبەتی خرۆشۆڤی خۆپەرست، هەموو سەرنجەکانی خۆیان بە شێوەیەکی سەرەکی خستبووە سەر بارودۆخی ئەڵمانیای دیموکرات. ئەوان لە ڕاستیدا باوەڕیان بە بەردەوام بوونی ئەم دەوڵەتە نەبوو و بە تایبەتی لە ئەدای SED ناڕازی بوون[٤٩]. هەروەها بە شێوەیەکی خەیاڵپڵاوی ئەڵمانیایەکی یەکگرتوو و بێلایەنیان دەویست لە ژێر کۆنترۆڵی چوار زلهێزەکدا بمێنێتەوە. بۆ بەدیهێنانی ئەمە دەبوو ئەو سیاسەتە کارەساتبارەی بنیاتنانی سۆشیالیزم پێچەوانە بکەنەوە کە بەفەرمانی ستالین لە ساڵی ١٩٥٢ سەپێنرابوو. سەرکردەکانی سۆڤیەت بە ژمارەی پەنابەرانی ئەڵمانیای دیموکرات حەپەسابوون:١٣٣.١٨٨ لە ساڵی ١٩٥١، ١٤١.٥٩٩ لەساڵی ١٩٥٢، ١٨١.٩٤٢ لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٥٣ . مۆلۆتۆڤ کە لە لایەن بێریا پشتیوانی دەکرا، لە ١٤ی ئایاردا رایگەیاند کە دەبێت کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات ئیتر کار بە سیستەمی کۆڵخۆزەکان نەکات، هەروەها ئەو دوانە ڕێککەوتن لەسەر لابردنی سەرۆکی پارتەکە "واڵتەر ئولبرێشت".

لە ٢٧ی مایسدا ئەنجومەنی وەزیرانی سۆڤێت بڕیاریدا دەرسێکی باش بە کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات بدات: هەریەکە لە مالینکۆف و بێریا بە هاندانی مۆلۆتۆڤ دەستیان بە جوڵە کرد. لە ٢ی حوزەیراندا ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر پلانەکەیان پیشاندا بۆ گێڕانەوەی دیموکراسیەت و بازاڕی ئازاد لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات، بەم شێوەیەش یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا بێتەدی. لە هەمان ڕۆژدا پێشوازی لە شاندێکی ئەڵمانیای دیموکرات کرا لە مۆسکۆ. شاندەکە دەبوو بە زۆر بێت یان ئارەزوومەندانە ملکەچی فەرمانەکانی سۆڤێت بن. شاندەکە هەتا ٤ی مانگ مانەوە. لە دوای گەڕانەوەیان بۆ بەرلین دەبوو لە ژێر ڕێنوێنی سۆڤێتیەکاندا کار بکەن و ڕێکارەکانی گرتنە بەری سیاسەتی نوێ ئامادە بکەن. ڕۆژی ١١ی حوزیران لە ڕۆژنامەی حزب بە ناوی ئەڵمانیای نوێ (Neues Deutschland)

٤٩ مەبەستی پارتی یەکێتیی سۆشیالستە. وەرگێڕ.

ئەم شتانە هەمووی ئاشکرا کران. حزب دانی بەوەدا نا کە لە ڕابوردودا هەڵەی زۆر گەورەیان کردووە. هەموو کۆڵخۆزەکان و خۆماڵیکردنەکان هەڵوەشێنرانەوە، کەرتی تایبەت زیندوو کرایەوە، بڕیاردرا لێرە بە دوواوە بایەخی سەرەکی بۆ بەرهەمهێنانی شمەکی بەکاربردن بێت. ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ئایینی فەراهەم کرا. هەموو ئەو زیندانیانە ئازاد دەکرێن کە لە دادگای سیاسیدا حوکم دراون. ڕێگا درا بە خوێندکار و مامۆستایانی هەڵگری فکری بورژوازی بگەڕێنەوە بۆ خوێندنگاکانیان. کۆتا ئامانجی مەزن لەمەودوا کە بە هەموو هێزیانەوە کاری بۆ دەکەن، دەبێت یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا بێت.

لەبەر ئەوەی ئولبریێشت لە لایەن ڕوسەکانەوە کەوتبووە بەر تانە و تەشەر، هاوڵاتیانی ئەڵمانیای دیموکرات سەریان لێشێوا بوو، بەڵام هەموان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ڕژێمەکە بودەڵە و لەرزۆکە. ڕۆژی ١٦ی مایس کرێکارانی بیناسازی لە بەرلین کەوتنە دەربڕینی ناڕەزایی. ڕێنماییەکانی کارکردن لە یەکی مانگدا هەڵوەشابۆوە، وێرای ناڕەزاییەکان بۆ کارکردن بەو ڕێنماییانە، کەچی ڕێنمایی تازە دانرا کە بەهۆیانەوە کرێکاران نزیکەی ٢٠-٣٠٪ی ڕۆژانەکانیان لەدەست دەدا. کرێکارانی بیناسازی و کرێکارانی دیکەش هاوڕێ لەگەڵ هەندێ ڕێبوار، دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و بەرەو مەکتەبی سیاسی حزب ڕۆیشتن. سەرکردەکانی حزب کە حەپەسابوون، خۆیان بەدەستەوە دا و یەکسەر ڕێنماییە تازەکانیان هەڵوەشاندەوە. لەم کەین و بەینەدا دروشمی دژ بە کۆمۆنیستەکان بەرزکرانەوە کە کرێکاران وەکو کۆیلە مامەڵە دەکەن، هەروەها لە دژی سۆڤێت و بۆ یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد دروشم دەگوترانەوە.

هەندێ خەڵکی بەرلینی ڕۆژئاواو ئەندامانی دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕۆژئاوا لەوێ ئامادەبوون. لە ڕێگای بەکارهێنانی بڵندگۆوە ڕاگەیەندرا کە ڕۆژی دادێ مانگرتنی گشتی دەکرێت. پەیامنێرانی ڕادیۆکان، ئەوانەی بە سپۆنسەری "سی ئای ئەی" کاریان دەکرد، ڕوداوەکانیان زۆر بەفراوانی ڕوماڵ دەکرد، بە درێژایی شەو داوایان لە هاوڵاتیانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دەکرد کە مان

بگرن. بۆ شەوەکەی بەرلینی رۆژهەڵات شڵەژابوو، پۆلیس ئاشکرای کردبوو کە دژی خۆپیشاندەران کاردانەوە نانوێنن. ئولبریێشت و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە هەڵسەنگاندنی دۆخەکە کەوتنە هەڵەوە. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە مانگرتن و خۆپیشاندان تەنها بەرلینی رۆژهەڵات دەگرێتەوە. شەو وەک ئەوە هیچ شتێک روینەدابێت، سەرکردە باڵاکانی حزب کۆبوونەوەیان لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی رێبازی نوێ دەکرد. هەروەها فەرماندەی هێزەکانی سۆڤێت لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات ژەنراڵ (ئەندرێ گریشکۆ) مێش میوانی نەبوو، لەو باوەڕەدا بوو کە پۆلیسی گەل ( پۆلیسی بەرلینی رۆژهـەڵات- وەرگێڕ) و هێزەکانی هەوالگری، خۆیان کۆنترۆڵی دۆخەکە دەکەن، بۆیە هێزەکانی خۆی دانەبەزاند. سەرکردەکانی سۆڤێت کەمتر دڵنیا بوون بۆیە بە پەلە چەند گەورە ئەفسەرێکیان بۆ بەرلینی رۆژهەڵات رەوانە کرد، لەوانەش سەرۆکی ئەرکانی سوپا، مارشاڵ "ڤاسیللی سۆکۆسلۆڤسکی".




تانکەکانی سۆڤێت خۆپیشاندانەکانی بەرلینی رۆژهەڵات دادەمرکێننەوە

خۆپشاندانەکان هەمووانی سەراسیمە کرد. لە رۆژی ١٧ی حوزەیران، نەک تەنها لە بەرلین، بەڵکو لە سەرانسەری کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات، خۆپشاندان و ئاشوب بە شێوەیەکی خۆڕسکانە لە دژی رێنماییە تازەکانی

کارکردن،هەڵگیرسان. جگە لەوەش دروشمەکان بۆ هەرزانکردنی خۆراک و پێداویستییەکان و هەڵبژاردنی ئازاد و لابردنی سەرکردە سیاسییەکان، بەرزکرانەوە. خۆپیشاندەران داوای ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی دەزگای ‹›پۆلیسی سیاسی" وڵاتیان دەکرد. خۆپیشاندەران نوسینگەکانی پۆلیس و باڵەخانەی حزبیان سوتاند. نزیکەی ٥٠٠ هەزار هاوڵاتی لە ٤٥٠ شوێنی جیاواز بەشداری خۆپیشاندانیان کرد، لە نێوانیاندا چەندان کەس لە کادیرانی حزب و ئەندامانی حکومەتی خۆجێیی. ئەندرێ گریشکۆ لە سەرانسەری کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات هێزەکانی خۆی دابەزاند و ڕەوشی ئاوارتەی ڕاگەیاند. لە بەرلینی ڕۆژهەڵات فەرمانی بە ٦٠٠ زرێ پۆش کرد کە پێشڕەوی بکەن. نمایش کردنی هێز لە لایەن ١٧ لەشکری سۆڤێتەوە کاریگەری زۆری کردە سەر خۆپیشاندەران. فەرمان بە سەربازەکان کرابوو کە تەنها لە کاتی مەترسیدا تەقە بکەن. لە بەرلینی ڕۆژهـەڵات لە چاو شوێنەکانی تر کەمتر تەقە کرا. بە شێوەیەکی گشتی بوونی ئەوانە بەس بوو بۆ ئـەوەی ئەو پەیامە بگات کە بـەردەوام بوون و یاخی بوونی زیاتر سـودی نیە. ئێستا ئیتر ڕوون بۆوە کە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لەژێر هەژموونی سۆڤێت دەمێنێتەوە.

تەنها ٣٩ کەس لە خۆپیشاندەران کوژران لە کاتی ئاشوبەکاندا، سەرباری ئەوەش ١٧ کەس لە ئەفسەرانی پۆلیس و کادیرەکانی حزب کوژران. هیچ سەربازێکی سۆڤێتی نەکوژرا. لە ١٨ی مانگی حوزەیرانەوە پۆلیسی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و سۆڤێتیەکان هەزاران کەسیان دەستگیر کرد کە ١٣٠٠ کەسیان حوکم دران. لەگەڵ ئەوانەشدا هەتا کۆتایی مانگی تەموز دۆخەکە هەر شڵەژاو بوو، لێرە و لەوێ جار جارە خۆپیشاندانی ڕەمەکی دروست دەبوو.

لە ڕۆژە سەرەتاکانی دوای ڕاپەڕینەکە، سۆڤێتییەکان بە نیاز بوون بـەردەوامـی بە سیاسەتی لیبرالیزەکردنی ئەڵمانیای دیـموکرات بـدەن. ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (ڕودۆلف هێرنشتات و ویلیەم زایسەر) ریفۆرمی زیاترو لە کار لابردنی "ئولبریشت" یان دەویست. لە ٨ی تەموزدا ئۆلبریشت کەمینەیەکی مەکتەب سیاسی لەگەڵدا بوو، بۆیە فەرمانی دەست لەکار

کێشانەوەی بۆ دەرکرا، بەڵام جێبەجێ نەکرا، چونکە سۆڤێتییەکان دوودڵ بوون: ڕاپەڕینەکەی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دڕدۆنگی و بەدگومانی لە ناو سەرکردە باڵاکانی یەکێتیی سۆڤێت دروست کردبوو. ئەو کارە زیانێکی زۆری لە هەیبەت و شەوکەتی سۆڤێت دەدا و سیاسەتە نوێیەکەی بەرامبەر بە دەوڵەتانی پاشکۆی خۆی دەخستە مەترسیەوە، هەروەها سەرکردایەتی سۆڤێت لەوە دەترسا لە وڵاتەکانی تری پاشکۆی خۆی و تەنانەت لە ناوخۆی یەکێتیی سۆڤێتیش بزوتنەوەی ناڕەزایی دروست بێت. دوای ڕاپەڕینەکەی کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات، هەلێک بۆ خرۆشۆڤ و مالینکۆڤ هاتە پێشەوە تا بتوانن بێریای نەگریس و ترسناک – سەرۆکی دەزگا هەواڵگرییەکان- کە لەو کاتەدا خەریکی لێکۆلینەوە بوو لە هۆکاری ڕاپەڕینەکانی ئەڵمانیای دیموکرات، نابوت بکەن. خرۆشۆڤ خوازیاری ئەوە بوو کە بێریا بکوژرێت، چونکە ئەو هەندێ بەڵگەنامەی گرنگی هەبوو کە دەیتوانی خرۆشۆڤ سەرکۆنە بکات، ئەمەش وایدەکرد پێگەی لە سەرکردایەتیدا لەرزۆک بێت. بێریا لە ٢٦ ی حوزەیراندا لە لایەن مارشاڵ (ژوکۆڤ) ە وە دەستگیرکرا و لە ٢٣ی ک١ دوای دادگاییکردنێکی رواڵەتیانە تۆمەتبار کرا. تۆمەتەکانی زۆر بوون لەوانەش؛ هەوڵدان بۆ دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات و گێڕانەوەی سیستەمی سەرمایەداری بۆ سۆڤێت. هەروەها کرا بە قۆچی قوربانیش بۆ ڕوداوەکانی ئەڵمانیای دیموکرات.

ئۆلبریشت گەورەترین براوەی ڕوداوەکان بوو. لە ئابی ١٩٥٣ ئەڵمانیای دیموکرات لە قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی جەنگ بەخشراو تەنانەت قەرزیشی پێدرا. لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی یەکێتیی سۆشیالیست (SED) هەموو ئەو ڕێکارانەی کە لە تەموزی ١٩٥٢ بڕیاری درابوو و دواتر لەژێر فشاری یەکێتیی سۆڤێت ڕاگیرابوون؛ وەگەڕخرانەوە. زیادکردنی کارەساتبارانەی ١٠٪ی ستانداردەکانی بەرهەم دانرایەوە[٥٠]. لە کۆنگرەدا هیچ

٥٠ ستانداردەکانی بەرهەم یاخود پێودانگەکانی بەرهەم، زاراوەیەکی ئابوریە مەبەست لێی بەرهەمهێنانی بڕێکی دیاریکراوە لە شمەکێک لەماوەیەکی دیاریکراودا. بۆ نمونە کۆمپانیایەکی پایسیکل ناچار بکرێت لە ڕۆژێکدا لە جیاتی ٥٠٠ دانە ٦٠٠ دانە بەرهەم بهێنێت. وەرگێڕ.

باسی هەنگاوەکانی داهاتوو بەرەو سۆشیالیزم نەکرا، بە پێچەوانەوە هەوڵ درا ئاستی بەکاربردن لە لایەن هاوڵاتیان بەرز بکرێتەوە. ساڵی ١٩٥٤ یەکێتیی سۆڤێت ددانی بە کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتدا نا وەک وڵاتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەریی تەواو. ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە ئیتر یەکخستنەوەی ئەڵمانیا ئامانج نیە. ئۆلبریێشت دڵنیا بۆوە لەوەی کە رژێمەکەی پشتیوانییەکی زیاتر بەدەست دەهێنێت.

## پاشەکشە لە لیبرالیزەکردن و کۆنگرەی جنێف (تەموزی ١٩٥٥):

لە رووی تیۆرییەوە سیاسەتی چاکسازی بەرامبەر بە وڵاتانی پاشکۆی سۆڤێت هێشتا زیاتری دەخایاند. لە ٤ی تەموزدا سەرۆک وەزیرانی نوێ لە هەنگاریا (ئیمری ناجی) توانی قۆناغێکی نوێ رابگەیەنێت. لە دوای مردنی بێریا، سەرۆکی حزب (راکۆسکی) بە ئاشکرا دەستیکرد بە تێکدانی بەرنامەی حکومەت. لە پایزی ١٩٥٤ ناگی ناچارکرا مۆڵەتی نەخۆشی وەربگریت و دواتریش لە نیسانی ١٩٥٥ دەبوو دەست لە کار بکێشێتەوە.

لە رۆمانیا سەرۆکی پارتەکە (گیۆرگێ گۆرگیۆ دیش) لە ١٩ و ٢٠ی ئابدا چاکسازی ئابوری راگەیاند، بەڵام – لەسەر رەزامەندی سۆڤێت- بۆ چاکسازی سیاسی بێدەنگی هەڵبژارد. هاوپیشەکەشی لە بولگاریا (ڤۆلکۆ چیرڤینکۆڤ) لە ٨ی ئەیلولدا، هەمان ئەو کارەی ئەنجامدا. لەپۆڵەندا بیرۆت لە رۆژی ٢٩ی ت١ خولێکی نوێی راگەیاند، بەڵام وتارەکەی ئەوەندە لاواز و ناڕۆشتن بوو کە دیاربوو هەموو شتێک وەک خۆی دەمێنێتەوە. ئایا ماوەیەکی کورت لەمەوبەر نەبوو کە ژمارەیەک لە پیاوانی ئایینی و ئەفسەرانی سوپا لە دادگایەکی رواڵەتکارانەدا سزا دران؟

سەرۆکۆماری چیکۆسلۆڤاکیا (ئەنتۆنین زاپۆتۆکی) لە سەردانەکەیدا بۆ مۆسکۆ فەرمانی لیبرالیزەکردنی پێدرابوو، لە ١٧ی ئابدا پلانەکانی خۆی ئاشکرا کرد، توشی شۆک بوو کاتێک مۆسکۆ بە ئاشکرا لە کارەکەی دووری خستەوە و (ئەنتۆنین نۆڤۆتنی) کە ستالینی بوو، وەک کەسێکی متمانە پێکراو خرایە شوێنی.

لە ئەیلولی ١٩٥٣دا دەسەڵاتی سەرۆک وەزیران مالینکۆڤ لە یەکێتیی سۆڤێت کەوتە لەرزین، چونکە خرۆشۆڤ بە رەسمی بوو بە سکرتێری یەکەمی حزب. خرۆشۆڤ کە فەرمانبەرێکی کۆن و دڵسۆزی ستالین و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزب بوو لە ساڵی ١٩٣٩ بەدواوە، شۆڕشگێڕێکی راستەقینە بوو، وەفادار بوو بۆ رەچەڵەکی سادەی جوتیارانەی خۆی. ئەو کەسێکی دنیا دیدە بوو لە رۆژگاری هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا ژیابوو، دەیویست خۆی بە دوور بگرێت لە جەنگێکی دیکە. پەیامی هەریەکە لە مالینکۆڤ و خرۆشۆڤ هاوشێوە بوو: حەزیان بە ئاشتی بوو لەگەڵ خۆرئاوا، بۆ ئەوەی زۆر بە خێرایی سەریان بپەرژێتە سەر چارەسەرکردنی هەندێ گرفتی ناوخۆ لەوانەش پرسی کشتوکاڵ، لەگەڵ ئەوەشدا هەردوکیان رکەبەری یەکتر بوون بۆ سەرکردایەتی. جگە لەوەش ململانێی ئایدیۆلۆژیان هەبوو: خرۆشۆڤ دەیویست بایەخ بدات بە وەبەرهێنان لە پیشەسازی قورسدا، لە کاتێکدا مالینکۆف جەختی لەسەر بەرهەمهێنانی شمەکی بەکاربردن دەکردەوە. خرۆشۆڤ ململانێی دەسەڵاتی بردەوە، لە ٣١ی ک١ی ١٩٥٥ مالینکۆڤ ناچار بوو دەست لەکار بکێشێتەوە. مالینکۆڤ کەسێک نەبوو بەکەڵکی ئەوە بێت دانوستان لەگەڵ ئەمەریکا بکات، لە دوای چەند لێدوانێکی ئاشتی ئامێزانە، لە نیسانی ١٩٥٤ رایگەیاند: ئەگەر سۆڤێت بکەوێتە بەر هێرشی ئەتۆمی رۆژئاوا، ئەوا سۆڤێتییەکان تۆڵە دەکەنەوە و جیهانی سەرمایەداری تەفروتونا دەکەن. ئەم لێدوانە بوێرانەیە هیچ سودێکی نەبوو، وەزیری بەرگری مارشاڵ (نیکۆلاج بولگانین) خرایە شوێنی. لەو کاتە بەدواوە ئیتر خرۆشۆڤ کەمتر گرنگی دەدا بە بیرۆکەی سەرکردایەتیکردنی بە کۆمەڵ، ئەو هاتە سەر ئەو بڕوایەی کە سەرکردایەتی حزب دەبێت لە سەروو حکومەتەوە بێت، هەروەها دەیویست ئەم مۆدێلەی سۆڤێت لە وڵاتانی پاشکۆی خۆیاندا پەیڕەو بکرێت.

لە حوزەیرانی ١٩٥٥ بولگانین و خرۆشۆڤ پێکەوە سەردانی یوگوسلاڤیایان کرد، سەرلەنوێ پەیوەندی دۆستانەیان لەگەڵ تیتۆ دروست کردەوە. رێککەوتن لەسەر ئەوەی کە رابووردوو لەیاد بکەن

و دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی یەکتر نەکەن. تیتۆ بەردوام بوو لەسەر پەیڕەوکردنی سیاسەتی سەربەخۆیانەی خۆی و زۆر جاریش لەم بارەوە لەگەڵ سەرکردەکانی سۆڤێت ناکۆک دەبوو. کە یەکێتیی سۆڤێت سەرلەنوێ پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ تیتۆ دامەزراندەوە، زۆرێک لە سەرکردە کۆمۆنیستەکان و سەرکردە سەربازییەکانی حەپەساند. ئایا تیتۆ لە ساڵی ١٩٤٨ ە وە وەک دوژمنی سەرسەختی هەموو کۆمۆنیستەکان وێنا نەکرابوو؟ دەیان سەرکردەی کۆمۆنسیت بە تۆمەتی تیتۆیزم لەناو نەبران؟ بۆیە هەڵوەشاندنەوەی کۆمینفۆرم لە نیسانی ١٩٥٦ کە پێشتر بۆ دژایەتیکردنی تیتۆیزم دروستکرابوو، کارێکی لۆژیکانە بوو، سەرباری ئەوەش خرۆشۆڤ کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی سەرمایەداری هان دەدا کە لەگەڵ سۆشیال دیموکراتەکاندا (ئەوانەی کە جاران دوژمنی کۆمینفۆرم بوون) دۆست بن.

پەیوەندییەکان لە چینیش ئاسایی کرانەوە، خرۆشۆڤ لە ٣٠ ئەیلولی ١٩٥٤ سەردانی چینی کرد و بەشداریی لە پێنجەمین یادی شۆڕشدا کرد. لەگەڵ ماو ڕێککەوتنی مۆرکرد بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری لە بنیاتنانی پیشەسازی قورس و سوپایەکی مۆدێرن و تۆکمە، هەروەها بەڵێنیشی بە چین دا لە بواری توێژینەوەکانی ئەتۆم هاوکاری پێشکەش بکات.

پەیوەندییەکان لەگەڵ خۆرئاوا تا چەند ساڵێکیش دوای مردنی ستالین هەر قورس بوو. ڕوداوەکانی ئەڵمانیای دیموکرات و کاردانەوەی ڕۆژئاوا بەرامبەریان هاوکار نەبوون بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە. لە کاتی ڕوداوەکانی ئەڵمانیای دیموکرات، ئەیزنهاوەر و دالاس ئەوەی لە دەستیان هات کردیان تا بتوانن سۆڤێت دڵنیا بکەنەوە لەوەی کە ئەوان هیچ دەستوەردانێکی سەربازی ناکەن. لە ئێوارەی تەموزی ١٩٥٣ ڕادیۆی ئەمەریکا (RIAS) داوای لە خەڵکی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات کرد کە گوێڕایەڵی سۆڤێت بن و گرژی لە گەڵیاندا دروست نەکەن. ڕاستەوخۆ لە دوای مردنی ستالین و لە مانگی نیسانی ١٩٥٣ بەدواوە وینستۆن چەرچڵ، کە جارێکی تر لە کۆتایی ١٩٥١ ەوە، ببۆوە بە سەرۆک وەزیران، هانی ئەمریکییەکانی دەدا کۆبوونەوەیەکی

لوتکە لەگەڵ سۆڤێتدا بکەن. ئەو زۆر کاریگەر ببوو بە هێزی وێرانکارانەی بۆمبی هایدرۆجینی و دەیوسیت بە هەر نرخێک بووە رێگا لە هەڵایسانی جەنگ بگرێت. هەرچەندە ئەو پێشتر لە وتارەکانیدا زۆر دژە کۆمۆنیزم بوو، بەڵام ئێستا پێی وابوو کە دەکرێت سەرمایەداری و سۆشیالیزم پێکەوە ئاشتیانە هەڵبکەن.

سەرەتا لە ک ٢ و شوباتی ١٩٥٤ کۆنفرانسێکی کلاسیکیانە لە لایەن وەزیرانی دەرەوەی هەر چوار هێزە سەرەکیەکەوە لە بەرلین سازکرا. جارێکی دیکە گفتوگۆ لە بارەی ئەڵمانیاوە کرا، بەڵام لە بەر ئەوەی مۆلۆتۆڤ پێداگری لەسەر ئەڵمانیایەکی یەکگرتوو و بێلایەن دەکردەوە، کۆنفرانسەکە شکستی هێنا. لەملاشەوە دالاس ئامادە نەبوو دان بە حکومەتی کۆمۆنیستی چیندا بنێت، بەڵام لەسەر ئەوە رێککەوتن کە کۆنگرەیەک لەسەر کۆریا و ڤێتنام بە سەرکردایەتی بەریتانیا و سۆڤێت لە جنێڤ ساز بکەن. کۆنگرەکە لە ماوەی نێوان ٢٦ی نیسان و ٢٠ی تەموزی ١٩٥٤ سازکرا. بۆ یەکگرتنەوەی کۆریا هیچ رێککەوتنێک نەکرا، بەڵام فەرەنسیەکان لەگەڵ (ڤیت مین) لەسەر کۆتایی هێنان بە جەنگ رێککەوتن. ڤێتنام و لاوس و کەمبۆدیا سەربەخۆ بوون. ڤێتنام بە شێوەیەکی کاتی دابەش کرا و هێڵی پانی حەوت کرا بە سنوری نێوانیان، بەو مەرجەی هەتا تەموزی ١٩٥٦ هەڵبژاردنێکی ئازاد لە سەرانسەری ڤێتنام بکرێت و حکومەتێکی یەکگرتوو دروست بکرێت. ئەمەریکا و ڤێتنامی باشور ئامادە نەبوون واژۆ لەسەر رێککەوتنەکە بکەن.

چەرچل کە تازە لە نەخۆشی سەکتەی دەماغ چارەسەر کرابوو، پشتئەستور بە تواناکانی خۆی لە دانوستاندا، لەو باوەڕەدا بوو کە دەتوانێت سەهۆڵبەندانی جەنگی سارد بشکێنێت، بۆیە سۆڤێتییەکانی ئاگادارکردەوە کە بە نیازە لە ناوەڕاستی ١٩٥٤ سەردانی مۆسکۆ بکات بۆ دانوستان. ئەیزنهاوەر زۆر بە توندی دژی وەستایەوە، هەروەها وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ئیدن و ژمارەیەکی دیکە لەوەزیرەکان هەڕەشەی دەستلەکارکێشانەوەیان کرد. چەرچڵ بە ناچاری پەشیمان بۆوە.

بۆ پیشاندانی نیاز پاکی بەرامبەر بە خۆرئاوا، سۆڤێت ئامادە بوو دەستبەجێ کێشەی نەمسا چارەسەر بکات. ئەو وڵاتە هێشتا دابەش بوو بەسەر چوارناوچەی داگیرکراوەوە، بەڵام سۆڤێت لەوێ رژێمی سۆشیالیستی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی دروست نەکرد. راستەوخۆ لە دوای جەنگ لە نەمسا حکومەتێکی سەرتاسەری بە هەڵبژاردن دروستکرا، لە دوای پەیمانی ئاشتی ١٥ی مایس، نەمسا دەبوو پابەند بێت بەوەی کە وڵاتێکی بێلایەن بێت، بەڵام سەروەری تەواوی هەبوو، دواتر هەموو هێزە سەربازییەکان کشانەوە. ئەم پەیمانە بووە هۆکاری گرێدانی کۆنگرەی پڕ بایەخی جنێف لە ١٩ بۆ ٢١ی تەموزی ١٩٥٥.



بولگانین، ئەیزنهاوەر، ئەدگار فۆر، ئیدن جنێڤ ١٩ی تەموزی ١٩٥٥

ئەیزنهاوەر و دالاس لە جنێف باوەڕیان وابوو کە ڕێکەوتنێک لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت بکەن لەسەر ئەوروپای ڕۆژهەڵات. هەردوکیان هاوشێوەی ترۆمان لە کۆتایی ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا لەو باوەڕەدا بوون کە یەکێتیی سۆڤێت بە هۆکاری تایبەت بە ئاسایشی خۆی بەردەوام بوو لە داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بۆ ئەوەی جۆرێک لە ناوچەی دابڕاو بۆ خۆی دابین بکات. دەیانویست ئەو پەیامە بە بولگانین بدەن کە ئەوان بەو دۆخە ڕازی بوون لەگەڵ مەرجی پێشنیازکراو بەوەی کە ئەو وڵاتە پاشکۆیانە دەبێت حکومەتی دیموکراتی خۆیان هەبێت بەو مەرجەی کە سیاسەتی دەرەوەیان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت بگونجێنن. بولگانین لەگەڵ ئەوان هاوڕا نەبوو، جگە لەوەش نەگەیشتنە هیچ ڕێکەوتنێک لەسەر ئەڵمانیا و پرسی چەکداماڵین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی دەرونییەوە زۆر گرنگ بوو کە ئەیزنهاوەر شان بەشانی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و فەرەنسا، ئیدن و ئەدگار فۆر، لە کەشێکی دۆستانەدا لەگەڵ خرۆشۆڤ و بولگانینی سەرۆک وەزیراندا لە کۆنگرەی جنێف گفتوگۆ بکەن. سەرەنجام دوای دە ساڵ بۆ یەکەم جار بوو سەرۆکی ئەمەریکا چاوی بە سەرکردەکانی یەکێتیی سۆڤێت بکەوێت. بەو شێوەیە ئەم کۆنگرە سەرکەوتووە توانی تا ڕادەیەکی زۆر کەشێکی ئارامیی دەرونی بهێنێتە ئاراوە.

## گوتارەکەی خرۆشۆف و ریشەکێشکردنی ستالینیزم و راپەڕین لە پۆڵەندا و هەنگاریا (١٩٥٦):

### خرۆشۆف:

کەم جار هەیە بەشداربوانی کۆنگرەیەک توشی شۆک و حەپەسان بن وەک ئەوەی لە کۆنگرەی بیستەمی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێت ڕویدا. خرۆشۆف سکرتێری یەکەمی حزب لە ٢٤ی شوباتی ١٩٥٦ لە کۆنگرەی حزبدا وتاری خوێندەوە[٥١]. خرۆشۆف لە وتارەکەیدا دەستیکرد بە شکاندنی

٥١ لە ڕاستیدا ئەو وتارە لە ئێوارەی ٢٥ی مانگدا پێشکەش کراوە نەک ٢٤ی مانگ. وتارەکە لە دووتوێی ١٠٠ لاپەڕەدا بوو لە ماوەی هەشت سەعاتی ڕەبەقدا خرۆشۆف پێشکەشی کرد.

ستالین. هێرشی توندی کردە سەری و ڕایگەیاند: ستالین هەر لە ساڵی ١٩٣٤ بەدواوە کاری بۆ خۆسەپاندن و پەرستنی کرد. ئەو پێشبینی جەنگی لەگەڵ ئەڵمانیا نەکردبوو، سیستەمێکی ترۆرستی دامەزراند و چەندان کۆمۆنیستی دڵسۆزی کوشت. تا ڕادەیەکیش خرۆشۆڤ بەرپرسیاریەتی جەنگی ساردی خستە ئەستۆی ستالین، لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوو دەستبەرداری عەقیدەی حەتمییەتی شەڕ لەگەڵ دنیای سەرمایەداریدا بێت.

خرۆشۆڤ بەرگری لە تیۆری پێکەوەژیانی ئاشتیانە کرد شان بە شانی تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی. ئەو پێی وابوو دەکرێت بە ئاشتی و ئارامی لەگەڵ سەرمایەداریدا هەڵبکەن. خرۆشۆڤ لێرەدا هەوڵی نەدا پیرۆزی و بێگەردی حزب بخاتە ژێر پرسیارەوە و هێشتا ڕەخنەگرتن لە حزب ڕێگەپێدراو نەبوو، هەروەها مەبەست لە وتارەکە ئەوە نەبوو کە بڵاوبکرێتەوە بە ئاشکرا، هێندەی مەبەست لێی زیاتر ئەوە بوو کە کوتلە ستالینییەکانی دوژمنی لە ناو سەرکردایەتی ڕابماڵێت، لەوانەش مۆلۆتۆڤ و مالینکۆڤ و لازار کاگانۆڤیج. خرۆشۆڤ خۆشی هەتا بەهاری ١٩٥٨ نەیتوانی ببێتە کەسی یەکەم و دواتر ئەویش وازی لە سەرکردایەتی بە کۆمەڵ هێناو حوکمی تاکە کەسی خۆی سەپاند. لە ڕاستیدا ئەوهەمیشە وەک کەسێکی بەهێزی دەسەڵاتدار مایەوە، بەڵام ئامانجی سەرەکیی ئەوە بوو کە بتوانێت بە خێرایی ئاستی بژێوی خەڵک بەرز بکاتەوە، ئەویش لە ڕێگای کەمکردنەوەی خەرجییەکانی بەرگری.

---

لە ٢٥ی مارتی هەمان ساڵدا پوختەی وتارەکە دابەشکرا بەسەر هەموو ئۆرگانەکانی حزبدا. ئاوەڵابوونێکی زۆر فراوان لە لایەن حزبەوە دەستیپێکرد و ملیۆنان کەس لە زیندانەکان ئازاد کران. لەم وتارەدا ڕاستەوخۆ جەنگ بەرامبەر بە ستالینیزم ڕاگەیەنرا و پرۆسەیەکی پێچەوانە بۆ لە ڕیشەهەڵکێشانی ستالینزم پەیڕەو کرا. کۆنگرەی ٢٠ ی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێت بە خاڵێکی وەرچەرخاندنی گرنگ ئەژمار دەکرێت لە مێژوودا. وتارەکەی خرۆشۆڤ زۆرێک لە دوژمنە بەهێزەکانی ئەوی تووڕە و نیگەران کرد، بەمەش گەڕێکی نوێ لە ململانێی بێ بەزەییانەی دەسەڵات لەناو حزبدا هاتە ئاراوە. ئەو قۆناغە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بە قۆناغی تواندنەوە ناوی براوە، کە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بە توانەوەی بەستەڵەک، یاخود تواندنەوەی خرۆشۆڤ (Khrushchev Thaw) ناودێر کراوە. وەرگێڕ.



نیکیتا خرۆشۆڤ

لێکەوتەکانی ئەو سیاسەتەی خرۆشۆڤ بۆ کۆمەڵگەی سۆڤێتیی زۆر گرنگ بوون. لە ماوەی نێوان١٩٥٦–١٩٥٧ نزیکەی ٧ بۆ ٨ ملیۆن زیندانی سیاسی ئازاد کران. نزیکەی ٥ بۆ ٦ ملیۆن کەسی حوکمدراو دوای مردنیان ڕێز و شکۆیان بۆ گەڕێندرایەوە. باندۆری ئەو گۆڕانکاریانە لەسەر وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات گەورەتر بوو. خرۆشۆڤ تاوانەکانی ستالینی دەرهەق بە ئەورووپای رۆژهەڵات سەرکۆنەکرد. سەرکردە ستالینییەکانی رەخنەکرد، لە کاتێکدا بەشێک لەوانە وەک بیروت لە پۆڵەندا و ئێرنۆ گێرۆ و ڕاکۆسی لە هەنگاریا و یوگوسلاڤیا و چیڤینکۆڤ لە بولگاریا، هێشتا لە هەڕەتی دەسەڵاتدا بوون. هەروەها خرۆشۆڤ تیتۆیزمی بە رەسمی ناساند بەوەی کە رایگەیاند هەر وڵاتێک مافی خۆیەتی بە شێوازی تایبەتی خۆی هەنگاو بەرەو

سۆشیالیزم بنێت. دوای ماوەیەکی کورت لە وتارەکەی خرۆشۆڤ لەمەڕ بنەبڕکردنی ستالینیزم، سەرکردەی حزبی پۆڵۆنی "بیرۆت" لە مۆسکۆ کۆچی دوایی کرد. "ئیدوارد ئۆشاب"ی میانڕەو لە لایەن سەرکردایەتی حزبەوە بە ئامادەبوونی خرۆشۆڤ لە وارشۆ لە ٢٠ی مارت شوێنی گرتەوە.

ئاژانسی هەواڵگری "سی ئای ئەی" زۆر باش ئەوەی دەزانی کە وتارە نهێنییەکەی خرۆشۆڤ چەند کاریگەر دەبێت لەسەر شێواندنی رایگشتی لە وڵاتە پاشکۆکانی سۆڤیێت، بۆیە لە ئاستێکی زۆر فراواندا دەقی وتارەکە بڵاو کرایەوە. لە چیکوسلۆڤاکیا بووە هۆکاری سەرهەڵدانی خۆپیشاندانی رەمەکی لە نێوان خوێندکاراندا کە داوای دیموکراسیەتی زیاتریان دەکرد. لە زانکۆکانی پراگ و براتیسلاڤ لە نێوان نیسان و مایسدا بەردەوام بوون لە خۆپیشاندان.

## پۆڵەندا:

لە پۆڵەنداش تێکستەکە بڵاو کرایەوە. لە شاری پیشەسازی "پۆزنان" کرێکاران لە رۆژانی ٢٨ و ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٥٦ خۆپیشاندانیان کرد و داوای زیادکردنی رۆژانەیان کرد. دایان بەسەر بنکەکانی ئاسایشی ناوخۆدا و چەندین زیندانی سیاسییان ئازاد کرد، هەروەها داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دەست لە کار کێشانەوەی دەسەڵاتدارانی کۆمۆنیست و رۆیشتنە دەرەوەی سوپای سۆڤیێتیان کرد. سەرکردە کۆمۆنیستەکان سوپا و هێزەکانی ئاسایشیان نارد بۆ پوزنان و توانیان راپەڕینەکە داپڵۆسێنن. پەنجا و سێ کەس کوژران و سەدان کەسیش بریندار بوون. جۆش و خرۆشی خەڵک بە هیچ شێوەیەک دانەدەمرکایەوە تەنها بەوە نەبێت کە سەرکردەی ناسیۆنالیستی کۆمۆنیست گۆمولکا، کە ستالینییەکان لایانبردبوو، بێتەوە سەر دەسەڵات. گۆمولکا حەزی بەوە نەبوو دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت تەنها بەو مەرجە نەبێت کە سکرتێری یەکەمی حزب بێت و بتوانێت خۆی لە ژێر دەستی سۆڤیێت دەربێنێت ئەمەش بەهۆی لابردنی وەزیری بەرگری پۆڵۆنی مارشاڵی سۆڤیێتی (رۆکۆسۆفسکی).

دوای خۆپیشاندانە بەرفراوانەکانی کرێکاران و خوێندکاران لە ١٧ی ت١، سۆڤێتییەکان لە روداوی خراپتر دەترسان. لە ١٩ی مانگدا شاندێکی بەهێز بە سەرکردایەتی خرۆشۆڤ بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو گەیشتە وارشۆ. هێزەکانی یەکێتیی سۆڤێت بەرەو وارشۆ پێشڕەوییان کرد، هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆی پۆڵەندا بە نیازی ئەوە بوون ڕێگا بگرن و شەڕ بکەن. بۆ ئەوەی لافاوی خوێن هەڵنەسێت، سۆڤێت پۆڵەندییەکانی هێنایە ژێر بار بەوەی کە پارێزگاری لە سیستەمی کۆمۆنیزم بکەن و وەک ئەندامێکی دڵسۆزی پەیمانی وارشۆ کار بکەن، ئەمەش بە ڕێکارێکی زۆر توند و بە شێوەیەکی کاتی پەیڕەو کرا. ڕەنگە کاریگەری چین ڕۆڵی هەبووبێت، چونکە ئەوان داوایان لە سۆڤێت کردبوو کە ئازادییەکی زیاتربدەن بە حزبە پۆڵۆنییەکە.

گۆمولکا لە ٢٠ی ت١ بوو بە سکرتێری یەکەمی حزب. رۆکۆسۆفسکی لە ناوەڕاستی ت٢ هاوڕێ لەگەڵ ٣٢ ژەنراڵی دیکەی سۆڤێتیدا کشانەوە. لە ١٨ی ت٢ی ١٩٥٦ یەکێتیی سۆڤێت و پۆڵەندا ڕێکەوتنێکیان لە مۆسکۆ مۆرکرد. بە گوێرەی ڕێکەوتنەکە هێزەکانی یەکێتیی سۆڤێت لە چوارچێوەی پەیمانی وارشۆدا لە پۆڵەندا دەمێننەوە، بەمجۆرە پۆڵەندا دەیتوانی کەمێک جوڵەکانیان کۆت و بەند بکات. هەروەها لە سایەی ڕێکەوتنەکەدا بارودۆخی بازرگانیش گۆڕانی بەسەردا هات و ئابوری پۆڵەندا چیدیکە لە لایەن سۆڤێتەوە دانەدەدۆشرا.

سۆڤێتییەکان بەختەوەر بوون لەگەڵ گۆمولکا، چونکە دەرکەوت کە ئەو کۆمۆنیستێکی توندڕەوە و زۆر بە توندی دژی هەر شێوەیەک لە شێوەکانی دیموکراتیزەکردن بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کشت و کاڵی لە پۆڵەندا ئازاد کرد و لەگەڵ کەنیسەی کاتۆلیکی خۆی ئاشت کردەوەو کاردیناڵ ستیڤان ڤیزینسکی ئازاد کرد. دوای ئەم روداوانە پۆڵەندا گەشەی سەند و لە کۆمەڵگەیەکی داخراوەوە تا ڕادەیەک بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی هەنگاوی نا.

## هەنگاریا

رووداوەکانی پۆڵەندا کاریگەری زۆریان لەسەر رایگشتی هەنگاریا هەبوو، کە لەژێر ستەمی سەرکردەی ستالینی چارەگران "گێرۆ"، دەیناڵاند. ئەو لە ١٨ی حوزەیرانەوە هاتبووە سەر دەسەڵات دوای ئەوەی بە فەرمانی کرێملن "راکۆسکی" کە لەم چارەگرانتر بوو، لە دەسەڵات لابرا. گۆڕانکاری دەسەڵات ئاشتی بۆ وڵات فەراهەم نەکرد. روناکبیران و نوسەران داوای سیستەمێکی سۆشیالیستی زیاتر دیموکراتیانەیان دەکرد. سەرکردەکەشیان ئیمری ناگی بوو کە مالینکۆف لە حوزەیرانی ١٩٥٣ دایمەزراند و دواتر خرۆشۆڤ لە مارتی ١٩٥٥ لەسەر کار دووری خستەوە.

ناگی فەرمانبەرێکی پێشووی دەزگا هەواڵگرییەکانی یەکێتیی سۆڤێت بوو، لە ٤ی تەموزی ١٩٥٣ پرۆگرامێکی چاکسازیی گشتگیری راگەیاند، کە نەیتوانی جێبەجێی بکات. هۆکاری ئەوەش تاڕادەیەک بەهۆی کارە تێکدەرەکانی راکۆسکی بوو، کە هێشتا سەرکردەی حزبەکە بوو. ناگی لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا کاری بۆ ئەوە دەکرد کە زیاتر وەبەرهێنان لە کشتوکاڵدا بکات نەک لە پیشەسازی، هەروەها لەگەڵ سەروەری یاسادا بوو بۆ هەموان. لەو کاتە بەدواوە ناگی ساویلکانە هیوای بە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیست دیموکراتی سەربەخۆ هەبوو.

لە ٢٣ی ت١دا سەدان هەزار هاوڵاتی لە بوداپستی پایتەخت دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و لە سەنتەری شار پەیکەرێکی گەورەی ستالینیان شکاند. ئێوارەکەی هێزەکانی ئاسایش ئاگربارانی ئەو خەڵکەیان کرد کە بە نیاز بوون دەست بەسەر باڵەخانەی رادیۆدا بگرن. گیرۆ دەستبەجێ لە ڕێگای باڵیۆزی سۆڤێتی یوری ئەندرۆپۆڤ (Joeri Andropov) ە وە داوای هاوکاری سەربازی کرد. خرۆشۆڤ داوای لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزب کرد، کە داواکەی پەسەند بکەن. تەنها میکۆیان لە دژی ئەو بڕیارە بوو، لەگەڵ میخایل سوسلۆڤ رەوانەی بوداپست کران. هەردوکیان هاوڕێی سیاسی خرۆشۆڤ بوون، هەتا ٣١ی ت١ مانەوە. هەر لەو شەوەدا لەبەردەم ئەندامە تۆقیوەکانی لیژنەی مەرکەزی حزب ناگی کرا بە سەرۆک وەزیران. هەروەها




راپەڕینی هەنگارییەکان لە ١٩٥٦، لە بوداپست پەیکەری ستالین دەشکێنن و وشەی نەشیاوی لەسەر دەنوسن

سۆڤێتییەکان چاوەڕێی ئەوەیان لە ناگی دەکرد چارەسەرێکی سیاسی بدۆزێتەوە بۆ کپکردنەوەی راپەڕینەکە. گیرۆ وەک سەرۆکی حزب مایەوە. لە ٢٤ی ت١ دا تانکەکانی سۆڤێت رۆشتنە ناو بوداپست و شارەکانی دیکەوە.

هەرچەندە سۆڤێت٣١ هەزار سەربازی ناردبوو، بەڵام هێزی پیادەی تەواویان نەبوو بۆ پاراستنی تانکە گەورەکانیان کە بەردەوام دەکەوتنە بەر هێرشی نارنجۆکی دەستی و بۆمبی کۆکتێل مۆلۆتۆڤ. هەتا دوا نیوەڕۆی ئەو رۆژە، ٢٥ کەسی سڤێل لە بوداپست کوژران و دووسەد کەسی تریش بریندار بوو. ناگی وتارێکی پێشکەش بە خەڵک کرد و رایگەیاند کە ئەو رەزامەند بووە بە هاتنی سوپای سۆڤێت، هەروەها بەڵێنیدا کە هەوڵ بدات کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیست دیموکرات دروست بکات و داوای لە خەڵک کرد کە هێمن و ئارام بن. رۆژی دواتر سۆسلۆڤ و میکۆیان لە نوسینگەی مەکتەبی سیاسی حزب کۆبوونەوە و بڕیاری لابردنی گیرۆیان داو سەرکردەی کۆمۆنیست "یانۆس کادار"یان خستە شوێنی کە لە لایەن ستالینییەکانەوە سەرکوت

کرابوو. شەڕ لە ناو بوداپست بە توندی بەردەوام بوو، جەنگاوەرانی ئازادی و هەندێ لە سەربازانی سوپای هەنگاری شەڕیان لە دژی هێزەکانی سۆڤێت دەکرد. ناگی فەرمانی نەدابوو پەلاماری سوپای سۆڤێت بدرێت، بەڵام هەندێک لە یەکینەکانی سوپا بڕیاریاندابوو دەستەوەستان نەبن. کۆمیتە و لیژنەکان لە هەموو شوێنی وڵات بۆ پارێزگاریکردن لە یاسا و ڕێکخستنی ئازوقە و داڕشتنی داواکارییە سیاسییەکان، تەنانەت هەندێ جاریش بۆ ڕێکخستنی بەرهەڵستی و شەڕ دژی هێزەکانی دوژمن، لە لایەن خەڵکەوە بە شێوەیەکی ڕەمەکی دروستکران. نوێنەرانی خەڵک لە ناو ئەو کۆمیتانەدا توانیان فشارێکی زۆر بخەنە سەر ناگی و حکومەت.

لە ٢٦ی ت١دا لیژنەی ناوەندی حزب کە سەرقاڵی چاکسازی بوو، دانی بەوەدا نا کە لە رابوردودا بە ناوی کۆمۆنیزمەوە تاوان ئەنجام دراوە. لیژنەکە رایگەیاند کە بە زووترین کات لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت دانوستان لەسەر کشانەوەی خێرای هێزەکانیان دەکات. لە ٢٧ی مانگدا ناگی کابینەیەکی نوێی لە بەرەی نیشتمانیی گەل پێکهێنا، کە هەندێ لە کەسانی غەیرە کۆمۆنیستیشی لە خۆ دەگرت وەکو سەرکردە کۆنەکانی حزبی جوتیاران. ڕوژانی دواتریش ناگی دانوستانی لەگەڵ تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و سۆڤێتییەکان کرد.



ئیمری ناگی

جەنگاوەرەکانی ئازادی ئامادەبوون یەکڕیزیی نیشتمانیی بپارێزن و دەسەڵاتی حکومەت پەسەند بکەن. سۆڤێت بە ئاگربەست رازی بوو، هەروەها ئامادەیی خۆی پیشاندا بۆ دانوستان لە پێناوی پاشەکشەپێکردنی هەموو هێزەکانیان لە هەنگاریا. ناگی کە تا ئەو کاتە دوودڵ بوو لە جێبەجێکردنی چاکسازییەکان بەبێ رەزامەندی سۆڤێت، دەرکەوت لە ئێستادا زیاتر لایەنگری شۆڕشگێڕان دەکات. لە وتەیەکیدا کە لە رادیۆ بڵاو کرایەوە شۆڕشی وەک بزوتنەوەیەکی نیشتمانی و دیموکراسی مەزن وەسف کرد کە پێوست بوو بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی نیشتمانی و دیموکراسی و توانای بەدەستهێنانی سۆشیال دیموکراسی. هەروەها یەکینەکانی پۆلیسی نهێنیشی هەڵوەشاندەوە.

هەندێ لە ئەندامانی کۆمیتەی ئازادی لە ناگی دوورتریش دەڕۆیشتن: داوای کشانەوەی دەستبەجێی هێزەکانی سۆڤێت و هاتنە دەرەوەی هەنگاریا لە پەیمانی وارشۆ و دیموکراسی حزبی بەرفراوانیان دەکرد، هەروەها داوای ئۆتۆنۆمی هاوشێوەی یوگوسلاڤیایان دەکرد بۆ کارمەندی کۆمپانیاکان. لە ٣٠ ت١ "جۆزێف دوداس" سەرکردەی کۆمیتەی نیشتمانی "ناگی" ی ناچار کرد حکومەتێک لە چەند پارتێکی دیموکرات خواز پێکبهێنێت، هەروەها رایگەیاند کە چی دیکە حکومەتی تاکە حزبی نابێت بوونی هەبێت. میکۆیان و سوسلۆڤ ئەو شتانەیان پەسەند بوو بە مەرجێک کە هەنگاریا نەبێت بە وڵاتێکی دژە کۆمۆنیست. لە هەمان رۆژدا کاردیناڵ "میندزێنتی" سیمبوڵی هەنگاریای دژە کۆمۆنیست، ئازاد کراو هێنرایەوە بۆ بوداپست.

ناگی و کادار سەرلەنوێ لەگەڵ نوێنەرەکانی سۆڤێت (میکۆیان و سوسلۆڤ) کەوتنە دانوستانەوە، دەرکەوت کە زۆر باش هاوکار و نەرمن، بە کۆدەنگیی دەستەی سەرۆکایەتی لە مۆسکۆ بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی سۆڤێت لە هەنگاریا درا. لە رۆژی ٣٠ ت١ لە مۆسکۆ مانیفستۆیەک راگەیەنرا کە پێشتر ئامادەکرابوو بەناوی (بنەماکانی گەشەپیدان و پەرەپێدانی هاوکاری و دۆستایەتی لە نیوان یەکێتیی سۆڤێت و وڵاتانی سۆشیالیست). لەو مانیفێستەدا ددان بەوەدا نراوە کە یەکێتیی سۆڤێت لە رابوردودا هەڵەی زۆر گەورەی کردووە، بۆیە لەمەو بەدوا زۆر بە وردی رێزی سەروەری هەموو

وڵاتێکی سۆشیالیستی دەگرێت. هەروەها دەکرێت هەموو هێزەکانی سۆڤێت بە یەکجاری یان بە هەنگاو پاشەکشە پێبکەن لەو وڵاتانە، بەڵام دەبێت لە بەرامبەردا هەموو ئەو وڵاتانە وەک ئەندام لە پەیمانی وارشۆ بمێننەوە.

میکۆیان و سۆسلوف پێشترلە ٣٠ ت١ ڕاپۆرتێکی ڕەشبینانەیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی حزب لە مۆسکۆ کردبوو، ئاماژەیان بۆ ئەوە کردبوو کە نەک تەنها بارەگای حزب لە بوداپست کەوتۆتە بەر هێرش بەڵکو هێرشبەران چەندین کەسیان کوشتووە، هەروەها چەندین ئەندامی مەدەنیی دەزگای هەڵوەشاوەی پۆلیسی نهێنی کوژراون. لەوانەش هەمووی خراپتر ئەوەیە کە ناگی لەژێر فشاری شەقامدا داوای دانوستانی دەکرد بۆ چوونە دەرەوەی هەنگاریا لە پەیمانی وارشۆ و دواتریش هەنگاریا بە تەواوی لە کۆمۆنیزم جیا بێتەوە و ببێتە دەوڵەتێکی بێلایەنی وەکو نەمسا.

خرۆشۆڤ و هاوڕێکانی لە سەرکردایەتی زۆر بێزار بوون لە ڕاپۆرتی نێردراوەکانیان، بۆیە لە ٣١ی ت١ دا بۆچوونی خۆیان گۆڕی. بڕیاریاندا سۆشیالیزمی هەنگاریا بە زەبری هێزێکی سەربازی گەورەوە بپارێزن. بڕیار درا لە ٤ی ت٢ ئۆپراسیۆنی فیخێر (هێرشکردن– Vikhr) ئەنجام بدەن، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بارودۆخی ئاڵۆزی نێودەوڵەتییەوە هەبوو.

دالاس و ئەیزنهاوەر لە گەرمەی شەڕی هەڵبژاردندا بوون، لەو سەروبەندەدا ئاشکرایان کرد کە ئەوان بەنیاز نین هێرش بکەنە سەر ئەو وڵاتانەی کە لە خولگەی یەکێتی سۆڤێتدان، بەم جۆرە دەستی سۆڤێت لە هەنگاریا ئاوەڵا کرا. لە ٣١ی ت١دا هێزەکانی فەرەنسا و بەریتانیا هێرشیان کردە سەر میسر و قەیرانی سویس سەریهەڵدا. یەکێتی سۆڤێت لەو کاتەدا نەیدەزانی کە ئەمەریکا بەو کارە قایل نابێت. بە هەرحاڵ سۆڤێت لەو باوەڕەدا بوو کە ئیستا ئیمپریالیستەکان سەرگەرمی شەڕی خۆیانن بۆیە کاتەکە گونجاوە کە ئەوانیش لە هەنگاریا کاری خۆیان یەکلا بکەنەوە. جگە لەوەش دەبوو بۆ هەموو لایەکی ڕوون بکەنەوە کە پاشەکشەکردن لە ستالینیزم بە

واتای ئەوە نیە کە سۆڤێت دەستبەرداری وڵاتانی پاشکۆی خۆیان دەبن لە ئەوروپای رۆژهەڵات.

شتێکی دیکەش هەبوو لەم کارەدا ئەویش ئەو راپۆرتە پڕ دڵەڕاوکانە بوون کە دەگەیشتنە سەرکردایەتی حزب ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە لە نێو کەمایەتییە هەنگارییە گەورەکانی ناو رۆمانیا و چیکۆسلۆڤاکیا و یوگوسلاڤیا بزوتنەوەی شۆڕشگێڕ پەیدابوون. هەروەها بە هەمان شێوە لە وڵاتانی دیکەی پاشکۆی سۆڤێت تەنانەت لە ناو خودی یەکێتیی سۆڤێت بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی پەیدابوون کە رەنگە پێگەی خودی پارتی کۆمۆنیست بخەنە ژێر پرسیارەوە. میکۆیان ئەندامی سەرکردایەتی کە دوای بڕیاری ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنەکە گەیشتبووە مۆسکۆ زۆر بە توندی لە دژی ئەو بڕیارە وەستایەوە. خرۆشۆڤ نەیتوانی لەو هەڵوێستە پەشیمانی بکاتەوە، بەڵام سەرکەوتوو بوو لەوەی کە نەهێڵێت ڤیتۆی بڕیارەکە بکات کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزب بە کۆی دەنگ بڕیاریان لەسەر داوە.

سەرکردەکانی سۆڤێت کەمێک دوودڵ بوون، دەیانویست لە نێو هاوپەیمانەکانیاندا پشتیوانی بۆ ئۆپراسیۆنی "فیخێر" پەیدابکەن. لە ٣١ی ت١دا کاتێک سەرۆکی شاندی چین "لیو شاوشکی" لە فڕۆکەخانەی مۆسکۆ کە خەریک بوو سەفەری دەکرد، راوێژی پێکرا و ئەویش رەزامەند بوو لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی سۆڤێت. ماو کە پێشتر لەو باوەڕەدا بوو کە سۆڤێت نابێت دەست لە کاروباری ناوخۆی وڵاتە دۆستەکانی وەربدات، ئێستا ئەویش لایەنگری سۆڤێتە. سەرکردەکانی سۆڤێت لە کۆبوونەوە لەگەڵ گۆمولکا لە رۆژی ١ی ت٢ لە برێست نیگەران بوون. لە راستیدا خرۆشۆڤ و مالینکۆڤ و مۆلۆتۆڤ نەیانتوانی ئەو سەرکردە پۆڵەندییە قایل بکەن، ئەو لەگەڵ چارەسەری ئاشتیانەدا بوو هەروەها حەزی کرد میانگیری بکات لە نێوانیاندا، بەڵام بە ئاشکراش هیچ کاردانەوەیەکی بەرامبەر بە هێرشەکە پیشان نەدا. لە هەمان رۆژدا خرۆشۆڤ و مالینکۆڤ لە بوخارست چاویان بە سەرکردەکانی چیکوسلۆڤاکی "ئەنتۆنین نۆڤوتنی" و رۆمانی " گیۆرگێ گۆرگیۆ دیش " و بولگاری "تودۆر زیڤکۆڤ" کەوت. هەرسێ دیکتاتۆرەکە لە

ترسی هەمان کاردانەوە لە وڵاتەکانی خۆیاندا، زۆر بە خۆشحاڵیەوە دەنگیان بە سۆڤێتدا. تیتۆ پێشتر لە دژی دەستوەردانی سۆڤێت لە هەنگاریا هەڵوێستی نواندبوو، ئەو وەکو دۆستێکی ناگی تەماشا دەکرا. سەرکردەکانی سۆڤێت لە ٣ی ت٢ لە "بریۆنی" چاویان پێکەوتبوو لە خۆشیاندا حەپەسابوون کاتێک زانییان کە ئەو لایەنگری سۆڤێت دەکات لەو ئۆپراسیۆنەدا لە پێناوی ڕێگرتن لە گەڕانەوەی سیستەمی سەرمایەداری بۆ هەنگاریا و بەڵێنیدا ناگی قایل بکات بەوەی کە پێش ٤ی ت٢ دەست لە کار بکێشێتەوە، هەروەها پێشنیازی ئەوەی کرد "کادار" کە ستەمدیدەی دەستی ستالینییەکان بوو، بخرێتە شوێنی.

لە ١ی ت٢ و ڕۆژەکانی دادێ ژمارەیەکی زۆری سەربازانی سۆڤێت، سنورەکانیان بەزاند و پەڕینەوە بۆ ناو هەنگاریا. ناگی هەستی دەکرد کە لە لایەن سۆڤێتەوە خیانەتی لێکراوە، بە پشتیوانی حکومەت و سەرۆکی حزب کادار، هەنگاریای وەک وڵاتێکی بێلایەن و چوونە دەرەوەشی لە پەیمانی وارشۆ ڕاگەیاند و داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد لەدژی ئەو هەڵوێستەی سۆڤێت هەڵوێست پیشان بدەن. ئەمەریکا لە دۆخێکی سەختدا بوو: بۆ ئەوان زیاتر پۆڵەندا بایەخدار بوو نەک هەنگاریا، جگە لەوەش ئەوکاتە ئەوان لە ترۆپکی قەیرانی سوێسدا بوون و لەو پرسەدا لە هەمان بلۆکدا بوون لەگەڵ سۆڤێت.

پێش هەموو شتێک ئەمەریکا دەیویست سۆڤێت ئەوە بزانێت کە ئەوان دەستوەردانی سەربازی ناکەن، لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیشدا فەرەنسی و بەریتانیەکان پێگەی ئەخلاقی خۆیان ئەوەندە پتەو نەبوو بتوانن سەرزەنیشتی یەکێتیی سۆڤێت بکەن، بۆیە خۆیان نەخستە بەر چاوان و نەچوونە ژێر باری داواکەی هەنگاریا.

بە سەرکردایەتی فەرماندەی گشتی هێزەکانی پەیمانی وارشۆ، مارشاڵ ئیڤان کۆنیف، ٦٠٠٠ تانکی سۆڤێتی چوونە ناوشارەکانی هەنگاریاوە. ناگی کە ئیتر چاوەڕوانی هاوکاری ڕۆژئاواییەکانی نەدەکرد، دەیزانی کە جەنگەکەی دۆڕاندووە، بۆئەوەی بێهودە خوێن نەڕژێت، سوپاکەی کشاندەوە بۆ ناو سەربازگاکانیان. سەرباری ئەوەش هەندێ لە یەکینەکانی سوپا و

سەربازانی یەدەگ و خۆبەخش پاڵەوانانە دژی سوپای سۆڤێت شەڕیان کرد. لە ٨ ی مانگدا هەموو زۆربەی گروپە بەرهەڵستکارەکان شەڕیان وەستاند. ناگی و حکومەتەکەی هەر لە ٤ی مانگەوە پەنایان بردە بەر باڵیۆزخانەی یوگوسلاڤیا. رۆژی ٧ی مانگ سەرۆکی تازەی حکومەت (کادار)، کە لەلایەن سۆڤێتییەکانەوە دانرابوو، گەیشتە بوداپست، لە ١ی ت٢ دا هاوڕێ لەگەڵ (فیرینک میونیش) بران بۆ مۆسکۆ بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی دانوستان بکەن. کادار مکوڕانە بەرگری لە شۆڕشی هەنگاریا و بڕیارەکانی ناگی دەکرد و راشکاوانە دژی دەستوەردانی سەربازی بوو. لە کۆتایدا لەژێر فشاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی ناچار بوو سەرۆکایەتی حکومەتی نوێ پەسەند بکات کە بە فەرمی لە ٤ی مانگدا داوای لە سۆڤێت کردبوو سیستەمی سۆشیالیزم لە هەنگاریا بپارێزێت.

کادار کە دواتر لە هەنگاریا رژێمێکی لە هەموو وڵاتە پاشکۆکانی دیکە لیبراڵانە تری دروست کرد، لە لایەن سۆڤێتییەکانەوە ناچار کرا ستەمێکی بێ رەحمانە پەیڕەو بکات. لە کاتی راپەڕینەکەدا ٢٢ هەزار هەنگاری و ٢٣٠٠ سەربازی سۆڤێتی کوژران. ٢٠٠ هەزار کەسی هەنگاری لە سنورەکانی نەمساوە هەڵهاتن بۆ دەرەوە، دوای ئەوە راستەوخۆ ١٠٠ هەزار کەس دەستگیر کران، کە ٢٦ هەزاریان بە ماوەی جیاوازی زیندانی حوکمدران. لەمەڕ ژمارەی کردەوەکانی لە سێدارە دان ئامارەکان جیاوازن: لە نێوان ٢٢٩ بۆ ٦٠٠ کەس باس دەکرێت. لە حوزەیرانی ١٩٥٨ خرۆشۆڤ فەرمانی بە کادار کرد کە ناگی و سەرکردەی هێزەکانی بەرگری کۆلۆنێل (پاڵ مالیتەر) لە سێدارە بدات، دوای ئەوە ئیتر وردە وردە زەبروزەنگ کەمی کرد. سۆڤێت و کادار ئەوتۆمەتەیان دایە پاڵ ناگی کە دەبوو بە ئاشکرا دەست لە پۆستی سەرۆک وەزیران هەڵگرێت، نەک بداتە پاڵ یاخیبووەکان، بەڵێنێکی درۆیان پێداو خاپاندیان و لە باڵیۆزخانەی یوگوسلاڤیا هاتە دەرەوە و گوازرایەوە بۆ رۆمانیا، لەوێ رادەستی هەنگاریا کرایەوە[٥٢].

---

٥٢ ئیمری ناگی یاخود (ئیمری ناغ) لە رۆژی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٥٨ لە سێدارە درا. وەرگێڕ.

لە قۆناغی یەکەمیدا شۆڕشی هەنگاریا دژی سۆشیالیزم نەبوو، بەڵام ئەنگێزەیەکی ناسیۆنالیستانەی هەبوو: هەوڵدەدرا شێوەیەکی مرۆڤ دۆستانەی سۆشیالیزم لە هەنگاریا بنیات بنرێ، ئەمەش روونادات تەنها ئەو کاتە نەبێت کە دەسەڵاتی سۆڤێت بەسەر وڵاتدا کەم بکرێتەوە. یەکەم دەستوەردانی سۆڤێت لە کاروباری ناوخۆی وڵات بووە هۆی ئەوەی کە شۆڕشگێڕەکان هەڵوێستی توند پیشان بدەن: لەمەو بەدواوە هەوڵیان دەدا دیموکراسیەتێک لەسەر مۆدێلی رۆژئاوا دروست بکەن و لە پەیمانی وارشۆ بچنە دەرەوە، ناگی ئەم ئاراستەیەی گرتە بەر هەرچەندە کەمێک دواکەوتبوو. زۆریشیان هیوایان بە هاوکاری و دەستوەردانی ئەمەریکا هەبوو. لە ٤ی ت٢دا ئەیزنهاوەر داوای لە بولگانین کرد هێزەکانیان لە هەنگاریا بکشێننەوە. سۆڤێتییەکان ماوەیەکی درێژ بوو ئەوەیان دەزانی کە ئەمەریکا هیچ ناکات بۆیە نەدەترسان. ئەو هەنگاریانەی کە باوەڕیان بە تیۆری پاشەکشەی دالاس کردبوو، هەستیان دەکرد کە ئەمەریکا خیانەتی لێکردون. ئەوانە بە ڕاستی هیوایەکی زۆریان لەسەر ئەوە هەڵچنیبوو کە ئەمەریکا یاخود نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەریان هەڵدەداتێ. رادیۆی دەنگی ئەوروپای ئازاد کە ئاژانسی هەواڵگریی ئەمەریکا (سی ئای ئەی) بەڕێوەی دەبرد، ئەوانی هاندەدا بۆ راپەڕین و دەهۆڵی ئەوەی دەکوتی کە رۆژئاوا بە هانایانەوە دێت.

قەیرانی هەنگاریا بووە هۆکاری دروست بوونی دووبەرەکی لەناو سەرکردایەتی سۆڤێت. لێکترازانی توند لە نێوان ستالینییەکان (مۆلۆتۆڤ و کاگانۆڤیچ) لە لایەک و خرۆشۆڤ لە لایەکی دیکە، پەیدابوو، هۆکاری ئەوەش دەستنیشان کردنی کادار بوو کە بە ئاشکرا دژە ستالینیزم بوو، ئینجا ئەوە رویدا کە ئەندامانی سەرکردایەتی لێی دەترسان: لە سێبەری ئەو کەشە دژە ستالینیزمەی کە دروست ببوو، زۆرێک لە روناکبیرانی سۆڤێت لەو باوەڕەدا بوون کە یەکێتیی سۆڤێت مافی ئەوەی نیە دەست لە کاروباری ناوخۆی هەنگاریا وەربدات. لەناو خوێندکاران و مامۆستایاندا لە زۆربەی زانکۆکاندا نا ئارامی هاتبووە گۆڕێ و بە ئاشکرا پشتیوانی "ناگی" یان دەکرد، لە ژێر کاریگەری ستالینییەکاندا داپڵۆسانێکی بێ رەحمانە ئەوانیشی گرتەوە.

سۆڤێتییەکان وانەیان لە راپەڕینەکەی هەنگاریا وەرگرت. نابێت پرۆسەی ریشەکێشکردنی ستالینیزم لە کۆمارەکانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا بە خێرایی و بەبێ رێنوێنی ئەنجام بدرێت. ئێستا بۆ ئەوروپای رۆژهەڵات زۆر ئاشکرا و روون بۆتەوە کە رێگای نیشتمانی بەرەو سۆشیالیزم واتای ئەوە ناگەیەنێت کە دەتوانن بلۆکی سۆڤێت بەجێبهێڵن.

ستالینییەکان لە ناو دەستەی سەرۆکایەتیدا کەوتنە پیلان گێڕان لە خرۆشۆڤ بەوەی کە ناتوانێت سەرکردایەتی وڵات بکات. بە سەرکردایەتی مۆلۆتۆڤ و مالینکۆڤ لە ماوەی نێوان١٨-٢١ی حوزەیرانی ١٩٥٧ پرۆسەیەکی دەستگرتنیان بەسەر دەسەڵاتدا پیادە کرد. لەناو دەستەی سەرۆکایەتیدا کە ژمارەیان دە کەس بوو خرۆشۆڤ تەنها سێ کەسی لەگەڵدا بوو، داوایان لێکرد کە دەست لە کار بکێشێتەوە. بە هاوکاری ژەنراڵ (ژۆگۆڤ) خرۆشۆڤ توانی لە ٢٢ی مانگدا ئەنجومەنی سەرکردایەتی کۆ بکاتەوە کە زۆرینەیان لە لایەن خودی ژۆگۆڤ دانرابوون. ئیتر لەوێدا خرۆشۆڤ زۆرینەی رەهای دەنگی هێنا. لێرە بەدواوە ئیتر نەیارەکانی خۆی بە کۆمەڵە کەسێکی یاخی بوو لە حزب ناودەبرد و بەرە بەرە هەموویانی بێدەنگ کرد. لە مارتی ١٩٥٨ خرۆشۆڤ پۆستی سەرۆک وەزیرانیشی خستە ژێر دەستی خۆیەوە و گەیشتە ترۆپکی دەسەڵات.

## چین و سیاسەتی ریشەکێشکردنی ستالینیزم:

لە نیوەی یەکەمی دەیەی پەنجاکاندا، سەرکردەکانی کۆماری گەلیی چین خۆیان تەرخانکردبوو بۆ هەرە گرنگترین ئەرک کە ئەویش مۆدێرنیزەکردنی وڵات بوو. سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی چین یەکەم پلانی پێنج ساڵەی دانا و لە ماوەی نێوان ١٩٥٣-١٩٥٧ دەستی بە جێبەجێکردنی کرد. بە بەراود کردنی لەگەڵ یەکەم پلانی پێنج ساڵەی یەکێتیی سۆڤێت، کۆمۆنیستەکانی چین ویستیان پیشەسازی فراوان بکەن لەسەر حسابی کەمکردنەوەی زیادەی کشتوکاڵ. فشاری زۆری ژمارەی دانیشتوان بەهەند وەرنەگیرابوو، بۆیە نەیان دەتوانی دەرامەتێکی زۆر بۆ کەرتی پیشەسازی تەرخان بکەن. ویرای

ئەم حسابە هەڵەیە ئابوری چین توانی ژمارەی باش تۆمار بکات. ئەمەش ئەو ڕاستییەی نەگۆڕی کە ماو یەکەم پلانی پێنج ساڵەی بە دڵ نەبوو، لە بەر ئەوەی کۆپییەکی مۆدێلە روسییەکەی سۆڤێت بوو، لەگەڵ واقعی چیندا نەدەگونجا، بۆیە دەبوو ڕێگا چارەیەکی باشتر بدۆزنەوە.

لە ساڵانی سەرەتای مردنی ستالیندا، پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی سۆڤێت و کۆماری گەلیی چین دۆستانە بوو. خرۆشۆڤ لە ٣٠ ئەیلولی ١٩٥٤ بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگەکانی یادی پێنجەمی شۆڕش سەردانی پەکینی کرد. لە میانەی ئەو سەردانەدا لەگەڵ ماو ڕێککەوتن کرا، سۆڤێت ئامادە بوو هاوکاری پێشکەش بکات بۆ بنیاتنانی پیشەسازی قورس و سوپایەکی مۆدێرن، هەروەها سۆڤێت لە بواری توێژینەوەی ئەتۆمدا هاوکاری پێشکەش کردن. دوای مردنی ستالین و سەرهەڵدانی ململانێ لەسەر دەسەڵات، ماو پشتیوانی خرۆشۆڤی کرد، چونکە باوەڕی بە وەبەرهێنان هەبوو لە پیشەسازی قورسدا، ماو لەو باوەڕەدا بوو کە ئەوە خێراترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی نمونەیی. کاتێکی زۆر تێپەڕ نەبوو کە گیروگرفتەکان سەریانهەڵدا. خرۆشۆف دوای ئەوەی لە شەڕەکەیدا سەرکەوت، سەرنجی زیاترخستە سەر بەرهەمهێنانی شمەکی بەکاربردن، ئەمەش ماوی بەتەواوی بێهیواکرد.

جیاوازییەکانی نێوان خرۆشۆڤ و ماو لایەنە ئابوری و ئایدیۆلۆژییەکانی تێپەڕاند. ماو تێزێکی تازەی بۆ کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتی داهێنا. یەکێتیی سۆڤێت خۆی بە ڕابەری جیهانی کۆمۆنیزم دەزانی، دەبوو هەموو ڕێباز و بۆچوونەکان لەلایەن خۆیەوە بێت، بەڵام خۆ دەبوو هەموو سیاسەتەکانیش بە هاوکاری لەگەڵ هەموو وڵاتە کۆمۆنیستەکان تاوتوێ بکرێت لەوانەش چین. ماو بەشداربوونی زیاتر و ڕێزی زیاتری دەویست. ئەو باوەڕی بەو پێنج بنەمایە هەبوو بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان کە لەگەڵ هندستان لە ٢٩ی نیسانی ١٩٥٤ مۆری کردبوو، هەروەها لە کۆنگرەی باندونگ لە ساڵی ١٩٥٥ دووبارە جەختی لەسەر کردەوە. لە نێوان ساڵانی ١٩٥٤-١٩٥٧ کۆماری گەلیی چین سیاسەتێکی نەرمی لە پەیوەندییەکانی دەرەوەیدا پەیڕەو کرد.

وتارەکەی خرۆشۆڤ کە تایبەت بوو بە ریشەکێشکردنی ستالینیزم بەشێوەیەکی زۆر چاوەڕوان نەکراو بوو. ماو زۆر نیگەران بوو لەوە چونکە پێشتر ئاگادار نەکرابۆوە. جگە لەوەش ئەو رەخنانەی خرۆشۆڤ لەسەر پەرستنی تاکەکەسیی ستالین ماوی ترساندبوو، ئەویش لەوە دەترسا بەهەمان شێواز روبەڕوی هەمان رەخنە بێتەوە، هەروەها ماو لە لێکەوتەکانی ئەو وتارە دەترسا لە سەر کۆی حزبە کۆمۆنیستەکانی دنیا. روداوەکانی پۆڵەندا و هەنگاریا ئەو ترسەی ئەویان سەلماند. لە کۆتایشدا ماو پشتیوانی خۆی بۆ سۆڤێت دەربڕی سەبارەت بە دەستوەردانی سۆڤێت لە هەنگاریا، چونکە مەترسی ئەوە هەبوو کە ئەو وڵاتە لە پەیمانی وارشۆ بێتە دەرەوە، بەڵام ماو زۆر لەگەڵ دەستێوەردان لە کاروباری پۆڵەندا نەبوو.

لە سەرەتای دروستبوونی کۆماری گەلیی چینەوە، چەندین کەمپینی فراوانی جیاواز ئەنجام دران، بۆ هاندانی هاوڵاتیان تا پشتیوانی لە پارتی کۆمۆنیست بکەن لە نەخشەکانیدا. یەکەمین کەمپین لەساڵی ١٩٥٠ ئەنجام درا بە ناوی ( دژ بە ئەمەریکا بە و یارمەتی کۆریا بدە). دوای ئەوەش بە ماوەیەکی کورت چەندین کەمپینی دیکە کرا یەکەمیان دژی دوژمنانی شۆڕش، دواتر لە ساڵی ١٩٥١ کەمپینی سێ دوژمنەکە (سێ ئەنتی) دواتریش لە ساڵی ١٩٥١ کەمپینی پێنج دوژمنەکە (پێنج ئەنتی)[٥٣] ئەنجام دران.

لە کۆتایی نیسانی ١٩٥٦ ماو کەمپینێکی تازەی راگەیاند بە ناوی (سەد گوڵ)، ئامانجی ئەمەش ئەوە بوو کە رێگا بدرێت روناکبیران زیاتر بیروڕای

---

٥٣ کەمپینی سێ دوژمنەکە لە باکوری رۆژهەڵاتی چین لە دژی هەندێ لە ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی چین و کۆنە ئەندامانی کۆمینتانگ و فەرمانبەرانی بیروکرات ئەنجام درا. کەمپینی پێنج دوژمنەکە لە کاتی جەنگی کۆریا ئەنجام درا. لە پێناو پەیداکردنی خەرجییەکانی جەنگ، موڵکایەتی تایبەت و سەرمایەداران بە ئامانج گیران. پێنج دوژمنەکەش بەم ناوانە بوون (گەندەڵی، دزینی ماڵی دەوڵەت، خۆدزینەوە لە باج، فێڵکردن لە تەندەرەکانی حکومەت، دزینی زانیاری ئابوری دەوڵەت. ٢٠ هەزار کادیرو ٦ هەزار کرێکار لەم کەمپنەدا بەشدار بوون. رۆژانە سکاڵا دەگەیشتە دەستیان. لە شەنگهای لە هەفتەی یەکەمدا ١٨٠ هەزار راپۆرت بە دەستیان گەیشت، لە کۆتایی مانگدا ٢١٠ هەزار راپۆرت. لەم رێگایەوە بەشێکی زۆر گەندەڵی و دزی ئاشکرا بوون و خاوەن کار و سەرمایە داران ناچار بوون خۆیان بە دەمی خۆیان هەموو تاوانەکانیان پشتڕاست بکەنەوە. وەرگێڕ.

خۆیان دەربڕن و ڕەخنە بگرن. ماو بە هیوای ئەوە بوو کە روناکبیران بتوانن ڕەخنە لەو ئەندامانەی حزب و ئەو کەسە بیروکراتانە بگرن کە جێگەی باوەڕ و متمانە نەبوون. ئەو بەڕاستی لەوە نەدەترسا کە ڕەخنە لە سۆشیالیزم بگیرێت چونکە ئەو بیروباوەڕە ئەوەندە نمونەیی بوو دەیتوانی خۆی لە بەرامبەر هەموو ڕەخنەیەک ڕابگرێت.

لە قۆناغی یەکەمدا هیچ کەس لە ترسی تۆڵەسەندنەوە نەیدەوێرا ڕەخنە بگرێت، بەڵام بە هەنگاو بە هەنگاو روناکبیران توانیان بوێری پەیدا بکەن و بێزاری خۆیان دەرببڕن. کاتێکیش بەڕاستی ڕەخنەگرتن هاتە گۆڕێ، دەرکەوت زۆر زیاتر لەوە بوون کە چاوەڕوانی دەکرا. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک دەبوو ماو خۆشی ڕەخنە پەسەند بکات، ئەوەش شتێک بوو کە هەرگیز چاوەڕوانی نەبوو، ئەوەش دوا دڵۆپە ئاو بوو کە جامەکەی پڕکرد و لێی ڕژا. ماو هەڕەشەی دەست لەکار کێشانەوەی کرد لە پۆستی سەرۆکایەتی، ئاراستەی کەمپینەکەی گۆڕی و لە هەموو شوێنێک ئەوەی بڵاو کردەوە کە هاووڵاتیان بە هەڵە لە هەڵمەتەکە تێگەیشتوون، دەم و دەست ڕەخنە گرتن لە پارتی کۆمۆنیستی چین قەدەغە کرا. ماو ڕایگەیاند ئەم کارەی لە پێناوی ئەوەدایە کە سێوە گەنیوەکەی ناو سەبەتەکە فڕە بدات. لێرەوە هێرشێکی پێچەوانە لە لایەن (دینگ شیاو بینگ) ە وە، دژی ئەو روناکبیرانە ئەنجام درا کە بەشێوەیەکی زۆر توند ڕەخنەیان ئاراستەی حزب کردبوو. ئەم هەڵمەتە ناوی نرا (هەڵمەتی دژ بە ڕاستڕەوەکان).

ساڵی ١٩٥٧ خرۆشۆڤ هێشتا متمانەی بە ماو هەبوو، لە مانگی ت١دا بەڵێنی پێدا کە مۆدێلێکی سەرەتایی بۆمبی ئەتۆمی بداتێ و هەموو زانیارییە تەکنیکییە سەرەتاییەکانیشی بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆم پێبدات. ئەم متمانەیە لە سەروبەندی کۆنگرەی پارتە کۆمۆنیستەکان لە مۆسکۆ، لە ت٢ی ١٩٥٧ تاقیکرایەوە. کۆمۆنیستەکانی چین زۆر شەڕانگێزانە ڕەفتاریان کرد، لە دژی سیاسەتی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەگەڵ ڕۆژئاوا وەستانەوە.

بۆ ناوخۆی خۆیان و بۆ پاراستنی یەکڕیزی ناو حزبەکەی، ماو هەمیشە پێویستی بە دوژمنێکی دەرەکی بەهێز هەبوو کە مایەی هەڕەشە بێت. ئەوە

مەرجی بنەڕەتی رەها بوو بۆ ماو تا بتوانێت لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و شالاوی گەورە رێکبخات. کاتێکیش یەکێتیی سۆڤێت مانگی دەستکردی (سپۆتنیک)[٥٤] ی رەوانەی بۆشایی ئاسمان کرد، ئیتر ماو بڕوای بە هۆکاری لوتبەرزی خرۆشۆڤ کرد و بۆی دەرکەوت کە یەکێتیی سۆڤێت دەستی بالای هەیە لە بواری رۆکێتی دوورمەودا، بۆیە ئیتر هیچ هۆکارێک نەبوو بۆ ئەوەی لەگەڵ ئیمپریالیستەکاندا نەرم بن لە کاتێکدا چین و یەکێتیی سۆڤێت دەتوانن بە ئاسانی لە جەنگدا زاڵ بن بەسەریاندا.

لێرە بەدواوە لە نێوان کۆمۆنیستەکانی چین و سۆڤێت بۆچوونی جیاواز پەیدا دەبێت لەسەر رۆڵی جەنگ لە پرۆسەی شۆڕشگێڕانەی کۆمۆنیزم و لێکەوتەکانی جەنگی ئەتۆمی. بە دڵنیاییەوە یەکێتیی سۆڤێت دژی چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان نەبوو لەگەڵ وڵاتانی سەرمایەداریدا، لە کاتێکدا کۆماری گەلیی چین هەڵوێستیکی جەنگاوەرانەی هەبوو. ماو دوو دڵ نەبوو لە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆم، بە بۆچوونی ئەو کۆماری گەلیی چین لە جەنگی ئەتۆمدا سەردەکەوێت چونکە ژمارەی دانیشتوانی زۆرە: هەمیشە سەدان ملیۆن کەس دەمێننەوە بۆ ئەوەی بەردەوامی بە جەنگ بدەن. سەرکردەکانی سۆڤێت کەمتر گەشبین بوون بە جەنگی ئەتۆمی وەک لە ماو، رەنگە ئەمەش بۆ خۆی یەکێک لەو هۆکارانە بووبێت کە سۆڤێت زۆر ئامادەیی تێدا نەبوو پشتیوانی پرۆگرامی ئەتۆمی چین بکات لە ساڵی ١٩٥٨دا. سۆڤێتییەکان لەو باوەڕەدا بوون چین زۆر بە گەرمی بەرەو روبەڕوبونەوەی ئەتۆم دەڕوات، جگە لەوەش سۆڤێت شتێکی دیکەی لێکدەدایەوە ئەویش ئەوە بوو کە رەنگ بێت جەنگی ئەتۆم لە نێوان ئەمەریکا و سۆڤێت لە بەرژەوەندی چین بکەوێتەوە!

٥٤ یەکەم مانگی دەستکردی یەکێتی سۆڤێت بوو، رۆژی ٤ی ت١ی ١٩٥٧ بۆ یەکەمجار لە مێژوودا هەڵدرا بۆ بۆشایی ئاسمان و بووە هۆی سەرهەڵدانی پێشبرکێ لە بۆشایی ئاسمان. ئەمەریکا بەو کارە توشی شۆک بوو. دوای ئەم مانگە دەستکردە سۆڤێت دوو جاری تر سپۆتنیک٢، سپۆتنیک٣ی ئاراستەی بۆشایی ئاسمان کرد. وەرگێڕ. سەرنج: لە پێگەی ئەلکترونی ویکی پیدیا بە زمانی کوردی درێژەی ئەم بابەتە هەیە کە وەرگێڕی ئەم کتێبە خۆی بۆ ئەو پێگەیەی زیاد کردووە.

لە ٣١ی تەموزی ١٩٥٨دا ماو لە مەلەوانگەی تایبەتی خۆی لە پەکین، سوکایەتی بە خرۆشۆڤی میوان کرد. ماو خرۆشۆڤی بەوە تاوانبار کرد کە دەیەوێت چین دەستەمۆ بکات، بۆیە خرۆشۆڤ کە مەلەوانی نەدەزانی بەزۆر لە مەلەوانگەکە هێشتیەوە و ئەویش هەر شلَپ و هۆڕی خۆگرتنەوەی بوو بە یەکێک لە بۆریەکانی مەلەوانگەکەوە. دواتر ماو کەشتییەکانی سۆڤێتیی قەدەغەکرد کە بێنە ناو بەندەرەکانی چین و بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان لەنگەر بگرن.

ماو بەبێ ئەوەی سۆڤێت ئاگادار بکاتەوە، چەند جارێک هەوڵیدا ناسیۆنالیستەکان لە تایوان بکاتە دەرەوە. بێگومان ئەیزنهاوەر و دالاس پشتیوانی هاوڕێکانی خۆیان دەکرد. ناسیۆنالیستەکانی چین ڕێککەوتنی بەرگری هاوبەشیان لەگەڵیاندا مۆر کردبوو. لە مارتی ١٩٥٥ کاتێک ماو هەڕەشەی لە (کویمۆی و ماتسۆ) کرد، دالاس و ئەیزنهاوەر بە ئاشکرا باسی ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ناوکییان کرد بۆ بەرگری کردن لە ناسیۆنالیستەکانی چین. کاتێک ماو لە ٢٣ی ئابی ١٩٥٨دەستی کرد بە بۆردومانکردنی دورگە ئەرخەبیلییەکان، ئاشکرای کرد کە هێرشی کۆتایی بۆ سەر تایوان دەستپێکردووە، ئەیزنهاوەر ڕاستەوخۆ دەستی بە ڕێکارەکانی خۆی کرد: فەرمانیدا گەلەکەشتی حەوتەم بە چەکی ئەتۆمەوە نزیک بێتەوە لە تایوان. ئەیزنهاوەر حەزی بەوە نەبوو لەبەر خاتری چەند دورگەیەکی بچووک خۆی توشی ململانێیەکی قورس بکات، هەروەها بە دڵنیاییەوە نەیدەویست سوپاکەی خۆی لە خاکی چیندا بخاتە جەنگەوە، چونکە ئەوە واتای جەنگی لەگەڵ سۆڤێت دەگەیاند. خرۆشۆڤ لە ٧ی ئەیلولدا هۆشداری دایە ئەیزنهاوەر و لە ٢٧ی مانگیشدا ماوی لەوە دڵنیاکردەوە کە ئەو پشتیوانی چین دەبێت لە حاڵەتی جەنگ لەگەڵ ئەمەریکا. ئەوەش ڕێک ئەوە بوو کە هەریەکە لە شیانگ کای شیک و ماو دەیانویست. ئەمریکییەکان حەزیان لەوە نەبوو بکەونە ناو تەڵەکەوە، بۆیە دالاس بە شەخسی شیانگی لەوە ئاگادارکردەوە کە بە هیچ شێوەیەک بیر لەوە نەکاتەوە پێکەوە هێرش بکەنە سەر خاکی چین. لە ٢٣ی ت١دا شیانگ ناچار بوو ئاشکرای بکات کە بەهیچ

شێوەیەک هێرش ناکاتە سەر خاکی چین. لە دوای دوو رۆژ ماو ململانێکەی گۆڕی بۆ جۆرێک لە سروت: لێرە بەدواوە هەتا بیست ساڵ چین لە هەموو رۆژە جوتەکاندا بۆردومانی ئەو دورگانە دەکات. ماو لە خرۆشۆڤ نیگەران بوو، هەستی کرد وێرای هەموو پابەندبوونێکی چین بەڵام ئەو بە ئانقەست ململانێکەی لەگەڵ ئەمەریکا هێور کردەوە و ئارەزووی جەنگی نەبوو لەگەڵ ئەمەریکا. ئەمەش یەکێک لەو هۆکارانە بوو کە نێوانی چین و سۆڤێت لە شەستەکاندا بە تەواوی تا ڕادەی دابڕان تێکبچێت.

دالاس و ئەیزنهاوەر ماوەیەکی درێژ بوو بە ساردبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو زلهێزە کۆمۆنیستەیان دەزانی. ماو خۆی تەرخان کردبوو بۆ دژایەتیکردنی سیاسەتی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی خرۆشۆڤ لەگەڵ رۆژئاوا. ماو لەو باوەڕەدا بوو کە رەنگە ئەمە ببێتە هۆکاری هاوپەیمانی دژی چین. توند بوونەوەی دوژمنایەتی نێوان خرۆشۆڤ و ماو هەلێک بوو بۆ ئەمەریکا کە پشتیوانی تایوان بکاتە یەکێک لە ئامانجە سیاسیەکانی خۆی، گرەویان لەسەر ئەوە دەکرد کە سۆڤێتییەکان هەرگیز وەکو جاران پشتیوانیی سەربازیی چین ناکەن، کە سۆڤێت خۆی نەکات بە سوری بەر لەشکر لە پێناو گەڕانەوەی تایوان بۆ باوەشی ماو، هێندەی تر کۆمۆنیستەکانی چین نائومێد دەبن.

بۆ ماو ئیتر ئەوە ئاشکرا بوو کە سۆڤێتییەکان حساب بۆ تێزەکەی ئەوان ناکەن لەمەڕ کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتی، بۆیە ئەمە ئاسان بوو بۆیان کە ئامادەسازی بۆ هەڵمەتێکی تر بکەن بەناوی (بازدانێکی گەورە بۆ پێشەوە). ئەم کەمپینە لە مایسی ١٩٥٨ تا ١٩٦١ی خایاند و جیاوازییەکی قوڵ و ریشەیی لەگەڵ ئامانجە سونەتییەکانی کۆمۆنیزمی سۆڤێتی هەبوو.

ماو تەنها مەبەستی نەبوو پیشەسازیی چین فراوان بکات، بەڵکو دەیویست کۆمەڵگەی چینی بە تەواوەتی بگۆڕێت، ئەمەش بە لاسایی کردنەوەی مۆدێلی سۆڤێت بەدی نایەت. ماو لەو باوەڕەدا بوو کە دواکەوتنی چین لە رەوڕەوەی پێشکەوتن هۆکاری شاراوەی هەیە. هەموو ئەو ئەندێشانەی جوتیارانی چین بەشێوەیەک لە شێوەکان لەسەر یەکتر کەڵەکەببوون و دواجار دەتوانرا

وەک وزەیەک بەکاربهێنرێت بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نمونەیی، ئەمەش بە لاسایی کردنەوەی مۆدێلی سۆڤێتی نا بەڵکو بە گوێرەی ئەو پلانەی کە ماو دایانبوو. داوا لە خەڵک کرا کە دەبێت پابەندبوونێکی تەواو پیشان بدەن، هێزی ئیرادە و کاری زیاتر دەتوانن قەرەبووی کیماسی لە تەکنەلۆژیادا بکەنەوە، بەڵام زۆر خێرا ئەوەی لەواقعدا هەبوو ئەم بۆچوون و خەیاڵانەی ڕەواندەوە و ئەنجامی کارەساتباری لێکەوتەوە.

هەروەها ماو دەیویست درزی نێوان کۆمۆنیست و پسپۆڕەکان نەهێڵێت. ئەو دەیویست کەسایەتییەکی نوێ دروست بکات "پسپۆڕێکی کۆمۆنیست" بێت، بەم شێوازە دەیویست کیماسییەکانی کەسێکی زانا و پسپۆڕ پڕبکاتەوە و بەرەنگای تایبەتمەندی رووت بێتەوە. بەم جۆرە دەبوو جوتیاریش بتوانێت پۆڵا بەرهەم بێنێت لەو کورەخانە بچوکانەی کە سەرتاسەری وڵاتی تەنی بوو. بەمجۆرە ماو دەیویست پیشەسازی تەنها لە شارە گەورەکاندا نەبێت، هەروەها هیوای بەوە هەبوو کە چین بەهۆی ئەو کورەخانە بچوکانەوە لە ماوەیەکی پێوانەیی کورتدا لە بەرهەمەی پۆڵادا بە بەریتانیا بگاتەوە، بەڵام کێشەکە ئەوە بوو ئەو پۆڵایەی کە بەرهەم دەهێنرا بە کەڵکی بەکارهێنان نەدەهات.

مامەڵەکردن لەگەڵ کشتوکاڵدا بە تەواوی گۆڕانکاری بەسەردا هات: ٧٥٠ هەزار کێڵگەی هەرەوەزی کۆلخۆز کران بە ٢٦ هەزار کێڵگەی هەرەوەزی کۆمۆن. هەروەها شێوازی ژیانی خێزانیش گۆڕا، بۆ نمونە جوتیارانی هەرەوەز دەبوو بە گروپی گەورە گەورە نان بخۆن بۆ ئەوەی کاتی خۆیان بە چێشت لێنانەوە بە فیرۆ نەدەن. بازدانی گەورە بەرەو پێشەوە زۆر گەشبینانە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرا، هەندێ سەرکەوتنی بچوک زۆر بە شێوەیەکی خراپ قەبە دەکرا و لەسەر ئەو قەبەکردنەشەوە بڕیاری هەڵە دەدرا و پێشبینی شتی گەورە دەکرا. دوای ماوەیەک هیچ کەس ژمارە و داتای راستەقینەی نەدەزانی. دوای کەمپینی دژ بە ڕاستڕەوەکان جگە لەچەند کەسێکی کەم، هیچ کەسێک بوێری ئەوەی نەبوو ڕەخنە بگرێت، ئەمەش دۆخەکەی خراپتر دەکرد. چەندین بڕیاری هەڵە و کارەساتبار دران

لە بواری کشتوکاڵدا، بۆ نمونە بڕیاری قەلاچۆکردنی چۆلەکە، کە بووە هۆی بڵاو بوونەوەی مێروی زیانبەخش. لە نیسانی ١٩٥٩ ماو دەستی لە پۆستی سەرۆک کۆماری هەڵگرت و وازی هێنا، رکەبەرەکەی لیو شاوکی لە ٢٧ی نیسان شوێنی گرتەوە.

لە ٢٠ ئابی ١٩٥٩، خرۆشۆڤ بە ماوی راگەیاند کە سۆڤێت ئامادە نیە مۆدێلی سەرەتایی بۆمبی ئەتۆم بە چین بدات. لەو کاتەدا کێشەیەکی سنور لە نێوان چین و هندستان پەیدابوو. یەکێتیی سۆڤێت پشتیوانی لە هندستان دەکرد و چەکی پێدەدا. لە تەموزی ١٩٦٠ یەکێتیی سۆڤێت خۆی لە چین دوورخستەوە و هەموو ئەو ١٣٩٠ کەسەی کە وەکو راوێژکار و تەکنیکار لە چین کاریان دەکرد، دەستبەجێ کشاندەوە. ئەمەش ئەو نەهامەتیانەی چەندبارەکردەوە کە هەڵمەتی (بازدانێکی گەورە بۆ پێشەوە) دروستی کردبوون. ئەو هەڵمەتە شکستێکی گەورە بوو کە بووە هۆی کەوتنەوەی برسێتییەکی فراوان و ژیانی نزیکەی ٢٠ ملیۆن کەسی لەناو برد. گەشبینی لە رادە بەدەر و درک نەکردن بە واقع کارەساتی راستەقینەی خستەوە.

لە کاتی گرێدانی کۆنفرانسی تایبەت بە ٨١ پارتی کۆمۆنیستی دنیا لە مۆسکۆ، لە مانگەکانی ت١ و ت٢ی ١٩٦٠، بەریەککەوتنی ئاشکرا هاتە گۆڕێ. شیاو دینگ بە ئاشکرا رەخنەی لە خرۆشۆڤ گرت، پشێوییەکی زۆر هاتە ئاراوە. بەروونی بەدیار کەوت کە ئەلبانییەکان چونەتە پاڵ چین. چینییەکان بۆ لێدانی خرۆشۆڤ رەخنەیان لە تیتۆ دەگرت، سۆڤێتییەکانیش لە کن خۆیانەوە هەمان ئەو یارییەیان کرد و دەستیان کرد بە سەرزەنشتی ئەلبانییەکان، بەڵام مەبەستیان چین بوو.

## شەڕ لە پێناو جیهانی سێیەمدا

### سی ئای ئەی:

لە رووی تیۆرییەوە ئەیزنهاوەر و دالاس لەگەڵ شەپۆلی کۆتایی هاتنی ئیمپریالیزمدا بوون، بەڵام لە رووی پراکتیکەوە ئاستەنگی زۆریان لەبەردەمدا بوو بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخەکەدا. لە هەڵوێستی چەند سەرکردەیەکی ناسیۆنالیست حاڵی نەدەبوون کە دەیانویست لە نێوان بلۆکی ئەمەریکی و سۆڤێتی یەکێکیان هەڵبژێرن. سەبارەت بە دالاس (کە ئیلهامی لە ئایینەوە وەردەگرت) ڕێگەی سێیەم بوونی نەبوو، تەنها دوو بژاردە هەبوو: باشەکە (ئەمەریکا) بوو، خراپەکەش (سۆڤێت). ئینجا لە بەرئەوەی دالاس خۆی سەرسام بوو بە تیۆری کاریگەری دۆمینۆ لەو باوەڕەدا بوو کە لێکەوتەکان بەو جۆرە دەبن: هەموو ئەو وڵاتانەی کە بەخۆیان دەڵێن بێلایەن (مەبەستی وڵاتانی عدم الانحیازە- وەرگێڕ)، یەک لە دوای یەک دەکەونە ناو باوەشی یەکێتیی سۆڤێتەوە. لە بەر ئەو هۆکارەش جیهانی سێیەم وەکو گۆڕەپانێک بوو بۆ ئەنجامدانی چەندان جۆری ئۆپەراسیۆنی نهێنی کە ئاژانستی هەواڵگری ئەمەریکا (سی ئای ئەی) بە سەرکردایەتی براکەی دالاس (ئەلین دالاس) لە پشتیەوە دەوەستان. لە سەرکەوتوو ترین ئەو ئۆپراسیۆنانەش ئەو کودەتایە بوو کە بەهاوبەشی لەگەڵ دەزگای هەواڵگری بەریتانیا لە ئابی ١٩٥٣ لە ئێران دژی سەرۆک وەزیرانی ناسیۆنالیستی چەپ (محەمەد هیدایەت موسەدەق)[٥٥] ئەنجام درا.

---

٥٥ کودەتا لە دژی محەمەد موسەدەق: سەرۆک وەزیرانی ئێران محەمەد موسەدەق (١٨٨٢-١٩٦٧) پترۆڵی ئیرانی خۆماڵی کرد و هەموو نوێنەرانی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلو ئیرانی دەرکرد. بەریتانیا زۆر نیگەران بوو بەو کارە و سەرەتا ویستی پاڵاوگەی عەبادان کە گەورەترین پاڵاوگەی جیهان بوو لەو کاتەدا و خۆی دروستی کردبوو، داگیر بکات، بەڵام سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا (کلیمنتی ئاتلی)، پێی باش بوو سزای ئابوری ئێران بدات. بەریتانیا و ئەمەریکا پێکەوە لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە کودەتا ئەنجام بدەن. لە ١٩ی ئابی ١٩٥٣ دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا لە ڕێگای گەورە مافیا و چەتەکانەوە ئاژاوەیەکی لە تاران دروست کرد کە نزیکەی ٢٠٠-٣٠٠ کەسی تێدا کوژرا. بەهۆی ئەوەوە موسەدەق دەستگیر کرا و بە تاوانی خیانەتی گەورە لە ٢١-١٢-١٩٥٣ سێ ساڵ حوکم درا. ئەم کودەتایە لە ناو ئەرشیڤی دەزگای هەواڵگری بەریتانیا بە (Operation Boot) ناوی براوە،

بەریتانیا بەرامبەر بە خۆماڵیکردنی نەوت داوای لە ئێران دەکرد قەرەبووی کۆمپانیای ئەنگلۆ ئێرانی بکاتەوە. ئینگلیزەکان سور بوون لەسەر ئەوەی کە پێکەوە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەمەریکا ئەو کارە بکەن، سەرەتا ئاشەسۆن و دواتریش دالاس دوودڵ بوون لەسەر بەشداریکردن لەو ئۆپراسۆنە، چونکە لەو باوەڕەدا بوون موسەدەق وەک بەربەستێکە لە بەردەم فراوان بوونی کۆمۆنیزم.

لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٥٤ ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا بەفەرمانی سەرۆک ئەیزنهاوەر، لە ڕێگای تەقینەوەوە هەستا بە لەناوبردنی سەرۆکی چەپڕەوی گواتیمالا (جاکوبۆ گوزمان). ناوبراو هەستابوو بە ئەنجامدانی ریفۆرمێکی سەرکەوتوو لە بواری کشتوکاڵ. گوزمان هیچ پەیوەندی بە یەکێتیی سۆڤێتەوە نەبوو، چونکە ئەو کاتە سۆڤێت بایەخێکی زۆری بە ئەمریکای باشور نەدەدا. ئەو دوژمنێکی سەرسەختی کۆمپانیای ئەمەریکی (United Fruit) بوو، هەموو زەوییە دەستبەسەراگیراوەکانی ئەوانی دابەشکرد بەسەر جوتیارە هەژارەکاندا. کۆمپانیای ناوبراو شانبەشانی چەندین کۆمپانیای دیکەی ئەمەریکا، بە تەواوی دەستی گرتبوو بەسەر بەشی هەرە زۆری ئابوری گواتیمالا و هیچ ڕێگرییەک لەبەردەمیدا نەبوو. دوای ریفۆرمی کشتوکاڵ لە حوزەیرانی ١٩٥٢ کۆمپانیاکە لە ناوخۆی ئەمەریکا شاڵاوێکی گەورەی دژ بە گوزمان دەستپێکرد و تۆمەتباری کرد بەوەی کە شەڕانگێزێکی کۆمۆنیستە و بە نیازە دەست بەسەر هەموو ئەمریکای باشوردا بگرێت و بە فەرمانی سۆڤێت کەناڵی پەنەماش داگیر بکات. ئەیزنهاوەر و سی ئای ئەی زۆر شانازییان بەو ئەنجامە دڵخۆشکەرانەیە دەکرد کە (ئۆپراسیۆنی سەرکەوتن) بەدەستی هێنا.

---

بەڵام لە ئەمەریکا بە (AJAX Project) ناودێر کراوە. سی ئای ئەی دوای ٦٠ ساڵ و ئازاد کردنی دۆکۆمێنتەکانی ئەو دەمە لە ساڵی ٢٠١٣ بەرەسمی ددانی بەوەدا نا کە خۆی بە بڕیارو ئاگاداری سەرۆک نەخشەی کودەتاکەی داڕشتووە و بەرتیلی داوە بە گەورە سیاسەتمەدارانی ئێران و بەرپرسەکانی ساواک و سوپا. وەرگێڕ.

هەروەها سی ئای ئەی پشتیوانی بزوتنەوە جیاخوازەکانی هەندێ لە سەرکردەکانی سوپای ئیندۆنوسیا کرد لە ساڵی ١٩٥٨ لەبەر ئەوەی دەیانویست سنورێک بۆ دەسەڵاتی سوکارنۆ دابنێن کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن و هاوسۆز بوو لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی ئیندونوسیا. ئەم هەوڵە سەری نەگرت.

## ناسیۆنالیستە عەرەبەکان:

بوونی سۆڤێت لە جیهانی سێیەم بونێکی ئەوتۆ نەبوو. لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە، سۆڤێت هاوسۆزی ئەو وڵاتانە بوو بۆ کۆتایی هێنان بە ئیمپریالیزم، هەروەها خۆشحاڵ دەبوون بە نەمانی هەژموونی دەوڵەتانی کۆلۆنیایست. ئەم راستیەش بە تەنها خۆی وەکو سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ یەکێتیی سۆڤێت. نە ستالین لەسەردەمی خۆیدا و نە خرۆشۆڤ لە ساڵانی سەرەتای سەرۆکایەتیدا، کاریان بۆ ئەوە نەکردبوو کە رژێمی کۆمۆنیستی لە جیهانی سێیەم دروست بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا خرۆشۆڤ لە ساڵی ١٩٥٥ بەدواوە هاوکاری رژێمە ناسیۆنالیستەکانی عەرەبی دەکرد، ئەوانەی دژی ئیمپریالیزم بوون، یاخود دژی ئیمپریالیستە کۆنەکان بوون.

نمونەیەکی بێهاوتای تێنەگەشتنی ئەمەریکا بۆ ناسیۆنالیزمی جیهانی سێیەم، کاردانەوەیان بوو بەرامبەر بە شۆڕشگێڕی میسری جەمال عەبدولناسر. ئەمەریکا و بەریتانیا بەڵێنیان دابوو هاوکاری عەبدولناسر بکەن لە دروستکردنی بەنداوی ئەسوان لەسەر روباری نیل، کەچی لە ساڵی ١٩٥٥ ئەمەریکا فشارێکی زۆری خستە سەر عەبدولناسر بۆ تەڤلی بوون بە پەیمانی بەغداد کە دژی یەکێتیی سۆڤێت بوو و هەریەکە لە ئێران و تورکیا بناغەی سەرەکی پەیمانەکە بوون. عەبدولناسر بە پێچەوانەی خواستی ئەوانەوە لە کۆنگرەی دژە کۆلۆنیالیزمی باندۆنگ (١٨-٢٤ی نیسانی ١٩٥٥) ئامادە بوو، کە دژی کۆڵۆنیالیزەکردنی وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا بوو. ناسر شان بەشانی سوکارنۆی خانە خوێ و جەواهارلال نەهرۆ (Jawaharlal Nehru) بەرگری لە رزگاری و ئازادبوونی دەسەڵات دەکرد لە جیهانی سێیەمدا.

دواتر وەکو پاڵەوانێکی دژە ئیمپریالیست رەفتاری دەکرد: دەبێت هەژموونی بەریتانی و فەرەنسی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نەمێنێت. هەروەها ئامانجی ئەوە بوو هەموو وڵاتە عەرەبییەکان لەژێر باڵی خۆیدا کۆبکاتەوە. هەرچەندە ئەو بێشەرمانە یەکێتیی سۆڤێت و ئەمەریکای لە دژی یەکتر هاندەدا، بەڵام هیچ کات متمانەی بەو دوو زلهێزە ئیمپریالیستە نەبوو. کاتێکیش ئەمریکا چەکی پێنەدا بۆ ئەوەی لە ئەگەری جەنگی دژ بە ئیسرائیل بەرگری لە خۆی پێبکات، لە مانگی ئابی ١٩٥٥دا، لە رێگای چیکوسلۆڤاکیاوە فڕۆکە و تۆپهاوێژی لە روسیا کڕی. هەر بۆ تەواو دڵنیابوونیش لە مانگی مایسدا بە رەسمی دانی نا بە کۆماری گەلیی چین، کە دەکرا ئەویش چەکی پێبدات. ئەمریکییەکان ئیتر باوەڕیان بەوە هێنا کە میسر دەکەوێتە بەرەی سۆڤێت، بۆیە لەگەڵ بەریتانیا هەموو هاوکارییەکانیان بۆ دروستکردنی بەنداوی ئەسوان راگرت. ئەو سەد ملیۆن دۆلارەشی کە بە تەمابوون بە قەرز بیدەنێ لە ١٩ی تەموزی ١٩٥٦ ئەویشیان راگرت، ئەمەش زنجیرەیەک کاردانەوەی بەدوای خۆیدا هێنا.

لە ٢٦ی ئەموزی ١٩٥٦دا ناسر کەناڵی سویسی خۆماڵیکرد، بەوەش زیانی بە بەرژوەندییە داراییەکانی بەریتانیا و فەرەنسا گەیاند. ناسر دەیویست داهاتی ساڵانەی نزیکەی سەد ملیۆن دۆلاری کاناڵەکە بۆ دروستکردنی بەنداوی ئەسوان بەکار بێنێت. سۆڤێتییەکان بەڵێنی قەرزێکی پێنج سەد ملیۆن دۆلارییـان پێدا. بەبێ ئاگادارکردنـەوەی پێشوەختی ئەمەریکا، فەرەنسا و بەریتانیا و ئیسرائیلییەکان پلانێکیان داڕشت بۆ هێرشکردنە سەر ناسر. ئیسرائیلییەکان لە رۆژی ٢٩ی ت١ هێرشیان کرد، فەرەنسی و بەریتانییەکانیش لە ٣١ی مانگ. لە رۆژانی ٦ تا ٩ی ت٢ بۆ ئەوەی کاناڵی سوێس لە هێرشی لایەنە شەڕکەرەکان بپارێزن، دابەزینیان ئەنجامدا. سۆڤێت دەستبەجێ لایەنگری ناسری کرد و داوای کشانەوەی سوپا هێرشبەرەکانی کرد، دۆخەکە زۆر ئاڵۆز بوو، بە تایبەتی ئەوکاتەی کە خرۆشۆڤ لە رۆژی ٥ی ت٢ هەڕەشەی بۆردومانی بەریتانیا و فەرەنسای کرد بە بۆمبی ئەتۆم.

ئەیزنهاوەر کە تازە لە هەڵبژاردنەکانی ٦ی مانگ بۆ خولی دووەمی

سەرۆکایەتی سەرکەوتنی بەدەستهێنا بوو، زۆر تورە و نیگەران بوو لە هاوپەیمانە فەرەنسی و بەریتانی و ئیسرائیلییەکانی و زۆر ترین فشاری خستە سەریان، بۆیە ئەوانیش ناچار بوون لە ٧-٨ی مانگی ت٢ی ١٩٥٦ هێرشەکان رابگرن. فەرەنسا و بەریتانیا بۆیان دەرکەوت کە هەرگیز ناتوانن بە تەواوی دەست بگرنەوە بەسەر کاناڵەکەدا، بەڵام ئیسرائیل ئامانجەکەی خۆی بەدەستهێناو توانی ئامێرە جەنگییە نوێیەکانی میسر تێکوپێک بشکێنێت.

ئەیزنهاوەر توانی فتیلی ناو بەرمیلە بارودەکەی میسر بکوژێنێتەوە، عەبدولناسر دەستبەجێ سوپاسی کرد. سەرۆکی ئەمەریکا لەگەڵ ناسر ئاش نەبۆوە، بەڵام ویستی سەرلەنوێ هاوڕێیەتی بەریتانی و فەرەنسییەکان بەدەست بێنێتەوە. لە ک٢ی ١٩٥٧ ئەیزنهاوەر دۆکترین (عەقیدە)ی خۆی لەمەڕ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست راگەیاند. ئەو ناوچەیەی کە لە ساڵی ١٩٥٥دا نزیکەی ٩/١٠ی پێداویستییە پەترۆڵییەکانی خۆرئاوای دابین کردووە و لە ساڵی ١٩٥٣دا رێژەی ٧٠٪ی ئەو پێداویستیانە کۆمپانیا ئەمریکییەکان بەکاریانهێناوە، دەبێت بەهەموو شێوازێک لە دژی فراوانبوونی کۆمۆنیزم، بەرگرییان لێبکرێت، بەڵام ئەیزنهاوەر نەیدەتوانی جیاوازی بکات لە نێوان ناسیۆنالیزمی عەرەبی و کۆمۆنیزم، بەهەڵە لەوە دەترسا کە وەرگرتنی هاوکارییەکانی سۆڤێت، ناسیۆنالیستە عەرەبەکانی وەکو عەبدولناسر خۆڕسکانە بکەونە باوەشی سۆڤێتەوە و لە کۆتاییدا ببنە کۆمۆنیست. ئەمەریکا تەنها لە عەرەبستانی سعودیە و ئەردەن توانی جێپێیەک بۆ خۆی بکاتەوە.

لە ١٥ی تەموزی ١٩٥٨ ئەمریکا سەربازەکانی خۆی لە کەنارەکانی لوبنان دابەزاند. ناسیۆنالیستە عەرەبەکان لە ١٤ی تەموزدا رژێمی پادشایەتی لایەنگری بەریتانیایان لە عیراق روخاند. ئەمریکییەکان بەهەڵە هەڵسەنگاندنیان بۆ دۆخە کرد، دەترسان لەوەی کە لوبنان و ئەردەنیش وێرای عێراق بکەونە ناو بازنەی هێرشەکانی سۆڤێتەوە. بۆ پشتیوانی کردنی حکومەتە دۆستەکانی خۆیان، ئەمەریکا ١٤ هەزار سەربازی نارد بۆ لوبنان و بەریتانیاش هاوکاریی سەربازی دا بە ئەردەن. لە کۆتایی ت١ی ١٩٥٨ دوای

ئەوەی کە هیچ دەستێوەردانێکی سۆڤێت بەدی نەکرا، هێزەکانی ئەمەریکا کشانەوە.

## ڤێتنام:

کەم ئاڵۆزی هەبووە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، چارەسەرکردنی ئەوەندە گران بووبێت وەک ئەو ئاڵۆسکانەی کە ئیدنۆ- چینی (ڤێتنام- وەرگێڕ) دووچاری هاتبوو. ساڵی ١٩٤٩ فەرەنسا کە دەستی بەسەر بەشی باشوری ڤێتنامدا گرتبوو، لە چوارچێوەی فیدرالیزمێکی فەرەنسیدا مافی ئۆتۆنۆمی لەژێر رابەرایەتی باو دای (Bao Dai) بەخشی بەو بەشەی وڵات، لەو لاشەوە بەردەوام بوو لە جەنگدا لە دژی کۆمۆنیست و ناسیۆنالیستەکانی باکور. جەنگێکی ناکام و بێ هیوا بوو. کاتێک کە لە نیسان و مایسی ١٩٥٤ ئۆردوگایەکی فەرەنسییەکان لە دیان بیان فۆ[٥٦] (Dien Bien Phu) ئابلوقە درابوو. ئەیزنهاوەر و دالاس رازی بوون بەوەی کە ئەمریکا هێزەکانی بنێرێت بۆ بەشداری لە شەڕەکەدا، بەو مەرجەی کە بەریتانیا و نیوزلاند و ئوستralیاش هەمان کار بکەن. چەرچڵ شەڕەکەی بە بێهودە و دۆڕاو دەزانی بۆیە قایل نەبوو هێز رەوانە بکات. سەرەنجام لە ٨ی مایسدا دیان بیان فو کەوت.

لە ٢١ی تەموزی ١٩٥٤، کۆنگرەی جنێف بڕیاریدا بە شێوەیەکی کاتی ڤێتنام دابەش بەکات بەسەر دوو بەشی باکور و باشور و هێڵی پانی ١٧ وەک سنوری نێوانیان دیاری بکات و دواتر هەتا تەموزی ١٩٥٦ هەڵبژاردنێکی

[٥٦] شەڕێکی یەکلاکەرەوە بوو لە نێوان ڤێتنامییەکان و هێزە داگیرکەرەکانی فەرەنسا. چین رۆڵی یەکلاکەوەی لەم شەڕەدا بینی. دەزگای هەواڵگری چین توانیبووی پلانی ستراتیژی فەرەنسا لە ئۆردوگاکە ئاشکرا بکات و هەموو دۆکیومێنتەکانی بدات بە هۆشی منە. ڤێتنامییەکان لە ١٣ی مارتی ١٩٥٤ دەستیان بە هێرشەکانیان کرد و زیانێکی یەکجار زۆریان لە فەرەنسییەکاندا. شەڕ هەتا ٧ی مایسی ١٩٥٤ درێژەی هەبوو. لەو رۆژەدا دوا سەنگەرەکانی فەرەنسیەکان داگیرکران و ئاڵای ڤێتنام بەرز کرایەوە. ئەم شەڕە لە مێژوودا بۆ ڤێتنامییەکان لاپەڕەیەکی پرشنگدارە و توانییان فەرەنسییەکان بە تەواوی تێک بشکێنن. وەرگێڕ.

دیموکراتیانە و ئازاد لە هەموو ڤێتنامدا بکرێت و حکومەتی یەکگرتوو دروست بکرێت. فەرەنسا سەربەخۆیی بەخشی بە لاوس و کەمبۆدیا و ڤێتنام. لەو سەروبەندەدا هێشتا باکوری ڤێتنام بەدەست کۆمۆنیستەکانی بەرەی "ڤیت مین" ەوە بوو. لە بنەڕەتدا ئەوانە تێکەڵەیەکی ناسیۆنالیستیی جۆرا و جۆر بوون، کە لە کاتی جەنگدا، دژی یابانی و فەرەنسییەکان شەڕیان دەکرد. ڕاستەوخۆ لە دوای کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانییەوە سەرکردەی نیشتمانی و کۆمۆنیست هۆ شی من (Ho Tsji Minh) کە پێشتر لەگەڵ سی ئای ئەی هاوکار بووە لە جەنگی دژ بە یابان، داوای لە ئەمەریکا کرد لە دژی ئیمپریالیزمی فەرەنسی هاوکارییان بکات.

ئەمریکییەکان دوودڵ بوون، ڕۆزفلت دەیویست ڤێتنام سەربەخۆ بێت، بەڵام ترۆمان حەزی بەوە نەبوو خراپە لەگەڵ فەرەنسیەکان بکات، بەڵام لەلایەن سۆڤێت و کۆمۆنیستەکانی چینەوە هاوکاری کران – هەرچەندە کەمیش بوو- بۆیە زۆر بە خێرایی کۆمۆنیستەکان دەستیان بەسەر بەرەی ڤێت مینەدا گرت. ئاشسۆن بڕیاریدا بە هەموو شێوەیەک هاوکاری فەرەنسییەکان بکات لە دژی کۆمۆنیستەکان. ئەیزنهاوەر و دالاسیش هەمان ئەو سیاسەتەیان پەیڕەو کرد، چونکە لەو باوەڕەدا بوون ئەگەر ڤێتنام بکەوێتە دەستی کۆمۆنیستەکان ئەوا باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هەر هەمووی دەبێتە کۆمۆنیست، بۆیە کاریان بۆ ئەوە دەکرد کە لە ڤێتنامی باشور وڵاتێکی دژە کۆمۆنیست دروست بکەن.

ئەیزنهاوەر و دالاس تەواو پێچەوانەی خواستی فەرەنسییەکان نگۆ دینیە دیم (Ngo Dinh Diem) یان کردە سەرۆک وەزیرانی ڤێتنامی باشور. ترسی فەرەنسییەکان لە جێگای خۆیدا بوو، چونکە زۆرینەی بوداییەکان کەسێکی کاتۆلیکیان پەسەند نەبوو وەک سەرۆک وەزیران، بەڵام لە بەر ئەوەی بێهودە ببوون لە جەنگ، لە پایزی ١٩٥٤ لە ڤێتنام کشانەوە. "دیم" لە خێزانێکی بەناوبانگی کۆن و دیار بوو. لە ساڵانی جەنگدا لە ئەمەریکا لە خوێندنگەیەکی پەروەردەیی کاتۆلیک خوێندبووی. لە ٢٦ی ت١ی ١٩٥٥ بوو بە سەرۆک وەزیرانی وڵات، لەدوای ریفراندۆمێکی ساختە ئاوی کردە ژێر

ئیمپراتۆر و خۆی بوو بە سەرۆک. دیم دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی خێزانیی بەڕێوە دەبرد کە براکەی خۆی (نگۆ دهین نهو) وەزیری ناوخۆ، ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا، هەروەها ژنەکەشی خاتوو(نهۆ) کاریگەری زۆری بەسەر سەرۆکەوە هەبوو. برایەکی دیکەی دیم بە ناوی "مگر نهۆ دهین" سەرۆکایەتی کەنیسەی کاتۆلیکی ڤیێتنامی دەکرد.

"دیم" بە ڕەزامەندی ئەمەریکا ڕێکەوتنەکەی جنێفی تێکدا، چونکە ترسی ئەوەی هەبوو "ڤێت مین" هەڵبژاردنەکان بەرێتەوە. ئەو نەیتوانی متمانەی خەڵکی بەدەست بێنێت، پەنای برد بۆ داپڵۆسین و سەرکوتکردنی خوێناوی. سەرۆک نەک تەنها کۆمۆنیست و کەسانی گومانلێکراوی سەرکوت دەکرد، بەڵکو پەلاماری زۆرینەی بوداییەکانیشی دا. وێڕای ئەو ڕێبازە نا دیموکراسییە، ئەمەریکییەکان بەردەوام بوون لە پشتیوانیکردنی دیم، چونکە لەو باوەڕەدا بوون کە ئەو تاکە سەرکردەیە بتوانێت بەر بە کۆمۆنیستەکان بگرێت. پارەی زۆر و زەوەندی ئەمەریکا بە زۆری بۆ دژایەتیکردنی کۆمۆنیستەکان سەرف نەکرا، بەڵکو لە پێناوی کۆنترۆڵکردنی ئۆپۆزیسیۆندا سەرف کرا. ئەیزنهاوەر دەیویست تەنها ٧٠٠ ڕاوێژکاری ئەمەریکی لەوێ بمێننەوە.

لە نێوان ساڵانی ١٩٥٤- ١٩٥٩ ڤیێتنامی باکور تەنها بە شێوەی زارەکی وەڵامی پێشێلکارییەکانی ڕێکەوتنی جنێفی دەدایەوە. نە یەکێتیی سۆڤێت و نە چین کاتەکەیان بە گونجاو نەدەزانی کە ئەمەریکا توڕە بکەن بەوەی ڤیێتنامی باکور هێرش بکاتە سەر باشور. کۆمۆنیستەکانی ڤیێتنامی باکور ئەندامانی حزبەکەی خۆیانیان لە باشور هاندەدا کە لەم قۆناغەدا دان بە خۆیاندا بگرن و بێدەنگ بن. لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی ١٩٥٧ ە وە، ڕاپەڕینەکان لە دژی دیم سەریانهەڵدا، ئەویش بە دەستگیرکردن و لە سێدارەدان و زیندانیکردنی دەیان هەزار کەس وەڵامی دەدانەوە. لە ساڵی ١٩٦١دا نزیکەی ١٢٠ هەزار کەسی ئۆپۆزیسیۆن لە کونجی زیندانەکاندا توند کرابوون و ٣٢ هەزاریش لە سێدارە درابوون. ئەمریکییەکان هەستان بە ڕێکخستنی ڕێپێوانی جەماوەری زۆر گەورە لە نێو جوتیارەکاندا، بۆ ئەوەی لایەنگرانی دیم پیشان بدەن و جیایان بکەنەوە لە ئۆپۆزیسیۆن. ڤیێتنامییەکانی باکور لەوە دەترسان کە

شەڕەکە بدۆڕێنن لەگەڵ دیم، بۆیە لە ١٣ ک٢ی ١٩٥٩ دا دەستیان کرد بە ڕەوانە کردنی هێز بۆ باشور. لە مانگی ک١ی ١٩٦٠ هاوپەیمانییەک لە نێوان هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان لە دژی دیم بە ناوی بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی (NLF) دروستکرا، بەڵام لە لایەن ئەمریکییەکانەوە ناوی ڤیتکۆنگ (Viet cong)ی لێنرا. ئەم هاوپەیمانییە بێگومان لە ژێر باندۆری ڤێتنامی باکوردا بوو، کە بەردەوام جەنگاوەری کۆمۆنیستی دەنارد بۆ باشور بە ئامانجی یەکخستنەوەی هەردوو ڤێتنامی باکور و باشور لە ژێر سایەی ڕژێمی کۆمۆنیستی هانۆی. ئامانجێکی دیکەی ئەو بەرەیە ئەوە بوو کە حکومەتێکی کوالیسیۆن لە باشور دروست بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ باکور دانوستان لەسەر یەکگرتنەوە و بێلایەن بوون بکات، بۆیە دەیویست ڕێکەوتنی جنێف جێبەجێ بکات و لاوس و کەمبۆدیاش بخاتە ناو پرۆسەی ئاشتی بۆ ئەوەی ئەوانیش دواجار ببنە دوو وڵاتی بێلایەن.

ڤێتنامی باکور هاوکاری هەریەکە لە چین و سۆڤێتی وەردەگرت، بەڵام ناشێت قسە لەسەر پیلانێکی چینی – سۆڤێتی بکرێت. سۆڤێتییەکان لە سەرەتادا هەوڵیاندا هۆشی منە قایل بکەن بەوەی ڤێتنام بە ڕێگا چارەی ئاشتیانە و لە ڕێگای دانوستانەوە یەکبخەنەوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٦٠ ە وە، ماو هانی دەدا کە بە جەنگ ئەو کارە یەکلا بکاتەوە، هەر بۆیە چین هاوکارییەکانی بۆ خەباتی چەکدارانە لە دژی دیم چڕکردەوە. سۆڤێتییەکان هەستیان بەوە کرد کە دەبێت ئەوانیش هاوکارییەکانیان بۆ هۆشی منە زیاد بکەن و هانی بدەن بۆ شەڕ. سەرەنجام سۆڤێت لەوە دەترسا کە چین لە ڕێگای هەڵڕشتنی هاوکارییەکانیان بتوانن بە تەواوی ڤێتنام بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و سۆڤێت لە گەمەکە بکەنە دەرەوە.

## سیاتۆ و سەنتۆ

لە ساڵی ١٩٥٤ دالاس دەستپێشخەری دامەزراندنی پشتێنەیەکی بەرگری ئاسیایی کرد لە دژی کۆمۆنیزم: (Southest Asia Treaty Organisa-tion) پەیمانی بەرگریی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، کە بە کورتکراوەیی بە

(SEATO) ناوی دەبرێت، جگە لە بەریتانیا و فەرەنسا، ئوستورالیا، نیوزلاند، تایلاند، فیلیپین و پاکستان (هەتا ساڵی ١٩٦٨). هەرچەندە دەوڵەتانی سەر دورگەی هندی چینی (ڤێتنام، کەمبۆدیا، لاوس) ئەندام نەبوون تێیدا، بەڵام هەتا ساڵی ١٩٧٧ لە چوارچێوەی بەندەکانیدا بوون.

االی دواتر پەیمانی بەغدا هاتە ئاراوە کە بە پەیمانی سەنتۆ (Central Treaty Organisation, CENTO). پەیمانی سەنتۆ (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) بۆ بەستنەوەی پەیمانی ناتۆ (خۆرئاوای ئەوروپا) و سیاتۆ (باشوری ئاسیا) دروست کرا، ئامانجەکەش ئەوە بوو کە یەکێتیی سۆڤێت بە پشتێنەیەکی بەرگری ئابلوقە بدرێت. سەنتۆ عیراق و تورکیاشی تێدا بوو هەتا ساڵی ١٩٥٩، هەروەها ئێران و پاکسان و بەریتانیاش، لە سەریشەوە ئەمەریکا ئەندامێکی بەشداربووی پەیمانەکە بوو. سەنتۆ لە ساڵی ١٩٧٩ بە چوونە دەرەوەی ئێران و پاکسان هەڵوەشایەوە[٥٧].

## کوبا:

سیاسەتی ئەمەریکا لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ کوبا بە گشتی کەمتر سەرکەوتوو بوو. لە ١٧ی شوباتی ١٩٥٩ شۆڕشگێڕی ناسیۆنالیستی چەپڕە و فیدل کاسترۆ (Fidel Castro) هاتە سەر دەسەڵات. ویستی وڵاتەکەی لە هەژاری رزگار بکات و پشتبەستنی ئابوریی وڵاتەکەی بە ئەمەریکا کەم بکاتەوە. مافیای فلۆریدای ئەمەریکا لە هاڤانای پایتەختی کۆبا جێگیر بوو. هاڤانا ببووە یەکێک لە بەناوبانگترین پایتەختەکانی دنیا.

بەرهەمی شەکر، تا ڕادەیەکی زۆر تاکە بەرهەمی کوبی بوو کە بە ڕێژەی ٤٠٪ لە ژێر دەستی خاوەن زەوییە ئەمریکییەکاندا بوو، ئەویش لە پاشەکشەدا بوو. ئەمریکییەکان ٨٠٪ی شوێنە گشتییەکان و ٩٠٪ کانەکانیشیان بەدەستەوە بوو. لە ١٧ی مایسی ١٩٥٩ کاسترۆ یەکەم ریفۆرمە هێواشەکانی کشتوکاڵی راگەیاند. ئەمەریکا دەیزانی کاسترۆ کۆمۆنیست نیە، بەڵام ترسی

---

٥٧ عێراق بە هۆی کودەتای ساڵی ١٩٥٨ی عەبدولکەریم قاسم و ئێرانیش بەهۆی روخانی حکومەتی پادشایەتی لە ساڵی ١٩٧٩ لە سەنتۆ چوونە دەرەوە. وەرگێڕ.

لە بێلایەنییەکەی هەبوو، بۆیە سی ئای ئەی نەخشەی بۆ لابردنی دانابوو. ساڵی ١٩٦٠ پیلانێک لە لایەن ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا و مافیاکان بە مەبەستی کوشتنی کاسترۆ جێبەجێکرا. هەوڵەکان سەریان نەگرت و چەندین جاری تریش هەوڵەکان شکستیان هێنا. لە هەمان ساڵی ١٩٦٠ کاسترۆ هەستا بە خۆماڵیکردنی زەوی و زار و موڵک و بانک و دامەزراوە پیشەسازییەکان، ئەمەریکاش ڕاستەوخۆ کاردانەوەی نواند و یەکسەر هاوردەکردنی شەکری کوبی و ناردنی شمەکی ئەمەریکای بۆ کوبا قەدەغەکرد. یەکێتیی سۆڤێت ڕاستەوخۆ هاتە پێشەوە و نیوەی بەرهەمی شەکری کوبای کڕی و سەد ملیۆن دۆلاریشی بە قەرز پێدا. لە ٣ی ک٢ی ١٩٦١ ئەمەریکا پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی خۆی لەگەڵ کوبا بڕی، هەزاران تەکنیکار و ڕاوێژکاری سەربازی سۆڤێتیی ڕژانە ناو وڵاتەوە.

بۆ ئەیزنهاوەر ئەوە خەوێکی ناخۆش بوو: یەکێتیی سۆڤێت لەبەردەم دەرگاکانی فلۆریدا بۆی قوت بۆتەوە، ئێستا ئیتر دەبێت سی ئای ئەی جارێکی تر دەست بە جوڵە بکاتەوە. سوپایەکی ١٥٠٠ نەفەری لە پەنابەرانی کوبی ئامادەکران، ئامانجەکەش ئەوە بوو کە ئەمانە هاوکات لەگەڵ گوایە "ناڕەزایی فراوانی خەڵک" بتوانن هێرش بکەن و ڕژێمەکەی کاسترۆ بڕوخێنن. لە ١٧ی نیسانی ١٩٦١ لە یەکەمین مانگی دەستبەکاربوونی جۆن کینیدی (John F. Kenedy)، کە زۆر بە کەفوکوڵ بوو بۆی، پیلانەکە جێبەجێ کرا، بەڵام دووچاری شکستێکی تاڵ بوونەوە، چونکە سەرباری ئەوەی نەخشەکە تێکچوو، کاسترۆ خۆشی ئاگای لە هەموو شتێک بووە.

دەرەنجامی ئەوەش ئەوە بوو کە کاسترۆ لەو کاتەوە چاوەڕوانی هێرشێکی تازە و بەهێزتری دەکرد، بۆیە زۆر پتەوتر لە جاران خۆی بەستەوە بە یەکێتیی سۆڤێتەوە. لە ١٦ی نیسانی ١٩٦١ واتە ڕۆژێک بەر لە (قەیرانی کەنداوی بەرازان)[٥٨] کاسترۆ بوو بە سۆشیالیست. ئامانجی ئەوەش بە پلەی یەکەم ئەوە بوو کە پابەندبوونی سۆڤێت مسۆگەر بکات بۆ بەرگریکردن لە

٥٨ قەیرانی کەنداوی بەرازان لە بەشی داهاتوودا وردتر باسی کراوە، بۆیە بە پێویستم نەزانی پەراوێزی تایبەتی بۆ دابنێم. وەرگێر.



ڤیدل کاسترۆ

کوبا لەدژی هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی. کاسترۆ لە ١ی ک١ی ١٩٦١ ئینجا ئاشکرای کرد کە ئەو بۆتە کەسێکی مارکسی – لینینیست. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە داخۆ ئەمەریکا خۆی بە دەستەکانی خۆی کاسترۆی هەڵنەداوەتە ناو باوەشی یەکێتیی سۆڤێت؟ کاسترۆ لە ماوەی نێوان ١٩٥٩–١٩٦٠ زۆر هەوڵیدا دانوستان لەسەر خۆماڵیکردنەکان بکات بەڵام ئەمەریکا وەڵامی نەدایەوە. ئەوەشی کە تایبەتە بە کوبا دیسانەوە ئەوەیە کە بەرپرسەکانی ئەمەریکا بە روون و ئاشکرایی نەیاندەتوانی جیاوازی بکەن لە نێوان ناسیۆنالیست و کۆمۆنیستەکان.

## سەرلەنوێ قەیرانی بەرلین و پڕچەککردن و چەکداماڵین

هەرچەندە ئەیزنهاوەر خۆی ژەنراڵ بوو، بەڵام رێگای بەخۆی نەدا بخزێتە نێو پەتای چەکوچۆڵەوە. لە ماوەی ١٩٥٥–١٩٥٦ ترسێکی زۆر نێوەندەکانی هێزی ئاسمانیی ئەمەریکای گرتبۆوە، گوایا لە نیوەی ساڵی ١٩٥٩ یەکێتیی سۆڤێت لە بواری رۆکێتی دوورمەودا باڵا دەستی تەواوی دەبێت. ئەیزنهاوەر خۆی نەشڵەژاند و لەسەر باوەڕی خۆی مکوڕ بوو، رێگای نەدا بەرهەمی رۆکێتی ئەمەریکی زیاد بکرێت. ئەو گەشتانەی کە فڕۆکە سیخوڕییەکانی

(U2) لە تەموزی ١٩٥٦ ە وە بەسەر یەکێتیی سۆڤیەتەوە ئەنجامیان دەدا زۆر بە روونی سەلماندیان کە ئەیزنهاوەر ڕاستی کردووە و ئەو جیاوازییە زۆرە تەنها لە خەیاڵی ژەنراڵەکانی هێزی ئاسمانیی ئەمەریکا بوونی هەیە.

کاتێ یەکێتیی سۆڤیێت لە ٤ی ت١ی ١٩٥٧ یەکەم مانگی دەستکردی خۆی (سپۆتنیک)ی بۆ بۆشایی ئاسمان هەڵدا، ترس و تۆقین لە نێوەندە سەربازی و سیاسییەکانی ئەمەریکا گەیشتە ئاستێکی زۆر ترسناک. ئەمەش بە واتای ئەوە بوو کە یەکێتیی سۆڤیێت ئێستا رۆکێتی دوور مەودای هەیە لە جۆری (ICBM’s)، بەمەش ئیتر ئەمەریکا چیدیکە ناتوانێت بەرامبەر بە هێرشی ئەتۆمی بەرگری لە خۆی بکات. رۆکێتە ناوەند و دوور مەوداکانی ئەمەریکا کە ژمارەیان دوو هەزار دانە بوو، لە پڕێکدا کۆن بوون و دەکرا ببنە پارویەکی چەور لەبەردەم (یەکەم هێرشی کتوپڕ) ی سۆڤیێت. بەوجۆرە ئەمەریکا دەستەوەستان دەبوو، توانای وەڵامدانەوەی نەدەما و دوواجاریش دەبەزی. هاوپەیمانەکانی ناتۆش تۆقیبوون، چونکە لە بارودۆخێکی لەو شێوەیەدا ئەمەریکا خۆی ناخاتە بەر مەترسی و بە چەکی ئەتۆم بەرگری لە ئەوروپای خۆرئاوا ناکات، کەواتە ئەوروپای رۆژئاواش لەژێر رەحمەتی سۆڤیێتدا دەبێت. ئەیزنهاوەر لەسەر باوەڕی خۆی سور بوو، پێی وانەبوو کە جیاوازی نێوانیان زۆر بێت. هەر واش دەرچوو، لە ک١ی ١٩٥٧ یەکەم رۆکێتی دوور مەودای ئەمەریکا (ئەتلاس) هەڵدرا. لە ئابی ١٩٦٠ بەدواشەوە ئەمەریکا مانگی دەستکردی (دیسکەڤەر)ی هەڵدا، کە یەکەمین مانگی دەستکردی سیخوڕی بوو. جگە لەوەش هەر یەکە لە تیتان (Titan) و مینوتمان (Minuteman) لەژێر پەرەپێداندا بوون، هەروەها ژێر دەریایی پۆلاریس (Polaris) خرایە کارەوە، کە ژێردەریاییەکی تایبەتی ئەتۆم بوو.

هەرچەندە کاندیدی سەرۆکایەتی کۆمار"کینیدی" زۆر باش بابەتەکەی دەزانی، بەڵام بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ١٩٦٠ پرسی لاوازیی ئەمەریکای لە بواری رۆکێتی دوور مەوداوە بە تەواوی قۆستەوە. راپۆرتی ئاژانسی هەواڵگریی ئەمەریکا "سی ئای ئەی" لە رۆژی٢١ی ئەیلولی ١٩٦١ زۆر بە

روونی ئەو شتەی خستۆتە روو کە زۆر دەمێک بوو لایان ئاشکرا بوو، ئەویش ئەوەیە کە سۆڤێت تەنها ژمارەیەکی زۆر کەمی لە رۆکێتە دوور مەوداکان هەبوو.



دیگۆل لە پێشوازی ئەیزنهاوەردا

خرۆشۆف زۆر لەو بڕیارەی ئەنجومەنی ناتۆ دەترسا کە لە ک١ی ١٩٥٧ دەرچوو، تایبەت بوو بە بڵاوکردنەوەی رۆکێتی مەودا ناوەند لە ئەوروپای رۆژئاوا، بە تایبەتیش لە ئەڵمانیا. ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بەو پێشنیازانە قایل نەبوون کە پێشتر بۆ کەمکردنەوەی چەکی ئەتۆم پێشکەشی کردبوو. خرۆشۆف بۆ ئـەوەی ئەو بابەتە بخاتەوە بـەردەم گفتوگۆ، بارودۆخی بەرلینی رۆژئـاوای قۆستەوە. بەرلینی رۆژئـاوا وەک ناوچەیەکی نامۆ لە

ناوەڕاستی ئەڵمانیای دیموکراتدا بوو. بەرلینی ڕۆژئاوا مۆدێلێکی نمونەیی بوو بۆ سەرمایەدارییەکی گەشەسەندوو کە دەسەڵاتدارانی سۆڤێت و ئەڵمانیای دیموکراتی توڕە دەکرد. بەهۆی بەرزی ئاستی بژێوی و سیستەمە دیموکراتەکەیەوە، لە کۆماری ئەلمانیای دیموکراتەوە نزیکەی دوو ملیۆن کەس هەڵهاتبوون بۆ ڕۆژئاوا. لە ساڵی ١٩٥٨دا ناوچەیەکی قەدەغەکراو هەبوو لە نێوان هەردوو کۆماری ئەڵمانیا، بەڵام لە بەرلین چون و هاتن لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئازاد بوو. بەشی هەرە زۆری پەنابەرەکان لە بەرلینەوە دەپەڕینەوە و هەڵدەهاتن. لە ٢٧ی ت٢ی ١٩٥٨دا خرۆشۆڤ لە ژێر کاریگەری "واڵتەر ئۆڵبرێشت" دوو یاداشتی پێشکەش بە داگیرکەرە خۆرئاواییەکانی بەرلین کرد. خرۆشۆڤ داوای دانوستانی بەپەلەی کردبوو بۆ تاوتوێکردنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ئەڵمانیا و دامەزراندنی شارێکی ئازاد لە بەرلینی ڕۆژئاوا. هەروەها یاداشتی کردبوو کە ئەو لەمەودوا ڕێگا بە کاری تێکدەرانە و پروپاگەندە لە دژی ئەڵمانیای دیموکرات نادات، لە ماوەی شەش مانگدا ئەگەر دانوستانەکان سەرنەکەوتن، ئەوا هەموو ئەو ڕێگایانەی کە دەبەسترێنەوە بە ئەڵمانیای دیموکراتەوە دادەخات. خرۆشۆڤ لەو باوەڕەدا بوو کە خۆرئاوا ناچار دەبێت دان بە ئەڵمانیای دیموکراتدا بنێت ئەگەر نا ئەوە هەموو ڕێگاکانی بەرلینی ڕۆژئاوا دادەخات.

ئەمەریکا و ئەڵمانیای ڕۆژئاواو هاپەیمانەکانی دیکەی ناتۆ لەو باوەڕەدا بوون ئەگەر بێتو بچنە ژێر باری ئەو هۆشدارییەی سۆڤێت، ئەوا کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات دوای ماوەیەک دەست بەسەر بەرلینی ڕۆژئاوادا دەگرێت، لەبەر ئەوە دۆخەکە ئاڵۆز بوو. سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا هارولد ماکمیلان (Harold Macmillan) بە دبلۆماسیەتی شەخسی خۆی توانی ئاوێک بە ئاگرەکەدا بکات. داواکەی خرۆشۆڤیان لە گرێدانی کۆنگرەیەک بەبێ سنوردارکردنی کاتەکەی، بەجێهێنا. لە ماوەی نێوان ١١ی مایس هەتا ٥ی ئابی ١٩٥٩ وەزیرانی دەرەوەی چوار دەوڵەتەکە لە جنێف کۆبوونەوە. هیچ ڕێکەوتنێک نەکرا، بەڵام دەنگوباسێکی سەمەرە ڕاگەیەندرا: خرۆشۆڤ لە مانگی ئەیلول سەردانی ئەمەریکا دەکات. هۆشداریەکە لە بیرکرا!

سەردانەکەی ئەمەریکا لە نێوان ١٥ بۆ ٢٧ی ئەیلولی ١٩٥٩ وەکو سەرکەوتنێکی پاگەندەیی بوو بۆ خرۆشۆڤ. گفوگۆکان لەگەڵ ئەیزنهاوەر لە کامپ دەیڤد هیچی ئەوتۆی لێسەوز نەبوو، تەنها ئەوەندە نەبێت کە ڕێکەوتنێک کرا لەسەر ڕێکخستنی کۆنگرەیەک لە ساڵی ١٩٦٠ بۆ تاوتوێکردنی پرسە ئاڵۆزەکان.

لە ١٨ی ئەیلولی ١٩٥٩ خرۆشۆڤ پێشنیازەکەی خۆی بۆ چەکداماڵین پێشکەش بە نەتەوەیەکگرتووەکان کرد. تیایدا پێشنیازی کردبوو کە لە ماوەی چوار ساڵدا هەموو وڵاتانی دنیا چەک داماڵن. ناوچەیەکی خاڵی لە چەکی ئەتۆم لە ئەوروپا و پەیماننامەی هێرشنەکردنە سەر یەکتر لە نێوان هەردوو پەیمانی ناتۆ و وارشۆ لە نێوان خاڵەکاندا بوو. پێشنیازەکەی خرۆشۆڤ زیاتر شۆڕشگێڕانە دەهاتە بەرچاو، بۆیە بە جدی تەماشا نەکرا و وەک پاگەندەیەکی خرۆشۆڤ سەیری دەکرا. پێشنیازە بەردەوامەکانی خرۆشۆڤ بۆ چەکداماڵین بەڵگەی باڵادەستی ڕەهای سەربازیی خۆرئاوا و ترسێکی زۆری ئەو بوو لە جەنگی ئەتۆم. لە ڕاستیدا خرۆشۆڤ هاوشێوەی ئەیزنهاوەر باوەڕی وا بوو کە جەنگ هیچ بەهایەکی ئەوتۆی نیە، چونکە چەند سەد دانەیەک لە کڵاوەی ئەتۆمی بەسن بۆ ئەوەی بەرپەرچی دوژمن بدرێتەوە. خرۆشۆڤ دەیویست قەبارەی سوپای پیادەی سۆڤێت بە یەکجاری کەم بکاتەوە. ئەو دەیویست تەنها بەشی ئەوەندە هێزی سەربازی و ئەتۆمی هەبێت کە بتوانێت ئەمەریکا لە هێرشکردن رابگرێت.

بە پێچەوانەی خواستی ژەنراڵەکانیەوە، لە دوای مردنی ستالینەوە، سوپای سۆڤێتی کەمکردەوە لە ٥.٤٠٠.٠٠٠ بۆ ٣.٢٠٠.٠٠٠، وەکو پاساوێکیش بۆ ئەو کارە، ژەنراڵەکانی بەوە دەخەڵەتاند کە سۆڤێت لە بواری ئەتۆمدا باڵادەستی هەیە بەسەر ئەمریکاوە. ئەم گەمە کردنەی پۆکەر ئاسایەی خرۆشۆڤ شانازییەکی زۆریشی بەوە تێدا بوو کە گوایا ڕۆکێتەکانی سۆڤێت زۆر بە درشتی ئامانج دەپێکێن، لە ڕاستیدا ئەو شتە هەر بوونی نەبوو!. لە ١٢ی ک٢ی ١٩٦٠ جارێکی تر کەمکردنەوەی ١.٢٠٠.٠٠٠ سەربازی لە ماوەی سێ ساڵدا ڕاگەیاند. خرۆشۆڤ بە درۆ بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە بەرهەمی

بەردەوامی ڕۆکێتە ستراتیژییە دوور مەوداکان قەرەبووی ئەوە دەکەنەوە، لە کاتێکدا بە هیچ شێوەیەک سۆڤێت تا ماوەیەکی درێژی داهاتوش بۆ ئەو کارە ئامادە نەبوو.

کۆنگرەی چوار وڵاتە گەورەکە لە ١٦ی مایسی ١٩٦٠ لە پاریس کە تایبەت بوو بە قەدەغەکردنی تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکان لە بەرگە هەوا و کێشەی ئەڵمانیا و چەندین پرسی دیکەی ئاڵۆز، زۆر بە خراپی شکستی خوارد. لە ٥ی مایسی ١٩٦٠ کرێملن ڕایگەیاند کە ڕۆژی ١ی مانگ فڕۆکەیەکی سیخوڕی ئەمەریکایان لە جۆری (U2) لە ئاسمانی یەکێتیی سۆڤێت خستۆتە خوارەوە. ئەیزنهاوەر لە ١١ی مانگدا ئامادە بوو بەرپرسیاریەتی ڕوداوەکە بگرێتە ئەستۆ، بەڵام ئامادە نەبوو داواکەی خرۆشۆڤ پەسەند بکات کە لە ١٥ی مانگدا داخوازی ئەوەی کردبوو ئەمەریکا داوای لێبوردن بکات. لە دانیشتنی کردنەوەی کۆنگرەکەی ١٦ی مانگدا، خرۆشۆڤ ڕایگەیاند کە ئەو چیدیکە ئامادە نیە لەو کۆنگرانەدا بەشدار بێت، وێڕای ئەوەش داوەت نامەکەی خۆشی کە پێشکەشی ئەیزنهاوەری کردبوو بۆ سەردانی سۆڤێت، کشاندەوە.

خرۆشۆڤ هەستی دەکرد بەهۆی قەیرانی بەرلینەوە ئابڕوی لەکەدار بووە. دژی هەموو ئەو کەسانە وەستایەوە کە لەناو سوپا و سەرۆکایەتیدا داوای نەرمی نواندنی زیاتریان لێدەکرد بەرامبەر بە پرسی ئەڵمانیا و بەرلین. هەروەها دەبوو ئامادەسازی بکات بۆ کۆنگرەی داهاتوی پارتە کۆمۆنیستەکانی دنیا و بەرپەرچی ئەو ڕەخنە بەردەوامانەی چین بداتەوە لەمەڕ ملکەچ کردن و خەمساردی بەرامبەر بە ئیمپریالیزمی جیهانی. دەبوو وا لە چینییەکان بکات کەمێک بەخۆدا بچنەوە و بێنە ژێر باری ئەوەی کە سەرکردایەتی کۆمۆنیزمی جیهانی لە ژێر سایەی یەکێتیی سۆڤێتدایە. خرۆشۆڤ ئێستا زیاتر شۆڕشگێڕانە ڕەفتار دەکات، کار گەیشتە ئەوەی کە هەڕەشەی ناردنی هێزی دەکرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی جیابوونەوەی "کاتانگا" لە کۆنگۆ. هەروەها داوای دەست لەکار کێشانەوەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان داگ هامارشوڵد (Dag Hammarskjöld)

و گۆڕینی بە لیژنەیەکی سێقۆڵی دەکرد لە نوێنەرانی بلۆکی رۆژئـاوا و رۆژهەڵات و ئەندامێکی وڵاتە بێلایەنەکان. کاتێکیش هیچ وەڵامدانەوەیەکی ئەرێنی دەست نەکەوت، لە رۆژی ١٢ی ت١ی ١٩٦٠ لە سەروبەندی یەکێک لە کۆبوونەوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، پێڵاوەکانی داکەند و کێشای بە مێزەکەی بەردەمیدا[٥٩]. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو وێنەیە زۆر زەحمەت بوو بۆ خۆرئاوا کە بڕوا بەوە بکەن خرۆشۆڤ بەڕاستی کۆتایی جەنگی سارد و چەکداماڵینی دەوێت.

٥٩ لەڕاستیدا خرۆشۆڤ لە دژی وتارەکەی سەرۆکی شاندی فیلیپن (لۆرینزۆ سۆمۆلۆنگ) ئەو کارەی کرد. سۆمۆلۆنگ لە وتارەکەیدا رەخنەی لە سیاسەتی دەرەوەی یەکیتی سۆڤێت گرت، هەروەها رەفتارەکانی سۆڤێتی لە ئەوروپای رۆژهەڵات وەکو ئیمپریالیست وەسف کرد. وەرگێڕ.

# بەشی پێنجەم
# سیاسەتی کینیدی و جۆنسۆن و نەیارەکانیان خرۆشۆڤ و بریژنێڤ (١٩٦١-١٩٦٨)

**وەهمێکی گەورە و خاپاندنێکی گەورەیە ئەگەر باوەڕ بەوە بکەیت بە ملکەچ کردن دەتوانیت بەردەوام بیت لە ژیان کردن. ئەوانەی بۆ یەک ساتیش بەوجۆرە بیریان کردەوە دۆڕان.... ڤیدڵ کاسترۆ.**

## کینیدی (وەڵامی پڕبەپێست) و دیواری بەرلین:

هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٦٠ زۆر هەژێنەر بوو. کینیدی سیناتۆری لاوی کاتۆلیک، کوڕە ملیاردێکی بە ڕەچەڵەک ئیرلەندی بوو، چووە بەربەرەکانێ لەگەڵ (ریشارد نیکسۆن) جێگری سەرۆک. کینیدی لە لایەن خێزانەکەیەوە ئامادە کرابوو بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆک و پرۆسەی نوێ بوونەوە و گەنج بوونەوە ئەنجام بدات. بەو پێیەی کە وەک پاڵەوانێکی جەنگ دەناسێنرا، حەزی لە پاڵەوانێتی و بڕیاری یەکلاکەرەوە بێت، بەڵام ئەوە ئاشکرا نەکرابوو کە نەخۆشی (ئەدیسن)[٦٠]ی هەیە و بەدەست ئازاری پشتەوە زۆر ماندووە. کینیدی لەو باوەڕەدا بوو کە ئەمەریکا دەبێت هەڵوێستێکی بەهێتر و پاڵەوانانەتر بەرامبەر بە یەکێتیی سۆڤێت بنوێنێت. هەروەها خوازیاری چارەسەرکردنی خێرای ئەو پاشکەوتنە سەربازییە بوو کە ئەمەریکای تێکەوتبوو، بە تایبەت لە بواری ڕۆکێتی دوور مەودا. ئەمەریکا

٦٠ (Addison’s disease) نەخۆشییەکی درێژ خایەنە کە بەهۆیەوە رژێنی سەر گورچیلەکان لەبەر چەند هۆکارێکی جیاواز سست دەبن و لە ئاکامدا بەرهەمهێنانی چەند هۆرمۆنێکی گرنگی وەک کۆرتیزۆل و ئەڵدۆستیرۆن کەم دەبێتەوە. ئەم هۆرمۆنانە رۆڵێکی گرنگیان هەیە لەسەر مێتابۆلیزم و کارکردنی زۆربەی ئەندامەکانی لەش و کەم بوونەوەی ریژەکەیان لە خوێندا گرفتی زۆر دروست دەکات. نەخۆشی ئەدیسن پێویستی بە چارەسەری درێژخایەن هەیە، بەبێ چارەسەر رەنگە کەسی توش بوو دووچاری چەنین ماک یاخود مردنیش بێتەوە.. ( سەرنجی وەرگێڕ: لە راستیدا بە گرنگم زانی پوختەی ئەو نەخۆشیە بۆ خوێنەر بخەمەڕوو کە تایبەتە بەم بەشە گرنگەی کتێبەکە. بۆ ئەوەی دووچاری هەڵە نەبم پەیوەندیم بە پزیشکێکی پسپۆڕەوە کرد و بە سوپاسەوە ئەو رونکردنەوەیەی بۆ خۆێنەر خستەڕوو). وەرگێڕ.

لە بۆچوونی ئەودا پێویستی بە ستراتیژێکی تازە دەکرد، بۆ ئەوەی دەستی والآ بکات و لە هەر شوێنێک لە دنیادا پێویست بکات بجولێت بۆ ئەوەی بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم رابگرێت. کینیدی داوای جوڵە و کارکردنی دەکرد.

لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا لە ئابی ١٩٦٠، راوێژکاری گشتی کینیدی ئاگادار کردەوە کە ئەمەریکا لە بواری رۆکێتی دوور مەودا لە پاش سۆڤێتەوە نیە، یاخود پاشکەوتنەکە هەیە بەڵام بە پێچەوانەوەیە. وێرای ئەو سەرنجەش کینیدی لە بانگەشەی خۆیدا سور بوو لەسەر ئەو خاڵە و ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد ئەگەر ببێت بە سەرۆک ئەوە هێزێکی وێرانکەری ئەتۆمی لە ٤١ ژێر دەریایی ئەتۆمی ئامادە دەکات، کە هەڵگری رۆکێتی "پۆلارس" بن، جگە لە هەزاران رۆکێتی دوور مەودای "مینیوتمان"، کە ئەمەش وادەکات باڵادەستی ئەمەریکا، یەکێتیی سۆڤێت تەواو سەرسوڕماو بکات.

کینیدی لەو باوەڕەدا بوو کە کۆمۆنیستەکان لە هەوڵی ئەوەدان هەژمونی خۆیان فراوان بکەن. هەروەها ململانێی نێوان چین و سۆڤێتیشی بە قوڵ دەزانی، بەڵام بە دووری دەزانی کە یەکێتیی سۆڤێت هەوڵ بدات دەست بەسەر وڵاتانی جیهانی سێیەمدا بگرێت. خرۆشۆڤ بەڵێنی هاوکاری بە هەموو بزوتنەوە دژ بە ئیمپریالیستیەکان، لە هەر شوێنێکی دنیادابن، دابوو. بە بۆچوونی کینیدی و راوێژکارەکانی بەڕێوبەرایەتی ئەیزنهاوەر توانای نەبوو لەو بارەوە هیچ شتێک بکات. ئەیزنهاوەر بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە هێزی ئەتۆم بەستبوو، بەڵام لەبەر هۆکاری ئاشکرا، نەدەکرا چەکی ئەتۆم بەکاربێت لە هیچ ململانێیەکدا. هێزی ئەتۆمی ئەمەریکا بەرامبەر بە شارەکانی سۆڤێت دانرابوون، بۆیە هیچ هێرشێک نەدەکرا تەنها لە حاڵەتی زۆر ناچاریدا نەبێت – ئەگەر هیچ رێگایەک لەبەردەمدا نەمابێتەوە- ئەمەش بۆخۆی هۆکاری بێدەسەڵاتیی ئەمەریکا بوو، بە گوێرەی لێکدانەوەی کینیدی. سەرەنجام ئەو بوو بە سەرۆک.

ئەو دەیویست رێگا لە سۆڤێت بگرێت کە بەهێزتربێت، هەر هێرشێک یاخود هەر فراوانخوازییەکی دەسەڵاتیان گاڵتەپێکردن و سوکایەتیکردن بوو بە ئەمەریکا. کینیدی دەیویست بۆ هەموو جۆرێک لە هەڕەشە کاردانەوەیەکی

تایبەت بە خۆی هەبێت (کاردانەوەی گونجاو). هەروەها دەیویست بە هەمان شێوازی پلانەکەی مارشاڵ چارەسەری فراوانخوازیی سۆڤێت لە ئەمەریکای باشور لە ڕێگای (هاوپەیمانی لە پێناوی پێشکەوتن)ە وە بکرێت، بیست ملیار دۆلاری تەرخان کرد بۆ گەشەپێدانی ئابوری، خۆشگوزەرانی بەردەوام. ئەمەی بە باشترین بەربەست دادەنا لەبەردەم کۆمۆنیزمدا. بەڵام ئەم پلانە لە کۆتاییدا شکستی هێنا، چونکە وەڵامدەرەوەی پێداویستییە ڕاستەقینەکانی ئەمەریکای باشوری نەبوو.

کینیدی پێشوازی لە دوورخستنەوەی سەرۆکە پێشکەوتنخوازەکانی ئەمەریکای باشور دەکرد کە بە کودەتای سەربازی لادەبران، لەوانەش سەرۆکی ئەرجەنتین ئارتورۆ فرۆندیزی (Arturo Frondizi ) لە ئازاری ١٩٦٢،سەرۆکی گواتیمالا میگول یادیگۆراس فەونتێس (Miguel Ydigoras Fuentes) لە مارتی ١٩٦٣، کودەتای سەربازی لە پیرۆ لە هاوینی ١٩٦٢. هەروەها هەرچی پێویست بوو کردی بۆ ئەوەی ڕێگا بگرێت لە سەرکەوتنی االندیدی سۆسیالیستی سەلڤادۆر ئالێندی گۆسینس[٦١] (-Salvador Allen de Gossens) لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی شیللی لەساڵی ١٩٦٤. بۆ یارمەتیدانی وڵاتانی جیهانی سێیەم و ڕزگارکردنیان لە کۆمۆنیزم، کینیدی "گروپی ئاشتی" و "خۆراک بۆ ئاشتی" و "دەزگای گەشەپێدانی نێودەوڵەتی" دروستکرد. هەروەها هەر هەڕەشەیەکی سەربازی بە شێوەی گونجاوی خۆی وەڵامی دەدرایەوە. ئەو حکومەتانەشی کە ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێزی کۆمۆنیست لە بەرامبەریاندا بوو، هاوکاری دەکران. چەندین یەکینەی تایبەت بۆ شەڕی بزوتنەوە پارتیزانەکان ئامادە کران، چەندین بەشی تریش بۆ هێزی وشکانی زیاد کران. جەنگی ئەتۆمیی سیلێکتڤ (ئینتقائی) خرایە نێو ڕۆژەڤەوە. کینیدی دەیویست جەنگی ئەتۆم بە دیاریکراوی تەنها لە ئامانجە

٦١ لە ڕاستیدا سەلڤادۆر ئالێندی لە ساڵانی ١٩٥٢، ١٩٥٨، ١٩٦٤ خۆی کاندید کردووە بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، بەڵام لە هەموو ئەو هەڵبژاردنانەدا سەرنەکەوتووە. ساڵی ١٩٧٠ توانی سەرکەوێت، بەڵام لە لایەن ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکاوە کوژرا. لە بەشی داهاتوودا زیاتر لەم بارەوە دێتە بەردیدی خوێنەر. وەرگێڕ.

سەربازییەکاندا بەرجەستە بکرێت، لەو باوەڕەشدا بوو کە سۆڤیێتییەکانیش هەمان کار دەکـەن. بـەو شێوەیە جەنگێکی لـەو جۆرە زیاتر ریالیستی دەبێت و دەکرێت زۆر باشتر بە چەکی ئەتۆم هەڕەشە بکەین بۆ ئەوەی ئامانجەکانمان بەدەست بێنین. لە لایەکی دیکەشەوە کینیدی بـاوەڕی بە گفتوگۆ و دانوستان هەبوو، مێزی کۆنگرەکانیش بەشێک بوون لە سیاسـەتی (پاکێجی وەڵامدانەوەی گونجاو).

پەلە پروزێ و لە ٣ و ٤ ی حوزەیرانی ١٩٦١ لە ڤیەنا چاوی بە خرۆشۆڤ کەوت، هیچ رێککەوتنێک نەکرا. خرۆشۆڤ هیچ پشتیوانییەکی پەیدا نەکرد بۆ چارەسەری پرسگرێکی ئەڵمانیا. ئەو دەیویست پەیمانی ئاشتی جیاواز لەگەڵ هەردوو ئەڵمانیا واژوو بکات. بەرلینی رۆژئاوا دەبوو شارێکی ئازاد بێت بەبێ بوونی پۆستاڵی داگیرکاران. کینیدی لەوە دەترسا دووا جار بەرلینی رۆژئاوا لە لایەن کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتەوە حەپەلوش بکرێت، بۆیە هەموو نەخشەکانی رەتکردەوە. خرۆشۆڤ هەڕەشەی جەنگی راگەیاند و دوا هۆشداری خۆی پێدان: پێش کۆتایی ساڵ پەیمانی ئاشتی یەکلایەنە لەگەڵ کۆماری دیموکراتی ئەڵمانیا دەکرێت، دوای ئەوە ئیتر سەروەری تەواوی بەسەر خاکی خۆیدا دەبێت. پاشان رێککەوتنی (گواستەنەوەی نیشتمانیی تایبەت بە رێگا و بانەکانی گەیشتن بە بەرلین) هەڵدەوەشێنرێتەوە و دەبێت سەرلەنوێ لەگەڵ کۆماری دیموکراتی ئەڵمانیا لەو بارەوە دانوستان بکەنەوە.

دوای ئەو کۆنگرە شکست خـواردووە، گرژی و ئاڵۆزییەکان پەرەیان دەسەند. رۆژی یەکشەمەی رێکەوتی ١٣ی ئابی ١٩٦١، هەواڵی کتوپڕ لە بەرلینەوە گەیشت. زێرەڤانەکانی سنور و کرێکاران لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات بە تەلی دڕکاوی سـەرقاڵی داخستنی تەواوی رێگاکانی خۆیانن لە رۆژئاوای بەرلین، ئەمەش هـاندەر بـوو بۆ دروستکردنی ئـەو دیـوارەی کە دواتر دروستکرا. دیوارەکە بیرۆکەی (ئۆلبرێشت) بوو، خرۆشۆڤ رەزامەند بوو لەسەری. ئامانجیش لێی ئەوە بوو کە چیدیکە هیچ هاوڵاتییەکی ئەڵمانیای دیموکرات نەتوانێت رابکات بۆ رۆژئاوا.

لە ڕێگای دروستکردنی دیوارەکەوە، خرۆشۆڤ دەستبەجێ بوونی ناوچەیەکی کاپیتاڵستی لە ناوجەرگەی ئەڵمانیای دیموکرات کۆتایی پێهێنا. دیوارەکە بۆ پاراستنی کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات بنیات نرا، کە بەردەوام کرێکار و روناکبیرانی خۆی لەدەست دەدا. لە نێوان ساڵانی ١٩٤٩- ١٩٦١ نزیکەی ٢.٧٠٠.٠٠٠ کەس لە ئەڵمانیای رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا هەڵهاتن. بنیاتنانی دیوارەکە وەک کارێکی دوژمنکارانە تەماشا کرا، بەڵام پارادۆکسیش بوو چونکە ئیتر وردە وردە ئاسودە بەخش بوو. هۆشدارییەکەی سۆڤێت کۆتایی هات، لە دوای سەرهەڵدانی قەیرانی کوبا سۆڤێتییەکان رایانگەیاند کە جارێ دۆخەکە بەو شێوەیە دەهێڵنەوە. دیوارەکە سەلماندی کە سۆڤێت دەستەپاچەیە و هیچی بۆ ناکرێت. ئەم بێدەسەڵاتییە لە لێکدانەوەی ناوخۆشدا رەنگی دابۆوە: خۆپاراستن لە شاڵاوەکانی کاپیتالیزم!




سەرۆکان دیگۆل و جۆن کینێدی

هەرچەندە بە ئاشكرا ئەوەی نەدركاندبوو، بەڵام كينيدی بە چارەسەرەكە رەزامەند بوو، ئاوێك بە ئاگرەكەدا كرا و بەرلينی رۆژئاوا لەبن چەپۆكی كۆماری ئەڵمانيای ديموكرات دەرهێنرا، جگە لـەوەش ئيتر ناوچەكانی هەژموون لە ئەوروپا زياتر رۆشنتر بوونەوە.

لەو ماوەيەدا گرژی و ئاڵۆزيەكان زياتر بوون. هاوتای ئەمريكييەكان، خرۆشۆف بودجەی بەرگری زياد كرد. لە ١ی ئەيلولی ١٩٦١ تاقيكردنەوەكانی بۆمبی هايدرۆجينی دەستپێكردەوە، ئەمەش هەنگاوێكی دوژمنكارانە بوو، چونكە لە پايزی ١٩٥٨ ە وە ، بەريتانی و ئەمريكييەكان و سۆڤێت پێكەوە بە هاوبەشی بڕياری راگرتنی تاقيكردنەوە ئەتۆمييەكانيان دابوو. وەك كاردانـەوەيـەكيش بۆ ئـەوە، كينيديش بـڕيـاری دەستپێكردنەوەی تاقيكردنەوەكانيدا.

## كوبا و سەماكردن لە سەر پەتی ئەتۆم:

لە ١٤ی ت١ی ١٩٦٢، فڕۆكەيەكی سيخوڕی لە جۆری (U2)[٦٢] رەوانەی ئاسمانی كوبا كـرا. ئـەو وێـنـانـەی كە چركێندرابوون دەريانخست كە سۆڤێتييەكان سەرقاڵی بنيات نانی پێگەی هەڵدانی رۆكێتن لە كوبا. سۆڤێت نەخشەی ئەوەی دانابوو كە ٤٨ رۆكێتی كورت مەودا لە جۆری (SS3)،

٦٢ لێرەدا پرسيارێك بە خەياڵی خوێنەردا دێت: داخۆ ئەمەريكا لە خۆيەوە ئەو فڕۆكەيەی ناردە سەر كوبا؟ چۆن و لەسەر چ بنەمايەك ئەو فڕۆكەيە توانی ئەو شوێنە بدۆزێتەوە و وێنەی بگرێت؟ لە راستيدا ئەمە يەكێكە لە چيرۆكە زۆر دەگمەن و ناوازەكانی سيخوڕی لە كاتی جەنگی سارددا. ئۆليگ پەنكۆفسكی (Oleg Penkovsky) ئەفسەرێكی سوپای سوری سۆڤێتی بوو كە ساڵی ١٩٤٩ راژەكەی گوازرايەوە بۆ دەزگای هەواڵگری سەربازی. ساڵی ١٩٦٠ پلەكەی بەرزكرايەوە بۆ كۆلۆنێل و لە بەشی كۆكردنەوەی زانياری لەسەر بەريتانيا و ئەمەريكا كاری دەكرد. لە لايەن بازرگانێكی بەريتانی دەكرێتە سيخوڕو زانياری زۆر گرنگ دەدات بە دەزگای هەواڵگری بەريتانيا و ئەمەريكا. نزيكەی ٥ هەزار دۆكيومێنت هەستياری فرۆشت بەوان. لە رێگای ئەم سيخوڕەوە بوو كە ئەمەريكا دواكەوتنی پرۆگرامی رۆكێتيی دوور مەودای سۆڤێتيی بۆ ئاشكرا بوو. هەر لە رێگای ئەم سيخوڕەوە بوو كە ئەمەريكا زانياری لەسەر ئەو شوێنەی كوبای دەست خست. لە مانگی ت١ی ١٩٦٢ دەستگيركرا و دواتر لە ١٦ی مانگی ت١ی ١٩٦٣ بە تۆمەتی خيانەتی مەزن دژ بە نيشتيمان و خۆفرۆشی گوللە باران كرا. وەرگێڕ.

٤٠ ڕۆکێتی مەودا ناوەند لە جۆری (SS-5) جێگیر بکات. هەروەها ٢٨ فڕۆکەی ئیلیۆشن (Iljoesjin) و ٤٢ فڕۆکەی شەڕکەر لە جۆری (MiG21). ڕۆکێتەکان ئامادە نەکرابوون بۆ کار، بەڵام بە جۆرێک بوون کە لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا ئامادە دەبوون. تەنها چەند دانەیەک لەو ڕۆکێتانە نیوەی خاک و هەموو سەنتەرە سەرەکییەکانی دانیشتوانی لە ئەمەریکا خاپور دەکرد. کینیدی ئەوەشی نەزانیبوو کە سەد ڕۆکێتی ئەتۆمی تاکتیکیش لە کوبا دانرابوون کە دابەزاندنی هێزەکانی ئەمەریکای دەکردە کارێکی مەحاڵ.




ئەم وێنانە لە ئاسمانەوە چرکێندراون کە پێگەی ڕۆکێتەکانی سۆڤێت دەردەخات لە کوبا ڕۆژی ٥ی ت٢ی ١٩٦٢

چی پاڵی بە خرۆشۆڤەوە نا ئەم ئۆپراسیۆنە بوێرانەیە ئەنجام بدات؟ ڕۆکێتەکان بە شێوەیەکی بنەڕەتی بۆ پاراستنی ڕژێمی کاسترۆ بوو لە هەر هێرشێکی تازەی ئەمەریکا. بە شێوەیەکی نهێنی و لە ڕێگای ئۆپراسیۆنی

گۆرِهەڵكەنە (Mongoose)[٦٣] – ٣٠ی ت٢ی ١٩٦١ –سەرۆک و براكەی " رۆبێرت كینیدی" وەزیری داد، بە نیاز بوون هەوڵێكی تازە بدەن بۆ كوشتنی كاسترۆ. جگە لەوەش (پرۆژەی نهێنی كوبا) – ٢٠ی شوباتی ١٩٦٢– كاری دەكرد بۆ تێكدانی سەقامگیری كوبا و بتوانن لە كۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا، سەرلەنوێ بەرهەڵستكارانی كاسترۆ دابەزێننە ناو كوبا. لە پێناو پاراستنی شكۆدا، خرۆشۆڤ مەبەستی بوو شۆڕشی تازەلەدایک بووی كوبا بپارێزێت. سۆڤێت مافی بە خۆی دەدا– وەک ئەمریكا– پارێزگاری لە رژێمێكی دۆستی خۆی بكات كە لە رووی جوگرافیاوە زۆر نزیكە لە دوژمنە سەرەكییەكەیانەوە. جگە لەوەش دەیویست ئەوە بسەلمێنێت كە سۆشیالیزم زیندووە و زۆر بەهێزە و دەتوانێت وڵاتانی لاو بۆ خۆی رابكێشێت.




كوبا & ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا

---

٦٣ بە ناوی ئاژەڵی ( گۆرِهەڵكەنە ) ە وە ناوی نراوە . وەرگێر.

بڕیارەکەی سۆڤێت بە هۆکارێکی دیکەش پەیوەندار بوو، ئەویش پاشکەوتنێکی بەرچاو بوو لە بواری ڕۆکێتە کیشوەر بڕەکان. وێرای ئەوەی کە ساڵی ١٩٦٢ هێزێکی تایبەت بە ڕۆکێتە ستراتیژییەکان دامەزرا، بەڵام سۆڤێت تەنها ٧٠-١٠٠ ڕۆکێتی کیشوەربڕ(ICBM's)ی هەبوو، لە کاتێکدا ئەمریکییەکان ٤٠٠-٥٠٠ دانەیان هەبوو. تێکڕای هێزی ئەتۆمیی ستراتیژیی ئەمەریکا (ڕۆکێتی کڵاوداری ئەتۆمیی دوور مەودا و ئەو بۆمبانەی کە هاوێژەی دوور مەودا هەڵیان دەگرێت) پێنج هەزار دانە بوو، سۆڤێت تەنها ٣٠٠ دانەی هەبوو. ڕۆکێتە مەودا ناوەندەکانی بەرامبەر بە ئامانجە ئەورووپی و چینییەکان دانابوو، بەڵام لە ئەورووپای ڕۆژئاوا لە بەرامبەریدا ڕۆکێتی تۆر (Thor) و جوپیتەر (Jupieter)ی ئەمەریکی لە بەریتانیا و ئیتاليا و توركيا، دانرابوون. دانانی ١٥ ڕۆکێتی جوپیتەر لە تورکیا لە ساڵی ١٩٦٢دا، لە لایەن خرۆشۆڤەوە وەکو دنەدان تەماشا دەکرا، بۆیە ئەویش بیرۆکەی جێگیر کردنی ڕۆکێتی لە کوبا جێبەجێکرد. هەستی بەوە دەکرد کە ئەو ئێستا هەقی خۆیەتی ئەو کارە بکات و کینیدی ناتوانێت لۆمەی بکات.

خرۆشۆڤ هەمیشە باوەڕی وابوو کە ئەمەریکا بوێری ئەوەی نیە هێرشی ئەتۆمی بکات، بۆیە ئەو لە ساڵی ١٩٥٧ بەدواوە لاف و گەزافی باڵادەستی و توانای ڕۆکێتە دوورمەودا زۆرەکانی لێدەدا، ئەوەش لەناو یەکێتیی سۆڤێت و دەرەوەیدا پێگەیەکی گرنگی بۆ دەستەبەر کردبوو. تەنانەت ئەمریکییەکانیش لەوانەش کاندیدی سەرۆکایەتی و سەرۆکی دواتر جۆن کینیدی هەمان گەمەیان لەگەڵدا کرد، بەڵام لە ت١ی ١٩٦١ بەدواوە دۆخەکە گۆڕا. بەڕێوبەرایەتی کینیدی بۆ هەموو دنیای ئاشکرا کرد کە سۆڤێت لەوان پێشکەوتووتر نین لە ڕۆکێتدا و باڵادەستی بوونی نیە. ئەمەش بە واتای لەکەدارکردنی پێگەی خرۆشۆڤ بوو، چینیەکانیش بە تەنزەوە لێدوانیان دەدا، لەوەش زیاتر ئەمەریکا بە مسۆگەری لە ڕێگای مانگە دەستکردەکانیەوە توانیبووی شوێنی سەکۆی هەڵدانی ڕۆکێتە دوورمەوداکانی سۆڤێت بدۆزێتەوە کە لە (یەکەم لێدان) ی ئەتۆمیدا هەمووی وێران دەبوون. لە ڕاستیدا خرۆشۆڤ لەبەردەم ئەمەریکادا توشی شکست بوو. لە سەردەمی "کینیدی"دا ئەمەریکا ئامادە

بوو بۆ بەکارهێنانی چەکی ئەتۆم. بە نهێنی جێگیرکردنی رۆکێت و فڕۆکەی جەنگی لە کوبا توانای بە خرۆشۆڤ دەبەخشی لە هاوسەنگیی ستراتیژی نزیک بێتەوە، ئەم کارتە براوەیەش دواتر لە بەرژەوەندی بەرلین و ئەڵمانیا کەوتەوە. خرۆشۆڤ بە نیازی ئەوە نەبوو لە کوباوە هێرش بکاتە سەر ئەمریکییەکان، بۆیە ئاشکرا بوونی پێشوەختەی رۆکێتەکان حسابەکانی لێتێکدا، ئەو بە نیاز بوو لە دوای هەڵبژاردنەکانی ت٢ی ١٩٦٢ کینیدی لەو کارە ئاگادار بکاتەوە.

سـەروک کینیدی کە تـەواو سەراسیمە ببوو، سـەرەتـا وەک (هەڵۆ) کاردانەوەی نواند. رۆژی ٤ی ئەیلول لە وەڵامی گریمانەیەکی سیناتۆری کۆماری کینت کەتین (Kenneth Keating) رایگەیاند کە بە توندی رەفتار دەکات بەرامبەر بە رۆکێتەکانی کوبا، ئەو بە تەمای ئەوە بوو رۆکێتەکان بۆردومان بکات و لەناویان بەرێت. براکەشی رۆبێرت کینیدی کە سەرەتا لە ەهەڵۆکان بوو، هەروەها وەزیری بەرگری رۆبێرت ماکنامارا (Robert Mc-Namara) لە پڕێکدا بوون بە (کۆتر)، ئەوەش لە ژێر کاریگەری کتێبەکەی (باربرا توچمان) کە لەسەر جەنگی یەکەمی جیهانی لە ژێر ناونیشانی (تۆپهاوێژەکانی ئاب) دەریکردبوو. لە کتێبەکەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە بواری دانوستان هەبووە و دەکرا جەنگ هەڵنەگیرسایە. سەرۆک تا رادەیەک بە وریاییەوە مامەڵەی دەکرد، لە لایەکی تریشەوە لە ترسی ئەوەی کە کۆنگرێس لە پۆستەکەی دووری بخەنەوە، دەیویست بە توندی مامەڵە بکات. کینیدی لەو باوەڕەدا بوو کە خرۆشۆڤ ئەیەوێ فشار بخاتە سەری تاوەکو هەڵوێستی خۆی لە بەرلین بەهێز بکات. هەر هێرشێکی ئەمەریکا بۆ سەر کوبا بکاتە پاساو بۆ هێرشکردنە سەر بەرلینی رۆژئاوا. لە ٢٢ی ت١ لەسەر راوێژی ماکنامارا، کینیدی ئاشکرای کرد کە مارینزەکانی هێزی دەریایی ئەمەریکا لە ٢٤ی مانگەوە ئابلوقەی کوبا دەدەن (لەبەر یاسای نێودەوڵەتی وشەی کەرەنتینە بەکار هێنراوە) و هەر کەشتییەکی سۆڤێتیی کە رۆکێت و چەکی ئەتۆمی تێدا بێت رادەگیرێت، هەروەها هەڕەشەی ئەوەی کرد کە هەر هێرشێک لە کوباوە بە هێرشێک بۆسەر یەکێتیی سۆڤێت وەڵام دەدرێتەوە. لە

هەمان بۆردومانکردنی کوبا و دابەزینی ١٨٠ هەزار سەرباز بۆ هێرشکردن، ئامادەسازیی بۆ دەکرا.

بەهەمان شێوە لەسەر راوێژی یاریدەدەری وەزیری دەرەوە (ئاڤریل هاریمان)، کینیدی دەرگای دانوستانەکانی لەبەردەم خرۆشۆڤدا دانەخست، ئەوەندەی بۆ هێشتبۆوە کە شەرەفمەندانە پێچی لێبکاتەوە. دانوستانەکان دەستبەجێ دەستیان پێکرد. رۆبێرت کینیدی و ژمارەیەک لە دبلۆماتکارانی نەتەوەیەکگرتووەکان، بە سەرۆکایەتی ئەمینداری گشتی یو تانت[٦٤] (U Thant) رۆڵی سەرەکییان تێدا گێڕا. کاسترۆ هیچ رۆڵێکی لە دانوستانەکاندا بۆ دیاری نەکرابوو، ئەو لە ٢٦ی مانگدا داوای لە خرۆشۆڤ کردبوو، لە ئەگەری هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر کوبا، یەکێتیی سۆڤێت هێرشی ئەتۆمی بکاتە سەر ئەمەریکا.




٦٤ یو ثانت، (١٩٠٩-١٩٧٤)، سێیەم ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو. لە نێوان (١٩٦١-١٩٧١)، لە دوای کەوتنەخوارەوەی فرۆکەی ئەمینداری پێش خۆی (داگ هەمەرسکوێلد) لە ساڵی ١٩٦١، راستەوخۆ خرایە شوێنی ئەو. بە رەچەڵەک لە ئینگلیزەکانی بۆرمایە. نوێنەری بۆرما بوو لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە پلەی باڵیۆز. دوو جار لە دوو خولی دوا بەدوای یەکدا وەک ئەمینداری نەتەوەیەکگرتووەکان دەستنیشان کراوە. وەرگێڕ.

لە راستیدا شەڕێکی ناهاوسەنگ بوو، لە هەموو بوارەکانی چەکی کلاسیکی و چەکی ئەتۆمییەوە ئەمەریکا بە شێوەیەکی ئاشکرا باڵادەست بوو. رۆبێرت کینیدی لە ٢٧ی مانگدا باڵیۆز "دیمتری دۆبرێنین"ی بانگ کرد هۆشداری پێدا: ئەگەر ئەو چەکانە نەکشێننەوە ئەوە هەفتەی داهاتوو ئۆپراسیۆنی سەربازی لە دژی کوبا ئەنجام دەدرێت. هیچ بژاردەیەک لەبەردەم سۆڤێتدا نەمایەوە تەنها خۆبەدەستەوەدان نەبێت. نەیدەزانی ئەو رێکارانە گیراونەتە بەر و تەنها بڕیاری ئەنجامدانی ماوە، ئەو دەریچەیەی کینیدی قۆستەوە بۆ ئەوەی ئابرومەندانە پاشەکشە بکات. لە ٢٨ی مانگدا رایگەیاند کە ئامادەیە رۆکێت و فڕۆکەکان لە کوبا بکشێنێتەوە، بەو مەرجەی ئەمەریکا بەڵێن بدات کە جارێکی تر هێرش ناکاتەوە سەر کوبا. کینیدی قایل بوو، بەو مەرجەی کە سۆڤێت سیستەمی هیرشبردن (سەکۆی بۆمب هاوێژ، فڕۆکەی جەنگی، رۆکێت، ژێردەریایی، راوەدوونـەری دەریایی...تاد) لە کوبا جێگیر نەکات. لەبەر ئـەوەی کاسترۆ ئامادە نەبوو نەتەوەیەکگرتووەکان دەست بگرێت بەسەر جبەخانەی چەکەکانیدا، ئەمەریکا تەنها لە ساڵی ١٩٧٠دا بڕیاریدا کە چیدیکە هێرش نەکاتە سەر کوبا. رۆبێرت کینیدیش زارەکی بەڵێنی ئەوەیدا کە ئەو ١٥ رۆکێتە "جۆپیتەر"ەی تورکیا لابەرن، بەڵام دەبوو ئەمە ئاشکرا نەکرێت و لە رایگشتی ئەمریکای بشارنەوە. ئەو سەدوپێنج رۆکێتە کۆنانەش کە لە بەریتانیا و ئیتالیا و تورکیا جێگیر کرابوون ساڵی ١٩٦٣ برانەوە، بەڵام هەموویان ئاڵوگۆڕ کران بە رۆکێتی تازەتر کە لە رێگای ژێردەریایی (پۆلارس) ەوە دەتەقێنران.

کاسترۆ بە هیچ شێوەیەک بەو رێکەوتنە رازی نەبوو کە بەبێ بەشداری ئەو کرابوو، ئەمەش کۆتایی ئەو پەیوەندییە بێ گرفت و کێشانە بوو کە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت هەیبوو. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە دەرەنجامی قەیرانی کوبا ئارامی و دڵنەوایی لێکەوتەوە. هەردوو یاریکەرەکە زۆر بە روونی ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە لایەنی دژبەر هەوڵی دەدا خۆی لە جەنگی ئەتۆمی بپارێزێت. زانینی ئەو راستییە هەستکردنێکی زیاتری بە ئارامی خستەوە!

## یەکەم ڕێککەوتنەکانی سنوردارکردنی چەک و لابردنی خرۆشۆڤ:

ئەو هەموو گفتوگۆیانەی ناو هۆڵەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان (ن.ی) کران بۆ سنوردارکردنی چەک، هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە. سۆڤێتییەکان چەندین جار پێشنیازیان بۆ چەکداماڵین پێشکەش بە (ن.ی) کرد. بەهۆی متمانە نەکردنێکی قووڵ و هەروەها بۆ پاراستنی پێشەنگیی خۆشی لە بواری چەکی ئەتۆم، ئەمەریکا هەرگیز حەزی بەوە نەبوو دەرگای ئەو بابەتە بکاتەوە. خرۆشۆڤ وێرای ئەوەی کە پێداگری دەکرد لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتی، هەردەم لایەنگری پێشنیازەکان بوو بۆ سنوردارکردنی چەک. لە ١٨ی ئەیلولی ١٩٥٩، ئەمینداری گشتی (ن.ی) پێشنیازی کرد بۆ ئەوەی لە ماوەی چوار ساڵدا بە تەواوی لە هەموو جیهاندا چەک داماڵن. ئەم پێشنیازە رەتکرایەوە و وەک دیماگۆگییەت تەماشای کرا، لەگەڵ ئەوەشدا لە ١ی ک١ی ١٩٥٩دا یەکەمین ریککەوتن کرا، ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤێت و ولاتانی دیکەش لەسەر ئەوە ریککەوتن کە جەمسەری باشور بە مەبەستی سەربازی بەکار نەیەت و ناوچەیەکی خاڵی بێت لە چەکی ئەتۆم.

دوای پیشاندانی ئاشکرای باڵادەستیی ئەمەریکا لە کاتی قەیرانی کوبا، سەرۆک کینیدی لەو باوەڕەدا بوو کە دەکرێت پێشبڕکێی چەک هێور بکرێتەوە. پێش هەموو شتێک لەبەر ئەوەی هیچ ئامرازێکی پەیوەندیی کردن لە نێواندا نەبوو، دەبوو مەترسیی سەرهەڵدانی کتوپڕی ململانێیی ئەتۆمی سفر بکرێتەوە. لەم بارەوە لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا ریکەوتن لە نێوان هەردوولادا کرا لەسەر ئەوەی کە هەمیشە هێڵێکی (تەلێکس) لە نێواندا هەبێت، بۆ ئەوەی بەبێ دابڕان پەیوەندی راستەوخۆ لە نێوان واشنتۆن و مۆسکۆدا هەبێت.

لەوەش گرنگتر ئەو ریککەوتنە بوو کە لە مۆسکۆ لە ٥ی ئابدا مۆرکراو هەموو جۆرە تاقیکردنەوەیەکی ئەتۆمی قەدەغە کرد تەنها ئەوانە نەبێت کە لە ژێر خاکدا ئەنجام دەدرێن. ئەم ریکەوتنە کە لەبەر هۆکاری ئاشکرای تایبەت بە ژینگەوە مۆرکرا، هەر یەکە لە ئەمەریکا و سۆڤێت و بەریتانیا واژۆیان کرد، بەڵام فەرەنسا و چین ئامادە نەبوون واژۆی بکەن. کینیدی دەیویست

ڕێگا لە چین بگرێت ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆم. لە کاتی دانوستانەکانی تەموز و ئابی ١٩٦٣دا، داوای لە " ئاڤریل هاریمان"ی ڕێکخەری دانوستانەکانی خۆی کرد کە خرۆشۆڤ ئاگادار بکاتەوە لەوەی کە مۆسکۆ چ کاردانەوەیەکی دەبێت ئەگەر ئەمەریکا لە چین بدات؟ بەڵام خرۆشۆڤ قایل نەبوو چونکە لەو کاتەدا لە هەوڵی ئەوەدا بوو جارێکی تر پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ماو ئاسایی بکاتەوە.

لەو ماوەیەدا ڕێکەوتنێکی دیکەی گرنگ کرا، لە ت١ی هەمان ساڵدا، ئەمەریکا و سۆڤێت لەسەر بنەمای بڕیارێکی (ن.ی) بەوە قایل بوون کە بە هیچ جۆرێک چەکی ئەتۆمی لە بۆشایی ئاسمان هەڵنەگرن.

ئەو ڕێکەوتنانەی کە مۆر کران، زۆر گرنگ بوون. دوای تەواو بوونی قەیرانی کوبا، دەکرا متمانە بە هەر یەکە لە کینیدی و خرۆشۆڤ بکرێت. هەردووکیان بایی ئەوەندە مرۆڤ بوون کە خۆیان بەدوور بگرن لە کارەساتێکی ئەتۆمی. هەردوکیان تێگەیشتنیان بۆ بیرکردنەوەی یەکتر پیشاندەدا، بەو شێوازەش دەکرا گفتوگۆی راستەقینە ئەنجام بدرێت، لەم سۆنگەیەوە ئەو سەرەخۆشییەی کە خرۆشۆڤ بە بۆنەی کوژرانی جۆن کینیدیەوە پێشکەشی کرد تەواو راستگۆیانە بوو.

لە لایەکی دیکەوە خۆرئاواییەکان زۆر دڵخۆش نەبوون بەوەی کە خرۆشۆڤ لەسەر شانۆی سیاسی نەما. لە ساڵی ١٩٦٤ سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سۆڤێت لیۆنید بریژنێڤ (Leonid Brezhnev) بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی ناوەندی حزب (نیکۆلای پۆدگۆرنی، ئەلیکسەندەر شیلەپن و سەرۆکی ئاژانسی هەواڵگری ڤلادیمیر سیمیتشاستنی) پیلانێکیان لە دژی خرۆشۆڤ ڕێکخست. هەموو پیلانگێڕان لە هاوڕێکانی خرۆشۆڤ خۆی بوون، بەڵام سەرزەنیشتیان دەکرد لەبەر کەللە ڕەقی و یاخی بوونی، هەروەها شکستهێنانی لە قەیرانی کوبا و دواکەوتنی لە پێشبڕکێی چەک کرابوونە پاساو لە دژی.



سەرۆک جۆن کینێدی و پاوڵ هەنری سپاک

هەندێک لە پیلانگێڕانی وەک شیلەپن لە کەسانی ستالینیی نوێ بوون، بە گوێرەی هەندێ بەڵگە "ئۆلبریێشت" یش لایەنگری پیلانگێڕان بووە. ئەو لە ئایندەی سیاسی خۆی دڵنیا نەبوو، دەترسا خرۆشۆڤ سەرەنجام دانوستان لەسەر یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا بکات و ئەمیش بەر لە کۆتایی ساڵ ڕەوانەی "بۆن" بکرێت.

سەرۆکی (نەمنکلاتورا)[٦٥] "بریژنێڤ" یش، بەرامبەر بە خرۆشۆڤ وەستایەوە، چونکە ریفۆرمە ئیدارییەکان دەبوونە هۆی لاوازکردنی دەسەڵات و ئیمتیازاتی بیروکراسەکان. لە ١٤ی ت١ی ١٩٦٤ خرۆشۆڤ ناچارکرا واز لە سەرۆکایەتی بێنێت. بریژنێڤ بوو بە سەرکردەی تازەی حزب و سەرۆکی

٦٥ (Nomenclatura) دامەزراوەیەکی تایبەتی ناو یەکێتیی سۆڤێت بوو، کە ڕۆڵی دەوڵەتی قوڵی دەبینی و هەموو ئەو پۆستانەی کە لە دەوڵەتدا بوون لە لایەن ئەم دامەزراوەیەوە خەڵکیان بۆ دەستنیشان دەکراو دەبوو بە فلتەری ئەم دامەزراوەیەدا تێپەڕن. وەرگێڕ.

وڵات. بۆ ئەوەی بیروکراسیەتی نمونەیی سۆڤێتیش بگاتە لوتکە (ئەلێکسی کۆسیجین) بوو بە سەرۆک وەزیران.

خرۆشۆڤ کە سۆزدارانە رەفتاری دەکرد و جۆن کینیدی کە کەسێکی دینامیکی بوو، هەردوو پێکەوە خەیاڵپڵاوی ئەوەیان بە جیهان بەخشی کە سەهۆڵبەندانی جەنگی سارد بەو نزیکانە دەتوێتەوە. پاپا یۆحەنای سیازدەیەمیش کە خاوەن جەماوەرێکی زۆر بەرین بوو، لە ساڵی ١٩٦٣ نامەیەکی گشتی لە پێناو ئاشتی و چەکداماڵیندا بڵاوکردەوە، بەشدار بوو لە دروستکردنی ئەو کەشە پڕ لە هیوایە.

## کینیدی، جۆنسۆن و تراژیدیای ڤێتنام:

لە ٢٢ی ت٢ی ١٩٦٣دا، سەرۆک جۆن کینیدی لە دالاس لە بارودۆخێکدا کوژرا، کە هەرگیز بەتەواوی نەزانرا چۆن بووە[٦٦]. راستەوخۆ هەمان رۆژ جێگرەکەی کینیدی لیندۆن جۆنسۆن (Lyndon Johnson) سوێندی یاسایی خوارد و کرا بە سەرۆک. ٣ی ت٢ی ١٩٦٤ جۆنسۆن لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوت و بوو بە سەرۆکی وڵات.

---

[٦٦] رۆژی ٢٢ی ت٢ی ١٩٦٣ جۆن کینێدی لە تەمەنی ٤٦ ساڵیدا کوژرا. لەو رۆژەدا وەک ئامادەسازییەک بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن وێرای ئەو هەرەشانەی بەدەستی گەیشتبوون، سور بوو لەسەر سەردانی ئەو ویلایەتە. کەش و هەوای باراناوی ئەو رۆژە لە ئان و ساتێکدا بوو بە کەشێکی خۆش و خۆرەتاو. کینێدی بەرگی سەرەوەی ئۆتۆمبیلەکەی کە زرێپۆش کرابوو، هەڵدایەوە و هاوڕێ لەگەڵ جاکلینی هاوژینی سڵاوی بۆ جەماوەر دەسەندەوە. لە دەم ژمێر ١٢:٣٠ لە باڵەخانەی قوتابخانەیەکەوە تەقەی لێکرا و کوژرا. لی هارڤی ئوسواڵد (Lee Harvey Oswald) ی تەمەن ٢٤ ساڵ، وەک تاوانباری سەرەکی دەستیگر کرا، بەڵام دوای دوو رۆژ و لە ناو دادگا، بەر لە دەستپێکردنی دانیشتنی دادگا لە لایەن کەسێکی جولەکەوە کوژرا. بکوژەکەی ئەویش دوای ماوەیەک بە شێرپەنجەی سی کۆچی کرد. کوژرانی کینێدی یەکێکە لە کەیسە ئاڵۆزەکانی تاوان و هەتا ئێستاش بە تەواوی ئاشکرا نیە کە بۆچی و لە پێناوی چیدا ئەو کارە کراوە. لەم کەیسەدا، گومان هەیە کە خودی ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا (سی ئای ئەی) ئەو کارەی کردبێت، هەروەها گومان لە ئاژانسی هەواڵگری سۆڤێت (کەی جی بی) یش کراوە. لیپێچینەوە لە ٢٥ هەزار کەس کرا و پەڕاوەکانی دادگاش لە کتێبێکی ٢٦ بەرگدا چاپکران. وەرگێڕ.

جۆنسۆن جەختی لەسەر دروستکردنی (کۆمەڵگایەکی مەزن) دەکرد، بەو پێیەی کە یەکێک بوو لەوانەی زۆر سەرسام بوو بە تیۆری (گرێبەستی نویێ) ی ڕۆزفێلت. ئەو حەزی دەکرد کۆمەڵگەی خۆشگوزەران بۆ خەڵکی نەدار و ئەمەریکییە ئاساییەکان دروست بکات کە تەنانەت لە مۆدێلی ئەسکەندەناڤیاش باڵاتر بێت.



سەرکردەی ڤێتنامی باکور هۆ شی مینە

جۆنسۆن نەیتوانی زۆرێک لە نەخشە ریفۆرمخوازییەکانی خۆی جێبەجێ بکات، چونکە جەنگی ڤێتنام بەشێکی زۆری وزە و تواناکانی دەبرد، دواتر ڤێتنام بۆی بوو بە مۆتەکەیەکی راستەقینە.

لە ساڵی ١٩٦٢دا، چین هاوکارییەکانی خۆی بۆ شـەڕی پارتیزانی لە ڤێتنامی باشور زۆر زیاترکرد، چونکە ژمارەی سەربازانی ئەمەریکا تادەهات زیاتر دەبوو. پێشبینی دەکرێت کە رێکەوتنێکیش هەبوو بێت بۆ ئەوەی کە چین راستەوخۆ تەنها کاتێک دێتە ناو جەنگەوە ئەگەر ئەمەریکا هێرش بکاتە سەر ڤێتنامی باکور. کینیدی جەختی لەسەر ئارەزووی فراوانخوازیی کۆمۆنیستەکانی چین دەکردەوە. ماو بە جۆرێک تەماشا دەکرا کە ئەو لە پشت هەموو کار و کردەوەکانی هۆشی مینەوە بێت. ئەم هەڵسەنگاندنەش هەڵە بوو، چونکە ڤێتنامییەکان چەند سەدەیەک لە پێناو سەربەخۆیی خۆیاندا لە دژی ئیمپریالیزمی چینی جەنگابوون و زۆر متمانەیان بە ماو نەبوو.

لەسەر داوای حکومەتی ئەیزنهاوەر، "دیم" دانیشتوانی گوندەکانی هەمووی لە ئۆردوگای پارێزراودا کۆکردبۆوە. ئەم کارەش تەنها کاتێک دەکرا کە تیرۆرێکی راستەقینە پەیڕەو بکرایە، ئەمەش بەدڵی کینیدی نەدەبوو، جگە لەوەش پاگەندەی ئەوە هەبوو کە براکەی دیم (نگۆ دهین نهو) بە نهێنی دانوستان لەگەڵ هو شی مینە دەکات بۆ یەکگرتنەوەی ڤێتنام و بێلایەنکردنی. ئەوە واتای ئەوەی دەگەیاند کە ئەمەریکا ناچار دەبوو هێزەکانی خۆی لە ڤێتنام بکشێنێتەوە، ئەمەش بۆ کینیدی نا پەسەند بوو، بۆیە رێگای بە ئاژانسی هەواڵگری "سی ئای ئەی" دا سەرپەرشتی ئەو کودەتایە بکەن کە ژمارەیەک لە ئەفسەرانی ڤێتنامی باشور، لە ١ی ت٢ی ١٩٦٣ ئەنجامیاندا و بەهۆیەوە خۆی و براکەشی کوژران.

لەو کاتەدا ١٦.٧٣٢ راوێژکاری سەربازی و تەکنیکاری ئەمەریکی لە باشوری ڤێتنام بوون. هێزی پیادەی ئەمەریکا لەو کاتەدا بەشداری شەڕەکان نەبوون، بەڵام هێزی ئاسمانی کردەوەکانی بۆمبارانکردنیان ئەنجام دەدا. کینیدی کە دەیویست سەرکەوتن بەسەر کۆمۆنیستەکاندا دەستەبەر بکات، زۆر باش سەری دەرنەدەکرد لە کاروباری ناوخۆی ڤێتنام، بۆیە شەڕەکە

پەرەی سەندبوو، بێهودە هیواخواز بوو کە دیم سیاسەتێکی جیاواز پەیڕەو بکات و زیاتر خۆی لەگەڵ زۆرینەی دانیشتوان بگونجێنێت.

دوای کوژرانی دیم، کینیدی و هەروەها جۆنسۆنی دوای خۆشی، پشتیان بە چینی ئەفسەرانی ڤێتنامی باشور بەستبوو، کە زۆرینەیان لە ناو سوپای داگیرکەری فەرەنسییەوە دەهاتن و جێگەی متمانەی خەڵک نەبوون. ئەمریکییەکان هیچ کەناڵیکی پەیوەندییان لەگەڵ بودییەکاندا نەبوو کە خوازیاری ڤێتنامێکی یەکگرتوو و بێلایەن بوون. ئەوەی کە هاوکارەکانی کینیدی باسیان دەکرد گوایا لە دوای هەڵبژاردنەکانی ت٢ی ١٩٦٤ ئەمەریکا هەموو هێزەکانی خۆی لە ڤێتنام پاشەکشە پێدەکات، زۆر دوور بوو لە ڕاستیەوە چونکە سەرۆک هەرگیز ئامادە نەبوو بە سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان رازی بێت.

جۆنسۆن کە حەزی بەوە دەکرد ئاماژە بۆ ڕێکەوتنی (میونشن-١٩٣٨) بکات، ڤێتنامی وەکو خاکێک بۆ تاقیکردنەوە تەماشا دەکرد، ئەگەر کۆمۆنیستەکان لە ڤێتنامی باکور بتوانن رژێمی ڤێتنامی باشور بڕوخێنن، ئەوا هەموو ئاسیا دەکەوێت و دەبێتە کۆمۆنیست. ئەوسا هیچ کەسێک متمانە بە ئەمریکایەک ناکات کە زەلیل و رسوا کراوە و ناتوانێت بەڵێنەکانی خۆی بەرێتەسەر.

لە دەستدانی ڤێتنامی باشور زەبرێکی کوشندەی لە ڕاستگۆیی ئەمەریکا دەسرەواند لە شەڕەکەیدا دژی کۆمۆنیزم. ئیندۆنوسیا و فیلیپین بە شێوەیەکی تایبەت دەکەوتنە بەردەم مەترسی، بۆیە سیاسەتی کپکردنەوەی هەژموون سەرلەنوێ سەریهەڵدایەوە، بەڵام بێگومان بە (وەڵامدانەوەیەکی نەرم)[٦٧]، چونکە دووا جار جۆنسۆن کاری بۆ ئەوە نەدەکرد کە لە جەنگیدا دژی کۆریای باکور سەرکەوێت، بەڵکو لە ڕێگای ئەو هەڵوێستە توندەوە دەیویست

٦٧ وەڵامدانەوەی نەرم (Flexible response) ستراتیژێکی تایبەت بوو بە بەرگری کە ۆۆن کینێدی لەساڵی ١٩٦١ لە جیاتی سیاسەتی (تۆڵەسەندنەوەی گشتی (Massive retal-iation)ی ئەیزنهاوەر پەیڕەوی کرد. ئەم سیاسەتە بریتی بوو لە کاردانەوەی هەمەلایەنە، نەک تەنها هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆم. وەرگێڕ.



جۆنسۆن لە دوای کوژرانی جۆن کینیدی سوێندی یاسایی دەخوات
٢٢ی ت٢ی ١٩٦٣

ڤێتنامی باکور ناچار بکات لەسەر مێزی گفتوگۆ دانیشن و داواکەی ئەمەریکا جێبەجێ بکەن کە بریتی بوو لە پاشەکشەی بێ مەرج لە ڤێتنامی باشور. تەنها ئەو کاتەش ئەو کارەیان دەکرد کە دڵنیابوونایە پابەندبوونی ئەمەریکا بە ڤێتنامی باشورەوە هیچ گومانێک هەڵناگرێت و پابەندبوونێکی تەواوە و ئەوان هەرگیز ناتوانن ڤێتنامی باشور لاواز بکەن، کە لە سایەی ئەمەریکاوە باڵادەستیی سەربازی هەبوو. بۆ ئەوەشی کە ئەنجامێک بەدەست بێنن دەبوو ڤێتنامی باشور و هاوپەیمانە ئەمریکییەکانی لە پێگەیەکی بەهێزەوە دانوستانیان بکردایە. هەر یەکە لە کینیدی و جۆنسۆن هەموو پێشنیازەکانی (بێلایەن بوون)ی ڤێتنامیان رەت دەکردەوە، ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە ئەوە دۆڕانێکە و هەرگیزقبوڵی ناکەن ڤێتنامی باشور بە تەواوی سەر بە بلۆکی رۆژئاوا نەبێت.

لە کوژرانی "دیم" ە وە، هەتا کودەتای سەرکەوتوانەی سەربازەکانی (نگوین کاو کی، نگوین ڤان تەیۆ، دۆنگ ڤان مینە) لە حوزەیرانی ١٩٦٥، ڤێتنامی باشور ماوەیەک سەقامگیری سیاسی نەبوو. جۆنسۆن هەوڵی دەدا قەرەبووی ئەمە بە ناردنی سەربازی زیاتر و زیاتر بکاتەوە، کە راستەوخۆ رەوانەی بەرەکانی شەڕ دەکران. بیری لە جەنگی کۆریا دەکردەوە: ماوەیەک لەوێش بارودۆخ زۆر خراپ بوو، بەڵام لە کۆتایدا ئەمریکییەکان سەرکەوتن و کۆریای باشور رزگارکرا. دوای روداوەکانی کەنداوی "تۆنکین" لە ٢ و ٤ی ئابی ١٩٦٤دا، کە بەهەڵە گوترا گوایە کەشتییەکانی ئەمەریکا لە دەرەوەی ئاوە نێودەوڵەتییەکان لە لایەن ڤێتنامییە باکورییەکانەوە هێرش کراوەتە سەری، سەرۆک دوای سەرپەشک کردنی لە لایەن کۆنگرێسەوە لە ٧ی ئابدا بە کۆی دەنگ، رەزامەند بوو بەوەی کە راستەوخۆ هەموو هێرشێکی ڤێتنامی باکور وەڵامدانەوەی هەبێت. لێرە بەدواوە هەر وڵاتێکی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا داوای هاوکاری بکات لە دژی تێکدان و دەستدریژیی کۆمۆنیستەکان، هاوکاری دەکرێن. لە کاتی بانگەشەی هەڵبژارنەکانی ساڵی ١٩٦٤ جۆنسۆن وێنەی سەرۆکێکی میانڕەوی بۆخۆی دروست کرد: باکوری ڤێتنام هێرش ناکرێتە سەری و ڤێتنامی باشوریش بە تەنها بەجێ ناهێڵین.

کاتێک جۆنسۆن بە سەرۆک هەڵبژێردرا، لە ١٣ی شوباتی ١٩٦٥ ە وە دەستی کرد بە ئۆپەراسیۆنی بروسکەی گلۆربوو (Rolling Thunder): هێزی ئاسمانیی ئەمەریکا دەستی کرد بە بۆردومانکردنی ئامانجەکان لە ڤێتنامی باکور، دواتر جار لە دوای جار ئەم بۆردومانە زیاتر دەکرا، بەڵام هیچ دەرەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٥-١٩٦٨ فڕۆکەی B52 ی ئەمەریکا نزیکەی ٧٠٠ هەزار تۆن بۆمبی لە ڤێتنامی باکور بەکار هێنا. سەرۆک دەیویست ڤێتنامییەکانی باکور ناچار بکات چۆک دادەن و مل بە دانوستان بدەن. ڤێتنامی باکور لەسەر هەڵویستی خۆی سوربوو: هیچ دانوستانێک نیە هەتا ئەوکاتەی بۆردومان رادەگیرێت. تەنانەت لە سەروبەندی چڕکردنەوەی بۆردومانەکانیشدا ئەو هەڵوێستەی خۆیان نەگۆڕی. تاکتیکی ڤێتنامەکانی باکور بۆ ئەمریکییەکان روون بوو،

ئەوان دەیانویست هێرشکاران جاڕس و بێزار بکەن و درێژترین ماوە خۆیان سەرقاڵ بکەن تا ئەو کاتەی ئیتر رایگشتی لە ئەمەریکا دەگاتە ئەو بڕوایەی کە ئیتر دەبێت سەربازەکانیان بکشێننەوە.

بۆ ئەوەی راستگۆیی خۆی بپارێزێت، پێویست بوو جۆنسۆن بەڵێنێکی بدایە بۆ کۆتایی هێنانی جەنگ. لە ٢٠ی نیساندا بڕیاریدا هێزی پیادەی ئەمەریکا راستەوخۆ بەشداری جەنگ بکات، بەڵام لەمسەریشەوە تا دەهات جەنگاوەری زیاتر لە ڤێتنامی باکورەوە دزەی دەکرد بۆ هاوکاریکردنی یاخیبووەکانی باشور. سوپای ڤێتنامی باشور توانای شەڕی نەمابوو لەگەڵیاندا. سەرەتا ئەمریکییەکان لە نیسانی ١٩٦٥دا ٤٠.٠٠٠ سەربازیان هەبوو. لە کۆتایی ١٩٦٥دا ئەو ژمارەیە بوو بە ١٨٤.٠٠٠ سەرباز، لە کۆتایی ١٩٦٦دا بوون بە ٣٨٥.٠٠٠ ، ساڵی دواتریش بوون بە ٥٣٥.٠٠. لە شوباتی ١٩٦٩ بوون بە ٥٤٢.٠٠٠ سەرباز. بۆ ئەوەی ئەو ژمارە زۆرانەش دابین بکرێن دەبوو هێزی یەدەگ بانگ بکرێنەوە. سەربازانی ئەمەریکی کەرەسە و مەتریاڵی جەنگیی یەکجار زۆریان پێدرابوو. شەلم کوێرم دەستیان دەوەشاند. ملیۆنان جوتیار لە سەر زێدی خۆیان هەڵکەنران و برانە ناو ئۆردوگاکان.

حکومەتی تازەی ڤێتنامی باشور کە لەدوای هەڵبژاردنە دیموکراتییەکەی ٣١ی ت١ی ١٩٦٧ بە پشتیوانی ئەمەریکا دامەزرابوو، لە لایەن خەڵکەوە متمانەپێکراو نەبوو. بەر لەوەی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان ئاشکرا بکرێن، ژەنەراڵەکانی سوپا بڕیاریاندا ژەنراڵی کاتۆلیکی نگوین ڤان تەیۆ (Nguyen Van Thieu) بکرێت بە سەرۆک و رکەبەرەکەشی مارشاڵی فڕۆکەوان نگوین کاۆ کی (Nguyen Cao Ky) بکرێتە جێگری. ئەو دوو کەسە کە دانویان پێکەوە نەدەکولا، پێشتر لە سوپای ئیمپریالیستی فەرەنسی کاریان کردبوو، هەردوکیان دژی بەرەی ڤێت مین جەنگابوون، بۆیە خەڵکی ڤێتنامی باشور چارەی ئەوانی نەدەویست و بە کۆمەڵ لە دژیان و لە دژی ئەمریکییەکان وەستانەوە. ئەمریکا توشی چارە رەشی خۆی هاتبوو: لە لایەکەوە سەربازانی ئەمەریکی لە پێناوی دیموکراسیەتدا لەوێ بوون، لەملاشەوە بوونی ئەوان وایکردبوو هیچ شێوە دیموکراسییەک جێگای نەبێتەوە و مەحاڵ بێت.




باکور و باشوری ڤێتنام

بەڕێوبەری کۆمپانیای پێشووی فۆرد، وەزیری بەرگری "رۆبێرت ماکنمارا، کە تاک رەهەندانە بیری دەکردەوە، خۆی سەرپەرشتی کاروبارە جەنگییەکانی دەکرد. ماکنمارا زیاتر پشتی بە داتای ژمارە دەبەست وەک لە راپۆرتە شیکارییەکان. لە ماوەی نێوان ١٩٦١-١٩٦٥ لە لایەن هەندێ کەسایەتی ماستاوچی و ئەو فەرمانبەرانەی تینوی پلە بەرزکردنەوە بوون و ژەنەراڵە گەندەڵەکانی ڤێتنامی باشور کڵاوکرابووە سەری. ژمارەی کوژراوەکانیان بە هەڵە بۆ دەکردە راپۆرت. ژەنەراڵ "ولیام وێستمۆرلاند" فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئەمەریکا لە ڤێتنام لەو باوەڕەدا بوو ئەگەر بتوانن رێژەی کوژاوەکان رابگرن بەو جۆرەی کە ١ کوژراوی ئەمەریکی بەرامبەر بە ١٢ کوژراوی دوژمن بێت، ئەوە جەنگەکە دەبەنەوە.

لە نیوەی ساڵی ١٩٦٦ بەدواوە ئینجا ماکنمارا راپۆرتی راستەقینەی بەدەست گەیشت و بۆی دەرکەوت کە بۆردومانەکان هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە و نەیتوانیوە رێگای لۆجستیکی و گواستنەوەی پێداویستییەکان لە باکورەوە بۆ باشور لە ناو بەرێت. لە پایزی ١٩٦٧ دا پێشنیازی کرد بۆ جۆنسۆن کە بۆردومانەکان رابگرێت و واز لە شەڕ بێنێت بۆ ڤێتنامییەکان خۆیان. کاتێک جۆنسۆن داواکەی رەتکردەوە، ماکنمارا ناچار لە ت٢ی ١٩٦٧ دەستی لە کار کێشایەوە.

لە ماوەی نێوان ١٩٦٦-١٩٦٧ دا، رایگشتی لە ئەمەریکا دژی جەنگ لە ڤێتنام لە هەڵکشاندا بوو. رۆژانە لە کەناڵەکانی تەلەفیزیۆنەوە وێنەی ترسناکی جەنگ پیشان دەدرا. پەیامنێرەکان زۆر باشتر لە راوێژکارە رەسمییەکان پاشخانی ئەو جەنگەیان دەگواستەوە. وردە وردە ئەوە زیاتر ئاشکرا دەبوو کە ئەمریکییەکان لە ڤێتنام بەرگری لە مانەوەی دکتاتۆریەتێکی گەندەڵ دەکەن کە هیچ بنکەیەکی جەماوەریی نیە. زۆرێک لە سەربازانی ئەمەریکا لە ڤێتنام هەستیان بەبێ ئاکامی دەکرد و هیچ بایەخێکی ئەوتۆیان بە رژێمی سایگۆن نەدەدا کە دەبوو پارێزگاری لێبکەن. لە بەر ئەوەی نەیاندەتوانی دۆست و دوژمن لەیەکتر جیا بکەنەوە، هەستیان بە هەڕەشەی بەردەوام دەکرد، ئەمەش وایکردبوو کە بۆ پارێزگاری کردن لە خۆیان وێرانکارییەکی

فراوان لە گوندەکاندا بکەن و تەقە لە هاوڵاتیانی سڤیل بکەن و تەڕ و وشک پێکەوە بسوتێنن[٦٨].

لە سەرەتادا خوێندکاران پێشەنگایەتی بەرهەڵستیکردنی جەنگی ئەمریکییان دەکرد لە ڤێتنام. دوای تەواوکردنی زانکۆ زۆرێک لەو خوێندکارانە راپێچی بەرەکانی جەنگ دەکران و ئامادە نەبوون بڕۆن بۆ شەڕێک لە ڤێتنام لە پێناوی مەسەلەیەکی نا عادیلانە و گوماناوییەوە. لە نێوان ١٩٦٧-١٩٦٨ ناڕەزاییەکان فراوانتر بوونەوە و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەی گرتەوە: سەندیکای کرێکاران، رێکخراوەکانی ژنان، روناکبیران. جۆنسۆن و نزیکترین کەسانی هاوکاری کە تاکە خەمیان ئەوە بوو خۆیان بە دوور بگرن لە ئابڕووچونی دۆڕانی جەنگ، تەواو لە رایگشتی دابڕابوون. لەم سەروبەندەدا (لاۆس و کەمبۆدیا) کە دەیانویست بێلایەن بن کەوتنە ناو ململانێکانەوە.

ئاشکرا بوو لە نێو هاوپەیمانەکانی ئەوروپای رۆژئاواش رایگشتی دژی جەنگی ڤێتنام بوو. دیگۆل لە دژی ئەمەریکییەکان سیاسەتێکی تەریبی پیادە دەکرد کە ئامانجی یەکگرتنەوەی ڤێتنام و بێلایەنبوونی بوو. سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا "هارۆلد ویلسن" لە ساڵی ١٩٦٥دا، هەوڵیدا لە ململانێکەدا نێوەندگیری بکات. جیاوازی هەڵوێست لە نێوان چین و یەکێتیی سۆڤێت مایەی سەرسوڕمان بوو. سۆڤێتییەکان کە بێگومان لایەنگری ڤێتنامی باکور بوون، لەگەڵ ئەوەدا بوون کە ململانێکە لە رێگای دانوستانەوە کۆتایی بێت. ئەمەش بە روونی لە سەردانەکەی کۆسیجین لە شوباتی ١٩٦٥ بۆ هانۆی رەنگیدایەوە، کاتێک داوای کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتیی کرد بۆ ڤێتنام. هەروەها وەزیری دەرەوەی پۆڵەندا "جیری میخالۆسکی" هەوڵێکی زۆریدا بۆ گەیشتن بە رێکەوتن (بێگومان بە رەزامەندی سۆڤێت). دبلۆماسیەتی ئاشتیش کە لەلایەن ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە " ئو ثانت" پەیڕەو دەکرا، بەردەوام جێگەی رەزامەندی سۆڤێت بوو.

---

٦٨ هێزی کۆماندۆسی ئەمەریکا (Special Forces SF) ناسراو بە بێرییە سەوزەکان (Green Berets) بەشی هەرە زۆری ئەو شەڕە قێزەونەی ڤێتنامیان بەڕێوە بردووە. بێرییە سەوزەکان ناسراون بەوەی کە هێزێکی زۆر دڕندە و زەبر وەشێن بوون. وەرگێڕ.

هەڵوێستی ماو تەواو جیاواز بوو: هەموو هەوڵەکانی بۆ گرێدانی کۆنگرەی ئاشتی تێکدەدا، هەروەها داوای لە هانۆی دەکرد خۆڕاگر بن و لەژێر فشاری بۆردومانەکاندا مل نەدەن. بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەش، نەک تەنها چەک و پێداویستی جەنگی دەنارد، بەڵکو هێزەکانی خۆشی رەوانەی ڤێتنامی باکور کرد. نزیکەی ٣٢٠ هەزار سەربازی چینی لە ڤێتنامدا بوون. ئەوانە راستەوخۆ لە بەرەکانی جەنگدا نەبوون، بەڵکو یارمەتی ڤێتنامی باکوریان دەدا بۆ بنیاتنانەوەی ئەو ژێرخانەی کە بەهۆی بۆردومانەوە وێران دەکرا. لە ساڵی ١٩٦٨ بەدواوە ڤێتنامییەکانی باکور بەدەر لە خواستی سەرکردە چینییەکان بڕیاری دانوستانیاندا، بۆیە چینییەکان ئیتر هێزەکانی خۆیان کشاندەوە.

ماو هۆکارگەلێکی زۆری هەبوون بۆ بەردەوام پێدانی ململانێکە. پێش هەموو شت نەیدەویست کایەی هەژموونی ئەمەریکا بۆ سنورەکانی چین درێژ بێتەوە. حەزی نەدەکرد هێزەکانی ئەمەریکا لە نزیک سنورەکانی چینەوە بن، چونکە ئەوە پیشەسازییەکانی چینی لە باشور دەخستە مەترسییەوە. جگە لەوەش دەیویست لە ناوخۆی وڵات هەمیشە کەشێکی شۆرشگێڕانە هەبێت بۆ خەبات لە دژی ئیمپریالیزم. وەک خۆ بەسەرکردەزانێکی جیهانی سێیەمیش حەزی بەوە بوو کە ئەمریکییەکان لە ڤێتنام پەڕوباڵ بکات بۆ ئەوەی شۆڕش لە شوێنەکانی دیکەی جیهان هەڵگیرسێت.

فێڵبازی ماو لەو بیرۆکەیەدا بوو کە هەتا جەنگی ڤێتنام درێژە بکێشێت، ئەوە نزیک بوونەوەی هەردوو دوژمنە سەرسەختەکەی خۆی (سۆڤێت و ئەمریکا) مەحاڵ دەبێت. رەنگە بەهۆی فشارەکانی ماو بووبێت کە ڤێتنامی باکور لە نێوان ١٩٦٦-١٩٦٧ بەهیچ شێوەیەک وەڵامی پێشنیازەکانی ئەمەریکایان نەدەدایەوە بۆ دانوستان، کاتێکیش لە ساڵی ١٩٦٨ ئەوە رویدا، کە بێگومان لە دژی ئارەزووەکانی ماو بوو، ئیتر هانۆی بڕیاریدا زیاتر پشت بە یەکێتیی سۆڤێت ببەستێت لە جیاتی چین.

یەکەمین گۆڕانکاری لە ململانێکەدا ئەو کاتە هاتە ئاراوە کە هێزەکانی ڤێتنامی باکور لە ٣٠ی ک٢ی ١٩٦٨ (ساڵی نوێی ڤێتنام) هێرشەکانی خۆیان چڕ کردەوە. وێرای ئەو هەموو بۆردومان و پاکتاوکردنە بەرفراوانانەی

کە هێزەکانی ئەمەریکا ئەنجامیاندا، ژەنراڵ (ڤۆ نگوین گایپ) بە ٨٤ هەزار جەنگاوەرەوە توانی هێرش بکاتە سەر پایتەختی چەند هەرێمێکی جیاواز و سایگۆن و چەند شارێکی تری گرنگ. هێزەکانی ئەمەریکا و ڤێتنامی باشور زۆر بە زەحمەت توانیان خۆیان بەرامبەر بە هێرشەکە رابگرن. ژەنراڵ گایپ نەیتوانی دەست بەسەر یەک شاریشدا بگرێت، وێرای ئەوەش ٤٠ هەزار کەسی لێکوژرا. هەروەها راپەڕینی سەرتاسەریی چاوەڕوانکراویش لە دژی حکومەتی باشور سەری نەگرت. لە دیدی سەربازییەوە ئەمە سەرکەوتنێک بوو بۆ ئەمریکییەکان، بەڵام وێنە گوازرەوەکانی شەڕەکە باندۆرێکی زۆری هەبوو بەسەر رایگشتی ئەمەریکاوە. ئێستا ئیتر بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بوو کە رەوشەکە لە ڤێتنام پەمەیی و شاعیرانە نەبوو. ژەنراڵ "وێستمۆرلاند" دەستبەجێ داوای ناردنی ٢٠٠ هەزار سەربازی زیادەی کرد، ئەمەش مەحاڵ بوو بەبێ ئەوەی یەدەگ بانگ بکرێتەوە.

هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بۆ ساڵی ١٩٦٨ نزیک بوو، جۆنسۆن بوێریی ئەوەی نەبوو بەو حاڵەوە بەرەو هەڵبژاردن بڕوات. لە ٣١ی مارت وتارێکی لە تەلەفیزۆنەوە پێشکەش کرد و گۆڕینی ئاراستەی جەنگی راگەیاند. دواجار ملکەچی داخوازییەکانی ڤێتنامی باکور بوو، هەموو بۆردومانەکانی راوەستاند جگە لە هێڵێکی تەسکی سەر سنور. راستەوخۆش بڕیارێکی شەخسی داو رایگەیاند کە بۆ ماوەی سەرۆکایەتی داهاتوو خۆی کاندید ناکاتەوە. ڤێتنامی باکور راستەوخۆ وەڵامی دایەوە و ئامادەیی خۆی بۆ بەشداریکردن لە دانوستانەکان راگەیاند. دانوستانەکان لە ١٣ی مایسدا لە پاریس دەستیان پێکرد و جۆنسۆنیش چەند رۆژێک پێش هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی دەستی لەکار کێشایەوە.

## ئەوروپای رۆژئاوا: هەر کەسەی لە ئاوازێک دەخوێنێت، دیگۆل و براندت و هارمل:

فەرەنسییەکان لە ساڵی ١٩٥٨دا ژەنراڵ "شارل دیگوڵ" یان هێنایە سەر دەسەڵات، ئەرکی سەرەکیشی ئەوە بوو کۆتایی بە جەنگی ئیمپریالیستی جەزائر بهێنێت. هەر هێندەی لەو ئەرکەش تەواو بوو، ژەنراڵی ناسیۆنالیست خەمی ئایندەی فەرەنسا و پێگەکەی بوو لە ئەوروپا و جیهان. دیگۆڵ بیروباوەڕی تایبەت بە خۆی هەبوو، دەیویست بەرجەستەیان بکات، بە تایبەت لە دوای سەرکەوتنی یەکەم تاقیکردنەوەی ئەتۆمی لە بیابانەکاندا (١٣ی شوباتی ١٩٦٠). ئەو حەزی لە دنیایەکی دوو جەمسەری نەبوو کە تیایدا ئەوروپا و فەرەنسا هیچ قسەیەکی خۆیان نەبێت.

لە دیدی ئەودا فەرەنسا کرابووە ئۆردوگایەکی ئەمەریکی، تەنها هێزی ئەتۆمی فەرەنسی (هـێـزی لـێدان – Force de frappé)[٦٩] دەیتوانی سەربەخۆیی وڵات بگەڕێنێتەوە. بۆیە دیگوڵ پەرەپێدانی (هێزی لێدان)ی لە پێشینەی کارەکانی خۆی دانابوو. ئەوە زیاتر چەکێکی سیاسی بوو وەک لەوەی سەربازی بێت، ئامانجیش لێی راگرتنی هێرشی سۆڤیێتی نەبوو. کاتیک دیگۆڵ لە ساڵی ١٩٥٨ پۆستەکەی خۆی وەرگرت بەهیچ شێوەیەک باوەڕی بەوە نەبوو کە یەکێتیی سۆڤێت ئامانجی ئەوەبێت هێرشی سەربازی بکاتە سەر ئەوروپای خۆرئاوا.

کەواتە دیگوڵ ئامانجی ئەوە بوو فەرەنسا بە هێزەوە سەربەخۆ بێت و دەوڵەتێکی پێشەنگ بێت لە ئەوروپایەکی جودا لە ئەمەریکا و سۆڤێت. ئەوەش ئامانجی پلانی فۆشێ[٧٠] بوو کە داوای دەکرد شەش دەوڵەتەکەی ئەوروپا

٦٩ لە ساڵی ١٩٦١ بەدواوە، فەرەنسا بڕوای بەوە هەبوو کە نابێت ئەمەریکا کوێخایەتی بەسەر ئەوروپاوە بکات. بۆ ئەو مەبەستەش فەرەنسا پشتی بە هێزی خۆی دەبەست و بە هێزی لیدانی فەرەنسی یاخود پەرچەبەرگری (ردع)ی فەرەنسی (Force de Frappe) ناو دەبرد. ئەم هێزە بریتیبوو لە هێزی ئەتۆمی فەرەنسی لە ئاسمان و دەریا و وشکانی. لە دوای ساڵی ١٩٩٦ ئەم قۆناغە کۆتایی هات و فەرەنسا دەستی کرد بە کەمکردنەوەی هێزی ئەتۆمی خۆی. وەرگێڕ.

٧٠ پلانی فۆشێ (Fouchet plan) ئەو پلانە شکست خواردووە بوو کە کریستیان فۆشێ

(فەرەنسا، ئەڵمانیا، بەریتانیا، هۆڵەندا، بەلجیکا، لوکسومبۆرگ – وەرگێڕ) سیاسەتی دەرەکی و سەربازییان هاوبەش بێت. لە ١٧ی نیسانی ١٩٦٢ هەردوو وەزیری دەرەوەی بەلجیکا و هۆڵەندا (هەنری سپاک و جۆزێف لۆنس) ڕەتیان کردەوە گفتوگۆی زیاتر لەو بارەوە بکەن ئەگەر بێبەشکردنی بەریتانیا لە ئەندامێتیی کۆمەڵەی ئابوری ئەوروپا (EEC) بەردەوام بێت.

دیگوڵ هەوڵیدەدا لە ڕێگای کارکردنی چڕوپڕەوە لەگەڵ ئەڵمانیا، هەمان ئامانج بەدەستبهێنێت لە بواری سیاسەتی دەرەکی. فەرەنسا لەو باوەڕەدا بوو کە بەهۆی قۆرخکردنی ئەتۆمییەوە دەتوانێت هەژموونی خۆی لەسەر ئەڵمانیای ڕۆژئاوا زاڵ بکات بەمەش دیگۆڵ بە ئاسانی دەتوانێت سۆڤێت لە ئەنگێزەی تۆڵەسەندنەوەی ترسناکی ئەڵمانیا دڵنیا بکاتەوە و لێرەشەوە یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا بەدەست دەهێنێت. دوای یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا سۆڤێت ئیتر ناچار نابێت لە ئەڵمانیا بترسێت، چونکە لەژێر کۆنترۆڵی فەرەنسادا دەمێنێتەوە. هەروەها وردە وردە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیش ڕزگار دەبن لەوەی کە وەک (بەربەستێکی خۆپارێزی)[٧١] بەکاربهێنرێن. لە

---

(Christian Fouchet)ی باڵیۆزی فەرەنسا لە دانیمارک دایانابوو، دیگۆڵ لە ساڵی ١٩٦١ وەک بەشێک لە بنەماکانی کاری خۆی پەیڕەوی دەکرد. پلانەکە ئەوە بوو کە فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمەریکا پێکەوە بە هاوبەشی ئیدارەی کاروبارە سیاسییەکان بدەن و ڕێکخراوی (یەکێتیی دەوڵەتان) وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ ڕێکخراوی (کۆمەڵگە ئەوروپییەکان) کە پێشتر دروستکرابوو، دابنێن. دیگوڵ لەوە دەترسا کە هەژموونی فەرەنسی لە ناو وڵاتانی دیکەدا بتوێتەوە، بۆیە نەخشەکە لە پێناوی پاراستنی پارسەنگیی هێز بوو لە بەرژەوەندی فەرەنسا. شکستی ێکخراوی کۆمەڵگە ئەوروپییەکان و بەرەوپیرەوە نەچوونی پلانەکە لە لایەن وڵاتانی دیکەوە بووە هۆی لەبیرکردنی پلانەکە. وەرگێڕ.

٧١ زاراوەی (cordon sanitaire) لە ڕاستیدا واتای (گەمارۆدانی تەندرستی) دەگەیەنێت. ەەو زاراوەیە مەجازییە و کاتی خۆی سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا (Georges Clem-enceau) دایهێناوە. مەبەست لێی ئەوەیە کە ڕێگا لە تەشەنە سەندنی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو بگیرێت. لە ساڵی ١٩١٩ لە دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ دابڕین و پەناگیرکردنی یەکێتیی سۆڤێت، فەرەنسا سیستەمێکی هاوپەیمانیی لە ئەوروپا دروست کرد، لە فینلەنداوە هەتا ناوچەی بەلقان درێژ دەبۆوە. بەم سیستەمە فەرەنسا دوو کێشکەی بە یەک بەرد دەکوشت، لە لایەک ئەڵمانیای گەمارۆدا و لە لایەکی دیکەشەوە سۆڤێتیی لە ئەوروپای ڕۆژئاوا دابڕی. وەرگێڕ.

ژێر سەرکردایەتی فەرەنسادا، لەدوای ئەوە دەکرێت ئەوروپایەکی گەورە و یەکگرتووی بەهێز دروست بکرێت.

بێگومان بەریتانیا نەیدەتوانی بەوە رازی بێت، بە تایبەت کە لە ک١ی ١٩٦٢دا رۆکێتی ئەتۆمی "پۆلاریس" ی لە جۆن کینیدی وەرگرتبوو، بەوجۆرە تەواو ببووە پاشکۆی ئەمەریکا، هەر بۆیە ئافەرۆز کرابوو. لە ١٤ی ک٢ی ١٩٦٣دا دیگۆڵ مافی ڤیتۆی بەکار هێنا لە دژی بوونە ئەندامی بەریتانیا لە کۆمەڵەی ئابوری ئەوروپا. بایەخدانی دیگوڵ بە شکۆی نیشتمانی و هەوڵەکانی بۆ خۆپاراستن لە کاریگەریی ئەمەریکا، بە شێوەیەکی ئاسایی بوو بە هۆی ململانێ لەگەڵ ئەمەریکا و کەوتنەوەی کەشێکی دژە ئەمریکایی لە فەرەنسا. لە ئەمەریکاش بە هەمان شێوە کاردانەوەی دژە فەرەنسایی هاتە ئاراوە.

سەرۆک کینیدی و جۆنسۆنی شوێنگرەوەی بە مانۆڕە سیاسییەکانیان بە نیاز بوون دوو ئامانج بەدەست بێنن. لە لایەک دەیانویست کۆنترۆڵی هێزە ئەتۆمییەکانی فەرەنسا و بەریتانیا بەدەستەوە بگرن، لە لایەکی تریشەوە وەهمێک بخەنە نێو سەری ئەڵمانیای رۆژئاوا کە سکاڵای دەکرد لەوەی کە هێزی ئەتۆمیی نیە، بەوەی رۆڵیکی ببێت لە بڕیارەکای تایبەت بە وزەی ئەتۆم. سەرەتا دیگۆل و ئەیزنهاوەر و کینیدی ترۆیکایەکیان دروست کردبوو کە رێکەوتنێکی نا فەرمی بوو لە نێوان ئەمەریکا و فەرەنسا و بەریتانیا بۆ راوێژکردنی بەردەوام بە یەکتر. دیگۆڵ دەیویست هەموو کۆبوونەوەکانی ئەو ترۆیکایە بکات بە رەسمی و ئەمریکییەکان بەبێ رەزامەندی فەرەنسا نەتوانن هێزە ئەتۆمییەکانیان بڵاو بکەنەوە. ئەیزنهاوەر و کینیدی هەرگیز بەوە رازی نەبوون، بەڵام پەیوەندییە نا فەرمییەکان لەم بارەوە هەتا ساڵی ١٩٦٢ هەر بەردەوام بوون.

لە ک٢ی ١٩٦٣دا، کینیدی پلانی ئەوەی دانا کە هێزێکی ئەتۆمی فرە لایەنە MLF (Multilateral Nuclear Force) دروست بکات. دەیویست بەمە درزێک بخاتە نێو ستراتیژی فەرەنسی – ئەڵمانی بەوەی کە دەسەڵاتی دوور مەودا بدات بە ئەڵمانیا لە ستراتیژی هاوپەیمانی ئەتۆمدا، بەو رێگایەش

فەرەنسا گۆشەگیر بکات. پلانەکە بەو جۆرە بوو کە گەلە کەشتییەکی پەیمانی ناتۆ لە ٢٥ کەشتی دروست بکرێت و هەر یەکێکیان هەشت ڕۆکێتی پۆلاریسی ئەتۆمی لەسەر بێت. تیمەکانیش هاوبەش بن و هەمووشیان لە ژێر فەرمانی ڕاستەوخۆی فەرماندەی باڵای پەیمانی ناتۆدا بن (واتە ئەمەریکا- وەرگێڕ). دیگۆڵ کە دەیویست تەنها پشت بە هێزە ئەتۆمییەکانی خۆی ببەستێت پێکەوە لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی تازەی بەریتانیا هارولد ویلسۆن، لە ساڵی ١٩٦٤دا پلانەکەیان تێکدا. ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لەم کارە زۆر دڵگران بوو چونکە هەلێکی بۆ ڕەخسابوو کە بەهۆی (MLF)ە وە پێگەیەک بۆ خۆی بپچڕێت لە بواری هێزی ئەتۆمدا.

فەرەنساش هاوشێوەی چین قایل نەبوو بەوەی ڕێکەوتنی ساڵی ١٩٦٣ ی تایبەت بە سنوردارکردنی تاقیکردنەوەی ئەتۆم، مۆربکات. دیگۆڵ لە ٢٧ی ک٢ی ١٩٦٤ پەیوەندیی دبلۆماسی لەگەڵ چین، دوژمنە سەرسەختەکەی ئەمەریکا لە جەنگی ڤێتنامەوە، دروست کرد.

لە ٧ی مارتی ١٩٦٦ دیگۆڵ داخوازییە وروژێنەرەکانی خۆی بەرزکردەوە، سکرتاریەتی سیاسی و بنکەی سەربازیی پەیمانی ناتۆی لەگەڵ ٢٦ هەزار سەربازی ئەمەریکی ناچار بوون فەرەنسا بەجێ بهێڵن. فەرەنسا وەک ئەندامی پەیمانی باکوری ئەتلەسی مایەوە بەڵام هێزەکانی خۆی لە ژێر دەستی فەرمانداری سەربازیی ئەمەریکا دەرهێنا. لێرە بەدواوە حکومەتی فەرەنسی بە تەنها خۆی بڕیار دەدات کەی و لە کوێ هێزەکانی فەرەنسا جێگیر دەکرێن. کابوسی گەورەی دیگۆڵ و سیاسەتمەدارانی دیکەی ئەوروپا ئەوە بوو کە ئەمەریکا بەبێ خواستی خۆیان ئەوانی پەلکێش دەکرد بۆ ململانێ لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت. لێرە بەدواوە ئەمە ئیتر کۆتایی هات، هیچ شتێک لە بەردەم ئەمەریکا و ئەندامانی دیکەی ناتۆ نەمایەوە ئەوە نەبێت کە ئەم هۆشدارییە پەسەند بکەن و لە ساڵی ١٩٦٧دا تەواوی هێزەکانیان بگوێزنەوە بۆ بەلجیکا.

ستراتیژی فەرەنسا ئەوە بوو کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئەڵمانیای ڕۆژئاوادا هەبێت. لە ٢٢ی ک٢ی ١٩٦٣ ئادیناوەر و دیگۆڵ پەیمانی هاوکاری

و دۆستایەتییان مۆرکرد. هـەردوو وڵات پێکهاتن لەسەر ئـەوەی زۆر بەچڕی لە بواری سەربازیدا هاوکاری یەکتر بکەن و لەهەموو پرسە گرنگە سەربازییەکاندا راوێژ بە یەکتر بکەن. ئادیناوەر هەوڵی دەدا لە ژێر چەتری ئەتۆمیی فەرەنسا پارێزگاری لە خۆیان بکەن، چونکە چیدیکە دڵنیا نەبوو لەوەی کە ئەمریکییەکان لە چوارچێوەی سیاسەتی (کاردانەوەی نەرم) لە پێناوی ئەڵمانیای رۆژئاوا خۆیان بخەنە بەر مەترسی جەنگەوە. "ئێرهارد" کە لە ت١ی ١٩٦٣ شوێنی ئادیناوەری گرتەوە، هەڵوێستی ئەڵمانیای گۆڕی و پارێزگاری ئەمەریکای لا باشتر بوو لەوەی فەرەنسا، تەنانەت لەوەش دەترسا کە ئەمەریکا بەهۆی گلەیی و گازەندە بەردەوامەکانی فەرەنساوە لە ناتۆ بڕواتە دەرەوە و ئەڵمانیای رۆژئـاوا بە تەنها و بەبێ پارێزگاری بمێنێتەوە. دوای کشانەوەی ئەڵمانیای رۆژئـاوا، دیگۆڵ بە تەنها مایەوە، لەبەر ئەوەی فەرەنسا ئەوەندەی پێویست بەهێز نەبوو، نەخشەکانی دیگۆڵ شکستیان خوارد.

لـەگـەڵ ئـەوانـەشـدا، دیگـۆڵـیزم کـاریگـەری زۆری هـەبـوو لـەسـەر سیاسەتمەدارانی ئەڵمانیا. وەک سۆشیال دیموکراتیک ویللی براندت لەگەڵ کابینەی دیموکرات مەسیحییەکان کە لە ک ١ی ١٩٦٦دا دەستبەکار بوو، بوێری ئـەوەی هەبوو کە سیاسەتی دەرەکی وەک جاران پەیڕەو بکات. هەوڵی بۆ ئارامی و سەقامگیری دەدا. وازی لە دۆکترینی "هاڵشتاین"[٧٢] هێنا کە لە ک١ی ١٩٥٥ ە وە پەیڕەو دەکرا، بە هۆی ئەوەشەوە ئەڵمانیای رۆژئاوا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەموو ئەو وڵاتانەدا بچڕاندبوو کە ئەڵمانیای دیموکراتیان بە رەسمی ناسیبوو. پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەموو وڵاتانی

٧٢ عەقیدەی هاڵشتاین (Hallsteindoctrine) یاخود دۆکترینی هاڵشتاین بە ناوی واڵتەر هاڵشتاینەوە ناوی نراوە، کە بنەمای سیاسەتی دەرەکیی ئەڵمانیای رۆژئاوا بوو لە ساڵی ١٩٥٥ هەتا ساڵی ١٩٧٢ . کورتەکەشی ئەوەیە کە ئەڵمانیای فیدراڵ (رۆژئاوا) نوێنەرایەتی هەموو گەلی ئەڵمانیا دەکات و بەهیچ شێوەیەک ئەڵمانیای دیموکرات (رۆژهەڵات) بە رەسمی ناناسێت و پەیوەندی دبلۆماسیش لەگەڵ هیچ وڵاتێکدا دروست ناکات ئەگەر ئەڵمانیای خۆرهەڵات بە رەسمی بناسێت. ساڵی ١٩٧٢ دوای مۆرکردنی پەیمانی بنەڕەتی ئەم بنەمایە هەڵوەشێنرایەوە. وەرگێڕ.

بلۆکی ڕۆژهەڵات ئاسایی کردەوە جگە لە یەکێتیی سۆڤێت.

بەو شێوازە ئادیناوەر هەوڵیدا یەکگرتنەوەی هەردوو بەشەکەی ئەڵمانیا لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بسەپێنێت. براندت بە جۆرێکی دیکە بیری دەکردەوە: لەو باوەڕەدا بوو یەکخستنەوەی ئەڵمانیا مەحاڵە تەنها ئەو کاتە نەبێت کەشێکی ئارام بخولقێنرێت لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. لە پێناو یەکخستنەوەی ئەڵمانیا دەبوو سەرەتا دابەشبوونەکە بە ڕەسمی بناسێنرێت، ئەمەش ڕەنگە ئەو کەشە ئارامە بێنێتە ئاراوە کە یەکگرتنەوە ئاسان دەکات، بۆیە ئەو لە دۆکترینی هاڵشتاین دوور کەوتەوە و هەوڵیدا خۆی لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات نزیک بخاتەوە. لەم هەنگاوەیدا وەکو دیگۆلی کرد کە ساڵی ١٩٦٦ سەردانی یەکێتیی سۆڤێتی کرد و ١٩٦٧ ڕۆمانیا و ١٩٦٨ پۆڵەندا و پاشان پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ وڵاتە کۆمۆنیستەکاندا گرێدا. براندت هەمان ئەو سیاسەتەی پەیڕەو کرد کاتێک لە ت١ی ١٩٦٩دا لە کوالیسیۆنی نوێ لەگەڵ لیبراڵەکان، کە سۆشیال دیموکراتەکان تیایدا زۆرینە بوون بوو بە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا.



ویللی براندت

ئەم سیاسەتەش تەواو یەکانگیر بوو لەگەڵ ئەو چوارچێوە کارەی کە پەیمانی ناتۆ، لەسەر داوای هارمل، لە ک١ی ١٩٦٧دا پەسەندی کرد. وەزیری دەرەوەی بەلجیکا پییر هارمل (Pierre Harmel) لە راپۆرتێکیدا ئەرکە ئاییندەییەکانی پەیمانی ناتۆ دیاری دەکات. یەکێک لەو ئەرکانەش ئەوەیە کە وڵاتانی ئەندام هاندەدات کار بۆ ئارامی بکەن و هەوڵ بدەن پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بلۆکی رۆژهەڵات ئاسایی بکەنەوە و لە ماوەی دوور مەودا کار بۆ ئەوە بکەن دژایەتیکردنەکان نەهێڵن و بارودۆخی دیفاکتۆ پەسەند بکەن و لە بوارە جیاوازەکانی ئابوری و کەلتورییەوە پەیوەندییەکان دروست بکەنەوە، رەنگە ئەم هەنگاوانە دووا جار ببنە هۆی سەقامگیری سەربازی و سازشی سیاسی و ئاکامی کۆتایشیان ئەوە بێت کە پەیوەندی نەرم و نیان لە نێوان وڵاتە ئەوروپیەکاندا دروست بێت و چیدیکە مانەوەی پەیمانی ناتۆ و وارشۆ پێویست نەمێنێت.

ئامانجی کۆتایش ئەوە بوو کە جۆرێک لە ئەوروپای یەکگرتوو بێتە ئاراوە، ئەوەی کە هارمل لە راپۆرتەکەیدا بە (ئەوروپای گشتگیر) ناوی بردووە. لە ژێر کاریگەری تایبەتمەندییەکانی فەرەنسادا راپۆرتەکە سەربەستی تەواو بە ئەندامەکانی دەدات لە پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ بلۆکی رۆژهەڵات، لە مادەی ٧ ی راپۆرتەکەدا هاتووە: وەک وڵاتانی خاوەن سەروەری، هیچ ئەندامێک ناچار نیە پابەند بێت بە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی هاوبەش. [ ] دەبێت هەموو ئەندامێک بە پێی خواست و پێویستی خۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت و وڵاتانی ئەوروپای رۆژهـەڵات بەهێز بکاتەوە. هارمل لەگەڵ هاوپیشە پۆڵەندییەکەیدا "ئادەم راپاکی" بە گەرمی سەرقاڵی ئەوە بوو کە ناوچەیەکی ئارام و سەقامگیر لە ناوەڕاستی ئەوروپا دروست بکەن، بەڵام روداوەکانی چیکوسلۆڤاکیا لە ئابی ١٩٦٨ رێگای ئەوەی لێگرتن. هارمل دوای ئەو روداوانە پەیوەندی لەگەڵ ئەو رۆمانیانەدا دروست کرد کە بەشدار نەبوون لە هێرشکردنە سەر چیکوسلۆڤاکیا.

## لە ئەلبانیاوە هەتا چین و چیکوسلۆڤاکیا:
## دەسەڵاتی سۆڤێت بەسەر کۆمۆنیزمدا لەق دەبێت!

لە ١٥ی ت١ی ١٩٦٤ خرۆشۆف لە دەسەڵات لابرا و پیلانگێڕانی دەوروبەری بریژنێف شوێنیان گرتەوە. لەو کاتەدا پارتە کۆمۆنیستەکانی دنیا چیدیکە بەرەیەکی یەکگرتوو نەمابوون بە سەرکردایەتی یەکێتیی سۆڤێت. خرۆشۆف لەگەڵ یوگوسلاڤیا ئاشت بۆوە، بەڵام مارشاڵ تیتۆ بەردەوام بوو لە سیاسەتی سەربەخۆ. سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییە ئانارشیستەکەی تەواو جیاواز بوو لەوەی سۆڤێت.

سیاسەتی دەرەکیی یوگوسلاڤیا تایبەتمەندییەکی زۆر جیاوازی هەبوو. ئەلبانیای چەقبەستوی کۆمۆنیستی دۆگماتیست، کە دەترسا لەوەی یوگوسلاڤیا قوتی بدات، ریشەکێشکردنی ستالینیزمی پەسەند نەکرد و لەگەڵ خرۆشۆف کەوتە نێو ململانێیەکی مەترسیدارەوە. لە ک١ی ١٩٦١دا سۆڤێت پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی خۆی لەگەڵ ئەلبانیا بڕی و لە پەیمانی وارشۆ و کۆمیکۆنیش دەری کرد. سۆڤێت ئەم کارانەی بۆیە کرد چونکە ململانێکە لە کۆنترۆڵ دەرچوو بوو، بەندەرەکانی ئەلبانیا لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست زۆر ستراتیژی بوون. ئیتر ئەلبانیا ناچار بەرەو چین ڕۆیشت. ئەوەی مایەی سەرسوڕمان بوو بۆ سۆڤێت ئەوە بوو کە چین هەوڵێکی شکست خواردووی دا بۆ ئەوەی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و هەنگاریا و پۆڵەندا لە بلۆکی سۆڤێتی بکاتەوە. کاتێکیش چین لە سەرەتای هەفتاکانەوە لەگەڵ ئەمەریکا زیاتر نزیک بۆوە، ئەلبانییە ستالینییەکان بە ئاشکرا ناڕازی بوون و بە تەواوی خۆیان پەڕانگیر کرد.

### ڕۆمانیا:

ڕۆمانیا کە خۆی لاتینی و باڵاتر دەزانی لە وڵاتانی دیکە، بە ئەندامی وارشۆ و کۆمیکۆن مایەوە، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیی خۆی پاراستبوو. ڕۆمانیا خۆی پابەند نەکرد بە ڕێککەوتنی کۆمیکۆن لە نیسانی ١٩٦٤ کە وڵاتانی ئەندامی ناچار دەکرد تەنها شمەکی خۆراک و کەرەسەی

خاو بەرهەم بێنن، بەڵکو دەستی دایە پیشەسازی. ڕێگای نەدەدا هێزەکانی یەکێتیی سۆڤێت پێ بخەنە ناو خاکی و پەیوەندییەکانی خۆشی لەگەڵ وڵاتانی خۆرئاوا، تەنانەت لەگەڵ ئیسرائیلیشدا پاراست. لە دوای قەیرانی کوباوە ڕۆمانیا لە ت١ی ١٩٦٣ لە ڕێگای کەناڵی نهێنییەوە بە ئەمەریکای ڕاگەیاند کە لە حاڵەتی سەرهەڵدانی ململانێی ئەتۆمیدا ئەم بێلایەن دەبێت. لە نیسانی ١٩٦٧ دا نیکۆلای شاوشیسکۆ (Nicolae Ceauşescu) دەستی درێژکراوی "براندت"ی گوشی و پەیوەندی دبلۆماسی خۆی لەگەڵ ئەڵمانیای خۆرئاوا گرێ دایەوە. ڕۆمانیا لە شالاوی سزادانی پەیمانی وارشۆ لە دژی یوگوسلاڤیا -١٩٦٨- بەشداری نەکرد و لە ساڵی ١٩٦٩ بە دواشەوە زۆر بە گەرم و گوڕی بەشداری لە سەرکردایەتی باڵای پەیمانەکە نەدەکرد. سەرەڕای پێداگرتنی سۆڤێت، ڕۆمانیا هەرگیز (سەرپێچییەکانی چین) ی ئیدانە نەکرد. سۆڤێتییەکان بەردەوام بوون لەسەر گوێ نەدان بەمە و دڵنەوایی خۆیان بەوە دەکردەوە کە گوایا سیستەمی ئابوری و کۆمەڵایەتی ڕۆمانیا تاڕادەیەک نزیکە لە مۆدێلی سۆڤێتیەوە، هەرچەندە لە ساڵی ١٩٦٥ هەتا ١٩٧١ کەشێکی فیکری لیبراڵ بوونی هەبوو.

## چین:

دژبەربوونی یەکێتیی سۆڤێت و چین لە هەموو دژایەتییەکانی دیکە جیاوازتر بوو چ لە ڕووی هۆکارەکان بێت یان زەمینەی قووڵی ئەو دوژمنایەتییە بێت. ستالین و ماو هەرگیز چارەی یەکتریان نەدەویست. جیاوازی زۆری نێوان کەلتوری سۆڤێت و چین گونجاو نەبوو بۆ پەیوەندییەکی تۆکمە و باش. سەرکردەی هەر دوو گەل بە شێوەیەکی ڕەها خۆیان لەسەر هەق دەزانی، ئەمەش لەگەڵ چەندین بابەتی دیکەدا لە ململانێی ئایدیۆلۆژیدا ڕەنگی دابۆوە. "سەرکردەی مەزن" ماو جەختی لەسەر گەشەپێدانی گوندنشینەکان دەکردەوە، بۆیە بە ئاگاییەوە سیاسەتێکی جیاوازی لەوەی ستالین پەیڕەو دەکرد. لە کۆتاییدا هۆکارێکی دیکەی سادەش هەبوو بۆ ململانێ لە نێوانیاندا: هەردووکیان زلهێزێکی ئیمپریالیستی بوون کە لەسەر چەندین ناوچەی

جوگرافی و ناوچەی ژێر هەژموونی خۆیان لە کێبەرکێدا بوون. ئەوانە دوو زلهێزی هاوسێ بوون، قەیسەرە روسەکان لە سەدەی نۆزدەدا ناوچەی فراوانیان لە نێو بازنەی هەژموونی چینیدا داگیر کردبوو، ئەمەش وایکردبوو کارەکە ئەوەندە ئاسان نەبێت.

ناکۆکییەکانی سۆڤێتی – روسی – چینی لەسەردەمی خرۆشۆڤدا پەرەیان سەند. خرۆشۆڤ تۆمەتبار بوو بەوەی کە لە پرسی کوبا و بەرلین و تایوان (کۆماری چین)، خۆی رادەستی ئەمریکییەکان کردووە. لە هاوینی ١٩٦٣ ئەو لێکترازانەی هەردوو لا ئاشکرا بوو[٧٣]. ماو لەو باوەڕەدا بوو کە بیرۆکەی پێکەوەژیانی ئاشتیانە ناکۆکە لەگەڵ فیکری شۆڕشگێڕانەی کۆمۆنیزم و حەتمی بوونی جەنگ لە نێوان سەرمایەداری و کۆمۆنیزمدا، لێرە بەدواوە یەکێتیی سۆڤێت پشڕەوایەتی شۆڕشی نێونەتەوەیی ناکات بەڵکو کۆماری گەلیی چین ئەو پێشەنگایەتییە لە ئەستۆ دەگرێت. بۆ دڵنیابوون لەوەش چین لە ساڵی ١٩٦٤ یەکەم بۆمبی ئەتۆمی تاقیکردەوە.

ماو ویستی ئەو دەسەڵاتە بەدەست بهێنێتەوە کە بەهۆی ریفۆرمی شکستخواردووی (بازدانێکی گەورە بۆ پێشەوە) لە دەستی دابوو. وەک زۆرجار لە مێژووی چیندا رویداوە، ململانێ لەسەردەسەڵات هاوکات بووە لەگەڵ بەڕێوەبردنی کەمپینێکی جەماوەری. ئەم جارەیان ماو (کەمپینی پەروەردەکردنی سۆشیالیستی) ئەنجامدا، کە لە ١٩٦٢ هەتا ساڵی ١٩٦٦ی خایاند. ئامانجی فەرمی ئەم کەمپینە بەرەنگابوونەوەی گەندەڵی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی گەندەڵی بە شێوەیەکی

٧٣ لە راستیدا چین لەرووی ئایدیۆلۆژیەوە خۆی لە سۆڤێت جیا دەکردەوە. ئەمەش بە تەواوی لە رێگای تیزی سێ جیهانەوە لە ئەدەبیاتی حزبی کۆمۆنیستی چینیدا رەنگی دەدایەوە. تیزی سێ جیهان تیۆرێک بوو لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای هەفتاکانەوە لە لایەن پارتی کۆمۆنیستی چین برەوی سەند. بە گوێرەی ئەم تیۆرە یەکێتیی سۆڤێت سۆشیال ئیمپریالیزم و ریڤیژینیست (لادەر)، ئەژمار دەکرا، هەروەها جیهانی خۆرئاواش بە نوێنەرایەتی سەرمایەداری جیهان ناودێرکرابوو، لە ناوەڕاستیشدا چین بە مەڵبەندی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی دادەنرا و هەموو حزبە ماویستەکانی دنیاش بە تاکە حزب و تاکە رێبازی راستەقینەی مارکسیزم ئەژمار دەکران. وەرگێڕ.

کۆنکرێتی ناکۆکی هاتە ئاراوە. لیو شاۆکی (Liu Shaoqi) لەو باوەڕەدا بوو کە ئەوە پرسێکی ناوخۆی حزبە، بەڵام ماو پێی وا بوو کە دەبێت هەموو کۆمەڵگە پێکەوە روبەڕوی گەندەڵی ببنەوە. کەمپینی پەروەردەکردنی سۆشیالیستی جەختی لەسەر ململانێی چینایەتی دەکردەوە، بەوەی کە دەوڵەتمەندەکان دەبێت لە جوتیارە هەژارەکانەوە فێر ببن. بۆ ئەم کارەش کادیرەکانی پارتی کۆمۆنیستی چین رەوانەی گوندەکان کران. لە پراکتیکدا بنەماکانی ئاراستەکردنی ئەم سیاسەتە رۆشن نەبوون، بەڵکو هەندێ جاریش دژبەر بوون.

دەرەنجامی گرنگی ئەم کەمپینە ئەوە بوو کە جەمسەرە جیاوازەکانی ناو حزب، ئەوانەی دواتر لە کاتی (شۆڕشی فەرهەنگیدا) لە پێناوی دەسەڵاتدا شەڕیان دەکرد، هەڵوەشانەوە. بەو شێوەیە لین بیاو (Lin Biao) وەزیری بەرگری، دەسەڵاتی خۆی برەوپێدا و دەستی کرد بە پیاهەڵدان و ستایشکردنی ماو. ئەوە رێکەوت نەبوو کە ناوبراو لە پێش هەموو کەسێکەوە هەستا بە بڵاو کردنەوەی (کتێبی سور)[٧٤] و بنیاتنانەوەی سوپا بەو جۆرەی کە ماو حەزی پێئەکرد. لەو ماوەیەدا هاوپەیمانییەک لە نێوان لین بیاو و جینگ شینگ، سێیەم هاوسەری ماو کە حەزی دەکرد دەست بەسەر بواری رۆشنبیریدا بگریت، دروستکرا. گروپێکی دیکە لە لایەن (لیو شاوکی و دینگ شیاو پینگ) کە زیاتر میانڕەو بوون، دروستکرا. ئەمانە بایەخی کەمتریان بە ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم دەدا، بەڵام حەزیان دەکرد بە شێوەیەکی پراکتیکی کار بکەن بۆ ئەوەی ئابوری چین ببوژێتەوە. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٦٥ ساڵێکی زۆر نالەبار بوو بۆ کۆماری گەلی چین. سەرکردەکانی چین هیواخواز بوون کە بتوانن کۆنگرەی دووەمی دەوڵەتانی بێلایەن لە "ئەلگیرس" لە ئیندونوسیا ساز بکەن (کۆنگرەی یەکەم ساڵی ١٩٥٥ لە

٧٤ کتێبی سور- چەپکێک لە وتەکانی ماو تسیتونگ (Red Book- Quotations From Chairman Mao Tse-tung)، بریتییە لە چەپکێک لە وتەکانی ماو تسیتۆنگ بە هەموو زمانەکانی دنیا پتر لە یەک ملیار دانەی لێچاپکراوە، بەمەش چۆتە ناو ژمارەی پێوانەیی گینس. کتێبەکە لە هەموو بوارەکانی سیاسی و حزبی و فیکری و سەربازی و ئابوری دەدوێت و تیایدا ماویزم بە تەواوەتی رەنگی داوەتەوە. وەرگێڕ.

باندونگی ئیندونوسیا بەسترابوو). کۆنگرەی ئەلگیرس نەبەسترا، ئەمەش وەک شکستێکی گەورە بوو بۆ دبلۆماسیەتی چین. ئەو روداوە نەبووە هۆی ئەوەی کە چین هەڵوێستی رادیکاڵانەتر نەنوێنێت و پشتیوانی بزوتنەوە چەکدارییە دژ بە ئیمپریالیستەکان نەکات. ئەو زمانە زبرەی کە دبلۆماتەکانی چین بەکاریان دەهێنا بووە هۆکاری ئەوەی کە زیاتر چین پەڕانگیر بکرێت. هەندێ لە وڵاتانی ئەفریقا پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ چیندا بڕی. جەنگ لە نێوان پاکستان و هندستان هەڵگیرسا، وێرای ئەوەی کە چین پشتیوانی لە پاکستان دەکرد، کەچی هندستان سەرکەوت. لەملاشەوە یەکێتیی سۆڤێت سەرکەوتوو بوو لەوەدا کە وەک میانگیر لەم کێشەیەدا رۆڵی هەبێت. لە هەمان ساڵدا پارتی کۆمۆنیستی ئیندونوسیا، کە پەیوەندی توندی لەگەڵ چیندا هەبوو، لەناو چوو. دوای کودەتای ٣٠ ئەیلولی ١٩٦٥ سەرۆک سوکارنۆ هەموو دەسەڵاتێکی لەدەستدا و ژەنراڵ سوهارتۆ هاتە جێگای.

لە باردۆخێکی ئاوادا بوو کە لە ١٠ی ت٢ی ١٩٦٥ "یاو ونیوان" شۆڕشی فەرهەنگیی پرۆلیتاریای راگەیاند، ئەوەش بەهۆی نوسینی بابەتێکەوە کە تیایدا رەخنەی لە شانۆگەری "وو هان" دەگرێت کە نوسەری دراما و پرۆفیسۆرێکی زانکۆی پەکین نوسیبووی. دەقی نوسراوی شانۆکە وەک تەشەرلێدان لە ماو تسیتۆنگ لێکدانەوەی بۆکرا. لێرەوە ململانێی دەسەڵات هاتە ئاراوە. هەروەک لە سیاسەتی چیندا پەیڕەو کراو بووە، لە قۆناغی یەکەمدا راستەوخۆ هێرش ناکریتە سەر ئامانجە سەرەکییەکە، بەڵکو ململانێکە لە ئاستێکی ئاساییدا پەیڕەو دەکرێت. لە رێگای هێرشکردنەکەی "یاو›› بۆ سەر "وو هان" ماو بە شێوەیەکی پراکتیکی هێرشی دەکردە سەر "دنگ شیاو بینگ" و " لیو شاکوی".

لە مانگەکانی داهاتوودا، ئەو گروپانەی لە کاتی کەمپینی پەروەردەکردنی سۆشیالیستیدا خۆیان رێکخستبوو، زیاتر لە یەکتر نزیک بوونەوە. "گروپی پێنج" کە پێشتر دروستکرابوو، نزیک بوو لە "لیو شاوکی و دینگ شیاو پینگ" پشتیوانی لە "وو هان" کرد. گروپێکی دیکە لە لایەن جینگ شینگ، هاوژینی سێیەمی ماو، هەروەها یاو ونیوان و چەند توندڕەوێکی ترەوە پێکهێنرا. ئەوان دەیانویست ریفۆرم لە فەرهەنگدا بکەن چونکە هێشتا وەک بەرهەمی

چینی خانەیانەکان تەماشایان دەکرد، بۆیە دەبوو فەرهەنگێکی پرۆلیتاری نوێ دابڕێژن کە باشتر خزمەت بە پێداویستیەکانی گەل بکات، لەبەر ئەوە خوازیاری ئەوە بوون هەموو رەمزەکانی فەرهەنگی کۆن بسڕنەوە. جگە لەم گروپە سوپای رزگاری گەلیش بەشدار بوو لە ململانێی دەسەڵاتدا، سوپا بە سەرکردایەتی لین بیاو لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا بوو بەهێزێکی ئەوتۆ کە نەدەکرا نادیدە تەماشای بکرێت. پەیوەندی لە نێوان سوپا و رادیکاڵەکاندا لە سەرەتای "شۆڕشی فەرهەنگی"دا بەهێز بوو، هەرچەندە سوپا رۆڵێکی تەمومژاوی هەبوو، لە لایەکەوە هانی شۆڕشی دەدا و لە لایەکی دیکەشەوە خاوی دەکردەوە. لە لایەن "ژان ئەنلای" ە وە جەمسەرێکی دیکەی دەسەڵات دروست کرا کە دەبوو بەهەند وەربگیرێن.

لە ١٦ی تەموزی ١٩٦٦، ماوی ٧٣ ساڵە لە روبـاری "یانگتزی" مەلەی دەکرد، ئەوەش ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە خۆی بۆ شەڕەکە ئامادە دەکات. لە لایەک پیشانی دەدا کە ئەو هێشتا لە بارێکی تەندروستی باشدایە و لە لایەکی دیکەشەوە بەرپەرچی سەرکردەکانی حزبی کۆمۆنیستی چینی دایەوە کە پێیان وا بوو مەلەکردن لەو روبارەدا بۆ ئەو زۆر مەترسیدارە. لە ٨ی ئابدا ١٦ خاڵەکەی شۆڕشی فەرهەنگی بڵاوکرایەوە. ماو بە پلەی یەکەم دەیویست دژی مۆدێلی بیروکراسیانەی سۆڤێت راوەستێت، ئەو پێویستی بە هاوکاران و شوێنکەوتووانی زیاتر شۆڕشگێڕ بوو. دەبوو حزب خاوێن بکرێتەوە. دەیویست خوێندن و چاودێری تەندروستی و فەرهەنگ تەسک نەکرێنەوە لە خانەیانەکاندا و لاوانیش زیاتر شۆڕشگێڕ بن. پلانی ئەوەی هەبوو کە جیاوازی و نایەکسانی چینایەتی کەم بێتەوە (بە تایبەتی لە شارەکان کە زۆر بە زەقی ئەوە دەبینرا)، هەروەها لاوان بکاتە توێژێکی سەردەمیانە.

بەمجۆرە شۆڕشی فەرهەنگی بریتی بوو لە ململانێ لەسەر دەسەڵات لە نێوان ئەو جەمسەرە جیاوازانەی کە سەرکردایەتی حزبیان پێکدەهێنا. بۆ ئەوەی شەڕەکە بکرێت دەبوو خەڵک هان بدرێن. لاوان، خوێندکاران، کارگەران، لە لایەن دەستە و تاقمە جیاوازەکانەوە دەسخەڕۆ کران. هەر لە دامەزرانی کۆماری گەلیی چینەوە، چینییەکان سەرگەرم کران بە کۆمەڵێک

کەمپینی جەماوەرییەوە. لە کاتی شۆڕشی فەرهەنگیدا خۆ خاڵیکردنەوەی دەرونی بە شێوەیەکی زۆر توند و تیژ ڕەنگی دایەوە. ئەم شۆڕشە ئاکامی ئەو هەموو ترس و بارگرانی و بێهواییە بوو کە لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمارەوە دوچاری چینییەکان هاتبوون.

لە هاوینی ١٩٦٦دا خوێندنگە و زانکۆکان داخران، کە بەهۆیەوە ملیۆنان گەنج هەلی ئەوەیان بۆ ڕەخسا بەشداری چالاکانە لە شۆڕشی فەرهەنگیدا بکەن. "پاسەوانی سور" لە هەموو کەل و قوژبنێکدا قوت بوونەوە. گروپی لاوان کە زەبروزەنگی زۆریان دەکرد، خۆیان دەکرد بە هەموو شوێنێکدا، تەنها کاریشیان ئەوە بوو کە هەموو جۆرە فۆرمێکی فەرهەنگی کۆن لەناو بەرن، ئەم کارەشیان بە دڵ و بە گیان ئەنجامدا. دینگ شیاو پینگ و لیو شاکی تەنها هێندەیان بۆ مابوو کە تەماشا بکەن چۆن ماو خۆی گەڕاندەوە سەر شانۆی سیاسی چین.

دۆخەکە بەرەو پاشاگەردانی دەچوو، دەکرا لە هەر ئانوساتێکدا بتەقێتەوە. لە نێوان خویندکاران و کرێکاراندا گرژی و ئاڵۆزی پەیدابوو. کار گەیشتە ئەوەی کە زۆرینەی سەرکردە رادیکاڵەکانی وەکو "یاو ونیوان" یش خاو بوونەوە و تەنانەت بە ئاشکرا ڕەخنەشیان لێدەگیرا. بۆ گروپەکەی نزیک شیانگ شینگ ئەو دۆخە جێگای قبوڵ کردن نەبوو، پێکەوە لەگەڵ سوپا لە هەوڵی ئەوەدابوو دۆخەکە بخەنەوە ژێر کۆنترۆڵ. ماو دەیویست کەمێک ئاژاوە هەبێت، بەڵام دۆخەکە ئەوەندە نائارام ببوو تەنانەت ترس لە ئایندەی کۆماریش هەبوو. لەبەر ئەوە لە سەرەتا سەری چیندا کۆمیتە شۆڕشگێڕەکان دروست کران کە بونیادی سەرەکییان پێکدەهات لە: سوپای رزگاریی گەل، پارتی کۆمۆنیستی چین و گروپە شۆڕشگێڕەکان. بەهۆی ئەم پەیکەرە تازەیەوە سوپا توانی بنکەی خۆی بە شێوەیەکی بەرچاو فراوان بکات. لە ئەیلولی ١٩٦٦ لیو شاۆکی وەک جێگری فەرمی ماو، هەروەها دینگ شیاو پێنگ دووچاری ڕەخنەی توند بوونەوە و ورده ورده دەسەڵاتیان نەما. لە ت١ی ١٩٦٨، لیو شاۆکی بە فەرمی لە حزب دەرکرا و ساڵێک دوای ئەوە کۆچی دوایی کرد. دیارە گروپەکەی چواردەوری لیو شاۆکی و دینگ شیاو

پێنگ دۆڕان، بەڵام ئەمە بە واتای کۆتایی شەڕەکە نەبوو، هەندێ تاقم و دەستە بەردەوام بوون لە شەڕی دەسەڵات. گروپی ژاو ئەنلای، جینگ شینگ و لین بیاو ئامادە نەبوون دەسەڵاتەکانی خۆیان دابەش بکەن.

لەو ماوەیەدا بارودۆخی چین بە تەواوی شێوا بوو. لە هاوینی ١٩٦٧ پاسەوانی سور دەستی گرت بەسەر وەزارەتی دەرەوەدا و ئەو هەڵەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی کە پەیام رەوانەی هەموو دبلۆماتکارە چینییەکانی دەرەوەی وڵات بکەن و هانیان بدەن کە شۆڕش دژی سیستەمی سەرمایەداری بکەن. ئەم روداوانە تەنها هۆکار نەبوون بۆ گۆشەگیربوونی کۆماری گەلیی چین لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی. پاسەوانی سور ئاگریان بەردایە باڵیۆزخانەی بەریتانیا و سوتاندیان و یەکێک لە دبلۆماتکارەکانیشیان ئەشکەنجەدا. هەروەها کۆنسولگەری یەکێتیی سۆڤیێتیش لە هێرش و پەلاماردان بێبەش نەبوو. بارودۆخەکە بە جۆرێک بوو تەنانەت بۆ کەسانی زۆر رادیکاڵی ناو پارتی کۆمۆنیستیش مایەی پەسەند کردن نەبوو، دۆخەکە لە گرێژنە دەردەچوو. بڕیارەکەی ماو بۆ هێورکردنەوەی خوێندکاران لە خۆڕا نەبوو، کاتێکیش تەماشای کرد کە گروپە جیاوازەکانی خوێندکاران تەنانەت لە ناو خۆشیاندا ناکۆکن، بڕیاریدا زیاتر پشت بە رێکخراوی کرێکاران ببەستێت. لە تەموزی ١٩٦٧ لە زانکۆی شینگهوا لە نێوان خوێندکاران و کرێکاراندا ئاڵوزی کەوتەوە، دوای ئەو روداوانە ماو وەکو دەربڕینی لایەنگری خۆی بۆ کرێکاران مانگۆی بە دیاری بۆ ناردن. لە هەمان ماوەدا ماو داوای لە سوپا کرد دۆخەکە کۆنترۆڵ بکەنەوە، بەڵام ئەمەش بە تەواوی دادی نەدا. لە ساڵی ١٩٦٨ ماو ملیۆنان ئەندامی پاسەوانی سوری لە شارەکانەوە نارد بۆ گوندەکان، بەمەش کەمێک دۆخەکە هێور بۆوە. ماو ناچار بوو لەمەو پاش بۆ پاراستنی خۆی و چاودێریکردنی پاسەوانی سور، بەردەوام پشت بە سوپا ببەستێت. ئەو دۆخەی لین بیاو بۆ گەورەکردن و پیاهەڵدانی ماو دروستی کرد، ئەوەندە زیادەڕۆیی تێدا کرا کە لین بیاو خۆشی حەپەساندبوو. بەو شێوازە لین بیاو دەیویست جێگای خۆی قایم بکات وەک شوێنگرەوەی ماو. لە ساڵی ١٩٦٩دا لین بیاو شەرمی لەوە نەدەکرد کە شەڕکردن لەگەڵ

یەکێتیی سۆڤێت بکات بە روپۆشێک بۆ زیادکردنی جەماوەری خۆی وەک وەزیری بەرگری. هەر واش بوو، لە کۆنگرەی نۆیەمی حزبدا لە مانگی نیسانی هەمان ساڵ وەک شوێنگرەوەی ماو دەستنیشان کرا.

## بەهاری پراگ ۱۹٦۸

هەڵوێستی بێلایەنانەی چین، بە دڵنیاییەوە کاریگەری هەبوو لەسەر روداوەکانی چیکۆسلۆڤاکیا. هەروەها هەڵوێستی فەرەنسییەکان و رۆمانیەکانیش ئیلهام بەخش بوو بۆ چیکوسلۆڤاکەکان، کە ئیرەییان بە ریفۆرمە ئابورییە گرنگەکانی ساڵی ۱۹٦۸دەبرد لە هەنگاریا. کادار کە بڕێکی باش ئازادی بۆ هاوڵاتیانی خۆی فەراهەم کردبوو، بە هێواشی هەنگاریای بەرەو بازاڕی ئابوری ئازاد دەبرد. باهۆزێکی تا رادەیەک ئانارشیستانە لە دوای ساڵی ۱۹٦۷ و بە تایبەتیش لە ساڵی ۱۹٦۸ خۆرئاوای گرتەوە، ئەم باهۆزە ژینگەیەکی لەباری بۆ پەیدا بوو کە لە خۆپیشاندانەکانی ئەمەریکا و ئەوروپای رۆژئاوا دژی دەستوەردانی سەربازیی ئەمەریکا لە ڤێتنام، رەنگدانەوەی هەبوو.

ساڵی ۱۹٦۷چیکوسلۆڤاکیا لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە لە دۆخێکی زۆر خراپدا بوو. سەرکردەی حزب "ئەنتۆنی نۆڤۆتنی" لە ۱۹۵۳دا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو. لە دوای دە ساڵ لە پەیڕەوکردنی ستالینیزم، لە شەستەکاندا کەمە کەمە هەندێ ریفۆرمی ئەنجامدا. لەناو هەردوو پارتی کۆمۆنیستی چیکی و سلۆڤاکی گفتوگۆ لەسەر ئەنجامدانی ریفۆرمی ریشەیی دەکرا. سۆڤێتییەکان "نۆڤۆتنی" یان لابرد و لە ٥ی ک٢ی ۱۹٦۸دا، سکرتیری گشتی پارتی کۆمۆنیستی سلۆڤاکی "ئەلسکەندەر دوبشیک"یان دانا. لە ۲۱ی مارت نۆڤۆتنی و لایەنگرەکانی بەتەواوی لە مەکتەبی سیاسی دەرکران و کەسانی ریفۆرمخواز خرانە شوێنیان. دوبشیک کۆمۆنیستێکی راستگۆ بوو کە بەهۆی گوتارەکانی لایەنگری ئازادیی زیاتر و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و لێبوردەیی دەکرد. بە گەیشتنی بۆ سەر دەسەڵات دەیویست سۆشیالیزم لە چیکۆسلۆڤاکیا رزگاربکات، بەوەی کە زیاتر مرۆڤانە و دیموکراسیانە

بێت. لەو پەیڕەوی کارەیدا کە لە ٥ی نیساندا پەسەند کرا، چەندین ریفۆرمی سەرنجڕاکێشی راگەیاند. لە چوارچێوەی بەرەی نیشتیمانیدا سیستەمی فرە حزبی راگەیاند بەو مەرجەی کە بنەمای پێشەنگایەتی پارتی کۆمۆنیست لەبەرچاو بگیرێت، هەروەها دەسەڵاتی زیاتری بەخشی بە پەرلەمان. ئابوریی تێکەڵاوی پەیڕەو کرد و رێگای بە کۆمپانیا تایبەتەکانیشدا کە لە کەرتی خزمەتگوزاریدا دەست بەکار بن. ریفۆرمی هەرە سەرنج راکێش بەبێ هیچ گومانێک گەڕانەوەی ئازادی رادەربڕین بوو. ژیانی رۆشنبیری دەستبەجێ بوژایەوە و چەندین یانەی سیاسی پەیدابوون. رێگای گەشتکردنی کردەوە و هەموو کەس ئیتر بۆی هەبوو سەفەری دەرەوەی وڵات بکات.

گۆڕانکارییەکانی چیکۆسلۆڤاکیا لە لایەن شاوشیسکۆ و تیتۆ پێشوازی گەرمی لێکرا. تەنانەت سەرکردەی هەنگاری کادار – هەرچەند بە ئاشکراش نەبێت- هاو سۆزی پیشاندا. سەرکردەی سۆشیالیستەکانی دیکە زۆر بە ترسەوە کاردانەوەیان نواند، بە تایبەتی هەردوو سەرکردەی ناپەسەندی لای خەڵک گۆمولکا و ئۆلبرێشت. لە مانگی مارتدا گۆمولکا بە ئاگر و ئاسن سەرهەڵدانێکی خوێندکارانی دامرکاندەوە، ئۆڵبرێشتیش بەشی خۆی کێشەی هەبوو. هەردوکیان لەو باوەڕەدا بوون ئەو جۆرە پرۆگرامە سیستەمی سەرمایەداری زیندو دەکاتەوە، لەوەش دەترسان کە لە ناوخۆی وڵاتەکانیاندا کاردانەوەیەکی توندی لێبکەوێتەوە، بۆیە داوایان کرد کە وڵاتانی راستەقینەی سۆشیالیست بە زووترین کات بکەونە خۆ.

لە یەکێتیی سۆڤێت سەرکردەی ئۆکرانی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پیترۆ شلێست (Petro Shelest) زۆر توند بوو، ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە دوبشیک ناسیۆنالیستە ئۆکرانیەکانی رۆژئاوا دەوروژێنێت و رۆژنامە و بڵاوکراوەکانی چیکوسلۆڤاکیا زۆر بە فراوانی لە ئۆکرانیا دەخوێنرێنەوە، بە تایبەتیش خوێندکاران زۆر بە پەرۆشەوە روداوەکانی چیکوسلۆڤاکیا چاودێری دەکەن.

ئەندامانی دیکەی مەکتەبی سیاسی لەوانەش ئەندرۆبۆڤ بۆچوونیان باش نەبوو، ئەو بەراوردی ئەوەی بە روداوەکانی هەنگاریای ساڵی ١٩٥٦

دەکرد، بۆیە داوای ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی دەکرد لە ٢١ی مارتدا. بریژنێڤ کە خۆشی نیگەران بوو لەو دۆخە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە جارێ ئۆپراسیۆنی سەربازی بکرێت. بریژنێڤ لەو باوەڕەدا بوو کە خۆی بە شەخسی لەو بارەوە قسە لەگەڵ دوبشیک دەکاو قایلی دەکات. ئەو ماوەیەکی زۆر دۆخەکەی بەو جۆرە هێشتەوە، سەرەنجام هاوڕێکانی سەبریان لێبڕا. دوبشیک کە دەیویست لە کرێوەی جەنگی سارد خۆی دەرباز بکات، پەیوەندی بە رۆژئاواوە کرد. پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەڵمانیای رۆژئاوا ئاسایی کردەوە. دوبشیک بە هەڵەدا چوو بوو، ئەو پێی وابوو کە سۆڤێت لە ساڵی ١٩٥٦ لەبەر ئەوە هێرشی کردە سەر هەنگاریا چونکە دەیانویست لە پەیمانی وارشۆ بچنە دەرەوە، بۆیە نەیدەویست هەمان هەڵەی ناگی دووبارە بکاتەوە. لەبەر ئەو هۆیە دووپاتی دەکردەوە کە ئەو وەک ئەندامێکی دڵسۆز لە پەیمانی وارشۆ و کۆمیکۆندا دەمێنێتەوە و بە شانازییەوە پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت بەردەوام پێدەدات.

مایسی ١٩٦٨ سەرکەوتنێکی راستەقینەی دوبشیک بوو. چیکوسلۆڤاکیا بوژایەوە، خەڵک بە ئاشکرا و خۆڕسکانە بوونە لایەنگری سەرۆکی نوێ. لە بەرئەوەی دوبشیک لە سیاسەتی سەربازی و دەرەکیدا بە دڵسۆزی مایەوە بۆ سۆڤێت و خاوەنی جەماوەرێکی یەکجار زۆر بوو لە ناوخۆی وڵات، بڕوای نەدەکرد سۆڤێت بیر لە لابردنی بکەنەوە. رایگشتی لە وڵاتانی دیکەی ئەندام لە پەیمانی وارشۆ بە بایەخێکی زۆرەوە تەماشای روداوەکانی چیکوسلۆڤاکیایان دەکرد. لە کاتی کۆبونەوەی ئەندامانی پەیمانەکە لە ١٤-١٥ی تەموز لە وارشۆ (بەبێ بانگکردنی دوبشیک) بارودۆخی چیکوسلۆڤاکیا تاوتوێ کرا. گومولکا و ئۆلبریێشت و زیفکۆف رەخنەیان لە شۆڕشی چەواشەکرد و پێشنیازی دەستوەردانی سەربازی و ناردنی هێزیان کرد. کاداریش ئۆپۆرتۆنیستانە ئامادەیی خۆی پیشاندا بۆ دەستوەردانی سەربازی.

بریژنێڤ نیگەران بوو، لەوە دەترسا کۆنترا شۆڕشێکی دژە سۆڤێت لە چیکوسلۆڤاکیا دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت کەڕەنگە دواتر بێلایەنی خۆی راگەیەنێت و پەیمانی وارشۆ بەجێبهێڵێت، ئەمەش بێگومان درزێکی

گەورە دەخاتە ناو خەسڵەتی بەرگریکارانەی هاوپەیمانییەکەو ئەڵمانەکان بە ئاسانی دەتوانن بیشکێنن. بریژنێڤ لەوەش دەترسا کە لێکەوتەکان بێنە ناوخۆی وڵاتیش، بە تایبەت کۆماری ئۆکرانیای هاوسنوری و وڵاتانی دیکەی سەربە پەیمانی وارشۆ و لەو وڵاتانەش بیرۆکراسەکان لە ناچاریدا هەندێ ریفۆرمی نەخوازراو بکەن. بۆیە دەبوو ئازادی رادەربڕین سنور دار بکرێت و سیستەمی فرە حزبی بە زووترین کات لە چیکوسلۆڤاکیا هەڵوەشێتەوە. بەڵام بریژنێڤ هێشتا لەگەل دەستوەردانداندا نەبوو.

سەرەنجام دەبوو سیاسەتێکی دوو رەهەندانە پەیڕەو بکرێت: ئامادەکاری بۆ هێرش و لە لایەکی دیکەشەوە راگەیاندنی گورزەیەک لە دانوستان. ئێستا ئیتر هێرش و پەلاماردان بۆتە ئەگەرێکی حەتمی ئەگەر بێتو دوبشیک گوێڕایەڵی نەکات. کۆمەڵێک دانوستان لە نێوان سۆڤێت و چیکوسلۆڤاکیا و وڵاتە کۆمۆنیستەکانی تر، لە شاری (Cierna nad Tisov)ی سەرسنور لە رۆژانی ٢٩ی تەموز تا ١ی ئاب، دواتریش ٣ی ئاب لە (Bratislava) ئەنجام دران. دوبشیک واژوی لەسەر بەیاننامەیەکی بێ واتا کرد کە – وێرای هۆشدارییەکانی کادار– باوەڕی بەوە نەبوو کە هێرش دەکرێتە سەری، دەیویست بەهاری پراگ درەوشاوە بێت، بە قسەی بریژنێڤی نەکرد.

لە هاوینی ١٩٦٨ هێرشە چاوەڕوانکراوەکە جێگای مشتومڕ و گفتوگۆی وڵاتان و هەموو دنیا بوو. لە مانگی ئابدا، بریژنێڤ بێئاکام چەند جارێک پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ دوبشیکدا کرد بۆ ئەوەی بهێنێتە ژێر بار. لە ١٨ی ئابدا بە ئامادە بوونی گومولکا و ئۆڵبرێشت و کادار و زیفکۆف لە مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێت بڕیارەکە درا. هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەو باوەڕەدا بوون کارەکە قورسە، بۆیە زۆر بە پەرۆش نەبوون. هەروەها لەشکرکێشی بۆ سەر رۆمانیای یاخیبووش کەمێک تاوتوێ کرا.

ژمارەیەک لە کۆمۆنیستەکانی چیکوسلۆڤاکیا، ئەوانەی لایەنگری یەکێتیی سۆڤێت بوون لە ٣ی ئابدا لە براتیسلاڤا داوایەکیان بەرزکردەوە بۆ بریژنێڤ، کە تیایدا داخوازی دەستوەردانەکەیان کردبوو. وەزیری بەرگری مارتن

دزور(Martin Dzur) کە لەگەڵ کەی جی بی دەستی تێکەڵ کردبوو، دڵنیایی بە هاوتا سۆڤێتییەکەی دابوو کە سەعاتێک پێش هێرشەکە فەرمانی بە سوپای چیکوسلۆڤاکیا کردووە کە بەرگری نەکەن. هەروەها سەرۆکیش ژەنراڵ لودفیک سڤۆبۆدا لە هێرشەکە ئاگادار کرایەوە و ئەویش ڕەزامەندی نیشان دابوو.



تانکەکانی پەیمانی وارشۆ لە پراگ

لە شەوی ٢١/٢٠ی ئابدا، نزیکەی ٣٥٠-٤٠٠ هەزار سەربازی سۆڤێتی و ٧٠-٨٠ هەزار سەربازی دیکەی پۆڵەندی، هەنگاری و بولگاری، لەسەر داوای ئەندامانی ڕاستەقینەی پارتی کۆمۆنیستی چیکوسلۆڤاکیا (وەک گوترابوو) بۆ لەناو بردنی شۆڕشی چەواشە و پاراستنی دەستکەوتەکانی سۆشیالیزم، هاتنە ناو وڵاتەوە. دوبشیک و هاوکارە سەرەکییەکانی دەستگیر کران و گواسترانەوە بۆ یەکێتیی سۆڤێت.

حکومەت هیچ بەرهەڵستییەکی نەنواند، بەڵام دانیشتوان زۆر بە ئاشکرا دژایەتیی خۆیان بۆ هێزە داگیرکەرەکان نیشاندا. نزیکەی ٢٠٠ کەس کوژران. سۆڤێت لە هەڵوێستی خەلکی تێنەدەگەیشت: لەو باوەڕەدا بوون خەڵکێکی زۆر پشتیوان و هاوکاریان دەبێت، تەنانەت لەناو سەرکردە

کۆمۆنیستەکانیشدا کەسانێکی ئەوتۆ ئامادە نەبوون حکومەتێکی تازە دروست بکەن و ریفۆرمەکان هەڵوەشێننەوە. دوای ئەوەی سۆڤێتییەکان لە هەڵوێستی خەڵکی چیکوسلۆڤاکیا تێگەیشتن و زۆربەی پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپای خۆرئاوا لەوانەش پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی و ئیتالی و هەروەها چین و یوگوسلاڤیا و رۆمانیا نارەزایی خۆیان دەربڕی؛ سۆڤێت بە ناچاری لە ٢٦ی ئابدا دوبشیک و هاورێکانی ئازاد کرد.

گەمەکە کۆتایی هات و دۆخەکە وردە وردە ئاسایی بۆوە. لە ١٦ی ت١دا، چیکوسلۆڤاکیا بە ناچاری پەیمانێکی دووقوڵی مۆرکرد کە رێگای دەدا بە مانەوەی پێنج لەشکری سوپای سۆڤێت، هەروەها سێ کۆگای تایبەت بە جێگیرکردنی چەکی ئەتۆمیی تاکتیکی.

لە نیسانی ١٩٦٩ دوبشیک لە سەکردایەتی حزب لابراو "کوستاف هوساک" ی سلۆڤاکی کە کەسێکی میانڕە و بەڵام لایەنگری سۆڤێت بوو، خرایە شوێنی. کۆمەڵگای چیکوسلۆڤاکی سەرلەنوێ گۆشەگیرکرایەوە. بە پێچەوانەی کادار کە رێنمایی لە خرۆشۆڤەوە وەرگرت بۆ پاککردنەوەی کۆمۆنیستەکان و رزگارکردنی هەنگاریا بە هێواشی، هوساک لە بریژنێڤەوە داوای لێکرا کە هەموو ریفۆرمەکان هەڵوەشێنێتەوە. لە سەردەمی هۆساکدا چیکوسلۆڤاکیا جارێکی تر کرایەوە بە کۆمەڵگەیەکی ستالینی.

دواتر ئەو هێرشەی کە تاڵاوێکی قورسی بەجێهێشت، پاساوی بۆ هێنرایەوە. پاساوەکە بە دۆکترینی بریژنێڤ ناو دەبرا. ئەم دۆکترینە لە سەردەمی ستالیندا پەیرەو کرا، تا رادەیەک وەک دۆکترینی ترۆمان بوو. ئەم ئایدیۆلۆژیایە کە لە رۆژنامەی پراڤدا لە ئەیلولی ١٩٦٨ دارێژرابوو، مافی بە هەر وڵاتێک دابوو کە بە شێوازی خۆی بەرەو سۆشیالیزم بڕوات، بەڵام ئەرکی هەموو وڵاتانی سۆشیالیستی هاوپەیمان بوو کە لە کاتی پەیدابوونی هەڕەشەیەکی شۆڕشی چەواشە لە دژی دەستکەوتەکانی سۆشیالیزم، یاخود هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی وڵاتانی سۆشیالیست، هەڵوێست بنوێنن و دەستوەردان بکەن. ئەگەر وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات سیستەمی سەرمایەداری هەڵبژێرن، ئەوە ئاسایشی یەکێتیی سۆڤێت دەکەوێتە مەترسییەوە. بۆیە هەرگیز نابێت ئەوە

ڕوودات، چونکە هەروەک بریژنێڤ سەرکردە دیلەکانی چیکوسلۆڤاکیای ئاگادارکردەوە کە هێنرابوون بۆ مۆسکۆ، سەربازەکانی یەکێتیی سۆڤێت کە بە کۆمەڵ دەکوژران لە پێناوی ئەوەدا بوو کە ئەو وڵاتانە ئازاد بکرێن. لە بەر ئەو هۆکارانە ئەو وڵاتانەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات دەبێت بەشێک بن لە بازنەی هەژموونی سۆڤێت. هەروەها ئەوەشی ئاشکرا کردبوو کە لە ژێر سایەی ئینتەرناسیۆنالیستی سۆشیالیستیدا، دەبێت هەموو پارتە کۆمۆنیستەکان سەرۆکایەتی یەکێتیی سۆڤێت پەسەند بکەن. ئەم دۆکترینە لە ناو پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا سەرکەوتنێکی زۆر کەمی بەدەستهێنا. ئەوان پلە بە پلە ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت بە خۆیان پەرەپیدا کە دواتر بە کۆمۆنیزمی ئەورووپی ناو دەبرا. تەنانەت ماویش زۆر ناڕازی و نیگەران بوو، لەوە دەترسا بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی بریژنێڤ بکرێنە پاساوێک بەدەست یەکێتیی سۆڤێتەوە کە هێرش بکاتە سەر چین.

## سەرەڕای ململانێکان، ستراتیژی (لەناوبردنی یەکجارەکی یەکتر) دۆخەکە بە هێواشی بەرەو ئارامی دەبات:

سەرۆک جۆنسۆن هەوڵی دەدا لە تەواوی دنیادا کۆمۆنیزم کپ کاتەوە، بەڵام هەوڵی نەدەدا شەڕ لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێتدا بکات. لە ساڵی ١٩٦٥دا جۆنسۆن توانی بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی وڵاتە ئەمریکییەکان[٧٥] (OAS) توانی لەشکرکێشی بکاتە سەر کۆماری دۆمینیکان بەبێ ئەوەی دووچاری دەستێوەردانی سۆڤێتی بێت. سوپا لە ئەیلولی ١٩٦٣ لە ڕێگای

٧٥ ڕێکخراوی ویلایەتە ئەمریکییەکان (The Organization of American States) ساڵی ١٩٤٨ دامەزراوە. ئامانجی ڕێکخراوەکە وەکو لە مادەی یەکەمی پەیڕەوی کاریدا هاتووە بریتییە لە هاوکاری و هەماهەنگی ئابوری و سیاسی و سەربازی و کارکردن بۆ ئاشتی و دەستەبەرکردنی دادپەروەریی و پاراستنی سەروەریی وڵاتانی ئەندام. هەموو وڵاتانی نیوەی ڕۆژئاوای گۆی زەوی واتە هەردوو کیشوری ئەمەریکا مافی بوونە ئەندامییان هەبوو. بنکەی سەرەکی ڕێکخراوەکە لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمەریکا بوو. لەسەردەمی شەڕی ساردا ئەم ڕێکخراوە بۆ چەسپاندنی سیاسەتەکانی ئەمەریکا کاری دەکرد، بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٦٢ کوبا لە ئەندامێتی سڕ کرا هەتا ساڵی ٢٠٠٩. وەرگێڕ.

ئەو کودەتایەی کە کۆنزەرڤاتیڤەکان کردیان، ڕێگای گرت لە گەڕانەوەی سەرۆک "ژوانا بوش". سەرۆکی ناوبراو کە شاعیر و مێژونوس بوو، لە هەڵبژاردنێکی ئازادانەدا لە ٢٧ی شوباتی ١٩٦٣ بوو بە سەرۆک. ئەو وەک کەسێکی ریفۆرمخوازی چەپ ناسرابوو، بەڵام بە دڵنیاییەوە نە کۆمۆنیست بوو نە لایەنگری سۆڤێت و کاسترۆ بوو. جۆنسۆن کە زیادەڕەوی دەکرد لە کاردانەوەکانیدا، نەیدەویست (وەک خۆی پێی وابوو) روداوێکی تری وەک سەرکێشییەکەی کوبا دووبارە بێتەوە، بۆیە ئامادە نەبوو سوپاکەی بکشێنیتەوە تا ئەیلولی ١٩٦٦ کاتێک لە هەڵبژاردنەکاندا خواکین بالاگور (Joaquin Balaguer) سەرکەوتنی بەدەستهێنا. بالاگور بوکەڵەیەک بوو بەدەستی دیکتاتۆری دڵ رەق رافائیل تروخیلۆ (Rafael trujillo) کە لە سالانی ١٩٣٠-١٩٦١ بە ئاگر و ئاسن حوکمی وڵاتی دەکرد.

رزگارکردنی ئەمەریکای باشور لە کۆمۆنیزم ببووە وەسوەسەی جۆنسۆن. وەک چۆن پێشتر کینیدی ئەو کارەی دەکرد، ئەمیش هەمان شێوەی کرد. پرۆگرامەکانی هاوکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی گۆڕی بۆ پشتیوانی سەربازی بە تایبەتیش بۆ رژێمە دیکتاتۆرە راستڕەوەکان. بەو جۆرە ئەنجومەنی سەربازیی بەرازیل کە لە نیسانی ١٩٦٤دا سەرۆک ژوئاو گولئارت (Joao Goulart)ی لابرد، پشتیوانییەکی زۆر کرا. گولئارت سەرۆکێکی ریفۆرمخوازی کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام جۆنسۆن ئەنجومەنێکی سەربازی ستەمکاری لە رژێمێکی چەپڕو پێباشتر بوو کە رەنگە ببوایە بە هاوپەیمانی کوبا.

دوای قەیرانی رۆکێتەکان، کاسترۆ کە پێی وابوو لە لایەن سۆڤێتەوە سوکایەتی پێکراوە کاتێک هیچ حسابێک بۆ بیروبۆچوونەکانی نەکرا، هەوڵی دەدا کە بە تەنها خۆی شۆڕشەکەی لە باشوری ئەمەریکا بڵاو بکاتەوە، بۆیە هاوکاری هەموو بزوتنەوە یاخیبووەکانی فەنزویلا، گواتیمالا، پیرۆ و بۆلیڤیای دەکرد. لە ٩ی ت١ی ١٩٦٧ لە بۆلیڤیا سەرکردەی ئەفسانەیی چی گیڤارا (Che Guevara) گیانی لەدەستدا. ئەو کەسی دووەم بوو لە دوای کاسترۆ لە کوبا و بۆ نەوەیەکی تەواو سیمبولی شۆڕشگێڕە خۆنەویستەکان

بوو. لە ماوەی نێوان ١٩٦٤-١٩٦٥، گیڤارا هاوڕێ لەگەڵ هێزێکی ١٢٠ کەسیدا لە کۆنگۆ بوو بۆ یارمەتیدانی یاخیبووەکان لە دژی مۆبوتۆ (Mobuto) لەوانەش لۆران دیزێر کابیلا (Laurent Desire Kabila) کە دواتر بوو بە سەرۆک کۆماری کۆنگۆی دیموکرات. جۆنسۆن کە لە ترساندا زەندەقی چوو بوو، هەزار چەتەی بەکرێگیراوی سپیی لە دژی ئەو کۆکردەوە[٧٦]. لە ئەوروپاش هەواڵگری کوبا چالاک بوو، کاتێک لە ئایاری ١٩٦٨ خوێندکارانی فەرەنسا راپەڕین، هەواڵگری کوبا هەوڵی دەدا پەیوەندی بە سەرکردەکانی خویندکارانەوە بکات.

سەرکردەکانی سۆڤێت، کوسیجین و بریژنێڤ زۆر بە تەنگ ئەوەوە نەبوون کە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا رژێم گەلێکی سەر بەخۆیان دروست بکەن. بەهۆی ملکەچ بوونی خرۆشۆڤەوە لە قەیرانی رۆکێتەکانی کوبا لە هەوڵی ئەوەدا بوون بە زووترین کات بتوانن هاوسەنگی ستراتیژی لەگەڵ ئەمەریکا بەدەست بێنن. لە ساڵی ١٩٦٤ بەراورد بە ئەمەریکا، سۆڤێت ژمارەیەکی زۆر کەمی لە رۆکێتە دوورمەوداکان هەبوو. گەلە کەشتییەکانیان نەیاندەتوانی دوور لە کەنارەکانی خۆیانەوە کار بکەن. ئەو باڵادەستی و هەژموونە بەناوبانگەی کە باسیان دەکرد تەنها ئەفسانەیەک بوو، دەنا لە واقعدا شتێکی وا نەبوو. ماکنامارا لە کاتی بەڕێوبەرایەتی کینیدیدا ئاشکرای کردبوو کە یەک لەشکری سۆڤێت لە راستیدا ٣/١ی لەشکرێکی ناتۆیە!

ساڵی ١٩٦٦ سۆڤێتییەکان رۆکێتی SS9 یان جێگیر کرد. ئەمە رۆکێتێک بوو لە نەوەی دووەم کە لە سایلۆی تایبەتی ژێر زەوی هەڵگیرابوو، مەوداکەی ١٢ هەزار کیلۆمەتر بوو، دەیتوانی کڵاوەی ئەتۆمێک بە بارستایی ٢٠ میگاتۆن هەڵبگرێت. پاشان رۆکێتی SS11 کە دوای چەند ساڵێک بەرهەم هێنرا و نوێکراوەی ئەوەی پێشوو بوو. ئەمە وایکرد کە سۆڤێت

٧٦ گیڤارا لە لایەن سیخوڕەکانی سی ئای کوژرا. لەو رۆژەدا بەدەستی (Mario Teran) نۆ فیشەک نرا بە جەستەیەوە و لاشەکەی لە شوێنێکی نهێنی شاردرایەوە. ساڵی ١٩٩٧ پروسکی لاشەکەی دۆزرایەوە و لە کوبا لە شاری سانتا کلارا لە مەزارێکی تایبەتدا بە خاک سپێردرایەوە.

له ناوەڕاستی ١٩٦٨ وابزانێت لەگەڵ ئەمەریکا هاوسەنگی بەدەست هێناوە. لە ت٢ی ١٩٦٩دا یەکێتیی سۆڤێت ١١٤٠ ڕۆکێتی کورت مەودای لە جۆری (ICBMs) هەبوو، ئەمەریکا ١٠٥٤ دانەی هەبوو. ئەمریکا ٦٥٦ دانە ڕۆکێتی (LSBMs) ی هەبوو کە لە ڕێگای ژێردەریاییەکانەوە دەتەقێنرا، لە کاتێکدا سۆڤێت زۆر لەوە کەمتری هەبوو کە تەنها ٤١ دانە بوو. هێزی دەریایی سۆڤێت زۆر لە خوار ئاستی ئەمەریکاوە بوو. سۆڤێتییەکان لە ساڵی ١٩٦٤ ە وە لە دەریای ناوەڕاست وجودێکی کەمیان هەبوو، هەروەها لە زەریای هندیش لە ساڵی ١٩٦٨ بە هەمان شێوە. گرفتی سەرەکی سۆڤێت ئەوە بوو کە بەهۆی کەمی بنکەوە دووچاری کێماسی دەبوون لە گەیاندنی زەخیرە و پێداویستی.

ئەم مانۆڤەرەی سۆڤێت لە لایەن ئەمریکیەکانەوە نادیدە وەرنەگیرا. جەنگی ڤێتنام بودجەیەکی قەبەی ئەمەریکای حەپەلوش کردبوو (٩٩.٢ ملیار دۆلار لە ماوەی ١٩٦٥–١٩٧١) هەروەها ماکناماریش حەزی بە ئاڵۆزکردنی دۆخەکە نەدەکرد ئەو بە فەرمی دوای وتارەکەی ١٨ی ئەیلولی ١٩٦٧ – لە ڕاستیدا پێشتر لەوەش- لایەنگریی لە ستراتیژی "MAD" لەناو بردنی یەکجارەکی یەکتر (Mutual Assured Destructon)[٧٧] دەکرد. ئەم تیۆرییە لە کرێملینیش لایەنگری بۆ خۆی دۆزییەوە. کارەکە بەوە گەیشتبوو کە هەردوولا دەیانزانی جەنگی ئەتۆمی هیچ مانای نیە. هیچ لایەکیان ناتوانێت بە هێرشێکی خافڵگیرانە (دەستوەشاندنی یەکەم) لایەنەکەی تر لە ناو بەرێت، چونکە سەرەنجام ئەوەندە هێزی دەمێنێت بەهۆی ڕۆکێتی ژێردەریایی کە لەکارناخرێن، یان ڕۆکێتی دوور مەودای ناو سایلۆکانی ژێر زەوی کە

٧٧ لە ناوبردنی تەواوەتی یاخود یەکجارەکی یەکتر بیردۆزێکی ستراتیژی سەربازی بوو، ساڵی ١٩٦٢ دۆناڵد برێنان (Donald Brennan) تیۆریزەی کردووە. پوختەی ئەم ستراتیژەش ئەوەیە کە دوو دەوڵەتی خاوەن هێزی ئەتۆم ناتوانن بە تەواوی یەکتر قر بکەن، چونکە کاتێک یەکێکیان هێرش بکات ئەوی تریان هێرش دەکاتەوە سەری. هەروەها هیچ کامیش لەو دوو دەوڵەتە ناوێرن دەستپێشخەربن و (لێدانی یەکەم) ئەنجام بدەن، چونکە لێدانی دووەمی بەرامبەر بۆ بەرگریکردن زۆر کوشندە دەبێت. لەسەر بنەمای ئەم هاوسەنگییە جەنگی ئەتۆمی ڕوونادات و بڕیاری لێ نادرێت. وەرگێڕ.

هەرگیز خاپور ناکرێن، یان ئەو ڕۆکێتانەی کە ٢٤ سەعاتی ڕۆژ لە ئاسماندا دەبن، دەستێکی خراپی وێرانکارانە لەوی تر بسەرەوێنێت.

بۆ ئەمەریکا ئەوە بەو واتایە بوو کە ئەوان دەتوانن (تەنانەت ئەگەر سۆڤێت پێشوەختە دەستی خۆی بوەشێنێت) لانی کەم چارەکێکی دانیشتوانی سۆڤێت و نیوەی ژێرخانی پیشەسازییان لەناو بەرن. کەواتە هیچ کامیان بوێری ئەوەی نەبوو جەنگی ئەتۆم دەستپێبکات، چونکە ئەوە ڕاستەوخۆ سەرکێشیکردنێک دەبوو کە زیانێکی یەکجار گەورەی لە دانیشتوان و ژێرخانی پیشەسازی خۆی دەدا. ئەمەش واتای لەناوبردنی یەکجارەکی یەکتربوو. کەواتە کەس ناوێری ئەو شەڕە بکات، ئەمەش باشترین میتۆد بوو بۆ ئاشتیی نێونەتەوەیی.

لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییانە، ماکنمارا بە ئاگاداری جۆنسۆن کۆمەڵە بڕیارێکی دەرکرد. پێویستی بەوە نەدەکرد ژمارەی ڕۆکێتەکانی (ICBMs) زیاتر بکات بۆ سەروو١٠٥٤ دانە. لە کۆتاییدا چەند سەد ڕۆکێتێک بەسن بۆ ئەوەی بە دڵنیاییەوە بە دۆخی (MAD) بگەیت. دەکرێت لەگەڵ سۆڤێت دانوستان بکرێت بۆ سڕکردنی بەرهەم یاخود کەم کردنەوەی. دانوستانەکان چەند ساڵیکی خایاند لە هەندێکیان لە نەتەوەیەکگرتووەکان و هەندێکیش لە کۆنگرەی تایبەت بە چەکداماڵین کە هەژدە وڵات لە جنێف بەشدار بوون. سۆڤێتییەکان دەیانویست سەرەتا بگەنە یەکسانی لە ژمارەکاندا بەر لەوەی دانوستان بکەن. ڕوداوەکانی چیکوسلۆڤاکیا و هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ت٢ی ١٩٦٨ دانوستانەکانی بڕی. لە ک٢ی ١٩٦٩دا ریتشارد نیکسۆن (Richard Nixon) دۆسیەکەی بە میراتی بۆ مایەوە.

هەر لەسەر بنەماکانی MAD، ماکنمارا دژی ئەوە بوو کە سیستەمی دژە ڕۆکێتی بالیستی ABM (Anti Ballistic Missile) پەرەپێبدرێت، کە سیستەمێکی بەرگریی تایبەت بوو دژی ڕۆکێتە هێرش بەرەکان. ئەم جۆرە سیستەمە لە ساڵی ١٩٥٦ ە وە کاری لەسەر کراوە، لە کاتی جێگیرکردنیدا ئەمەریکا دەتوانێت کەم تا زۆر شارەکان و سایلۆی هەڵگرتنی ڕۆکێتەکانی

بپارێزێت. لە وتارەکەیدا کە ڕۆژی ١٨ی ئەیلولی ١٩٦٧ پێشکەشی کرد، ماکنمارا ئاشکرای کرد کە دەبێت واز لە جێگیرکردنی سیستەمی دژە ڕۆکێتی بالیستی بهێنین چونکە دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی پێشبڕکێیەکی نوێی چەک، چونکە لە کۆتایدا ئەگەر ژمارەیەکی زۆر ڕۆکێت بتەقێنرێت ئەوە سیستەمەکە ناتوانێت هەمووی رابگرێت. ماکنمارا لەگەڵ ئەوەدا بوو کە سیستەمێکی سادە و هەرزان دژی هەر ئەگەرێکی هێرشی ڕۆکێتیی چین لە داهاتوودا، دابنرێت. ئەمەشی وەک چارەسەرێکی سازشکارانە خستە ڕوو، چونکە هیچ کەسێک لەو کاتەدا باوەڕی بە هێرشی ئەتۆمیی چین نەدەکرد.

ئەم تێڕوانینەی ماکنمارا هۆکارەکەی ترسێکی دوو لایەنە بوو. لە لایەکەوە فشارێکی زۆری دەخرایە سەر لەلایەن دامەزراوەی پیشەسازیی سەربازی بۆ پەرەپێدانی سیستەمی دژە ڕۆکێت. لە لایەکی دیکەشەوە نەیدەویست سۆڤێت هانبدات ڕۆکێتی دوورمەودای زیاتر بەرهەم بێنن، بە تایبەت ئەوان لە ساڵی ١٩٦٥ سیستەمێکی (ABM) دژە ڕۆکێتی بالیستی لاوازیان دروست کردبوو. وێڕای سەرهەڵدانی گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان زلهێزەکان بەهۆی شەڕی ڤێتنام و ململانێکانی ترەوە، بەڵام لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٦٨ چەندین ڕێکەوتنی گرنگ مۆرکران.

لە ١٩ی ک١ی ١٩٦٦دا ئەنجومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕەزامەندی لەسەر ڕێکەوتنێکی گشتی کرد بۆ بە ئاشتیانە بەکارهێنانی بۆشایی ئاسمان. پێش ئەو ڕێکەوتنە دانوستانی دووقۆڵی چڕ لە نێوان ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤیت کرا. لە ڕێکەوتنەکەدا کە ڕۆژی ١٠ ت١ی ١٩٦٧ کەوتە واری جێبەجێکردنەوە، ئاماژە کراوە کە هیچ وڵاتێک بۆی نیە بۆشایی ئاسمان یان هەر تەنێکی ئاسمانی بۆ خۆی قۆرخ بکات. بۆشایی ئاسمان موڵکی هەموو مرۆڤایەتییە و تەنها دەبێت ئاشتی ئامێزانە بەکار بهێنرێت. ڕێگا نادرێت هیچ جۆرە چەکێکی ئەتۆم یان کۆکوژ لەوێ دابنرێت، هەروەها تاقیکردنەوەی هەر جۆرە چەکێک لە بۆشایی ئاسمان و جێگیرکردنی بنکەی سەربازی قەدەغە کرد. جگە لە چین هەموو وڵاتان ئەو ڕێکەوتنەیان واژۆ کرد.

هەروەها بە ڕەزامەندی هەردوو زلهێز، ڕێککەوتنامەی تلاتەلۆلکۆ (Tla-telolco) لە ١٤ی شوباتی ١٩٦٧ مۆرکرا. بە گوێرەی ئەوە ئەمەریکای باشور کرا بە ناوچەیەکی بەتاڵ لە چەکی ئەتۆمی. لە دەیباجەکەشیدا هەموو ئەوانەی واژۆیان کردووە، ڕەزامەند بوون لەسەر ئەوەی کە هیچ کاتێک هیچ وڵاتێکی ئەمەریکای باشور هەڕەشەی بە چەکی ئەتۆمی لێنەکرێت و چەکی ئەتۆمی لە دژی بەکار نەیەت. لەبەر ئەوەی ئەرجەنتین و بەرازیل واژۆیان نەکرد، ڕێکەوتنەکە جێبەجێ نەکرا.

لە ١٢ی حوزەیرانی ١٩٦٨ ئەنجومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕەزامەندی لەسەر پەیماننامەی قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی چەکی ئەتۆم (Non- Proliferation) دەربڕی، کە ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤێت پێکەوە دایانڕشتبوو. پەیماننامەکە لە ٥ی مارتی ١٩٧٠ خرایە واری جێبەجێکردن و بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ بوو، دواتر دیسان درێژ کرایەوە. بە شێوەیەکی گشتی بیرۆکەی ئەوە لە گۆڕێدا بوو کە هەتا ژمارەی خاوەن ئەتۆمەکان زیاتر بن، ئەگەری هەڵایسانی جەنگی ئەتۆمی زیاتر دەبێت. سۆڤێت لە پلەی یەکەمدا ئەم پەیمانەی بە نیەتی ئەوە دارِشت کە بیکاتە ئامرازێک بۆ ڕێگاگرتن لەوەی کە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا چەکی ئەتۆم بەدەست بخات. هێزە خاوەن ئەتۆمەکان ئەوانەی کە واژۆیان کردبوو بەڵێنیان دابوو کە بە هیچ شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ چەکی ئەتۆم نەگوێزنەوە بۆ لایەنی سێیەم، هەروەها بەهیچ شێوەیەک لە شێوەکان یارمەتییان نەدەن بۆ دروستکردنی ئەو چەکە. ئەوانەشی ئەو چەکەیان نەبوو، ئامادە بوون کە واز لە دروستکردن و تەنانەت سەرپەرشتیکردنیشی بێنن. ئەو دەوڵەتانە هەموویان خرانە ژێر چاودێری ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم (IAEA) لە ڤیەنا. هەموو ئەودەوڵەتانە پابەندبوونی خۆیان ڕاگەیاند بە پەیمانەکەوە بۆ چەکداماڵینی گشتی و تەواو. هێزە خاوەن ئەتۆمەکانیش پابەند بوون بەوەی کە هەموو ڕێگایەک بگرنە بەر بۆ کۆتایهێنانی پێشبڕکێی چەکی ئەتۆم. زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان واژۆی پەیمانەکەیان کرد، لەوانەش هەموو ئەندامانی ناتۆ و

وارشۆ. چین، هندستان، پاکستان، بەرازیل، ئەرژەنتین، کوبا، ئیسرائیل و باشوری ئەفریقا، ئامادە نەبوون واژۆی بکەن. چین لەو باوەڕەدا بوو کە ئەو پەیمانە بۆ ئەوەیە تاوەکو ئەمەریکا و سۆڤێت بە تەنها خۆیان هەژموونی هەموو دنیا بکەن. ساڵی ١٩٩١ باشوری ئەفریقا و دواتریش لە ساڵی ١٩٩٢ فەرەنسا و چین واژۆی پەیمانەکەیان کرد.

## بەشی شەشەم
## هێوربوونەوەیەک لە نێوان
## نیکسۆن، کیسینگەر، فۆرد، براندت و بریژنێڤ
## (١٩٦٩-١٩٧٦)

### یەکەم ڕێکەوتنی گەورەی کۆنترۆڵکردنی چەک (ساڵت ١):

نیکسۆن کە لە ٢٠ی ک٢ی ١٩٦٩ بوو بە سەرۆک کۆمار، زیاتر لە سەر ئەو بەڵێنە دەنگی هێنا کە پرسی ڤێتنام چارەسەر بکات. لە سەردەمی ئەیزنهاوەر جێگری سەرۆک بوو، لەبەردەم جۆن کینیدی بە جیاوازییەکی زۆر کەم هەڵبژاردنەکانی دۆڕاند. نیکسۆن بەوە ناسرابوو کە زۆر دژە کۆمۆنیستە و دژی هەر جۆرە نەرمی نواندێکیش بوو بەرامبەر بە یەکێتیی سۆڤێت. کەسێکی ڕەبەن و خۆپەرست و ڕەزاگران بوو. متمانەی بە دۆست و دوژمنی خۆی نەبوو. ئەو دەیویست ئەوە بسەلمێنێت؛ گەرچی لە بنەچەدا هەژار بووە بەڵام دەتوانێت ببێتە سەرۆکێکی مەزن. (سیاسەتی دەرەکی) بواری کارە پەسەند و خوازراوەکەی خۆی بوو، لەو بارەوە چەند بڕیارێکی گرنگی دەرکرد. بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ئەو بڕیارانە بوونە هۆکاری خاوبوونەوەی جەنگی سارد. ڕاوێژەکانی مێژونوسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و مامۆستای زانکۆی هارڤارد دکتۆر هەنری کیسینگەر (Henry Kissinger) ی بە هەند وەردەگرت. کیسینگەر روناکبیرێکی زۆر خۆپەرست و بە گومان بوو، لە بنەچەدا لە جولەکەکانی ئەڵمانیا بوو، بەڵام لە زۆر پرسی دیکەدا بە پێچەوانەی سەرۆکەکەی بیری دەکردەوە. سەرەتا ڕاوێژکاری ئاسایش بوو، بەڵام دواتر لە ٢٢ی ئابی ١٩٧٣ بوو بە وەزیری دەرەوە. دواتر ویلیەم ڕۆجەرز (William Rogers) شوێنی کیسینگەری گرتەوە کە هاوڕێی نیکسۆن بوو، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر بڕیاری سیاسی نەبوو. دوای دەست لە کار کێشانەوەی نیکسۆن لە ٨ی ئابی ١٩٧٤ بەهۆی تێوەگلانی لە (سکانداڵی واتەر گێت)[٧٨] کیسینگەر لە

[٧٨] ساڵی ١٩٦٨ نیکسۆن بە جیاوازییەکی زۆر کەم هەڵبژاردنەکانی لە دیموکراتەکان بردەوە، بۆیە لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٢ دووچاری ئاستەنگییەکی زۆر بوو. بۆ مسۆگەرکردنی

پۆستەکەی خۆیدا مایەوە. نیکسۆن کە بە تەما بوو دزە بکاتە ناو نوسینگەی سەرەکیی کەمپینی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دیموکراتەکان، دوای ئاشکرا بوونی کارەکە دەیویست پەردەپۆشی بکات و نەدەچووە ژێر بارەوە. جار لە دوای جار درۆی زیاتری ئاشکرا دەبوو، بۆیە کاتێک دڵنیا بوو کە کۆنگرێس دەری دەکات لە سەرۆکایەتی، ئارەزوومەندانە دەستی لە کار کێشایەوە. دوای ئەو جیرالد فۆرد (Gerald Ford) بوو بە سەرۆک و لە ژێر باندۆری سروشەکانی کیسینگەر هەمان سیاسەتی پەیڕەو کرد.

نکوڵی لەوە ناکرێت کە نیکسۆن و کیسینگەر بە روئیایەکی تازەوە هاتنە مەیدان، ئارامی و سەقامگیری تەوەرەی سەرەکی بیرکردنەوەیان بوو. دەبوو یەکەم جار کاروباری جیهان رێکبخرێتەوە ئینجا، تەنها ئەو کاتە دەکرێت کاری راستەقینە بۆ باشکردنی بژێوی و مافی مرۆڤ بکرێت. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون پێنج سەنتەری هێز لە جیهاندا هەیە: ئەمەریکا، ئەوروپای رۆژئاوا، یەکێتیی سۆڤێت، ژاپۆن و چین. دەبوو ئەم پێنجە خۆیان لە جەنگێکی جیهانی بەدوور بگرن، ئەوەش لە رێگای رێزگرتنی یەکتر و پێکەوە جۆرێک لە ئاشتی پۆزەتیڤانە لەگەڵ یەکتر بژین. ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە دەبوو لە هەموو بوارەکاندا پێکەوە کار بکەن.

پارسەنگی هێز لە رێگای پێشبڕکێی چەک و هاوپەیمانیی سەربازی بەدی نایەت، بەڵکو دەبێت هەر یەک لەوانە خۆی کۆت و بەند بخاتە سەرچەکی خۆی. چەکێکی زۆر واتای ئاسایشێکی زۆرتر و بەهێزتر ناگەیەنێت. نیکسۆن و کیسینگەر باوەڕیان بە جیهانی دوو جەمسەری نەمابوو، بەڵکو باوەڕیان بە فرە جەمسەری هەبوو بەبێ بوونی جەمسەرێکی زاڵ. بە رۆحێکی رۆشنگەرییەوە، نیکسۆن لەو باوەڕەدا بوو کە دەکرێت هاوسەنگی لە نێوان ئەو پێنج هێزەدا دروست بێت، ئەگەر هەر لایەک هەوڵ بدات بە رێبازێکی

بردنەوە، نیکسۆن بڕیاریدا سیخوڕی بەسەر دیموکراتەکانەوە بکات. لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٧٢ پێنج کەس لە واشنتۆن لە ناو نوسینگەی سەرەکی پارتی دیموکرات دەستگیرکران کە سەرقاڵی دانانی ئامێری سیخوڕی بوون. دوای ئاشکرا بوونی کارەکە، نیکسۆن بە ناچاری دەستی لە کار کێشایەوە. ئەم سکاندالە لە مێژووی ئەمەریکا بە (Watergate Scandal) ناسراوە. وەرگێڕ.



سەرۆک ریچارد نیکسۆن

ئەقڵانی بەرژەوەندیی نیشتیمانیی خۆی بەدەست بێنێت. بەهەر حاڵ ئەمە لایەنە تیۆرییەکە بوو، لە رووی پراکتیکەوە بایەخدان بە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان وای کرد کە واشنتۆن پەنا بەرێتە بەر سیاسەتی هێز و هەوڵدان بۆ باڵادەستی.

بێگومان پەیوەندی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت هێشتا کێشەی سەرەکیی دبلۆماسیەتی ئەمەریکی بوو. نیکسۆن و کیسینگەر لەو باوەڕەدا بوون کە دەبێت لە دیدگایەکی واقیعی و دوور لە سۆزەوە بۆ ئەو کێشەیە بڕوانن، بە تایبەت ئارەزووی فراوانخوازی وایدەکرد کە سۆڤێت ئەوەندە مەترسیدار بێت کە چەند دۆکترینێکی جیاواز و چەند سیستەمێکی کۆمەڵایەتی جیاواز پەیڕەو بکەن کە کەمتر بایەخدار بێت.

لە رووی تیۆرییەوە ئەو سیستەمە کۆمۆنیستییانەی کە ئارەزووی فراوانخوازییان نەبوو کەمتر مەترسیدار بوون. ئارەزووی فراوانخوازی سۆڤێت بە چەک و چۆڵێکی زیاتر رانەدەگیرا. دەبوو سیاسەتێکی تر پەیڕەو بکەن، لەوانەش هێشتنەوە و بەهێزکردن وهێنانە سەر دەسەڵاتی ئەو گروپ و تاقمانەی ناو یەکێتیی سۆڤێت کە ئارەزووی فراوانخوازییان نەبوو. رەنگە

ئەمە ئەنجامی باشتری لێبکەوێتەوە. دەبوو سۆڤێتییەکان ئەوە بزانن کە باشترە واز لە ئارەزووی فراوانخوازی بهێنن. باڵا دەستبوونی سەربازی بەسەر یەکێتیی سۆڤێتدا چی دیکە نەدەکرا، هەروەها لەبەر هۆکاری ستراتیژی وەلا نرابوو. ئایدیۆلۆژیای فەرمی ئەوە بوو کە بەردەوام چەک و چۆڵی پێویست لەبەر دەستا بێت. لە رووی پراکتیکیشەوە نیکسۆن و کیسینگەر بەروونی دەیانویست لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە باڵادەستیی سەربازییان بەسەر سۆڤێتدا بپارێزن. بە هاوتا بوونی راستەقینە هەستیان بە ئاسودەیی نەدەکرد، لە کن ئەوان هاوتابوون ئەوە بوو کە ئەمەریکا پێشەنگ بێت، هەر چەندە ئەوەش ئیتر وەک پەنجاکان نەمابوو.

نیکسۆن و کیسینگەر لەو باوەڕەدا بوون کە زۆرێک لە کێشەکان پێکەوە پەیوەستن، بۆ نمونە هەوڵدانیان بۆ نزیکبوونەوە لە چین کاریگەری هەبوو لەسەر پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سۆڤێت و جەنگی ڤێتنام. ئەم کاریگەرییەیان ناو نابوو "پەیوەست بوون" کە لە حساباتی ستراتیژی خۆیاندا رۆڵی گەورەی هەبوو. هەوڵیان دەدا کاریگەریان هەبێت لەسەر سیاسەتەکانی یەکیتیی سۆڤێت بەوەی کە رێککەوتنی ئابوری لەگەڵیدا واژوو بکەن کە زیاتر لە بەرژەوەندی سۆڤێتدا بێت.

کیسینگەر کە هەڵپەی دەسەڵاتی بوو، نیکسۆن کە هەمیشە بەدگومان بوو، سیاسەتێکی دەرەکیی شەخسیان پەیڕەو دەکرد، کە جیا بوو لە سیاسەتی راگەیەندراوی ئیدارەکەیان. حەزیان بەوە بوو لە رێگای دبلۆماسییەتی پشتی پەردەوە، هاوتەریب لەگەڵ پەیوەندییە فەرمیەکان، بگەن بە رێکەوتن. وەک دوو دبلۆماتی لێهاتوو، لەو باوەڕەدا بوون کە دانوستانی سەرکەوتوو دەبێت بە سودی هەردوو لایەنەکە بێت. پێویستی بەوە نەدەکرد کە چاوەڕێی نەمانی کۆمۆنیزم بکەن. دانوستان رێگایەک بوو بۆ شکاندنی ئەو دۆخە تاریکەی کە جەنگی سارد سەپاندبووی و دەیتوانی دەروازەیەک بێت کە لیبرالیزەکردنی رژێمە کۆمۆنیستیەکان لەبارتر بکات. دەرکەوت کە ئەمە گرەوێکی باش بوو، چونکە کردنەوەی ئەو دەلاقەیە رێگایدا بە پەیدابوون و گەشەسەندنی گروپە بچوکە رەخنەگر و ناڕازییەکانی وەکو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە وڵاتە

کۆمۆنیستەکاندا. هەر ئەو دەستە و گروپانەش بوون کە ئامادە بوون لە کۆتایی هەشتاکاندا رژێمەکانی خۆیان بلەرزێنن.

نیکسۆن و کیسینگەر بەختیان باش بوو، چونکە کریملینیش ئامادەییەکی زۆری دەربڕی بۆ دانوستان، چونکە هاوتا بوونی ستراتیژی لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ ە وە ئیتر ببوو بە راستییەک. سۆڤێتییەکان دەیانتوانی ئامۆژگاریی ئەمەریکا بکەن بەوەی کە بیر لەوە بکاتەوە هێرشی غافڵگیرانەی ئەتۆمی بکاتە سەر یەکێتیی سۆڤێت، چونکە دووا جار یەکێتی سۆڤێت بەشی ئەوەندەی هەیە کە زەبرێکی کوشندە لە کۆمەڵگەی ئەمریکی بسرەوێنێت. بریژنێڤ ئیتر گەیشتبووە تینی، نەیدەویست چیدیکە پێشبڕکێی چەک لەگەڵ ئەمەریکا بکات. ئێستا ئیتر ترس لە دۆخی سوکایەتیکردن نەماوە وەک ئەوەی لە قەیرانی کوبا ساڵی ١٩٦٢ خرۆشۆڤ دووچاری بۆوە. بریژنێڤ لە پێناو پاراستنی رژێمەکەیدا، دەیویست بایەخ بە باشکردنی ئاستی بژێویی هاولاتیان بدات. جیاوازی لەچاو رۆژئاوا لە چەندین بواردا بە روونی دەرکەوتبوو: ئاستی بژێوی هەتا ساڵی ١٩٧٠ کەمێک باشتر ببوو، دواتر چەقی بەستەوە. تەکنەلۆژیای کۆن چیدیکە بە کەڵک نەدەهات، کشتوکاڵ مایەی نیگەرانی بوو. لە هەفتاکاندا دەبوو یەکێتیی سۆڤێت بە بەهای هەشتا ملیارد دۆلار پشتیوانی ئابوری ولاتانی ئەوروپای رۆژهەلات بکات. بریژنێڤ دەیویست لەگەڵ نیکسۆن بگاتە ریکەوتنێک تا بتوانێت پێشبڕکێی چەک رابگرێت، چونکە تێچونێکی زۆر و بەفیرۆدانێکی بێ پەروای وزە بوو. ئەو دۆخە ئارامەی بەکار دەهێنا بۆ کڕینی تەکنەلۆژیا و خۆراکی رۆژئاوا. ئەوەش بووە مایەی بەرزکردنەوەی خۆشگوزەرانی سۆڤێت بەبێ ئەنجامدانی ریفۆرمێکی زۆر. بریژنێڤ نەیدەویست لەگەڵ بیروکراتە ژەنگ گرتووەکانی سۆڤێت باسی ریفۆرم بکات، چونکە سەرەنجام هەر ئەو ریفۆرمانە بوون کە سەری خرۆشۆڤیان خوارد.

پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە کن سۆڤێت، بریتی بوو لە ئاشتی نێوان ولاتان نەک ئاشتی لە نێوان سیستەمە کۆمەلایەتییەکان. ترس لە هێرشی ئەمەریکا نەمابوو. شۆڕشە کۆمۆنیستەکان لە جیهاندا هەر هێندەی بارودۆخی مێژوویی

لەباریان بۆ رەخسا، بە شێوەیەکی خۆڕسکانە سەرهەڵدەدەن بەبێ ئەوەی سۆڤێت دەست بخاتە ناو ئەو کارەوە. تیۆریستە سۆڤێتییەکان بەهیوای ئەوە بوون کە میتۆدی "پێکەوە ژیانی ئاشتی" ئەو پرۆسەیە خێراتر بکات.



سەردانی نیکسۆن بۆ یەکێتیی سۆڤێت

٢٦ی مایس ١٩٧٢

ململانێ لەگەڵ چین بۆ بریژنێڤ، هۆکارێکی تەواو بوو بۆ ئەوەی هەوڵی نزیکبوونەوە لە خۆرئاوا بدات. ساڵی ١٩٦٩ "شۆڕشی فەرهەنگی" گەیشتبووە ترۆپک، ژاو ئەنلای (Zhou Enlai) هەوڵی دەدا چین مۆدێرنیزە بکات. جەنگ لەگەڵ چین هێشتا ئەگەرێکی کراوە بوو، بۆیە پاراستنی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ رۆژئاوا پێویست بوو.

لەو دۆخە لە بارەدا، لە ١٧ی ت٢ی ١٩٦٩ دانوستانەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی چەکی ستراتیژی – ساڵت (Strategic Arms limitation Talks –SALT) دەستیپێکرد. لە ١٠ی نیسانی ١٩٧٢ هەشتا وڵات، لەوانەش یەکێتیی سۆڤێت و ئەمەریکا، واژۆیان لەسەر رێکەوتنێک کرد کە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی چەکی بەکتریۆلۆجی و ژەهراوی قەدەغە دەکات. لە ٢٦ی مایسدا، نیکسۆن و بریژنێڤ لە مۆسکۆ یەکەمین رێککەوتننامەی ساڵت و کۆنترۆڵکردنی رۆکێتی

بالیستییان واژۆ کرد. ئەوەی دووەم بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو بوو، تیایدا هاتبوو کە هەردوو وڵات بۆیان هەیە تەنها دوو سیستەمی دژە ڕۆکێت جێگیر بکەن: دانەیەک لە چواردەوری پایتەخت و ئەوی تریان بۆ پاراستنی بنکەی ڕۆکێتە دوور مەوداکان. لە ساڵی ١٩٧٤دا ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤێت لە سەر ئەوە ڕێککەوتن کە دامەزراوەکانی (ABM) سنوردار بکەن بۆ هەر یەکێکیان یەک دانە. شایانی باسە کە بڕگەی پێنجەم بە ئاشکرا ئاماژە بۆ قەدەغەکردنی سیستمی (ABM) دەکات لە بۆشایی ئاسمان. تاقیکردنەوەکانیش لە هەندێ شوێنی دیاریکراو لە ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤێت ڕێگەپێدراو بوو.

لە بیرکردنەوەی ستراتیژی هەر دوو لایەندا، کە لە بنەڕەتدا لەسەر بیرۆکەی (MAD) داڕێژرابوو، شوێنێک بۆ سیستەمی ABM نەمابوو. ئاشتی تەنها ئەو کاتە مسۆگەر دەبوو کە هەردوولا دڵنیا بوونایە لەوەی کە دەتوانن شارەکانی یەکتر بە دانیشتوانەکانیەوە وێران بکەن، بۆیە دەبوو ڕێگا لەوە بگیرێت کە یەکێک لەو دوو لایەنە بتوانن لە ڕێگای سیستەمێکی پێشکەوتووی ABM بتوانێت پارێزگاری لە شار و دانیشتوانەکەی خۆی بکات، ئەگەر وا نەبێت ئەو کاتە دەتوانێت بەبێ هیچ ڕێگرییەک هێرش بکاتە سەر بەرامبەرەکەی و ئەویش ناتوانێت کاریگەرانە کاردانەوە بنوێنێت. لەبەر ئەوە دەبوو کەسیان سیستەمی MAD نەبێت.

هەر یەکە لە سۆڤێت و ئەمریکییەکان خۆشحاڵ بوون بەوەی کە ئیتر پەرەپێدانی سیستەمی ABM رادەگرن. خەرجییەکانی ئەو سیستەمە یەکجار گران بوو، جگە لەوەش هیچ سیستەمێک نەبوو کە بتوانێت بە تەواوی ڕێگری لە ڕۆکێتەکان بکات. جگە لەوەش سۆڤێتییەکان لەوە دەترسان کە ئەمریکییەکان بە هۆی باڵادەستیی تەکنەلۆژییانەوە بتوانن دەستیان بە سیستەمێکی باڵاتر بگات. دواجار ئەمەریکاش نەیتوانی هیچ جۆرە سیستەمێکی کارای ABM دروست بکات. سۆڤێتیش لە چوار دەوری مۆسکۆ سیستەمێکی ناکامڵ و بەسەرچووی هەبوو.

پەیماننامەی ساڵت-١ ڕێکەوتنێکی کاتی بوو تەنها بۆ ماوەی پێنج ساڵ (٣ی ت١ی ١٩٧٢ بۆ ٣ی ت١ی ١٩٧٧). دەبوو لە و ماوەیەدا دانوستان

بۆ ڕێکەوتنێکی نوێ بکرێت. ساڵت-۱ ژمارەی ڕۆکێتە دوورمەوداکانی ئەمریکای لە ١٠٥٤ دانە و ئەوانەی سۆڤێتیشی لە ١٦١٨ دانەدا ڕاگرت. ڕێگای بە ئەمریکییەکان دەدا کە ٧١٠ ڕۆکێتیان لەسەر ٤٤ ژێر دەریایی هەبێت، هەروەک ڕێگاشی بە سۆڤێت دەدا ٩٥٠ دانەی لەسەر ٦٢ ژێردەریایی هەبێت. ڕێکەوتنەکە ڕۆکێتی مەودا ناوەند و ڕۆکێتی کرۆزی نەدەگرتەوە.

هەرچەندە لە ڕووی ژمارەوە سۆڤێت زاڵتر دەهاتە بەرچاو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمریکییەکان زیاتر زاڵ بوون، ژمارەیەکی یەکجار زۆرتری هەڵدەری ڕۆکێتیان هەبوو. سەدان ڕۆکێتی مەودا ناوەند بەسەر ژێردەرییاییەکانی ئەورووپاوە بوون کە دەیانتوانی بە ئاسانی شارەکانی سۆڤێت خاپور بکەن. وێرای هەموو ئەوانەش چەکی ئەتۆمی فەرەنسا و بەریتانیاش بەردەست بوون. لە هەموو ئەوانەش گرنگتر باڵادەستیی تەکنەلۆژیی ئەمەریکا بوو. ڕۆکێتە ئەمریکییەکان زۆر وردترو پێشکەوتووتر بوون و کڵاوەی ئەتۆمیی باڵداری جیاوازیان هەڵدەگرت (Multiple Independently Targeted Reentry Vehicles of MIRV’s). ئەو کڵاوە ئەتۆمیانە لە ڕێگای مانگە دەستکردەکانەوە ئاشکرا نەدەبوون و لە ڕێکەوتنی (ساڵت-۱ ) یشکدا ناویان نەهاتبوو. بەو شێوەیە ئەمریکییەکان بە بەراود بە یەکێتیی سۆڤێت، دوو هێندە ژمارەی ڕۆکێتی دوور مەودایان گلدابۆوە. لەبەر ئەوەی سۆڤێتیش ڕێگای نەدابوو لەسەر خاکی خۆی کۆنترۆڵی ڕۆکێتەکانی بکرێت، بۆیە چاودێکردنی ڕۆکێتەکان تەنها بەهۆی مانگە دەستکردەکانەوە بوو.

ڕێککەوتنی ساڵت-۱ هێوربوونەوەیەکی باشی بەدوای خۆیدا هێنا. لە هەمان سەردانی نیکسۆن بۆ لای بریژنێڤ بنەما سەرەکییەکانی پەیوەندیی نێوان ئەمەریکا و سۆڤێت داڕێژران (٢٩ی مایسی ١٩٧٢) تێکستێکی نمونەیی بوو کە تیادا هاتبوو: پێکەوە ژیانی ئاشتیانە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی نیە. هەردوو زلهێز بەڵێنی ئەوەیان دابوو کە تێبکۆشن لە پێناو چەکداماڵینێکی تەواوەتی و دامەزراندنی سیستەمێکی جیهانیی ئەوتۆ کە هەموو وڵاتان لە سایەیدا بە ئاشتی بژین. بۆ سۆڤێت گرنگ بوو کە ئیتر وەک دوو هێزی هاوتا مامەڵە بکەن. پێشتریش لە ٢٥ی مایسدا ڕێکەوتنێکی تر کرابوو بۆ خۆ بەدوورگرتن

لە جەنگ و روداوە دەریاییەکان. لە کاتی سەردانەکەی بریژنێڤ لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٧٣ بۆ لای نیکسۆن، لەوێش بریژنێڤ ڕێکەوتنامەی (خۆ بەدوورگرتن لە جەنگی ئەتۆم)ی مۆرکرد. لێرە بە دواوە، هەردوو وڵات هەڕەشەکردنیان بە چەکی ئەتۆم قەدەغەکرد کرد و بڕیاری راوێژکردنیان لەگەڵ یەکتردا.

سەرۆک فۆرد هەمان ڕێچکەی لەگەڵ بریژنێڤ گرتە بەر، کاتێک لە ٢٤ی ت٢ی ١٩٧٤ لە ڤلادیڤۆستۆک (Vladivostok) راگەیەندراوی هاوبەشیان لەمەڕ (چەکی هێرشبەری ستراتیژی) راگەیاند. رۆژی پێشتریش هەردوو سەرۆک گەیشتبوونە ڕێکەوتنی سالت-٢. بە گوێرەی ئەم ڕێکەوتنە هەردوو لا بۆیان هەبوو ٢٤٠٠ رۆکێتی دوورمەودایان هەبێت کە ١٣٢٠ دانەیان کڵاوەی ئەتۆمی هەبێت. یەکێتیی سۆڤێت دەبوو ژمارەی رۆکێتە قورسە دوورمەوداکانی خۆی لە ٣٠٨دانە زیاتر نەکات. لە ئەمەریکا لە لایەن هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و پیران رەزامەندی لەسەر ئەو ڕێکەوتنە وەرگیرا، بەڵام بەهۆی فشاری گروپە کۆنزەرڤاتیڤەکان و سەربازەکانەوە، ڕێگا لە فۆرد و کیسنینگەر گیرا کە پرۆژەی سالت-٢ تەواو بکەن.

## چین و ئەمەریکا.. چەخماخە لە ئاسمانێکی ساماڵدا:

لە ٢ی ئازاری ١٩٦٩دا هێزەکانی چین بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو پێرشیان کردە سەر هێزەکانی سۆڤێت لە دوورگەی دامانسکی (Daman-ski) لە گوێ روباری ئوسوری (Oessoeri). لە ١٥ی ئازاردا سۆڤێتییەکان بە هێرشێکی بەرفراوانی تانک و فڕۆکە دوورگەکەیان کۆنترۆڵ کردەوە. هەتا ئاگربەسی ١١ی ئەیلولی ١٩٦٩ لێرەو لەوێ شەڕ بەردەوام بوو. بەم دەستدرێژیکردنە چینییەکان دەیانویست ئەوە پیشانی سۆڤێت بدەن کە لە دۆکترینی بریژنێڤ ناترسن، ئەگەر سۆڤێت بە نیاز بێت هێرش بکات، ئەوا چینییەکان دەستبەجێ بەرگری دەکەن. سۆڤێتییەکان پلانێکیان بۆ بۆردومانکردنی سەنتەری ئەتۆمیی چین لە لۆبنۆر (Lobnor) دانابوو، بۆ ئەوەی توانا ئەتۆمییەکانی چین خاپور بکەن. لە ئابی ١٩٦٩ لەو بارەوە

راوێژیان بە ئەمریکییەکان کرد، بەڵام نیکسۆن و کیسینگەر ڕەتیان کردەوە. لە کاتی دانوستانەکانی ساڵت لە ١٩٧٠ بریژنێڤ بێهودە پێشنیازی بۆ ئەمریکییەکان کردبوو کە دژی چینییەکان جۆرێک لە هاوپەیمانی ساز بکەن.

چینییەکان سۆڤێتیان وەک دوژمنی سەرەکی خۆیان دەبینی، بۆیە دەیانویست لەگەڵ دوژمنی دووەمی خۆیان کە کەمتر مەترسیدار بوو نزیک ببنەوە. پەیوەندییەکی باش لەگەڵ ئەمەریکا بۆ چین واتا بەخشی ئەوە بوو کە سۆڤێت جارێکی دیکە ناوێرێت بیر لە هێرشکردنە سەر چین بکاتەوە. ئەگەر هێرشیش بکەن ئەوە لانی کەم ئەمەریکا لەگەڵیاندا بەشدار نابێت. دوای دانوستانێک چین هەموو هێزو ئامێرەکانی خۆی لە ڤێتنامی باکور کشاندەوە بۆ ئەوەی لە دژی سۆڤێت جێگیریان بکات.

لە دوای تراژیدیای ڤێتنامەوە، لە ناو ئەمەریکا چین وەک دوژمنێکی خوێنەخۆر تەماشا دەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا جۆنسۆن پەیوەندی نهێنی بە چینییەکانەوە کرد بۆ ئەوەی بتوانن ململانێی چین رابگرن. نیکسۆنیش راستەوخۆ دوای هەڵبژاردنەکانی ت١ی ١٩٦٨ هەمان کاری کرد، لەگەڵ ئەوەشدا لە مارتی ١٩٦٩ نیکسۆن سیستەمێکی تایبەتی بە ڕۆکێتی بالیستی دانا کە ئاراستەکراوی ڕۆکێتە چینییەکان بوو. لۆبیی لایەنگری تایلاند بەهێز بوو، رایگشتی ئەمەریکاش زیاتر ئارەزوومەندی ئەوە بوو کە هاوپەیمانی لە نێوان ئەمەریکا و سۆڤێت لە دژی چین بکرێت.

نیکسۆن و کیسینگەر لەو باوەڕەدا بوون کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە چین ڕۆڵی ئاسایی خۆی بگێڕێت لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا و لەو پەراوێزخستنە درێژ مەودایە بهێنرێتە دەرەوە. لە ڕێگای هەوڵدان بۆ پەیوندی گرتن لەگەڵ چین دەتوانرا ڕێگا بگیرێت لە جەنگێکی مەترسیداری نێوان سۆڤێت و چین. ئەم جۆرە نزیکبوونەوەیە فشارێکی زۆری دەخستە سەر یەکێتیی سۆڤێت. لێرەوە ئەمریکییەکان سەرەداوی گەمەکەیان خستە دەستی خۆیانەوە، ئەوان دەیانتوانی هەڕەشە لە لایەنێکیان بکەن بە هاوکاریکردنی چڕی لایەنەکەی تریان. چینییەکان و سۆڤێتییەکان ئەوەیان بۆ نەدەکرا، چونکە ململانێی ئەوان قوڵ و ئاشکرا بوو. بە کۆنکرێتی ئەمەریکا دەیویست لە دانوستانەکانی

ساڵت، ڕێکەوتنێکی خێرا بەسەر سۆڤێتدا بسەپێنێت و یارمەتیشی بدات بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگی ڤێتنام. ئامانجی یەکەم بەدەست هات، بەڵام دووەم نا، چونکە بریژنێڤ، وەک چاوەڕوان دەکرا، نەیدەتوانی فشاری زۆر لە هانۆی بکات.

کاتێ لە کۆتایی ١٩٦٩دا ئەمریکییەکان لەگەڵ چیندا کەوتنە پەیوەندی، بێگومان چاوێکیشیان لەسەر ئەوە بوو کە بێنە ناو بازاڕە زەبەلاحەکەی چینەوە. لە ساڵی ١٩٧٠ بەدواوە، کیسینگەر بە نهێنی لە گەڵ چینەکاندا کەوتە گفتوگۆ. لە ٩ی تەموزی ١٩٧١ لە ڕێگای پاکستانەوە بەنهێنی سەردانی چینی کرد. لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ژمارەی هێزەکانی ئەمەریکا لە تایوان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمکەنەوە، چینیش بەڵێنیدا کە هەوڵەکانی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگی ڤێتنام. کیسینگەر ئەو داتایانەشی دا بە چین کە لە ڕێگای مانگە دەستکردەکانەوە کۆکرابوونەوە و تایبەت بوون بە هێزەکانی یەکێتیی سۆڤێت لەسەر سنوری چین. هەروەها بەڵێنیشیدا کە لەمەو پاش زانیاری لەسەر هەموو کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ سۆڤێت بە چینییەکان بدەن. لە ناوخۆی چینیش نزیکبوونەوە لەگەڵ ئەمەریکا هەر وا ئاسان نەبوو، ئەو کودەتا شکستخواردووەی کە جێگرەکەی ماو، دوژمنەکەی ئەمەریکا "لین بیاو" لە ١٩٧١دا ئەنجامیدا، دەکرێت هەر لەم سۆنگەیەوە تەماشای بکرێت. لین بیاو شکستی خوارد و دواتر لە دۆخێکی تەمومژاویدا گیانی لەدەستدا.

کاتێک هیچ بەربەستێکی ئەوتۆ لەبەردەم نزیکبوونەوەی چین و ئەمریکا نەما – جگە لە ناڕەزایی سەرکردەی ناسیۆنالیست شیانگ کای شیک – بە سێ قۆڵی هەریەکە لە نیکسۆن و کیسینگەر و ڕۆجەرز لە ماوەی نێوان ٢١-٢٨ی شوباتی ١٩٧٢ سەردانێکی سەرکەوتووانەیان بۆ چین ئەنجامدا[٧٩]. لە ٢٥ ت١ی ١٩٧١ دا بە ئاسانکاری ئەمەریکا چین توانی کورسی

٧٩ لێرەدا نوسەر خاڵێکی فەرامۆش کردووە کە لە مێژووی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و چین بە دبلۆماسیەتی تێنسی سەر مێز (Ping pong) و دبلۆماسیەتی پاندا ناوی براوە. ئەگەر تەماشای کرۆنۆلۆژیای ڕوداوەکان بکەین، پشتی پەردەی سەردانەکەی کیسینگەر باشتر تێدەگەین. لە ڕۆژی ٦ی نیسانی ١٩٧١ دا، لە سیویەکەمین پاڵەوانی جیهانی تۆپی تێنس لە یابان دوو یاریزانی چینی (Zhung Zedong) و ئەمەریکی (Glenn Cowan)

نەتەوەیەکگرتووەکان کە بۆ چین تەرخانکرابوو لە تایوان وەربگریتەوە، لە هەمان کاتیشدا چین بوو بە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی. تایوان کورسییەکەی خۆی لە نەتەوەیەکگرتووەکان لە دەستدا. لێرەدا ئەمەریکا دووفاقی گەمەی کرد: وێرانی هەڤاڵبەندی تازەیان لەگەڵ ماویەکان، بەردەوام بوو لە پشتیوانیکردنی ناسیۆنالیستەکان. تایوان پشتی بە ئەمەریکا قایم بوو، بۆیە بەرامبەر بەوە نەیتوانی هیچ شتێک بکات. ماو زۆر بە باشی ئەوە تێگەیشت کە ئەم هەڵوێستەی ئەمەریکا واتای سەرەتای کۆتاییە بۆ تایوان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

سەرەتای هەفتاکان دەستپێکی کۆتایی قۆناغێکی زۆر رادیکاڵانەی شۆڕشی فەرهەنگیی مەزنی پرۆلیتاریا بوو. دوای لەناوچوونی لین بیاو دوو جەمسەری سەرەکی لە سەرەوەی پارتی کۆمۆنیستی چیندا مانەوە: جینگ شینگ و ژاو ئەنلای. هەردوولایان وەک دژبەر مانەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لەوەی کە بتوانن خەڵک بۆخۆیان رابکێشن. چینییەکان توشی نائومێدییەکی زۆر هاتن بەهۆی ململانێی دەسەڵاتدارانەوە. هەوڵی کوشتنی ماو و کوژرانی لین بیاو، کە ساڵانێکی زۆر بە نزیکترین کەسی ماو هەژمار دەکرا، چینییەکانی بە ئاگا هێنایەوە. ئەوەش شرۆڤەی ئەوەمان بۆ دەکات کە بۆچی ئەو قۆناغە لە شۆڕشی فەرهەنگی زیاتر ئارامتر بوو لەوانی دیکە.

---

بەرامبەر بە یەکتر بوونەوە. تەوقە کردن لە نێوان ئەو دوو یاریزانە لە دنیادا دەنگی دایەوە و وەک شکاندنی بەستەڵەکی پەیوەندییەکان ناوی برا. دواتر هەمان رۆژ تیمی ئەمەریکی داوەتی چین کران و لە رۆژی ١٠ی نیسان ١١ یاریزانی ئەمەریکی بۆ یەکەمین جار لە دوای ساڵی ١٩٤٩ ە وە گەیشتنە چین. شایانی باسە سەردانەکەی کیسینگەریش لە دوای ئەو رووداوانە و لە رۆژی ٩ی تەموزی هەمان ساڵدا کراوە. پێدەچێت تەوقەکردنی یاریزانەکان و دواتر داوەتکردنیان بۆ چین رێکەوت نەبووبێت و وەک ئامادەکردنی زەمینەیەک بووبێت بۆ گرێدانەوەی پەیوەندییەکان لە نێوان هەردوو وڵات. یاریزانی چینی "ژوانگ زیدۆنگ" ساڵی ٢٠٠٢ لە چاوپێکەوتنیدا لەو بارەوە دەڵێت: ئێمە کە تەواوی ژیانمان بە دروشمی بڕوخێ ئیمپریالیزمی ئەمەریکی بردبووە سەر، زۆر ئاسان نەبوو تەوقە لەگەڵ (دوژمنی ژمارە یەکەمی خۆم و وڵاتەکەم بکەم). لە دوای ئەو سەردانە چین دوو ورچی پاندای پێشکەش بە ئەمریکا کرد. باخچەی ئاژەڵانی ئەمەریکا ورچی پاندایان نەمابوو، بۆ پیشاندانی نیەت پاکی، چین لە دوای سەردانەکە دوو دانە پاندای بە دیاری بەخشی بە ئەمەریکا. وەرگێڕ.

لە ک٢ی ١٩٧٦ ژاو ئەنلای بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە مرد، دوای چەند مانگێک و لە ٩ی ئەیلولدا ماویش کۆچی دوایی کرد. زۆر کەس لەوە دەترسان کە سەرکردایەتی وڵات بکەوێتە دەستی جینگ شینگەوە، بەڵام ماو خۆی شوێنگرەوەی بۆ خۆی دانابوو کە هوئا گۆفینگ (Hua Guofeng) بوو. ئەو کەسێکی میانڕەو بوو سەر بەهیچ کام لەو جەمسەرانە نەبوو، کاتێکی زۆری نەخایاند کە جینگ شینگ دەستگیرکرا. رادیکاڵەکان شەڕەکەیان دۆڕاند.

بۆ نەوەیەکی تەواوی چینییەکان، شۆڕشی مەزنی فەرهەنگیی پرۆلیتاریا واتای ئاژاوە و توند و تیژی دەگەیاند، (کتێبی سور)ی ماو بناغەی پەروەردەکردنیان بوو. (بازدانێکی گەورە بۆ پێشەوە) بووە هۆکاری ئەوەی کە ماو نزیکەی بیست ملیۆن کەس بکوژێت. قوربانییەکانی شۆڕشی فەرهەنگی بەو جۆرە قەبە نەبوون، بەڵام ململانێی بەردەوام لەسەر دەسەڵات، تا ماوەی دە ساڵ، باندۆرێکی زۆری هەبوو لەسەر کەلتوری چینییەکان. ئەوەی لە دامەزراوەی پیشەسازی مابۆوە، کۆن و بێکەڵک بوو. زانکۆکان و پەیمانگاکانی توێژینەوە لە گەڕەلاوژەی تەواودا بوون. زانا و تەکنیکارەکان یان کوژرابوون یان لە گوندەکاندا کرابوون بە جوتیار.

لە دوای مردنی ماو (دینگ شیاوپینگ) ی پراگماتیک زیاتر هاتە پێشەوە. دینگ تێکۆشەرێکی دێرین بوو کە لە سییەکاندا رۆڵیکی زۆر گرنگی لە ناو حزبدا گێڕابوو. لە دوای شەڕی ناوخۆ و لە ساڵی ١٩٥٥دا پلەی بەرز بۆوە بۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسی. ئەو لایەنگرو خوێندکارێکی لیۆشاکی بوو، کە بەو پێیەی ریالیست بوو باوەڕی بە پاداشتی کارو هاندانی مادیی هەبوو. باوەڕی بە خوێندن و تەکنەلۆژیای نوێ هەبوو، بۆیە لەو خاڵەدا بەرهەڵستی ماو بوو کە زیاتر بایەخی بە ئایدیۆلۆژیا و یەکسانی رەها دەدا. لە کاتی شۆڕشی فەرهەنگیدا هەر یەکە لە دینگ شیاوپینگ و لیو شاکی سزا دران و لە پۆستەکانیان دوور خرانەوە. دینگ بەهۆی ژاو ئەنلای لە کاری زۆرەملێ رزگاری بوو. لە ساڵی ١٩٧٣ بوو بە جێگری سەرۆک وەزیران و خۆی تەرخان کرد بۆ بنیاتنانەوەی چین کە بەهۆی شۆڕشی فەرهەنگییەوە وێران ببوو. دوای مردنی ژاو ئەنلای لە ساڵی ١٩٧٦ جارێکی دیکە دینگ دووچاری

شەرمەزاریی بۆوە، بەڵام شوێنگرەوەکەی ماو هوئا گۆفینگ گەڕاندییەوە بۆ سەر کار. دینگ کاریگەری زۆر لەسەر هوئا گۆفینگ هەبوو بۆیە هانیدا پەیوەندییەکی باشتر لەگەڵ ئەمەریکا و رۆژئاوا دروست بکات.

سەبارەت بە یەکێتیی سۆڤێت ئەم گۆڕانکارییانە واتایەکی گرنگی دەبەخشی. لێرە بەدواوە ئەوان ترسی هاوپەیمانییەکی نێوان ئەمەریکا و چینیان هەبوو، سەرهەڵدانی جەنگێکیان لە دوو بەرەوە بە ئەگەرێکی دوور نەدەزانی. سۆڤێت چیدیکە بیری لەوە نەدەکردەوە رێکاری سەربازی لە دژی چین بگرێتە بەر. سۆڤێت ئێستا کەوتۆتە ناو هەڵوێستی بەرگرییەوە: لە جیاتی ١٥ لەشکری سەربازی لە ساڵی ١٩٦٥، لە ساڵی ١٩٨٢ کردیان بە پەنجا لەشکری پۆشتەکراوی تەواو بە چەکی ئەتۆم بۆ پاراستنی سنورەکانیان لەگەڵ چین.

## ڤێتنام وێران بکەن بۆ ئەوەی لە کۆمۆنیزم رزگاری کەن!

نیکسۆن بەڵێنی دابوو هێزەکانی ئەمەریکا لە ڤێتنام بکشێنێتەوە، دەیویست ئەو بەڵێنەی خۆی بەرێتە سەر. رایگشتی و کۆنگرێس زیاتر فشاریان دەهێنا لە دژی ئەو جەنگە بێهودەیە. لە راستیدا هیچ بژاردەیەکی تریان بۆ نیکسۆن نەهێشتبۆوە. نیکسۆن و کیسینگەر ئەوەیان دەزانی کە دوای پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا رژێمی سایگۆن ناتوانێت خۆی بگرێت و بمێنێتەوە. تاکە چارەسەر ئەوە بوو کە بتوانن چەند ساڵێک هەرەسی رژێمی سایگۆن دوا بخەن و هەتا هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٢ بیهێڵنەوە. دەبوو لە پاشەکشەی هێزەکانیدا ئەمەریکا کەرامەتی نەڕوشێت، ئەوەش بەوەی کە لایەنی بەرامبەر هەندێ نەرمی بنوێنێت، بەو رێگایەش دەکرا ئەمەریکا خۆی لەوە بپارێزێت کە وەکو دۆڕاوێک لە سەر شانۆی جەنگەکە بڕواتە دەرەوە و هەموو ئەو هەوڵ و قوربانیدانەی ئەمریکییەکان هەروا بە فیڕۆ بڕوات.

لە ٢٥ی ک٢ی ١٩٦٩ ، کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس دەستیپێکرد. ڤێتنامییەکانی باکور یەکسەردوو داوایان خستەڕوو کە بووە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی کۆنگرەکە. داواکەیان ئەوە بوو کە دەستبەجێ هەموو هێزەکانی ئەمریکا





بکشێنەوە و حکومەتی ڤێتنامی باشور بگۆڕردرێت. نیکسۆن نەیدەتوانی ئەو داوایانە پەسەند بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رازی بوو بەوەی کە ژمارەیەکی زۆری هێزەکانی ئەمەریکا بکشێنێتەوە، لە بەرامبەریشدا حکومەتی باشوری ڤێتنام پشتیوانی سەربازی و ئابوری زیاتر وەربگرن. مەبەست لەمەش ئەوە بوو کە لەمەودوا ئەوان خۆیان شەڕی ڤیتکۆنگ بکەن. ڤێتنامیزەکردن ناوێک و شێوازێکی تازەی وەرگرت. سوپای ڤێتنامی باشور زیاد کرا بۆ دوو ملیۆن سەرباز و ژمارەیەکی یەکجار زۆریش لە فرۆکە و کەشتی و هەلیکۆپتەر و چەکی نوێی هەبوو. لەسەر کاغەز چوارەمین سوپای بەهێزی دنیا بوو، بەڵام هاندانی سەربازەکان و ورەیان بەرزتر نەبێوە: ساڵانە ١٢٠ هەزار سەرباز لە خزمەت هەڵدەهاتن. لەبەر ئەوەی نیکسۆن نەیدەویست لە پێگەیەکی لاوازەوە دانوستان بکات، لە ١٨ی مارتی ١٩٦٩ بە نهێنی فەرمانیدا بنکەکانی ڤیتکۆنگ لە کەمبۆدیای بێلایەن بۆردومان بکەن. ئیتر کارەکە بەو جۆرەی لێهات: هەموو کەمکردنەوەیەکی هێزەکانی ئەمەریکا بە بۆردومانێکی خەست قەرەبوو دەکرایەوە، کە دەیان هەزار کەسی بێتاوانی دەکردە قوربانی.



١ی شوباتی ١٩٦٨

ئەو وێنەیەی رێڕەوی شەڕی ڤێتنامی گۆڕی. بەڕێوبەری پۆلیس لە باشوری ڤێتنام دیلێکی ڤێتنامی لە ناوەندی شار دەکوژێت. لە دووری چەند مەترێک لەملاوە (ئادی ئادامز) وێنەگری ئاژانسی ئاسیوشیتد پرێس لە بۆسەدا بوو، وێنەیەکی نەمری مێژوویی چرکاند و بووە هۆی وروژاندنی رای گشتی ئەمەریکا و سەرەنجام کۆتایی جەنگ.

لە کەمبۆدیای نیمچە دەرەبەگایەتی، دۆخەکە تەواو ئالۆز و گران بوو، شازادە نۆرۆدۆم سیهانوک (Norodom Sihanoek) هەوڵیدا ململانێکە لە وڵاتەکەی دوور بخاتەوە، بەڵام هیچی وای بۆ نەکرا. یەکینەکانی ڤیتکۆنگ لە کەمبۆدیا خۆیان دەشاردەوە. شازادە دەبوو جگە لەوەش مامەڵە لەگەڵ بزوتنەوەیەکی ماوی بەرهەڵستکاردا بکات، کە ئەویش خەمیرە سورەکان بوون (Khmer Rouge) کە سەربەخۆ لە ڤیتکۆنگ کاریان دەکرد. لە ١٨ی مارتی ١٩٧٠ سیهانۆک، کاتێک لەدەرەوەی وڵات بوو، لە لایەن سەرۆک وەزیرانەکەی خۆی ژەنراڵ لون نول کودەتای بەسەردا کرا. لون نول سیستەمی کۆماریی ڕاگەیاند و بڕیاریدا شەر لە دژی هەریەکە لە ڤیتکۆنگ و خەمیرە سورەکان ڕاگەیەنێت. بێگومان ئەم بڕیارە نیشانەی کۆتاییهاتنی بێلایەنیی کەمبۆدیا بوو، کە لەوەو پاش بە تەواوی پشتی بە هاوکارییەکانی ئەمەریکا بەست. لە ٣٠ی نیسانی ١٩٧٠، نیکسۆن دەستوەردانی سەربازی لە کەمبۆدیا دژی ڤیتکۆنگ دەستپێکرد. شان بەشانی هێزەکانی ڤێتنامی باشور بەنیاز بوو هێرش بکاتە سەر یەکێک لە بنکە گەورەکانی کۆمۆنیستەکان. لە ناوخۆی ئەمەریکا نارەزاییەکی زۆر توند دژی نیکسۆن دەستیپێکرد. ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا چیدیکە بەوە قایل نەبوو کە لە دوای ٣٠ مایس تێچوونی هێرشەکانی ئەمەریکا بدات. نیکسۆن ناچار بوو سوپاکەی بکشێنێیتەوە بەبێ ئەوەی دەست بەسەر بنکەکەدا بگرن. بۆردومانەکان بە ناکامی بەردەوام بوون. شەڕ کەوتە (لاۆس)ی بێلانیشەوە، کە بە ڕێگای سەرەکی گەیاندنی پێداویستی و ئازوقەی (هۆشی منە) ناسراو بوو. لە مایسی ١٩٧١دا هێزەکانی ڤێتنامی باشور بۆ شەڕی ڤیتکۆنگ بەهۆی فڕۆکەوە گوێزرانەوە بۆ لاۆس. وێرای پشتیوانییەکی زۆر چڕی هێزە ئاسمانییەکانی ئەمەریکا، لەبەردەم بەرگریی ڤێتنامەکانی باکور شکان و ناچار بە پاشەکشە بوونەوە.

لە ٣٠ی مارتی ١٩٧٢دا ڤێتنامی باکور دەستی بە زنجیرە هێرشێکی تازە کرد. دەیویست سەرکەوتنێکی خێرا بەدەست بهێنێت لە ترسی ئەوەی نەوەکو نزیکبوونەوەی چین و ئەمەریکا، ببێتە هۆکاری کەمبوونەوەی هاوکارییەکانی

چین. جارێکی دیکە سوپای ڤێتنامی باشور خۆی لەبەرامبەریاندا نەگرت و بەرهەڵستییەکی کەمی کرد، لە ئاکامدا هێزەکانی ڤێتنامی باکور دەستیان بەسەر چەند هەرێمێکی باکوری ڤێتنامی باشوردا گرت. نیکسۆن بە بۆردومانی نوێ کاردانەوەی نواند و ئابلوقەی خستە سەر هەموو بەندەرەکانی ڤێتنامی باکور. لە ماوەی تەنها شەش مانگدا ٤٠٠ هەزار تۆن بۆمبی کێشا بە ڤێتنامی باکوردا. بەشێکی زۆری ژێرخانی ئابوری وڵاتی وێران کرد.

لەم سەروبەندەدا دانوستانەکان لە پاریس بەردەوام بوو. هەر دوو لایەن پەلەیان بوو. باکوری ڤێتنام چەردەیەکی زۆر کەمی هاوکاری لە چینەوە بۆ دەهات، لە هەڵوێستی سۆڤێتیش دڵنیا نەبوو. دڵنیا نەبوون لە هەڵوێستی سۆڤێت لە شوێنی خۆیدا نەبوو، چونکە بریژنێڤ وەک کاردانەوەیەک بۆ نزیک بوونەوەی چین و ئەمەریکا زۆر زیاتر لە جاران پشتیوانی هانۆی دەکرد.



نیکسۆن دەست لەکار کێشانەوەی خۆی رادەگەیەنێت

نیكسۆن و كیسینگەر دەیانزانی كە كۆنگریس لە ك٢ی ١٩٧٣ بەدواوە ئیتر ڕێگا بە هیچ جۆرە خەرجییەكی جەنگی ڤێتنام نادات. لە ١١ی ت١ی ١٩٧٢ كیسینگەر و لو دۆک تو[٨٠] لە پاریس لەسەر چەند خاڵێک گفتوگۆیان كرد لەوانەش: هێزەكانی ئەمەریكا لە ڤێتنام بچنە دەرەوە بەو مەرجەی هەموو دیلەكانی ئەمەریكا ئازاد بكرێن. ڕێگا بدرێت بە مانەوەی هەموو هێزەكانی ڤێتنامی باكور لە باشور، بەو مەرجەی هێزی تازە نەهێنن. هەڵبژاردنێكی ئازادانە لە ڤێتنام بكرێت، كە هەرسێ لایەن (تەیۆ، ڤیتكۆنگ و چەند وڵاتێكی بێلایەن) سەرپەرشتی بكەن. ڤێتنامی باكور ئامادە نەبوو باشور وەكو دەوڵەتێكی سەربەخۆی خاوەن سەروەری بناسێنێت، ئەمەش یەكێک لەو هۆكارانە بوو كە وایكرد سەرۆكی باشور " ڤان تەیۆ" بە ڕێككەوتنەكە ڕازی نەبێت، هەروەها داوایكرد هەموو هێزەكانی ڤێتنامی باكور لە باشور بكشێنەوە و قایل نەبوو بەوەی كە هەڵبژاردن لەگەڵ بەرەی ڕزگاری نیشتمانیدا بكات. چڕبوونەوەی بانگەشەی هەڵبژاردن لە ئەمەریكا، بووە هۆكاری ئەوەی كە نیكسۆن نەتوانێت جارێ بڕیارێكی یەكلاكەرەوە بدات.

نیكسۆن لە هەڵبژاردنەكانی ٧ی ت٢دا هەڵبژاردنەكانی بەڕێژەی ٦٥.٥٪ بردەوە، ئەمەش زیاتر بە بەڵێنی ئەوە بوو كە ئاشتییەكی خێرا لە ڤێتنام بەدەست بێنێت. بۆ ئەوەی ڤێتنامەكانیش بە چۆكدا بێنێت و ناچاریان بكات دان بە ڤێتنامی باشوردا بنێن وەک دەوڵەتێكی سەربەخۆی خاوەن سەروەری، نیكسۆن فەرمانیدا ئەم جارەیان بە فڕۆكەی B52 بۆردومانی ڤێتنامی باكور بكات بە تایبەت لە هانۆی و شارە گەورەكان. بۆردومانەكان لە ١٨ – ٣٠

٨٠ Le Duc Tho (١٩١١-١٩٩٠) ژەنراڵ و دبلۆماتكار و سیاسەتمەداری شۆڕشگێڕی ڤێتنامی. بەشێكی زۆری تەمەنی لاوی خۆی لە زیندانەكانی فەرەنسا بەسەر بردووە.ساڵی ١٩٤٥ دوای ئەوەی لە زیندان ئازاد دەكرێت لەگەڵ هاوڕێكانیدا پارتی كۆمۆنیست دروست دەكات و دەبێتە یەكێک لە سەركردە دیارەكانی بەرەی نیشتمانیی ڕزگاریخوازی ڤێتنام. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٣ سەرۆكایەتی شاندی ڤێتنامی كردووە لە دانوستانەكانی پاریس لەگەڵ ئەمریكا. ساڵی ١٩٧٣ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بە هاوبەشی لەگەڵ كیسینگەردا بۆ دانراوە، بەڵام ئەو ڕەتی كردووە، چونكە ئامادە نەبوو دەستدرێژكار و قوربانی بەیەک چاو تەماشا بكرێن. وەرگێڕ.

ک٢ بەردوام بوون. ڤێتنامییەکانی باکور بە چۆکدا نەهاتن و خۆیان رادەست نەکرد و رەتیان کردەوە دانوستان بکەن هەتا بۆردومانەکان نەوەستێن.

هەتا چەقۆکەیان نەخستە سەرملی و بە تەواوی زۆریان بۆ نەهێنا "ڤان تەیۆ" ئامادە نەبوو بچێتە ژێر باری دەقەکەی ١١ی ت١ی ١٩٧٢ دوای بەڵێنی پشتوانییەکی بێ سنوری لە ئەمەریکاوە وەرگرت. کیسینگەر یاداشتێکی نهێنی بۆ واژۆ کرد کە تیایدا بەڵێنی دابوو، ئەگەر پێویست بکات ئەمەریکا سەرلەنوێ لە کاتی گونجاودا هێز رەوانەی ڤێتنام دەکاتەوە. هەروەها بەڵێنیشی پێدا کە هەڵبژاردن بە سەرپەرشتی ئەو سێ لایەنە نەکرێت کە پێشتر باسیان کرابوو.

کیسینگەر و لو دوک تۆ لە ٢٣ی ک٢ی ١٩٧٣ گەیشتنە رێکەوتنێکی تازە. بڕیاردرا لە نیوەشەوی ٢٧ی مانگدا ئاگربەست بکەن و دیلەکانی جەنگ ئازاد بکەن و لە ماوەی شەست رۆژی داهاتوودا ئەمەریکا هێزەکانی پاشەکشە پێبکات. رێگادرا هێزەکانی ڤێتنامی باکور لە شوێنەکانی خۆیاندا لە باشور بمێننەوە بەبێ ئەوەی هیچ هێزێکی زیادەیان بۆ بێنن. لە باشوری ڤێتنامیش دەبوو کۆمیتەی ئاشتەوایی نیشتمانی دروست بکرێت، کە ئەندامانی بەرەی رزگاری نیشتمانیش لە خۆ بگرێت و ئامادەسازی بکەن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێک کە هەموو پارتەکانی تێدا بەشدار بێت. دواتر هەردوو حکومەتی باکور و باشور گفتوگۆ لەسەر ئایندەی ڤێتنام بکەن. جگە لەوەش ئەمریکییەکان هاتنە ژێر باری ئەوەی کە ڤێتنام یەک وڵاتی یەکگرتووە. بە گوێرەی ئەو رێککەوتنە بۆمبارانەکان هیچ سودێکیان نەگەیاند. دواتر ئەمریکییەکان بەڵێنیاندا کە بڕی ٤.٨ ملیار دۆلار تەرخان بکەن بۆ بنیاتنانەوەی ڤێتنامی باکور. ئەم بڕگەیە لە رێککەوتنەکە هەرگیز جێبەجێ نەکرا.

دوای رێککەوتنەکە دۆزی ڤێتنامی باشور هیچ روون نەبوو. بەبێ ئاگادارکردنەوەی کۆنگرێس نیکسۆن و کیسینگەر بەڵێنیان دابوو کە هاوکارییەکی مادی و ئابوری گەورەیان پێشکەش بکەن. باشوری ڤێتنام وەک لیفەیەک بوو بە پینە و پەڕۆ دروست کرابێت. سەرۆکی باشور ڤان تەیۆ ٧٥٪ی خاکەکەی بەدەستەوە بوو، کۆمۆنیستەکان ٢٥٪ ی تر. وێرای ئاگر بەست زەحمەت بوو بتوانرێت سنوری هەردوو لا جیا بکرێتەوە.

ویرای ئاگر بەس هەر دوو لایەن هەولیاندا ناوچەی جوگرافی ژێردەستیان فراوان بکەن. ڤان تەیۆ لە مانگی مارتدا زنجیرە هێرشێکی تازەی کرد. دوای ئالوگۆڕی دیلەکان، لە ٢٩ی مارتدا دووا سەربازی ئەمەریکی لە ولاتەکەدا نەما و پاشەکشەی کرد.

ڕۆژی ٢١ی شوباتی ١٩٧٣ لە لاوس ئاگربەست ڕاگەیەنرا. لە کەمبۆدیا شەڕ بەردەوام بوو. خەمیرە سورەکان بەردەوام بوون لە پێشڕەوی بەرەو فینۆم پێنە (Phnom Penh). ئەمریکا بەردەوام بوو لە بۆردوومانی بنکەکانیان، تا ئەو کاتەی لە ١٥ی ئابدا کۆنگرێسی ئەمەریکا نیکسۆنی ناچار کرد بە راگرتنی هێرشەکان. هاوکارییەکانیش بۆ ڤێتنامی باشور تەواو کز ببوون. یاسای دەسەلاتپیدانی جەنگ (٧ی ت٢ ی ١٩٧٣) قەدەغەی کرد کە بۆ پتر لە شەست ڕۆژ سەرۆک بتوانێت هێزەکانی ئەمەریکا ڕەوانەی دەرەوەی ولات بکات، بەبێ ڕەزامەندی کۆنگرێس.

ئێستا ئیتر دۆخەکە رونە، ڤێتنامی باکور دەزانێت کە ڕێگا بەرەو سایگۆن لەسەر پشتە و ئیتر ئەمەریکا ناتوانێت دەستوەردان بکات. خەمیرە سورەکانیش کە چین پشتیوانی دەکردن پایتەختی ولاتیان (فینۆم پێنە) لە ١٧ی نیساندا گرت. کۆتا جار و لە ٣٠ی نیساندا حکومەتی ڤێتنامی باشور وازی لە شەڕی هانۆی هێنا. لە ٢ی تەموزی ١٩٧٦دا کۆماری سۆشیالیستیی ڤێتنامی یەکگرتوو ڕاگەیەنرا. پێشتریش لە ٢ی ک ١ی ١٩٧٥ کۆماری گەلیی لاوس بە سەرکردایەتی شازادەی بەهێز "ساوفاناوفۆنگ" ڕاگەیەندرابوو. بە گوێرەی پەیمانی دۆستایەتی کە لە ١٨ ی تەموزی ١٩٧٧ واژۆ کرا، "لاوس" کە ولاتێکی بچوکی سێ ملیۆن دانیشتوان بوو، بوو بە پاشکۆی ڤێتنامی پەنجا ملیۆن دانیشتوان. لە ڕاستیدا ڤێتنام وەک سەدەکانی پێشوو، هەوڵی دەدا هەژموونی خۆی بەسەر تەواوی ناوچەی هندی – چینی بسەپێنێت، هەروەها هەوڵی دەدا هەژمونی خۆی بەسەر خەڵکی کەمبۆدیا (حەوت ملیۆن دانیشتوان) دا بسەپێنێت.

لە ئێستادا ئەوە مەحاڵ بوو، چونکە خەمیرە سورەکان ناسیۆنالیستی کەمبۆدی بوون و ڕێچکەیەکی دژە ڤێتنامیان پەیڕەو دەکرد. خەمیرە

سورەکان کە (پۆل پۆت)[٨١] سەرکردایەتی دەکردن، نەک تەنها ناسیۆنالیست بوون، بەڵکو ماویش بوون و چین پشتیوانی دەکردن. ئەوان هەوڵیان دەدا ڕێبەرەکەشیان تێپەڕێنن. ئەوان کەمبۆدیای دیموکراتییان دروست کرد و لە جیهانی دەرەوە دایانبڕی، دەیانویست کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی خودکەفای یەکسان دروست بکەن. ڕوناکبیرەکان دەکوژران، قوتابخانە و زانکۆکان داخران. پارە ڕەتکرایەوە و هەموو دانیشتوانی شارەکانیان گواستەوە بۆ سەربازخانەی گوندەکان و وەکو کۆیلە لە کشتوکاڵی چەڵتوکدا کاریان پێدەکرا. بنیاتنانی زۆرەملێی ئەم مۆدێلە خەیاڵپڵاویەی ماو، کە خوێندکارانی پێشووی زانکۆی سۆربۆن دایانهێنابوو بووە هۆی تیاچوونی نزیکەی ۳ ملیۆن کەس یاخود ٤٠٪ی دانیشتوان.

لێکەوتەکانی جەنگی ڤێتنام بۆ ئەمەریکا گران کەوتەوە، بووە هۆکاری قەیرانێکی ئەخلاقی. ئەمەریکا یەکەمین تاڵاوی شکشتی سەربازیی نۆشت.

---

٨١ Pol Pot (١٩٢٥–١٩٩٨) سەرۆک وەزیرانی کەمبۆدیای دیموکرات بوو. لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە کۆمۆنیستێکی ماوی بوو، دواتر گەڕایەوە سەر ناسیۆنالیزم. پۆل پۆت لە خێزانێکی جوتیاری مام ناوەند لە دایک بووە. لە ماوەی ساڵانی چلەکاندا لە پاریس ژیاوە. هاوکات بەشێکی زۆر ئەوانەی دواتر لەگەڵ پۆل پۆت دەبنە هاوڕێ، هەر لە فەرەنسا خویندویانە. ساڵی ١٩٧٥ ڕێکخراوەکەی (خەمیرە سورەکان) یاخود خەمیر ڕۆژێ (Khmer Rouge) هەموو کەمبۆدیای کۆنترۆڵ کرد. پۆل پۆت لە پێناوی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستیی کشتوکاڵی کە پێیوابوو پەرەدەستێنێت بۆ کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی، بە زۆر دانیشتوانی شارەکانی گواستەوە بۆ گوندەکان و ناچاریان کردن لە کێڵگە بەکۆمەڵەکاندا کار بکەن. لەم پرۆسانەدا توندوتیژی بەکار هێنراو سەدان هەزار کەس لە زیندانەکان و کێڵگەکاندا ڕەشەکوژە کران. دوای سەربەخۆبوونی ڤێتنام، لە نێوان هەردوولادا ئاڵۆزی پەیدا بوو کەمبۆدیا لە لایەن چین و ئەمریکاوە پشتیوانی دەکراو ڤێتنامیش لە لایەن سۆڤێت. ئەمەش بووە هۆکاری هەڵایسانی جەنگ لە نێوان هەردوولا و سەرەنجام هێزەکانی ڤێتنام لە کانونی دووەمی ١٩٧٩دا پایتەختی کەمبۆدیایان گرت و شەڕێکی درێژخایەن هەڵگیرسا. لە ١٢ی حوزەیرانی ١٩٩٧ پۆل پۆت و خێزانەکەیی و چەند پاسەوانێکی لە حاڵەتی هەڵهاتندا دەستگیر کران و پۆل پۆت خرایە ژێر مانەوەی زۆرە ملێ. لە ١٥ی نیسانی ١٩٩٨، پۆل پۆت لە خەودا بەهۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد. ژمارەی ئەو کەسانەی بەدەستی ڕێکخراوەکەی پۆل پۆت کوژراون تەواو ئاشکرا نین، بەڵام سەرچاوەکان ئاماژە بۆ بوونی ٢٣٧٤٥ گۆڕی بە کۆمەڵ دەکەن. هەروەها ژمارەی کوژراوەکان لە دوو ملیۆن کەس نزیک دەبێتەوە. وەرگێڕ.

سێ ملیۆن کەس لە ڤێتنام و هندی- چینی بوونە قوربانی. ٥٨ هەزار کوژراوی ئەمەریکی و ٣٠٠ هەزار بریندار و ١٤٠٠ سەربازی بێسەروشوێنی لێکەوتەوە. ٧.٦٠٠.٠٠٠ تۆن بۆمبا کێشرا بە ڤێتنامدا. ٣٠٠ ملیار دۆلار (لەوانەش هاوکاری فەرەنسییەکان) تێچوونی جەنگ؛ هەموو ئەوانە بە کەڵکی هیچ شتێک نەهاتن، بە پێچەوانەوە دەرکەوت کە هەموو ئەوانە ئەنجامی پێچەوانەی بەخشی. لە ڤێتنام و لاوس ڕژێمی کۆمۆنیستی هاتنە سەر دەسەڵات و لە ناو بازنەی هەژموونی سۆڤێتدا مانەوە. لە کەمبۆدیا حکومەتێکی کۆمۆنیستی سەرشێت بە پشتیوانی چین هاتە سەر دەسەڵات. سەدان هەزار سەربازی ئەمەریکی کە لە جەنگی ڤێتنام گەڕابوونەوە، لە بەردەم کەناڵەکانی میدیا ئەو جەنگەیان ڕسوا کرد. ئەوانە شایەتحاڵی جەنگێکی نا بەرامبەر و قێزەون بوون، لە گۆڕەپانێکدا کە هیچ بەهاو نرخێکی تێدا نەبوو تا ئەوان لە پێناویدا بجەنگن. سەرکردایەتی ئەمەریکا بەردەوام هەڵەی بە دوای هەڵەدا دەکرد. دەستوەردانەکەی ئەمەریکا لە پێناو ڕاگرتنی هەستی فراوانخوازی چیندا بوو، بەڵام زۆر درەنگ ئەوەیان زانی کە ڤێتنام و چین دوو دژمنی خۆڕسکانەی یەکترن و هەرگیز بە یەک ناگەن و ڤێتنامییەکان خۆیان ڕووبەڕووی چین دەوەستانەوە. بەهۆی هاتنی بێشوماری سوپای ئەمەریکاوە بۆ ڤێتنام قورەکە زیاتر خەست بۆوە و هانۆی ناچار بوو پەنا بۆ سۆڤێت بەرێت و داوای هاوکاری لێبکات. لە کۆتاییشدا براوە و سەرکەوتووی دبلۆماسیی تراژیدیای ڤێتنام هەر خۆیان بوون.

چین زۆر ڕاشکاوانە دژی فراوانخوازیی ڤێتنامییەکانی باکور بوو. سەرکردەکانی چین لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کە ڤێتنامی باکور، ڤێتنامی باشور بخاتە سەرخۆیی و هەڵیلوشێت. هەروەها لە کەمبۆدیا و لاوس ئەوپەڕی فشاریان هێنا. لە دوای کەوتنی سایگۆن هەموو هاوکارییە سەربازییەکانی خۆیان بۆ ڤێتنامی باکور ڕاوەستاند. لە ساڵی ١٩٧٦ بەدواوە، هیچ جۆرە هاوکارییەکی خۆراکی و مادیی بەبێ سوو ڕەوانە نەدەکرا. ڤێتنامییەکانیش لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٧٨ کاتێک بوونە ئەندامی کۆمیکۆن، تۆڵەی خۆیان لە بازرگانە چینییەکان کردەوە لە چۆلۆن (Cholon) کە ناوەندێکی بازرگانی

بوو لە سایگۆن و ناچاریان کردن هەموو کاروبارە سەرمایەگوزارییەکانی خۆیان رابگرن و پەلە پروزێ بە بەلەم وەک پەنابەرە ڤێتنامییەکان رابکەن.

### لە سیاسەتی "رۆژهەڵات"ی براندت بۆ بەڵگەنامەی هێلسنکی:

وەک راوێژکاری ئەڵمانیا (لە ٢١ی ت١ی ١٩٦٩) ویللی براندت[٨٢] سیاسەتی (رۆژهەڵات)ی پەیڕەو کرد. ئامانجیش هێورکردنەوەی دۆخەکە و ستاتۆیەکی گونجاو بۆ بەرلینی رۆژئـاوا و پەیوەندییەکی باش بوو لەگەڵ کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات. یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا لە ریگای دوژمنایەتییەوە نابێت، بەڵکو لە ریگای دانپێدانان و هاوکاریکردنی یەکتر دەبێت. براندت ئێستا ئامادە بوو واقعی دوای جەنگ پەسەند بکات و لەدەستدانی خاکی ئەڵمانیا بە هەند وەربگرێت. لە پراکتیکدا نەدەکرا هیچ شتێک بکرێت بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە و سۆڤێتیشی لەو راستییە دڵنیا کردووە. بریژنێڤ کە خۆشی هەوڵی بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە دەدا زۆر بەو هەوڵانە دڵخۆش بوو. بەهۆی قبوڵکردنی ئەو واقعەوە ئەڵمانیای رۆژئـاوا وازی لە ئایدیۆلۆژیای تۆڵە سەندنەوە هێناوە، بێگومان ئیتر جەنگیش روونادات. هەتا ئەو کاتە سۆڤێت زۆر دڕدۆنگ بوو لەو بـارەوە. ئەگەر سۆڤێتییەکان بەتەواوی هەست بە دڵنیایی بکەن لەو بارەوە، ئەوە لە مەودای دووردا لە ئەوروپای رۆژهەڵات و ئەڵمانیاش دەکشێنەوە. ئەمە رێک ئەو بڕوایە بوو کە لایەنگرانی (سیاسەتی رۆژهەڵات) کاریان لەسەر دەکرد.

---

٨٢ Willy Brandt (١٩١٣-١٩٩٢) ناوی راستەقینەی (Herbert Ernst Karl Frahm). هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، سەکردەی پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیای رۆژئاوا، لە نیوان سالانی١٩٦٩-١٩٧٤ راوێژکاری ئەڵمانیا بووە. لە سەردەمی حوکمی نازییەکاندا وەک رۆژنامەنوسێکی چەپی مارکسی رایکردووە بۆ سوید و نەرویژ. لەوێ بۆ ئەوەی خۆی ون بکات و نەناسرێتەوە ناوی نهێنی (Willy Brandt) هەڵدەگرێت، کە ئیتر دواتریش دەبێتە ئەو ناوەی کە پێی دەناسرێت. ویللی براندت کەسێکی جێگە مشتومڕ بووە، چونکە بەوە ناسرابوو کە زۆر لایەنگری ئەمەریکا و لە هەمان کاتیشدا دژی کۆمۆنیزمی توندڕەو بووە. ساڵی ١٩٧٤ دوای ئاشکرا بوونی سیخوڕێکی دەزگاری هەواڵگری ئەڵمانیای رۆژهەڵات (شتازی) لە بەڕێوبەرایەتییەکەدا، دەستی لە کار کێشایەوە.

لە ٢٨ی ت٢ی ١٩٦٩دا ئەڵمانیا واژۆی لەسەر پەیمانی قەدەغەكردنی بڵاوبوونەوەی چەكی ئەتۆم كرد، بەم شێوەیە ئەو وڵاتە بڕیاریدا كە چەكی ئەتۆمی تایبەت بە خۆی نەبێت، بەمەش داوا كۆنەكەی سۆڤێتی بەدیهێنا. ئەوە بوو بە مایەی مۆركردنی پەیمانێك لە ١٢ی ئابی ١٩٧٠ لە نێوان ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و یەكێتیی سۆڤێت. پەیمانەكە هەموو سنوری ئیستای ئەوروپا بە ڕەسمی دەناسێت بە تایبەت سنوری نێوان ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و پۆڵەندا. هەردوو وڵات جەختیان لەسەر ئەوە كردەوە كە هەرگیز هێز بەكار ناهێنن بۆ گۆڕینی ئەو سنورانە. ئەم پەیمانە شێوەیەك بوو لە پەیمانی (دەستدرێژی نەكردنە سەر یەكتر). دوا بەدوای ئەوەش ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و پۆڵەندا لە ٧ی ك١ی ١٩٧٠ سنوری پۆڵەندا- ئەڵمانیای دوای جەنگیان بە ڕەسمی ناسی. كۆماری ئەڵمانیای دیموكرات پێشتر لە ڕێكەوتنی (زگۆرزیلز) سنوری (ئۆدەر- نایس) ی وەك سنورێكی نێودەوڵەتی نێوان پۆڵەندا و ئەڵمانیای لە تەموزی ١٩٥٠ ناساندبوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥دا دادگای دەستوریی ئەڵمانیای فیدراڵی ڕایگەیاندبوو كە تەنها كاتێك ئەو سنورە دیاری دەكرێت كە پەیمانێكی ئاشتی لە نێوان حكومەتی پۆڵەندی و حكومەتێكی هەموو ئەڵمانەكان واژۆ بكرێت. لە كاتی سەردانەكەیدا بۆ وارشۆ ویللی براندت كە هەرگیز بەرپرسیار نەبوو لە جەنگ و بگرە دوژمنێكی نازییەكانیش بوو، لەبەردەم مۆنۆمێنتی ئەو جولەكانەدا كڕنوشی برد كە لە سەربازگای نازیەكاندا كوژرابوون. ئەم كارە سیمبوڵ ئامێزە بۆ هەموانی ڕوونكردەوە كە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ددان بە تاوانەكەدا دەنێ و لەو جەنگە پەشیمانە و جارێكی دیكە ناچێتە نێو سەركێشی تۆڵە سەندنەوە. لەبەر ئەوەش بوو كە براندت خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی پێدرا.

لەباربوونی دۆخەكە و دانوستانەكانی ساڵت-٢ لە نێوان ئەمەریكا و یەكێتیی سۆڤێت، وایان كرد كە چوار دەسەڵاتدارەكە لە ڕۆژی ٣ی ئەیلولی ١٩٧١ لەسەر بەرلینی ڕۆژئـاوا ڕێكبكەون. لێرەوە سۆڤێت وەكو دیفاكتۆ ئەوەی پەسەند كرد كە بەشێكی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە ناوەڕاستی ئەڵمانیای دیموكرات هەبێت، یاساكانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لەو بەشەدا سەروەر دەبن و

ئەڵمانیای ڕۆژئاوا نوێنەرایەتی بەرلینی ڕۆژئاوا دەکات لە دەرەوەی وڵات. گرێنتی ئەوەش کرا هاتوچۆ لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتەوە بۆ بەرلینی ڕۆژئاوا ئازاد بێت. دانیشتوانی بەرلینی ڕۆژئاواش بتوانن بێنە ناو بەرلینی ڕۆژهەڵات لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات. هەروەها ئەوەش چەسپی کە بەرلینی ڕۆژئاوا نابێت بەشێک بێت لە ئەڵمانیای فیدراڵ و بەهەمان شێوەش بەرلینی ڕۆژهەڵات بەشێک نابێت لە ئەڵمانیای دیموکرات، هەردوو ئەو بەشە لە ژێر چاودێری هەر چوار هێزە دەسەڵاتدارەکەدا دەمێننەوە.

کاتێک لە ٣ی مایسی ١٩٧١ بە ئاماژەیەکی سۆڤێت، سەرکردەی ئەڵمانیای دیموکرات ئۆڵبریشت گۆڕدرا بە ئێرک هۆنیکەر (Erich Honecker)، ئیتر هیچ شتێک لەبەردەم ئاشتەوایی نێوان هەردوو ئەڵمانیا نەمایەوە. لە "پەیماننامەی بنەڕەتی"دا هەردوو وڵات دانیان بە سەروەری خاک و سنوری یەکتردا نا. لێرە بەدواوە ئەڵمانیای فیدراڵ چیدیکە خۆی بە نوێنەری هەموو ئەڵمانیا نەدەزانی. بۆ ئەوەی بیرۆکەی یەکگرتنەوەی ئەڵمانیاش بەرجەستە بکرێت، بڕیار درا باڵیۆز دانەنرێت بەڵکو هەردوولا لە کن یەکتر نوێنەری هەمیشەییان دانا. فۆرمێک بە ناوی (دوو دەوڵەت و یەک نەتەوە) داڕێژرا. کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات وەکو وڵاتیکی خاوەن سەروەر تەماشای ئەڵمانیای ڕۆژئاوای دەکرد و ئەڵمانیای ڕۆژئاواش وەک وڵاتێکی جیاواز لەناو هەمان نەتەوەدا تەماشای ئەڵمانیای دیموکراتی دەکرد. لە ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنە بوو کە هەردوو ئەڵمانیا بوونە خاوەنی کورسی خۆیان لە نەتەوەیەکگرتووەکان.

ڕێککەوتنی ١١ی ک١ی ١٩٧٣ دووا هەڵقەی زنجیرەی ڕێککەوتنەکان بوو، بەڵام خۆڕسکانە تەواوکاری ڕێککەوتنەکانی پێشووتر بوو. پەیماننامەی "میونشن"ی ١٩٣٨ ڕەتکرایەوە و هەردوو وڵاتی ئەڵمانیای فیدرال و چیکوسلۆڤاکیا دانیان بەسنورەکانی دوای جەنگدا نا، بەمەش ئەڵمانیا دووا جار وازی لە (سودێتنلاند) هێنا.

براندت هاوبەشێکی گوێڕایەڵی ناتۆ بوو، بەڵام نیکسۆن و کیسینگەر زۆر بێمتمانە بوون بەو، ئەوان دەترسان لەوەی کۆمۆنیزم ئەڵمانیای فیدراڵ و

بەرلینی ڕۆژئاواش بگرێتەوە. فەرەنسییەکان لەبەر هۆکارێکی تر دەترسان. سەرۆک پۆمپیدۆ (Pompodou) لەو باوەڕەدا بوو کە ئەڵمانیا جارێکی تر لەبەر خاتری دۆزینەوەی بازاڕ و ئارەزووی هەژمونخوازی هێرش دەکاتەوە سەر ڕۆژئاوا، جا بۆ ئەوەی پارسەنگی هێز رابگرێت بەرامبەر بە ئەڵمانیایەکی گەشەسەندوو ڕەزامەند بوو بەوەی کە بەریتانیا رابکێشتێە ناو کۆمەڵگەی ئەوروپییەوە. ویللی براندت ناچار بوو لە ٧ی مایسی ١٩٧٤ دەست لەکار بکێشێتەوە، چونکە یەکێک لە یاریدەدەرە هەرە نزیکەکانی خۆی سیخوڕی ئەڵمانیای دیموکرات دەرچوو.

نیکسۆن و کیسینگەر تەواو نیگەران بوون لە کاری سەربەخۆی وڵاتە ئەوروپییەکان لە ناو ڕێکخراوی ناتۆ. ئەوان دەیانویست ئەمەریکا بە شێوەیەکی ڕەها کۆنترۆڵی ناتۆی لە دەستا بێت. نیکسۆن دەیویست خۆی تاکە سەرکردە و ڕابەری ڕۆژئاوا بێت، بۆیە ساڵی ١٩٧٣ وەک ساڵی ئەوروپا دیاری کرا، پەیڕەوێکی نوێ بۆ ناتۆ ئامادە کرا. لە پەیڕەوە نوێەکەدا تەنها باسی بەرگری ناکرێت بەڵکو زیاتر دەڕوات و بازرگانی و پەیوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و کێشە هاوبەشەکانی وەکو وزە و ژینگەش دەگرێتەوە. جگە لەوانە یابانیش وەکو ئەندامێکی بەشداربوو لە پەیمانی ناتۆدا دەبێت. کاردانەوەی زۆربەی ئەندامە ئەوروپییەکانی ناتۆ نەرێنی بوو، سەرباری ئەوەش بووچونی زۆر جیاواز و مەترسیدار هاتە ئاراوە بە تایبەت لەمەڕ شەڕی نێوان جولەکە و عەرەب لە ت١ی ١٩٧٣دا. ئەمەریکا بە تەواوی توانای خۆی پشتیوانی ئیسرائیلی دەکرد و چاوەڕوانی هەمان شتی لە هاوپەیمانەکانی دەکرد، بەڵام ئەو وڵاتانە هەڵوێستێکی وردتریان هەبوو، ئەوان دەیانزانی کە بە ڕێژەی ٨٠٪ پشتیان بە نەوتی عەرەب بەستووە. تەنها پرتوگالییەکان بوون کە ئامادە بوون ئاسمانی خۆیان بکەنەوە بۆ ئەو فڕۆکە ئەمریکییانەی کە چەکیان بۆ ئیسرائیل دەگوازتەوە. ئەمریکییەکان تەواو نا ئومێد بوون لەو هەڵوێستە؛ ئەوە خۆ هەر باسی یۆنان و تورکیا ناکرێت کە تەنها ڕێگایان بە فڕۆکەکانی یەکێتیی سۆڤێت دەدا بە ئاسمانیاندا بڕوات.

وڵاتانی ئەوروپا تەنانەت ئەوەشیان رەتکردەوە سزای ئابوری بەسەر یەکێتیی سۆڤێتدا بسەپێنن.

بەهۆی کەشی گونجاوی هێوربوونەوە و گرێدانی چەندین رێککەتنامە، بارودۆخی گونجاو هاتە ئاراوە بۆ بەستنی کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپا لەسەر خواستی یەکێتیی سۆڤێت کە لە ساڵی ١٩٦٦ ە وە داوای کردبوو. گفتوگۆ سەرەتاییەکان بۆ کۆنگرەی ئاسایش و هاوکاریی ئەوروپا (CVSE) لە ساڵی ١٩٧٣ دەستپێکرد، بەڵام پەیوەست کرا بە داخوازییەکی ئەوروپییەکانەوە: گرێدانی کۆنگرەیەک بۆ کەمکردنەوەیەکی هاوسەنگی هێزە چەکدارەکانی هەموو لایەنەکان لە ئەوروپا (MBFR). کۆنگرەکە لە ٣٠ی ت١ی ١٩٧٣ لە ڤیەننا بەسترا، دوای ئەوەی بڕیار درا لەم وڵاتانەدا هێزەکان کەم بکرێنەوە: وڵاتانی بەنەلوکس، ئەڵمانیای رۆژئاوا، ئەڵمانیای رۆژهەڵات، پۆڵەندا و چیکوسلۆڤاکیا. کۆنگرەکە هەتا ساڵی ١٩٩٠ بەردەوام بوو لە کارەکانیدا بەبێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی لێبکەوێتەوە.

دۆخەکە لە کۆنگرەیەکی دیکەی هاوشێوەدا (CVSE) کە ١ی ئابی ١٩٧٥لە هێلسنکی بەسترا جۆرێکی دیکە بوو. هەموو وڵاتە ئەوروپییەکان "جگە لە ئەلبانیا" هاورێ لەگەڵ ئەمەریکا و کەنەدا و یەکێتیی سۆڤێت، کۆنوسی کۆتایی رێککەوتنەکەیان مۆرکرد. جارێکی دیکە سنوری دوای جەنگی ئەوروپایان بە رەسمی ناسی و جەختیان کردەوە کە هەرگیز هێزی سەربازی بۆ گۆڕینی ئەو سنورانە بەکار ناهێنرێت. هەروەها ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە دەکرێت ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا بە باشترین شێوە بەدەست بهێنرێت لە رێگای هاوکاریکردنی زیاتری زانستی و تەکنەلۆژی یەکتر و ئاڵوگۆڕی زیاتری گەشتیاری و کەلتوری و لە کۆتایشدا لە رێگای گرتنەبەری زنجیرە رێکارێک بتوانن متمانەی سەربازی دروست بکەن (رێکارەکانی بنیاتنانی متمانە)، لەم سۆنگەیەوە بڕیاری مانۆڤەرێکیان دا کە ٢٥ هەزار سەرباز بەشداری تێدا دەکات.

دواتر دەرکەوت بەشی هەرە گرنگ لە کۆنوسەکەدا ئەو بڕگانە بوون کە تایبەت بوون بە مافە سیاسی و ئایینییەکانی مرۆڤ، کە بەلجیکا زیادی

کردبووە سەر کۆنوسەکە و لە ژێر فشاری وڵاتانی ئەوروپا جێگیر کرا. بڕگەکان بەمجۆرە بوون: هەموو وڵاتانی بەشدار ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان دەگرن، لەوانەش ئازادی رادەربڕین، بیرو باوەڕ و عەقیدە و ئایین بەبێ جیاکاری بنچە و رەگەز و زمان و عەقیدە). بۆ پاراستنی خۆیان لە خراپ بەکارهێنانی ئەم بڕگەیە بەرامبەریان، سۆڤێت چەند بڕگەیەکی تایبەتی زیاد کرد، لەوانەش دەستوەرنەدان لە کاروباری یەکتر و سەروەربوونی یاسای پەیڕەوکراوی هەر دەوڵەتێک لە هەڵبژاردنی ئەو سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەی کە خۆی بە گونجاوی دەزانێت. جگە لەوەش دەیباجەی کۆتایی تەنها وەک داوایەکی پابەندبوون بوو کە وەک هەر دەقێکی دبلۆماسی پڕ بوو لە بڕگەی دژ بەیەکتر.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکەوتن لەسەر ئەوە کرا کە بەردەوام کۆنگرەی تازە بگرن بۆ پێداچوونەوەی هەڵسەنگاندنی رادەی پابەند بوون بە بەندەکانی هێلسنکی و هەڵگرتنی هەنگاوی نوێ بۆ بنیاتنانی متمانە. لەو کۆنگرانەی کە لە بەلگراد و مەدرید و ڤیەنا بۆ پێداچوونەوە دەبەستران، دەمەقاڵێی زۆر کران، بەهانەی سەرەکی زیاتر لەسەر جێبەجێ نەکردنی بەندەکانی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی بلۆکی رۆژهەڵات بوو. ئاماژە بۆ ئەو لیژنانە کرا کە لە لایەن پەیمانی وارشۆوە دانراون، هەروەها بەندی ٧٧ لە چیکۆسلۆڤاکیا و گروپەکانی پۆڵەندا و یەکێتیی سۆڤێت کە دەیویست جێبەجێکردنی بەندەکانی مافی مرۆڤ لە هەموو وڵاتان وەک یەک جێبەجێ بکرێن. یەکێتیی سۆڤێت لەو باوەڕەدا بوو کە ئەمەریکا و وڵاتانی رۆژئاوای ئەوروپا رێزی مافە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤیان نەگرتووە، لەوانەش مافی کارکردن، بۆیە مافی ئەوەیان نیە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی یەکێتیی سۆڤێتدا بکەن.

## سنورەکانی هێورکردنەوە (بە تایبەت لە جیهانی سێیەم):

هێورکردنەوە مانای ئەوە نەبوو کە ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤێت لە سەر هەموو شتێک ڕێککەوتوون. شەڕ تەنها لە هەندێ جێگا وەستابوو،

لە شوێنەکانی دیکە بەردەوام بوو. ململانێ ئاڵۆزەکان درێژەیان دەکێشا. سۆڤێت بــەردەوام بوو لە پشتیوانیکردنی ڤێتنامی باکور. بە گوێرەی بۆچوونی ئایدیۆلۆژیستەکانی سۆڤێت، دەبوو ململانێی ئایدیۆلۆژی لەماوەی هێورکردنەوەشدا هەر بەردەوام بێت، بەڵام باوەڕیان بە هەناردەکردنی شۆڕش نەبوو. بۆ نمونە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم دەبوو شۆڕش خۆی بە شێوەیەکی خۆڕسکانە رووبدات، یەکێتیی سۆڤێتیش کەمێک هاوکارییان بکات.

## کۆنزەرڤاتیڤە تازەکان:

هەندێ گروپ و کەسانی کۆنزەرڤاتیڤی نوێ کە خاوەن پێگە و دەسەڵات بوون لە ئەمەریکا، لەوانەش پاوڵ نیتز (Paul Nitze) دژی هێورکردنەوەی دۆخەکە وەستانەوە. نیتز گەورە دانوستانکاری پەنتاگۆن لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٧٤ دەستی لەکار کێشایەوە. نیتز دانوستانکاری تایبەت بوو بە کەمکردنەوەی چەک، باوەڕی بەو هێورکردنەوە نەبوو هەروەها دژی یەکسانکردنەوەی ژمارەی رۆکێتە دوورمەوداکان بوو. کۆنزەرڤاتیڤە تازەکان دژی سیاسەتی (MAD) بوون، (هەردوولایەن ئەرخەیان بن لە تێکشکاندنی رۆکێتەکان)، هەروەها دەیانویست پارێزگاری لە هەژموونی ئەمەریکا بکەن. سیناتۆر هەنری جاکسۆن (Henry Jackson) کە ئەویش کۆنزەرڤاتیڤێکی نوێ بوو، بە نیاز بوو وەک بەربژێری دیموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٦، خۆی کانید بکات، رێگای گرت لە فراوانبوونی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤێت ئەمەش لە رێگای هەموارکردنەوەی یاساکان لە ١٩٧٢ کە ناوبانگێکی زۆر خراپی دروست کرد. ئەو دەیویست یەکێتیی سۆڤێت بکاتە هاوبەشی دڵخوازی خۆی تەنها ئەو کاتەی کە کۆچی جولەکەکان بەهۆی باجی زۆرەوە سنوردار نەکرابێت. لەم بارەوە دانوستانەکان لە نێوان حکومەت و ئەنجومەنی پیران و هەروەها لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت دەستیان پێکرد. یەکێتیی سۆڤێت ئەو مەرجەی پەسەند نەکرد و رەتی کردەوە کە ئەمەریکا دەستوەردان لە

کاروباری ناوخۆیان بکات، ئەوە بوو لە ١٠ی ک٢ی ١٩٧٥ هەموو دانوستانە بازرگانییەکانیان وەستاند و ڕێکەوتنەکەی ساڵی ١٩٧٢ شیان هەڵوەشاندەوە.

نیکسۆن و کیسینگەر بە چاوێکی پڕ نیگەرانییەوە تەماشای ئەو دۆخەیان دەکرد. ئەوان هیواخواز بوون کە پەیوەندییەکی بازرگانی باش و پتەو پاڵنەرێک بێت بۆ یەکێتیی سۆڤێت بۆ دەستهەڵگرتنیان لە پشتیوانیکردنی ڤێتنامی باکور. وێڕای هەموارکردنەوەکانی هەنری جاکسۆن سۆڤێت لە ١٩٧٢ تەنانەت دواتریش، توانی بڕێکی زۆری گەنم بە پارەیەکی زۆر هەرزان لە ئەمەریکا بکڕێت، بەڵام بۆ بەرهەمە پیشەسازییەکان زیاتر پشتی بە بازاڕەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا بەستبوو.

سەرەنجام نیکسۆن و کیسینگەر لە دانوستانەکاندا سەرکەوتوو بوون و لەگەڵ سۆڤێت و چینییەکاندا چەندین گرێبەستیان کرد. ئەم ڕێبازە جیهانییەش گونجاو بوو بۆیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شکستی هێنا لە چارەسەرکردنی زۆرێک لە کێشە لۆکاڵی و جیهانییەکان بە شێوەیەکی گونجاو. ئەم کێشانەش لەوەوە سەرچاوەیان گرتبوو، کە ئەوان بەڕێوبەرایەتییەکەی خۆیان پشتگوێ خستبوو، بۆیە زۆر جار زانیاری دروستیان بەدەست نەدەگەیشت، وێڕای ئەوەش هەموو سیاسەتەکەی ئەوان لەو ترسەدا چڕ دەبۆوە کە لە فراوان بوونی کۆمۆنیزم هەیانبوو. ئەو ڕەفتارانەی کە بۆ بەرهەڵستی هەڕەشەی کۆمۆنیزم ئەنجامیان دەدا تەواو نا ئەقڵانی بوون. حکومەتێکی کەمێک چەپڕەویش لە هەر شوێنێک بوایە ئەوان بە سەرکەوتنی سۆڤێت و دۆڕان و ریسوابوونی ئەمەریکا تەماشایان دەکرد. کاتێک بابەتێک پەیوەست بوایە بە کۆمۆنیزمەوە ئەوان تەنها ڕەچاوی یەک ڕێسایان دەکرد: بە هەر نرخێک بووبێت دۆخەکە وەک خۆی بمێنێتەوە. جیهان چیدیکە چاوی لەسەر ئەمەریکا نابێت ئەگەر کۆمۆنیزم زیاتر تەشەنە بسێنێت، چیدیکە هیچ کەس متمانە بە ئەمەریکا ناکات. سەرکردە ئەمەریکییەکان چیدیکە ئەو ڕێز و شکۆیەیان نامێنێت و بە لاواز و بێدەسەڵات تەماشا دەکرێن. نیکسۆن و فۆرد و کیسینگەر زۆر لەو جۆرە لێدوانانە دەترسان لە لایەن ڕایگشتی

جیهانەوە، ترسی گەورەتریشیان لەوەدا بوو کە نەیارە سەرەکییەکانیان (چین و سۆڤێت) بە لاوازی تەماشایان بکەن.

## بەنگلادش

ئاوەڵا بوون بەڕووی چیندا بە میانگیری پاکستان کرا، ئەوەش یەکەمین هەڵە بوو لەم بارەوە کە کرا. ساڵی ١٩٧١ پاکستانێک کە لە دووبەش پێکدەهات، بەرەو هەڵوەشاندنەوەی تەواو دەچوو. پاکستانی رۆژهەڵات (مەبەستی بەنگلادیشی ئێستایە- وەرگێڕ) بە سەرۆکایەتی شێخ موجیب رەحمان داوای سەربەخۆیی دەکرد. ئەو سەرکوتەی کە دەسەڵاتی ناوەندی ئەنجامیدا و کوژرانی نزیکەی یەک ملیۆن کەسی بەدواوە بوو، هیچی بەهیچ نەکرد. هندستان و یەکێتیی سۆڤێت پشتیوانی پاکستانی رۆژهەڵات بوون و ئەمەریکا و چین پشتیوانی حکومەتی فەرمی پاکستانی رۆژئاوا بوون. ئەوە یەکەمجار بوو کە ئەو دوو وڵاتەی دوایی لە ململانێی نێودەوڵەتیدا لە هەمان جەمسەردا بن، لەگەڵ ئەوەشدا لە نێوان ئەمەریکا و سۆڤێت پەیوەندی نهێنی هەبوو، بۆ ئەوەی دۆخەکە لەوە ئاڵۆزتر نەبێت. دوواجار هندستان بڕیاریدا و لە کۆتایی مانگی ت٢ی ١٩٧١دا هێرشی کردە سەر پاکستانی رۆژهەڵات و لە ک١دا سوپای پاکستانی تێکشکاند و کۆماری بەنگلادیشی راگەیاند. ئەمریکییەکان لەبەردەم رایگشتی دنیادا متمانەیان دۆڕاند، چونکە پشتیوانییان لە حکومەتێک دەکرد کە زۆر بە فراوانی مافی مرۆڤی پێشێل دەکرد. هەروەها متمانەشیان لای هندییەکان دۆڕاند. هیندییەکانیش ئیتر زیاتر پشتیان بە یەکێتیی سۆڤێت دەبەست. هەردولایان پەیمانێکیان واژوو کرد و بەڵێنیان بە یەکتر دا کە هیچیان لەگەڵ دوژمنی ئەوی تریان لەکاتی ململانێدا هاوپەیمانی نەبەستێت.

## شیللی:

رایگشتی دنیا بەهۆی رەفتاری ئەمریکییەکانەوە لە شیللی توشی شۆک بوو. لە ٢٤ی ت١ی ١٩٧٠ سەلڤادۆر ئالیندی (Salvador Allende) سەکردەی

سۆشیالیست لە بەرەی گەل، بە ڕێگایەکی دیموکراسیانە بە سەرۆک کۆماری وڵات هەڵبژێردرا. سۆشیالیست و چەند گروپێکی رادیکال و پارتە کۆمۆنیستە بچوکەکەی شیللی پشتیوانی ئەو بوون. هیچ ئاماژەیەکیش بۆ ئەوە نەبوو کە سەرۆکی نوێ بە نیازی ئەوە بێت پەرلەمانی وڵات هەڵبوەشێنێتەوە. نیکسۆن و کیسینگەر لەو باوەڕەدا بوون کە ئالیندی کاسترۆی دووەمە و هەوڵ دەدات هەموو باشوری ئەمەریکا بکاتە کۆمۆنیست و بیانخاتە ژێر رکێفی یەکێتیی سۆڤێتەوە. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە گەلی شیللی مافی ئەوەی نیە دەنگ بە کۆمۆنیزم بدات. بۆیە بە ناوی دیموکراسییەوە دەبوو بجولێن. لە ڕێگای ئاژانسی هەواڵگری سی ئای ئەیەوە ئەوەی لە توانایاندا بوو کردیان بۆ ئەوەی ڕێگا نەدەن ئالیندی ببێت بە سەرۆک کۆمار. ویستیان سوپا هان بدەن بۆ ئەوەی کودەتا بکات، کاتێکیش سەرۆکی ئەرکانی سوپا قایل نەبوو کاریان لەگەڵدا بکات، تیرۆریان کرد.

ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا، لە ڕێگای کۆمپانیا ملتی ناسیۆناڵەکانەوە (کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان- وەرگێڕ) لەوانەش کۆمپانیای ITT[٨٣] بەردەوام بوو لە پیلانگێڕان. ئالیندی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی ئەنجامدا، ساڵی ١٩٧١ لە بەرامبەر هەندێ قەرەبوو کردنەوە، هەستا بە خۆماڵیکردنی کانەکانی مس کە لە ژێر دەستی کۆمپانیای (ئەناکۆندۆ کۆپەر و ئای تی تی) دا بوون. لە ڕاستیدا پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ ڤیدڵ کاسترۆدا هەبوو، هەموو بزوتنەوە شۆرشگێڕەکانی باشوری ئەمەریکاش لە شیللی پێشوازی دەکران.

٨٣ کۆمپانیای International Telephone & Telegraph ساڵی ١٩٢٠ بەو ناوە دامەزراوە. سەرەتا ئەم کۆمپانیا زەبەلاحە پسپۆڕی بواری تەلەفۆن و تەلەگرام و پەیوەندییەکان بوو. لە ئێستادا لە ٣٥ وڵات لق و نوسینگەی هەیە و لە پتر لە ١٠٠ وڵات کار دەکات. ئەم کۆمپانیا ملتی ناسیۆناڵە مەلەفێکی قێزەونی هەیە لە کودەتا و دەستوەردان لە کاروباری وڵاتان. لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانیدا، برە پارەیەکی زۆری وەکو بەرتیل بە هملەر بەخشیوە، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دروستکردن و گەشەپێدانی هێزی ئاسمانی ئەڵمانیا. بە گوێرەی خودی بەڵگەنامەکانی سی ئای ئەی کە ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوکرانەوە، ئەم کۆمپانیایە دەستی هەبووە لە ئەنجامدانی کودەتا لە چەندین وڵاتی ئەمەریکای باشور لەوانەش بەرازیل ١٩٦٤ و شیللی ١٩٧٣. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٧ تۆمەتبار کرا بە فرۆشتنی زانیاری زۆر هەستیار بە چین. وەرگێڕ.

ئەم کارانە بوونە هۆی وروژاندنی ناڕەزاییەکان نەک تەنها لە ئەمریکا بەڵکو لە وڵاتە کۆنزەرڤاتیڤەکانی باشوری ئەمریکاش لەوانە بەرازیل و ئەرژەنتین، کە ئارەزووی لابردنی ئالیندییان دەکرد و پەیوەندییان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی شیللی دروست کردبوو. ئیتر ئەوە بوو گەلەکۆمەیان لێکرد. ئەمریکییەکان پشتی ئابوری شیللیان شکاند و بایکۆتی کڕینی (مس)یان کرد، لە ڕێگای سەندوقی نەختینەی دراو و بانکی نێودەوڵەتی قەرزەکانیشیان ڕاگرت. سپۆنسەری ئەو ناڕەزایەتییانەیان دەکرد کە چینی ناوەڕاست و شۆفێری شاحینەکان ئەنجامیان دەدا. سەرەنجام ژەنراڵ (ئۆگستۆ پینۆشێ)[٨٤] لە ١١ی ئەیلولی ١٩٧٣ کودەتای ئەنجامدا. ئالیندی کوژرا و پینۆشێ هەتا مارتی ١٩٩٠ بە ئاگر و ئاسن حوکمی وڵاتی کرد. بە تێپەڕبوونی کات ئەمەریکا هاوکارییەکانی کەمتر دەکــردەوە و کەوتە ڕەخنەگرتن لە پینۆشێ کە دواترتۆمەتبارکرا بە کوشتنی نزیکەی دووهەزار کەس لە نەیارەکانی خۆی.

## خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

ئەو هێرشە چاوەڕوان نەکراوەی کە سوپای میسری و سوری لە ٦ی ت١ی ١٩٧٣ کردیانە سەر ئیسرائیل، دوانەی نیکسۆن و کیسینگەریان خستە

٨٤ ژەنراڵ(Augusto Pinochet) ١٩١٥–٢٠٠٦ بە هاوکاری دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا CIA لە دژی سەلڤادۆر ئالیندی کودەتای ئەنجامدا. بە کەسی یەکەمی بەرپرسیار لە کوشتنی ئالیندی دادەنرێت. سەرلە بەیانی ١١ی ئەیلیولی ١٩٧٣ ئابلوقەی کۆشکی کۆماریدا و کۆتایی بە دەسەڵاتی ئالیندی هێنا. دوای هاتنە سەر دەسەڵات وڵاتی بەتەواوی بەستەوە بە سیاسەتەکانی ئەمریکاوە و بە ئاگر و ئاسن فەرمانڕەوایی دەکرد. سێ هەزار کەسی نەیاری خۆی شوێنبزر کردو و نزیکەی ٢٧ هەزار کەسیش لە زیندان‌دا ئەشکەنجە دەدران و دەیان هەزاریش هەڵهاتن بۆ دەرەوەی وڵات. هەرچەندە پینۆشێ زۆ دڕندە و سامناک بوو، بەڵام ئۆپۆزیسیۆن بەردەوام بوو لەکاری خۆی. سەرەنجام لە ژێر فشارەکاندا ساڵی ١٩٨٨ دەستور هەموارکرایەوە و ڕێگای نەدا پینۆشێ بۆ هەتا هەتایە سەرۆکی وڵات بێت. لە ساڵی ١٩٩٠ هەڵبژاردنەکانی دۆڕاند بەڵام هەتا ساڵی ١٩٩٨ هەر سەرکردەی سوپای وڵات بوو. ساڵی ٢٠٠٢ لە کاتێکدا بۆ چارەسەری پزیشکی سەردانی بەریتانیای دەکرد، لەوێ یاداشتی دەستگیرکردنی هەبوو، بۆیە دەستگیر کرا و ڕەوانەی شیللی کرایەوە. بەر لەوەی دادگایی کردنەکەی تەواو بێت و بە ئەنجام بگات لە ڕۆژی ٣-١٢-٢٠٠٦دا بە جەڵتەی دڵ مرد. وەرگێڕ.

هەڵویستێکی قورسەوە. ئەنوەر سادات و حافز ئەسەد بە نیازی ئەوە نەبوون ئیسرائیل لەناو بەرن، بەڵکو دەیانویست دانوستان بۆ ئاشتییەکی گونجاو بکەن لە پێناو بەدەستهێنانەوەی ئەو زەویانەی لە جەنگی پێشووی ١٩٦٧ لە دەستیان دابوو. دوای چەند ڕۆژێک لە دوودڵی و پێداچوونەوەی ورد، ژەنراڵە ئیسرائیلییەکان دەستپێشخەرییان سەندەوە و لە سوریاش و میسریشەوە پێشڕەویان کرد. شەڕێکی زۆر توند لە گۆڕێدا بوو کە بە دووەمین جەنگی قورسی تانک لە مێژوودا دەژمێردرێت. ئیسرائیل بە لەدەستدانی ٥٠٠ تانک بەرامبەر بە ١٨٠٠ تانکی عەرەبەکان سەرکەوتنی بەدەستهێنا. سوریا و میسر داوای چەکیان لە یەکێتیی سۆڤێتی هاوپەیمانیان کرد کە پێشتریش لە هێرشەکە ئاگاداریان کردبۆوە. ئەمەریکاش لە لایەن خۆیەوە هەموو جۆرە چەکێکی بۆ ئیسرائیل نارد. دۆخەکە زۆر ئاڵۆز بوو، لەبەر ئەوە کیسینگەر لەسەر داوای بریژنێڤ بە فڕۆکە چوو بۆ مۆسکۆ. هەردوولا لە ٢١ی ت١دا گەیشتنە ڕێکەوتنی ئاگربەست و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش لە ٢٢ی مانگدا بەو ڕێکەوتنە قایل بوو، بەڵام ئیسرائیل بەردەوام بوو لە پێشڕەویەکانیدا بۆ ناو خاکی میسر و ٢٥ هەزار سەربازی میسر کە بەبێ نان و ئاو لەو بیابانەدا بوون، ئابلوقە درابوون.

سادات پێشنیازی ئەوەی کرد سۆڤێت و ئەمەریکا پێکەوە دەستپێشخەری بکەن بۆ جیاکردنەوەی هەردوو لایەنی شەڕکەر. ئەمریکا حەزی بەوە نەبوو هێزەکانی یەکێتیی سۆڤێت لە کەناڵی سوێس بوونیان هەبێت، بۆیە وەڵامیان نەدایەوە. لە ٢٤ی مانگدا بریژنێڤ نامەیەکی بۆ ئەمەریکا نوسی و ئاشکرای کردبوو کە ئەو بە بوون و نەبوونی ئەمەریکا خۆی دەچێتە نێو ململانێکەوە. کاتێکیش ئەمەریکا لە شەوی ٢٥/٢٤ی ت١ی ١٩٧٣ ئەوەی زانی کە حەوت لەشکری سۆڤێت ئامادەکراون بە پەڕەشووت دابەزنە سەر ناوچەکە، ئەویش سوپای ئەمەریکی خستە ئامادەباشی و خۆی بۆ جەنگی ئەتۆمیش ئامادە کرد. کیسینگەر چارەسەرێکی سازشکارانەی دۆزیەوە: کڵاو شینەکانی پارێزگاری ئاشتی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە جیاتی هەردوولا بکەوێتە ناوەڕاستی هەردوو هێزەکە. ئەنجومەنی ئاسایش دەستبەجێ ئەوەی پەسەند کرد. دوای

چەند رۆژێکی کەم ئیسرائیلییەکان کە زۆر لە ژێر فشاری ئەمەریکادا بوون، بە ئاگر بەست قایل بوون و ئاوێک کرا بە ئاگرەکەدا. بەمجۆرە لە ناو ململانێی نێوان ئیسرائیل و میسردا هیچ رۆڵێک بۆ سۆڤێت نەمایەوە، لەوە بەدواوە هەردوو لایەن زۆر بە توندی کەوتنە ژێر کاریگەری دبلۆماسیەتی ئەمریکاوە.

## یونان و قوبرس:

بۆئەوەی رێگا بگرن لەوەی کە حکومەتێکی چەپ بەهەڵبژاردنێکی دیموکراتی دەهاتە سەر دەسەڵات، دەست بەکار بێت، ئەمەریکا لە نیسانی ۱۹٦۷دا پشتیوانی لە کودەتایەکی سەربازی کرد لە یۆنان. لە ١٥ی تەموزی ۱۹۷٤ قوبرسە یۆنانییەکان لە دژی سەرۆک ماکاریۆس (Makarios) کودەتایەکیان ئەنجامدا[٨٥]. ئامانجی کودەتاکە ئەوە بوو کە دورگەی قوبرس بخاتە سەر یۆنان. بەڵام ماکاریۆس بە زیندوویی مایەوە و کودەتاکە سەری نەگرت. لە ۲۰ی تەموزدا هێزەکانی تورکیا بۆ پاراستنی کەمینەی تورکی کە رێژەیان ۱۸٪ دەبوو دابەزینە سەر دورگەکە. هەڕەشەی هەڵایسانی جەنگ لە نێوان تورکیا و یۆنان لە گۆڕێدا بوو. کیسینگەر دەبوو ئێستا بکەوێتە نێوانیانەوە، بۆیە کۆلۆنێلی یۆنانی ناچار کرد کە دەست لەکاربکێشێتەوە (هەرچەندە پێشتر پشتیوانی بوو) و لە ۲۳ی مانگدا دیموکراسیەت بەرقەرار

٨٥ کێشەی قوبرس کێشەیەکی کۆن و ئاڵۆزە. ئەو دورگەیە لە بنەڕەتا تورک و موسڵمانی تێدا نەبووە، بەڵام دوای ئەوەی کە لەلایەن عوسمانیەکانەوە داگیر کرا، تورکی تێدا نیشتەجێ بووە. ساڵی ۱۹۱٤ بەریتانیا دورگەکەی داگیر کرد دواتر لە پەیمانی لۆزاندا تورکیا بە تەواوی دەستبەرداری بوو، بەریتانیاش لە ۱۹۲٥ خستیە سەر تاجی شاهانەی خۆی. ساڵی ۱۹٦۰ سەربەخۆیی بەدەستهێنا و کۆماری قوبرس دروستکرا و بوو بە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام بەردەوام لە نێوان یۆنانی و تورکەکاندا کێشە هەبوو چونکە رێژەی ۱۸٪ی دۆرگەکە تورک بوون. ئەم کێشەو ئاڵۆزیانە بەردەوام بوون، تا سەرەنجام ئەنجومەنی سەربازیی یۆنان کودەتاکەی ئەنجامدا. شەوی کودەتا کۆشکی کۆماری خاپورکرا، بەڵام ماکاریۆس رایکرد. دواتر لە ۲۰ی مانگدا تورکەکان هیرشیان کردە سەر قوبرس و ۳٦٪ی دورگەکەیان لە باکورەوە داگیرکرد و کۆماری قوبروسی تورکیان بە سەرۆکایەتی رەئوف دەنکتاش تێدا راگەیاند و هەتا ئەمڕۆش جگە لە تورکیا هیچ وڵاتێک بە رەسمی ئەو کۆمارەی نەناسیوە.

بێتەوە. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە حکومەتێکی دیموکرات لە یۆنان بیر لە شەڕ ناکاتەوە لەگەڵ تورکیا. هەرچەندە قوبرس لە رووی تیۆریکەوە کۆمارێکی یەکگرتووی سەربەخۆیە، بەڵام هەتا ئیستا دابەش و دوو کەرتە لە نێوان بەشی یۆنانی و بەشی تورکی.

## پرتوگال:

لە ساڵی ١٩٧٤ فۆرد و کیسینگەر تێگەیشتنیان بۆ روداوەکانی پرتوگال نەبوو. چەند ئەفسەرێکی لاو لە ٢٥ی نیسانی ١٩٧٤دا لە کاتی شۆڕشی گوڵەمێخەکدا دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت و ئەو رژێمە سەرکوتکەرەیان لابرد کە ئەمەریکا پشتیوانی دەکرد. وڵاتێکی دیموکراتییان دامەزراند. سەرەتا لە یەکێک لە حکومەتەکاندا کۆمۆنیستەکان ئامادەیی باشیان هەبوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەفسەرە دیارەکانیش بە ئاشکرا کۆمۆنیست بوون. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ نرخی نەوت لە ئەوروپای خۆرئاوا سێ ئەوەندە زیادی کردبوو، کە بووە هۆی قەیرانێکی ئابوری. رەنگە کۆمۆنیستەکانی پرتوگال لەو باوەڕەدا بووبێتن کە ئەوە کاتێکی گونجاوە بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات. هیچ ئاماژەیەکیش بۆ ئەوە نەبوو کە ئەوانە پەیوەندییان بە یەکێتیی سۆڤێتەوە هەبووبێت. کیسینگەر لەو باوەڕەدا بوو کە لایەنگرانی سۆڤێت دەسەڵاتێک بۆ خۆیان دەبەن کە تایبەتە بە دەسەڵاتی ناتۆ، بۆیە دەستبەجێ و زۆر توند کاردانەوەی نواند، ئاماژەی بۆ پەراوێزخستنی ئابوریی پرتوگال و دەرکردنی لە ناتۆ کرد. بەشێوەیەک لەگەڵ پرتوگال رەفتاری دەکرد وەک ئەوەی کە وڵاتەکە بە راستی کەوتبێتە ژێر دەستی یەکێتیی سۆڤێتەوە، رێک ئەوەی کە لە ماوەی ١٩٤٦-١٩٤٨ لە چیکوسلۆڤاکیا رویدا. دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسا دانان لە ٢٥ی نیسانی ١٩٧٥ سۆشیال دیموکراتەکان فراکسیۆنی زۆرینە بوون. لە دوای هەڵبژاردنی ١٩٧٦ ماریۆ سواریس (Mario Soares)ی سۆشیال دیموکرات، حکومەتێکی دیموکراسی پێکهێنا. کیسینگەر زۆر بەمە دڵخۆش نەبوو، بە سواریسی دەگوت کیرنسکی.

## کۆمۆنیزمی ئەوروپی

کیسینگەر زۆر بە گومان بوو لە کۆمۆنیزمی ئەوروپی. هەروەکو سەرکردەی ئیتالی ئەینریکۆ بیرلینگیور (Enrico Berlinguer) لە ساڵی ١٩٧٣ ئاشکرای کرد؛ پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا لە فەرەنسا و ئیتالیا و ئیسپانیا دەیانویست لەگەڵ سۆشیال دیموکراتەکاندا پێکەوە بن، هەروەها خۆشیان بە دوور دەگرت لە مۆسکۆ ، خوازیار بوون پارێزگاری لە دیموکراسییەت بکەن بە هەر نرخێک بووە. زۆریشیان وەکو دوبشیک خوازیاری ئەوە بوون کە سۆشیالیزم زیاتر لە مرۆڤ و مرۆڤایەتییەوە نزیک بێت. کیسینگەر لەو ساتە وەختە دەترسا کە کۆمۆنیستەکان لە پاریس و رۆما و مەدرید تێکەڵ بە حکومەتەکان بن. دبلۆماسییەتی ئەمەریکی و ئاژانسی هەواڵگری بڕیاریان دابوو رێگا لەوە بگرن. کیسینگەر لەو باوەڕەدا بوو کە رێگادان بە کۆمۆنیستەکان بۆ بەشدار بوون لە حکومەتدا وەک ئەوەیە کە ئەسپی ترۆژان (تەروادە- وەرگێڕ)ی سۆڤێتی بهێنینە ژورەوە کە لە هەموو حاڵەتێکدا خراپ بەکار دەهێنرێت.

کیسینگەر لە حاڵەتێکدا نەبوو کە بتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەقڵیەتی جیاوازی کۆمۆنیستەکانی ئەوروپادا بکات. ئەو ئەوەی نەدەبینی کە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا جێگەی متمانەی مۆسکۆ نین و بگرە دژایەتیش دەکرێن. کیسینگەر لە ساڵی ١٩٧٦ سازانێکی مێژوویی ئەنجامدا: بیرلینگیور بڕیاریدا کە کۆمۆنیستەکان وەکو دووەمین هێزی سەرەکی وڵات، ئامادەن لە حکومەتێکی هاوبەشدا پشتیوانی لە کریستیان دیموکراتەکان بکەن و پێکەوە بن لە حکومەتدا. لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی سەر بە کریستیان دیموکراتەکان (ئاڵدۆ مۆرۆ) [86] پرۆگرامێکی هاوبەشیان دانا بۆ ئەوەی ئیتالیا لە گرفتە ئابوری و کارگێڕییەکان قوتار بکەن. کۆمۆنیستەکان رەزامەند بوون لەسەر ئەوەی کە زیادکردنی کرێ و هەقدەست رابگرن، هەروەها بیرلینگیور بە ئاشکرا رایگەیاند کە نابێت ئیتالیا بەهیچ شێوەیەک لە پەیمانی ناتۆ بچێتە

٨٦ Aldo Moro (١٩١٦- ١٩٧٨) سەرۆک وەزیرانی دیموکرات مەسیحی ئیتالیا بەدەستی کۆمۆنیستە توندڕەوەکانی سەربە بەتالیۆنە سورەکان (رێد بریگادس) تیرۆر کرا. وەرگێڕ.

دەرەوە. سەرەنجام خۆلیۆ ئەندریۆتی (Guilio Andreotti) بە پشتیوانی کۆمۆنیستەکان، سەرۆکایەتی دوو حکومەتی کرد لە تەموزی ١٩٧٦ تا ک٢ی ١٩٧٩، کە ئامانجەکانی خۆی بەدەست هێنا. دوای کوژرانی ئاڵدۆ مۆرۆ لە مایسی ١٩٧٨ بە دەستی کۆمۆنیستە توندڕەوەکانی سەر بە ڕێکخراوی (ڕێد بریگادس)[٨٧] کە دژی پێکەوە کارکردنی کۆمۆنیستەکان بوون لەگەڵ کریستیان دیموکراتەکان، پێکەوە کارکردن قورستر ببوو، کۆمۆنیستەکان فشاریان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی پۆستە وەزارییەکان، ئەمەش بۆ ئەندریۆتی مەحاڵ بوو، چونکە ئەمریکییەکان ڕێگای ئەوەیان نەدەدا. دەترسان ئەمە کاریگەری خراپ دابنێ لەسەر تەواوی ئەورووپای ڕۆژئاوا، هەروەها لەو باوەڕەدا بوون کە هەر ئەوەندەی کۆمۆنیستەکان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن ئەوە هەرگیز دەستبەرداری نابن، کیسینگەر لەم بارەوە دەیگوت: ئەو کاتە هیچ هۆکارێک نامێنێت بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا چونکە دەبێت ئەو دەمە پارێزگاری لە حکومەتێکی کۆمۆنیست دژی ئەوی تر بکات.

## ئەفریقیا:

لە ئەنگۆلا کیسینگەر و فۆرد دووچاری شکستی خراپ هاتن. ئەو کۆلۆنییەی کە ١١ی ت٢ی ١٩٧٥ سەربەخۆیی خۆی لە پرتوگال سەندەوە، سێ هێزی بەرهەڵستکار ململانێیان بوو لەسەر دەسەڵات: بزوتنەوەی گەلیی

[٨٧] ڕێد بریگادس یاخود بەتالیۆنە سورەکان (Red Brigades): بەهۆی توند بوونەوەی ململانێ و جەنگی سارد لە نێوان هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، چەندین ڕێکخراوی چەپی توندڕەو لەو قۆناغەدا لە ئەوروپا و ئەمەریکای لاتین و ئەفریقا و ئاسیا سەریانهەڵدا. بەتالیۆنە سورەکان (یاخود لیوا سورەکان) لە ئیتالیا، بادرماینهۆف (راف) لە ئەڵمانیا و هۆڵەندا، دەف سۆڵ و تیکۆ لە تورکیا، تۆپامارۆس لە ئۆرۆگوای..تاد نمونەی ئەوانە بوون. بەتالیۆنە سورەکان لە ساڵی ١٩٧٠ لە ئیتالیا دروست بوون. ڕێکخراوێکی میلیشیایی کۆمۆنیستی زەبر وەشێن بوو، داوای کشانەوەی ئیتالیای دەکرد لە پەیمانی ناتۆ. چەندین کردەوەی کوشتن و ڕفاندن و هەڵکوتانە سەر بانک و کۆمپانیاکانی ئەنجام داوە. ساڵی ١٩٧٨ هەستان بە ڕفاندنی ئاڵدۆ مۆرۆ و دوای ٥٤ ڕۆژ تیرۆریان کرد. ساڵی ١٩٨٠ حکومەتی ئیتالیا بە هاوکاری دەزگای هەواڵگری پەیمانی ناتۆ (گلادیۆ) توانی ڕێکخراوەکە تەفروتونا بکات و هەڵی بوەشێنێتەوە. وەرگێڕ.

بۆ ئازادی ئەنگۆلا (MPLA)، بزوتنەوەیەکی مارکسی بوو بە سەرکردایەتی ئۆگستینۆ نیتۆ. کۆمەڵەی هۆزەکانی ئەنگۆلا (FNLA) کە لەلایەن چین و ئەمەریکا و زائیر پشتیوانی دەکـرا. بـزوتـنـەوەی یۆنیتا (UNITA) کە بزوتنەوەیەکی ئەتنی پرۆ رۆژئـاوا بوو، لە لایەن ئەمەریکا و چین و باشوری ئەفریقا و زائیر پشتیوانی دەکرا. پێش سەربەخۆییش بزوتنەوەی گەلیی بۆ ئـازادی ئەنگۆلا توانی بە هاوکاریی یەکیتیی سۆڤێت دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت. بزوتنەوەی گەلیی بۆ ئازادی ئەنگۆلا سوپای کوبای بانگ کرد بۆ هاوکاریکردن، ئەمەش لە دژی ئەوەی کە سوپای باشوری ئەفریقا دەستوەردانی کردبوو لە بەرژەوەندی یۆنیتا. کیسینگەر ئەنگۆلای وەک بەڵگەیەک دەهێنایەوە بۆ فراوانخوازی سۆڤێت. لە راستیدا سۆڤێت و کوبییەکانیش بە تایبەتی لە (لواندا) کاریگەرییان زۆر هەبوو، چونکە زائیر و باشوری ئەفریقا و ئەمەریکا و چین پێکەوە لە رێگای هاوکاریکردنی یۆنیتاوە شەڕیان لە دژی حکومەتی بزوتنەوەی گەلیی ئەنگۆلا دەکرد. بەبێ هاوکاری سوپای کوبا هیچ رێگەچارەیەک لەبەردەم نیتۆدا نەمابوو، کە سەرەنجامیش لە ساڵی ١٩٧٦ سەرکەوتنی بەدەستهێنا. ئەو کەسێکی ناسیۆنالیست بوو نەک مارکسی، هەوڵی دەدا جۆرە هاوسەنگییەک لە نێوان ئەمەریکا و یەکیتیی سۆڤێت بەدەست بێنێت، بەڵام هیچ هەلێکی بۆ نەڕەخسا ئەو کارە بکات. دوای مردنی ئەو لە ساڵی ١٩٧٩ شوێنگرەوەکەی خۆسێ ئیدواردۆ (Jose Eduardo) تا ڕادەیەک لەو کارەدا سەرکەوتوو بوو. ئەو رێگای بە مانەوەی کۆمپانیا ملتی ناسیۆنالەکاندا کە لە وڵاتدا بمێننەوە، هەروەها رێگای بە گەلە کەشتیی سەربازیی سۆڤێت نەدا بەندەرەکانیان بەکار بێنێت.

هەروەها کۆلۆنیەکەی تری پورتوگال مۆزەمبیق لە ساڵی ١٩٧٥ کەوتە دەستی مارکسییەکان. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فریلیمۆ(Frelimo) لـەلایـەن سـامـۆرا میکایلی کۆمۆنیستەوە سـەرکـردایـەتـی دەکـرا، وێـرای ئاستەنگەکانی باشوری ئەفریقا، بەڵام دەسەڵاتی هەر بەدەستەوە گرت. سۆڤێت چەندە کاریگەر بووە لـەو روداوانــەدا وەکـو کیسینگەر باسیان دەکات، ئەوە پرسیارێکی دیکەیە، بەڵام هەرچۆنێک بێت حکومەت نەیتوانی

چاکسازییەکی بنەڕەتیی مارکسیانە ئەنجام بدات، هەروەها لە کۆتایشدا گاینێ بیساو (Guinee Bissau)ییش لە دەستی کۆمۆنیستەکاندا نەما.

بەگشتی ئەوە ڕێکەوت نەبوو کە هەموو کۆلۆنییە پرتوگالییەکان دواتر ڕژێمی کۆمۆنیستییان تێدا دابمەزرێت. سەربەخۆیی زۆر دواکەوت و خەبات لە دژی حکومەتە پرتوگالییە ڕاستڕەوەکان، کە ئەمەریکا پشتیوانی دەکردن، درێژەی خایاند. پرتوگال زۆر دڕندانە خەڵکی سەرکوت دەکرد و بزوتنەوە ڕزگاریخوازییەکانیش تەنها لە لایەن یەکێتیی سۆڤێتەوە پشتیوانی دەکران. سۆڤێتیش بۆیە پشتیوانی ئەوانی دەکرد بۆ ئەوە بوو کە چین بکاتە دەرەوەی گەمەکە، هەروەها کاسترۆش بەردەوام بە پاساوی ئایدیۆلۆژی فشاری بۆ دەبردن کە زیاتر داوای هاوکاری لە سۆڤێت بکەن.

کیسینگەر لە هەڵەکانی خۆی فێردەبوو. لە سەرەتای دەستبەکاربوونیدا، پشتیوانی لە ئیمپریالیستە پرتوگالییەکان و کەمینەی سپیپێستەکانی ڕۆدیسیا (Rhodesie) حکومەتی سپیپێستەکانی باشوری ئەفریقا دەکرد. لە کۆتاییدا ئەو پشتیوانییە کەم بۆوە و ئیتر وردە وردە لە جەوهەری بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی ئەفریقا تێدەگەیشت و بە بەکرێگیراوی مۆسکۆی نەدەزانین.

لە ژێر فشاری ڕەخنەگرە ڕاستڕەوەکانی وەکو ڕۆناڵد ڕێگان و هەردوو وەزیری بەرگری پێشوو جەیمس شلیسنگەر و مەلڤین لایرد، کیسینگەر لە وتارێکیدا لە مارتی ١٩٧٦ خۆی لە گوتاری هێورکردنەوە لادا. لێرە بەدواوە سیاسەتێکی نوێ پەیڕەوکرا بە ناوی (ئاشتی لە ڕێگەی هێزەوە). ئامانجی سەرەکیی ئەم سیاسەتە کپکردنەوەی فراوانبوونی سۆڤێت بوو، سەرۆک فۆرد جەختی لەسەر ئەم ئاراستەیە دەکردەوە و لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٦دا لە دژی کاندیدی دیموکراتی جیمی کارتەر وەکو هەڵۆیەک خۆی نمایش دەکرد و دەستبەرداری هێورکردنەوە بوو، داوای پارەی زیاتری دەکرد بۆ خۆپڕچەککردن.

# بەشی هەشتەم
# ڕێگان و بریژنێڤ، ئەندرۆپۆڤ
# چرنینکۆ و گۆرباچۆڤ
# (١٩٨١-١٩٨٨)

**ڕێگان بێهودە بەشوێن سەرکردەیەکی سۆڤێتیدا دەگەڕا کە بتوانێت لە بارەی داماڵینی چەکی ئەتۆم دانوستانی لەگەڵدا بکات. دوای مردنی یەک بە دوای یەکی سێ سەرۆک لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتیدا، ڕێگان بە گاڵتەوە دەیگوت: چۆن لەگەڵ روسەکاندا بگەمە ڕێکەوتن لە کاتێکدا سەرۆکەکانیان بەردەوامن لە مردن!**

## جەنگی ئەستێرەکان و داماڵینی چەک:

لە عەیامی فۆرد – کیسینگەر کۆنزەرڤاتیڤە تازەکان، کە ناویان خراپ زڕابوو لە ئەمەریکا، دژی ڕێککەوتن بوون لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت بۆ سنوردارکردنی چەک. گرنگترین دژبەرەکانی سیاسەتی هێورکردنەوە لە مارتی ١٩٧٦ یەکیان گرت و (کۆمیتەی دەستنیشانکردنی مەترسییە هەنوکەییەکان)یان دروست کرد. ئەوان حەزیان بە هێورکردنەوە نەبوو، لەو باوەڕەدابوون بیرکردنەوەی (MAD) ریالیستی نیە و کاریان بۆ باڵادەستیی بێ سنوری ئەمەریکا دەکرد. لەو باوەڕەدا بوون کە جەنگی ئەتۆم مەحاڵ نیە و دەبێت ئەمریکییەکان خۆیان بۆ سەرکەوتن لەو جەنگەدا ئامادە بکەن. بەهەر حاڵ یەکێتیی سۆڤێت فێڵی دەکرد: ئەو هەوڵی فراوانخوازی و کۆنترۆڵکردنی جیهانی دەدا.

بەربژێرە کۆمارییەکەی کە بۆ هەڵبژاردنەکانی ١٩٨٦ بەرامبەر بە سەرۆک فۆرد خۆی کاندید کردبوو، فەرمانڕەوای پێشووی کالیفۆرنیا و ئەستێرەی سینەما ڕۆناڵد ڕێگان (Ronald Reagan) بوو، ئەندامێکی چالاکی کۆمیتەکە بوو. هاوشانی ئەندامە ناودارەکانی دیکەی کۆمیتەکە لەوانەش ڕۆستۆ و نیتز، ڕێگان لەو باوەڕەدا بوو کە ئەمەریکا شل بووە و خەریکە خۆی بەدەستەوە بدات. سۆڤێت خەریکە ناوچەکانی کەنداوی فارس بخاتە ژێر

هەژموونی خۆی و دەیانەوێت نەوت بکەنە چەکێک لە دژیان و ئەوروپاش فنلاندیزە بکەن، بەو شێوەیەش ئەوروپای ڕۆژئاوا ناچار دەبێت لە پێناوی نەوتدا بە زوڕنای سۆڤێت هەڵپەڕێت. دوای ئەوەش لەگەڵ ژاپۆن و چین ڕێککەوتن ساز بکەن و ئەمەریکا بەتەواوی گۆشەگیر بکەن.

نیتز کە پێشتر ئەندامی دانوستانەکانی ساڵت بوو، لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە دووپاتی دەکردەوە کە سۆڤێت بەهۆی ڕۆکێتە نوێیەکانیەوە توانای (یەکەم لێدانی غافڵگیر)ی هەیە، بە گوێرەی نیتز ئەوان دەتوانن لە یەکەم لێدانی خۆیاندا هەموو ڕۆکێتە ناوەنج و دوورمەوداکانی ئەمەریکا پەک بخەن. ئەوەش وادەکات کە سۆڤێت بتوانێت ئەمەریکا دەستەمۆ بکات ئەو کات ناتوانین ڕێگا بگرین لەوەی کە ئەمەریکا نەبێتە بوکەڵەی دەستی سۆڤێت تەنها بەوە نەبێت کە ڕێکەوتنی ساڵت پێشێل بکەین و ژمارەی ڕۆکێتە دوور مەوداکانمان زیاد بکەین. لەبەر ئەوە کۆمیتەکە دژی ڕێککەوتنی ساڵت-٢ و هەر ڕێککەوتنێکی تازە وەستایەوە.

هەموو ئەم بیرۆکانە بە ئاستەم لە ڕاستییەوە نزیک دەبوونەوە. لە نێوان ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤێت هاوسەنگیی هێز هەبوو، بە تایبەت سەبارەت بە ڕۆکێتە دوورمەوداکان. ئەمەریکا خەسڵەتێکی گرنگتریشی هەبوو بە تایبەت لەو سیستەمانەی کڵاوەی ئەتۆمییان هەڵدەگرت وەکو ژێردەریایی و فڕۆکەکان، کە تەواو باڵادەستبوو، تەنانەت لەڕووی ژمارەی هێزیشەوە پەیمانی ناتۆ کەمێک بەسەر پەیمانی وارشۆدا زاڵ بوو. هەروەهاهەژموونی سۆڤێت بەسەر جیهانی سێیەمەوە نە دەبوو بەوجۆرە قەبە بکرێت؛ لە ڕاستیدا سۆڤێت تەنها لە مەنگۆلیا و ڤێتنام و کوبا و کەمبۆدیا و ئەفغانستان و ئەسیوبیا هەژموونی هەبوو، بۆ نەگبەتی سۆڤێت سێ دانە لەو وڵاتانەی کە دواتر ناویان هاتووە جەنگی ناوخۆی تێدا بەرپا ببوو. هەروەها نزیکەی بیست وڵاتی شۆڕشگێڕی دیکە هەبوون کە ناو بەناو بە ناکامی داوای هاوکاری سۆڤێتیان دەکرد، بۆیە هەژموونی یەکێتیی سۆڤێت ئەوەندە گەورە نەبوو، لە کاتێکدا ئەمەریکا ژمارەیەکی زیاتر و بەهێزتری لە وڵاتانی پاشکۆ هەبوو.

سەرۆک کارتەر دووچاری چەقبەستنی ئابوری هاتبوو، ئەوەش زیاتر تیشکی دەخستە سەر بێتوانایی ئەمەریکا و بەشدار دەبوو لە برەو پێدانی ئەو بیروباوەڕە تاریکانە. پیشەسازی ئەمەریکا چیدیکە دینامیکیەتی نەمابوو، باڵا دەستبوونی ڕێژەیی لە چاو ئەوروپا و ژاپۆن لە بوارەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و ئەلکترۆنی تەواو بەرەو نەمان دەچوو. لە ساڵی ١٩٧٧ بەدواوە تەرازوی پێدانی ئەمەریکا کورتی دەهێنا.

میدیاکاری پرۆفیشناڵ ڕۆناڵد ڕێگان بە ئاسانی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوت بەسەر کارتەردا و لە ک٢ی ١٩٨١دا بوو بە سەرۆکی وڵات. بەهۆی نواندنی شارەزایانە و سەرکەوتوانەیەوە، سۆزی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، هەرچەندە هەموو کەسیش دەیزانی کە ئەو تەنها بایەخ بە هێڵە گشتییەکانی سیاسەت دەدات و هەموو شتەکان بۆ هاوکارەکانی بەجێ دەهێڵێت. ڕێگان توانی زۆر بە باشی وەک ئەستێرەیەکی نمایشکار ڕۆڵی خۆی بگێڕێت: سەرۆکی ئەمەریکا و بەهێزترین پیاوی دنیا. جگە لە دوژمنایەتییەکی سەخت بۆ کۆمۆنیزم و دووبارەکردنەوەی ئەوەی کە ئەمەریکا بکاتەوە بە ڕابەری بێرکەبەری هەموو دنیا هیچ ڕوئیایەکی ئەوتۆی نەبوو، تەنانەت هەندێ لە بیرۆکە و بۆچوونەکانیشی ناتەباو دژ بوون: لە لایەکەوە بە نیاز بوو ئەمەریکا بکاتە گەورەترین هێزی ئەتۆمی دنیا، لە لایەکی تریشەوە ئاماژەی بۆ نەهێشتن و لەناو بردنی چەکی ئەتۆم دەکرد. ئەو سیاسەتێکی شەڕانگێزانەی بەڕێوە دەبرد کەچی لەملاشەوە دەیویست مێژوو وەک ئاشتیخوازێکی مەزن ناوی بخاتە نێو تۆمارەکانیەوە!

ڕێگان زۆر لە ژێر کاریگەری "نانسی" هاوژینیدا بوو، کە ئەویش بەردەوام پەنای بۆ فاڵگرەوەکان و بورج خوێنەوەکان دەبرد. ژەنراڵ ئەلسەندەر هایگ (Alexander Haig) فەرماندەی پێشووی پەیمانی ناتۆ و هاوکاری پێشتری هەنری کیسینگەر، بوو بە وەزیری دەرەوە. لەبەر ئەوەی سەربەخۆ کاری دەکرد و زیادەڕۆیی زۆری دەکرد لە لێدوانەکانیدا بەرامبەر بە کوبا و نیکاراگوا، لەگەڵ حکومەتی ڕێگان توشی بەریەککەوتن بوو، ناچار لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٨٢ دەستی لە کار کێشایەوە. دوای ئەو جۆرج شۆڵتز

(George Schultz) بوو بە وەزیر. ئەو هاوڕێی ریگان بوو، هەڵوێستەکانی نەرمتربوو. ئەو باوەڕی وا بوو کە کۆمۆنیزم شۆڕشێکی تازەی کۆمۆنیزمی بەسەردا دەکرێت: سەرکردە کۆمۆنیستەکان چیتر ناتوانن هاوڵاتییەکانیان لە دنیای دەرەوە دابڕن. شۆڵتز لەگەڵ وەزیرە توندڕەوەکەی بەرەڤانیدا، کاسپەر واینبێرگەر (Caspar Weinberger) زۆر جار توشی ئاڵۆسکان دەبوو. لە خولی دووەمی سەرۆکایەتییەکەیدا ریگان زیاتر لە شۆڵتزەوە نزیک بوو، کە توانی پەیوەندییەکی زۆر توند و پتەو لەگەڵ گۆرباچۆڤ دروست بکات.

ڕووبەڕووبوونەوەی نوێ لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیێت بووە هۆکاری بەرزبوونەوەی بودجەی بەرگری بە ڕێژەی ٧٠٪ لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨ (دوای لابردنی ڕێژەی هەڵئاوسان بەرز بۆوە لە ١٧٤ ملیاردەوە بۆ ٣٠٠ ملیارد دۆلار). سیستەمە تازەکانی چەک بایەخی پلە یەکیان وەرگرت، بۆ نمونە ١٠٠ دانە لە موشەک هاوێژ لە جۆری B1، ١٠٠ موشەکی دوورمەودای MX و ژێردەریایی تریدینت. ٦٠٠ کەشتی نوێ بۆ گەلە کەشتییەکان زیاد کران. لە ساڵی ١٩٨٣دا بڕیار درا بۆمبی نیوترۆنی و گازی کیمیاوی دەمار بەرهەم بهێنرێت. دۆکیومێنتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ژمارە ٧٥ی کۆتایی ١٩٨٢ جەخت تەنها لەسەر ئەوە ناکاتەوە کە فراوانبوونی یەکێتیی سۆڤیێت سنورداربکەن، بەڵکو ئاماژە بۆ (ڕزگارکردنی کۆمەڵگەی سۆڤیێت) ی دەکات. دەرەنجامی ئەم سیاسەتەش ئەمەریکا کەوتە ژێرباری قەرزێکی زۆرەوە، بە تێپەڕبوونی دووەم خولی سەرۆکایەتی ریگان، ئەمەریکا بوو بە گەورەترین وڵاتی قەرداری دنیا. لە ساڵی ١٩٨٥دا سەرجەم قەرزەکانی ئەمەریکا ١.٨٢٣ ملیارد دۆلار بوو، هەروەها دەبوو ساڵانە١٢٩ ملیارد دۆلار سووی ئەو پارانەش بداتەوە. جگە لەوانەش کورتهێنانی بازرگانی لە ٨.٤ ملیارد دۆلارەوە لە ساڵی ١٩٧٩ فڕی بۆ ١٤١.٩ ملیارد دۆلار لە ساڵی ١٩٨٧.

یەکێک لە ئامانجەکانی سیاسەتی سەربازیی سەرۆک ریگان بریتی بوو لە جێگیر کردنی موشەکی ئەوروپی بۆ هاوپەیمانەکان. لە ئەورووپای خۆرئاوا ترسێک هەبوو لەوەی کە ریگان خۆش باوەڕبێت بەوەی کە دەتوانێت

سەرکەوتن بەدەستبێنێت لە جەنگی ئەتۆمی نێوان ئەورووپا و یەکێتیی سۆڤێت. وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بەوە بزووتنەوەیەکی یەکجار بەرفراوانی دژە موشەک ئەورووپای گرتەوە کە پارتە سەوزەکان و سۆشیالیستەکان و هەروەها کەنیسەکانیش رۆڵی بەرچاویان تێدا هەبوو. تەنانەت لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات، (کەنیسەی لۆسەری[٨٨]) لەمەڕ رۆکیتە ئەتۆمییەکان توانی بیرکردنەوەی ئازاد بێنێتە ئاراوە کە سەربەخۆ بوو لەو بزوتنەوە ئاشتییەی کە هەبوو. هەروەها لە هەنگاریا بزووتنەوەیەکی بچوکی ئاشتی سەریهەڵدا، لە ناو خودی ئەمەریکاش بە رێنوێنی ئەخلاقی کاردینالە کاتۆلیکەکان و ئەنجومەنی کاتۆلیکانی جیهان جۆرە بزووتنەوەیەک بە ناوی (بزووتنەوەی فریزکرد) سەریهەڵدا کە داوای فریزکردن و تەجمیدکردنی هەموو جۆرە چەکێکی ئەتۆمییان دەکرد.




جوڵانەوەکانی ئاشتی بە تایبەتی لە ئەڵمانیای خۆرئاوا، لە هەشتاکاندا سەرکەوتنی گەورەیان تۆمار کرد

٨٨ لقێکە لە کەنیسەی پرۆتستانتی، کە رێنماییەکانی مارتن لۆسەر (Martin Luther)ی ئەڵمانی پەیڕەو دەکات. وەرگێڕ.

دواجار جووڵانەوەکانی ئاشتی سەرکەوتن لەوەی کە بتوانن ڕێگان قایل بکەن بەرلەوەی موشەک لە ئەوروپا جێگیر بکات، لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت دانوستان بکات، ئەوەش لە ساڵی ١٩٧٩ دا لە پەیمانی ناتۆ بڕیاری لەسەر درابوو. دانوستانەکان لە ک١ی ١٩٨٢ لە جنێڤ دەستیپێکرا. نیتز کە دیسانەوە بوو بە سەرۆکی تیمی دانوستانکاری ئەمەریکا و خۆی لە هەڵۆکان بوو دەبوو بەرگری لە )بژاردەی سفر([89] بکات، ئەمە ئەوەی دەگەیاند کە یەکێتی سۆڤێت دەبوو هەموو ڕۆکێتەکانی SS20 لەناو بەرێت (ئەوانەشی کە لە ئاسیا بە ئاراستەی چین جێگیری کردبوون)، بەرامبەر بەوەی کە ئەمەریکا بەڵێن بدات کە هیچ موشەکێکی نوێ لە ئەوروپا جێگیر ناکات. پێدەچوو ئەمەریکا نیەتێکی ڕاستەقینەی بۆ دانوستان نەبووبێت، هەروەها لای خۆشیانەوە سۆڤێتییەکان ئامادە نەبوون ئەو هەموو موشەکە لەناو بەرن بەبێ قەرەبووکردنەوە، بۆیە دەبوو ڕۆکێتە بەریتانی و فەرەنسییەکانیش بخرێنە ژێر دانوستانەوە.

کاتێک یەکەمین موشەکی پەرشنگ-٢ و موشەکی کرۆز گەیشتنە بەریتانیا و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە ٢٣ی ت٢ی ١٩٨٣، سەرۆکی تازەی سۆڤێت

---

٨٩ بژاردەی سفر یاخود زیرۆ ئۆپشن (Zero Option): زاراوەیەکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە کاروباری ستراتیژی و چەکەوە، تایبەت بە سەردەمی جەنگی سارد. لە ساڵی ١٩٧٩دا ناتۆ بە دەستپێشخەریی ئەوروپییە خۆرئاواییەکان بۆ وەڵامدانەوەی زیادبوونی ژمارەی موشەکی ئەتۆمی مەودا ناوەندی سۆڤێتی ناسراو بە SS20 لە ناوەڕاستی هەفتاکاندا، ئەم بژاردەیەی داهێنا. کاتێک ڕێگان لە ساڵی ١٩٨١ هاتە سەر دەسەڵات، ڕاوێژکارەکانی بژاردەی زیرۆ ئۆپشنیان خستە بەردەمی. لەسەر ئەو بناغەیە ئەمەریکا داوا دەکات سۆڤێت هەموو ڕۆکێتەکانی SS20,SS4, SS5 هەڵوەشێنێتەوە، بەرامبەر بەوەش ئەمەریکا هیچ موشەکێکی تازە جێگیر ناکات. چالاکوانانی مەدەنی لە ئەوروپا و ئەمەریکا دژی زیرۆ ئۆپشن بوون لە بەر ئەوەی لە بنەڕەتا ڕەتکردنەوەی دانوستان بوو بۆ ئەوەی ئەمەریکا بتوانێت موشەکی نوێ جێگیر بکات بەبێ ئەوەی لە لایەن هیچ کەسێکەوە سەرزەنشتی یاخود سەرکۆنە بکرێت. ڕێگان ئەو نەخشەیەی لە ١٩٨١/١١/١٨ دا ڕاگەیاند، بەڵام دانوستانەکان لەو بارەوە شکستیان هێنا، ئەمەش بووە هۆکاری سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکی توند لە سەرتاسەری ئەوروپا. دوای هاتنە سەرکاری گۆرباچۆڤ لە یەکێتی سۆڤێت، زیرۆ ئۆپشن دیسانەوە کرایەوە بە بناغەی دانوستانەکان و لە ئەیلولی ١٩٨٧ ڕێکەوتنی لەسەر کرا، هەتا مایسی ١٩٩١ کۆی موشەکی هەڵگیراوەی سۆڤێت ٢٦٩٢ موشەکی مەودا ناوەند بوو. وەرگێڕ.

ئەندرۆپۆڤ، کە دوای مردنی بریژنێڤ لە ١٢ی ت٢ی ١٩٨٢ دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو، یەکسەر دانوستانەکانی هەڵپەسارد. لەم سەروبەندەدا، جێگیرکردنی موشەک بە گوێرەی نەخشەی داڕێژراو لە ئیتالیا و ئەڵمانیای رۆژئـاواو بەریتانیا، بـەردەوام بـوو. لە ژێر فشاری رایگشتیدا بەلجیکا هەتا شەوی ١٥ی مارتی ١٩٨٥ بوێری ئەو کارەی نەبوو، تا لە کۆتایدا حکومەتەکەی مارتینسی پێنجەم ڕێگایدا یەکەمین ١٦ موشەکی کرۆز لە بنکەی فلۆرین جێگیر بکات. لە هۆڵەندا یەکەمین کۆمەڵە رۆکێتی کرۆز لە ١٩٨٧–١٩٨٨ لە ڤونسدرێخت (Woensdrcht) جێگیر کرا. پەرچەکرداری سۆڤێتیش بەرامبەر بەم کارە ملهوڕانەیەی ئەمەریکا ئەوە بوو کە رۆکێتی کـورت مـەودای لـە جۆرەکانی (SS21,SS22, SS23) لـە هەریەکە لە ئەڵمانیای دیموکرات و پۆڵەندا و چیکوسلۆڤاکیا جێگیر کرد، ئەوان لە راستیدا لە هێرشێکی ئەتۆمی ئەمەریکا دەترسان. ئەمەریکا بە ئاشکرا باسی جەنگی ئەتۆمیی دەکرد. ئاژانسی هەواڵگری سۆڤێت (KGB) لەساڵی ١٩٨١، کارمەندەکانی خۆی لە پایتەختی وڵاتە رۆژئاواییەکان ئاگادارکردەوە کە ئەمەریکا نەخشە دادەنێت بۆ ئەوەی هێرشی ئەتۆمی بکاتە سەر یەکێتیی سۆڤێت، هەمووشیانی خستە ئامادەباشییەوە. لە ساڵی ١٩٨٣ ترسی سۆڤێت لە هێرشی ئەتۆمیی ئەمەریکا گەیشتە لوتکە، ئەم ترسە بەردەوام بوو هەتا دیداری لوتکەی نێوان ڕێگان و گۆرباچۆڤ لە ت٢ی ١٩٨٥.

لە ٢٣ی مارتی ١٩٨٣، سەرۆک ڕێگان بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو پرۆگرامی سەربازیی دوورمـەودای راگەیاند. لەو پرۆگرامەدا ئاماژەی بۆ سیستەمێکی بەرگری کرد کە دەتوانێت هەموو جۆرە موشەکێکی سۆڤێت لەکار بخات. ئەو سیستەمەش بە دەستپێشخەریی بەرگریی ستراتیژی ناسـراوە (Strategic Defense Initiatieve) SDI. ئامانجی ئەم سیستەمە ئاشکراکردن و لە کارخستنی رۆکێتەکانی دوژمن بوو لە قۆناغە جیاوازەکانی فڕیندا، لە ناو بۆشایی ئاسمان یاخود لە دەرەوەی بۆشایی. ئەم سیستەمەش پێویستی بە کارگەلێکی زۆر فراوان و ئاڵۆز و چڕوپڕی سیستەمی چاودێری و شوێنکەوتن و ئامێری کۆمپیتەری زەبەلاح و چەکی

ڕێگەبەست و تۆڕەکانی کەماندۆ کۆنترۆڵ و کۆمیونیکەیشن و هەروەها ئامێرەکانی بەرگری لەخۆکردن و سەرچاوەکانی ئەنەرژی هەبوو. هەندێ لەو چەکانە تازە بوون لەوانەش تۆپهاوێژی لەیزەری لە بۆشایی ئاسمان. لەبەر ئەو هۆکارانەش خەڵک بە جەنگی ئەستێرە یاخود جەنگی بۆشایی ئاسمان ناویان دەبرد.

ئاشکرا بوو کە نەخشەی بەرگری ستراتیژی بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ هاوپەیمانەکان لە ناتۆ داڕێژرابوو، بەبێ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەستەی ئەرکانی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئەمەریکا بڕیاری لەسەر درابوو، بۆیە ڕاستەوخۆ لە نێوان پسپۆڕ و تەکنیکارەکاندا هودەی ئەم پڕۆژەیە گفتوگۆی لەسەر کرا. ئەوان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە لەماوەی چەندین دەیە ئەگەر چەردەیەکی زۆر لە توێژینەوەی نوێ ئەنجام بدرێت ئەوسا ڕەنگە بتوانن سیستەمێکی نیمچە تەواوی SDI دروست بکەن و ڕەنگە لە ساڵی ٢٠٠٥ بەدواوە بتوانن هەندێ شار و هەندێ لە سەکۆکانی ڕۆکێت بپارێزن، بەڵام پاراستنی تەواوی خاکی ئەمەریکا لە هەڕەشەی موشەکی دوژمن بەو ڕێگایە ئەوە تەنها خەیاڵ پڵاوە. جگە لەوەش دەتوانرا بە ئاسانی ئەو سیستەمە بەلاڕێدا ببرێت و سەری لێبشێوێنرێت ئەگەر چەندین کڵاوەی درۆینە یاخود چەندین موشەک لە یەک کاتدا هەڵبدرێن. لەو ئەگەرانەدا دەکرێت تەنها ٧٥٪ ئەو ڕۆکێتانە تێکبشکێنرێن کە دێنە ناو خاکی ئەمەریکاوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا وەزیری بەرگری ئەمەریکا "واینبێرگەر" لە ک٢ی ١٩٨٧دا ئاشکرای کرد کە لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا یەکەم سیستەمی پەردەی بەرگری SDI دادەنێن.

بەربەستی هەرە گرنگ لەبەردەم ئەم پڕۆژەیە تێچوونە زۆرەکەی بوو. لە ماوەی یەکەمی توێژینەوەکاندا هەتا ساڵی ١٩٨٩ نزیکەی ٦٠ ملیار دۆلاری دەویست، بەڵام سەراپای تێچوونەکەی بە ئاسانی هەزار ملیارد دۆلاری تێدەپەڕاند. بەربەستێکی دیکە پەیماننامەی ساڵی ١٩٧٢ بوو بۆ سنوردارکردنی چەکی ئەتۆم، دەبوو ئەمەریکا پاشەکشە لەم پەیمانە بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت پڕۆژەی SDI جێبەجێ بکات، هەروەها هەموو پەیماننامەکانی دیکەش

بەهۆی پرۆژەی بەرگری ستراتیژییەوە "SDI" کەوتبوونە ژێر پرسیارەوە: بۆ نمونە قەدەغەی تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکان جگە لەوانەی ژێر زەوی نەبێت (١٩٦٣)، پەیماننامەی بۆشایی ئاسمان (١٩٦٧)، ئەم پەیماننامەیە بۆشایی ئاسمانی تەنها بۆ کردە مەدەنی و ئاشتیخوازەکان تەرخان کردووە، هەڵدانی چەکی ئەتۆمی و ئەنجامدانی تەقینەوەی ئەتۆمی لە بۆشایی ئاسمان لەگەڵ بەندەکانی ئەم پەیمانە ناکۆک بوون.

هەروەها لە رووی ستراتیژییەوە SDI مشتومڕی زۆری لێکەوتەوە، سەرۆک ریگان پێشبینی ئەوەی دەکرد کە دوای تەواوکردنی پرۆژەکە دانوستان لەسەر لابردنی هەموو رۆکێتە دوور مەوداکان دەکات. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە سۆڤێت لەهەمان ماوەدا دەبنە خاوەنی هەمان سیستەمی بەرگری تایبەت بە خۆیان. بەڵام لە دوای چەند ساڵیک لە گفتوگۆ ئاشکرا بوو کە ئەوان لە توێژینەوەکانیاندا بەو رادەیەی ئەمەریکا پێشڤەچوونیان بەدەست نەهێنابوو، ئەگەر هەموو شتێک بە گوێرەی پلانەکە بڕوات ئەوە یەکەمجار ئەمەریکا دەبێتە خاوەنی سیستەمەکە و بۆ دەیان ساڵ خۆی ئەو بوارە قۆرغ دەکات، ئەمەش تا رادەیەک جۆرێک لە دڵنیابوونیان پێدەدات، چونکە ئەوە واتای ئەوەی دەبەخشی کە دەکرێت هێرش بکرێتە سەر سۆڤێت بە بێ ئەوەی ترسێکی ئەوتۆ لە کاردانەوەی هەبێت. تاکە بژاردە لەبەردەم یەکێتیی سۆڤێت بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ستراتیژی بەرگری SDI ئەوە دەبێت کە ژمارەی رۆکێتی دوور مەودا زیاد بکات، ئەمەش بێگومان دەبێتە هۆی دروستبوونی پێشبڕکێی تازە لە چەک. کاردانەوەی سۆڤێتییەکان بۆ سیستەمی بەرگریی ستراتیژی زۆر توند بوو، هەرچەندە بەشێک لە بیرمەندەکانیان لە بواری ستراتیژی لەو باوەڕەدابوون کە ئەو سیستەمە دەکرێت بە ئاسانی بشکێنرێت بۆیە نابێتە مایەی تێکدانی سەقامگیری، هەروەها سەرکردەی نوێی حزب "میخایل گۆرباچۆڤ" یش بەرە بەرە باوەڕی بەوە هێنا. گۆرباچۆڤ و سەرکردەکانی دیکەی سۆڤێت لەو باوەڕەدا بوون کە ئەمریکییەکان دەیانەوێت لە رووی ئابوورییەوە سۆڤێت داڕزێنن

لە ڕێگای ناچارکردنیان بە بەرهەمهێنانی هەمان ئەو چەکانەی ئەوان پێشتر هەیانبووە یاخود بەتەمای دروستکردنی بوون.

هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی ئەمەریکا زۆر نارەحەت و دڕدۆنگ بوون. لە پلانی SDI دا، ئەوروپا لە دەرەوە بێ پەردەو پاراستن مابۆوە. بۆ ئەوەی بێزاری ئەوروپییەکان بڕەوێنێتەوە و کەمێک نیەت پاکی پیشان بدات، ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٨٦هەندێ بەشی سیستەمەکەی لە کۆمپانیا پیشەسازیی ئەوروپییەکان داوا کرد هەروەها ئامادەسازی کرا بۆ (دەستپێشخەری بەرگریی ئەورپا- EDI )، ئەم سیستەمە تەنها بۆ پاراستنی دامـەزراوە سەربازییەکان بوو نەک بۆ دانیشتوان.

فەرەنسییەکان پرۆژەیەکیان بە ناوی ئێرۆکا (Eureka) پێشکەشکرد و لە کۆنگرەی ئەوروپا لە میلانۆ (٢٨ حوزەیرانی ١٩٨٥) پەسەند کرا، وەک وەڵامدانەوەیەکی سڤیل بوو لە ئەوروپا بۆ پلانە سەربازییەکەی ئەمەریکا SDI، ئەوروپیەکان لەوە نیگەران بوون کە کۆمپانیا ئەمریکییەکان هەموو توێژینەوە تەکنەلۆژییە پێشکەوتووەکانیان لە چوارچێوەی پرۆژەی بەرگری ستراتیژیدا بۆ خۆیان دادەنا.

## هاوڕێ لەگەڵ پاپا یۆحەننا پۆڵسی دووەم لەسەر ڕێگای جەنگ دژی ئیمپراتۆریەتی شەڕ:

بێگومان ریگان دەیویست لە هەموو لایـەکەوە دوژمنایەتی یەکێتیی سۆڤێت بکات، لە مارتی ١٩٨٣دا سۆڤێتی بە ئیمپراتۆریای شەڕ وەسف کرد. ئەو دەیزانی سۆڤێت پشتی بە هەناردەکردنی نەوت بەستووە وەک بەرهەمی سەرەکی؛ بۆ ئەوەی داهاتی دوژمنەکەی کەم بکاتەوە، لەگەڵ وڵاتانی بەرهەمهێنی پترۆڵ دانوستانی کرد بۆ نزمکردنەوەی نرخی نەوت، ئەمەش لە ساڵی ١٩٨٥دا بەدەستهات و وەکو سەرکەوتنێکی گرنگ ئەژمار کرا. لە ڕێگای ئاژانسی هەواڵگرییەوە CIA هاوکاری یاخیبووەکانی یۆنیتا

(UNITA)[٩٠] لە ئەنگۆلا و موجاهیدەکانی ئەفغانستان و خەمیرە سورەکان کە لە دژی ڤێتنام دەجەنگان، زیاد کرا.

لە ئەوروپای رۆژهەڵاتیش رژێمە کۆمۆنیستەکان حاڵیان شڕ بوو. لە ساڵی ١٩٨٢ ئەندامانی کۆمیکۆن بە تێکڕا حەفتا و حەوت ملیارد دۆلار قەرزاری ڕۆژئاوا بوون. ئەم پارەیە بە خراپی خەرج کرا و زۆربەی ئەو وڵاتانە لە دۆخێکی چەقبەستوو یان دواکەوتندا بوون. دوای قەیرانی پترۆل لە هەفتاکاندا، یەکێتی سۆڤیەت داوای نرخێکی بەرزی دەکرد بۆ هەناردەکردن و دابینکردنی وزە. هەناردەکردن بۆ ڕۆژئاوا کەمی کرد و حکومەتە رۆژهەڵاتییەکان ناچار بوون باربۆکردنی خۆراک و وزە کەم بکەنەوە. ئەو دۆخە لە پۆڵەنداش بە هەمان شێوە بوو کە بیست و پێنج ملیار دۆلار قەرزاری ڕۆژئاوا بوو.

## سۆڵیدارنۆشک (Solidarnosc):

کاردانەوەی ڕێگان بەرامبەر بە روداوەکانی پۆڵەندا توند بوو. ئەو وڵاتەی کە حوکم کردن تیایدا زۆر قورس بوو، دەبوو کۆمۆنیستەکان بەردەوام لەناو کێشەدا بن، چونکە ئۆپۆزیسیۆن هەمیشە بەهۆی هەڵوێستە توند و بەهێزەکانی کەنیسەی کاتۆلیکەوە بە بەهێزی دەمایەوە. کرێکاران دوای نارەزایی توند و کاری توندو تیژی لە دژی گرانبوونی نرخەکان، کە دەیان کوژراوی لێکەوتەوە، توانیان لە ک١ی ١٩٧٠، گۆمولکا لەسەر کار لابەرن. دوای ئەو (ئیدوارد گریک) کۆنە کرێکاری کانە خەڵوزەکان شوێنی گرتەوە، ئەو پارەو پولەی کە لە رۆژئاواوە بە قەرز وەرگیرابوو، لە پیشەسازی کۆن

٩٠ یونیتا کورتکراوەی یەکێتیی نەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی تەواوی ئەنگۆلایە (National Union for the Total Independence of Angola)، ساڵی ١٩٦٦دروست کراوە. دووەم حزب بوو لە پاڵ بزوتنەوەی گەل بۆ ئازادی ئەنگۆلا (MPLA) لە شەڕی سەربەخۆیی ئەنگۆلا بەشدار بوو. یونیتا سەرەتا لە لایەن چینەوە هاوکاری دەکرا هەتا ساڵی ١٩٧٥ دواتریش دوای سەربەخۆیی لە لایەن ئەمەریکا و دەزگای سی ئای ئەی هاوکاری دەکرا. جەنگی ناوخۆی ئەنگۆلا لە دوای سەربەخۆیی (١٩٧٥-٢٠٠٢) یەکێک بوو لەو جەنگانەی کە بەهۆی شەڕی ساردەوە دروستکرا و هەردوو بەرەی شەڕ کران بە دوژمنی یەکتر.یۆنیتا لە لایەن ئەمەریکا و بزوتنەوەی گەلیش لە لایەن سۆڤێت و کوباوە هاوکاری دەکرا. وەرگێڕ.

و سونەتیدا وەبەرهێنا و هیچ چارەسەرێکی ئەوتۆی ئابوری وڵاتی نەکرد. لە حوزەیرانی ۱۹۷۹ سەرلەنوێ سەرهەڵدان لە دژی گران بوونی نرخەکان دەستیپێکردەوە.

بۆ پۆڵەندییەکان زۆر گرنگ بوو کە لە مانگی ت۲ی ۱۹۷۸دا، کاردینالی دژە کۆمۆنیست کارۆڵ ڤۆیتیلا (Karol Wojtyla) ی بە ڕەچەڵەک پۆڵەندی وەک پاپای ڤاتیکان دەستنیشانکرا. لە ک۲ی ۱۹۷۹ پاپای دژە کۆمۆنیست، بە نەشوەی سەرکەوتنەوە سەردانی نیشتمانی خۆی کرد. ئەو سەردانە دەسەڵاتی ڕەهای سەرکردە کۆمۆنیستەکانی شکاند. ئێستا بۆ هەموو کەسێک ئاشکرایە پاپا یۆحەننا پۆڵسی دووەم بۆتە سەرکردەی ئەخلاقیی پۆڵەندا و لە دژی کۆمۆنیزم دەست بەکار دەبێت. پۆڵەندییەکان ئێستا هەست بە بوێری زیاتر دەکەن لە ڕووبەڕووبونەوەی ڕژێمدا، چونکە دڵنیا بوون کە پاپا لە پشتیانە و دەیانپارێزێت.

هاوینی ۱۹۸۰ لە دژی بەرزبوونەوەی نرخی گۆشت سەرهەڵدانێکی نوێ کرا. لە ژێر سەرکردایەتی تەکنیکاری بێکاری کارەبا و سەرکردەی پێشووی مانگرتنەکانی ۱۹۷۰ لیخ ڤاوێنسا (Lech Walesa) کرێکارانی کەرتی دروستکردنی پاپۆڕ لە "گدانسک" دەستیان بەسەر حەوزی (لینین-بۆ دروستکردنی پاپۆڕ) گرت. مانگرتن و خۆپیشاندانەکان تەشەنەی سەند، ڕژێم ناچار بوو دانوستان لەگەڵ ڤاوێنسا بکات. ئەو چەندین ساڵ بوو کاری بۆ بنیاتنانی سەندیکایەکی سەربەخۆی دەکرد، ئێستا ئەو هەلەی هاتە بەردەست. لە ۳۰ی ئابی ۱۹۸۰ دوای میانگیری پاپا و پیاوانی ئایینی وڵات ڕژێم ناچار بوو سەندیکای هاوکاری سەربەخۆ (سۆڵیدارنۆشک) بە ڕەسمی بناسێت. هەروەها سەندیکا داوای کرد کە ڤاوێنسا و هاوکارەکانی ڕۆڵی سەرکردایەتی بگێڕن لە ناو پارتی کۆمۆنیستدا. پارتی کۆمۆنیست بە تەواوی دووچاری سەرلێشێواندن ببوو. گریک لە ٦ی ئەیلولدا دەستی لە کار کێشایەوە و "ستانیسلاڤ کانیا" کە دەیویست پارتەکە نوێ بکاتەوە، هاتە شوێنی.

سۆڵیدارنۆشک وەڵامی کرێکاران بوو بەرامبەر لێکهەڵوەشاندنەوەی سیستەمی ئابوری وڵات. ڤاوێنسا توانی بە حەماسەتێکی زۆرەوە لایەنگرێکی زۆر بۆ سەندیکای سۆڵیدارنۆشک کۆبکاتەوە، لە دوای چەند مانگێک پتر لە نیوەی دانیشتوانی نێرینەی وڵات بوونە ئەندام. کەنیسەی کاتۆلیکی و خودی پاپا یۆحەننا پۆڵسی دووەم بە ئاشکرا و بەوپەڕی توانایانەوە هاوسۆزی بوون. سەرکردەکانی پۆڵەندا داوایان لە پاپا دەکرد کە ئاستی داواکارییەکانی سۆڵیدارنۆشک رابگرێت، ئەوان لەوە دەترسان سۆڤێت لە ئان و ساتێکدا هێرش بکاتە سەریان. پاپا بەوە قایل بوو، سەرەنجام توانی فشار بخاتە سەر ڤاوێنسا. هەروەک لە بەهاری ١٩٦٨ لە چیکوسلۆڤاکیا رویدا، بوونی سۆڵیدارنۆشک کە لەپڕێکدا بوو بە خاوەنی ١٠ ملیۆن ئەندام بوو بە مایەی مشتومڕێکی زۆری رەخنەگرانە لەمەڕ ئایندەی پۆڵەندا. پەردە لەسەر دەسەڵاتی ئیفلیج بووی پارتی کۆمۆنیست هەڵماڵرا و پەیوەندی دۆستانەی (هەتا هەتایی) لەگەڵ سۆڤێت کەوتە ژێر گومانەوە.

سەرکردەی ئەڵمانیای دیموکرات، هۆنیکەر، "هوساک"ی چیکوسلۆڤاکیا، زیڤکۆڤ لە بولگاریا، دەستبەجێ کارەکتەری شۆڕشگێڕانەی سەندیکایەکی ئازاد و دوور لە هەژمونی پارتی کۆمۆنیستیان زانی بۆیە ویستیان دەستوەردان بکەن. سەرکردەکانی سۆڤێتیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا بوون و بڕیاریاندا لە ٨ی ک١ی ١٩٨٠ هێزەکانی سۆڤێت بە هاوکاری کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات و چیکۆسلۆڤاکیا هێرش بکەنە سەر پۆڵەندا و هەموو شتێک بخەنەوە سەر رێچکەی رەوانی خۆی. لە ٥ی ک١دا " کانیا" توانی بریژنێڤ قایل بکات کە هێرشەکە نەکات و لەو باوەڕەدا بوو کە خۆی لە پێگەیەکدایە دەتوانێت سۆڵیدارنۆشک بکاتە دەرەوەی یارییەکە. لە هەمان مانگدا بریژنێڤ نامەی هەریەکە لە پاپا و کارتەر و سەرۆکی تازە هەڵبژێردراو "رێگان"ی بەدەست گەیشت کە هەموویان داوایان دەکرد دەستوەردان لە پۆڵەندا نەکات. لە بەهاری ١٩٨١دا دۆخەکە هێشتا دژوار بوو، هەڵسەنگاندن دەکرا بۆ سود و زیانەکانی دەستوەردان. یەکێک لە زیانە هەرە خراپەکانیش ئەوە بوو کە سۆڤێت دەترسا بەشێک لە سوپای پۆڵەندا هەڵگەڕێتەوە و شەڕی هێزەکانی

پەیمانی وارشۆ بکات، هەروەها لە نێوان سەرکردە کۆمۆنیستەکانی پۆڵەندا جیاوازی بیروڕا هەبوو. کانیا دەیویست لەگەڵ سۆڵیدارنۆشک ڕێکەوتنێک بکرێت، بەڵام وەزیری بەرگری ژەنرال "یاروزلسکی" لەگەڵ پاکتاوکردنیاندا بوو.

هێزە دژە کۆمۆنیستەکان لە بەهاری ١٩٨١دا خۆیان ڕێکخستبوو. سەرۆک ڕێگان لە ڕێگای بەڕێوبەری ئاژانسی (سی ئای ئەی) ە وە "ولیەم کاسی" و راوێژکارە تایبەتەکەی خۆی بۆ دۆسیەی پۆڵەندا "بریژنیسکی" ڕاستەو خۆ پەیوەندی بە پاپا و ڤاوێنساوە هەبوو. ئامانجی ئەمریکییەکان زۆرئاشکرا بوو: پۆڵەندا بەهۆی "سۆڵیدارنۆشک" ە وە لە بلۆکی سۆڤێتی دەربێنن. دوای مانگرتنێکی سەرکەوتوانە لە ٢٧ی مارتدا، سۆڵیدارنۆشک بە نیاز بوو مانگرتنێکی سەرتاسەری ڕابگەیەنێت. سۆڤێت لەگەڵ پاپا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە مانگرتنەکە نەکرێت، بەرامبەر بەوەش سۆڤێت هێرش ناکاتە سەر پۆڵەندا. لە یەکەمین کۆنگرەی سۆڵیدارنۆشک لە ١١ی ئەیلولی ١٩٨١دا، داوای ئەنجامدانی ریفراندۆمێک کرا بۆ نوێنەرایەتیکردنی کرێکاران لە کارگەکان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد، هەروەها داوای بێلایەن بوونی پۆڵەندا کرا لە نێوان هەردوو بلۆکدا. کرێکارانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیش هاندران بۆ ئەوەی هاوشێوەی پۆڵەندا سەندیکای ئازاد و سەربەخۆی کرێکاران پێکبهێنن. کانیا کە چی دیکە کۆنترۆڵی دۆخەکەی بۆ نەدەکرا، لە ١٨ی ت١دا دەستی لە کار کێشایەوە و یاروزلسکی شوێنی گرتەوە و پۆستەکانی سەرۆک وەزیران و سەرۆکی حزب و وەزیری بەرەڤانیشی بەڕێوە دەبرد.

سۆڤێتییەکان زۆر نیگەران بوون لەو ڕوداوانە و بەردەوام سەرکردە پۆلۆندییەکانیان هاندەدا کە سۆڵیدارنۆشک قەدەغە بکەن. ڤاوێنسا و کاردینال "جۆزێف گلیمپ" ئیش دەیانزانی کە زیادەڕەوی زۆر دەکرێت، بەڵام کەسیان نەیاندەتوانی پێش بە ڕوداوەکان بگرن. حزبی سۆڵیدارنۆشک و ڤاوێنسا نەیاندەتوانی کۆنترۆڵی ئەو سەدان مانگرتنانە بکەن کە لە مانگی ت٢دا سەرتاپای وڵاتی داگرتبوو و بە شێوەیەکی مەترسیدار ببووە هۆکاری تێکدانی ڕەوشی بژێوی هاوڵاتیانی پۆڵەندا. لێرەوە ئیتر سۆڤێت بڕیاری سەپاندنی



لیخ ڤاوێنسا

ڕەوشی ئاوارتە و پاکتاوکردنی بزووتنەوەی سەندیکایی سۆڵیدارنۆشکی دا. "یاروزلسکی"ش بەهەمان شێوە ئەوەی دەویست، بەڵام بەبێ پشتیوانی تەواوی پەیمانی وارشۆ بوێری ئەوەی نەبوو.

سەرکردەکانی یەکێتیی سۆڤێت هەڵوێستی خۆیان گۆڕی چونکە پێشبینیان دەکرد یەکینە سەربازییەکانی پۆڵەندا بەرگریی بکەن، هەروەها لەو باوەڕەشدا بوون کە ڕووبەڕووی ناڕەزاییەکی توندی نێودەوڵەتی ببنەوە. ئەندرۆپۆڤ و ئۆستینۆڤ و سوسلۆڤ زۆر بە ڕوونی دژی هێرشکردن و دەستوەردان بوون. لە ١٠ی ک١دا مەکتەبی سیاسی بڕیاریدا هێز ڕەوانە نەکات. یاروزلسکی هیوابڕاو بوو، دوو دڵ بوو لەوەی کە بتوانێت نەخشەکانی جێبەجێ بکات. لە ١١ و ١٢ی ک١دا کۆمیتەی نیشتمانی سۆڵیدارنۆشک لە گدانسک کۆبۆوە و داوای جێبەجێکردنی هەندێ ڕێکاری کرد کە واتای کۆتاییهێنانی سیستەمی کۆمۆنیزمی دەگەیاند.

لە ١٣ی ت١ی ١٩٨١دا ئەنجومەنی سەربازیی بۆ فریاکەوتنی نیشتمان بە سەرکردایەتی یاروزلسکی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، رەوشی ئاوارتەی راگەیاند و سۆڵیدارنۆشکی قەدەغەکرد. ڤاوێنسا خرایە ژێر نیشتەجێکردنی زۆرەملێ و هەزاران کەس لە ئەندامانی باڵای ئۆپۆزیسیۆن دەستگیر کران. یاروزلسکی رایگەیاند ئەو ناچار بووە ئەو کارە بکات بۆ ئەوەی پۆڵەندا لە هێرشی وڵاتانی پەیمانی وارشۆ بپارێزێت. واقیعەکە تەواو پێچەوانەی ئەوە بوو: یاروزلسکی هەستی بە لاوازی خۆی دەکرد و ئەو وڵاتانە بڕیاریان دابوو کە بەهیچ شێوەیەک دەستوەردان نەکەن.

رێگان سزای ئابوری توندی خستە سەر پۆڵەندا لە دژی راگەیاندنی رەوشی ئاوارتە و قەدەغەکردنی سەندیکای سۆڵیدارنۆشک و لە ٧ی حوزەیرانی ١٩٨٢ پاپای بینی. هەردوولایان لەسەر ئەوە رێکەوتن کە کۆمۆنیزم لە پۆڵەندا لەناو بەرن. سەندیکای نهێنی سۆڵیدارنۆشک کە لە لایەن ڤاتیکان و سی ئای ئەیەوە هاوکاری دەکرا، کرا بە کوتەکێکی ئاسنین بۆ ئەوەی پشتی کۆمۆنیزمی پێبشکێنن و دواتر وەکو داشی دۆمینە هەموو رژێمە کۆمۆنیستەکان یەک بەدوای یەکتردا دەڕوخێن.

لە مانگی ت٢دا پاپای ڤاتیکان لەگەڵ یاروزلسکی دانوستانی کرد. بڕیاریاندا بەرامبەر بە سەردانێکی تازەی پاپا بۆ پۆڵەندا، ڤاوێنسا ئازاد بکرێت. ئەو سەردانەش لە جەوهەریدا بریتی بوو لە دانپێدانانی رژێمەکە لە لایەن پاپاوە. لە حوزەیرانی ١٩٨٣ پاپا سەرلەنوێ سەردانی نیشتمانی خۆی کردەوە. وەک پاڵەوانێکی سەرکەوتوو زیاتر لە جاری یەکەم پێشوازی لێکرا و لە ژێر فشارەکانی ئەویشدا یاروزلسکی ناچار بوو لە مانگی تەموزدا رەوشی ئاوارتە هەڵبگرێت و دۆخەکە ئاسایی بکاتەوە.

ڤاوێنسا ئازاد کرا و لە هەمان ساڵدا خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵی پێشکەشکرا، بەڵام رێکخراوی سۆڵیدارنۆشک هەر بە یاساغی مایەوە. ساڵانی دواتر دۆخەکە بە ئارامی مایەوە، بەڵام یاروزلسکی لەو باوەڕەدا بوو کە مەحاڵە گرفتە سیاسی و ئابورییەکانی پۆڵەندا چارەسەر بکرێن، بۆیە هەوڵیدا لەگەڵ کەنیسەدا بگاتە چارەسەرێک. لە ١٣ی ک٢ی ١٩٨٧دا چاوی بە پاپا کەوت

لە ڕۆما و ڕاشکاوانە پێی ڕاگەیاند: ئێمە دۆڕاین، نە حزب و نە سیستەمی کۆمۆنیزم هیچیان ئایندەیان نییە. پاپا بەڵێنی دا هاوکاری پۆڵەندیەکان بکات. لە ١٩ی شوباتدا ڕیگان سزا ئابورییەکانی هەڵگرت، لە حوزەیران دا پاپا یۆحەننا پۆڵسی دووەم جارێکی تر سەردانی پۆڵەندای کردەوە و بەشێوەیەکی تایبەت مەدح و سەنای سۆڵیدارنۆشکی کرد، بەمجۆرەش زەبرێکی کوشندەی لە ڕژێم سرەواند.

## لوبنان:

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢دا، ڕیگان هێزی پیادەی دەریایی نارد بۆ لوبنان، بۆ ئەو وڵاتەی کە دوای جەنگی ئیسرائیل شەڕی ناوخۆ شڕودڕی کردبوو. ئامانج لە یارمەتیدانی سەرۆکی کریستیانی ڕاستڕەو ئەمین جومەیل (Amine Gemayel) بوو لە دژی فەلەستینی و گروپەکانی دیکەی کە لەلایەن سۆڤێتەوە هاوکاری دەکران. پیادەی دەریایی ئەمەریکا کەوتە ناو گێژەنی شەڕێکەوە ئەوسەری دیار نەبێت، گروپەکان بە جۆرێک لە یەکتر ئاڵۆسکابوون کە دۆست و دوژمن لە یەکتر جودا نەدەکرانەوە. لە ٢٣ی ت١ی ١٩٨٣دا ٢٤١ مارینزی دەریایی لە هێرشێکی خۆکوژیدا کوژران. دەستوەردانەکە شکستی خوارد و لە شوباتی ١٩٨٤دا هێزەکانی ئەمەریکا پاشەکشەیان کرد[٩١].

---

٩١ لە دوای دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٩٤٨، بەهۆی شەڕی نیوان و عەرەب و ئیسرائیلەوە ژمارەیەکی زۆری فەلەستینی هاتنە ناو خاکی لوبنان و بەهۆیانەوە لوبنان وەک بەرەیەکی جەنگی لێهات لە دژی ئیسرائیل. ئەو کاتە دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی زیاتر لەژێر دەستی مارۆنی و مەسیحیەکان بوو، بۆیە بەردەوام لە نێوان سوپای لوبنان و میلیشیا فەلەستینیەکان شەڕ و پێکدادان هەبوو. ساڵی ١٩٧٥ ئەو کێشانە تەقینەوە و بوو بە شەڕێ ناوخۆ لە لوبنان. لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٨٢ ڕێکخراوی ئەبو نیزال هەوڵیدا باڵیۆزی ئیسرائیل لە لەندەن تیرۆر بکات، ئیسرائیلیش لە ٦ی هەمان مانگدا هێرشی بۆ ناو لوبنان هێنا و بەیروتی داگیر کرد. لەو سەروبەندەدا شەڕی لوبنان بوو بەشەڕێکی نیودەوڵەتی بە وەکالەت و زۆربەی وڵاتە عەرەبیەکان و ئیران و تورکیا و وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەت فەرەنسا و ئەمەریکاش پەلکێش بوونە ناو شەڕەکە. ساڵی ١٩٨٩ بە گوێرەی ڕێککەوتنی تائیف لە سعودیە دانوستانی ئاگربەست کرا و لە ١٩٩٠دا شەڕ کۆتایی هات. وەرگێڕ.

## خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی کۆریای باشور:

لوتکەی ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤێت لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتی ریگان بەهۆی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەی بۆینگی کۆریای باشور بوو. لە ١ی ک١ی ١٩٨٣ فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگری کۆریای باشور لە ڕێڕەوی خۆی لایدا و لە ئاکامدا لە لایەن فڕۆکەیەکی هێرشبەری سۆڤێتەوە لە سەر سنورە ئاوییەکانی یەکێتیی سۆڤێت لە نزیک دورگەی سەخالین خرایە خوارەوە. هەموو سەرنیشینەکانی ئەو فڕۆکەیە کە ژمارەیان ٢٦٩ کەس بوون، کوژران، لەوانەش ٦١ هاوڵاتیی ئەمەریکی. هەرگیز وەڵامێکی پەسەندکراو بەدەست نەگەیشت بۆ ئەو پرسیارەی کە داخۆ بۆچی دەبێت فڕۆکەیەک ئەوەندە لە ڕێڕەوی خۆی لابدات و دوور بکەوێتەوە؟ ئایا فڕۆکەکە لە ئەرکێکی سیخوڕیدا بووە بۆ تاقیکردنەوەی سیستەمی ڕاداری سۆڤێتی؟ لانی کەم ئەوە بۆچوون و هەڵسەنگاندنی لایەنی سۆڤێت بوو. لە ڕاستیدا ڕۆکێتێک لەو ناوچەیە تاقی کرابۆتەوە و فڕۆکەوانە سۆڤێتییەکان سوسەی فڕۆکەیەکی سیخوڕی ئەمەریکیان لەو ناوچەیە کردبوو. فەرمانی خستنە خوارەوەی فڕۆکە کۆرییەکەش بەبێ ئاگاداری مۆسکۆ، لە فەرماندەیەکی لۆکاڵییەوە دەرچووبوو. سەرۆک ریگان زۆر بە توندی کاردانەوەی نواند و ڕستێک سزای ئابوری تازەی خستە سەر سۆڤێت. بەرە بەرە ئاڵۆزییەکان ڕەوینەوە دوای ئەوەی زانرا کە سۆڤێتییەکان ئەو ڕوداوەیان پێناخۆشە و ئەوەی پێویست بێت دەیکەن بۆ دووپات نەبوونەوەی.

## ریگان (گرینادا) ڕزگار دەکات:

ریگان لە دورگەیەکی بچوکی کاریبیدا (گرینادا) کە ٨٠ هەزار دانیشتوانی هەبوو، سەرکەوتنی بەدەست هێنا. لە دورگەکەدا کۆلێژێکی ئەمەریکی پزیشکی هەبوو کە پتر لە ٥٠٠ ئەمەریکی وانەی تێدا دەخوێند. ژمارەیەک کرێکاری کوبیش لە هەمان دورگەدا بوون کە لە فرگەیەکی سۆڤێتیدا کاریان دەکرد.

لە ١٩ی ت١ی ١٩٨٣دا مۆریس بیشۆپ (Maurice Bishop) سەرۆک وەزیرانی میانڕەو لە حکومەتی چەپ لە لایەن باڵێکی چەپی توندڕەوی حزبەکەی خۆی بەسەرکردایەتی ژەنراڵ (هەدسۆن ئاوستین) تیرۆر کرا. ئاوستین ویستی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت، بەڵام هێرشی مارینزەکانی هێزی دەریا و سەربازانی هەندێ لە وڵاتانی کاریبی نەیانهێشت ئەوە رووبدات. دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٤، حکومەتێکی دیموکراتی لە گریـنادا پێکهێنرا. سەرۆک ریگان زۆر بەو دەستکەوتەی خۆی دڵی خۆش بوو، وڵاتێکی لە چنگی کۆمۆنیزم واتە سۆڤێت، دەرهێنایەوە. لێرە بەدواوە مۆسکۆ دەخرێتە هەڵوێستی بەرگریکردنەوە. دوایی ئاشکرا بوو کە یەکێتیی سۆڤێت لە گریـنادا بوونی نەبوو، بەهیچ شێوەیەکیش هاوکاری ئاوستینی نەکردووە.

## باشوری ئەمەریکا:

ریگان بـەردەوام بوو لە گرتنەبەری رێکاری توند لە دژی حکومەتی ساندینستەکان لە نیکاراگوا. بە بوونی هەندێ لە کۆمۆنیستەکان لە ناو حکومەت و ئەو یارمەتیانەی کە لە هەندێ وڵاتانەوە بە تایبەت لە وڵاتانی کۆمۆنیستەوە بە دەستیان دەگەیشت سەراسیمەبوو، بۆیە دەیویست ئەو حکومەتە بڕوخێنێت و بیگۆڕێت بە تیمێکی دیموکراسی: ریگان بە دوو جۆرە تاکتیک ئەم کارەی دەکرد. بەهۆی بایکۆتێکی قورسی ئابورییەوە گرانی دەخستە بـازاڕ و هاوڵاتیانی لە دژی رژێمەکە هاندەدا، لە لایەکی تریشەوە بە چەک و پارە هاوکاری کۆنترای دەکرد (لایەنگرانی سۆمۆزاو هێزە بەرهەڵستکارەکانی تر). ساڵی ١٩٨٤ هێزەکانی کۆنترا چەند سەد کەسێک دەبوون، لە پڕێکدا ئەو هێزە گەشەی سەند بۆ ١٢-١٥ هەزار کەس. سەرباری ئەوەی کۆنگرێس قەدەغەی کردبوو، بەڵام ریگان لە رێگای (سی ئای ئەی)ەوە فەرمانی بە کۆنترا کرد کە سەربازگا لە هندوراس بکەنەوە، لەوێوە راهێنانیان پێدەکرا و هێرشیان دەکردە سەر نیکاراگوا. زۆر جار ئەمریکییەکان راستەوخۆ لەم هێرشانەدا بەشدارییان دەکرد. هێزەکانی کۆنترا نەیاندەتوانی بەشێکی زۆری وڵات داگیر بکەن بەڵام ژێرخانی وڵاتیان خاپور دەکرد و لایەنگرانی حکومەتیان دەکوشت.

لە ک١ی ١٩٨٦دا ئاشکرا بوو کە بڕە پارەیەکی زۆری ئەمەریکا بە شێوەیەکی نایاسایی ڕۆشتووە بۆ کۆنترا، ساڵی پێش ئەوەش دادگای نێودەوڵەتی لاهای ئەمەریکای تۆمەتبار کردبوو بە دانانی مین لە کەنار و بەندەرەکانی نیکاراگوا و پشتیوانیکردنی یاخیبووەکانی کۆنترا. زۆرێک لە وڵاتانی ئەمەریکای باشور و ئەوروپای خۆرئاوا لە دژی سیاسەتەکانی ڕیگان دەرهەق بە نیکاراگوا ناڕەزاییان دەربڕی. سەرۆکی کۆستاریکا ئۆسکار ئاریاس سانشێز (Oscar Arias Sanchez) لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی دیکە پرۆژەیەکی ئاشتیان خستە بەردەم کە دەستێوەردانی بێگانەی لە نیکاراگوا قەدەغە کردبوو. ڕیگان دەستەوەستان بوو هیچی بۆ نەدەکرا، وڵاتەکە بەهای ٣.٥ ملیار دۆلار زیانی ویکەوتبوو. ئۆرتیگا (Orte-ga) لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ بە نیاز بوو لەگەڵ کۆنترا دانوستان بکات. ڕیگان کۆشکی سپی بەجێهێشت بەبێ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنێت، بەڵام لەمەدا لۆمەی کۆنگرێسی دەکرد کە کۆت و بەندێکی زۆریان خستبووە سەر و جوڵەیان لێبڕیبوو.

هـەروەهـا حکومـەتی راسـتـڕەوی سـەلـڤـادۆر کـە خـاوەن زەویـیـە کۆنزەرڤاتیڤەکان دەستیان بەسەریدا گرتبوو، لەجەنگیاندا دژی یاخیبووە چەپەکان، لە لایەن ئەمەریکاوە پشتیوانی دەکران. لێرەش ئەمریکییەکان هەمان تێگەیشتنیان هەبوو، گوایا مۆسکۆ و کوبا سەرکردایەتی و پشتیوانی یاخیبووەکان دەکەن. بۆ کوبا ئەوە ڕاست بوو، بەڵام مۆسکۆ لە پشتەوە بوو تەنانەت لە حوزەیرانی ١٩٨١دا شۆڕشگێڕەکانی هاندا کە میانڕەو و نەرم بن لە هەڵسوکەوتدا. پاراستن و هێشتنەوەی ڕژێمی کۆمۆنیستی کوبا لەسەر سۆڤێت ڕۆژانە نزیکەی ٨ ملیۆن دۆلار لەسەر سۆڤێت دەکەوت و سەرچاوەی تەنگەژەی بەردەوامیش بوو لەگەڵ ئەمەریکا. ئیتر لە بەرژەوەندی سۆڤێتدا نەمابوو زیاتر هاوکاری وڵاتە کۆمۆنیستەکانی ئەمەریکای ناوەڕاست بکات و لە خنکاندن ڕزگاریان بکات. جگە لەوەش یەکێتی سۆڤێت پەرۆش بوو بۆ ئەوەی هیچ ئاستەنگێک دروست نەبێت بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێک بۆ ڕاگرتنی پێشبڕکێی چەک. تا ساڵی ١٩٩٠ نزیکەی ٧٠ هەزار کەس لە شەڕی

خۆبەخۆی سەلڤادۆر کوژرابوون. ئەو چوار ملیار دۆلارەی کە ئەمەریکا بۆ هاوکاری ناردبووی وەک بەفری بەهار توایەوە و دیار نەما.

ریگان مەبەستی بوو بە هەر نرخێک بووە ریگا لە تەشەنە سەندنی کۆمۆنیزم بگرێت لە ئەمەریکای باشور. پاپا یۆحەننا پۆڵسی دووەم باشترین هاوپەیمانی بوو بۆ ئەم کارە. پاپا دژی (لاهوتی ئازادی بەخش)[٩٢] بوو. راڤەکردنی ئینجیل لە لایەن ئەمانەوە لە بەرژەوەندی هەژاراندا بوو، زۆر جاریش بە ناوی مەسیحەوە بانگەوازی خەباتی چەکدارییان دەکرد لە دژی رژێمە راستڕەوە تۆتالیتارەکان. زۆرێک لە کەهنوت و پیاوانی ئایینی لە خەباتی چەکدارانەی چەپەکاندا بەشداربوون، یاخود بەشێک بوون لە حکومەتی ساندینستەکان لە نیکاراگوا. لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ ئەمەریکای لاتین لە ساڵی ١٩٨٧ پاپا کە لەوە دەترسا لاهوتی ئازادی بەخش راستەوخۆ ببێتە بەشێک لە مارکسیزم، بۆیە لە کاتی لێدوانەکانیدا زۆر بە توندی لە دژیان دەوەستایەوە. کەهنوت و پیاوە ئاینییە چەپەکان و هەروەها رەوتی عیساییەکان پێشتریش لە لایەن ڤاتیکانەوە زۆر بە توندی دژایەتیان دەکرا.

## تیرۆریزم و ئێران گەیت:

سەرۆک ریگان دەیویست بەرەنگاری تیرۆریزم بێتەوە، بە تایبەت لە ئەوروپای رۆژئاوا کە ئاژاوەی دەنایەوە. زۆرێک لە کردەوە تیرۆرستییەکان بەهۆی شەڕی ناوخۆی لوبنانەوە پەیدا بوون، یان بە هۆی ئەو هێرشە بێهودانەوە بوو کە گروپە پەرتەوازە فەلەستینییەکان ئەنجامیان دەدا. ریگان لەو باوەڕەدا بوو کە هەموو کردەوە تیرۆرستییەکان راستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ سۆڤێت لە پشتیانەوەیە. هەروەها پێی وا بوو کە سەرکردەی لیبی موعەمەر قەزافی (Muammar Gaddafi) وەک بریکاری یەکیتیی

٩٢ لە پەنجا و شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، بە تایبەتی لە ئەمەریکای لاتین لە ناو کەنیسە و ئینجیلییەکاندا رەوتێک پەیدا بووکە بە لاهوتی ئازادیبەخش (Libereation theology) ناوی دەبرا. ئەم رەوتە بە توندی بەرگری لە هەژاران و چینی چەوساوە دەکرد و چەندین کەسایەتی دیار و بەناوبانگی کەنیسەی لەگەڵدا بوو، وەک تێکەڵاوکردنێکی فکری مارکسی بوو بە ئایین. وەرگێڕ.

سۆڤێت بۆ تیرۆر هەڵدەسوڕێت و ڕێبەر و ڕێکخەری هەموو چالاکییەکانی تایبەت بە تیرۆرە. قەزافی دەبوو سزا بدرێت. لە ١٥ی نیسانی ١٩٨٦ ، هێزە ئاسمانییەکانی ئەمەریکا بەمەبەستی کوشتنی قەزافی بۆردومانی تریپۆل (تەرابلس)یان کرد، بەڵام سەری نەگرت.

ئێرانیش کە دیسانەوە ئەمریکییەکانی بە بارمتە گرتبوو (ئەمجارەیان لە لوبنان)، لە لایەن ڕیگانەوە وەک دەوڵەتێکی تیرۆریست ئەژمار دەکرا، بۆیە بایکۆت کرابوو. سەرسوڕمانێکی زۆر گەورە بوو کاتێک لە ت٢ی ١٩٨٦ ئاشکرا بوو ئەمەریکا بە نهێنی لە ڕێگای ئیسرائیلەوە چەکی بە ئێران داوە بۆ ئەوەی بارمتەکانی وەربگرێتەوە. ڕیگان درۆی کرد و گوتی لەبەر ئەوەی ئێران هاو سنورە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت بۆیە زۆر گرنگە بۆ ئەمەریکا و لە هەموو حاڵەتێکدا بە پێویستمان زانیوە بە هەر نرخێک بووە پەیوەندی باشمان هەبێت لەگەڵ هەندێ لە سەرکردەکانیدا. سکاندالەکە کاتێک بە تەواوی ڕوون بۆوە کە ئاشکرا بوو قازانجی فرۆشتنی ئەو چەکانە بەشێکی بۆ هاوکاری کۆنتراکانی نیکاراگوا بەکار هاتووە، کە ئەمەش کۆنگرێس پێشتر قەدەغەی کردبوو. ڕیگان نەیدەتوانی چیدیکە نکۆڵی لە ڕاستییەکان بکات، بەڵام دەیگوت کە پێشتر ئاگادار نەبووە لەو کارە، ئەمەش ناکۆک بوو لەگەڵ وتەکانی کۆلۆنێل (ئۆلیڤەر نۆرت)، کە بەرپرسی فرۆشتنی موشەکی تاو(TOW 2008) بوو بە ئێران. ڕسوایی ئێران گەیت و لێکۆڵینەوەکان و لێپرسینەوە و دادگایی کردنەکان لە ئەنجامدا شکۆمەندی سەرۆک کۆماریان لەکەدار کرد. لە کۆتایدا کەس باوەڕی بەوە نەدەکرد کە ئەو دەستی لەو کارە نەبووبێت.

## گۆرباچۆڤ (گلاسنۆست و پیرۆسترۆیکا):

هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ت٢ی ١٩٨٤ وەکو سەرکەوتنێک بوو بۆ سەرۆک ڕیگان. سودی لە بوژاندنەوەی ئابوری وەرگرت و بەڵێنەکەی خۆی بەجێهێنا: ئەمەریکا جارێکی تر زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی لە ڕووی سەربازیەوە بۆوە بە بەهێزترین وڵاتی دنیا. ڕیگان هەمیشە جەختی لەسەر

ئەوە دەکـردەوە کە دەخوازێت لە پێگەیەکی بەهێزەوە دانوستان لەگەڵ سۆڤێت بکات. ئێستا ئەو ئامادەیە بۆ ئەو کارە و دەتوانێت ماوەی دووەمی سەرۆکایەتی خۆی بۆ دانوستان تەرخان بکات، بە تایبەت کە کۆنگریس دەیوست خەرجییەکان کەم بکاتەوە و سکهەڵگوشین پەیڕە و بکات بۆیە فشاری دەکرد بۆ نزیکبوونەوە لە یەکێتیی سۆڤێت.

لە یەکێتیی سۆڤێتیش بـارودۆخ گۆڕابوو. لە ١٠ ت٢ی ١٩٨٢ بریژنێڤ کۆچی دوایـی کـرد. ئـەو چەندین سـاڵ نەخۆش بـوو، لە ساڵانی دوایـی کارکردنیدا، توانای سـەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی نەمابوو. بەرهەمی پیشەسازی و کشتوکاڵی زیاتر دووچاری چەقبەستن هاتبوون. وڵات لە ژێر فشاری بیروکراتە کۆنزەرڤاتیڤەکاندا خنکابوو، ئەوانە (بریژنێڤ)یان هێنایە سەر دەسەڵات بۆ جێبەجێکردنی فەرمانێک: دەست لە هیچ نەدات و هەموو شتێک وەک خۆی بمێنێتەوە، بۆیە بریژنێڤ بـەردەوام هەوڵی دەدا بگاتە ڕێکەوتن بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکان و چەکداماڵین.



١٩٨٢/١١/١٥

بریژنێڤ لە لایەن شوێنگرەوەکانی (ئەندرۆپۆڤ و چیرنینکۆ) بەخاک دەسپێردرێت

یەکێتیی سۆڤێت نەیدەتوانی هەتا سەر کێبەرکێی سەربازی لەگەڵ ئەمەریکا بکات، دەنا بە پێچەوانەوە دەبوو سەرلەنوێ لە ریشەوە خۆی رێکبخاتەوە. رژێمەکە نەیدەتوانی بە خێراییەکی پێویست تەکنەلۆژیای نوێ لەگەڵ پرۆسەی بەرهەمدا ئاوێتە بکات. لە کشتوکاڵدا دۆخەکە زۆر خراپ بوو، بەهۆی کێماسی لە بوارەکانی کۆگاکردن و گواستنەوەدا نیوەی بەرهەمی دانەوێڵە و سەوزە و میوە نەدەگەیشت بە بازاڕ و بەکاربەرەکان. بۆیە وڵات پێویستی بە کەمێک ئاوەڵابوون هەبوو بۆ ئەوەی بتوانێت ئامێر و پێداویستی خۆراک لە رۆژئاواوە هاوردە بکات. ئەوە تاکە رێگا بوو بۆ ئەوەی نەهێڵن ئاستی بژێوی دانیشتوان لەوە زیاتر نزم بێتەوە، بەبێ ئەوەی گۆڕانکاری ریشەیی بکرێت، کەواتە بیروکراسەکان لە پێناوی مانەوەی خۆیاندا دەبوو رێگا بە هەندێ ریفۆرم و ئاوەڵابوون بدەن.

کۆنە سەرۆکی کەی جی بی، ئەندرۆپۆڤ، کە لە دوای بریژنێڤ دەستبەکار بوو، لەگەڵ ئەوەدا بوو ریفۆرم بکات بەبێ ئەوەی پرسیارو گومان بخاتە سەر بنەما سۆشیالیستییەکانی رژێم. ئەندرۆپۆڤ دەیویست سنورێک بۆ گەندەڵی و خۆ دزینەوە لە کار و ئاڵودەیی ئەلکهول دابنێت. برێکی زیاتر ئۆتۆنۆمی بدات بە بەڕێوەبەرەکان تا لە بڕیار و کارەکانیاندا سەربەخۆ بن. لەبەر ئەوەی دانوستانەکان لەگەڵ ئەمەریکا بە بن بەست گەیشتبوون، هەوڵیدا لەگەڵ ئەوروپای رۆژئاوا پەیوەندییەکانی باشتر بکات و ئەوروپییە رۆژهەڵاتییەکانیشی بەو ئاراستەیەدا هاندا.

لەو کاتەدا سەرکردە کۆنزەرڤاتیڤە دڵسۆزەکانی حکومەتی رێگان لە رۆژئاوای ئەوروپا لەسەر دەسەڵات بوون: لە بەریتانیا "مارگرێت تاتچەر" لە ئەڵمانیای رۆژئاوا "هێلمۆت کۆڵ"، ئەو سۆشیالیستانەی بە ئەقڵی ئەمەریکی بیریان دەکردەوە، فرانسوا میتەران لە فەرەنسا، بێنیتۆ کراکسی لە ئیتالیا و فیلیپی گۆننزالێس لە ئیسپانیا. لە وڵاتانی بەنەلوکسیش هاوپەیمانی ناوەند و راست هەبوون. هەموویان هەوڵەکانی ئەندرۆپۆڤیان بۆ نزیکبوونەوە نادیدە دەگرت. لە ت٢ی ساڵی ١٩٨٢ەوە هاوپەیمانێکی دیکەی ئەمریکا، ژاپۆن، لەلایەن یاشیرۆ ناکاسۆنی زۆر ڕاسترەوەوە کۆنترۆڵکرا. ئەمیش بە هەمان

شێوە نزیکبوونەوەی لە یەکێتیی سۆڤێت ڕەتدەکردەوە. ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی سۆڤێت لە سەردەمی ئەندرۆپۆڤ لە هێرشێکی کتوپڕو ڕانەگەیەنراوی ئەتۆمیی ئەمەریکا دەترسان. سیاسەتی ڕێگان و لێدوانەکانی هۆکاری ئەم ترسە بوون.

سۆڤێتییەکان لە فراوانکردنی جبەخانەی بێشوماری ڕێگان تێنەدەگەیشتن، چونکە دەیانزانی کە ئەمەریکا ئیتر باڵادەستی تەواوی هەیە بەسەریاندا، ئەمەریکی و بەریتانیەکانیش ئەو ترسەی سۆڤێتیان بە ئاماژەیەکی خراپ دەزانی و نەیاندەزانی چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن[٩٣].

ئەندرۆپۆڤ ئامادەیی خۆی پیشاندا بۆ دانوستان لەگەڵ پاکستانی و ئەمەریکییەکان لەمەڕ کشانەوەی هێزەکانی سۆڤێت لە ئەفغانستان. لە نیسانی ١٩٨٣دا دانوستانەکان بەرەو تەواو بوون دەچوون، بەڵام دواجار لەسەر داوای ئەمەریکی و پاکستانییەکان کە حکومەتی داهاتوو لە کابول نابێت کۆمۆنیست بێت و لایەنگری ئەمەریکا بێت، گفتوگۆکان ڕاگیران. بۆ ئەوەی سۆڤێتییەکان جارێ خوێنیان لەبەر بڕوات و لە ناو زەلکاوەکەدا بمێننەوە ئەمەریکا پێی باش بوو شەڕەکە زیاتر درێژە بکێشێت.

ئەندرۆپۆڤ بەدەست نەخۆشی گورچیلەوە گرفتاربوو، تەنها هەشت مانگ لەو پازدە مانگەی کە دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو، توانی کارەکانی خۆی بکات. بەرپرسی حزب لە دۆسێی کشتوکاڵ و ئەندامی مەکتەبی سیاسی (گۆرباچۆڤ) کە تا ڕادەیەک گەنج بوو، لە لایەن (بریژنێڤ) ەوە

٩٣ بێگومان ڕێگان ئاشقی چەک بوو، لە سەردەمی ئەودا ئیتر ئەمەریکا بە تەواوی سۆڤێتی تێپەڕاند و باڵا دەستی خۆی سەلماند، سۆڤێتیش وردە وردە دادەڕزی و نرخی نەوتیش ئەوەندە دابەزی بوو کە وڵات بەرەو دارمان دەچوو. لە دۆخێکی ئاوادا بەریتانیا و ئەمەریکا لەوە دەترسان کە ئەم دۆخە سۆڤێت ناچار بکات ستراتیژی خۆی بگۆڕێت و کارێکی شەڕانگێزانە بکات، چونکە وەکو دواتر بۆمان ئاشکرا دەبێت ئەوان بەهیچ شێوەیەک پێشبینی ئەوەیان نەکردبوو کە یەکیتی سۆڤێت لەو نزیکانەدا بە تەواوی هەڵدەوەشێتەوە، تەنانەت وەکو خۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن پێشبینی ڕوخاندنی دیوارەکەی بەرلینیشیان نەکردبوو. وەرگێڕ.

کرا بە بەرپرسی دۆسیەی ئابوری، هەروەها بۆ دوای خۆشی هەر ئەوی دەستنیشان کردبوو وەک جێگرەوە.

گۆرباچۆڤ لە باشورەوە لە (ستراڤۆپۆڵ) کە سەرۆکی حزب بوو لەوێ، لە ١٩٧٨ هێنرایە مۆسکۆ و لەوێ کرا بە ئەندامێکی پایە بەرزی )نەمنکلاتورا(. پێشتر لە ستراڤۆپۆڵ بە گوڕوتینەوە ریفۆرمی باشی کردبوو، ببوە جێگای سەرنجی ئەندرۆپۆڤ و سوسلۆڤ و گرۆمیکۆ، کە بۆ پشووی خۆیان و کات بەسەربردن لەو ناوچەیە لایاندابوو. شایانی باسە گرۆمیکۆ مامی هاوژینەکەی گۆرباچۆڤ (رایسا) بوو.

میخایل گۆرباچۆڤ (Mikhail Gorbachev) کەسێکی بە هەڵپە بوو، سەرسام بوو بەخۆی و متمانەشی بەخۆی زۆر بوو، بە پێچەوانەی سەرکردەکانی دیکەوە ئەنجامدانی ریفۆرمی بە کارێکی گرنگ دەزانی. ئەو خوێندنی زانکۆی تەواو کردبوو، بۆیە کەسانی ئەکادیمی و روناکبیری لە دەوری خۆی دانابوو، ئەوانەی وەکو خۆی بیریان دەکردەوە و گوێی بۆ ئامۆژگارییەکانیان دەگرت. لەو ساڵە و دواتریش گۆرباچۆڤ بە پلەی یەکەم لە خەمی ئەوەدا بوو کە سیستەمی کۆمۆنیستی باشتر بکات. ئەڵمانیا دەبوو بە دابەشکراوی بمێنێتەوە، دەبوو هەژموونی یەکێتیی سۆڤێت لە ئەوروپای رۆژهەڵات بپارێزرێت. ئەو لە کۆتایدا دەیویست یەکپارچەیی یەکێتیی سۆڤێت بپارێزێت: هەرگیز خەیاڵی بەلای ئەوەدا نەدەچوو کە بەو نزیکانە یەکێتیی سۆڤێت هەڵدەوەشێتەوە.

ئەندرۆپۆڤ لە ٩ی شوباتی ١٩٨٤دا کۆچی دوایی کرد. ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئارەزووەکەی ئەویان بەجێ نەگەیاند: تێکۆشەری دێرین و کەسی نزیک لە بریژنێڤ کۆنستانتین شیڕنینکۆ (Konstantin Tsjernenko) خرایە شوێنی. گۆرباچۆڤ دەیزانی ئەو ناتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، بۆیە بە شێوەیەکی کاتی، بە دووەم پۆستی هەرەمی دەسەڵات رازی بوو. شیڕنینکۆی بەتەمەن کە نەخۆشی زۆری بۆ هێنابوو، نەیدەتوانی ریفۆرمەکانی ئەندرۆپۆڤ هەڵوەشێنێتەوە بەڵام لایەنە تیژەکانی کول و کوێر کردەوە. لە کاروباری دەرەوەشدا ئەو بە تەواوی پشتی بە

وەزیر ئەندریێ گرۆمیکۆ (Andrei Gromyko) بەستبوو، کە دەیویست سەرلەنوێ دیالۆگ لەگەڵ ئەمەریکا دەستپێبکاتەوە. شیرنینکۆ هێرشێکی سەربازی گەورەی کردە سەر ئەفغانستان. وەکو کاردانەوەش بەرامبەر بە بایکۆتی ئەمەریکا بۆ خولی یاری ئۆڵۆمپی مۆسکۆ لە ١٩٨٠دا، یەکێتیی سۆڤێت و هەموو ئەندامانی پەیمانی وارشۆ جگە لە ڕۆمانیا بەشداری یارییەکانی (لۆس ئەنجلیس) یان نەکرد لە ١٩٨٤.

گۆرباچۆڤ لە ک١دا (١٩٨٤- وەرگێڕ) سەردانێکی چڕ و پڕی مارگرێت تاتشەر(Margaret Thatcher) ی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا کرد. بۆ هەردوکیان سەرکەوتنێکی گەورەی میدیایی بوو. وێرای جیاوازی ئاشکرا لە بیروباوەڕەکانیاندا، تاتشەر لەو باوەڕەدا بوو کە گۆرباچۆڤ یەکەم سەرکردەی کۆمۆنیستە کە خاوەنی راستگۆیی بێت و بتوانرێت قسەی لەگەڵدا بکرێت. ئەم بۆچوونەی تاتشەر پەیوەندی بە هاوژینە لە خۆڕازییەکەی گۆرباچۆڤ (رایسا) ە وە هەبوو. ئەو مامۆستای وانەبێژی زانکۆ بوو لە رشتەی سۆسیۆلۆژی، ژنێکی قەشەنگ و رواڵەت خۆرئاوایی دەینواند، زۆر جیاوازتر بوو لە هاوژینی هەموو سەرۆکە سونەتییەکانی دیکەی سەرکردە سۆڤێتییەکان. تاتشەر راستەوخۆ ئەم (دۆزینەوە) گرنگەی بە ریگان گەیاند!

لە ١١ی مارتی ١٩٨٥ (رۆژێک دوای مردنی شیرنینکۆ- وەرگێڕ) لەسەر پێشنیازی گرۆمیکۆ، مەکتەبی سیاسی گۆرباچۆڤی تەمەن ٥٤ ساڵەی کردە جێگرەوەی کۆچکردوو شیرنینکۆ. هاوڕێکانی ئەوانەی کە لە خۆی بە تەمەن تر بوون، لەو باوەڕەدا بوون کە گۆرباچۆڤ ریفۆرمەکانی ئەندرۆپۆڤ بە هێواشی بەردەوام پێدەدات. کاتێک گۆرباچۆڤ هەنگاوەکانی زیاتر کرد، نەیانتوانی رایبگرن، هەستا بە دەرکردنی نەیارەکانی یاخود گواستنەوەیان و شوێنەکانیانی بە لایەنگرەکانی خۆی پڕ دەکردەوە، رێک وەک ئەوانەی پێش خۆی رەفتاری کرد.

سەرکردە نوێیەکەی سۆڤێت زۆر نیگەران بوو لە چەقبەستوویی ستراتکتۆری ئابوری یەکێتیی سۆڤێت و پاشکەوتوویی فراوانی تەکنەلۆژی، بە تایبەت لە بوارەکانی (رۆبۆتیکا، ئینفۆرماتیکا، تەلەکۆمۆنیکەیشن). لەو

ساتەوەختەدا یەکێتیی سۆڤێت تەنها ڕێژەی ١٤٪ی سەراپای بەرهەمی نەتەوەی ئەمەریکای پێکدەهێنا. لە داتا فەرمییەکانی دەوڵەتدا سەراپای بەرهەمی نەتەوەی یەکێتیی سۆڤێت لە ساڵی ١٩٢٨ ە وە (٨٤) ئەوەندە زیادی کردبوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە تەنها دروشمێکی سیاسی بوو، چونکە تەنها ٦ ئەوەندە زیادی کردبوو. ئابوریی یەکێتیی سۆڤێت -هاوشێوەی خۆرئاوا و ئاسیا- پشتی بە تازەکردنەوە و داهێنانی تەکنەلۆژی نەدەبەست، بەڵکو پشتی بە بەکارهێنانێکی دواکەوتوانە و سەرەتایی و بە فیڕۆدانێکی زۆری کەرەستە خاوەکان و هێزی کرێکار دەبەست. بەرهەمداریی کار یەکجار نزم بوو، بەهۆی کێماسی لە کرێکارانی پیشەگەر، سەراپای بەرهەم چەقی دەبەست و زیادی نەدەکرد. پیشەسازی شمەکی بەکارهێنان و خۆراک لە ئاستێکی زۆر تەسکدا بوو، چونکە بایەخی پلە یەکەم بۆ پیشەسازی چەک بوو. لە کشتوکاڵیشدا بەهەمان شێوە دۆخەکە خراپ بوو، بەرهەمداری لەو کەرتەدا بەرامبەر ١/٥ی بەرهەمداریی خۆرئاوا بوو.

گۆرباچۆڤ سەری لەو ڕاستییە سوڕمابوو کە یابان وێرای ئەوەی لە جەنگدا دۆڕا، کەچی لە یەکێتیی سۆڤێت زۆر پێشکەوتوو ترە و بووە بە دووەم وڵاتی پیشەسازی دنیا. لەگەڵ (ئەلکسەندەر یاکۆڤلیف)ی ڕاوێژکاری دەیویست قووڵتر لەوانەی پێش خۆی گرفتەکان چارەسەر بکات. ئەو دەیزانی زۆر کەس لەوانەی پێش خۆی وەکو سەرۆک وەزیرانەکەی خرۆشۆڤ (ئەلێکسی کۆسیجین) و ئەندرۆپۆڤ لە ریفۆرمەکانیاندا سەرکەوتوو نەبوون، چونکە لە لایەن زۆر کەسی کۆنەپەرستی ناو نەمنکلاتورا بایکۆت دەکران. لە لایەکی تریشەوە ورەی دەدایە بەرخۆی بەهۆی چاکسازییەکانی (دینگ شیاوپینگ) لە چین، ئەو زیاتر ئیلهامی لەوە وەردەگرت کە چاکسازی لە چین سەری گرتووە، نەک خودی ناوەرۆکی چاکسازییەکە.

گورباچۆڤ پێش هەمووشتێک دەیویست پێشبڕکێی سەرشێتانەی چەک رابگرێت، بۆ ئەوەی سەری بپەرژێتە سەر پیشەسازی سڤیل. خەرجییەکانی بەرگری لە یەکێتیی سۆڤێت نزیکەی شازدە یاخود بیست، هەندێ جاریش سی لە سەدی سەراپای بەرهەمی نەتەوەی دەبرد، کەچی بەرامبەر بەوەش

هەستی ئارامی و ئاسایشی نەدەبەخشی. یەکێتیی سۆڤێت بە تەنها خۆی دەبوو بەرامبەر بە چوار جەمسەری پیشەسازی جیهان لە پێنج جەمسەرەکە بوەستێتەوە، جگە لەوەش بەردەوام بە گومان بوو لە نیەت و ئامانجەکانی چین. جگە لەوەش، لە پێناو خۆ ئامادەکردن بۆ ئەگەری ململانێ و کێبەرکێ یەکێتیی سۆڤێت دیسانەوە بێمتمانەیی لەناو نەیارەکانیدا زیاتر دەکرد و ئەوانیش دووبارە خەرجییەکانی بەرگریکردنیان زیاد دەکردەوە. سوڕاندنەوەیەکی بێکۆتایی بوو لە بازنەیەکی بۆشدا. گۆرباچۆف کە دەیویست کۆتایی بە دەستوەردان بێنێت لە ئەفغانستان، بە هۆی بۆچوونە ئاشتخوازییەکانییەوە جەماوەرێکی زۆری لە رۆژئاوا بۆ خۆی پەیدا کردبوو. ناوبەناو سەردانی ئەوروپای دەکرد، یەکەم سەرکردەی سۆڤێتی بوو کە جێگای بڕوایان بێت و خاوەن راستگۆییەکی تەواوەتی بێت لە لایان. لە ئەوروپای رۆژئاوا و ئەمەریکا رایگشتی کەوتبووە ژێر کاریگەری گۆرباچۆڤ و هاوژینەکەی. تەنانەت تا رادەیەکی زۆر کەسایەتی پرۆفیشناڵی میدیایی (ریگان)یشی تێپەڕاند. راستییەکی روون و ئاشکرا هەبوو: ئەم پیاوە بیر لە شەڕکردن ناکاتەوە لە دژی ناتۆ.

سەرەتا لە نێوان(١٩٨٥-١٩٨٦)، گۆرباچۆف دەیویست وەک ئەندرۆپۆڤی مامۆستای، بەرهەمداری زیاد بکات لە رێگای قەلاچۆکردنی ئاڵودەبوون بە (کحول)[٩٤] و سەپاندنی دیسپلینی زیاتر لە کارکردن و سود وەرگرتنی

---

٩٤ ئالودەبوون بە خواردنەوەی کحول لە یەکێتیی سۆڤێت و تەنانەت روسیای ئەمڕۆش گرفتێکی زۆر گرانە. هەرچەندە خۆرئاوا بەدەست هەمان کێشەوە دەیناڵاند، بەڵام سۆڤێت زیاتر. لە کاتێکدا ٣٠٪ی خەڵکی ئەمەریکا بەهیچ جۆرێک مادە کحولییەکان بەکار ناهێنن لە یەکێتیی سۆڤێت تەنها ١٪ی پیاوان و ٢.٤٪ ژنان کحولیان نەدەخواردەوە. بە گوێرەی ئاماری ئەو سەردەمەی کە لەم بەشەدا باسی دەکرێت (١٩٨٧) نزیکەی ٨٥٪ی کرێکاران و کارمەندانی یەکێتیی سۆڤێت کێشەی ئالودەبوونیان هەبووە. لەو ساڵەدا نزیکەی ١٠ هەزار کەس بەهۆی ئالودەبوونەوە مردوون. هەندێ لەو کەسانەی کە لەبەر گرانی کحولیان دەست نەکەوتووە، هەستاون بە بەکارهێنانی مادەی هۆشبەری دیکە، لەوانەش کەرەستەی خاوی بۆن و سیکۆتین و بۆیاخی پێلاو. وەرگێر. بڕوانە David Pietrusza, The end of the Cold war. Lucent Books, PO Box 2890011, san Diego, CA92198-9011, P34.

تەواو لە شۆڕشی تەکنەلۆژی و مەعریفی. قەلاچۆکردنی ئالۆدەبوون بە ئەلکهول زۆر بە توندی گیرا: لە ناوچەکانی باشور ڕەزوباخێکی یەکجار زۆر خاپورکران، بەهۆی کەمبوونەوەی باجی گومرگی مادە کحولییەکان داهاتی گومرگی حکومەت بە ڕێژەی ٦٪ دابـەزی. دوای سێ ساڵ ئەم ڕێکارە هەڵوەشایەوە چونکە شکستی هێنا. هەروەها چەندین ڕێنمایی تازە گیرانە بەر بۆ ئەوەی فەرمانبەران بە شێوەیەکی فراوانتر لە بەڕێوەبردنی کارخانەکاندا بەشدار بن و بەرهەمداری زۆر بکەن. بەمجۆرە بە هێواشی کۆمپانیاکانی سۆڤێت دەخرێنە بەردەم کێبەرکێ لەگەڵ کۆمپانیا بێگانەکان. ئەم هەنگاوە (خێراکردن - Uskorenie) بۆ چالاککردنی سیستەمە باوەکە بوو، بیروکراسیەتی حزبی و وەزیرەکان هێشتا تەواو ئامادە نەبوون بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمی گەورە و زوو زوو ئیستێکیان دەکرد.

دوای ئەوە گۆرباچۆڤ بە نیاز بوو، ژیانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتیی یەکێتیی سۆڤێت سەرلەنوێ ڕێکبخاتەوە، ئەمەش لەڕێگای دوو ڕێکارەوە: یەکەم گلاسنۆست (ئـاوەڵابـوون) و دووەمـیش کە دوای ساڵێک هات پیرۆسترۆیکا (بنیاتنانەوە)، یاخود باشکردنی ڕژێمی سۆشیالیستی بوو بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دینامیک و پێشکەوتوو. کارەساتی شیرنۆ بیل (Chernobyl) لە ٢٦ی نیسانی ١٩٨٦ و شاردنەوە و ئەو ترس و دڵەڕاوکەیەی کە خستیەوە باندۆرێکی زۆری هەبوو لەسەر گلاسنۆست. گۆرباچۆڤ لە نەریتی کۆمۆنیزمدا نوقم بوو، بەڵام گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە حکومەت ناتوانێت بە باشی کارەکانی خۆی بکات تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ئـاوەڵا و شەفاف بێت و لە قۆناغی دووەمیشدا ئـازادی تاکەکەس و فکر فەراهەم بکات. لە مەودای دووردا ئەمە واتای ئەوەی دەبەخشی کە لە ناوخۆی حزبیشدا بۆچوونی جیاواز هەبێت، کە ئەمەش بە واتای ئەوە دەهات هەڵبژاردنی ئازادانە لە نێوان چەند کاندیدێکدا بکرێت بۆ پڕکردنەوەی پۆستە حزبییەکان. گلاسنۆست پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ خۆئاوائاسانتر کرد، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی ئایین و پێکهێنانی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی فەراهەم کرد (١٩٨٧-١٩٨٨). دەستگیرکراوەکان ئازاد کران و دەیانتوانی

بڕۆنەوە بۆ وڵاتی خۆیان. گرنگترین زیندانکراویش زانای فیزیا و باوکی بۆمبی هایدرۆجینی سۆڤیێت (ئەندرێ ساخارۆڤ) ڕێگای درا کە مەنفاکەی خۆی لە گۆرگی لە ک١ی ١٩٨٦ بەجێ بهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی و پۆستەکەی خۆی لە ئەکادیمیای زانستی مۆسکۆ وەرگرتەوە. کۆچکردنی جولەکە و ئەڵمانەکانی ڤۆلگاش ئاسان کرایەوە.

بە ڕێنمایی گۆرباچۆڤ ستالین تەواو ڕەشکرا و لە لایەن نوسەرانی گلاسنۆستەوە وەک خائینێک بە بیروباوەڕەکانی لینین ناوی دەبرا، لێرەوە گۆرباچۆڤ دەیویست لە نەیارە کۆنزەرڤاتیڤەکانی خۆی بدات لە سەرو هەمووشیانەوە (ئیگۆر لیگاشۆڤ). لینین ستایشی دەکرا، سیاسەتی تازەی ئابوری )١٩٢٢-١٩٢٨) کە سیاسەتێکی ئابوری تێکەڵاو بوو تیایدا بازرگانی بچوک و بازرگانی ئازاد لە بەرهەمی کشتوکاڵیدا، ببونە سەرچاوەی ئیلهامبەخشی گۆرباچۆڤ. ئەو دەیویست کۆمەڵگە لە سەرەوە ریفۆرم بکات، سەرەتا بە نەریتەکانی کۆمۆنیزم دەستپێبکات ئەمەش بە ئاماژە کردن بۆ لینین و نەخشەی ئابوری نوێ. ئەرکی هەرە گەورەی ئەم سەرکردەیە ئەوە بوو کە بتوانێت ئەم ڕێنماییانە بە باشی ئاراستە بکات.

زنجیرەی سێیەمی ریفۆرمەکان، لەژێر کاریگەری سیاسەتی ئابوری لینین دانرابوو،بەڵام نیوەناچڵ بوو: کۆمپانیاکان بەرپرسیاریەتی زیاتریان خرایە ئەستۆ (ک٢ی ١٩٨٨)، بەڵام هێشتا چاوەڕوانی فەرمانەکانی دەوڵەت بوون، لەملاشەوە کاری بازرگانی بچوک (هەروەزییەکان) ئازاد کرا (مایسی ١٩٨٨)، موڵکایەتی تایبەتیش لە مایسی ١٩٨٧ ئازاد کرابوو. گۆرباچۆڤ ئابوری تێکەڵاوی دروستکرد لە نێوان ئەو کۆمپانیا دەوڵەتیانەی کە تەواو داڕزابوون و لە لایەن ناوەندەوە بەڕێوە دەبران و ئەو کۆمپانیا تەواو ئازادانەی کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دروست کرابوون. بەهۆی ئەوەی کە ترسیان لە گۆرباچۆڤ نەبوو، ریفۆرمەکان لە نێو کۆمپانیا حکومیەکاندا جێبەجێ نەدەکران، لەملاشەوە گۆرباچۆڤ و هاوڕێکانی نەیاندەزانی چی لە کشتوکاڵیش بکەن کە هیچ جۆرە قازانجێکی ئەوتۆی لێدەکرا.

دەرەنجامەکانی ئەم ریفۆرمانە یەکسەر پۆزەتیف نەبوون. هەقدەست و کرێ بەرزکرانەوە، بەڵام بەرهەم نە لەڕووی کوالیتی و نە لەڕووی چەندایەتی گۆڕانکاری زۆری بەسەردا نەهات. بازاڕی رەش هاتە ئاراوە کە هەموو شتێک تێیدا بۆ فرۆشتن نمایش کرابوو، بەڵام نرخەکان ئەوەندە بەرز بوون کە خەڵکی ئاسایی نەیدەتوانی سەودایان بکات. لە ساڵی ١٩٨٩ بەدواوە ئاستی بژێوی هاوڵاتیانی سۆڤێت دابەزی و شمەکی بەکاربردنی رۆژانە بەرە بەرە کەمی دەکرد، داهاتی دەوڵەت نزم دەبۆوە. لە ساڵی ١٩٨٨ کورتهێنانی بودجەی حکومەت رێژەی ١٠٪ی سەراپای بەرهەمی نەتەوەی تێپەڕاند و حکومەتیش هیچی ئەوتۆی لە دەسەتدا نەبوو بیکات.

لە میانەی گفتوگۆ بەردەوامەکانی لەگەڵ سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپا، لەوانەش: گۆنزالیس، براندت، میتەران، کە خۆیان بە سۆشیالیست دەزانی، گۆرباچۆڤ لە ماوەی نێوان ١٩٨٨-١٩٨٩ زیاتر باوەڕی بەوە دەهێنا کە سۆشیال دیموکراتی زۆر لە کۆمۆنیزم باشترە بۆ سۆڤێت. گۆرباچۆڤ تەنها لە رووی تیۆریکەوە شارەزایی لە سۆشیال دیموکراتی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشا سوور بوو لەسەر هەڵوێستی خۆی. لە کۆتایی ١٩٨٩ گەیشتە ئەو باوەڕەی کە تەنها (کۆمەڵگەی بازاڕی کۆمەڵایەتی[٩٥]) دەتوانێت فریای یەکێتیی سۆڤێت بکەوێت.

وەک دەرەنجامێکیش بۆ ئازادی بیرورا، دەبوو گۆرباچۆڤ دەمودەست لەگەڵ کێشەیەکی تازەدا مامەڵە بکات، ئەویش ناڕەزایی گەلانی کۆمارەکانی ناو یەکێتیی سۆڤێت بوو، کە داوای ئۆتۆنۆمی زیاتریان دەکرد. گەلانی بەلتیق یەکەمینی ئەو گەلانە بوون کە لە هاوینی ١٩٨٧ دەستیان بە ناڕەزایی کرد و دوای ئەوانیش هەموو گەلان و کەمینەکانی تر کەوتنە ناڕەزایی دەربڕین. گۆرباچۆڤ وەک هەموو روسەکانی تر هەرگیز لەم هەوڵەی گەلانی بن دەست بۆ ئۆتۆنۆمی تێنەگەیشتن. لەو باوەڕەدا بوو کە گەلانی غەیرە روسی دەبێ زۆر سوپاسگوزار بن کە روسەکان بایەخیان بەوان داوە و

---

٩٥ جۆرە مۆدێلێکە لە سەردەمی گواستنەوەدا پەیڕەو دەکرێت کە تێیدا بەهاکانی بازاڕ تەحەکوم بە بەهاکانی کۆمەڵگەوە دەکەن. وەرگێڕ.

شارستانیەت و خۆشگوزەرانییان فێرکردوون. لە ڕێگای فێربوونی زمانی ڕوسییەوە توانیویانە دەستیان بە هەموو دنیا بگات. گۆرباچۆڤ پێی وا بوو کە یەکێتیی سۆڤێت لە ڕووی ئابوورییەوە پێکەوە ئالۆسکاون و هیچ کەس بەرژەوەندی لە جیابوونەوەدا نیە، بۆیە باوەڕی نەدەکرد کارەکان بەو خێراییە بڕۆنە پێشەوە.

ڕێککەوتنی ڕۆکێتی ئەتۆمی مەودا ناوەند INF (واشنتۆن ٨ ک١ی ١٩٨٧):

هێورکردنەوە و چەکداماڵین گرنگ بوون بۆ ئەوەی ریفۆرمە ناوخۆییەکانی هەلی سەرکەوتنیان هەبێت، بۆیە ئەمە ئامانجی یەکەم بوو لە سیاسەتی دەرەکیی گۆرباچۆڤدا. لە ساڵی ١٩٨٥دا پیشەسازی چەک نزیکەی حەوت ملیۆن کەس، یاخود ١٢٪ی دەستی کاری پێشەسازی بردبوو. هەموو ئەمانە کرێکار و تەکنیکاری کارامە بوون. لە ١٥ی ک٢ی ١٩٨٦ گۆرباچۆڤ لە پرۆژەیەکی سێ قۆناغدا پێشنیازی ئەوەی کرد کە تا ساڵی ١٩٩٩ چەکی ئەتۆم لە هەموو دنیادا قەدەغە بکرێت. لە ٦ی ئابی ١٩٨٥ ە وە یەکێتی سۆڤێت هەموو تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکانی ڕاگرت. لە ١٩٨٦ تەکنیکارە ئەمریکییەکان لە شوێنی تاقیکردنەوەکانی ئەتۆم لە یەکێتی سۆڤێت ئامادەبوون بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەو کۆگایانە. هەروەها گۆرباچۆڤ پێشنیازی ئەوەی کرد کە هێزە سونەتییەکان لە ئەورووپا لە حوزەیرانی ١٩٨٦ بـەدواوە کەم بکرێنەوە، بەوجۆرە دەبوو هەتا کۆتایی ١٩٩٠ نزیکەی یەک ملیۆن سەرباز لە ئەورووپا نەمێنێت.

لە ١٩ و ٢٠ی ت٢ی ١٩٨٥ بۆ یەکەم جار ڕێگان و گۆرباچۆڤ لە جنێڤ یەکتریان بینی. دیدارەکە دۆستانە بوو، بەڵام هیچ ڕێککەوتنێکی کۆنکرێتی نەکرا، چونکە ڕێگان جارێ ئـەوەی نەدەویست. لەو سەروبەندەدا ئەوە ئاشکرا بوو کە سەرۆک ڕێگان دەیەوێت لە ماوەی دووەمی سەرۆکایەتی خۆیدا ڕێچکەیەکی دیکە بگرێتە بـەر. ڕێگان ڕایگشتی و کۆنگرێس (کە دیموکراتەکانی بەسەردا زاڵ بوو) و حکومەتە ئەورووپییەکانی هاندەدا کە خەرجییە سەربازییەکانیان کەم بکەمەوە. پێشبڕکێی چەک ڕێگر بوو لەبەردەم گەشەسەندنی ئابوری لە ئەمەریکا. ئێستا ئیتر ڕێگان لە پێگەیەکی سەربازیی

نائاساییەوە دەتوانێت دانوستان لەگەڵ گۆرباچۆڤ بکات، بۆیە ئامادە بوو ڕێککەوتن ساز بکات. بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، گۆرباچۆڤ و ڕێگان لە ڕۆژانی ١١ و ١٢ی ت١ی ١٩٨٦ دیداریان لە ریکیاڤیک سازدا و لە ڕێککەوتن نزیک بوونەوە.



گۆرباچۆڤ و رایسای هاوژینی

باسی ئەوەکرا ژمارەی موشەکە ستراتیژییەکان بۆ نیوە کەم بکەنەوە و دوای دە ساڵیش بە تەواوی لەناوی بەرن. هەروەها باسی لابردنی هەموو ڕۆکێتە ناوەند مەوداکان، دروستکراوی ئەمەریکی و سۆڤێتی لە ئەورووپا کرا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا هیچ پەیماننامەیەک مۆر نەکرا، چونکە ڕێگان ئامادە نەبوو لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا دەستبەرداری توێژینەوەکانی SDI ببێ ، هەروەها سور بوو لەسەر بۆچوونی خۆی بەوەی کە تەنانەت دوای لابردنی هەموو ڕۆکێتە ستراتیژییەکانیش پێویستە لەسەر ئەمەریکا دەستبەرداری پشتێنەی دژە ڕۆکێت نەبێت وەک جۆرێک لە سیاسەتی دڵنیابوون. ڕێگان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەو ئاسایشی دڵنیایی هاوبەش (MAS) دەستەبەر بکات نەک لەناوبردنی دڵنیایی هاوبەش (MAD).

له‌ ساڵی ١٩٨٧ گۆرباچۆڤ لەژێر کاریگەری (بیرکردنەوەی پۆلیمۆلۆژی وویسری[٩٦]) بۆی دەرکەوت کە (بەرگریکردنی نا ورروژێنەرانە- Unpro-vocative Definition) بۆ یەکێتیی سۆڤێت گونجاوترە. لە وتارێکیدا کە رۆژی ١٧ی ئەیلولی ١٩٨٧ لە رۆژنامەی پراڤدا بڵاو کرایەوە، گۆرباچۆڤ دەڵێت: سوپای سۆڤێت دەبێت بەشی ئەوەندە بەهێز بێت کە بتوانێت بەرپەرچی هەر هێرشێک بداتەوە، بەڵام نابێت کردەوەی هێرشکردن ئەنجام بدات. ساڵی ١٩٨٧ ریگان لە هەموو کات زیاتر لە ژێر فشاری رایگشتی ئەوروپا و ئەمەریکادا بوو. خەڵک پێشبینی ئەوەی دەکرد ئاورێکی بەسۆز لە گۆرباچۆڤ بدرێتەوە: ئەو سەرکردە سۆڤێتییە دەبوو لە رۆژئاواوە هاوکاری بکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگری لە خۆی بکات دژی کۆنزەرڤاتیڤەکانی کرێملن. رێککەوتنی چەک دامالین لەگەڵ ئەمەریکا دەیتوانی هەڵوێستی ئەو بە شێوەیەکی بەرچاو پتەو بکات. سەرۆک ریگان کە بەهۆی سکاندالی ئێران گێت ناوبانگی لەکەدار ببوو، بەشوێن کارێکی مێژووییدا دەگەڕا کە بەهۆیەوە پێگەی خۆی پتەو بکات و بتوانێت خۆی کانید بکاتەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ت٢ی ١٩٨٨. هەروەها ریگان لەژێر باندۆری بزووتنەوەکانی ئاشتیدا بوو کە دژی چەکی ئەتۆم لە ئەمەریکا و ئەوروپای رۆژئاوا چالاک بوون و خەڵکێکی زۆر لایەنگریان بوون، فاڵگرەوەکانیش بە (نانسی)یان گوتبوو کە ئێستا کاتەکەی گونجاوە بۆ رێککەوتن لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت.

لە بارودۆخێکی ئاوەهادا و لە ٨ی ک١ی ١٩٨٧دا لە واشنتۆن رێککەوتنامەی INF (هێزە ئەتۆمییە سەرو مامناوەندەکان) مۆرکرا. ئەم رێککەوتنە کاتێک بەدی هات و بوو بە راستی کە گۆرباچۆڤ – لەسەر راوێژی ساخارۆڤ-وازی لـەداوای ئەوە هێنا کە (توێژینەوە تایبەتەکانی پەیمانگای بەرگری ستراتیژی SDI تەنها توێژینەوەی تاقیگەیی بن). ئێستا ترسی گۆرباچۆڤ لە SDI زۆر کەمتربۆتەوە لە جاران، لەبەر ئەوەی هاوڕێ لەگەڵ زۆرێک لە زاناکانی ئەو بوارە لەو باوەڕەدا بوو کە ئەو سیستەمە چی دیکە کار ناکات.

---

٩٦ پۆلیمۆلۆژی (Polemologie) بریتیە لە زانستێکی تایبەت بە شەڕ و ئاشتی، کە تیایدا هۆکارەکانی هەڵایسانی جەنگ و ئاشتییەکی درێژخایەن تاوتوێ دەکرێت. وەرگێڕ.

ڕێککەوتنی INF لە ڕاستیدا زۆر شۆڕشگێڕانە بوو، هەر یەکە لە ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤێت بڕیاریاندا هەموو موشەکە مەودا ناوەندەکان لەناو بەرن (ئەوانەی مەودایان لە نێوان ٥٠٠-٥٠٠٠ کلم دەبوو). ئەوەش واتای ئەوەی دەگەیاند کە کێشەی ڕۆکێتەکان لە یەکێتی سۆڤێت لە ئان و ساتێکدا چارەسەر بکرێت. بەم شێوەیە گۆرباچۆڤ و ڕێگان نەخشەیەکی "تۆباوی" یان لە پێناوی ئاشتیدا خستەڕوو. لە ئەوروپا ٢٨٠٠ موشەک لەناو دەبرێت (٢٠٠٠ موشەکی سۆڤێتی لەوانەش ڕۆکێتی ناو زڕاوی SS20) و ٨٠٠ ڕۆکێتی ئەمەریکی (لەوانەش ڕۆکێتی پیرشنگ٢ و موشەکی کرۆز). ئەم ڕێککەوتنە بەهایەکی ڕەمزیی گەورەی هەبوو. تەنها ئەوەندە نەبوو کە هەردوو لا بۆ یەکەم جار کۆک بوون لەسەر لەناو بردنی موشەکی تازە و ٣٨٠٠ کڵاوەی جەنگی، بەڵکو زۆر بە ڕوونی پیشانیاندا کە هیچ کامیان نیەتی دوژمنکارانەی بەرامبەر ئەویتر نیە، ئەمەش یەکەم هەنگاوی گرنگ بوو. چاودێران لەو باوەڕەدا بوون کە کۆتایی جەنگی سارد لە ئاسۆوە بەدەر کەوتووە.

## چاکسازییە سیاسییەکان (١٩٨٨):

گۆرباچۆڤ لە هەموو کات بەهێزتر بوو. دەیتوانی چاکسازییە سیاسییەکانی یەکێتیی سۆڤیت بەرەو پێشەوە بەرێت، بەهۆی پشتیوانی خەڵکەوە لە کۆنزەرڤاتیڤەکان بەهێزتر بوو. ئەنجومەنی باڵای سۆڤێت دەبێتە پەرلەمانێکی ڕاستەقینە بە ٥٤٢ ئەندام کە لە پەرلەمانەوە ٢٢٥٠کەس دەنگیان لەسەر دەدات. لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانیش ئیستا ١٥٠٠ کەس ڕاستەوخۆ بە هەڵبژاردنێکی دیموکراسی دادەنرێن و ئەو هەڵبژاردنەش لە مارتی ١٩٨٩ ئەنجام درا. سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سۆڤێت کە هەرخۆشی سەرۆکی وڵات دەبێت لەمەو پاش دەسەڵاتی فراوانتری پێدرا. لە ٣٠ ئەیلولی ١٩٨٨ گۆرباچۆڤ لە پیلینیۆمی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیست جارێکی تر سەرکەوتوو بوو لەوەی کە ژمارەیەک لە کۆنزەرڤاتیڤەکان کەنارگیر بکات. سکرتاریەتی گشتی حزب کە سەرکردەی کۆنزەرڤاتیف لیگاچۆڤ بەڕێوەی

دەبرد، داخرا، بەمەش هەموو هێزێکی خۆی لەدەستدا. لە ١٠ ت١ی ١٩٨٨، گۆرباچۆڤ لە دوای گرۆمیکۆ بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سۆڤێت و سەرۆکی وڵات.



گۆرباچۆڤ و رۆناڵد ریگان

ئەو چاکسازییە سیاسیانە سەرکەوتنێکی گەورە بوون بۆ گۆرباچۆڤ، کە بەردەوام روبەڕوی کێشەی بێچارەسەر دەبۆوە. قەرزەکانی وڵات تا دەهات زیاتر هەڵدەکشان. ریفۆرمە ئابورییە خاوەکان لە جیاتی خۆش گوزەرانی نەهامەتییان لێدەکەوتەوە. تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی خودموختاری بە تایبەت لە لایەن گەلانی بەلتیق بوون بە هەڕەشە بۆ سەر یەکێتیی سۆڤێت. کۆمەڵانی خەڵک لە بەلتیق داوایان دەکرد زمانی خۆجییی خۆیان بە رەسمی بناسرێت، داوایـان دەکـرد یاسا نیشتیمانییەکانی خۆیان باڵا دەست بن

بەسەر یاساکانی سۆڤیێتەوە. ململانێی خوێناوی لە نێوان ئەرمەنە فەلەکان و ئازەربیجانە موسڵمانەکان لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ کاراباخ دۆخەکەی ناکامتر کردبوو.

گۆرباچۆڤ هەر خۆی دەستپێشخەری پرۆسە دبلۆماسییەکان بوو، ڕێگان هاوبەشێکی شەکەت و ماندوو بوو. دیدارەکەی نێوان گۆرباچۆڤ و ڕێگان لە مۆسکۆ ڕوداوێکی میدیایی زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڵام سەبارەت بە چەکداماڵین هیچی ئەوتۆی لێ سەوز نەبوو. ڕێگان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبوو لەوەی کە جێگرەکەی خۆی لە ٨ی نۆڤێمبەری ١٩٨٨ ببێت بە سەرۆک کۆمار.

## دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ململانێ ناوچەییەکان:

گۆرباچۆڤ و وەزیرەکەی بۆ کاروباری دەرەوە، ئیدوار شیڤاردنادزێ (Eduard Sjevardnadze) هاوڕێ و سەرکردەی پێشتری حزب لە جۆرجیا و ئەندامی مەکتەبی سیاسی کە شوێنگرەوەی گرۆمیکۆ بوو لە ساڵی ١٩٨٥، پێکەوە هاوکاربوون و ساڵی ١٩٨٨، توانرا چارەسەر بۆ هەندێک لە ململانێ ناوچەییەکان بدۆزنەوە.

کۆنترا و حکومەتی چەپ لە نیکاراگوا دووچاری تەنگەژە بوون. سەرۆک ڕێگان توشی نەهامەتییەکی خراپ بوو. کۆنگرێس ناچاری کرد هەموو هاوکارییەکانی بۆ کۆنترا رابگرێت و پابەند بێت بەو پلانی ئاشتییەی کە سەرۆکەکانی ئەمەریکای ناوەڕاست لە ئابی ١٩٨٧ لەسەری کۆک بوون. لە ژێر کاریگەریی لاوەکی مۆسکۆدا سەرۆک ئۆرتیگا لە ٢١ی مارتی ١٩٨٨ئاگربەستی لەگەڵ کۆنترا راگەیاند و بڕیار درا هێزەکانی کۆنترا تێکەڵ بکرێن بە حکومەت و هەڵبژاردنی ئازادیش بکرێت. بە گوێرەی ڕێککەوتنی پێنج سەرۆکەکەی ئەمەریکای ناوەڕاست هێزەکانی کۆنترا لە ساڵی ١٩٨٩چەک کران و هەوڵ درا بەشی زۆریان لە نیکاراگوا ئاوێتەی کۆمەڵگە ببنەوە.

لە ١٤ی نیسانی ١٩٨٨، ئەمەریکا و سۆڤیێت و پاکستان ڕێککەوتنێکیان مۆرکرد. بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنە سۆڤیێت بەبێ ئەوەی ئابڕوی بتکێت

لەماوەی نۆ مانگدا هێزەکانی خۆیان لە ئەفغانستان دەکشاندەوە. هەموو لایەنەکان بەڵێنێکی نارۆشنیان دا کە لە داهاتوودا هیچ دەستوەردانێک لە کاروباری ئەفغانستاندا نەکەن. سەیر لـەوەدا بوو ئـەوەی کە چاودێران پێشبینییان دەکرد، ئەوە روی نەدا: دوای ئەوەی لە شوباتی ١٩٨٩ هێزەکانی سۆڤێت کشانەوە، رژێمی چەپڕەوی محەمەد نەجیبوڵا کە دوای کارمل لە ساڵی ١٩٨٥ دەست بەکار بوو، هەرەسی نەهێنا. نەجیبوڵا ناسیۆنالیست بوو، هەروەها ئیسلامیشی وەک کارتێک بۆ گەمە بەکار دەهێنا، بە پشتیوانی سۆڤێت تا چەند ساڵێک لە کابول و شارە گەورەکاندا خۆی ڕاگرت. لە کاتێکدا ئیسلامییەکان ئەوەندەی سەرقاڵی شەڕکردنی یەکتر بوون سەریان زۆر نەدەپەرژایە سەر حکومەتە قێزەونەکەی نەجیبوڵا، ئیتر بەرە بەرە دنیاش ئەفغانستانی فەرامۆش کرد.

زۆر جار دەگوترا ئەفغانستان بۆ یەکێتیی سۆڤێت، هەمان ئەو بایەخەی ڤێتنامی هەیە بۆ ئەمەریکا. بەراوردەکەش تا رادەیەکی زۆر راستە: هەردوو زلهێزەکە دووچاری جەنگێکی ناکام بوونەوە لە وڵاتێکی بچوکدا کە هیچ شارەزاییەکیان لە کەلتور و کێشەکانیدا نەبوو. هەرچەندە هـەردوو لا جەنگەکەیان نەدۆڕاند بە واتای دۆڕانـدن، بەڵام دەیانویست بە زووترین کات گۆڕەپانی جەنگەکە جێبێڵن بەرلەوەی کە ئابڕویان بتکێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەکی گرنگ هەبوو: لەبەر ئـەوەی سۆڤێت لە سنورێکی تەسکدا دەستوەردانی دەکرد لە ئەفغانستاندا، باندۆری ئەو دەستوەردانە لەسەر کۆمەڵگەی سۆڤێتی کەم بوو لە چاو باندۆری جەنگی ڤێتنام لەسەر کۆمەڵگەی ئەمەریکی. هەرگیز پتر لە ١٠٨ هەزار سەربازی سۆڤێتی بەشدار نەبوون لە جەنگی ئەفغانستاندا، لە کاتێکدا لە ڤێتنام ٦٠٠ هەزار سەربازی ئەمەریکی لەشەڕدا بـوون. سۆڤێت تەنها ١٣ هـەزار قوربانی بەخشی لە ئەفغانستان کە ئەمەش کەمتر بوو لە ٣/١ی قوربانییەکانی ئەمەریکا لە ڤێتنام. سۆڤێت بۆردومانی وڵاتە دراوسێکانی ئەفغانستانی نەکرد و کۆچڕەوی بە کۆمەڵ روینەدا. لێکەوتەکانی جەنگی ئەفغانستان سروشتێکی سیاسییان هەبوو: بەهۆی دەستوەردانی سۆڤێت لە ئەفغانستان پرۆسەی هێوربوونەوە

ڕاگیرا، بە پاشەکشە لە ئەفغانستان گۆرباچۆڤ بە نیاز بوو دەست بە هێورکردنەوە بکاتەوە.

هەروەها بەهۆی هەوڵی هاوبەشی ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤێتەوە، کێشەیەکی دیکەی ئاڵۆز چارەسەر کرا. لە ١٢ی ک١ی ١٩٨٨، ئەنگۆلا و کوبا و باشوری ئەفریقا و بزووتنەوەی یۆنیتا و سواپۆ (بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نامیبیا) ڕێکەوتنیان مۆرکرد. هێزەکانی کوبا لە ئەنگۆلا کشانەوە و باشوری ئەفریقاش بەڵێنیدا کار بکات بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ٤٣٥ی نەتەوەیەکگرتووەکان و سەربەخۆیی نامیبیا بسەلمێنێت. لە هەڵبژاردنی ئازادی بۆ ئەنجومەنی دامەزراندن کە ڕۆژانی ٧-١١ی ت١ی ١٩٨٩ ئەنجام درا، سواپۆ سەرکەوتنی بەدەستهێنا. نامیبیا لە ٢١ی مارتی ١٩٩٠دا سەربەخۆیی ڕاگەیاند. لە وتارەکەیدا ڕۆژی ٧ی ک١ی ١٩٨٨ لەبەردەم ئەنجومەنی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکاندا گۆرباچۆڤ چەکداماڵینی یەکلانەی ڕاگەیاند: لەماوەی دوو ساڵدا ژمارەی سوپاکەی کە چوار ملیۆن سەرباز دەبوو، بە بڕی نیو ملیۆن کەم دەکاتەوە و هەموو ئەو سیستەمی چەکوچۆڵەی بەردەستیشیان لەناو دەبات. بەو ڕێگایە سەلماندی کە ئەو نرخی کۆششی ئەوروپییەکان بۆ ئاشتی دەزانێت. پۆلیمۆلۆژی ئەمەریکی چارلس ئۆسگود (Charles Osgood) ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کاتێک یەکلایەنە یەکێک لە ڕکەبەرەکان چەکی خۆی دادەماڵێت هەلێکی زۆر لەبار دروست دەبێت بۆ ئەوەی لایەنی دووەم هەمان کار بکاتەوە. بەشێوەیەکی گشتی ١٠ هەزار تانک و ٨٥٠٠ سیستەمی تۆپهاوێژ و ٨٠٠ فڕۆکەی جەنگاوەر لە خۆرهەڵاتی ئەوروپا و سیکتەری خۆرهەڵاتی سۆڤێت دەچنە دەرەوە، بەمەش یەکێتیی سۆڤێت توانای ئەنجامدانی هێرشی غافڵگیرانەی نامێنێت. ئێستا ئیتر ئاشکرا بوو کە سەرکردە و هاوڵاتییانی ئەوروپای خۆرهەڵات بۆ یەکەم جار لەوە دڵنیا بوون کە سوپای سۆڤێت چیدیکە نابێتە ڕێگر لەبەردەم هەر گۆڕانکارییەک لە سیاسەتی ناخۆیاندا، چینیەکانیش بەوە خۆشحاڵ بوون چونکە ئیتر ژمارەیەکی کەمتر لە هێزەکانی سۆڤێت لە سەر سنورەکانیان قوت دەکرێنەوە.



پاشەکشەی هێزەکانی سۆڤێت لە ئەفغانستان

# بەشی نۆیەم
# ساڵی موعجیزە
# ١٩٨٩

My Way:

هەر چەندە وەک رۆژی روناک دیار و ئاشکرا بوو، بەڵام روداوە شۆرشگێڕییەکان لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا بۆ زۆربەی چاودێرەکان شتێکی شۆک ئامێز بوو. ئەوانەی کە تەنها بە رەش و سپی بیریان دەکردەوە و ئارەزووی ئەوەیان نەدەکرد ئەو گۆڕانکاریانە ببینن کە بەسەر بیرکردنەوە و رایگشتی ئەوروپای رۆژهەڵاتدا هاتووە، نەیاندەتوانی خویندنەوە بۆ روداوەکانی ساڵی ١٩٨٩ بکەن. ئەوانەی لە نزیکەوە چاودێری روداوەکانی ساڵی ١٩٨٩یان دەکرد، لەو باوەڕەدا بوون ئەو روداوانە تەنها زنجیرەیەکن لە پەرەسەندنی گۆڕانکاریەکان نەک شۆڕش. زۆربەی چاودێران لە دیدگای پەیمانی ناتۆوە تەماشای ململانێکانی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوایان دەکرد. لەو باوەڕەدا بوون ئیمپراتۆریای یەکێتی سۆڤێت هەروا بە ئاسانی دەستبەرداری داگیرکارییەکانی خۆی نابێت، هەر بۆیە نەشیان دەتوانی لەوە تێبگەن کە بۆچی یەکێتیی سۆڤێت بایەخی بۆ ئەوروپای رۆژهەڵات کەم بۆتەوە.

یەکێتیی سۆڤێت لە پلەی یەکەمدا ئەوروپای رۆژهەڵاتی وەک ناوچەیەکی (دابڕ- عازل)ی سەربازی دەویست؛ لە دژی هەر هێرشێکی چاوەڕوانکراوی هاوبەشی ئەڵمانیا - ئەمەریکا، بۆ تۆڵەکردنەوە. لە دوای ڕێککەوتنەکان لەگەڵ براندت و مۆرکردنی پەیماننامەی قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆم، بە تایبەت لە کۆنگرەی هێلسنکی بەدواوە، ئەو ترسەی یەکێتیی سۆڤێت لە تۆڵەکردنەوەی هاوبەشی ئەڵمانیا و ئەمەریکا تا ڕادەیەکی زۆر کەمی کرد. هەروەها ئەو سەرکەوتنە بەرچاوەی کە بزووتنەوەی ئاشتی لە ئەڵمانیا بەدەستی هێنا، بەشدار بوو لە دڵنەواییکردنی سۆڤێت، جگە لەوەش داگیرکردنی ئەوروپای رۆژهەڵات لە رووی داراییەوە یەکجار زۆر لەسەر سۆڤێت کەوت. بڕی ٩٠٪ خەرجییەکانی پەیمانی وارشۆ لە لایەن سۆڤێتەوە

دابین دەکرا. هەروەها وڵاتانی برا لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیش کاریگەر بوون لەسەر رایگشتی لە یەکێتیی سۆڤێت، دواجار بەهۆی ئەوانەوە دەتوانرا ئەوە بسەلمینرێت کە سۆشیالیزم نێونەتەوەییە و زۆرێک لە وڵاتان خۆڕسکانە بوونەتە سۆشیالیست. ساڵی ١٩٨٩ سەرکردایەتی یەکێتیی سۆڤێت وازی لەو سۆشیالیزمە هێنا و کردی بە جۆرێک لە ئابوری بازاڕ. بەرژەوەندی گۆرباچۆڤ لەوەدا بوو کە هاوڵاتیان ئەوە بزانن کە وڵاتانی سۆشیالیستی برایان خۆڕسکانە هەمان ئەو ڕێبازە دەگرنە بەر. ئەورووپای ڕۆژهـەڵات هەمیشە لە ڕێگای کۆمیکۆنەوە لە خزمەت ئابوریی سۆڤێتدا بوو، بەڵام تەکنەلۆژیای ئەورووپای ڕۆژهـەڵات و تەنانەت ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتیش لە ئێستادا ئەوەندە کۆن بوون کە نەیاندەتوانی بەشداری جددی بکەن لە نوێ بوونەوەی یەکێتیی سۆڤێت. لە ڕێگای دابینکردنی کەرەسەی خاوی هەرزان وەکو پترۆڵ، لەدەستدانی هاوپەیمانەکانی سۆڤێت لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات بۆ سۆڤێت زیانێکی یەکجار قورس بوو.

یەکێتی سۆڤێت پێویستی بەوە هەبوو ڕاستەوخۆ بەبێ ئاستەنگ دەستی بگات بە تەکنەلۆژیای یابانی یاخود ئەمەریکی لە ئەورووپای ڕۆژئـاوا، بۆ ئەوەی بتوانێت ئابوری خۆی سەرلەنوێ ڕێکبخاتەوە و ئاستی بژێوی خۆی بەرز بکاتەوە. بۆیە دەبوو جەنگی سارد کۆتایی بێت، دەبوو دەست لە ئەورووپای ڕۆژهـەڵات هەڵبگرێت و بە ڕێگای تایبەتی خۆیدا بڕوات. ئەو هەڵوێستە چەندین ساڵ بوو لە دامودەزگا ڕۆشنگەرەکانی سۆڤێت باسی دەکرا. کۆنزەرڤاتیڤەکان بە تایبەت ئەوانەی ناو سوپا دژی ئەم بیرۆکەیە بوون. گۆرباچۆڤ ڕێگای بە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا دەستیان لە سۆڤێت بەرەڵاکەن، پێشبینی ئـەوەی دەکـرد کە ڕژێمگەلێکی سۆشیالیستی – دیموکراسی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات دروست بێت و خۆڕسکانە پەیوەندیی دۆستانەی خۆیان لەگەڵ سۆڤێت بهێڵنەوە و وەک ئەندامی وارشۆ بمێننەوە.

بارودۆخی سیاسی لە هەریەکە لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات جیاواز بوو، بەڵام لە نێو ڕایگشتیدا دەتوانرا لە ڕووبەرێکی فراواندا هاوهەڵوێستی بەدی بکرێت. بەهۆی ئەو گرژبوونە ئابورییە بەرفراوانە و ئەو دواکەوتنە

ئاشکرایەی کە بە بەراود بە ڕۆژ ئاوا ئەوانی گرتبۆوە (دینامیکیەتی ئابوری وڵاتانی خۆرئاوا جێگای سەرنج بوو بۆیان) خەڵک چیدیکە بڕوایان بە دروشم و قسەی باق و بریق و گەشبینانەی ڕژێم نەمابوو. دانیشتوانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بارودۆخی ژیانی خەڵکی ئەورووپای خۆرئاوایان دەبینی و دەیانتوانی دەستیان بگات بە میدیای ئەلکترۆنی ئەوان. ئەوان شێت و شەیدای ئەو ژیانەی ئەوان بوون، حەزیان دەکرد ببنە کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر. بەشێوەیەکی گشتی وێنەیەکی پەمەیی جوانیان بۆ ئەوان دروست کردبوو. بە هەر حاڵ ئارەزووی ئەوان بۆ بوون بە کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر یەکێک بوو لە هۆکاری ڕوداوەکانی ١٩٨٩.

هیچ کەس، تەنانەت بەرپرسە گاڵتەجاڕەکانیش باوەڕی بە سۆشیالیزمی زانستی نەمابوو، جگە لەوەش ڕووداوەکانی سۆڤێت باندۆرێکی یەکجار کاریگەر و ئاشکرای هەبوو. خەڵکی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لەو باوەڕەدا بوون کە گۆرباچۆڤ داوای چاکسازی ئابوری و سیاسی دەکات لە وڵاتەکانیان، هەروەها ساڵی ١٩٨٩ بڕوای تەواویان بەوە هەبوو کە ئیتر هێزەکانی پەیمانی وارشۆ دەست وەرنادەن و ئەو ریفۆرمانە ڕاناگرن. گۆرباچۆف لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ فینلەندا (٢٥-٢٧ی ت١ی ١٩٨٩) ئەوەی بە ئاشکرا دەربڕیبوو. لە ٢٩ی مانگیشدا وتە بێژی کاروباری دەرەوە "گینادی گیراسیمۆڤ" ئاماژەی بۆ (دۆکترینی سیناتۆرا – My way)[٩٧] کرد، لەسەر ئەو بنەمایەش دۆکترینی پێشووی بریژنێڤ کە مافی بە یەکێتیی سۆڤێت دەدا وەک (سەگی ئێشکگرتن) زێڕەڤان بێت بەسەر ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوە بۆ پاراستنی سۆشیالیزم، بوو بە بەشێک لە ڕابووردوو. ڕژێمە گەندەڵەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات کە یەکێتیی سۆڤێت دەستبەرداریان ببوو، بەردەوام لە داڕماندا بوون، تا ئەو کاتەی کە بزووتنەوەکانی ئۆپۆزیسیۆن کەوتنە

٩٧ دۆکترین یاخود عەقیدەی سیناترا، سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی سۆڤێت بوو لە سەردەمی گۆرباچۆڤ کە ڕێگای دەدا بە ئەندامانی پەیمانی وارشۆ خۆیان بڕیار لەسەر کاروباری ناوخۆی خۆیان بدەن. ئەو ناوە وتە بێژی وەزارەتی دەرەوەی سۆڤێت بە گاڵتەوە ئاماژەی بۆکرد ئەوەش بە ناوهێنانی یەکێک لە گۆرانیەکانی فرانک سیناتۆرا بە ناوی (My Way) ڕێگاکەم – وەرگێڕ.

جوڵە. هەر ئەوەندەی خەڵک دابەزینە سەر جادە وەکو خانووی لە کارتۆن دروستکراو هەر هەموویان داڕمان. دوای ئەوە ئیتر تیۆری دۆمینە جێبەجێ بوو: کەوتنی یەکێک لە ڕژێمەکان دەبێتە هۆکاری کەوتنی ئەوانی تر وەکو داشی دۆمینە.

## پۆڵەندا:

یەکەمین دەلاقەی نێو دیوارەکە لە پۆڵەنداوە بوو. سۆڵیدارنۆشک لە ١٩٨٠–١٩٨١ بەبێ ترس ڕووبەڕووی ڕژێمی کۆمۆنیست بۆوە. لەو کاتە بەدواوە ڕژێمی کۆمۆنیستی هەرگیز نەیتوانی هێزە ڕەهاکەی خۆی بەدەست بێنێتەوە. دوای ئەوەی ڕەوشی ئاوارتە لە ک١ی ١٩٨١ شکستی خوارد، ئاشتەوایی نیشتمانیی بەردەوام بوو. گەلی پۆڵەندا بە شێوەیەکی سیستەماتیک بایکۆتی هەوڵە سستەکانی ریفۆرمیان دەکرد کە ژەنراڵ یاروزلسکی ئەنجامی دەدان. سەندیکای سۆلیدارێتی و ڤاوێنسای سەرکردەی لایەنگرێکی جەماوەریی زۆریان هەبوو.

بەهۆی نائومێدی و لە ژێر فشاری دۆخی ناهەمواری ئابوریدا، یاروزلسکی قایل بوو بەوەی دانوستان لەگەل سۆلیدارنۆشک و ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکەدا بکات. گفتوگۆکان لە دەوری مێزی خڕی دانوستان لە ٦ی شوباتی ١٩٨٩ دەستیان پێکرد و لە ٥ی نیسان بە ڕێککەوتنێکی مێژوویی کۆتاییان هات. بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە سەندیکای سۆلیدارنۆشک بە ڕەسمی ناسێنرا، بڕیاردرا هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانە بکرێت و ریفۆرمی سیاسی و ئابوری بکرێت. هەتا کاتی هەڵبژاردنیش بڕیار درا دەسەڵات لە نێوان کۆمۆنیست و ئۆپۆزیسیۆندا دابەش بکرێت. لە هەڵبژاردنەکانیشدا کە بڕیار بوو لە ماوەی نێوان ٤ بۆ ١٨ی حوزەیراندا بکرێت، دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی هەر سەد ئەندامەکەی ئەنجومەنی سینات (پیران) و ٣٥٪ی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی (سیژم) بکرێت.

ڤاوێنسا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا: بزوتنەوەی سۆڵیداریتی ٩٩ کورسی لە سەدی ئەنجومەنی پیران و هەموو کورسییەکانی ئەنجومەنی

نیشتمانی کە ١٦١ کورسی بوون بەدەستهینا. وەک چارەسەریێکی ناوەڕاست، ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نیشتمانی لە ١٩ی تەموزدا بڕیاریاندا یاروزلسکی بکەن بە سەرۆک.

لە ١٩ی ئابدا تادیۆشز مازاوفیچکی ڕۆژنامەنوس لە گروپەکەی ڤاوێنسا، بوو بە یەکەمین سەرۆک وەزیران لە حکومەتێکدا کە زۆرینەی کۆمۆنیست نەبێت، دواتر ڕاستەوخۆ بوو بە یەکەمین سەرۆک وەزیرانی غەیرە کۆمۆنیست لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات. لە هەردوو کۆنگرەی پەیمانی وارشۆ و کۆمیکۆن بەشداری کرد. گۆرباچۆڤ زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکرد. شاوشیسکۆ نەیدەتوانی چاوپۆشی لەوە بکات، داوای لە گۆرباچۆڤ کرد لە دژی حکومەتی مازاوفیچکی ڕێکاری پێویست بگرێتە بەر. ئەم پێشنیازە بە توڕەییەوە ڕەتکرایەوە. کۆمۆنیستەکانی پۆڵەندا خێرا هەستیان بەوە کرد کە کار لە کار ترازاوە. کاتێک کە مازاوفیچکی خەریکی ئەنجامدانی ریفۆری ئابوری و هێورکردنەوەی هەڵئاوسان بوو، لە ٢٨ی ک١دا پەرلەمان ئەو مادە دەستورییەی لابرد کە ئاماژەی بۆ ڕۆڵی پێشڕەوایەتی پارتی کۆمۆنیست دەکرد. ئەمەش کۆتایی ڕژێمی کۆمۆنیست بوو لە پۆڵەندا.

## هەنگاریا:

لە هەشتاکاندا بە شێوەیەکی گشتی بەوجۆرە تەماشای هەنگاریا دەکرا کە خۆشترین مەڵبەندی کۆمۆنیستەکان بێت. ریفۆرمە ئابورییە سنوردارەکان کەمێک بواری ڕەخساندبوو بۆ خاوەن پرۆژە بچوکەکان، هەروەها سەرکوتکردنی ئایدیۆلۆژیش زۆر توند نەبوو، بەڵام ئەو بوژاندنەوە ئابورییەی چاوەڕێی دەکرا بەدی نەهات، بە پێچەوانەوە ئابوری هەنگاریاش توشی چەقبەستن و بێ بازاڕی هاتبوو. بانگەشەکانی گۆرباچۆڤ لە هەنگاریا سانسۆر نەکران. هەنگاریا تاکە وڵات بوو لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات کە پارتە کۆمۆنیستەکەی لە دوو باڵ پێکهاتبوو: ریفۆرمخوازەکان و سەنترالیستەکان. ساڵی ١٩٨٨ ریفۆرمخوازەکان باڵادەست بوون و دەیانویست دەوڵەتی خۆشگوزەران و دیموکراتی لە نمونەی ئەسکەندەناڤیا دامەزرێنن. پۆستی

سەرکردەی کۆنی حزب کادار چیدیکە جێگای پەسەند کردن نەمابوو، ئەو بوو کە دەستوەردانی سۆڤێتیی لە ١٩٥٦ دا پەردەپۆش کرد و دواتریش بەرپرسی یەکەم بوو لە سەرکوتکردنی خەڵک. ساڵی ١٩٨٨ هەمووان ئامادە بوون کە (ناگی) وەکو پاڵەوانێکی ساڵی ١٩٥٦ بناسینن و ئیعتباری بۆ بگێڕنەوە. تۆ بڵێی سیاسەتی گۆرباچۆڤ لە بنەڕەتا لە بەهاری پراگەوە ئیلهامی وەرنەگرتبێت کە ناگی و دوپێشک سەرکردایەتیان کرد؟

دوای کۆنگرەی حزب لە مایسی ١٩٨٨ سوپاسی کادار کرا و لە پۆستەکەی لادرا و لە ٨ی مایسی ١٩٨٩ وەک سەرۆکی فەخری حزب دەستنیشانکرا و کارۆلی گرۆسز (Karoly Grosz) کە کۆمۆنیستێکی ئەرتۆدۆکس بەڵام خاوەن جەماوەر، خرایە شوێنی و ئەویش تەکنۆکراتی لاو میکلوس نیمیس (Miklos Nemeth) وەک سەرۆک وەزیران دەستنیشان کرد. نیمیس دەستبەجێ پەیوەندیی بە ئۆپۆزیسیۆنەوە کرد و ئەمەش بووە هۆی دەرکردنی یاساکانی تایبەت بە ئازادی گردبوونەوەی خەڵک و ئازادی دروستکردنی رێکخراو، کە ئەمەش رێگای خۆشکرد بۆ دروستکردنی پارتی سیاسی (١١ک٢ی ١٩٨٩). دەستبەجێ دینامیکیەتێکی بەهێزی دژە کۆمۆنیزم لە ناو رایگشتی هەنگاریا پەیدا بوو.

کۆمۆنیستەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون فریاکەون و پارێزگاریی لە پێگەی خۆیان بکەن، ئەمەش لە رێگای نەرمی نواندنێکی زۆرەوە. ئەوەی زۆر گرنگ و هێمابەخش بوو ئەوە بوو کە لە ٢ی مایسی ١٩٨٩دا پەردەی ئاسنینی نێوان نەمسا و هەنگاریا شکێنرا. لیژنەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیست ئیعتباری بۆ ناگی گەڕاندەوە و لە ١٦ی حوزەیراندا بە ئامادە بوونی سەرۆک وەزیران و ٣٠٠هەزار هاوڵاتی هەنگاری سەرلەنوێ بەخاک سپێردرایەوە.

دەبوو گۆڕانکارییەکی ریشەیی ئەنجام بدەن. لە کاتی کۆنگرەی ٦-١٠ی ت١دا پارتی کۆمۆنیست خۆی هەڵوەشاندەوە و بوو بە پارتێکی سۆشیال دیموکرات. بەمەش هەنگاریا بوو بە یەکەمین وڵاتی ئەوروپای رۆژهەڵات کە پارتی کۆمۆنیست تیایدا خۆی هەڵوەشێنێتەوە. کارێکی ئاقڵانە بوو کە کۆماری گەلیی هەڵوەشێنرایەوە و لە شوێنی ئەوە سیستەمی کۆماری

دامەزرا (٢٣ی ت١ی ١٩٨٩)، بڕیاریش درا لە بەهاری ١٩٩٠ هەڵبژاردنی ئازاد بەڕێوە بچێت.

## ئەڵمانیای دیموکرات:

بەهاری ١٩٨٩ هەموو شتێک لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات (DDR) ئارام بوو. سەرکردەی حزب Erich Honecker ئێرش هۆنیکەری حەفتاوحەوت ساڵە رایگەیاندبوو کە گلاسنۆست و پیرۆسترۆیکا بۆ کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات پێویست نیە، وڵاتەکەی لە نێو هەموو وڵاتانی سۆشیالیستدا بەرزترین ئاستی بژێوی و زۆرترین بەرهەمداریی هەیە. بە دڵ و بە گیان خۆمان ئامادە دەکەین بۆ یادی چل ساڵەی دامەزراندنی کۆمار لە مانگی ت١ی ١٩٨٩.

واقیعەکە بەو شێوەیە جوان نەبوو، ئابوری وڵات چەقی بەستبوو. هاوڵاتیانی هۆنیکەر بە ئیرەییەوە تەماشای تەلەفیزیۆنی ئەڵمانیای رۆژئاوایان دەکرد. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ وەک تەمەڵخانەیەکە و هەموو هاوڵاتیان بە ئارەزووی خۆیان و بەبێ سنور شمەک و کەلوپەل بەکاردەبەن. ملیۆنان هاوڵاتیی ئەڵمانیای دیموکرات دەیانویست بە زووترین کات بگوێزنەوە بۆ ئەڵمانیای خۆرئاوا. لە ساڵی ١٩٤٩ بەدواوە نزیکەی پێنج ملیۆن هاوڵاتی رایانکردبوو. لە ساڵی ١٩٨٩ ژمارەی دانیشتوان هەڤدە ملیۆن کەس بوون. لە لایەکی دیکەوە شەست هەزار کەس ئارەزوومەندانە لە ئەڵمانیای خۆرئاواوە هاتبوون لە رۆژهەڵات بژین لەوانەش کەسایەتی زۆر قورس و بەناوبانگی وەکو بیرتۆڵد برێشت[٩٨] و شتێفان هایم[٩٩]، هەروەها

---

٩٨ Bertolt Brecht ١٨٩٨-١٩٥٦ شاعیر و نوسەر و دەرهێنەری شانۆ. ساڵی ١٩٣٣ دوای ئەوەی هتلەر دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت رایکرد بۆ دانیمارک و دواتر ساڵی ١٩٤١ لە ئەمەریکا گیرسایەوە. ساڵی ١٩٤٨ کاتێک گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا ریگای نەدرا بڕواتەوە بۆ زێدی خۆی لە بەشی رۆژئاوا، بۆیە لە رۆژهەڵات مایەوە، هەر لەوێش دواساتەکانی ژیانی بەسەربرد و کۆچیی دوایی کرد. وەرگێڕ.

٩٩ Stefan Heym ١٩١٣-٢٠٠١ نوسەر و رۆمان نوسی ئەڵمانی، لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانیدا کۆچیکردووە بۆ ئەمەریکا. ساڵی ١٩٥٢ گەڕاوەتەوە بۆ ئەڵمانیا. کەسێکی

فەیلەسوف ئێرنست بلوخ[١٠٠]. بە شێوەیەکی گشتی لەو ماوەیەدا هیچ کەس بڕوای بە ڕژێمی کۆمۆنیست نەمابوو، کەسیش ئومێدی بەوە نەمابوو کە ئەو سەرکردایەتیە توانای مابێت باری ئابوری باشتر بکات. سەرکردە دیارەکانی پارتی یەکێتیی سۆشیالیست SED پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ هەڤاڵانی سۆڤێت بەکار هێنا بۆ ئەوەی بەزووترین کات لە دژی ئارەزووەکانی هۆنیکەر پیرۆسترۆیکا لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات پەیڕەو بکەن.

لە ١٠ی ئەیلولی ١٩٨٩ ڕژێم یەکەمین زەبری وێکەوت، کاتێک هەنگاریا ڕایگەیاند کە سنورەکانی لەگەڵ نەمسا بۆ ئەڵمانیای خۆرهەڵاتیش دەکاتەوە. دەستبەجێ دەیان هەزار کەس لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە لە ڕێگای هەنگاریا و نەمساوە بەرەو ئەڵمانیای ڕۆژئاوا هەڵهاتن. زۆرکەسی دیکەش هەوڵیاندا لە ڕێگای باڵیۆزخانەکانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە پراگ و وارشۆ وڵات بەجێبهێڵن. بەمجۆرە ٢٠٠ هەزار کەس لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە کە زۆربەیان لاوان بوون پشتیان کردە وڵاتی خۆیان. ئەمە تەنها ئابوری وڵاتی پەک نەخست بەڵکو بووە هۆی دروستبوونی گفتوگۆی ئاشکرا بە تایبەت لە نێو کڵێسا پرۆتستانتییەکان. ئەوەش بووە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەک بەناوی (مەکۆی نۆیس[١٠١]) کە هاوڕێ لەگەڵ بزووتنەوە جەماوەرییەکانی دیکەدا لە ٤ی ت١ داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراسیانەیان دەکرد.

---

مارکسی بووە، وێڕای ڕەخنە توندەکانی لە ڕژێمی ئەڵمانیای دیموکرات بەڵام هەتا سەر هەر بە کۆمۆنیستی مایەوە. وەرگێڕ

١٠٠ Ernst Bloch ١٨٨٥–١٩٧٧ فەیلەسوفی مارکسی ئەڵمانی بوو. ساڵی ١٩٣٤ لە ئەڵمانیا ڕایکرد بۆ سویسرا و دواتر نەمسا و فەرەنسا و چیکوسلۆڤاکیا. دواجار لە ئەمەریکا گیرسایەوە. ساڵی ١٩٤٩ گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا لە زانکۆی لایپزگ بوو بە مامۆستای فەلسەفە. وەرگێڕ

١٠١ Neues Forum مەکۆ یاخود سەکۆی نوێ لە مانگی ئەیلولی ١٩٨٩ لە بەرلینی ڕۆژهەڵات دامەزرا. ئەم سەکۆیە کە دواتر وەک بزوتنەوەیەکی سیاسی چالاک دەرکەوت ڕۆڵی گرنگی گێڕا لە ڕوداوەکانی دواتری ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات. دوای هەڵوەشانەوەی بلۆکی ڕۆژهەڵات بەشێک لەم سکۆیە لەگەڵ ٩٠ حزبی دیکەدا تێکەڵ بوو، بەشێکی دیکەشیان وەک چالاکوانی سیاسی مانەوە و هەتا ئەمڕۆ بەردەوامن وەک حزبێکی بچوک لە ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا کار دەکەن. وەرگێڕ.

ئاهەنگی یادی چلساڵەی کۆمار لە ٦-٧ی ت١دا لە دۆخێکی زۆر ناهەمواردا بەڕێوەچوو. گۆرباچۆڤ تاکە سەرکردەی کۆمۆنیست بوو کە خۆڕسکانە لە لایەن خەڵکەوە چەپڵەڕێزان کرا. ئەو شوێنی مانەوەی خۆی لە بەرلینی ڕۆژهەڵات کردە شوێنێک بۆ هاندانی سەرکردەکانی حزب بەرەو چاکسازی. دوورخستنەوەی هۆنیکەر پێویست بوو، ئەمەی بە ئاشکرا باس کرد و لە ١٨ی ت١دا لە کۆبونەوەیەکی تایبەتی کۆمیتەی ناوەندی پارتی یەکێتیی سۆشیالیست بڕیاری لێدرا.

هۆنیکەر لە کاتێکی گونجاودا دوورخرایەوە، لەبەر ئەوەی دەیویست بە توندی بەرگری لە ڕژێمەکەی بکات و مۆدێلی چینی خستبووە زەینی خۆیەوە. ئیگۆن کرینز (Egon Krenz) بوو بە ڕابەری حزب و سەرۆکی وڵات. بەبێ ئەوەی دەستبەرداری قۆرغکردنی دەسەڵات بێت لە لایەن حزبەکەیەوە، هاوتای دۆبێشک لە ساڵی ١٩٦٨، دەیویست جۆرێک لە سۆشیالیزمی مرۆڤ دۆستانە بهێنێتە ئاراوە. ئەمەش بە تەواوەتی لەگەڵ ئەوەدا نەدەهاتەوە کە لە مێشکی خۆپیشاندەراندا بوو، ئەوانەی کە لە ناو کڵێسە پرۆتستانتییەکانەوە گفتوگۆیان لەسەر ئایندەی وڵات دەکرد. ئەوان بەرگرییان لە کۆمارێکی ئەڵمانیای دیموکرات دەکرد دژی قۆرغکردنی دەسەڵات لە لایەن پارتی SED حەزیان لە بژاردەی ڕێگای سێیەم بوو کە ئەویش سۆشیالیست دیموکراتی مرۆڤانە بوو. ئەوە پرۆگرامی مەکۆی نوێش بوو، کە هەندێک لە سەرکردەکانیان لەوانەش (فریدریک شۆرلێمەر لە بزووتنەوەی ڕابوونی دیموکراتی) حەزیان لە ڕژێمی سەرمایەداری و تێکەڵ بوونەوە بە ئەڵمانیای خۆرئاوا نەبوو. هەروەها لە میانەی خۆپیشاندانەکانی ئێوارەی دووشەمە لە لایپزگ بژاردەی ڕێگای سێیەم ئاماژەی بۆ دەکرا. هەروەها لەوێ دروشمێکی جوانی وەکو (ئێمەین گەل) بۆ یەکخستنەوەی هەردوو ئەڵمانیا کەوتە سەر زاران. لە ٣٠ی ت١ بەدواوە ئیتر دروشمەکە گۆڕا بە (ئێمە یەک گەلین). بێگومان ئەمەش دژی خواستی ئەوانە بوو کە لە بنەڕەتا بە کارەکە هەستابوون و باوەڕیان وا بوو کە: ئەڵمانیای دیموکرات بکرێت بە وڵاتێکی دیموکراسی و مرۆڤ دۆست لەسەر بنەمای سۆشیالیستی.

له ژێر فشاری خۆپیشاندانه گەورەکاندا، لەوانەش خۆپیشاندانی رۆژی ٤ی ت١ی بەرلینی رۆژهەڵات کە ٥٠٠ هەزار کەس تیایدا بەشدار بوون، حکومەتی ویللی شتۆف و تەواوی مەکتەبی سیاسی دەستیان لە کار کێشایەوە. کەسایەتی ریفۆرمخواز و سەرۆکی حزب لە درێسدن هانز مۆدرۆ کە دوواهەمین کارتی کۆمۆنیستەکان بوو، داوای لێکرا حکومەتی نوێ دروست بکات. لە ٩ی ت١دا هەواڵێکی چاوەڕوان نەکراو بڵاوبۆوە گوایا هەموو ئەڵمانییە رۆژهەڵاتییەکان بە ئازادی دەتوانن بڕۆن بۆ ئەڵمانیای رۆژئاوا و بەرلینی رۆژئاوا. لە رۆژی ١٠-١٢ی مانگ کە پشووی کۆتایی هەفتە بوو، سێ ملیۆن هاوڵاتیی ئەڵمانیای خۆرهەڵات، لە کەشێکی ئاهەنگ ئامێزو خۆشیدا، سەردانی ئەڵمانیای رۆژئاوا و بەرلینیان یان کرد. لەو ساتە بەدواوە کێشەی یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا هاتە گۆڕێ، کە هێشتا لە لایەن سەرکردە بیرمەندەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە پەسەند کراو نەبوو. لە ٢٠ی مانگدا لە سەروبەندی خۆپیشاندانەکانی ئێوارەی دووشەمە، کەسێکی نەناسراو داوای یەکخستنەوەی هەردوو ئەڵمانیای کرد، بە پاساوی ئەوەی کە خەڵک بەشی خۆیان مەینەتییان بەدەست مۆدێلە سۆشیالیستە شکست خواردووەکانەوە چەشتووە. دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەک سەرکردەکانی خۆپیشاندانەکان، ئەوانەی کە هێشتا پابەند بوون بە سۆشیالت دیموکرات و کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات، درانە بەر تانەوتەشەر و سوکایەتی کردن. راوێژکاری ئەڵمانیا هێلمەت کوول راستەوخۆ کاردانەوەی نواند و لە ٢٨ی ت٢دا پرۆگرامێکی بۆ یەکخستنەوەی ئەڵمانیا لە دە خاڵدا خستەڕوو. کوول دەیویست ستراکچەرێکی کۆنفیدراڵی بۆ هەردوو ئەڵمانیا دابڕێژێت کە ئامانجی کۆتاییەکەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا بێت. ئەمەش بە واتای ئەوە دەهات کە تەنها یەک رێگا هەبوو بۆ ئەو کارە ئەویش ئەوە بوو کە ئەڵمانیای دیموکرات بگۆڕێت بۆ رژێمی دیموکرات و بازاڕی ئازاد پەیڕەو بکات.

لەژێر فشاری خۆپیشاندانە گەورەکان و کۆچکردنی بەشێکی بەرچاو لە گەنجان، پارتی سۆشیالیست دیموکرات ناچار بوو خۆی بەدەستەوە بدات.

مەکتەبی سیاسیی نوێ قایل بوو بەوەی لە ٢٢ی ت٢دا لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن دانوستان بکات. لە ١ی کانونی یەکەمدا ئەنجومەنی گەل ئەو بڕگەیەی دەستوری هەڵوەشاندەوە کە ڕۆڵی پێشڕەوایەتی بە SED دەبەخشێت. ڕۆژی ٣ی ک١ کاتێک دوو ملیۆن هاوڵاتی ڕژانە سەر جادە، دۆخەکە لە گرێژنە دەرچوو، زنجیرەیەک خۆپیشاندان سەرتاسەری وڵاتی گرتەوە و داوای چاکسازی دیموکراسی و قەلاچۆکردنی گەندەڵییان دەکرد. ڕۆژی دواتر نزیکەی ١٥٠–٢٠٠ هەزار کەس بە دروشمی (یەک نەتەوە، یەک نیشتمان، یەک وڵات) لە لایپزگ خۆپیشاندانیان کرد. هاوڵاتیانی توڕە هێرشیان کردە سەر نوسینگەی پۆلیسی نهێنی (شتازی). کرینز کە لەسەردەمی هۆنیکەردا زۆر جار خۆی دووچاری مەترسی کردبۆوە، لە ٦ی ک١دا دەستی لە کار کێشایەوە و پارێزەری لاو گریگۆر گیسی کە پێشتر بەرگری لە نەیارەکان دەکرد، بوو بە سەرۆکی تازەی حزب. لە ١٦ی مانگدا حزب ناوی خۆی گۆڕی SED/PDS دواتریش لە ٤ی ک٢ی ١٩٩٠ ناوەکەی گۆڕی بۆ پارتی سۆشیالیست دیموکراتی ئەڵمانیا. کاتێک لە ٢٢ی ک١دا پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە ئاهەنگ و دیلانێ لە ڕێگای دەروازەی براندن بورگەر کرایەوە، کێشەی یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا لە هەموو کات زیاتر خۆی سەپاند: زۆرینەی دانیشتوانی ئەڵمانی ڕۆژهەڵات خۆیان یەکلا کردبۆوە بەلای یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەڵمانیای خۆرئاوا.

کۆتایی ١٩٨٩ چیدیکە پارتی کۆمۆنیست لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بوونی نەمابوو. کۆمۆنیستەکان لە حکومەتیشدا بەشدار نەدەکران. دەرگاکانی ڕۆژئاوا خرابوونە سەر پشت. ٣٣٤٠٠٠ هاوڵاتی لەو ساڵەدا کۆچیان کردبوو بۆ ئەڵمانیای خۆرئاوا. ڕۆژانە دوو هەزار هاوڵاتی ئەڵمانیای خۆرهەڵات بەرەو خۆرئاوا کۆچیان دەکرد. تەنها یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا دەتوانێت ئاسودەیی ببەخشێت بەوخەڵکە. ئەڵمانەکان نەیاندەتوانی بە تەنها بڕیارێک لەو بارەوە بدەن، بەڵکو پێویستیان بە ڕەزامەندی چوار هێزە دەسەڵاتدارە داگیرکەرەکە بوو: ئەمەریکا، سۆڤێت، فەرەنسا، بەریتانیا.



ماچی یەهودایی* : سەرکردەی ئەڵمانیای رۆژهەڵات ئێریک هۆنیکەر پێشوازی لە گۆرباچۆڤ دەکات بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٤٠ ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتDDR ، بەهۆی کراوەنەوەی گۆرباچۆڤ ماوەیەکی زۆر کەم دوای ئەو ماچە هۆنیکەر پێگەی خۆی لەدەست دەدات و شتێک بەناوی ئەڵمانیای دیموکرات نامێنێت.

## چیکو سلۆڤاکیا:

هەرچەندە ئاستەکانی بەکاربردن لە چیکوسلۆڤاکیا خراپ نەبوو، بەڵام ئابوری ئەم وڵاتەش توشی چەقبەستن هاتبوو. کەس نەیدەزانی چۆن باری لاری وڵات راست بکاتەوە. هەموو ئەو رێکارانەی گیرانە بەر شکستیان هێنا. رژێمەکە خزێنرابووە نێو حاڵەتێکی دۆگمایی و لەخۆڕازی. هەرکەسیش رەخنەی بگرتایە زۆر بە توندی بەرپەرچ دەدرایەوە وەکو فاسلاڤ هاڤێل کە سەرکردەیەکی رێکخراوی مافی مرۆڤ بوو بە ناوی Charta77 و بە ئاشکرا بیروڕای خۆیان دەخستەڕوو. لە ژێر کاریگەری روداوەکانی پۆڵەندا

* ماچی یەهودایی. یاخود ماچی خیانەت. یەکێک لە شوێنکەوتووەکانی عیسا بە ناوی یەهودا ئەسکەریوتی دوای ئەوەی ئەملاو ئەولای عیسا ماچ ئەکات ئەڕوات زمانی لێدەدات و شوێنەکەی بۆ دوژمنانی ئاشکرا دەکات. وەرگێڕ

و هەنگاریا و پشت ئەستور بەو راستییەی کە گۆرباچۆڤ داوای چاکسازی دەکرد بۆ ئەورووپای رۆژهەڵات، چەند گروپێکی بچوکی روناکبیران لە هاوینی ١٩٨٩ دەستیان بە چالاکی ئاشکرا کرد بۆ گۆڕینی رژێم. ئەو روناکبیرانە وەک هاوڕێکانیان لە ئەڵمانیای دیموکرات بانگەشەی ئەوەیان نەدەکرد کە دەمودەست وڵات بگوێزنەوە بۆ ئابوری بازاڕی ئازاد، بەڵکو داواکاری ئەوە بوون کە سیستەمەکە دیموکراتیزە بکرێت و مۆرکێکی مرۆڤانەی پێوە بێت.

لە ٢٩ی ت١ی ١٩٨٩دا نزیکەی ١٠هەزار کەس لەسەر بانگەوازی رێکخراوی چارتا٧٧ لە گۆڕەپانی ڤەنسیسلا لە پراگ بۆ یادکردنەوەی هەفتاویەکەمین ساڵی سەربەخۆیی وڵات، گردبوونەوە. خۆپشاندانەکە لە لایەن پۆلیسەوە سەرکوت کرا. هەندێک لە هێزەکانی پۆلیس دووفاقی هەڵوێستیان نواندبوو. ئەوانیش چاکسازییان دەویست، ئەمەش بووە هۆی وروژاندنی خۆپیشاندەران کە بەهیوای ئەوە بوون لە رۆژانی داهاتوودا بە ژمارەیەکی زۆرترەوە بێنەوە بۆ گۆڕەپانەکە. لە ١٧ی مانگدا دۆخەکە بەو جۆرە بوو، کاتێک رێپێوانێکی ٣٠ هەزار نەفەری لە خوێندکاران کە پێشتر مۆڵەتی بۆ وەرگیرابوو بەهۆی هەڵسوکەوتی نەشیاوی پۆلیسەوە لە گرێژنە دەرچوو. هەروەها پاگەندەیەکی درۆینە بڵاوکرایەوە کە گوایا هێزەکانی پۆلیس خوێندکارێکیان کوشتووە. لە ١٩ی مانگدا ١٢ گروپی جیاوازی ئۆپۆزیسیۆن لەوانەش چارتا ٧٧ یەکیانگرت و بزووتنەوەی مەکۆی مەدەنییان پێکهێنا. هەروەها هاوشێوە سلۆڤاکییەکەشی بە ناوی (بزووتنەوەی گەل لە دژی توندوتیژی)ش دروستکرا. هەردوو گروپەکە داواکاری ئەوەبوون کە رژێمی کۆمۆنیستی هەڵوەشێتەوە و مافە مەدەنییەکان بسەلمێنرێت، جگە لەوەش ئەمینداری گشتیی پارتی کۆمۆنیست (میلوس جاکەس) ناچار بوو دەستبەجێ دەست لە کار بکێشێتەوە.

لە ٢٠ی ت٢دا نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس لە گۆڕەپانی ڤەنسیسلا خۆپیشاندانیان کرد. کەس توانای ئەوەی نەبوو ئەو شەپۆلە فراوانەی نارەزایی رابگرێت. لە ٢٤ی مانگدا رابەری سەرهەڵدانەکەی بەهاری پراگ (دوبشیک)، کە دوورخرابۆوە بۆ سلۆڤاکیا و لەو کاتەوە بێدەنگ کرابوو

لەگەڵ ئەستێرەی رۆژ "هاڤیل" وتاریان بۆ ٢٥٠ هەزار خۆپیشاندەر خوێندەوە. سەرۆک وەزیران "لادیسلاف ئادەمیک" نەرمی زۆری نواند لەگەل مەکۆی ئۆپۆزیسیۆن، بەڵام بێ سود بوو. لە ٢٧ی ت٢دا، بۆ ماوەی دوو کاژێر مانگرتنی سەرتاسەری راگەیەنرا، ئەوەش دەری خست کە جوتیاران و کرێکاران پشتیوانی بزوتنەوەی ریفۆرم دەکەن کە هاڤیل و دوبشیک رابەرایەتیان دەکرد. لە ئەنجامی ئەوانەشدا پەرلەمانی کۆمۆنیستەکان لە ٢٩ی مانگدا رەزامەند بوو لەسەر رەتکردنەوەی ئەو برگە دەستورییەی کە رۆڵی پێشەنگایەتی بە پارتی کۆمۆنیست دەبەخشێت. حکومەتی نوێ کە "ئادەمیک" پێکیهێنابوو، ژمارەیەک لە کەسانی غەیرە کۆمۆنیستیشی تێدا بوو ناچار کرا لە ٧ی ک١دا دەست لە کار بکێشێتەوە. ماریان کالڤا کە کۆمۆنیستێکی جەسور بوو لە ١٠ی مانگدا حکومەتێکی لە غەیرە کۆمۆنیستەکان دروست کرد. ئەمەش خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو: سەرکردەی کۆنی کۆمۆنیست هوساک کە رابەری حزب بوو لە ١٩٦٩ هەتا ١٩٨٧ دەستی لە پۆستی سەرۆکۆماری بەردا. یەکەمین کاری حکومەتی نوێ کردنەوەی پەردە ئاسنینەکە بوو.

چیرۆکە خەیاڵییەکان هەندێ جار دەبنە راستی و واقیعی. لە ٢٨ی ک١دا پەرلەمان کە کۆمۆنیستە راستەقینەکانی تێدا بوو دوبشیکیان کردە ئەندامی پەرلەمان و هەمان رۆژیش کردیانە سەرۆکی پەرلەمان. هەمان پەرلەمان بۆ رۆژی دواتر کەسایەتی بەرێزی ئۆپۆزیسیۆن، نوسەری چیکی بەناوبانگ هاڤیلیان کردە سەرۆک. هاڤیل تا ماوەیەکی کورت لەوەوبەر بەهۆی چالاکییەکانەوە لە زیندان توند کرابوو.

### بولگاریا:

بولگاریاش لەو چەقبەستنەی ئەوروپای رۆژهەڵات بەدەر نەبوو. پیشەسازی زۆر کۆن و دواکەوتوو و دژ بە ژینگە بوو. جوتیارەکانیش کە زۆر پاشکەوتوو بوون، سەری خۆیان کز کردبوو چونکە هیچ نەبێت دەیانتوانی پانتاییەکی زۆری زەوی بۆ خۆیان داچێنن. بولگاریا هیچ کێشەیەکی خۆراکی

نەبوو، بەڵام ئاستی بژێوی یەکجار نزم بوو. لەو ساڵانەی دوایشدا ئەو وڵاتە بەهۆی چەوساندنەوەی کەمایەتی تورکی و ناچارکردنیان بە توانەوە لە ناو بۆتەی ئەو وڵاتەدا، ببووە مانشێتی سەر ڕۆژنامە جیهانییەکان. لە ماوەی نێوان حوزەیران و ئابی ١٩٨٩دا نزیکەی ٣٠٠ هەزار هاوڵاتی بە ڕەچەڵەک تورک ڕایان کردبوو بۆ تورکیا. ئەو کۆچە بە لێشاوە ببووە هۆکاری نا جێگیربوونی کەرتی کشتوکاڵ.

بزووتنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی (ئیکۆگلاسنۆست) بە هێواشی کاری بۆ ئەوە دەکرد کەمێک دەنگی خۆی بەرز بکاتەوە و ڕەخنە بگرێت. سەرەنجام دکتاتۆری حەفتاوهەشت ساڵە (ژیڤکۆڤ) کە سی و پێنج ساڵ ڕابەری یەکەمی حزب بوو، لە کار لادرا. مۆسکۆ بۆ لێخستنی ناوبرا لەگەڵ چەند وەزیرێکی ریفۆرمخواز و سەرۆک وەزیر (پیتەر میلادینۆڤ) ڕێکەوتن و لە ١٠ی ت٢ی ١٩٨٩ ناچاریان کرد دەست لە کار بکێشێتەوە و میلادینۆڤ خۆی بوو بە سەرۆکی وڵات و حزب و هەوڵیدا ڕژێمێکی ڕۆشنگەری کۆمۆنسیت دروست بکات.

لە ١٠ی ک١دا نزیکەی پەنجا هەزار کەس لە سۆفیا دژی ڕژێمی کۆمۆنیستی گردبوونەوەیان سازکرد. میلادینۆڤ ناچار بوو لە ١١ی مانگدا بەڵێنی هەڵبژاردنی ئازاد و دەستورێکی نوێ بدات. پارتی کۆمۆنیست لە ١٣ی مانگدا ڕایگەیاند کە دەستبەرداری مافی پێشەنگایەتی وەک حزبی پێشڕەوی ناو کۆمەڵگا دەبێت. ئەو حزبە هیوای بەوە هەبوو کە جوتیاران لە گوندەکان بتوانن دەنگی بدەنێ و هەڵبژاردنەکان بباتەوە.

## ڕۆمانیا:

ڕۆمانیا وڵاتێکی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بوو کە لە خراپترین دۆخی بژێویدا بوو. بۆ ئەوەی قەرزە دەرەکییەکانی وڵات کە ٢.١٠ ملیار دۆلار بوو، بە خێرایی بدرێنەوە، دیکتاتۆر چاوشیسکۆ (Ceausescu) لە ساڵی ١٩٨١ بەدواوە هانی هەناردەکردنی دەدا، بۆیە بەکاربردنی ناوخۆی تاڕادەیەکی یەکجار زۆر کەمکردبۆوە. ڕۆمانییەکان چەندین ساڵ بوو بەدەست برسێتی

و قات و قڕی دەیانناڵاند. خزمەتگوزاریی تەندروستی نزم بوو. لە وەرزی زستاندا نەیاندەتوانی ماڵەکانیان گەرم، یاخود روناک بکەنەوە. هاوژینەکەی چاوشیسکۆ حەزی لە پڕۆژە (میگالۆمان)[١٠٢]ییەکان دەکرد. کۆنترین گەڕەکەکانی بوخارست تێکدەران و لە شوێنیان کۆشکی سەرۆکایەتی گرانبەها و باڵەخانەی پۆشتە، بە درێژایی شەقامی فراوانی (سەرکەوتنی سۆشیالیزم)، بنیات دەنران. پڕۆژەیەکی دیکەش نارەزایی نێودەوڵەتی توندی لێکەوتەوە: چاوشیسکۆ بە نیاز بوو هەموو گوندەکانی وڵات کە ژمارەیان سیازدە هەزار گوند بوو خاپوربکات و هەر حەوت هەشت گوندی وڵات بکات بە یەک و پێکەوە لە شوێنیاندا پێنج سەد و شەست کۆمەڵگەی کشتوکاڵی دروست بکات. لەم پڕۆژەیەدا پاڵنەری ئایدیۆلۆژی رۆڵی سەرەکی هەبوو، بەڵام لە راستیدا ئەوە رێگایەک بوو بۆ تواندنەوەی ١٨٠ هەزار کەسی هەنگاری لە کەمایەتی ترانسلڤانیا.

رۆمانییەکان زۆر نارازی بوون، بەڵام لە ترسی پۆلیسی نهێنی هیچیان پێنەدەکرا. پۆلیسی نهێنی رۆمانیا توندترین و داپڵۆسێنەرترین پۆلیس بوو لە بلۆکی رۆژهەڵات. کۆنگرەی حزب لە ماوەی نێوان ٢٠-٢٤ ی ت٢ گرێدرا. چاوشیسکۆ رەزامەندی ٦٧ کەسی لە ئەندامە تۆقیوەکانی حزب بەدەستهێنا. هەرچەندە لە رابووردوودا وەسف دەکرا بۆ ئەوەی کە رێگایەکی جیاوازی لە سۆڤێت گرتبووە بەر، بەڵام لەوەو دوا لە لایەن هەموو سەرکردە دیموکراتخوازەکانیشەوە نەفرەتی لێدەکرا. زۆرکەسیش بە گومان بوون لە تەندروستی دەرونیی چاوشیسکۆ و ئێلینای هاوژینی، گۆرباچۆڤیش بێزاری خۆی لە رژێمەکە نەدەشاردەوە.

پێدەچێت لە ساڵی ١٩٨٩ هەندێ لە کۆمۆنیستە پایەدارەکان بە راوێژ لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت هەستان بە دروستکردنی بەرەی رزگاریی نیشتمانی، کە پلانێکیان لە دژی چاوشیسکۆ دارشتبوو. بەهۆی راپەڕینی خۆرسکانەی جەماوەری (تیمیشوارا) کە شارێکی کەمینە مەجەڕیەکان بوو، نەخشەکەیان

١٠٢ میگالۆمانی بریتییە لە نەخۆشی خۆ بە مەزن زانین کە توشی دەسەڵاتداران و دیکتاتۆرەکان دەبێت بە عەرەبی واتە (جنون العظمة). وەرگێڕ

هەڵوەشایەوە. لە ١٥ی ک١دا پروپاگەندەی ئەوە بڵاوکرایەوە کە گوایا بڕیارێک بۆ دوورخستنەوەی (لازلۆ تۆکس) پاستۆری بەناوبانگی هەنگاری و ڕەخنەگری ڕژێم، دەرچووە. ڕۆژی دواتر خۆپشاندانێکی خۆڕسکانە لە دژی ڕژێم بەرپاکرا. خۆپیشاندەران دروشمیان دەدا (بڕوخێ چاوشیسکۆ-نانمان دەوێ). لە ١٧ی مانگدا هێزەکانی ئاسایش و سوپا تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد و چەند کەسێک بوونە قوربانی، بەڵام بە دڵنیاییەوە وەک لە میدیا نێودەوڵەتییەکان باسی دەکرا دەیان کەس نەکوژرابوون. هەتا ڕۆژی ٢٠ی ک١ هەتا دانوستان لەگەڵ سەرۆک وەزیران دەستیپێکرد، هێزەکانی پاراستنی ئاسایش تەقەیان لە خۆپیشاندەران دەکرد. دۆخەکە زیاتر شلەقا و ئاژاوەی زیاتر کەوتەوە. خۆپیشاندان لە ١٨ مانگ لە (ئاراد) و (براشۆڤ) دەستیپێکرد. لاوان لە بوخارستیش دەستیان کرد بە خۆپیشاندان.

چاوشیسکۆ هەوڵیدا دۆخەکە ئارام بکاتەوە. لە ٢١ی مانگ لە ناوەندی شاری بوخارست وتاری پێشکەش کرد. خەڵکەکە بە دروشمی ناڕەزایی و سوکایەتی وەڵامیان دایەوە و ڕۆژی دادێ لەگەڵ هاوژینەکەی هەڵهات. دوای ئەوە سوپا و ئاسایش زۆر بە توندی بەرپەرچی خەڵکیان دایەوە. لە ٢٣ی مانگ تەقەکردن ڕاگیرا: سوپا ڕایگەیاند کە چیدیکە ئامادە نیە تەقە لە خەڵک بکات. بەرەی ڕزگاریی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی ئیۆن ئیلیسکۆ (Ion Iliescu) دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. ناوبراو بیروکراسێکی کۆمۆنیستی بەناوبانگ و دۆستی گۆرباچۆڤ بوو. لە باڵەخانەی تەلەفیزیۆن لەبەردەم کامیراکاندا کۆبوونەوەی دەکرد، کاتێک هێزەکانی ئاسایش دایان بەسەریاندا، بەڵام بێگومان بەرەی ناوبراو لە ناو هێزەکانی سوپا و ئاسایش لایەنگری زۆر بوون و نوێنەرایەتی بیروکراس و ریفۆرمخوازەکانیان دەکرد. چاوشیسکۆ لەگەڵ هاوژینەکەی بە فڕۆکە هەڵهاتن، بەڵام سوپا ئەوانی دەستگیرکرد. لە ٢٥ی ک١دا دوای دادگایی کردنێکی سەرپێییانە هەردوکیان گوللە باران کران.

سەرکردە تازەکان دووڕوو بوون. لەبەردەم کامیراکاندا بە جۆرێک هەڵسوکەوتیان دەکرد وەک ئەوەی یەکتر نەناسن و تەنها ڕۆژی ٢٢ی ک١



١٩٨٩/١٢/٢٥

ئەو جێگایەی نیکۆلای شاوشیسکۆ و ئێلینای هاوژینی تێدا گوللە باران کرا

یەکتریان بینیبێت. ئامادەکاری بۆ شەڕێکی ناوخۆی قورس لە گۆڕێدا بوو: ڕەوشەکە بە جۆرێک دەهاتە بەر چاو کە سوپا ئامادەکاری بۆ ئەوە بکات دەسەڵات لە ژێر دەستی هێزە ئەمنییەکانی لایەنگری چاوشیسکۆ دەربێنێت. لایەنگرەکانی بەرەی ڕزگاری و هەندێ لایەنگری دڵسۆزی چاوشیسکۆ بوون کە خەڵکیان دەدایە بەر گوللە. لەبەر چاوی ڕۆژنامە جیهانیەکانەوە (کە ڕەخنەیەکی ئەوتۆیان لە دۆخەکە نەدەگرت!) کاری ئاژاوەگێڕی و پاشاگەردانی سیستەماتیک ئەنجام دەدرا، کۆمەڵکوژی خەڵک دەکرا. نزیکەی ٦٠ هەزار کەس کوژران، کە لە ڕاستیدا تەنها هەزار کەسیان لە کاتی شۆڕشدا کوژران. بەشی هەرە زۆریان بەدەستی سوپا دەکوژران کە دەیانویست ناوبانگی هێزە ئەمنییەکان بزڕێنن.

لە ٢٦ی ک١دا ئیۆن ئیلیسکۆ بوو بە سەرۆکی بەرە. لە ٢٩ی مانگدا بەرە هەنگاوەکانی بۆ دیموکراتیزەکردنی ڕۆمانیا و بازاڕی ئازاد ئاشکرا کرد. بۆ ساڵانی داهاتوو دەستەبژێری پێشووی کۆمۆنیست بە سەرکردایەتی

ئیلیسکۆ دەست بەسەر وڵاتدا دەگرێت و ڕێگر دەبێت لەبەردەم بوژاندنەوەی بازاڕی ئازاد و پتەوکردنی پایەکانی دیموکراسی.

## یوگوسلاڤیا و ئەلبانیا:

تا دوای مردنی تیتۆ لە ٤ی مایسی ١٩٨٠، یوگوسلاڤیا وەک دەوڵەتێکی فیدرالی بێلایەن، بەڵام کۆمۆنیست مایەوە، کە پێکدەهات لە شەش کۆمار و دوو هەرێمی ئۆتۆنۆم. لە ساڵی ١٩٨٩ وەک هەموو وڵاتانی دیکەی بلۆکی ڕۆژهەڵات، وڵات دووچاری ئاستەنگی زۆر بۆوە. ئابوری وڵات دووچاری چەقبەستن هاتبوو. تێکڕای هەڵئاوسان گەیشتبووە ٢٠٠٠٪؛ بێکاری ٢٠٪ و ٦٠٪ی کرێکارانیش لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژیان. ئەوەی لەو دۆخە ئابورییە خراپە ناخۆشتر بوو ئەو پەیوەندییە خراپە بوو کە لەنێوان گەلانی ئەو وڵاتەدا بوو. لە نێوان سلۆڤانیەکان و کرواتەکان و ئەلبانەکان رقێکی زۆر لە بۆ سربەکان هەبوو، کە لەرووی ژمارەوە زۆرتر بوون. سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ رابەری کۆمەڵەی کۆمۆنیستە سربەکان سەرکردایەتی دەکردن. سربەکان دەیانویست پێگەی خۆیان لە ناو یوگوسلاڤیا بەهێز بکەن. خوازیاری ئەوە بوون بەشە سربەکەی کۆسۆڤۆ (کە ئۆتۆنۆمی خۆی هەبوو) بخەنەوە ژێر دەستی خۆیان. ئەلبانەکان لەوێ زۆرینەی رەها بوون و خۆیان فەرمانڕەوای خۆیان بوون. لە ٥ی تەموزی ١٩٩٠ کۆسۆڤۆ کەوتە ژێر دەسەڵاتی سربەکانەوە و ئەلبانیەکانیان خستە ژێر دەستی خۆیان و ئەوانیش دژی ئەو چەوساندنەوەیە وەستانەوە. سربەکان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هەرێمی ڤۆیجڤۆدینا (Vojvodina)ی خودموختاردا سەپاند، هەرێمەکە کەمایەتییەکی مەجەڕی زۆری لێدەژیا. هەروەها میلۆسۆڤیچ بە نیاز بوو دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت بەسەر کەمایەتی سربەکان لە کرواتیا (١٢٪ خەڵکەکە) و بۆسنەی هەرزۆگۆڤین (٣١٪ خەڵکەکە). مەسەدۆنییەکانیش وەک سرب ئەژمار دەکران، بۆیە بە نیاز بوو ئەوانیش بخاتە ژێر دەستی خۆی.

کۆماری سلۆڤینیا کە زۆر هەڵپەی بەرەو ڕۆژئاوا دەکرد و لەچاو ئەوانی تردا بوژاوەتر بوو، ماوەیەکی زۆر بوو بیری لەوە دەکردەوە خۆی لە

کۆماری یوگوسلاڤیا جیا بکاتەوە و سەربەخۆ بێت. سلۆڤینیا کە ژمارەی دانیشتوانەکەی تەنها ٨٪ی ئەو وڵاتە دەبوو ڕێژەی ٢٠٪ سەراپاری بەرهەمی نەتەوەی بەردەکەوت و ٣٣٪ی هەناردەکانی وڵاتی ڕەوانە دەکرد. لە ٢٧ی ئەیلول، پەرلەمانی ناوخۆی وڵات سەربەخۆیی ڕاگەیاند و سلۆڤینیای وەک وڵاتێکی خاوەن سەروەریی سەربەخۆ ڕاگەیاند. پەرلەمانی وڵات ڕۆڵی پێشەنگایەتی کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکانی سلۆڤینیای هەڵوەشاندەوە. هەتا ئێرە بابەتەکە تەنها لە چوارچێوەی لێدواندا مایەوە و بە شێوەیەکی جددی باسی سەروەریی وڵات نەدەکرا. بڕیار درا هەڵبژاردنێکی ئازاد لە نیسانی ١٩٩٠دا بکرێت. هەڵبژاردن کرا و هاوپەیمانی ڕاستڕەوی ناوەڕاست سەرکەوت، ئەوەش بە واتای کۆتایی ڕژێمی کۆمۆنیست بوو لە سلۆڤینیا. کرواتیاش هەمان ڕێچکەی گرتەبەر. کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان داوای هەڵبژاردنی ئازادی کرد لە ١٢ی ک١ لەسەر بنەڕەتی فرە حزبی. هەروەها هەستێکی دژ بە سربەکان لە کرواتیا پەیدا ببوو. هەستە دژەکان ئەوەندە گەرم بوون گەیشتنە ئەو ڕادەیەی کەمینە سربەکانی کرواتیا لە خۆیان بترسن.

ئەلبانیای دراوسێی یوگوسلاڤیا، کە بەتەواوەتی پەراوێز خرابوو، لە ١٩٨٩دا هیچ دەنگوباسێکی ئەوتۆی لەبارەوە نەبوو. هەندێ دەنگۆی ئەوە هەبوون کە گوایا ڕژێم بە ئاگر و ئاسن هەندێ خۆپیشاندانی دامرکاندۆتەوە، بەڵام ڕژێمی ستالینی لە ئێستادا هەر لە ژیاندا ماوە و بەردەوامە.

## یەکێتیی سۆڤێت:

ساڵی ١٩٨٩ ئاڵۆزترین ساڵ بوو بۆ ریفۆرمەکانی یەکێتیی سۆڤێت. لە نێوان پێداویستییەکانی نەخشەکێشانی ئابوری و پێداویستییەکانی ئابوریی ئازاد سیاسەتێکی دوو دڵانە پەیڕەو دەکرا. نائارامی و بێبڕوایی ببووە هۆکاری گرانی و ناڕەزایی. یەکێتیی سۆڤێت دەیویست ببێت بە ئەندامی سەندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی و بانکی نێو دەوڵەتی بۆ ئەوەی سود لە قەرزی هەرزان بەها وەربگرێت. وتەبێژەکانی ڕۆژئاوا داوای کرانەوە و لیبراڵیزەبوونی زیاتریان دەکرد بەر لەوەی داواکە تاوتوێ بکەن. لە ژێر

باندۆری ئەو داوایانەدا چەند کەسێکی تەکنۆکراتی راسپارد بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی رۆیشتن بەرەو سەرمایەداری خێراتر بکەن.

گۆرباچۆڤ دەیویست دەسەڵاتی حزب لە قازانجی دامەزراوەکانی دەوڵەت و پەرلەمانی هەڵبژێردراو بەشێوەیەکی دیموکراسی کەم بکاتەوە، کە لەو باوەرەدا بوو پەرلەمان پشتیوانییەکی لێدەکات. ئەو هێشتا باوەڕی بە فرە حزبی نەبوو، بەڵام مەبەستیشی بوو کە دەسەڵاتی کۆنزەرڤاتیڤەکانی ناو حزب بشکێنێت. لە هەردوو مانگی ئازار و نیساندا بۆ یەکەمجار هەڵبژاردنی خۆجێیی بە نهێنی ئەنجامدرا بۆ ئەوەی ١٥٠٠ کورسی لە کۆی ٢٢٥٠ کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێرن. کورسییەکانی دیکەش بۆ پارتی کۆمۆنیست و بزاڤی لاوان و ژنان و رێکخراوە روناکبیری و بازرگانی و ئەکادیمی زانستی و رێکخراوەکانی دیکە. ئەم کۆنگرەیەش خۆی ئەنجومەنی باڵای سۆڤێت دەستنیشان دەکات. لە ٢٥ی مایسدا گۆرباچۆڤ لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سۆڤێت و سەرۆکی وڵات هەڵبژێردرا و لە هەمان کاتیشدا وەک سەرۆکی حزب مایەوە. هەوڵیدا رێچکەیەکی میانڕەوانە بگرێتە بەر بەڵام لە لایەن هەریەکە لە کۆمۆنیستە کۆنزەرڤاتیڤەکان و رادیکالەکانیش رەخنەی توندی ئاراستە کرا.

گۆرباچۆڤ لە پلەی یەکەمدا بایەخی بە سیاسەتی دەرەکی و ریفۆرمی سیاسی دەدا. ئەو زۆر لە دۆسیەی ئابوری تێنەدەگەیشت بۆیە بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدەدا. وێرای ئەوانەش ریفۆرمە ئابورییەکان – بەهۆی دژایەتی نۆمینکلاتورا[١٠٣]– زۆر بە زەحمەت جێبەجێ دەکران. بە هەر حاڵ ریفۆرمی ئابوری شکستی هێنا، بۆیە سەرۆک وەزیران (نیکۆلای ریزیکۆف) لە ١٣ی ک١ی ١٩٨٩دا پێشنیازی نەخشەی پێنج ساڵی خستەڕوو. بوێری ئەوەی نەبوو کە دەستبەجێ ئابوری بگۆڕێت بۆ بازاڕی ئازاد. ئەو لەو باوەڕەدا بوو

١٠٣ نۆمینکلاتۆرا: وشەی (Nomenclatura)لە زمانی روسیشدا زۆر کۆن نییە بەڵکو لە سەردەمی سۆڤێت پەیدابووە. ئەمانە ئەنجومەنێکی باڵای حزب بوون کە راستەوخۆ رۆڵیان هەبووە لە دەستنیشانکردنی هەموو کاندیدێک بۆ پۆستە حزبی و حکومییەکان لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤێت. وەرگێڕ.

پێش ١٩٩٣-١٩٩٥ ناتوانن ئابوری سۆشیالیستی تێپەڕێنن. بۆریس یەڵتسن سکرتێری پێشووی حزب لە مۆسکۆ رکەبەری گۆرباچۆڤ بوو، هاوڕێ لەگەڵ چەندین ریفۆرمخوازی دیکەدا لەو باوەڕەدا بوون کە چاکسازییە ئابورییەکان بەهێواشی بەڕێوە دەچن، گۆرباچۆڤ خۆشی لەو روەوە نیگەران بوو، لەو باوەڕەدا بوو کە چاکسازییەکان هێواشن.

ئەوەی لە هەمووشت زیاتر مایەی سەرسوڕمان بوو لە ساڵی ١٩٨٩ بزووتنەوە جوداخوازەکانی هەندێک لە کۆمارەکانی سۆڤێت بوو. وڵاتانی بەلتیق کە ساڵی ١٩٤٠ دوای رێککەوتنی مۆلۆتۆڤ- ریبنترۆپ خرانە سەر یەکێتیی سۆڤێت بەدڵی روسەکان بوو. ئەوانە شان بەشانی شالاوێکی زۆری کۆچبەران و هاوڵاتیانی دیکەی روس پێیان باش بوو هەر زمانی روسی بەکار بێنن، بۆیە زمانی روسی بوو بە زمانی هاوبەشی بەڕێوەبردن و خوێندن و کۆمپانیاکان. کەمکردنەوەی شالاوی کۆچبەران و ئۆتۆنۆمییەکی ئابوری بوو بە ئامانجی سەرەکی وڵاتانی بەلتیق. ساڵی ١٩٨٨ زمانی ئیستوانی و لیتوانی بوون بە زمانی رەسمی، لە ٥ی مایسی١٩٨٩ لاتیڤیاش بەهەمان شێوە زمانی خۆی کردە زمانی رەسمی وڵات.

ساڵی ١٩٨٩ ناسیۆنالیستەکانی بەلتیق توندڕەوتر بوونەوە. بەرەی گەلی ئیستوانیا و لیتوانیا و بزووتنەوەی ریفۆرمی لیتوانی (ساژودیس) پەیدابوون. ئەوانە دەیانویست لە یەکێتیی سۆڤێت جیا ببنەوە و سەربەخۆیی خۆیان وەربگرنەوە. ئەوەش زۆر بە روونی رەنگی دایەوە کاتێک پتر لە یەک ملیۆن هاوڵاتی بەلتیق لە ٢٣ی ئابدا بە درێژایی ٦٠٠ کیلۆمەتر هاتنە سەر شەقامەکان و یادی پەنجا ساڵەی رێککەوتنە شومەکەی "مۆلۆتۆڤ – ریبنترۆپ"یان کردەوە. ئەوان رویان لە خۆرئاوا و پشتیان لە گەلانی سلاڤیی سۆڤێت بوو. هەموو ئەم رێکارانە بە پشتیوانی تەواوەتی دەسەڵاتدارانی ناوخۆ دەکرا.

لە ١٢ی ت٢ دا، ئەنجومەنی باڵای ئیستوانیا رایگەیاند کە لکاندنی ئیستوانیا بە یەکێتیی سۆڤێتەوە لە تەموزی ١٩٤٠ یاسایی نەبووە. لە ٧ی ک١دا ئەنجومەنی نیشتمانی ئیستوانیا سیستەمی فرە حزبی راگەیاند. لە

٢٠ی مانگدا پارتی کۆمۆنیستی لیتوانی (بەتەواوی ناسیۆنالیست) لە پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێت جیابۆوە.

تەنها کۆمارەکانی بەلتیق نەبوون کە ببونە هەڕەشە بۆ سەر سۆڤێت. جۆرجییەکانیش داوای ئۆتۆنۆمیی زیاتریان دەکرد. لە ٩ی نیساندا لە (تەبلیسی) ی پایتەخت خۆپیشاندانێک کرا، خۆپیشاندانەکە لە گرێژنە دەرچوو. هێزەکانی سوپا بە گازی ژەهراوی و سەرەنێزەی تیژ کەوتنە ناو خۆپیشاندەران و ١٩ کەس کوژرا و سەدانی دیکەش بریندار بوون. ململانێی چەکدارانەی خوێناوی لە نێوان ئەرمەن و ئازەربیجانییەکاندا لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ کاراباخی ئەرمەنی لە ناو سنوری ئازەربایجان هاتە ئاراوە.

لە مۆلداڤیا ڕۆژی ١ی ئەیلول زمانی ڕۆمانی وەک زمانی فەرمی وڵات ڕاگەیەنرا، هەردوو کۆماری سلاڤی غەیرە روسی پشتیوانی خۆیان پیشاندا: لە ٢٣ی حوزەیراندا بەرەی گەلیی ناسیۆنالیستی بیلاروسیا دامەزرا. لە ٩ی ک١دا بزوتنەوەی گەلیی ئۆکرانیا (ڕۆش) لە کیف دامەزرا. هەردوو بزوتنەوەی سیاسی گۆرباچۆڤیان کردبۆوە ئامانج، گۆرباچۆڤێک کە بە حاڵ دەیتوانی وەڵامدەرەوەی ئەو ڕوداوانە بێت و هیچ نەخشەیەکی نەبوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بزوتنەوە جوداخوازییەکان و بڕوای بەوە نەدەکرد کە یەکێک لە کۆمارەکانی سۆڤێت لە یەکێتیی سۆڤێت جیابێتەوە.

## داڕمانی جەنگی سارد:

ساڵی ١٩٨٩ کە دووسەدەمین ساڵیادی شۆڕشی فەرەنسا بوو، تەنها ساڵی دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا نەبوو، بەڵکو ساڵی داڕمانی یەکجارەکی جەنگی ساردیش بوو. لە ک٢ی ئەو ساڵەدا دوای سەرۆک ریگان، جێگرەکەی واتە جۆرج بۆشی باوک بوو بە سەرۆک. ئەو کوڕی سەرمایەدارێکی ئەنجومەنی پیران بوو کە یەکێک بوو لە ئیمپراتۆرەکانی نەوت لە تەکساس. بەو پێیەی کە پێشتر سەرۆکی ئاژانسی هەواڵگری (سی.ئای.ئەی) بوو، دوژمنێکی سەرسەختی کۆمۆنیزمیش بوو. هەرچەندە هەڵوێستەکانی نەرمتر بوون، بەڵام بەردەوام بەرگریی لە سیاسەتەکانی

ڕێگان دەکرد. بوشی باوک کۆنزەرڤاتیڤ بوو، دەیویست هەموو شتێک وەک خۆی بمێنێتەوە، بۆیە بەرنامەیەکی ڕوونی نەبوو. ئەو ڕوداوەکانی دەبینی و بە شێوەیەکی گونجاو کاردانەوەی دەنواند. لە ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتیدا هیچ باوەڕی بە گۆرباچۆڤ و یەکێتیی سۆڤێت نەبوو.

لە ١٩ی ک٢ی ١٩٨٩ کۆنفرانسی ئاسایش و هاریکاری (CVSE) لە ڤیەنا گرێدرا. ڕێککەوتنێکی برایانە لە نێوان هەردوو پەیمانی ناتۆ و وارشۆ مۆرکرا، کە تیایدا پابەند بوون بە مافەکانی مرۆڤ و فراوانکردنی ڕێکارەکان بۆ بنیاتنانی متمانە هەتا ئەو پەڕی سنور جەختی لەسەر کرایەوە. دانوستانەکانی تایبەت بە کەمکردنەوەی چەک و هێزە چەکدارەکان لە ئەوروپا (MBFR) کە پازدە ساڵ بوو بێهودە بەردەوام بوو، ڕاگیرا و لە جیاتی ئەوە بڕیاری کۆنفرانسێکی نوێ درا بە ناوی هێزە سونەتییەکانی ئەوروپا (CFE).

کۆنفرانسی ناوبراو لە ڕۆژی ٦ی مارسی ١٩٨٩ کەوتە واری جێبەجێکردنەوە، ئامانجیش ئەوە بوو کە بە زووترین کات هەردوو بلۆک پێکەوە دەستبکەن بە کەمکردنەوەی بڕی چەک و هێزە چەکدارە تەقلیدییەکانی خۆیان هەر لە ئۆقیانوسی ئەتلەنتیەوە هەتا شاخەکانی ئۆرال. کۆنفرانسی CFE لە کەشێکی ئەرێنیدا بەڕێوەچوو، چونکە تەنها سۆڤێتییەکان نەبوون کە حەزیان لەو کەمکردنەوەیە هەبوو. سەرۆک بوش نەخشەیەکی هاوشێوەی لە کۆنفرانسی ناتۆ (٣٠مایسی ١٩٨٩) پێشنیازکرد. بوشی باوک وردە وردە لەگەڵ واقیعی تازەدا خۆی دەگونجاند. ئەو ڕێگای گرت لە نوێکردنەوەی ڕۆکێتە ناوکییە کورت مەوداکان لە ئەوروپا، پێشتر ئەمریکییەکان دەیانویست بە هەر نرخێک بووە ئەو ڕۆکیتانە تازە بکەنەوە. بەهۆی ناڕەزایی ئەڵمانیای خۆرئاوا و ئەندامانی دیکەی ناتۆ بڕیاردرا نەخشەکەی (٣٠ مایس) دوا بخرێت. پێشتر سۆڤێت و ئەمریکا لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە هەموو چەکی کۆگاکراوی کیمیاوی خۆیان لەناو بەرن (١١ی ک٢ی ١٩٨٩). بەهۆی مکوڕ بوونی سەرکردە ئەوروپییەکان و ڤاوینسا، بوشی باوک ڕازی بوو کە چاوی بە گۆرباچۆڤ بکەوێت. لوتکەی بوش – گۆرباچۆڤ (٢-٣ ک١ی ١٩٨٩ لە ماڵتا) لە کەشێکی زۆر ئارام و باشدا بەڕێوە چوو. هیچ ڕێککەوتنێکی کۆنکرێتی

نەکرا، بەڵام ئەوە زۆر بە ئاشکرا بەدی دەکرا کە هەردوو سەرکردەکە خۆیان بە دوژمنی یەکتر نەدەزانی بەڵکو وەک دوو هاوبەش کاریان بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنی گرنگ دەکرد. لە مالتا بێ متمانەیی سەرۆکی ئەمەریکی بە گۆرباچۆڤ کۆتایی هات.



جەنگی سارد تەواو بوو. شیڤاردنادزێ بە گەرمی لە لایەن ناتۆ پێشوازی دەکرێت

سۆڤێیتییەکان جار لە دوای جار هەندێ کاری سیمبولییان دەکرد. لە ١ی ک١ی ١٩٨٩ پاپا یۆحەننا پۆڵسی دووەم سەردانی گۆرباچۆڤی کرد و گرەنتی ئازادییە ئایینییەکانی وەرگرت. یەکێتیی سۆڤێت هاوڕێ لەگەڵ ئەندامانی دیکەی پەیمانی وارشۆ لە ڕۆژی ٤ی ک١ی ١٩٨٩دا هاوخەمی خۆیان دەربڕی بۆ ئەو هێرشەی کە ساڵی ١٩٦٨ کرایە سەر چیکۆسلۆڤاکیا. وتەبێژێک بە ناوی یەکێتیی سۆڤێتەوە لە ١٥ی ک١دا ئاشکرای کرد کە هەتا ساڵی ٢٠٠٠ هەموو ئەو سەربازانەی یەکێتیی سۆڤێت کە لەدەرەوەی وڵات خزمەت دەکەن و ژمارەیان ٦٢٧ هەزار سەربازە، دەگەڕێنرێنەوە بۆ

وڵات. لە ١٩ی هەمان مانگدا وەزیری دەرەوە، (ئێدوار شیڤەردنادزێ[١٠٤]) سەردانی نوسینگەی پەیمانی ناتۆی کرد لە برۆکسل و وەک هاوڕێیەیەکی باش پێشوازی لێکرا.

گۆرباچۆڤ نەیدەویست تەنها سەهۆڵبەندانی جەنگی سارد بتوێنێتەوە، بەڵکو دەیویست ئەو شەختەیە بتوێنێتەوە کە هەندێک کەس بە کرێوەی جەنگی سارد ناویان دەبرد: پەیوەندی نێوان چین و یەکێتیی سۆڤێت. ئەو توانی پەیوەندییەکان باشتر بکاتەوە بەڵام ئاسایی کردنەوەی راستەقینەی پەیوەندییەکان هێشتا بەدەست نەهاتبوو. ئەوە بۆچین مەحال بوو تەنها ئەو کاتە نەبێت کە سێ داوای ئەو جێبەجێ بکرێت. داگیرکردنی کەمبۆدیا و دەستبەسەراگرتنی لە لایەن ڤێتنامییە پڕۆ سۆڤێتییەکانەوە مەحاڵ بوو. دەبوو سۆڤێت لە ئەفغانستان بکشێتەوە، داخـوازی سێیەمی چین ئەوە بوو کە سوپای سۆڤێت مەنگۆلیا چۆڵ بکات. کاتێک گۆرباچۆڤ سەردانی پەکینی کرد لە ئایاری ١٩٨٩ و چاوی بە دینگ شیاو پینگ کەوت، هەرسێ ئەو مەرجە بە جۆرێک لە جۆرەکان جێبەجێ کرابوون. لە ساڵی ١٩٨٩ دا هێزەکانی سۆڤێت لە ئەفغانستان کشانەوە. هەروەها دووا سەربازی ڤێتنامی لە کەمبۆدیا کشایەوە. سەردانەکەی گۆرباچۆڤ بەهۆی خۆپیشاندانی خوێندکارانی چینەوە، کە داوای دیموکراسی زیاتریان دەکرد، راگیرا.

١٠٤ Eduard Shevardnaze (١٩٢٨–٢٠١٤) وەزیری دەرەوەی یەکێتیی سۆڤێت لە ساڵی ١٩٨٥ هەتا ساڵی ١٩٩٠. بە رەچەڵەک خەڵکی جۆریا بوو بەهۆی توانای تایبەتییەوە لە دانوستان بە رێوی سپی ناوی دەبرا. جۆرجیاش وەکو زۆرێک لە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤێت لە ساڵی ١٩٩٠ سەربەخۆ بوو. شیڤەردنادزێ لە ساڵی ١٩٩٢ بوو بە سەرۆکی جۆرجیا و هەتا رۆژی ٢٣ی ت٢ی ٢٠٠٣ سەرۆکی وڵات بوو. جۆرجییەکان لەو ساڵەدا شۆڕشی (گوڵ)یان بەرپا کرد و شیڤەردنادزێ ناچار بە دەست لەکار کێشانەوە کرا. دوو جار هەوڵی کوشتنی بۆ درا لە ساڵەکانی ١٩٩٥ و ١٩٩٨، بەڵام رزگاری بوو. لە سەروبەندی شۆڕشدا ئەڵمانیا ئامادەبوو مافی پەنابەری پێبدات ئەویش لە پای ئەو هەڵوێستە جوامێرانەیەی بۆ یەکخستنەوەی هەردوو ئەڵمانیا نواندبووی. بەڵام شیڤەردنادزێ وڵامی دابوونەوە کە (وێرای سوپاس گوزاریم بۆ ئەو هەڵوێستە بەڵام وڵاتەکەی خۆم زۆر خۆش دەوێت و هەرگیز ئامادە نیم بە جێی بێڵم). ساڵی ٢٠١٤ کۆچی دوایی کردووە. وەرگێڕ.

لە ٤ی حوزەیراندا دینگ شیاوپینگ خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی (ئاسمانی ئاشتی) لە پەکین دایە بەر گوللە، کە بووە هۆی کوژرانی هەزاران خوێندکار. ئەمە نەبووە هۆی ڕێگرتن لە ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان چین و سۆڤێت. باشبوونی پەیوەندییەکانی نێوان چین و سۆڤێت نەبووە هۆی توڕەکردنی ئەمەریکییەکان، ئەوەش ئاماژەیەک بوو بۆ ئەوەی کە پەیوەندییەکانی سۆڤێت و ئەمەریکا ئاسایی بوونەتەوە. لە ئەمەریکای ناوەڕاست ململانێ لە نێوان ڕاست و چەپدا بەردەوام بوو، بەڵام دەبێت ئەوەش بگوترێت کە ڕوداوەکانی سەلڤادۆر و نیکاراگوا پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە شەڕی ساردەوە نەبوو. ئەوانە زۆر بە ڕوونی دینامیکییەتی پەرەسەندنی مێژوویی خۆیان دەردەخست. ئەمریکییەکان زۆر خۆش حاڵ بوون بەوەی کە لە سەرەتای ١٩٩٠دا ساندینیستەکان هەڵبژاردنەکانیان لە نیکاراگوا دۆڕاند و سیاسەتمەداری ڕاستڕەو ڤیۆلیتا شامۆرۆ بوو بە سەرۆک.

# بەشی دەیەم
# کۆتایی جەنگی سارد
# ١٩٩٠

## یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا لە ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠:

بەهۆی روخانی دیوارەکە و دیموکراتیزەکردنی کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات، یەکخستنەوە و کۆکردنەوەی ئەڵمانیا ببوە بابەتێکی سیاسیی حەتمی. هۆکاری بوون و مانەوەی کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات ئەوە بوو کە دەوڵەتێکی سۆشیالیست و دژ بە فاشیزم بوو لەگەڵ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری جیاواز لەوەی ئەڵمانیای فیدرال. دواتر ئەو دووانە وەکو دوو وڵاتی ئەڵمانی دیموکرات و سەرمایەداری یەکدەگرن. راوێژکاری ئەڵمانیا (کوول) دۆست و دوژمنی توشی شۆک کرد، کاتێک لە ٢٨ ت١دا پرۆگرامێکی لە دە خاڵ بۆ سەرلەنوێ یەکخستنەوەی ئەڵمانیا راگەیاند.

پێشبینیکراو بوو کە بەرگری و ئاستەنگێکی زۆر بۆ یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا بێتە گۆڕێ: بێگومان سەرەتا دەبوو چوار هێزەکە لەگەڵ یەکتر رێکبکەون. هەروەها چاوەڕوان کراویش بوو کە وڵاتێکی وەکو پۆڵەندا رێگا لە یەکگرتنەوەکە بگرێت، چونکە لەوە دەترسا ئەڵمانیای نوێ سنوری ئۆدەر-نایسە بخاتە ژێر پرسیارەوە. فەرەنسا و بەریتانیاش بە ئەڵمانیایەکی گەورە لە ناوەندی ئەوروپا دڵخۆش نەدەبوون. میتەران و بە پلەیەکیش کەمتر تاتشەر هەوڵێکی زۆریان خستەگەڕ بۆ ئەوەی رێگا لە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا بگرن. بە بوونی ٧٩ ملیۆن دانیشتوان و خاوەنی گەورەترین بەرهەمی نەتەوە لە نێوان هەموو وڵاتانی ئەوروپا، ئەڵمانیا دەبوو بە خاوەنی پلەی یەکەم لە ئەوروپا. میتەران بەوە رازی نەبوو تا ئەو کاتە گەیشتە ئەو باوەڕەی کە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا کارێکی حەتمیە. بەرامبەر بەوە کوول بەڵێنی پێدا کە مارکی بەهێزی ئەڵمانی بگۆڕن بە دراوێکی ئەوروپی نوێ کە لە ژێر کۆنترۆڵی فەرەنسادا بێت.

هەروەها گەلی فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمەریکا دیسانەوە پرسیارە کلاسیکییەکەی خۆیان کردەوە داخۆ ئەڵمانیای نوێ خۆی لە ئەورووپا و پەیمانی ئەتلەسی جیا ناکاتەوە و ڕێچکەی بێلایەنی بگرێت و لە کۆتایی ڕێگادا بکەوێتە نێو باوەشی یەکێتیی سۆڤێتەوە؟

بۆ ئەوەی ئەوە روونەدات دەبوو ئەڵمانیای نوێ بە ئەندامی ناتۆ بمێنێتەوە، بەو جۆرە ئەمەریکا دەیتوانی بنکە سەربازییەکانی خۆی لە ئەڵمانیا بهێڵێتەوە و پارێزگاری لە بوونی سیاسی خۆیان بکەن لە ئەورووپا. سەرەتا گۆرباچۆڤ حەزی نەدەکرد دەستبەرداری کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات بێت و بە هیوای ئەوە بوو کە وەک وڵاتێکی سۆشیالیست بمێنێتەوە و پەیوەندییەکی دۆستانەی باشی لەگەڵ سۆڤێت هەبێت. ئەو حەزی لە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا نەبوو چونکە ئەو دەمە ئەڵمانیایەکی بەهێزی ئەندام لە پەیمانی ناتۆ دەهاتە گۆڕێ.



سەرۆک جۆرج بوش George H.W. Bush

تەنها "جۆرج بـوش[١٠٥]" بوو کە بە خێرایی و بەبێ دوودڵـی لایەنگری یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا بوو. ئەمەریکا دەیویست وەک دۆستی ئەڵمانیا بمێنێتەوە و بتوانێت هاوکاری کوول بێت بۆ ئەوەی نەتوانن رێگای یەکگرتنەوەی ئەڵمانیای لێبگرن. ئەڵمانیا باشترین دۆست بوو لە ئەوروپا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا. کوول و وەزیرە لیبراڵەکەی کاروباری دەرەکی هانز دیتریش گێنشەر (Hans Dietrich Genscher) سور بوون لەسەر ئەوەی کە نابێت ئەو هەلە بە فیڕۆ بدەن. وێرای هەموو ناڕازیبونێکیان سەرکردە سیاسییەکان کە زۆر بە توندی لە ژێر روداوە کتوپڕەکانی ١٩٨٩دا بوون، بەرژەوەندی خۆیان لەوەدا دەبینی کە بۆ ماوەیەکی درێژ بەرامبەر روداوە حەتمییەکان نەوەستنەوە.

ئەو حەتمی بوونەی روداوەکانیش دەبنە هۆکاری یەکلاکەرەوە. لە کاتی یەکەم هەڵبژاردنی دیموکراسیانەی ١٩٩٠ خەڵکی کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات بە لێشاو لە بەرژەوەندی (هاوپەیمانی لە پێناوی ئەڵمانیا) دەنگیاندا، کە (کوول) پشتیوانی دەکرد. گورباچۆڤ هەستی بە بێهیوایی کرد، ئەو هیوای بە سەرکەوتنی چەپ و مانەوەی ئەڵمانیای دیموکرات هەبوو. حکومەتی تازە کە رۆژی ١٢ی نیسانی ١٩٩٠ دەست بەکار بوو، دەیویست بە پەلە کار بۆ یەکگرتنەوە بکات. رەنگە کۆچی بە لێشاو هۆکاری سەرەکی بووبێت: لە ماوەی نێوان ١ی ک٢ هەتا ١٨ی مارسی ١٩٩٠ نزیکەی ١٤٤ هەزار کەس لە ئەڵمانیای خۆرهەڵاتەوە کۆچیان بۆ ئەڵمانیای خۆرئاوا کردبوو.

ئەمریکییەکان لە رێگای کۆنفرانسی ٤+٢ فۆرمێکی گونجاویان دۆزیەوە بۆ ئەوەی دانپێدانانی نێودەوڵەتی بۆ یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا بسەپێنن. کۆنفرانسەکان لە نێوان هەر دوو ئەڵمانیا و چوار هێزە داگیرکەرەکە بوو. لە کۆتاییدا ئەو چوار هێزە تەنها کارەکتەرێک بوون لە کۆنفرانسەکاندا. هەردوو ئەڵمانیا بە رێککەوتنێکی دووقۆڵی بڕیاریاندا یەکێتیی دراو و ئابوری و کۆمەڵایەتی دروست بکەن. هەردوو ئەڵمانیا لە ١٨ی مایسی ١٩٩٠ بڕیاری دیاریکردنی ئایندەی خۆیاندا. لە رێکەوتی ١ی تەموزی ١٩٩٠ دراو کرا

---

[١٠٥] مەبەستی جۆرج بوشی باوکە (George.H.W. Bush) وەرگێڕ.

بەیەک. مارکی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا کرا بە پارەی فەرمی. مارکی ڕۆژهەڵات ئاڵوگۆڕکرا بە مارکی ڕۆژئاوا بە ڕێژەی یەک مارک بەرامبەر یەک مارک. ئاوێتە بوونی ئابورییەکی لاوازی وەکو کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی برا بەو لاوازییە زۆر لەسەر ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دەکەوت، بۆیە بۆ ئەو مەبەستە فەندێکی تایبەت بۆ یەکگرتنی ئەڵمانیا دروستکرا و ٩٥ ملیار مارکی بۆ تەرخانکرا (١٦ نیسانی ١٩٩٠).

ناڕەزاییەکانی ئەو دواییانەش لە لایەن کوول و گۆرباچۆڤ پێکەوە لە ١٦ی تەموزدا چارەسەر کرا. ئەڵمانیا بەڵێنیدا خەرجییەکانی ئەو هێزانەی سۆڤێت لە ئەستۆ بگرێت کە بە شێوەیەکی کاتی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی (جاران) دەمێننەوە. لە ئایندەدا ئەڵمانیا پتر لە ٣٧٠ هەزار سەربازی نابێت، ئەمەش وەکو بەرزترین ئاست. لە ئێستا بە شێوەیەکی کاتی ڕێگا نادرێت ئەو هێزانە بڕۆنە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی کۆن و لەوێ دەوار هەڵبدەن. نابێت هێزەکانی ناتۆ هەرگیز لەوێ بوونیان هەبێت. هەتا ئەو کاتەی کە هێزەکانی سۆڤێت لەوێ دەبن ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لە پراکتیکدا نابێتە بەشێک لە پەیمانی ناتۆ. سۆڤێتییەکان لەو باوەڕەدا بوون کە هەتا ساڵی ١٩٩٤ هێزەکانی خۆیان لەوێ ئەهێڵنەوە، بۆیە گۆرباچۆڤ بوونە ئەندامی ئەڵمانیای نوێی لە پەیمانی ناتۆ پەسەند کرد. ئەو لە بنەڕەتا حەزی دەکرد ئەڵمانیا بێلایەن بێت، بەڵام لەو باوەڕەدا بوو کە ئەڵمانیایەکی بێلایەن مەترسیدارتر دەبێت بۆ سەر یەکێتیی سۆڤێت لە ئەڵمانیایەک کە پابەند بێت بە پەیمانی ناتۆ و لە ژێر چاودێری ئەو پەیمانەدا بێت.

لە بەرامبەر پەسەند کردنی ئەڵمانیا لە پەیمانی ناتۆ، سۆڤێت قەرزێکی بە بەهای پێنج ملیار مارک لە کوول وەرگرت. ئەوەش ئاشکرا بوو کە ئەڵمانیای نوێ دەبێتە ئەندامی پەیمانی (ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆم). کۆنفرانسی ٤+٢ یش لە ١٧ی تەموزی ١٩٩٠ لە پاریس ئەوەی بە بنەما وەرگرت. هیچ ئاستەنگێک لەبەردەمدا نەما و ڕۆژی ٣ی ت١ی ١٩٩٠ یەکگرتنەوەکە تەواو بوو. جەنگی سارد یەکێک بوو لە هۆکارەکانی دابەشبوونی ئەڵمانیا، بۆیە دەکرێت ڕۆژی ٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٠ بکرێتە ڕۆژێکی مێژوویی و هێمایەک بۆ کۆتایی جەنگی سارد.

## سەردەمی دژایەتی و دووبەرەکی ئەوروپا کۆتایی هات:

لە میانەی لوتکەی بوشی باوک و گۆرباچۆڤ (کامپ دەیڤد ٣١ی مایس – ٣ی حوزەیرانی ١٩٩٠) ئەو ڕێککەوتنە کرا کە زۆر دەمێک بوو چاوەڕوان دەکرا. ڕێککەوتنەکە تایبەت بوو بە چەکی ستراتیژی. هەردوو سەرۆک بەڵێنیان دا چەکی ئەتۆمیی ستراتیژی بۆ نیوە کەم بکەنەوە و بەرهەمی چەکی کیمیاوی رابگرن. هەروەها گازی ژەهراوی کۆگاکراویش بە ڕێژەی ٨٠-٩٠٪ کەم بکەنەوە.

بە شێوەیەکی نیمچە ڕەسمی لە کۆبونەوەی CVSE لە ٢١ی ت٢ ی ١٩٩٠ لە پاریس، کۆتایی جەنگی سارد ڕاگەیەنرا. سی و چوار سەرۆک حکومەت و وڵاتان ئاشکرایان کرد کە سەردەمی دوژمنایەتی و دابەش بوون لە ئەوروپا کۆتایی هات، ئێمە ئاشکرای دەکەین کە لێرە بەدواوە پەیوەندییەکانمان لەسەر بناغەی ڕێز و هاوکاریکردنی یەکتر بنیات دەنرێت. وەزیرانی دەرەوەی هەموو وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپا CVSE وەک ئەنجومەنێکی هاریکاری لانی کەم ساڵی یەک جار کۆدەبنەوە. ئەمینداریێتی گشتی ئەنجومەنەکە لە پراگ دەبێت و لە ڤیەناش ناوەندێک بۆ ڕێگرتن لە قەیرانەکان دروست دەکەن و لە وارشۆش نوسینگەیەک بۆ هەڵبژاردنی ئازاد دەکەنەوە. پێشتر ٢٢ ئەندامی پەیمانی ئەتلەسی و وارشۆ لە پاریس (١٩ی ت٢ی١٩٩٠) واژویان لەسەر ڕێککەوتنێک کردبوو بۆ کەمکردنەوەی هێزە تەقلیدییەکانیان (CFE). ئەو ڕێکەوتنە هەردوو پەیمانی وارشۆ و ناتۆی پابەند دەکرد کە ٢٠ هەزار یەکەی تانک و تۆپهاوێژ و ٣٠ هەزار زرێپۆش و ٦٨٠٠ فڕۆکە و ٢ هەزار هێلیکۆپتەریان هەبێت. هەروەها نەخشە بۆ پشکنین و وردبینی زۆر فراوانیش دانرا.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠دا دۆخەکە بە کورتی بەمجۆرە بوو: هەموو وڵاتانی کۆنی ئەوروپای ڕۆژهـەڵات، جگە لە ئەلبانیا لە لایەن ئەو حکومەتانەوە بەڕێوە دەبران کە بە هەڵبژاردنی دیموکراتی هاتنە سەرکار جگە لە ئەلبانیا. ئۆپۆزیسیۆنەکانی جارانیش وەکو هاڤیل و ڤاوێنسا بوون بە سەرۆکی وڵاتەکانی خۆیان. لە سربیا (یوگوسلاڤیا) و ڕۆمانیا، گەورە سەرکردە

کۆمۆنیستەکان لە دەسەڵاتدا مابوونەوە، تەنانەت دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنیش.

لە هەموو ئەو وڵاتانەدا هەوڵی ئەوە دەدرا ئابوری بەرەو بازاڕی ئازاد بەرن، ئەنجامە بەراییەکان ئێکجار ناکام بوون. باربۆکردنی حکومی بووە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستییە بنەڕەتییەکان و بەرزبوونەوەی ژمارەی بێکاران، چونکە هەر کۆمپانیایەک قازانجی نەبوایە دادەخرا. بەهۆی نەبوونی سەرمایە و ڕێکارەکانی بەڕێوەبردنی پرۆژەکان ژمارەیەکی کەم کۆمپانیای نوێ دەهاتنە مەیدان، وەبەرهێنانە چاوەڕوانکراوەکانی ڕۆژئاواش زۆر جار بەدی نەدەهاتن.

بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوە لە ٢٩ی مایسی ١٩٩٠ بانکی ئەوروپا بۆ بنیاتنانەوە و ئاوەدانی (BERD) لەسەر پێشنیازی (ڕێکخراوی ئابووری ئەوروپا–EG) دامەزرا. ئەم بانکە کە نوسینگەی سەرەکیی لە لەندەن بوو دە ملیارد (پارەی ئەوروپی[١٠٦]) خرابووە بەردەست بۆ ئەوەی لە ڕێگای بەخشینی قەرزەوە پشتگیری ئەو وڵاتانە بکات لە پرۆسەی وەرچەرخان بەرەو ئابوری بازاڕ. بێگومان ڕێکخراوی ئابوری ئەوروپا هاوسۆز بوو لەگەڵ ڕوداوەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، یەکێتیی سۆڤێت لەو قۆناغەدا نەیدەویست وەڵامی ئەو هەموو داخوازیانە بداتەوە کە بۆ بوونە ئەندام لە ڕێکخراوەکاندا ئاراستەی دەکران. بانکی BERD لە ڕاستیدا وەک فۆرمێک بۆ قەرەبووکردنەوە دروستکرابوو، هەروەها EG لە لای خۆیەوە هەوڵی دەدا کۆچی بە لێشاوی پەنابەرە ئابورییەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات رابگرێت، ئەوەش لە ڕێگای هاندانی پەرەپێدانی ئابوری لە بلۆکی ڕۆژهەڵاتی (جاران).

یەکێتیی سۆڤێت گیروگرفتی ئێکجار زۆری هەبوو. ئابوری وڵات لە حاڵەتی پاشاگەردانیدا بوو، ئازوقەی وڵات بەشی نەدەکرد و ببوە کێشە. گرفتی وەرچەرخان بەرەو ئابوری بازاڕی ئازاد چارەسەر نەکرابوو، ئێستا گۆرباچۆڤ تەواو باوەڕی بەوە هێنابوو کە بازاڕ دەبێت لە ژێر چاودێریدا

---

١٠٦ بێگومان ئەو کاتە وڵاتە ئەوروپییەکان یەک دراویان نەبوو، هەر وڵاتە و بەجیا دراوی خۆی هەبوو بۆیە نوسەر ئەو زاراوەیەی بەکار هێناوە.

بێت، بۆ ئەو مەبەستەش ئەنجامی خێرای چاوەڕێ دەکرد لە ڕێکارەکان، لە کاتێکدا سـەرۆک وەزیرانەکەی (ریژکۆڤ) بـاوەڕی بە وەرچەرخانی ەەسەرخۆ و هەنگاو بە هەنگا و هەبوو. بۆریس یەلتسن (Boris Jelt-sin) کە تەواو ببووە بەرهەڵستکاری کۆمۆنیزم و لە٢٩ی مایسی ١٩٩٠ بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سۆڤێت، هەروەها سەرۆکی گەورەترین کۆمار (روسیای فیدرال) بوو، باوەڕی بە شۆک هەبوو وەک چارەسەر. لە مانگی ئابدا گروپێکی ئابورێناس کە نیوەیان لە لایەن یەڵتسن و نیوەکەی تریان لە لایەن گۆرباچۆڤەوە دەستنیشان کرابوون، دەست بەکار بوون بۆ جێبەجێکردنی نەخشەیەک بۆ نوێکردنەوەی ئابوری وڵات لە ماوەی پێنج سەد ڕۆژدا. چارەسەرەکە لەوەدا دەستنیشانکرا کە بە زووترین کات بازاڕی ئازاد ڕێکبخرێت و دەسەڵاتی زیاتر شۆڕبکرێتەوە بۆ کۆمارەکان. گۆرباچۆڤ زۆر لایەنگری ئەم پلانە بوو، بەڵام دوای تێپەڕبوونی هەندێ کات، بۆی دەرکەوت کە هەنگاوەکان زۆر رادیکالن، بە تایبەت کە دەبوو دەسەڵاتێکی زۆر بە کۆمارەکان بدرێت. ئەو ئیتر دوودڵ بوو لە کارەکە و وەستاندی.

وڵات لە رووی ئیدارییەوە پاشاگەردانی بوو. ئایا چیدیکە کەڵکی ئەوەی پێوە مابوو کە لە پەرلەمانی وڵات دەنگدان لەسەر یاسا ئابورییەکان بدرێت، ئەو یاسایانەی کە لە هیچ شوێنک جێبەجێ نەدەکران؟ لەمانگی ئایارەوە پەرلەمانی روسی ئامادە نەبوو یاسا فیدرالییەکانی یەکێتیی سۆڤێت لە روسیای فیدراڵ پەیڕەو بکات: یاسا روسییەکان لە پێشتر بوون. هەموو کۆمارەکانی تر چاویان لە نمونەکەی روسیا کرد، ئەمە ئەگەر خۆیان پێشتر ئەو هەنگاوەیان نەگرتبێتە بـەر. کێشەی ناسیۆنالیزم بـەرەو هەڵکشانی زیاتر دەچـوو. لە مانگی ک٢دا ئازەربیجانییەکان لە باکۆ رەشەکوژیی ئەرمەنیەکانیان کرد و لە ئەنجامدا ٦٠ کەس کوژران. دوای ئەوە هێزەکانی سۆڤێت ٨٣ ئازەربیجانییان کوشت. گۆرباچۆڤ خۆی بەرپرسیار نەبوو لەو سەرکوتکردنە. ئەو بە دڵنیاییەوە دژی ئەوە بوو توندوتیژی بەکار بێت لە دژی ئەوانەی کە دەیانویست لە یەکێتیی سۆڤێت بچنەدەرەوە.

گۆرباچۆڤ دوای لەدەستدانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، زۆر بە توندی بە تەنگ ئەوەوە بوو کە یەکێتیی سۆڤێت بپارێزێت، تەنها لە سەرەتای ١٩٩٠دا کەوتە ئەوەی ڕێکاری توند بگرێتە بەر. یاسای جیابوونەوە و سەربەخۆبوون کە لە نیسانی ١٩٩٠ دا دەریکرد، ئەو کۆمارانەی کە دەیانەوێت جیا ببنەوە، ناچار دەکات کە ریفراندۆمێک بکەن و ٣/٢ ی دەنگەکانیش بۆ جیابوونەوە بەدەست بێنن و ماوەی راگوزاریشی بە پێنج ساڵ داناوە. دوای ئەوە دەبوو یاساکانی سۆڤێت بە شێوەیەکی باشتر پەیڕەو بکرێن. لەبەر ئەوەی خۆی لە خۆیدا دەسەڵاتی ناوەند داڕزاو بوو، ئەم یاسایە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەکردە سەر ئەو کۆمارانەی کە بە نیاز بوون بە ڕێگای تایبەتی خۆیاندا بڕۆن.

لە ١١ی مارتی ١٩٩٠ گۆرباچۆڤ لە لایەن ئەنجومەنی باڵای گەلەوە پۆستێکی دیکەی سەرۆکایەتی وەرگرت. ئێستا ئیتر ئەو دەسەڵاتە رەهاکانی دیکتاتۆرێکی هەبوو، بەڵام نەیدەتوانی زۆر شت بکات لەبەر ئەوەی فەرمانەکانی لە کۆمارە لاوەکییەکاندا جێبەجێ نەدەکران. ئەو ئیتر زیاتر پشتی بە سوپا و دەزگای هەواڵگری KGB دەبەست، چونکە ئەوانە تاکە دامەزراوەی فیدراڵی بوون کە لە کاردا مابوون. هەر لە مارتی ١٩٩٠دا لەسەر داوای گۆرباچۆڤ ئەنجومەنی باڵای گەل قۆرخکردنی دەسەڵاتی لە لایەن پارتی کۆمۆنیستەوە هەڵوەشاندەوە. دەکرێت ئەم ڕۆژەش وەک سیمبوڵێک بۆ کۆتایی جەنگی سارد دیاری بکرێت.

یەکێتیی سۆڤێت کە تەواو لاواز ببوو، تا دەهات زیاتر چاوەڕوانی (نییەتە باشەکانی) ڕۆژئاوا بوو، هەر بۆیە گۆرباچۆڤ لایەنگری کاردانەوەی توندی ئەمەریکا بوو لە دژی عێراق، کە ڕۆژی ٢ی ئابی ١٩٩٠ کوێتی دراوسێی خۆی داگیر کردبوو. سۆڤێت هەستی بەوە دەکرد کە زۆر لەوە لاوازترە بتوانێت ڕێچکەیەکی سەربەخۆ لە سیاسەتی دەرەکی بگرێتە بەر، حەزی نەدەکرد دۆستەکانی نارەحەت بکات. ئەمەریکا سەرباری ئەوەش ڕێگای بە گۆرباچۆڤ نەدا وەک ناوبژیوانێک لەم ململانێیەدا دەرکەوێت.

کۆتایی ١٩٩٠ جەنگی سارد کۆتایی هاتبوو. مایەی سەرسوڕمانێکی زۆر بوو ئەو وڵاتەی کە چڕترین دانیشتوان و قەرەباڵەغترین وڵاتی دنیایە، کۆماری گەلیی چین هەر بە کۆمۆنیست مایەوە و بیروباوەڕی خۆی نەگۆڕی. پەیمانی ناتۆ هەرگیز چینی کۆمۆنیستی بە هەڕەشە نەزانیوە بۆسەر خۆی، بە پێچەوانەوە لەگەڵ چین جۆرێک لە هاوپەیمانیش هەبوو، هەر بۆیە چاوپۆشی لەو هەموو پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ دەکرا کە سەرکردە چینییە شەڕانگێزەکان ئەنجامیان دەدا. کۆمۆنیستی باش و کۆمۆنیستی خراپ هەبوون، کۆمۆنیستە باشەکان دەیانتوانی بەردەوامی بە رژێمی خۆیان بدەن بەبێ ئەوەی رۆژئاواییەکان لۆمەیان بکەن.

ئەلبانیای گۆشەگیر و پاشکەوتوو، دووا وڵاتی ئەوروپی بوو کە وەرچەرخان تیایدا رویدا. لە ژێر کاریگەری روداوەکانی ئەوروپای رۆژهەڵات، لە مانگی ک١ی ١٩٨٩ و ک٢ی ١٩٩٠ کاری گێرەشێوێنی لە دژی دووا رژێمی ستالینی هەڵئایسا.

ساڵی ١٩٩٠ سەرهەڵدان ئەلبانیای گرتەوە، دوای ناڕەزاییە فراوانەکانی مانگی کانونی یەکەم، لە کانونی دووەمدا رەزامەندی لەسەر دەستوری نوێ درا، کە سیستەمی فرە حزبی لە خۆ گرتبوو. لە هەڵبژاردنەکانی مارسی ١٩٩١دا کۆمۆنیستەکان سەرکەوتن، بەڵام نەیاندەتوانی چارەسەری ئەو قەیرانە ئابورییە توندە بکەن کە بەرۆکی وڵاتی گرتبوو. لە دوای هەڵبژاردنێکی ئازادانە لە ئازاری ١٩٩٢ رژێمێکی غەیرە کۆمۆنیستی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. لەو عانەدا ئەلبانیا ببووە قوربانی شەڕی نێوان تیرەکان و باندەکانی مافیا. حکومەت دەسەڵاتی بەسەر بەشێکی زۆری وڵاتدا نەبوو. دەیان هەزار ئەلبانی بەرەو وڵاتانی ئەوروپا رایان کردبوو.

رۆژئاوا بە ئەرێنی وەڵامی خواستەکانی مەنگۆلیای دایەوە، کاتێک لە ١٩٩٠ هێزەکانی یەکێتی سۆڤێت کشانەوە و وڵات بەرەو دیموکراتیزەبوون هەنگاوی دەنا. ڤێتنام زیاتر گۆشەگیر بوو چونکە هەر بە کۆمۆنیستی مایەوە. رۆژئاواییەکان هەستیان بە نیگەرانی نەدەکرد لە پێشڕەویی خەمیرە سورەکان لە کەمبۆدیا و تێکشکاندنی هێزە لایەنگرەکانی ڤێتنام، یان رەنگە

ئەنجامدانی جینۆسایدێکی گەورەی دیکە. خەمیرە سورەکان لە لایەن چینەوە هاوکاری دەکران، بۆیە ئەمەریکا چاوپۆشی لێدەکردن.

ئەو ڕژێمە دەستکەلا کۆمۆنیستانەی کە لە ئەفریقا مابوونەوە، هیچ کەس بە هەڕەشەی نەدەزانین. یەکێتیی سۆڤێتیش نەیدەتوانی چیدیکە پشتیوانی ئەنگۆلا و مۆزەمبیق و ئەتیوبیا بکات. سەرکردەکانی ئەو وڵاتانە لە هەوڵی ئەوەدا بوون پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەل ڕۆژئاوا دروست بکەن، چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوەی لەوان چاوەڕێ دەکرا زۆر باشتر بوو لەو یەکێتیی سۆڤێتەی کە لە گیانەڵادا بوو. تەنها کوبا مابوو، کاسترۆ هێشتا بە پێوەبوو، خۆی ڕاگرتبوو، وەکو هەڕەشەیەک تەماشا دەکرا. لە نیکاراگواش ڕژێمێکی دژە مارکسیزم لە دوای هەڵبژاردنێکی ئازاد لە ١٩٩٠ هاتە سەر کار. لە سەلڤادۆر خەباتی یاخیبووە چەکدارەکان لە دژی حکومەتی ڕاستڕەو هەر بەردەوام بوو. گومانی ئەوە دەکرا کە کوبا هاوکارییان بکات، هەروەها کوبا هاوکاری چەندین گروپی دیکەشی دەکرد لە شەڕی پارتیزانیدا لە باشوری ئەمەریکا. بەڵام تێگەیشتنێکی باو لەوێ هاتبووە ئاراوە کە ئەویش ئەوە بوو سۆڤێت کۆتایی هاتووە و ئیتر ناتوانێت پشتیوانی کوبا بکات، بۆیە کۆمۆنیزم لەو دەڤەرەش وەک مۆمێکی سوتاوە بەرەو کوژانەوە دەچێت.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ ئەمەریکا شاگەشکە ببوو. کۆمۆنیزم شکستی خوارد و فراوانخوازیی سۆڤێت ڕاگیرا. لە ١ی ت١دا سەرۆک بوش لە نەتەوەیەکگرتووەکان سیستەمێکی تازەی جیهانیی ئاشکرا کرد. ئەو سیستەمە لەسەر بناغەی فرە جەمسەری دەبێت لە نێوان وڵاتانی زلهێز و بنەڕەتی کە پێکەوە بە هاوبەشی لە ڕێگای ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە کار دەکەن. هەر گرفتێکی تازەش کە سەرهەڵدەدات لە ڕیگای گفتوگۆ چارەسەر دەکرێت.

## بەشی یازدە

## کۆتا نەسک

گۆرباچۆڤ وەک سحیربازێکی تازەهەڵکەوتوو، بوو بە قوربانی ئەو کارانەی کە خۆی ئارەزوومەندانە دەستیپێکرد. ئەو ویستی یەکێتیی سۆڤێت رزگار بکات. لە زستانی ١٩٩٠-١٩٩١ پشتی بە هێزە راستڕەوەکانی وەکو سوپا و دەزگای هەواڵگری قایم بوو. وەک نارەزایەتییەک وەزیری کاروباری دەرەوە ئێدوارد شیڤەردنادزێ لە ٢٠ی ک١ی ١٩٩٠ دەستی لە کار کێشایەوە. هەندێ لە ژەنراڵەکانیش هەوڵیاندا ناوبانگی گۆرباچۆڤ لە ناوەندەکانی بازاڕی ئازاد و دیموکراتیزەکردن بزڕێنن. دەکرێت ئەو هێرشەی کە سوپای سۆڤێت لە ک٢ی ١٩٩١ کردییە سەر باڵەخانەی تەلەفیزیۆن (کە لە دەستی ناسیۆنالیستەکاندا بوو) لە ڤیلنوسی پایتەختی لیتوانیا، لەم چوارچێوەیەدا تەماشا بکرێت. چواردەکەس کوژران و چەند کەسێک بریندار بوون. گۆرباچۆڤ کە فەرمانی هێرشەکەی نەدابوو زۆر بە توندی سەرکۆنەی ئەو کارەی کرد، بەڵام بوێری ئەوەی نەبوو بە ئاشکرا هێرش بکاتە سەر سوپا. رەفتارەکانی سوپای سۆڤێت لە ڤیلنوس هۆکاری راستەوخۆی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی وارشۆ بوو. زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات ئارەزووی ئەوەیان نەمابوو لەو پەیمانەدا بمێننەوە. لە رۆژی ١ی تەموزی ١٩٩١ رێکەوتننامەی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەکە مۆر کرا.

لە حەوتی مارتدا ریفراندۆمێک بۆ پێکهێنانی ئارەزوومەندانەی یەکێتییەکی نوێ کرا. گۆرباچۆڤ بۆ ئەم پێشنیازەی زۆرینەی بەدەستهێنا، بەڵام تەنها ٩ دانە لە کۆمارەکان بەشداربوون لە ریفراندۆمەکەدا. لە کۆنگرەکەدا ئەوانەی زۆر پەرۆشی جیابوونەوە بوون: وڵاتانی بەلتیق، ئەرمینیا، جۆرجیا، مۆڵداڤیا، ئامادە نەبوون. تاکە بوارێک کە بۆ گۆرباچۆڤ مابۆوە تێیدا بتوانێت کارێک بکات سیاسەتی دەرەوە و بەرگری بوو. لە مانگی تەموزی ١٩٩١ سەرکەوتنێکی دیکەی تۆمار کرد، کاتێک پێکەوە لەگەڵ جۆرج بوشی باوک، پەیماننامەی کەمکردنەوەی چەکی ستراتیژی ستارت ١ (START 1) ی مۆرکرد. هەردوو سەرۆک بڕیاریاندا ژمارەی کڵاو ئەتۆمییەکان لە ٣٠

هەزارەوە کەم بکەنەوە بۆ ٨٦٠٠ و ڕۆکێتە دوور مەوداکانیش کەم بکەنەوە بۆ ١٦٠٠ موشەک. لەمانگی ئەیلولدا بوشی باوک ڕایگەیاند کە هەموو ڕۆکێتە تاکتیکییە ئەتۆمییەکان لە ئەوروپا لادەبات، گۆرباچۆڤیش بەرامبەر بەوە ڕێگایدا کە لە ئاسمانەوە پشکنینی وڵاتەکەی بکرێت.

لەبەر ئـەوەی کۆمارەکانی سۆڤێت چیدیکە ملکەچی بڕیارە باڵاکانی ناوەند نەدەبوون، گۆرباچۆڤ بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەو نۆ کۆمارەی بەشداری ریفراندۆمەکە بوون بڕیاریدا پەیماننامەی یەکێتیی نوێ بێنێتە ئاراوە، بەڵام ئەم کارەی بەبێ ئاگاداری پارتی کۆمۆنیست کرد. پەیمانەکە دووا هەلی داوە بە کۆمارەکان بۆ ئەوەی بێنە نێو ئەم یەکێتییە ئارەزوومەندانەیەوە کە چوارچێوەی ئابوریشی لە خۆ دەگرت. یەکێتییەکە دراوی هاوبەش و سوپای هاوبەشی دەبێت. سەرۆکەکەشی ڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت کە دەبێتە وزە و بزوێنەر بۆ ئەم یەکێتییە نوێیە.

## کودەتای شکست خواردوو:

بڕیار بوو پەیماننامەکە لە ٢٠ی ئابی ١٩٩١ واژۆ بکرێت. بۆ زۆرێک لە کۆمۆنیست و ناسیۆنالیستەکان ئەمە بەزاندنی هێڵی سور بوو: واتای پەسەندکردنی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤێتی دەگەیاند. گۆرباچۆڤ لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ناوەندیی حزب لە مانگی تەموز، تابوویەکی تری شکاند و ڕایگەیاند کە کۆمۆنیزم یۆتۆپیایە، دواتر بانگەشەی بۆ بەرنامەی سۆشیال دیموکراتی کرد. جێگری سەرۆک گینادی یاناژیڤ (Gennadi Janajev) و پایەدارە بەناوبانگەکانی ناو حکومەت لەوانەش سەرۆک وەزیران (ڤالانتین پاڤلۆڤ)، وەزیری ناوخۆ (بۆریس پوگۆ)، وەزیری بەرگری مارشاڵ (دیمتری یازۆڤ)، بەڕێوەبەری کەی جی بی (ڤلادیمر کریوچکۆڤ) و ئەندامانی دەستەی باڵای پیشەسازی سەربازی، پێکەوە بڕیاریاندا هەندێ ڕێکار بگرنە بەرو نەهێڵن پەیمانەکە مۆر بکرێت. لەبەر ئەوەی ئەوانە بەشی هەرە زۆریان نزیکترین هاوکارەکانی گۆرباچۆڤ بوون، دواتر وایان ڕاگەیاند کە گۆرباچۆڤ خۆی بە نهێنی لەگەڵیاندا بووە، هەروەها پروپاگەندەیەکی

بەهێزیش لە ئارادا بوو کە گوایا گۆرباچۆڤ سەرەتا لەگەڵ پیلانەکەدا نەبووە. پیلانگێڕەکان بەو پاساوە بەرگرییان لە خۆیان دەکرد گوایا ئەمە بۆ پاراستنی یەکیتیی سۆڤێت بووە و گۆرباچۆڤیش خۆی حەزی بە مانەوەی یەکێتیی سۆڤێت بووە.

شاندێک لە پیلانگێڕان سەردانی گۆرباچۆڤیان کرد، ئەو لە نیوەدوورگەی کریمیا لە شوێنێک بوو بە ناوی (فۆروس)، لەوێ ئاشکرایان کرد کە گۆرباچۆڤ بەهۆی نەخۆشی ناتوانێت بەردەوام بێت لە دەسەڵات. لە ١٩ی ئابی ١٩٩١ دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت. دەیانویست دەسەڵاتی ناوەندی یەکێتیی سۆڤێت بگەڕێننەوە بۆ شکۆمەندی جارانی خۆی.

کودەتاکە بە خراپی ڕێکخرابوو، سەرکردەیەکی جەسور و متمانەپێکراوی نەبوو، بۆ نموونە هەڵنەستان بە دەستگیرکردنی بۆریس یەڵتسن، ئەو سەرکردەیەی کە دوژمنی کۆمۆنیزم بوو، لە لایەن خەڵکەوە لە ١٢ی حوزەیراندا بە سەرۆکی ڕوسیای فیدراڵ هەڵبژێردرابوو. یەڵتسن بەڕێوەبەری ڕاستەقینەی وڵات بوو، ئەو دەیویست بە زووترین کات کۆمۆنیزم لەناو بەرێت. سەرکەوتوو بوو لە هاندانی خەڵک بۆ ئەوەی دژی کودەتاکە بوەستنەوە و دواجار توانی ڕکابەرەکەی خۆی (گۆرباچۆڤ) لە دەستی پیلانگێڕان ڕزگار بکات.

لە ٢٢ی ئابدا گۆرباچۆڤ گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ. دەبوو ئەو دیدارێکی ئازاربەخش لەگەڵ بۆریس یەڵتسنی سەرکەوتوو ئەنجام بدات. کەسێک کە دەیویست دەسەڵاتی خۆی بەسەر تەواوی ڕوسیای فیدراڵ بسەپێنێت و هیچ کەسێکی پەسەند نەدەکرد نە لە سەرووی بێت و نە لە پاڵیدا بێت. پیلانی ئەوەی لە خەیاڵدا بوو سەرەتا کۆمۆنیستەکان پاشان گۆرباچۆڤ لەکار بخات. لە ٢٤ی ئابدا گۆرباچۆڤی ناچار کرد بەو سیفەتەی کە سکرتێری گشتی حزب بوو، پارتی کۆمۆنیست هەڵوەشێنێتەوە. لە هەمان ڕۆژدا لیۆنید کراڤتشوک سەربەخۆیی ئۆکرانیای لەسەر بنەمای ئەو ریفراندۆمە ڕاگەیاند کە لە ک١دا ئەنجام درابوو. گۆرباچۆڤ کە سەرلەنوێ سەرگەرمی نەخشەی دامەزراندنەوەی یەکێتییەکی نوێ بوو، هەستی کرد خەنجەر لە پشتی دراوە،

چونکە ئەو لەو باوەڕەدا بوو یەکێتیی نوێ بەبێ ئۆکرانیا هیچ واتایەکی نابێت. دوای یەکی کانونی یەکەم وازی لەو نەخشەیە هێنا. روسیای سپیش لە ٢٥ و مۆلداڤیا لە ٢٧ی ئابدا سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند. جۆرجیا و وڵاتانی بەلتیق پێشتر سەربەخۆ ببوون.

یەڵتسن روسیای فیدراڵی وەک وڵاتێکی سەروەرو سەربەخۆ بەڕێوە دەبرد، بەمجۆرە گۆرباچۆڤ و بەردەوام بوونی یەکێتیی سۆڤێت هیچ واتایەکیان نەما. لە ٨ی ک١دا یەڵتسن و کراڤتشوک و سەرۆکی روسیای سپی ستانیسلاڤ شوسکیڤیش، بەبێ ئاگادارکردنی گۆرباچۆڤ کۆبەندی وڵاتانی سەربەخۆ (CIS)[١٠٧]یان دروست کرد. ئامانجی شاراوەی یەڵتسن ئەوە بوو کە دەسەڵاتی روسیا بەسەر ناوچەکانی یەکێتیی سۆڤێت بڵاوبکاتەوە. لە ٢١ی ک١ زۆربەی کۆمارەکان لە ئاڵما ئاتا (Alma Ata) بوونە ئەندامی کۆبەندیCIS . سێ وڵاتەکەی بەلتیق و جۆرجیا نەبوونە ئەندام. لە ترسی هەژموونی روسیا، ئەو وڵاتانە هەر بەشداریشیان نەکرد.

لە ٢٥ی ک١ی ١٩٩١ گۆرباچۆڤ کە ئیتر لە زیادە مابۆوە، دەست لەکار کێشانەوەی خۆی وەک سەرۆکی یەکێتیی سۆڤێت راگەیاند. هەموو دەسەڵاتەکان و هەموو قەرزەکان و هەموو پابەندبوونە داراییەکانی یەکێتیی سۆڤێتی لە بەرواری ٣١ی کانونی یەکەمەوە رادەستی بۆریس یەڵتسن کرد. ئەو پازدە کۆمارەی لە یەکێتیی سۆڤێتی جاران مانەوە، دووچاری گرفتی ئابوری زۆر قورس بوونەوە. لە هەموو ئەو وڵاتانەدا کەم تا زۆر ئاستەکانی بەرهەم و بژێوی بە شێوەیەکی یەکجار زۆر دابەزین. لە ٢٧ی نیسانی ١٩٩٢ هەموو کۆمارە کۆنەکانی سۆڤێت بوون بە ئەندام لە سەندوقی نەختینەی نێو دەوڵەتی (IMF). ئەو رێکخراوە ئامادەبوو قەرزی زۆر باش

---

١٠٧ کۆبەندی وڵاتانی سەربەخۆ (Commonwealth of Independent States CIS) ئەم رێکخراوە لە ٨ی ک٢ی ١٩٩١ لە لایەن هەرسێ وڵاتی روسیا و روسیای سپی و ئۆکرانیا دروستکرا. لە بنەڕەتا لە پێناوی ئەوەدا بوو کە رێکخراوێکی ئەڵتەرناتیڤ بۆ یەکێتیی سۆڤێت دروست بکەن. لەم رۆژەدا ١٢ وڵاتی یەکێتیی سۆڤێتیی جاران تیایدا ئەندامە. ئەم رێکخراوە قورساییەکی زۆر دیاری نیە و کارەکانی زیاتر لە چوارچێوەی بازرگانی و ئاسایش و دژایەتی تیرۆردایە. وەرگێڕ




یەکێتیی سۆڤێت لەت و پەت بوو. ئەو بەشەی کە بە ڕەنگی سەوز نەخشێنراوە سنوری ڕوسیایە

بدات بە هەمووان بەو مەرجەی بەزووترین کات وڵات بەرەو بازاڕی ئازاد بەرن و نرخەکان بەرەڵا بکەن بۆ بازاڕ، ئەمەش وایدەکرد هەموو شمەک و پێداویستییە ڕۆژانەکان بە تەواوی گران ببن.

لە ١٩ی ئابی ١٩٩٢یەڵتسن نەخشەی سەرەکی خۆی بۆ بەتایبەتکردنی کەرتی گشتی ڕاگەیاند. سێ بەشی کۆمپانیا گەورەکان و قەبارە ناوەندەکان کە موڵکداریی دەوڵەتیان هەبوو کران بە کۆمپانیای پشکدار. نەخشەکەی هیچ دڵنەواییەکی نەبەخشی. لە ساڵی ١٩٩٢ هەڵئاوسان لە ڕوسیای فیدرالی گەیشتە ٢٦٠٠٪ داهاتی ڕاستەقینەی تاک ٥٠٪ دابەزی. پرۆسەی بە تایبەتیکردن لە ساڵانی داهاتوودا بەردەوام بوو. زۆربەی کۆمپانیاکان وەکو پێشتر لەسەر کاری خۆیان بەردەوام بوون، بەڵام بەرهەمداری باشتر نەبوو، زەرەرێکی زۆر دەکرا و بە قەرزی بانکی پڕ دەکرایەوە، ژمارەیەکی زۆر کرێکاری زیادە لەسەر کار دەرکران، بۆیە دۆخەکە باشتر نەدەبوو. بە پێچەوانەوە ٧٠-٨٠٪ ئابوری ڕوسیا کەوتە ژێر دەسەڵاتی مافیا. دوازدە

ئۆلیگاریشی نزیک لە دەسەڵاتەوە بە کەمترین پارەی ڕەمزی دەستیان بەسەر باشترین کۆمپانیا و ئامێرو ئامرازەکانی گواستنەوەی خامدا گرت. بەهۆی گەندەڵی و پاشاگەردانییەوە دەسەڵاتی سیاسی فشەڵ و لەرزۆک بوو، نا سەقامگیری سیاسی بەهۆی لە شیرازە دەرچوونی ئابوری و نائۆمێدی باڵی کێشابوو. لە ٤ی ت١ی ١٩٩٣ یەڵتسن ناچار بوو لە ڕێگای سوپاوە هێرش بکاتە سەر تەلاری سپی پەرلەمان و ئۆپۆزیسیۆن سەرکوت بکات و ڕابەرەکانیان دەستگیر بکات[١٠٨]. لە کۆتایی ١٩٩٤ سوپای ڕوسیا جەنگێکی وەحشیانەی لە دژی کۆماری چاچانستانی خود موختار بەرپاکرد، ئەوە بووە هۆی ململانێیەک کە هەتا سەدەی داهاتووی خایاند.

هاوپەیمانە کۆنەکانی یەکێتیی سۆڤێت لە ئاستی ئابوری و سیاسی پەرەسەندنێکی هاوشێوەیان بە خۆووە بینی. چیکوسلۆڤاکیا لە ساڵی ١٩٩٣ هەرەسی هێنا: هەریەکە لە چیک و سلۆڤاکیەکان بە ڕێگای خۆیاندا ڕۆیشتن. یوگوسلاڤیا بوو بە قۆچی قوربانی جەنگی ئەتنی. لە حوزەیرانی ١٩٩١دا سلۆڤینیا و کرواتیا سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند، حکومەتی فیدراڵی کە لە ژێر هەژموونی سربەکاندا بوو ئەوەی ڕەتکردەوە و داوای لە سوپا کرد هێرش بکاتە سەر هەردوو وڵاتی نوێ. سلۆڤینیا کە لە رووی ئەتنییەوە هۆمۆجین بوو توانی خۆی لەو داوەکە رزگار بکات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەکو وڵاتێکی سەربەخۆ لە ١٩٩٢ ناساندی. کرواتیا لە دوای جەنگێکی خوێناوی

---

١٠٨ بە قەیرانی دەستوریی ساڵی ١٩٩٣ ناوی دەبرێت. دوای ئەوەی سۆڤێت لە ٢٦ی کانونی یەکەمی ١٩٩١ هەڵوەشایەوە و بۆریس یەڵتسن بوو بە سەرۆکی وڵات، پاشاگەردانی و گەندەڵی شیرازەی وڵاتی تێکدابوو. دەستوری ساڵی ١٩٧٨ کرابووە بناغە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات. یەڵستن کە بەردەوام دەیویست دەسەڵاتی خۆی زیاتر بسەپێنێت و هەژمونی خۆی زاڵ بکات، لەگەڵ پەرلەمانی وڵات کەوتە کێشەوە و لە مانگی نیسان بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانیدا. پەرلەمانیش کە ئەمەی وەک بەزاندنی دەسەڵات دەهاتە بەرچاو بڕیاریدا سەرۆک لە کار بخات و لە شوێنی ئەو جێگری سەرۆک ئەلسکەندەر ڕوتسکۆی بکاتە سەرۆک. ئەم کارە بووە هۆکاری هەلایسانی شەڕی خۆ بەخۆ. لە ٢١ی ئەیلولی ١٩٩٣ بۆریس یەڵتسن لە ڕێگای سوپاوە کەوتە تۆپ بارانکردنی تەلاری سپی کە پەرلەمانتارانی تێدا بوون و داگیری کرد، سەرەنجام قەیرانەکە لە بەرژەوەندی بۆریس یەڵتسن کۆتایی هات. لەم شەڕەدا ١٨٧ کەس کوژران و ٤٣٧ی تریش بریندار بوون. وەرگێڕ.

توانی خۆی بگرێتەوە، بەڵام ناچار بوو خود موختاری بدات بە سربەکان لەو شوێنانەی کە زۆرینەی سربین. ئەمەش لە لایەن یەکینە چەکدارەکانی سربەوە پشتیوانی دەکرا. هێزە کڵاوشینەکانی پارێزگاری ئاشتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لەو شوێنانە جێگیر کران، بۆ ئەوەی بتوانن ئاگربەستی شلۆق رابگرن. سەرەنجام دەوڵەتی فیدراڵی هەڵوەشایەوە. تەنها سربیا و مۆنتی نگرۆ (شاخی رەش) بەناوی یوگوسلاڤیا مانەوە. سربەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون هەموو ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی سرب پێکدێنن کۆنترۆڵی ژێر دەستی خۆیان بکەن. لە حوزەیرانی ١٩٩٢ جەنگی خوێناوی لە بۆسنە – هەرزۆگۆڤینا هەڵایسا کە موسڵمان و کروات و سربی تێدا دەژیا. سربەکانی بۆسنە لە هەوڵی ئەوەدا بوون زۆرترین پانتایی خاک بۆ خۆیان داببرن و بیخەنە سەر سربیا، لە کاتیکا کرواتەکان لە خەمی ئەوەدا بوون رۆژئاوای هەرزۆگۆڤینیا بخەنە سەر کرواتیا. موسڵمانەکانی بۆسنەش وەک گەورەترین گروپ خوازیاری ئەوە بوون کە بۆسنە و هەرزۆگۆڤینیا لە ژێر دەستی خۆیاندا بمێنێتەوە. پاکتاوکردنی نەژادی و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لەو شەڕە ناوخۆیەدا ببوو بە دیاردە. هەوڵێکی زۆری ناوبژیوانی لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەوروپا شکستیان خوارد. دبلۆماسیەتی روسی پشتیوانی لە سربەکان دەکرد. روسەکان دڵسۆز و بە وەفا مانەوە بۆ ئەو پەیوەندییە لەمێژینە و برایانەی لە نێوان ئەرتۆدۆکس و سلاڤیەکاندا هەبوو. فەرەنسا زۆربەی جاران بەرگری لە هەڵوێستی سربەکان دەکرد. سلۆڤینیاش بە تایبەت کرواتەکان لە لایەن ئەڵمانەکان و ئەمەریکاوە پشتیوانی دەکران.

ساڵی ١٩٩٤ پێشڤەچوونێکی گرنگ هاتە گۆڕێ کاتێ کرواتەکان و موسڵمانەکان پێکەوە فیدراسیۆنی موسڵمان – کرواتییان پێکهێنا. لە هاوینی ١٩٩٥ سوپای کرواتەکان هێرشی کردە سەر ئەو ناوچانەی خۆیان کە سربەکانی تێدا دەژیا و سەربەخۆییان راگەیاندبوو. ئەوان توانیان ئەو ناوچانە بگرنەوە، دەیان هەزار لە سربەکان هەڵهاتن. بەهۆی زەبروزەنگی زۆر و تاوانی بێ وێنەی دژ بە مرۆڤایەتی و بۆردومانی بەردەوامی

سەرایڤۆی پایتەختی بۆسنە، پەیمانی باکوری ئەتلەسی (ناتۆ) بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژی سربەکان هاتە ناو شەڕەکەوە. میلۆسۆڤیچ دەیویست بە پێچەوانەی خواستی سربەکانی بۆسنەوە ڕێککەوتن بکات. بەهۆی ناوبژیوانی سەرۆکی تازەی ئەمەریکا بیل کلنتۆن، لە ٢١ی ت٢ی ١٩٩٥ ڕێککەوتنی دایتۆن لە ئەمەریکا مۆرکرا. وڵاتێکی فیدراڵی لە بۆسنەی هەرزۆگۆڤینا دامەزرا کە لە کۆماری سرب و کۆماری بۆسنە و کرواتیا پێکهاتبوو. دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێز نەبوو کە بتوانێت حوکم بکات، هەرسێ ئەو گەلە ئامادە نەبوون جارێکی تر بە ئاشتی و ئارامی پێکەوەژیان قبوڵ بکەن. بۆئەوەی ڕێگا لە ڕووداوی خراپتر بگرن بە ناچاری هێزەکانی پاراستنی ئاشتی (IFOR) لە ناوچەکە جێگیر کران.



## کۆتاییەکی دراماتیکیی یوگوسلاڤیا

سەرۆکە بەد بەختەکەی ئەمەریکاش جۆرج بوشی باوک، کە لەگەڵ هاوتاکەیدا گۆرباچۆڤ جەنگی ساردیان کۆتایی پێهێنا، هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ت٢ی ١٩٩٢دا دۆڕاند. ئەو ویستی (نەزمێکی نوێ) بۆ جیهان ڕاگەیەنێت بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. ڕەنگە ئەو بیری لەوە کردبێتەوە کە جۆرێک لە دیموکراسی سەر ئاستی دنیا و بازاڕی ئازاد لەسەر (ڕێبازی ئەمەریکی بۆ ژیان)[١٠٩] پیادە بکات. بەهەر حاڵ ئەمەریکا بوو بە سەرکردەی جیهان. بەهێزترین سوپایان هەبوو، دەیانتوانی لە هەر شوێنێکی دنیا کە خۆیان بخوازن دەستێوەردان بکەن.

بیل کلنتۆن، ئەوسەرۆکە دیموکراتەی کە لە ١٩٩٣ هاتە سەر دەسەڵات، حەزی بەوە بوو وجودی ئەمەریکا لە ئەوروپا بپارێزێت، ئەویش لە ڕێگەی پەیمانی ناتۆوە. ناتۆ خۆشی بەشوێن ئەرکی تازەدا دەگـەڕا. زۆرینەی ئەندامانی پەیمانی وارشۆ کە لە تەموزی ١٩٩١دا هەڵوەشایەوە، خوازیاری ئەوە بوون تەڤلی ناتۆ ببن بۆ ئەوەی بتوانن لەو ڕێگایەوە خۆیان لە هاوپەیمانە کۆنەکەیان "ڕوسیا" بپارێزن. بەوجۆرە هەریەکە لە چیک و پۆڵەندا و هەنگاریا بوونە ئەندامی پەیمانی باکوری ئەتڵەسی "ناتۆ". وێڕای هەموو هەوڵەکانی فەرەنسا دەبوو ڕۆمانیا و بولگاریا جارێ چاوەڕێ بن. وڵاتانی بەڵتیقیش خوازیاری ئەوە بوون بە زووترین کات ببنە ئەندام. لەو سەروبەندەدا هێزی هاوبەشی دەستوەردانی مرۆیی (BALBAT) دروستکرا.

لە نیسانی ١٩٩٩دا پەیمانی باکوری ئەتڵەسی پەنجاساڵەمین یادی دامەزراندنی خۆی دەکـردەوە. پەیڕەوی کاری پەیمانەکە بەجۆرێک هەموارکرایەوە کە لەمەو دوا ناتۆ بتوانێت لە دەرەوەی خاکی ئەندامەکانی خۆی ئۆپەراسیۆن بکات بۆ ئەوەی سەقامگیری لە (ناوچە سنورییەکان) بەدەست بهێنێت. ئەمەش کاردانەوە و توڕەبوونی توندی سەرکردە

---

١٠٩ نوسەر ئەو دەستەواژەیەی بە ئینگلیزی نوسیوە بەم جۆرە (American Way of life). وەرگێڕ.

روسەکانی بەدوای خۆیدا هانی، کە جارێکی تر هەستیان بە هەڕەشەی ناتۆ دەکرد. کۆنگرەی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپا (CVSE) ساڵی ١٩٩٥سەرلەنوێ داڕێژرایەوە و کرا بە ڕێکخراوێک بۆ ئاسایش و هاریکاریی ئەوروپا (OVSE). پازدە کۆمارە کۆنەکەی یەکێتیی سۆڤێت هەر بە ئەندامی مانەوە. ئەم کۆمەڵە وڵاتە جیاواز و لەیەکتر نەچووە زۆر زەحمەت بوو بۆیان بتوانن پێکەوە لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا هاوبەش بن. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاریی ئەوروپا زۆر بە کەمی ڕۆڵی هەبوو لە سیاسەتی ئەوروپادا.

پەیوەندی نێوان وڵاتانی کاپیتالیزم و چین جێگەی سەرنج بوو، لە سەروبەندی نزیکبوونەوەی نیکسۆن و کیسینگەردا، چین کە تاڕادەیەکی زۆر وەک هاوپەیمانی ئەمەریکای لێهاتبوو لە دژی سۆڤێت، زیاتر وەک دۆست بوو بۆ ئەمەریکا نەک دوژمن. ئەم پەیوەندییە باشە هەتا دوای کۆتایی جەنگی ساردیش بەردەوام بوو. حکومەتی چین بەردەوام بوو لە سەرکوتکردنی ئۆپۆزیسیۆن، کە داوای ریفۆرمی دیموکراسی دەکرد. لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٨٩دا لە پەکین لە گۆڕەپانی ئاشتیی ئاسمان (تیانانمن)[١١٠] کوشتارگەیەکی بۆ سازکردن، کە کاردانەوەیەکی زۆر خراپی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام لەبەر ئەوەی کە چین بەهێواشی بەرەو بازاڕی ئازاد ڕۆشتبوو، لەو ساڵانەی دوایشدا گەشەسەندنێکی ئابوری گەورەی بەخۆوە دەبینی، زۆربەی وڵاتان بەردەوام پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ چین برەو پێدەدا.

١١٠ تیانانمن (Tiananmen) ئەو گۆڕەپانەیە کە روداوەکانی ٤ی حوزەیران (نەک ٣ی حوزەیران وەک نوسەر باسی دەکات)ی ١٩٨٩ی تێدا رویدا. لە ١٥ی نیساندا خوێندکاران دەستیان بە دەربڕینی نارەزایی کرد و لەو گۆڕەپانەدا کۆ دەبوونەوە. دوای ئەوەی خۆپیشاندانەکان پەڕینەوە بۆ ٤٠٠ شاری دیکە و بوون بە هەڕەشە لەسەر سیستەمی سیاسی، پارتی کۆمۆنیست بڕیاریدا سەکوتیان بکات. ٣٠٠ هەزار سەرباز لە ناو شاری پەکین بڵاوکرانەوە و پۆلیس بە پشتیوانی تانک و زرێپۆش کەوتە تەقەکردن لە خوێندکاران و لە ئاکامدا سەدان کەس کوژران و هەزارانیش برایندا بوون. خوێندکاران داخوازی ئەوەیان دەکرد کە دیموکراسی و ئازادیەکان فراوان بکرێن و حکومەت و حزبی کۆمۆنیست سنورێک بۆ گەندەڵی و بازاڕی ئازاد دابنێن. وەرگێڕ.

دۆست و دوژمن لەسەر ئەوە کۆک بوون کە چین لە سەدەی داهاتوودا دەبێتە یەکێک لە زلهێزەکانی دنیا.

دەکرێت بە نیگەرانییەوە تەماشای کاردانەوەی روسیا بکرێت بۆ ئەو پێشڤەچوونانە. چی دەبێت ئەگەر چین لە رووی توانای بەرهەمدارییەوە پێشی روسیا بداتەوە؟ سەدان هەزار چینی پێشتر دزەیان کردبووە ناو سیبریا، داخۆ لە سەدەی نوێدا هەموو کانزا و خامە بەنرخەکانی سیبریا دەکەونە دەستی چینەوە؟ ئایا ئەمە رووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت؟ کاردانەوەی خۆرئاوا چۆن دەبێت؟ رۆڵی یابان لەم گۆڕانکاریانەدا چی دەبێت[١١١]؟

---

١١١ فراوان بوونی پەیمانی ناتۆ بەرەو سنورەکانی روسیا، خاڵێکی گرنگە کە نوسەر باسی نەکردووە. روسیا بەردەوام نیگەران بووە لەوەی کە پەیمانی ناتۆ زیادەڕەوی دەکات لە پەلکێشکردنی کۆنە دۆستەکانی روسیا بۆ ناو پەیمانەکە. هەر ئەوەش لە ئاکامدا بووە هۆکارێکی سەرەکی لە هەڵایسانی جەنگی روسیا و ئۆکرانیا لە ٢٤ی شوباتی ٢٠٢٢. هەڵوێستی چین لەم جەنگەدا مایەی تێڕامانە، چونکە ئەمەریکا لەو باوەڕەدایە چین بێلایەن نیە و زۆر بە توندی پشتیوانی روسیا دەکات. هەرچەندە چین بانگەشەی ئەوە دەکات کە دژی ئەو جەنگەیە، بەڵام روسیایەکی لاواز رەنگە بۆ ئەو گوێڕایەڵتر بێت. هەروەها چین نیگەرانی ئەوەیە ئەگەر بێتو روسیا لەم جەنگەدا بدۆڕێت ئەوە لە داهاتوودا چین بە تەنها دەبێت و ناتوانێت ئایندەی ململانێکانی خۆی لەگەڵ تایوان مسۆگەر بکات. وەرگێڕ.

## بەشی دوازدە
## جەنگی سارد لە روانگەی ئەوروپییەکانەوە

کاتێک یەکەم دەوڵـەتی سۆشیالیستی لە روسیا دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ دروست بوو، زۆرێک لە ئەوروپییەکان هەستیان بە بوونی هەڕەشە دەکرد. لەو باوەڕەدا بوون لە روسیاوە زۆرێک لە وڵاتە ئەوروپییەکان شۆڕشی کۆمۆنیستییان تێدا بەرپا دەکرێت، بە تایبەت لە ئەڵمانیا، بۆماوەیەکی زۆر خەڵک لە دڵەڕاوکەدا بوون. دەکرێت ئەوە بەشێک بێت لە هۆکاری سەرکەوتنی نازییەت لە ئەڵمانیا. سەرهەڵدانەکانی کۆمۆنیزم لە ئەڵمانیا و هەنگاریا لە ماوەی نێوان ١٩١٨-١٩٢٠ و جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا ١٩٣٦-١٩٣٩ بەڵگەی ئـەوە نەبوون کە سۆڤێتییەکان بەنیازی فراوانکردنی پانتایی کۆمۆنیزم بوون؟

سۆڤێتییەکانیش لای خۆیانەوە لە خۆرئاوا دەترسان. دەستێوەردانی رۆژئاواییەکانیان لە کاتی جەنگی ناوخۆ لە بیر مابوو، لـەوە دەترسان سەرلەنوێ درەنگ بێت یان زوو بکەونەوە بـەردەم هێرشی هاوپەیمانە سەرمایەدارەکان. سیاسەتمەداری دیاری بەریتانی چەرچڵ نەبوو کە دەیوت دەبێت "سورەکان" قەلاچۆ بکرێن؟ ئەمریکییەکان بە شێوەیەکی کاتی لە پشتی پـەردەوە دەمێننەوە. ئەو دەمە هێشتا ئەوە پەسەند دەکرا کە بەریتانیای مەزن بەهێزترین وڵاتی دنیایە. لە سییەکاندا ئەوە تەنها ئەڵمانیا بوو کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەستپێشخەریی دەکرد.

لە راستیدا بەهۆی هێرشی ئەڵمانەکانەوە بوو کە یەکێتیی سۆڤێت لەگەڵ وڵاتانی ئەنگلۆساکسۆندا لە حوزەیرانی ١٩٤١ ە وە بەرەیەکی جەنگی لەدژی نازییەکان کـردەوە. هەرچەندە ئـەوان هاوپەیمان بـوون، بـەڵام هاوبەشە ئەنگلوساکسۆنی و سۆڤێتییەکان لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا هەر بە گومانەوە لەگەڵ یەکتردا مامەڵەیان دەکرد. سۆڤێتییەکان ماوەیەکی درێژ چاوەڕوان بوون تا خۆرئاواییەکان بەڵێنەکەی خۆیان بەرنە سەر و بەرەی دووەمی جەنگ بکەنەوە. لەوە دەترسان کە بەریتانی و ئەمریکییەکان کتوپڕ پەیمانێکی نهێنی لەگەڵ ئەڵمانیا بکەن. ئەڵمانی و بەریتانییەکان ئەوەیان

دەزانی کە ئەڵمانیا و یەکێتیی سۆڤێت لە ساڵی ١٩٤٣دا گفتوگۆی ئاشتیان پێکەوە ساز دابوو. کاتێک نازییەکان لە ئایاری ١٩٤٥ بە دەستی سوپای سور شکستیان خوارد و دۆڕان، هیچ وڵاتێکی بەهێزی ئەوروپی بوونی نەمابوو. ئەمەریکا تاکە سوپەرپاوەر بوو کە هەژموونی بێسنوری سۆڤێتیی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات قبوڵ نەبوو. کەس نەیدەتوانی گرێ کوێرەی ئەوروپای ڕۆژهەڵات چارەسەر بکات. سۆڤێتییەکان لە ئەگەری هێرشێکی تازەی ئەڵمانیا دەترسان. هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ئەوروپای ڕۆژهەڵات وەک بەشێک لە کایەی هەژموونی سۆڤێت بمێنێتەوە تاوەکو وەک بەربەستێک بێت لەبەردەم هێرشێکی لەو جۆرە. ئەوەش بە ڕێگایەکی دیموکراسی نەدەکرا وەک ئەوەی ئەمەریکی و بەریتانیەکان داوایان دەکرد، چونکە ئەگەر حکومەتە دیموکراتییەکان لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات دەستبەکار بوونایە ئەوا دەستبەجێ هەوڵیان دەدا لە ژێر کاریگەری سۆڤێت خۆ دەرباز بکەن. ئەمەش دەبووە هۆی کەوتنەوەی ئاشوبێکی زۆر و وایدەکرد دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەڵمانیا مەحاڵ بێت.

فەرەنسا حەزی بەوە بوو کە ئەڵمانیا لاواز و دابەشکراو بێت. بەریتانیا و ئەمەریکاش خوازیاری ئەوە بوون بە زووترین کات ڕەوڕەوەی ئابوری ئەڵمانیا بکەوێتەوە جوڵە، بۆ ئەوەی ناچار نەبن لەسەر گیرفانی خۆیان خەڵکی ئەڵمانیا بەخێو بکەن. ستالین خوازیاری ئەوە بوو یەکێتیی خاکی ئەڵمانیا بپارێزێت بۆ ئەوەی بتوانێت دەست بەسەر هەموو ئەڵمانیادا بگرێت، بە تایبەتی ناوچەی پیشەسازی (رورگبید). ئەو دەیویست وڵاتەکەی خۆی لەسەر حسابی ئەڵمانیا سەرلەنوێ بنیات بنێتەوە. سێ هێزە داگیرکەرە خۆرئاواییەکە ساڵی ١٩٤٨ لەسەر ئەوە پێکهاتبوون کە وڵاتێکی تازە لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دروست بکەن. ئەو بەشە لە ئەڵمانیا لەڕووی ئابورییەوە هاوکاری کرا و بوژاندنەوەیەکی باشی بەخۆوە بینی، بەشەکەی تری ئەڵمانیاش کە لە ناوچەی داگیرکراوی سۆڤێتدا دەژیان فەرامۆشکران و خرانە بەردەم چارەنوسی خۆیان. ئابلوقەی بەرلین (١٩٤٨-١٩٤٩) هەوڵێکی

بێئاکامی ستالین بوو بۆ ئەوەی ڕێگا لە دروستبوونی دەوڵەتی تازەی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بگرێت. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیفاکتۆیەش هیچ بژاردەیەکی لەبەردەمدا نەمایەوە جگە لە دامەزراندنی کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات، کە دەبوو بە هەموو توانایەوە کار بکات بۆ قەرەبووکردنەوەی ستالین. لەبەر ئەوەی هیچ چارەسەرێکی دیکە نەبوو، بەرلینی بێچارە کە بە تەواوی دەکەوتە ناو خاکی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتەوە دابەشکرا بە دوو کەرتەوە: بەرلینی ڕۆژئاوا کە وەک پەنجەرەیەک بوو بەسەر ئەڵمانیایەکی دیموکرات و پێشکەوتوو، بەرلینی ڕۆژهەڵاتی هەژاریش وەک پایتەختی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی چارەڕەش. لەبەر ئەوەی هیچ ڕێککەوتنێک لەسەر چارەنوسی بەرلینی ڕۆژئاوا و ڕێگاکانی هاتوچۆکردن و گرێدانەوەی بە دەرەوە نەکرا، ڕەوشی بەرلین کە هەر چوار هێزەکە بە وردی چاودێرییان دەکرد هەر ناجێگیر بوو.

ئەمریکییەکان - دوای کەمێک دوودڵی- وەک کاردانەوەیەک لەهەمبەر مانەوەی بەردەوامی سۆڤێتییەکان لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات، پابەندبوونی خۆیان بەرامبەر بە ئەوروپای ڕۆژئاوا ڕاگەیاند. ئەم کارەشیان بە دیاریکراوی لەسەر فشار و داوای ئینگلیزەکان کرد. لە ڕێگای پلانی مارشاڵ (١٩٤٧)، ئەمەریکا خوازیاری ئەوە بوو کە ئەوروپییە خۆرئاواییەکان بە تایبەت ئەڵمانەکان بتوانن بە زووترین کات لە ڕووی ئابوورییەوە هەستنەوە سەرپێ و بتوانن سوپایەکی گەورە و تۆکمە (بە چەکی ئەتۆمیشەوە) بەرامبەر بە یەکێتیی سۆڤێت جێگیر بکەن، بەم شێوەیە ئەمەریکا بتوانێت بەپارەیەکی کەم زۆر شت لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، هەر ئەمەش بۆ خۆی جەوهەری ڕێککەوتنامەی پەیمانی باکوری ئەتلەسی (ناتۆ – ١٩٤٩) بوو.

نەخشەکەی مارشاڵ و ناتۆ جەختیان لەسەر (پارانۆیا) یاخود بەدگومانیی ستالین دەکردەوە: ڕۆژئاواییەکان دەیانەوێت ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە سۆڤێت داماڵنەوە. لەوەش خراپتر: ڕۆژئاواییەکان دەیانەوێت کۆمەڵگەی سۆڤێت لەناو بەرن. بە گوێرەی ستالین ئەمە پاڵنەر و ئامانجی هەرە قووڵی نەخشەی مارشاڵە. سەیرەکە لەوەدایە کە لە هەمان کاتدا ڕۆژئاواییەکانیش لە هێرشێکی

خافڵگیرانەی سوپای سور دەترسان. ستالین کە خوازیاری سەقامگیری و بە پەلە بنیاتنانەوەی وڵاتە وێرانەکەی بوو، بیری لەوە نەدەکردەوە دیسانەوە جەنگێکی جیهانی بەرپا بێتەوە. ئەو زۆر بە باشی ئەوەی دەزانی لە شەڕێکی ئـاوادا بە هۆی باڵادەستیی ئابوری رۆژئاواییەکانەوە نەک سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، بەڵکو ئەو شەڕە رەنگە یەکێتیی سۆڤێت لەناو بەرێت.

ئەوەی زیاتر تراژیدی بوو ئەوە بوو کە بەهۆی کێماسی لە پەیوەندییەکاندا، هەردولا بە هەڵە یەکتریان بە دەستدرێژیکار دەزانی، ئەوەش بووە هۆکاری پەیوەندییەکی زۆر ئاڵۆز و شپرزە لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا، تا ئەو رادەیــەی کە ستالین هەموو ئـەوروپای رۆژهــەڵات بکاتە یـەک رەنـگ و بەتەواوی لە رۆژئـاوای داببڕێت. دەبێت ئـەوەش بزانین کە هـەردوو ئەو بلۆکە سەربازییەی بەهۆی گرژی و ئاڵۆزییەکانی ئەوروپاوە دروست بوون: سەرەتا ناتۆ (١٩٤٩) و دواتر وارشۆ (١٩٥٥) وەکو کاردانەوەیەک بەرامبەر پڕچەککردنی ئەڵمانیای خۆرئـاوا دروسـت بـوو. هــەردوو ئـەو بلۆکەش راستەوخۆ لە ژێر سەرکردایەتی ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤێتدا بوون.

ئەوروپای رۆژئاوا ناتەبا و بێدەسەڵات بوو، هەلێکی لەباری لەدەست خۆیدا کە بتوانێت هاوبەشی راستەقینە لەگەڵ ئەمەریکا دروست بکات لە چوارچێوەی پەیمانی ناتۆ بەوەی کە ساڵی ١٩٥٤ کۆمەڵەی بەرگریی هاوبەشی ئەوروپای رەتکردەوە. هەردوو رکابەری دێرین و لە مێژینەی یەکتر بەریتانیا و فەرەنسا دەیانویست سـەروەری تـەواوی سەربازیی خۆیان بپارێزن، بەڵام بەوە هەڵوێستی خۆیان لەبەردەم ئەمەریکا لاواز کرد. یەکخستنی ئابوریی ئەوروپای رۆژئاوا (١٩٥١-١٩٥٧) جێبەجێکرا. سەرەتا بەریتانیای تێدا نەبوو.

جەنگی کۆریا (١٩٥٠-١٩٥٣) سەرۆک ترۆمانی خستە سەر ئەو بڕوایەی کە سۆڤێتییەکان بەنیازن دەست بەسەر هەموو دنیادا بگرن. لە گەڕی یەکەمی ململانێکەدا بە پێشبڕکێی چەک وەڵامی دایەوە. ئەوروپای رۆژئاواش ناچار بوو بەشداری بکات و بەشێک لە یەکینە سەربازییەکانی بە شێوەیەکی سیمبوڵی رەوانـە بکات. ئەوروپای رۆژهــەڵات لەژێر چنگی ستالیندا بوو

توانای هیچی نەبوو. لەو ماوەیەدا کە وەک سەهۆڵبەندانی جەنگی سارد بوو پەیوەندیی لە نێوان حکومەتەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کوفرێکی گەورە بوو. لە ماوەی دووەمی سەرۆکایەتی ئەیزنهاوەرەوە هەتا ماوەی دەستبەکاربوونی خرۆشۆڤی ریفۆرمخواز سەربەخۆیی سیاسی لە ئەوروپا چەکەرەی نەکردبوو. فەرەنسی و بەریتانیەکان لە سەروبەندی ئۆپراسیۆنە سەربازییە (ئیمپریالیستییەکەی) ساڵی ١٩٥٦ لە دژی میسر کەوتنە بەر رق و توڕەیی ئەیزنهاوەر.

لەهەمان ئەو ساڵەدا خرۆشۆڤ سەرهەڵدانێکی ئازادیخوازانەی هەنگارییەکانی خەڵتانی خوێن کرد، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا وەک ئەوەی کە زۆربەی هەنگارییەکان هیواخواز بوون هیچ کاردانەوەیەکی نەنواند، لەوێوە بە روونی دەرکەوت کە دابەشکردنی ئەوروپا بۆ ئەمەریکا مایەی پەسەند کردن بوو. ڕەنگە هەر ئەوەش بۆ خۆی هۆکاری خاو بوونەوەی لەسەرخۆی گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤێت بووبێت و بوارێکی رەخساندبێت بۆ ئەوروپییەکان کە بەشێوەیەکی کاتی پێشبڕکێی چەک رابگرن (١٩٥٨-١٩٦٠).

لەو عەیامەدا ئایدیۆلۆژیای زاڵ بەسەر دامودەزگاکانی دەوڵەت لە ئەوروپای ڕۆژئاوا، ئایدیۆلۆژیای "ئەتلەسی[١١٢]" بوو، ئەمەش واتای ئەوەی دەگەیاند کە ئەوان تەواو هاوبیر بوون لەگەڵ سەرکردەکانی ئەمەریکا و دیدگایان بۆ رووداوەکانی جیهان. ئەتڵەسییەکان بەها و نەریتە نمونەییەکانی ئەمەریکایان بڵاو دەکردەوە، کۆمەڵگایەکی بەکاربەری هاوشێوەی ئەمەریکایان دەکردە نمونە و وەبەرهێنە ئەمریکییەکانیان بۆ ئەوروپا دەهێنا. هەروەها لە هەوڵی پەرەپێدانی پەیوەندیگرتن (کۆمیونیکەیشن) دا بوون لە نێوان ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا و لەو باوەڕەدا بوون کە دەبێت ئەمەریکا لە ئەوروپای ڕۆژئاوا بمێنێتەوە تاوەکو لە شاڵاوی کۆمۆنیزم بیپارێزێت. لە هەمان کاتدا دەستەبژێرێک لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە دەوروبەری پەیمانی وارشۆ پەیدا بوون ئەمانە دڵسۆز بوون و هەژموونی یەکێتیی سۆڤێتیان و دەسەڵاتی

١١٢ مەبەستی ئایدیۆلۆژیای پەیمانی باکوری ئەتلەسی (ناتۆ)یە. وەرگێڕ.

کۆمۆنیستییان پەسەندبوو، ژیانی سیاسیی خۆشیان لەسەر ئەو بناغەیە ڕێکخستبوو.

جۆن کینێدی لە نێوان (١٩٦١-١٩٦٣) لە میانەی پێشبڕکێی چەکدا، دەستی بە هەڵدانی موشەکی نوێ کرد، بەڵام بەردەوامیش بوو لە گفتوگۆ لەگەڵ خرۆشۆڤ. پێکەوە لەگەڵ خرۆشۆڤ - بەهۆی ئەوەی زۆر بە ئاگایی و وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ قەیرانی ڕۆکێتەکانی کوبا کرد- توانیان خۆیان لە کارەساتێک بپارێزن. بەرلینی ڕۆژئاوا کە دەکەوتە ناوەڕاستی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتەوە، گرفتێکی گەورە بوو بۆ کۆمۆنیستەکان، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان لەو کەلێنانەی سنورەوە دزەیان دەکردە ئەودیو. خرۆشۆڤ دەیتوانی بەهەموو شێوەیەک هەڕەشە و گوڕەشە بکات، بەڵام کینێدی نەدەهاتە ژێر بار، دوواجار ئۆلبریێشت و خرۆشۆڤ ساڵی ١٩٦١ بە ناچاری بۆ ئەوەی ڕێگا لە هەڵهاتنی خەڵک بگرن، (دیوارەکەی بەرلین)یان دروست کرد. سەرەنجام ئەو دیوارە بوو بە هێمای جەنگی سارد و دابەشبوونی ئەڵمانیا و ئەوروپا.

ژەنراڵی ناوازە و ناسیۆنالیستی فەرەنسی (دیگوڵ)، یەکەم دەوڵەتمەداری ئەوروپی بوو کە زۆر بە توندی دژی کوێخایەتی وهەژمونخوازیی ئەمەریکا وەستایەوە لە هەمبەر ئەوروپای ڕۆژئاوا. لە ڕێگای پشت بەستن بە هێزی ئەتۆمیی خۆیەوە (Force de Frappe)[١١٣] زۆر بە گەرمی کاری لە پێناوی ئەوروپایەکی سەربەخۆ دەکرد بە سەرکردایەتی فەرەنسا. ئەم هەنگاوە شکستی هێنا چونکە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا زۆر بە پەرۆشەوە ناتۆی هەڵبژارد. ساڵی ١٩٦٦ فەرەنسا هێزەکانی خۆی لە ژێر دەستی فەرماندەیی باڵای ئەمەریکا لە پەیمانی ناتۆ دەرهێنا. هەوڵی دروستکردنی هێزێکی بەرگری فەرەنسی لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەمەریکا بێمتمانەیی زۆری لەکن ئەمریکییەکان دروست کرد. هێزی بەرگریی بەریتانیا کە هاوپەیمانێکی بەئەمەک بوو لەژێر ڕێنوێنیی و سەرپەرشتیی ئەمەریکا کاری دەکرد، چونکە لە بنەڕەتا پشتی بە تەکنەلۆژیای ئەمەریکی بەستبوو. هەموو چەکە

١١٣ بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٦٩

ئەتۆمییەکانی دیکەی ئەمەریکا کە لە چوارچێوەی ناتۆ جێگیر کرابوون بە ڕێژەی ١٠٠٪ لە ژێر کۆنترۆڵی خودی ئەمەریکادا بوو.

ڕەنگە بۆ قایل کردنی دیگۆڵ بووبێت کە پەیمانی باکوری ئەتڵەستی بڕیاری پەسەند کردنی ئەو راپۆرتەی دا کە وەزیری دەرەوەی بەلجیکا "هارمل" لە کانونی یەکەمی ١٩٦٧پێشکەشی کرد. راپۆرتەکە بە روونی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەرکی هەموو وڵاتانی ناتۆ ئەوەیە گرژییەکان کەم بکەنەوە. دەکرێت بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکانیش هەر وڵاتێک سەربەخۆ لەگەڵ وڵاتانی بلۆکی رۆژهەڵات رێککەوتن بکات. زۆر جێگای سەرسوڕمانیش بوو کە یەکێک لە ئامانجەکانی پەیمانی ناتۆ لەو قۆناغەدا دۆزینەوەی چارەسەرێک بووە بۆ دابەشبوونی ئەوروپا. هارمل نمویەکی باشی پێشکەش کرد، لە گەڵ پۆڵەندا دانوستانی کرد بۆ ناوچەیەکی ئارام لە ناوەڕواستی ئەوروپا. دواتریش دانوستانی لەگەڵ رۆمانیا کرد، تاکە وڵات کە ئەندامی وارشۆ بوو لەگەڵ ئەوەشدا سەربەخۆیی خۆی لە سیاسەتەکانی مۆسکۆ راگەیاند.

دەتوانین روداوەکانی ساڵی ١٩٦٨ی چیکوسلۆڤاکیا بەجۆرێک راڤە بکەین بەوەی کە ململانێ بوو لە نێوان وڵاتێکی ئەوروپی و سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری کە پێدەچوو ئەوروپی نەبێت. دوای ماوەیەک لە هێوربوونەوەی دۆخەکە بەهۆی داپڵۆسینی بەهاری پراگەوە، راوێژکاری ئەڵمانیای رۆژئاوا "براندت" سیاسەتی دەرەکی تایبەت بە خۆی پەیڕەو کرد و دەستیکرد بە دانوستانکردن لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا. دانی نا بە سنورە تازەکانی ئەڵمانیا و کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات و بلۆکی رۆژهەڵاتییشی بە رەسمی ناسی، بەرامبەر بەوەش ستاتۆیەکی گونجاوی بۆ بەرلینی رۆژئاوا بەدەستهێنا. لە کۆتاییدا دابەشبوونی ئەوروپاشی بەهەند وەرگرت بۆ ئەوەی سەقامگیری مسۆگەر بکات و درزی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا دابخات ئەوەش لە رێگای گفتوگۆی زیاتری هەنگاوی زیاتر بەرەو ئاشتەوایی. بەو شێوەیەش هەردوو وڵاتی ئەڵمانیا بە شێوەیەکی خۆڕسکانە لە یەکتر نزیک دەبوونەوە و کۆتا جار یەکیشیان گرتەوە. ئەو گرفتە سیاسیانەی دوای

جەنگ بوونە هۆکاری نائارامی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا وردە وەردە بەرەو نەمان دەچوون.

سەرباری هەموو ئەوانە نیکسۆن و فۆرد و کیسینگەر و بریژینێڤ پێکەوە کاریان بۆ دروستبوونی هێوربوونەوەیەکی راستەقینە کرد. ساڵی ١٩٧٢ رێککەوتنی ساڵت-١ واژۆ کرا. لە کۆنگرەی هێلسنکی ساڵی ١٩٧٥ هەموو ئەوروپییەکان و هەموو سەردارەکانیشیان ئەمەریکا و سۆڤێت و کەنەدا، جەختیان لەسەر پەسەند کردنی دۆخی دوای جەنگی ئەوروپایان دەکردەوە. هەروەها هەنگاوەکانی بنیاتنانەوەی متمانەشیان تاوتوێکرد، بەو جۆرە ئارەزووی تۆڵە سەندنەوەی ئەڵمانیا بە پشتیوانی ئەمەریکا و وڵاتانی دیکەی ناتۆ بوو بە شتێک لە رابووردوو. دەکرا جەنگی سارد ساڵی ١٩٧٥ تەواو بێت. هیچ هۆکارێکی تێکدانی سەقامگیری ئەوروپا لە گۆڕێدا نەمابوو، تەنها هۆکاری سەربازی نەبێت، بۆیە چاوەڕێکراو بوو کە بە زووترین کات کار بکرێت بۆ چەکداماڵینی ئەوروپا. لە رووبەرێکی تا ڕادەیەک بچوکدا هێزێکی سەربازی زۆر و کەرەسەی جەنگی و چەکی ئەتۆمی جێگیر کرابوو.

شتێکی زۆر کتوپڕ و سەیریش نییە ئەگەر روداوێکی تەواو پێچەوانەی ئەو دۆخە بێتە ئاراوە. لەسەر دەمی کارتەردا نائارامی نوێ لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هاتە گۆڕێ. هۆکاری بنەڕەتی ئەمەش ململانێ بوو لە پێناو دابەشکردنی ناوچەکانی هەژمون لە جیهانی سێیەم. ئەوەش دەرەنجامی کێبەرکێ بوو لە نێوان سۆڤێت و ئەمەریکا. بە واتایەکی وردتر ئەوروپا هیچ پەیوەندییەکی بەو کێشانەوە نەبوو، ئەوروپییەکان خۆشیان ناو بە ناو لەو بارەوە رونکردنەوەیان دەدا. تازەکردنەوەی موشەکە مەودا ناوەندەکانی سۆڤێت باشترین پاساو بوو بۆ ئەمەریکا تا موشەکی کرۆزی تازە و پەرشنگ-٢ لە ئەوروپای ڕۆژئاوا جێگیر بکات. گرژی و ئاڵۆزییەکان زیاتر بوون ئەو دەمەی کە سەرۆک رێگان لە ساڵی ١٩٨١ بەدواوە لە باڵادەستی تەواوی ئەمەریکا دڵنیا بوو.

بەشێکی زۆری رایگشتی ئەوروپای ڕۆژئاوا دژی بڕیاری جێگیرکردنی موشەک و دژی سیاسەتەکانی رێگان بوون، بەڵام حکومەتەکان لەگەڵیدا

بوون. ئامانجی سەرەکی جێگیرکردنی ئەو چەکانە سروشتێکی سەربازییان نەبوو: ئەمەریکییەکان دەیانویست پابەندبوونی خۆیان بەرامبەر بە ئەورووپای رۆژئاوا پیشان بدەن، هەروەها مەبەستیان بوو ئەوەش دەربخەن کە ئەوان بە تەنها خۆیان - نەک کەسانێکی تر- بڕیاردەر و دەمڕاستن لە پەیمانی ناتۆ. کەمێک ئازاربەخش بوو کاتێک سۆڤیێتی و ئەمریکییەکان پێکەوە لە جنێڤ دانوستانیان لەبارەی موشەکەکانی ئەورووپاوە دەکرد بەبێ ئەوەی پرسە گورگانەیەکیش بە ئەورووپییەکان بکەن. لە ت١ی ١٩٨٦ دۆخەکە بە هەمان شێوە بوو کاتێک سەرکردەی سۆڤیێتی گۆرباچۆڤ، لە (ریکژاڤیک) رەزامەند بوو بە لابردنی هەموو رۆکێتەکانی ئەورووپا، هەرچەندە رێککەوتنەکە بەهۆی یۆتۆپیای (جەنگی ئەستێرەکان)، کە سەرۆک رێگان دایناڤوو سەری نەگرت.

لەسەردەمی سەرۆکایەتی نیکسۆن و فۆرد و کارتەر و رێگان، بەشداری ئەورووپای رۆژئاوا لە پەیمانی ناتۆ زۆر کەم بوو، روانگەی ئەمەریکا بۆ هەڕەشەکانی سۆڤێت سیاسەتی ناتۆی ئاراستە دەکرد. بەشێک لە هۆکاری ئەمەش بۆ ئەو راستییە دەگەڕێتەوە کە لە ئەورووپا بەشێک لە حکومەتەکان نیمچە ناوەڕاستی راسترەو بوون و نەیاندەتوانی لە نێوان خۆیاندا بۆچوونێکی هاوبەش دروست بکەن. لەم قۆناغەدا ئەمەریکا هێشتا سۆڤیێتی بە دوژمنی سەرەکیی خۆی دەزانی و لە جیهانی سێیەمدا لەسەر ناوچەکانی هەژموونی خۆیان ململانێی توندیان هەبوو. ئەورووپای رۆژئاوا بەهەمان شێواز هەڕەشەکانی یەکێتیی سۆڤیێتی نەدەبینی، بەڵام بەشێکیش بوو لە پەیمانی ناتۆ. سەرنجی ئەوەش دەدرا کە لەسەردەمی نیکسۆن و بریژنێڤ کە هێوربوونەوە لە گۆڕێدا بوو، هەر دوو پەیمانی ناتۆ و وارشۆ پێکەوە تاڕادەیەک کۆک و تەبا بوون. هەردوو لایان هاوبەش بوون پێکەوە، چونکە بوونی هەریەکەیان لەسەر ئەوی تر بەندبوو. سەرکردە سەربازییەکانی هەردوو زۆر باش دەیانزانی کە دوژمن هێرش ناکات، بەڵام لەبەر ئەوەی هۆکاری مانەوەی یەکتر بوون خۆیان وا دەردەخست کە لەیەکتر دەترسن.

بە هاتنی گۆرباچۆڤ هەموو شتێک گۆڕا. ئەو یەکێتیی سۆڤیێتی دیموکراتیزە کرد و ریفۆرمی ئەنجامدا، هەروەها بە نیازی چەکداماڵین بوو. گۆرباچۆف

لە ئەمەریکا و لە ئەوروپا متمانەی رایگشتی بەدەستهێنابوو. سەرۆک ریگان و دواتریش شوێنگرەوەکەی بۆشی باوک، ناچاربوون لەمەڕ پرۆسەکانی چەکداماڵینەوە دانوستانی لەگەڵدا بکەن. سەرەنجامیش رێککەوتنی INF (١٩٨٧) و CFE (١٩٩٠) بوو. ئەوانە دوو رێککەوتنی زۆر گرنگ بوون بۆ چەکداماڵین لە ئەوروپا و بەشی رۆژئاوای یەکێتیی سۆڤێت. ئەوروپییەکان بە رێککەوتنەکە قایل بوون، بەڵام لە گفتوگۆکاندا هیچ رۆڵێکیان پێنەدرا.

رایگشتی بە تەواوی ئامادەکرابوو بۆ دیموکراتیزە کردنی لە ناکاوی ئەوروپای رۆژهــەڵات لە ١٩٨٩دا. سەرکەوتنی کۆمەڵگەی ئەوروپی و ئەو بوژاندنەوە گەورەیەی کە هاوکات بوو لەگەڵ یەکگرتنەوەی ئابوریی ساڵی ١٩٩٢ وەکو پەتا بڵاو بۆوە، چونکە بەراود نەدەکرا لەگەڵ رژێمە چەقبەستووە کۆمۆنیستەکان. هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە پۆڵەندییەکان بە هاوکاری کەنیسەی کاتۆلیکی و پاپا یۆحەننا پۆڵسی دووەم کەوتنە دژایەتییەکی سەرسەختانە لەگەڵ رژێم. ئەوان رۆڵی "بەفرماڵ"یان بینی و بە تەنها خۆیان "هەرچەندە ئەمریکاش هاوکاریان بوو" توانیان رژێمەکە بشکێنن. دواتر کاریگەریی دۆمینە - کە ئەوێ رۆژێ ئەمریکییەکان لێی دەترسان- بە پێچەوانەوە هاتە دی، زۆری نەخایاند دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بەکۆمەڵ ڕژانە سەر شەقامەکان و زۆر بە ئاسانی ڕژێمە گەندەڵە کۆمۆنیستەکانیان روخاند. شایانی باسە کەوتنی دیواری بەرلین لە ٩ی ت٢ی ١٩٨٩دا وەکو کۆتایی سیمبولیی جەنگی سارد وابوو. هەرچەندە سەرکردەی جوڵانەوە دیموکراتخوزەکان لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات حەزیان بەوە نەبوو، بەڵام یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا ئیتر مەحاڵ بوو رێگای لێبگیرێت.

گۆرباچۆڤ تەنها رێگەخۆشکەر نەبوو بۆ ئەوەی کە وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات رێگای خۆیان بگرنە بەر، بەڵکو بە ئاشکرا هانی دەدان بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەن. هەرچەندە ساویلکە بوو، بەڵام هیواخواز بوو کە ئەو وڵاتانە جۆرە فۆرمێکی چەپانە لە سۆشیال دیموکراتی هەڵبژێرن و هەتا سەر وەک دۆستی روسیای نوێ بمێننەوە. ئەوروپییە رۆژهەڵاتییەکان زۆر بە ئاشکرا مۆدێلی کۆمەڵگەی ئەوروپای رۆژئاوایان هەڵبژارد، هەر ئەوەندەی

لە ژێر چەپۆکی کۆمۆنیزم هاتنە دەرەوە چوونە ژێر رکێفی کۆمەڵگەی ئەوروپییەوە. وەڵامی بروکسل نەرێنی بوو: تەنها لە دوای ماوەیەکی درێژی خۆ ئامادەکردن ئەوجا وڵاتانی کۆنە کۆمۆنیست بۆیان هەیە داوای بوونە ئەندامی بکەن. جێگای تێڕامانیشە کە گۆرباچۆڤ ئیلهامی لە مۆدێلی سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپای رۆژئاوا وەرگرتبوو بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمەکانی خۆی. جەختی لەوە دەکردەوە کە وڵاتەکەی خۆی بە بەشێک لە " ماڵە گەورەکەی ئەوروپا" دەزانێت. ئەمەش زیاتر بوو لە واتایەکی سیمبوڵی: لێرەوە ئەو دەیویست ئەوە پیشان بدات کە زیاتر مەیلی بەلای مۆدێلی ئەوروپای رۆژئاواوە هەیە نەک مۆدیلی ئەمەریکی.

هیچ کام لە هەردوو لایەنەکە هەرگیز بەنیاز نەبوون هێرش بکەنە سەر - ئەوروپای ناوەندی جەنگی سارد- سەرکردە ئەوروپییەکانیش زۆر بە باشی ئەو راستییەیان دەزانی. جەنگ لە هەموو حاڵەتێکدا واتای وێران بوونی کیشوەرەکەی دەدا. ئەمەریکا یاخود سۆڤێت چییان چنگ دەکەوت ئەگەر ئەوروپای رۆژئاوا وێران بوایە؟ یەکێتیی سۆڤێت خۆشی تێوە دەگلا و رزگاری نەدەبوو. لەبەر ئەوە بوو کە هیچ سەرکردەیەکی سیاسی رۆژئاوایی پێشبینی هێرشێکی لەو جۆرەی نەدەکرد، هەرچەندە بەردەوام ترسی ئەوە لە گۆڕێدا بووە کە سەرکردەیەکی تاڕادەیەک سەرشێتی سۆڤێت رەفتارێکی نا ئەقڵانی لەو جۆرە بنوێنێت. سەربازەکان لە پلەی یەکەمدا لە پێناوی هۆکاری مانەوەی خۆیاندا دەجەنگان، ئەوان باوەڕیان بە هێرشێکی سەربازی هەبوو یاخود لانی کەم بەو جۆرە خۆیان دەردەخست کە بە شتێکی لەو جۆرە رەنگە رووبدات. بەردەوام هەمان ئەو چیرۆکە دەدرا بە گوێی خەڵکی ئەمەریکا و ئەوروپای رۆژئاوا: پەیمانی ناتۆ زۆر بە زەحمەت دەتوانێت بەهۆی پەرچە بەرگرییەوە ڕێگا لە پەیمانێکی بەهێزتر لەخۆی (پەیمانی وارشۆ بگرێت) کە هێرش نەکاتە سەری.

لە دوای مردنی ستالین، سەرکردەکانی سۆڤێت چەند بیرۆکەیەکی جیاوازیان لەسەر ئەوروپای رۆژئاوا هەبوو: ئەوان بۆ ماوەیەکی درێژ لە هێرشێکی تازەی ئەڵمانەکان دەترسان بە هاوکاری ئەمەریکا و پەیمانی

ناتۆ. ڕێگا گرتن لەم ئەگەرە جەوهەری سیاسەتی دەرەوەیـان بوو: هەر لەم سۆنگەیەوە بوو کە پشتیوانی هەموو جۆرە بزاڤێکی ئاشتیان دەکرد لە دنیادا. لە لایەکی ترەوە پێشبینی ئەوەیان دەکرد لە نێوان ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا دابڕان ڕووبدات. ئەوروپایەکی ڕۆژئـاوای سـەربەخۆی ئاوها، دۆستانەتر لەگەل یەکێتیی سۆڤێت ڕەفتار دەکات. بە گوێرەی هەندێ لە پێشبینییە زۆر گەش بینەکانیشیان ڕەنگ بوو بتوانرایە ئەوروپای ڕۆژئاوا (فینلاندیزە)[١١٤] بکرایە. لە بەرژەوەندی یەکێتیی سۆڤێتدا بوو کە بتوانێت بڕێکی زۆر لە شمەکی بەرهەمهێنراوی تەواو یاخود تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بکڕێت بەرامبەر بە کەرەستەی خاو. ئەمەریکا حەزی بەوە نەبوو، دەیویست خۆی بەدوور بگرێت لەو هاوکارییە ئابورییە، بە تایبەت کە پەیمانی ناتۆ لە ئەوروپا پێگە و بنکەی زۆری هەبوو. لەوە دەترسان ئەوە ببێتە هۆکاری نزیکبوونەوەی سیاسیش. ڕێگان لەم بارەوە زۆرتر توند بوو کاتێک ڕێگای گرت لەوەی کە ئەوروپییە ڕۆژئاواییەکان گازی سروشتی سۆڤێت بکڕن.

لە دوای ستالین سۆڤێت هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە کە کۆمۆنیستەکان لە ئـەوروپـای خـۆرئـاوا دەسـەڵات بە دەسـتـەوە بگرن، جا بـە پرۆسەی دیموکراسی بێت یان بە کاری شۆڕشگێڕانە. ئەمریکییەکانیش هەرگیز بیریان لـەوە نـەدەکـردەوە کە هێرش بکەنە سـەر ئـەوروپـای ڕۆژهـەڵات، بۆیە سۆڤێتییەکان بە هەڵە لە هێرشی ئەڵمانیا دەترسان بەهۆی ناتۆوە. ئەمریکییەکان هەوڵیاندا لە ڕێگای هەندێ کاری نهێنییەوە لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی پێشوو سەقامگیری هەندێ لە وڵاتان بشێوێنن. پشتیوانی هەموو ئەو ڕژێم و بزاڤانەیان دەکرد کە خۆیان لە یەکێتیی سۆڤێت جیا دەکردەوە. لەم سۆنگەیەوە ئەمەریکا هاوکاری تیتۆ، چاوشیسکۆ و ڤاوێنسای کرد.

جەنگی سارد ململانێ بوو لە نێوان ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤێت لەسەر ئەوروپا، دوواجار بووە هۆی دابەشبوونی ئەوروپا و ئەڵمانیا. لە هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا ئەوروپییەکان ڕۆڵیان هەبوو لە یەکلاکردنەوەی

١١٤ بۆ فینلاندیزە کردن بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٢٢

ئەو ململانێیەدا. لە کۆتایدا ئەوە ئەڵمانیای رۆژهەڵات و ئەوروپای رۆژهەڵات بوون کە ساڵی ١٩٨٩ بە ئیلهام وەرگرتن لە گۆرباچۆڤ سنورێکیان بۆ ململانێکە دانا و رژێمە کۆمۆنیستەکانیان روخاند.

## بەشی سیازدە

## دەرەنجامەکان

## ئایا رێگان و بوشی باوک جەنگی ساردیان بردەوە؟

هــەردوو ســەرۆک رێگان و بوشی بـاوک لە کۆتایی جەنگی سـاردا، سەرکەوتنیان راگـەیـانـد. بە گـوێرەی بۆچـوونی ئـەوان سۆڤێت خۆی بەدەستەوەدا و بەزی، چونکە نەیدەتوانی چیدیکە بەرامبەر بە ئەمەریکا پێشبڕکێی چەک بکات و بۆیان ئاشکرا بوو کە سیستەمی بازاڕی ئازادی ئەمەریکی هەمیشە سیستەمێکی باڵا دەست بووە، ئەو دەرەنجامەش زۆر دروست نەبوو: سۆڤێت هەرگیز ئامادە نەبوو بەرامبەر ئەو زیادکردنە زۆرەی لە خەرجییەکانی بەرگریدا کرا لە سەردەمی خولی یەکەمی رێگاندا، کاردانەوە بنوێنێت. سەرەتا ئەوان لە پرۆژەی (SDI)[115] دەترسان، بەڵام هەرخێرا بۆیان دەرکەوت کە ئەوە پرۆژەیەکی خەیاڵییە. سۆڤێتیەکان لە سەرەتای هەشتاکانەوە بە وردی چاودێری پرۆسەی چەکداماڵین و گرێبەستەکانی کۆنترۆڵکردنی چەکیان دەکرد. وێرای باڵادەستیی بەرچاوی هێزی سەربازیی ئەمەریکا، گۆرباچۆف لە ک١ی ١٩٨٨ پشتئەستور بە روانگەی ستراتیژی تازە و تاک لایەنە بڕیاریدا هێزەکانی سۆڤێت کەم بکاتەوە. بەو جۆرە کاردانەوە لە هەمبەر هەوڵە مەزنەکانی ئەمەریکا بریتی بوو لە کەمکردنەوەی هێزەکانی سۆڤێت. گۆرباچۆڤ و ژمارەیەک لە سەرکردەکانی دەوڵەت ماوەیەکی درێژ بوو بە نیاز بوون لە ململانێی دەسـەڵات لە جیهانی سێیەم بکشێنەوە و هێزەکانیشیان لە ئەفغانستان پاشەکشە پێبکەن.

گۆرباچۆڤی ریفۆرمخواز سەرەتا بازاڕی ئازادی هەڵنەبژارد: بەڵکو لەسەر رێبازی ئەندرۆپۆڤ رۆیشت. ئەو پلە بە پلە و لە ژێر باندۆری مۆدێلی سۆشیال دیموکراتیی ئەوروپا دەیویست رژێمێکی تێکەڵاو لە پرۆژەی کەرتی تایبەت و دامەزراوە حکومییەکانی کەرتی گشتی دروست بکات، بەمجۆرە حکومەت بەردەوام دەبوو لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی سۆشیال – ئیکۆنۆمی.

---

١١٥ مەبەست لێی پرۆگرامی جەنگی ئەستێرەکانە (The Strategic Defense Initia-tieve) کە رێگان دایهێنا. وەرگێڕ.

بە دڵنیاییەوە مۆدێلی ئەمەریکی نەدەکرایە ڕێپیشاندەر و پەیڕەو نەدەکرا. کارەکان لە گرێژەنە دەرچوون، لە سایەی دەسەڵاتی یەڵتسن بازاڕی ئازاد دروست بوو بازاڕێک کە هاوشێوەی سیستەمی سەرمایەداری ئەمەریکی سەدەی نۆزدە (سەرمایەداری وەحشیگەریی ڕۆژئاوا) بوو نەک مۆدێلی سۆشیال دیموکراتی ئەورووپای ڕۆژئاوا. ئەو سیستەمە تەنها چەردەیەکی کەم بەختەوەریی بۆ ڕوسەکان فەراهەم کرد.

گۆرباچۆف وردە وردە بە دیدگای تایبەتی خۆی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی پەیڕەو کرد. هەڵوەشاندنەوەی ڕۆڵی پێشڕەوایەتی پارتی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٩٩٠ کاری گۆرباچۆڤ بوو، هەرچەندە ئەمریکییەکان ناچاری ئەو کارەیان نەکردبوو. لە ساڵی ١٩٩١دا ویستی پارتی کۆمۆنیست بکاتە سۆشیال دیموکرات و خۆی ڕابەرایەتیی بکات. هەرچەندە پارتی سیاسی تریش لەوەو دوا ڕێگای پێدەدرا، بەڵام گۆرباچۆڤ لەو باوەڕەدا بوو کە حزبەکەی خۆی باڵ بەسەر ژیانی سیاسیدا دەکێشێت. داڕمانی یەکێتیی سۆڤێت بەهۆی دینامیکی ناوخۆ بوو، ڕەنگە ئەمە بە دڵی ئەمەریکا بووبێت، بەڵام ئەمریکییەکان لەم کارە بەشدار نەبوون. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە ساڵی ١٩٩٠ بوشی باوک دژی بزووتنەوەی جوداخوازی بوو لە ئۆکرانیا. هەروەها جیا بوونەوەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لە یەکێتیی سۆڤێت ئەنجامی بزووتنەوە جەماوەرییە ناوخۆییەکان بوو، بوشی باوک لە کەنارەوە تەماشای دەکرد و تەقەی سەری دەهات!

بێگومان ئەوەش ڕاستە کە گۆرباچۆڤ و سەرکردەکانی دیکەی سۆڤێت سەرسام بوون بە جیهانی گەشاوە و دەوڵەمەندی ڕۆژئاوا و ساڵی ١٩٩١ بۆیان دەرکەوت کە ئەوان پێشبڕکێی ئابوری و تەکنەلۆژییان دۆڕاندووە. گۆرباچۆڤ دوای ئەنجامدانی هەندێ ریفۆرم لە ١٩٩٠ لەو باوەڕەدا بوو کە دەتوانێت لە بوارەکانی ئەلکترۆنی و تەکنەلۆژیا ئەسپی خۆی تاو بداتەوە. ساڵی ١٩٩١ گۆرباچۆڤ هەستی کرد دۆخی ئابوری سەرباری ریفۆرمەکانیش هێشتا لەجاران خراپترە، نەیدەزانی چۆن خۆی لە قەیرانەکە

دەرباز بکات. بەهەرحاڵ هەموو ئەو نسکۆیانە پەیوەندییەکی ئەتۆیان بە سیاسەتی ریگان و بوشەوە نەبوو.

ناتوانین رۆلی رایگشتی لە ئەمەریکا و ئەوروپای رۆژئاوا و رۆژهەڵات لە کۆتایی هێنان بە ململانێکە نادیدە بگرین. سیاسەتی خێرا و بێئاکامی خۆپڕچەککردن کە رۆناڵد ریگان پەیڕەوی دەکرد لە ناوخۆی ئەمەریکا کاردانەوەی توندی لێکەوتەوە. کەنیسە بەهێزەکانی کاتۆلیک و پرۆتستانت (کەمپینی سڕکردن)[١١٦] یان بەڕێوەبرد. ئەوان بە گشتی دژی چەکی ئەتۆم بوون و ئەرگومێنتەکانیان لە لایەن میدیا لیبرالەکانەوە بە هەند وەرگیرا. هەروەها بۆ یەکەم جاریش بوو خودی شەڕی سارد لە لایەن شەبەنگێکی گرنگی رایگشتی خرایە ژێر پرسیارەوە. رەنگە قەبارە و کاریگەریی بزاڤەکانی ئاشتی هۆکاری سەرەکی بادانەوەی ریگان بووبێت لە خولی دووەمی سەرۆکایەتییەکەیدا، هەرچەندە نارەزاییەکانیش دژی خراپی بارودۆخی دارایی رۆڵی خۆیان بینیوە.

لەهەمان کاتدا بزوتنەوەکانی دژ بە رۆکێت لە رۆژئاوای ئەوروپا توانی گەورەترین خۆپیشاندان ریکبخات. لێرەشدا جەنگی سارد خرایە ژێر پرسیارەوە. لە پۆڵەندا و کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات و چیکوسلۆڤاکیا و هەنگاریا و وڵاتانی تری ئەوروپای رۆژهەڵات، خۆپیشاندەران و مانگرتووان بوون کە رژێمە کۆمۆنیستەکانیان روخاند.

هەرچەندە یەکێتیی سۆڤێت هەموو رواڵەتەکانی دۆڕاوێکی گەورەی پێوە دیار بوو، بەڵام براوەی سەرەکی شەڕەکە هێشتا دیار نەبوو. گۆرباچۆڤ راستی کرد کاتێ گوتی: هەموو لایەنەکان لە جەنگی ساردا دۆڕاون: بڕێکی یەکجار زۆر لە سەروەت و سامان و توانا مرۆییەکان بەفیڕۆ چوون، لە کاتێکدا دەکرا بە شێوەیەکی باشتر بەرهەمداریی بکرانایە، زەرەر و زیانێکی

---

١١٦ کەمپینی سڕکردنی ئەتۆم بە ئینگلیزی (Nuclear Freeze campaign)، کەمپینێک بوو ساڵی ١٩٨٠ ئەمەریکای گرتەوە. یەکێک بوو لەو کەمپینە گەورانەی لە سەردەمی رۆناڵد ریگان لە دژی پێشبڕکێی چەک کە بووە مایەی سەرئێشەیەکی یەکجار گەورە بۆ ئەمەریکا و نەدەکرا حسابی لەسەر نەکرێت.. وەرگێڕ.

یەکجار زۆر لە جەنگەکاندا کەوتەوە، هەردوو لا درۆ و فێڵ و تەڵەکەبازییان پەیڕەو کرد.ئەمەریکا لە کۆتایی جەنگی ساردداا دووچاری داڕمانێکی ئابوریی توند بۆوە، کەڵەکەی قەرزە حکومییەکان بەهای چوار هەزار ملیار دۆلاری تێپەڕاندبوو، تەرازوی بازرگانی چەند ساڵێک بوو روو لە زەرەر و لاسەنگی بوو. ئەمریکییەکان سێکتەر و ژێرخانی هاتوچۆیان پشتگوێ خستبوو. پارەیەکی یەکجار کەمیان لە بوارەکانی پەروەردە و پرۆگرامی کۆمەڵایەتی سەرف دەکرد، هەروەک چۆن پارەیەکی زۆر کەمیان لە توێژینەوە غەیرە سەربازییەکاندا سەرف دەکرد. بەمجۆرە ئەوان بەشێکی زۆریان لە توانای پێشبڕکێی خۆیان بەرامبەر بە ئەڵمانیای رۆژئاواو یابان لەدەستدا.

لە سەروبەندی جەنگی سارددا، سەدان ملیۆن کەس لە ترسێکی گەورەدا دەژیان. ترس لە رژێمە تیرۆریستەکان و ترس لە هەلایسانی جەنگی ئەتۆمی. لە ماوەی دەیان ساڵی رەبەقدا، سەرکەوتن و بردنەوەی جەنگی سارد پرۆژەی هەرە گەورە و تەنهای دەستەبژێرێکی ئەتلەسی بوو، کە بۆ ئەو مەبەستە کەرەستەیەکی زۆریان لەبەردەستدا فەراهەم کرابوو. دەستەبژێری پەیمانی وارشۆ کە توانایەکی کەمتریان لەبەردەستا بوو لە هەفتاکانەوە لەسەر پرۆژەیەکی سادەتر کاری دەکرد: هەوڵدان بۆ (نەدۆڕانی) جەنگی سارد.

لە دوای کۆتایی جەنگی سارد، رۆژئاوا لە هەوڵی ئەوەدا بوو پرۆژەیەکی تازەی سەراپاگیر بدۆزێتەوە، هەرچەندە کەموکوڕی و پێداویستییەکان زۆر بوون. روسیاش کە تەواوشەکەت و ماندوو بوو بەدەست خراپی بەڕێوەبردنەوە دەینالاند. تەنها ئەوەندەی لە دەسەڵاتدا بوو کە هیوایەک بخوازێک بۆ دووبارە هەستانەوە.

## ئایا دەکرا خۆ بەدووربگرین لە شەڕی سارد؟

ململانێ لە نێوان سەرمایەداری و مارکسیزم – لینینیزم حەتمی بوو، دەکرا ڕێچکەیەکی دیکەی بگرتایەتە بەر. وێنەکە بەو جۆرە دەهاتە بەرچاو، کارەکتەری سەرەکی هەردوو سیستەمەکە (ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤێت)

لەبەر هۆكاری مێژوویی بەو جۆرە ریزبەندكرابوون كە گەلانێكی مزگێنی بەخش (تەبشیری) بن. ئەوان فەرمانیان پێكرابوو فریادڕەسێک بن و دنیا رزگار بكەن، دەشیانزانی چۆن ئەو كارە دەكەن و هیچ گومانێكیشیان لە پەیامەكەی خۆیان نەبوو. ناكۆكی و هـاودژی لە نێوان هـەردوو بـەرەدا قووڵ بوو، بواری تەبایی نەبوو. ئەمریكییەكان بەرگرییان لە شێوازی ژیانی سەرمایەداری و دیموكراسی وئەو سیستەمە ئەخلاقییە دەكرد كە خوداوەند سەپاندویەتی. سۆڤێت لە دژی موڵكایەتی تایبەتی ئامرازەكانی بەرهەمهێنان بوو، بەرگرییان لە دیكتاتۆریەتی چینی پێشڕەوی پرۆلیتاریا دەكرد، هەروەها ئاتئیست بوون. پێویست ناكات ئەوەش بڵێین كە ئەمریكییەكان لە ئەگەری سەركەوتنی ماركسیزم دەترسان، بۆیە دەیانویست بە هەموو تواناوە لەناوی بەرن. لایەنگرانی ماركسیزم لە ناوخۆی ئەمەریكا زۆر بە توندی خرابوونە ژێر كۆنترۆڵ و قەلاچۆ دەكران. ئەمەریكییەكان (سیاسەتی دەرگای لەسەر پشت) یان پەیڕەو دەكرد، دەیانویست جیهان بگۆڕن بە بازاڕێكی گەورەی ئازاد و بتوانن سەركەوتووانە جوڵەی خۆیانی تێدا بكەن. سۆڤێتییەكان دەیانویست سیستەمێكی تایبەت بە خۆیان لە ئابورییەكی تێكەڵاو، كە وابەستەی بازاڕ نەبێت، دروست بكەن، بەو جۆرەش بە ئاشكرا خۆیان لە سیستەمی سەرمایەداری ئەمەریكا جیا بكەنەوە. ئەوان دژی ئیمپریالیزمی ئەمەریكی بوون، ئەمریكییەكانیش دژی ئارەزووی فراوانخوازیی كۆمۆنیستەكان بوون.

ململانێكە قوڵتر بۆوە كاتێک چین و هەندێ وڵاتی ئاسیاویی بچوک و بەشێک لە ئەڵمانیا و زۆرینەی وڵاتانی ئەوروپای رۆژهـەڵات لەبەردەم رژێمی سـەرمـایـەداریدا داخـرابـوون. لـەوەش خراپتر هەندێ لە وڵاتانی باشوری ئەمەریكا و بەشێک لە وڵاتانی ئەفریقیا و كوبای دراوسێش هەڕەشەی داخستنی بازاڕی ئازادیان دەكرد. جیاوازی لە نێوان سیستەمی كۆمەڵایەتی و ئابوری و ئەو پانتاییە فراوانەی كۆمۆنیزم جوڵەی تێدا دەكرد بۆ ئەمەریكییەكان مایەی قبوڵ كردن نەبوو، بۆیە بەردەوام لەگەڵ سۆڤێت گرژی و ئاڵۆزی هەبوو. رەتكردنەوەی پەیڕەو كردنی سیستەمێكی دیموكراتی لە دەسەڵاتدا لە لایەن سۆڤێتەوە، هۆكارێكی دیكەی ئاڵۆزییەكان بوو، جەنگی

سارد ئەو کاتە تەواو بوو کە روسەکان دەرگایان خستە سەرپشت و بازاڕی ئازاد و پایەکانی دیموکراسییان پەسەند کرد.

کێشەی ئەمنی هۆکاری دووەم بوو لە حەتمییەتی ململانێکاندا. هەردوو لایەن بەردەوام لەو باوەڕەدا بوون کە ئەوی تر هەڕەشەیە بۆ سەر بوونی ئەو. ئەوەش بۆ خۆی هۆکار و دەرەنجامی پێشبڕکێی چەک بوو. هەرچەندە بە درێژایی ماوەکانی جەنگی سارد سەرکردە دژبەرەکان تا ڕادەیەکی زۆر دڵنیابوون کە نەیارەکانیان هێرش ناکەن، بەڵام هەمیشە فرسەتێکی بچوک لە ئارادا بووە کە بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو هەڵەیەک رووبدات و بەهۆیەوە دۆخەکە لە باربچێت. کاتێک گۆرباچۆڤ لە ک١ی ١٩٨٨ ئاشکرای کرد کە ئەو لە دەستدرێژی ناترسێت و ژمارەی سوپاکەی بەشێوەیەکی بەرچاو کەمکردەوە، ئەمەش سەلماندی کە ئەو جگە لەوە خۆشی توانای هێرشکردن و دەستدرێژی نامێنێت؛ شەڕی سارد دەستبەجێ لەو خاڵەدا بەرەو کۆتایی رۆیشت.

جەنگی سارد بۆ سەرکردەکانی هەردوو بلۆک زۆر جاڕسکەر نەبوو، بە تایبەتی لە ساڵانی شەستەکان و هەفتاکان و هەشتاکاندا بەرژەوەندییان لەوەدا بوو کە ململانێکە لە ڕێگای هێورکردنەوە و پرۆسەکانی سنورداركردنی چەک لە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵدا بمێنێتەوە. لە یەکێتیی سۆڤێت ململانێکە پاساوی بەهێزبوونی رەها و مانەوەی (نۆمینکلاتۆرا) دەچەسپاند، کە ڕێگر بوون لەبەردەم هەر جۆرە هەوڵێک بۆ ریفۆرم. لەملاشەوە ئەو گۆشەگیربوونە بووە هۆکارێکی کوشندە بۆ چەقبەستنی ئابوری. ئەم لێکەوتانە راستەوخۆ هەستی پێنەدەکرا و ناو بە ناوە وەک پیەنەو پەڕۆ بە هاوردەکردنی کەرەستە و پێداویستی لە رۆژئاواوە چارەسەر دەکرا. بەهۆی جەنگی ساردەوە روسەکان بەردەوام دەسەڵاتی خۆیان بەسەر کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات و ئەوروپای رۆژهەڵاتدا سەپاندبوو، بەهۆی هێزی سەربازیشیانەوە وەکو سوپەر پاوەر (زلهێز) تەماشا دەکران.

لە ئەمەریکا ململانێکە بووە هۆی بەهێزبوونی پێگەی سەرۆکەکان و لۆبییە سەربازییەکان، هەروەها هەستی هاوکاری و ناسنامەی نیشتمانیی

ئەمەریکای پتەوتر دەکرد. بەهۆی جەنگی ساردەوە ئەمەریکا توانی وجودی سەربازی و سیاسی خۆی لە ئەوروپای رۆژئاوا بپارێزێت و خۆی بکاتە سەرکردەی بێ نەزیری ئەوروپا. بۆ هەردوو بلۆک جەنگی سارد ئامرازێکی نمونەیی بوو کە بەهۆیەوە بتوانن سەرنج لەسەر کێشە ناوخۆییە (هەندێ جار ئالۆزەکان) لابەرن. هەربۆیەش نیکسۆن و بریژنێڤ حەزیان لەوە بوو سروشتێکی (دامەزراوەیی بوون)[١١٧] بە جەنگی سارد بدەن ئەمەش لەدوای ماوەی هێورکردنەوە و مۆرکردی پەیمانەکانی چەکداماڵین. ئەمەش جەختی لەسەر پێگەیشتوویی و دەوڵەتمەداری ئەوان و زامنکردنی ئاشتەوایی دەکردەوە.

## فاکتەری کەلتوری:

لە رووی ئابوورییەوە رەوشـی وڵاتانی ئـەوروپـای رۆژهـەڵاتی کۆنە کۆمۆنیست باش نەبوو. وەرچەرخانی کتوپڕ بەرەو ئابوری بازاڕی ئازاد بەشێوەیەکی گشتی سەرکەوتووانە نەبوو. پێشبینییە چاوەڕوانکراوەکان لە وڵاتانی بەلتیق گەشبینانەتر بوو. چیک، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، پۆڵەندا و هەنگاریا فرسەتیان لەبەردەمدا بوو، بەڵام ئەو دوو وڵاتەی دوواوە لەساڵی ١٩٩٥دا لە لایەن کۆمۆنیستە کۆنەکانەوە بەڕێوە دەبران. بازاڕی ئازاد بۆ کەسانی مام ناوەند و خانەنشینکراو گوزەرانێکی باشتری نەهێنا. رۆمانیا، بولگاریا، روسیای سپی، ئۆکرانیا و روسیای فیدرال کەوتنە ناو زەلکاوێکی قوڵی ئابورییەوە.

دەرکــەوت کــەوا سەندوقی نەختینەی نێو دەوڵـەتـی (IMF) و بانکی نێودەوڵەتی و حکومەتی ئەمەریکی بە تایبەتی، هەڵەیەکی زۆر گەورەیان کرد کاتێک راستەوخۆ - بەبێ ماوەی راگوزەری- بازاڕی ئازادی رەهایان

---

١١٧ بەدامەزراوەیی کردن (Institutionalisation) زاراوەیەکی سۆسیۆلۆژییە. رۆچونی چەمکەکانە بۆ ناو سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەڕێوەبردن. بە دامەزراوەیی کردن لە سیاسەتدا ئەوەیە کە فەلسەفەی حوکم و ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی رۆبچێتە نێو دامەزراوەکانی دەوڵەت، بەمەش فرسەتی هەڵەکردن و بە لاڕێدا بردن کەمتر دەبێتەوە. وەرگێڕ.

بەبێ هیچ کۆت و بەندێک بەسەر وڵاتانی کۆنە کۆمۆنیست سەپاند. ئەمانە هەمووی پەیوەست بوون بە ئایدیۆلۆژیای جەنگی ساردەوە. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە چەقبەستنی ئابوری لە وڵاتانی کۆمۆنیست بەهۆی ئابوری ئاراستەکراو و نەخشەکێشان و نەبوونی ئازادی سیاسی بووە، بۆیە کۆمۆنیزم و بە تەنها کۆمۆنیزم هۆکاری لەناوچوونیان بووە، هەربۆیەش چارەسەرەکە روون بووە: ئابوری بازاڕی ئازاد و هەڵبژاردنی ئازاد.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو راستییەک لەبەرچاو بگیرایە، ئەویش ئەوە بوو کە زۆربەی ئەو وڵاتانە ، تەنانەت پێش کۆمۆنیزمیش، هەرگیز ئاشنای ئابوریی بازاڕی ئازاد نەبوون. تەنانەت کاتی خۆشی کۆمپانیاکانی ئەوروپای رۆژهەڵات و روسیا زۆر دواکەوتوو بوون لەرووی بەڕێوەبردن و تەکنەلۆژیاوە. ژمارەیەکی یەکجار کەم وەبەرهێنی ناوخۆ هەبوون: خاوەن کارەکان هەموویان سەرمایەداری رۆژئاوایی بوون. کەواتە بنەمای هەڵسەنگاندنی ئابوری ناسانی رۆژئاوا هەڵە بوو: لە ماوەی پێش کۆمۆنیزمدا ئەو ناوچانە پێک نەهاتبوون لە وڵاتانێک کە بازاڕێکی ئازادی گەشاوەی تێدا بووبێت، جگە لە کۆماری چیکی ئەمڕۆ کە گەشەسەندوو و دیموکرات بووە. سلۆڤاکیا و هەنگاریا و پۆڵەندا (جگە لە سیلیزیا) و بەشێکی زۆری یوگوسلاڤیا و رۆمانیا هەتا ساڵی ١٩٤٠ وڵاتانێکی نیمچە فیوداڵ بوون کە زۆر بە کزی پیشەسازی تیایاندا سەریهەڵدابوو. زۆربەی بازرگانیش بەدەستی جووەکانەوە بوو. هەموو ئەو وڵاتانە لە راستیدا وڵاتانی (دامێن)[١١٨] بوون و لە رووی ئابورییەوە کۆلۆنیای ئەوروپای رۆژئاوا بوون. دەستەبژێری ناوخۆی ئەو وڵاتانە بیری لەوە نەکردۆتەوە لە ڕێگای پیشەسازییەوە قازانج بکات و سەرمایە کەڵەکە بکات.

لە ساڵی ١٩١٧دا روسیای تزاری دۆخەکەی زۆر خراپتر بوو. فیودالیزم لە روسیا زۆر بەقووڵی رەگ و ریشەی هەبوو. لە راستیدا هەندێ شاری

١١٨ وڵاتانی دامێن یاخود کەنار - قەراغ (Hinterland) وڵاتانێک بوون کە زۆر گرنگ نەبوون، بە پێچەوانەی وڵاتانی دیکە کە سەنتەر بوون لە بازرگانی و لە بڕیاری سیاسیدا- وەرگێڕ-.

پیشەسازی هەبوون، بەڵام پرۆلیتاریای پیشەسازی بەو قەبارەیە بوونی نەبوو: ئەمە ئەفسانەیەک بوو کۆمۆنیستەکان برەویان پێدەدا. وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیاش تا رادەیەکی زۆر لە ئەورووپای رۆژئاوا و ئەمەریکاوە بۆ روسیا دەهات. روسیاش هەر لە وڵاتانی دامێن بوو لە رووی ئابورییەوە کۆلۆنیکراو بوو. زۆربەی روسەکان هیچ بەرکەوتنێکی راستەوخۆیان بە بازاڕی ئازادەوە نەبوو. لێرەش بەشی هەرە زۆری بازاڕ و ئەرکە ئابورییەکان لەسەر شانی جووەکان بوو.

بۆچی ئەورووپای رۆژهـەڵات و روسیا ئەو کاتەی کە کۆمۆنیستەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت هیچ خۆشگوزەرانییەک و دیموکراسی و سەرمایەداریی گەشەسەندوویان نەبوو؟ بەشێک لە وەڵامی ئەم پرسیارە لە رەهەندی کەلتوریدا خۆی دەبینێتەوە. ئێمە لێرەدا کەلتور بە واتا فراوانەکەی دیاری دەکەین: نەک تەنها ژیانکردن بەڵکو ئەو نەریت و بەها و جیهانبینییە باڵادەستانەی کە زۆرینەی دانیشتوان لەو وڵاتانەدا هەڵیانگرتووە، کەلتور بە واتا فراوانەکەی پەیوەستبوونێکی فراوانی بە ئایینەوە هەیە. ئەمەش لای خۆیەوە بە درێژایی چەندین سەدە زۆر بە توندی رەنگدانەوەی هەبووە بەسەر پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییە باوەکانی دەسەڵاتدارییەوە.

لێرەدا سێ جۆرە ئایین کاریگەرییان هەبووە: پێش هەموویان کاتۆلیک لە پۆڵەندا، لیتوانیا، هەنگاریا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، کرواتیا و چیک. جێگەی سەرنجە کە لە زۆربـەی هـەرە زۆری ئەم وڵاتانە دۆگماتیزم باو بووە. لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەم وڵاتانە زۆر لە ژێر کارگەریی ریفۆرمخوازی، رۆشنگەری یاخود فیکری تیۆلۆژیا (لاهوت)ی تازەدا نەبوون. بە توندی لەژێر کاریگەری بەهاکانی دەرەبەگایەتیدا بوون لەوانەش پەسەندکردن، ئارام گرتن، گوێڕایەڵی و باوەڕهێنان بەوەی کە ژیانی راستەقینە تەنها دوای مردن پەیدا دەبێت. لێرە لەسەر زەوی پێویست بەوە ناکات مرۆڤ هەوڵێکی زۆر بدات بۆ ژیان. لەم وڵاتانەدا ئایین، بەهۆشیەوە کەلتور زۆر بە توندی بۆ چەندین سەدە لەژێر کاریگەری فیودالیزمدا بووە.

لە لایەکی دیکەوە بەها (ڕۆژئاواییەکان) تەواو جیاواز بوون لەمانە. ڕۆژئاواییەکان (ئیندیڤیدیوالیست)[١١٩] بوون، باوەڕیان بە پێشکەوتن هەبوو. لەو باوەڕەدا بوون کە پاشەکەوتکردن و وەبەرهێنان و داهێنان کارێکی زۆر گرنگە. موڵکایەتی تایبەت و کەڵەکەکردنی سەرمایە چەقی بیرکردنەوە و دیدگایانە. ئەوان هەرگیز بە دۆخی ئەمێستاکە رازی نین و بەردەوام بەشوێن باشتر و گۆڕاندا دەگەڕێن. باوەڕیان بە سەروەری یاسا و ئاراستەکردنی کۆمەڵگە هەیە. بەبێ ئەو بەهایانە پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و سەرمایەداری هیچ هەلێکیان لەبەردەمدا نامێنێتەوە. ئەم دۆخە لە کۆماری چیک و سلۆڤینیا ڕەنگی دایەوە کە ئەوانیش هەردوکیان کاتۆلیک بوون. فیودالیزم لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمەوە کۆتایی هات، هەرچەندە پێش ئەو ماوەیەش تێکشکێنرابوو. لە سەدەی نۆزدەدا لەو ناوچانە پرۆسێسێکی بە پیشەسازیکردن هاتە ئاراوە. ئەم خەسڵەت و ڕەفتارە (ڕۆژئاواییانە) لەو وڵاتانەشدا پەیڕەو کرا کە زۆرینەیان (لۆسەر)ی بوون، وەکو لاتیڤیا و ئیستوانیا و کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی کۆن، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی هەنگاریا کە پرۆتستانتی (لۆسەری یاخود کالڤینیست) بوون. هەروەها لە ترانسلڤانیای ڕۆمانیا کە ١.٨ ملیۆن هەنگاری (پرۆتستانتی) تێدا دەژیا، بەهەمان شێوە بەها و نۆرمە ڕۆژئاواییەکان پەیڕەو دەکرا.

ڕۆشنتر لەوانەش پەیوەندیی نێوان ئایین و کۆمەڵگە بوو لە جیهانی ئەرتۆدۆکسیدا: ئۆکرانیا، ڕوسیای سپی، بولگاریا، ڕۆمانیا، سربیا، مۆنتینگرۆ و ماسەدۆنیا. ئەم ناوچانە هەرگیز کاریگەر نەبوون بە ریفۆرم و رینیسانس و ڕۆشنگەری و لیبرالیزم. لەو شوێنانەدا یاسا بەرقەرار نەبووە، بەڵکو لە راستیدا سیستەمی فیودالیزم سەروەربووە و تەواو دابڕاو بوون لە جیهانی ڕۆژئاوا. وێرای هەموو ئەوانەش فیودالیزم لەوێندەرێ جیاواز بووە لەوەی ڕۆژئاوای ئەوروپا. فیودالیزم سیستەمێکی یاسایی هەبووە کە جوتیارەکان

---

١١٩ ئیندیڤیدیوالیست (Individualist) لە زمانی کوردیدا تاکگەرایی بۆ دانراوە، لە زمانی عەرەبیدا فردانیەت و لە زمانی فارسیدا فەردگەرایی بۆ دانراوە، کە یەکێکە لە پایە گرنگەکانی فیکری لیبرالیزم. وەرگێڕ.

و دەرەبەگ و لۆردەکان، لانی کەم لە ڕووی تیۆرییەوە هەر یەکەیان ئەرک و مافی خۆی هەبووە. لە سیستەمی ئەرتۆدۆکسیی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، جوتیاران هیچ جۆرە مافێکیان نەبووە: ئەوان بە تەواوەتی ملکەچی دەرەبەگ بوون، لۆردەکانیش ملکەچی دەسەڵاتی ڕەهای پادشاکان بوون. هەتا کۆتایی سەدەی هەژدە، لە ڕوسیا هەموو زەوی و زارەکان موڵکی تزار بووە: موڵکایەتی تایبەتی زەوی و زار بوونی نەبووە. کەنیسەی ئەرتۆدۆکسی هەمیشە بەرگری لە دۆخەکە کردووە و خۆی خستۆتە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی ڕەهای پادشا و تزارەوە، ئەمەش بۆ خۆی هۆکاری ڕاستەقینەی سەرهەڵنەدانی بازاڕی ئازاد و سەرمایە و تەنانەت دیموکراسیش بووە. هەروەها هیچ شۆڕشێکی ڕاستەقینەی پیشەسازی لەو ناوچانەدا هەتا سەدەی نۆزدە هیچ بوونێکی نەبووە.

لینین – خۆڕسکانە– جۆرێک لە مارکسیزمی بۆ ڕوسیا داتاشیوە کە تەواو لەگەڵ کەلتوری فیودالیی ئەرتۆدۆکسی ڕوسیادا بگونجێت. ستالینیش کە لە قوتابخانەی یەکێک لە کڵێسە ئەرتۆدۆکسییەکان، بۆ قەشەیەتی دەیخوێند، هەمان ڕێبازی گرتە بەر. ئەمە نەبووە هۆکاری ئەوەی کە هەریەکە لە لینین و ستالین بەرەنگاری ئەرتۆدۆکسی نەبنەوە. کەواتە هاوشێوەی ئەرتۆدۆکسی لەسەر هەمان ڕێچکە: دەبێت لەم نێوەدا تەنها یەک ڕاستی هەبێت ئەویش لینینیزم بوو، کە خۆی بە ئاتئیست دەزانی. بەمجۆرە کەلتوری ئەرتۆدۆکسی بە نائاگایی و بێ مەبەست باندۆرێکی گەورەی لەسەریان داناوە. ئەرتۆدۆکسی وەکو لینینیزم دژی سەرمایەداری بوو، ڕقی لەوە بوو کە قازانج بەدەست بهێنرێت لە ڕێگای بازرگانییەوە، هەروەها ڕقیان لە "سود"ی بانک و بەڵێندەرایەتی بوو. ئەرتۆدۆکسی هەروەها دژی دیموکراسیەت و دژی ئیندیڤیدیوالزە بوونیش بوو.

ملکەچی، گوێڕایەڵی، ئارامگرتن و قبوڵ کردن و باوەڕی کوێرانە بە تاکە باوەڕی ڕێگەپێدراو پیرۆزکردنی سەرکردەکان –سەرکردە پیرۆزە تازەکان کە وێنەکانیان لە هەموو شوێنکدا بەدی دەکرا– لە خەسڵەتە هاوبەشەکانی ئەرتۆدۆکسی و لینینیزم بوون. لینینیزم حەزی لەو جۆرە ئاهەنگ و بۆنانە بوو

کە بنەڕەتی ئاینییان هەبوو، ئیمانیان بە یۆتۆپیای کۆمۆنیزم هەبوو: بەهەشتێک لەسەر زەوی. ئەرتۆدۆکس و لینینیزم و ستالینیزم لە پراکتیکدا باوەڕیان بە سەرداربوونی پیاو هەبوو بەسەر ژندا. هاوشێوەی فیوداڵ و لۆردەکان، سەرکردە کۆمۆنیستەکان ڕێزی جوتیار و سەربازەکانیان نەدەگرت، بە کورتییەکەی ڕێزی (خەڵک)یان لا نەبوو. هەروەک چۆن خوداوەند بە تەنگ ئیماندارانەوە بوو، ئاواش سەرکردەکانی حزب بە تەنگ هاوڵاتیانەوە بوون لە بێشکەوە هەتا ناو گۆڕ. لە ڕاستیدا ویستی لینین و ستالین بۆ بنیاتنانی پیشەسازیی مۆدێرن هیچ لە هەڵوێستی ئەرتۆدۆکسی ئەوان ناگۆڕێت. ئەوان ڕێک وەک (بترۆسی گەورە)[١٢٠] ڕەفتاریان کرد بایەخەکەیان تەنها بۆ ئەوە بوو بتوانن چەکی نوێ دروست بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر هێرشێکی ڕۆژئاوا. وێرای هەموو شتێک ئەوان دڵسۆز و پابەند مانەوە بە نەریتە ڕوسییەکانەوە: هەموو شتێک لە سەرەوە ڕێکدەخرێت. دەستپێشخەری و بۆچوونی گەل قەدەغەبوو، بۆچوونی سیاسیی جیاواز و ئاڵوگۆڕی بیروڕا قەدەغە بوو. ڕوسەکان دەبوو چاوەڕوان بن هەتا گۆرباچۆڤ پەیدا دەبێت و هەموو شتێک بگۆڕێت -بەڵام زۆر درەنگ کەوت- بەو جۆرە لە چاوەڕوانی ئەو فریادڕەسەدا ڕوسەکان کە هەرگیز باوەڕیان بە خۆیان لەق نەبوو، سیستەم و بیروباوەڕی خۆشیان سەپاند بەسەر وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا.

دیارە زۆرینەی وڵاتانی کۆنە کۆمۆنیست لەبەر هۆکاری کەلتوری نەیانتوانی مامەڵە لەگەڵ ئەو وەرچەرخانە کتوپڕو ڕەقەدا بۆ سەرمایەداری بکەن. لینینیزم ئاشوبی دەرەبەگایەتی بە کۆتا نەگەیاندبوو، بەڵکو دەتوانین بڵێین بەهێزی کردبوو. چارەسەریش بە شۆک کە ڕۆژئاوا سەپاندبووی تەنها تروسکاییەکی کەم بوو بۆ سەرکەوتن. جگە لەو چەرمەسەری و نەگبەتییە

١٢٠ پەترۆسی گەورە یاخود پیتەری مەزن (Peter the Great 1672–1725) تزاری ڕوسیا بوو، کەسایەتییەکی بەهێز و توندی هەبوو. لە سەردەمی ئەودا بایەخێکی تایبەت بە پیشەسازی و ڕیفۆرمی سوپا و فروانخوازی درا. لە هۆڵەندیەکانەوە فێری دروستکردنی کەشتی بوو، توانی کەشتییەک دروست بکات و سەردانی فەرەنسا و هۆڵەندا و بەریتانیای پێبکات. زۆر سەرسام بوو بە شارستانی ئەوروپیەکان. وەرگێڕ.




سنوری نێوان دوو کەلتوری جیاواز: لای راست کەلتوری داخراوی ئۆرتۆدۆکس لای چەپ کەلتوری کراوەی کاتۆلیک و کالڤینیست

بێ کۆتاییەی کە ئەو چارەسەرە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، هەندێ حکومەتی لاوازییشی خستە سەر دەسەڵات کە توانای بەرێوەبردنیان نەبوو.

ئەرتۆدۆکس لە لایەک و پرۆتستانت و کاتۆلیک لە لایەکی دیکە ئەقڵیەتی جیاواز و دنیابینی جیاوازیان هەبوو. ئەمە لە رابووردوودا بۆتە هۆکاری چەندین ململانێ و جەنگ. لە نێوان ئۆرتۆدۆکس و کاتۆلیکەکاندا گرژی و ئاڵۆزی یەکجار زۆر هەبوون. ئەمریکییە کالڤینیستەکان زیاتر لە ئۆرتۆدۆکسەکانەوە دوور تر بوون وەک لە کاتۆلیکەکانەوە. دەتوانین جەنگی سارد لە گۆشە نیگای ئەوە تەماشا بکەین کە ماوەیەکی تایبەت بووە بە

شەڕێ نێوان ئۆرتۆدۆکس و کریستییانەکانی دیکە. هیچ ئاماژەیەکیش بۆ ئەوە لە گۆڕێدا نیە کە ئەو جەنگە لەمڕۆدا بە تەواوی کۆتایی هاتووە[١٢١].

شان بە شانی سامۆئیل هینتینگتۆن (Samuel Huntington) و ڕۆبێرت کاپڵان (Robert Kaplan) لەو باوەڕەدام کە جیاوازی ئەقڵیەتی نێوان ئەرتۆدۆکس و کالڤینیستەکان لە داهاتوودا دەبێتە هۆکاری ئاڵۆزی و هەڵەتێگەیشتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێی تێناچێت جارێکی تر جەنگی ساردی نوێ دروست ببێت، چونکە ڕەوشی نێودەوڵەتی گۆڕانی ریشەیی بەسەردا هاتووە، هەروەها بارودۆخی بابەتی (سوبجێکتی) وەکو بوونی دوو سیستەم و قوتابخانەی جیاوازی ئابوری نەماون. ڕەنگە لە نێوان ئەمەریکا و روسیا نزیکبوونەوە رووبدات ئەگەر بێتوو هەردوو لایان هەست بە هەڕەشە بکەن لە لایەن دوژمنێکی هاوبەشی وەکو چین و ئیسلامییە توندڕەوەکان.

## نائومێدی:

لە زۆرینەی وڵاتانی کۆنە کۆمۆنیستیدا ئابوری بازاڕی ئازاد دەستبەجێ ئەو خۆشگوزەرانییە زۆرەی نەهێنا کە چاوەڕێ دەکرا. وڵاتانی وەکو روسیای فیدراڵ، روسیای سپی، ئۆکرانیا، رۆمانیا و بولگاریا زۆر پاشکەوتوو بوون. نەک تەنها داهاتی بەشی هەرە زۆرەی دانیشتوان دابەزی، بەڵکو سێکتەرەکانی تەندروستی، پەروەردە، پۆلیس، دادگا لەبەر یەک هەڵوەشانەوە. خزمەتگوزارییە حکومییەکان لە پڕێکا کەم بوونەوە، کە لەگەڵیدا باجەکان رویان لە کەمی کرد و موچەی مانگانە نەدەدرا و پارەی خانەنشینانی مەدەنی نەما. لە روسیا ئەوانەی دەبوو بۆ خزمەتی سەربازی پەیوەندی بە سوپاوە (سوپا بۆ خۆی کارێکی ئەوتۆی نەبوو بیکات) بکەن ژمارەیان کەم بوو. لە هەموو لایەکەوە ژمارەیەک دەوڵەمەندی نوێ هەڵدەتۆقان کە زۆربەیان باندەکانی مافیا و ئەندامانی کۆنی (نۆمینکلاتۆرا) بوون، کە باشترین دامەزراوەکانی دەوڵەتیان بۆ خۆیان داگیر دەکرد.

---

١٢١ لێرەدا بۆ پشتگیری بۆچوونی نوسەر دەپرسم داخۆ جەنگی نێوان روسیا و پەیمانی ناتۆ لە ئۆکرانیا ئەو بۆچوونە ناسەلمێنێت؟ وەرگێڕ.

گۆرباچۆڤ کە لە چاوی روسەکانەوە بە هۆکاری سەرەکی ئەو دۆخە پڕ نەهامەتییە و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیێت دەزانرا، جەماوەری ئەوتۆی نەما و لە هەموو ئەو هەڵبژاردنانەی کە بەشداری تێدا دەکردن شەرمەزار دەکرا و تەنها ژمارەیەکی یەکجار کەمی دەنگی بەدەست دەهێنا. گۆرباچۆڤ دووچاری نا ئومێدییەکی یەکجار زۆرتر هات بەهۆی دەرەنجامە خراپەکانی ئەو ریفۆرمانەی کە ئەنجامیدان. روسیا بە تەواوی دوور کەوتبۆوە لە وڵاتانی سۆشیال دیموکراتی ئەوروپای رۆژئاوا کە رۆژێک لە رۆژان بە نمونەی بەرزی خۆی دەزانین. خەڵکێکی زۆر بە حەسرەتەوە خۆزگەیان بۆ ئەو سەقامگیرییە دەخواست کە کۆمۆنیزم فەراهەمی کردبوو. ئەو حزبانەی لە پاشماوەی کۆمۆنیستەکان دروستکرابوون دەرەنجامی زۆر باشیان بەدەست دەهێنا لە هەڵبژاردنەکاندا و هەندێکیان بوونەوە بە بەشێک لە حکومەت.

لە وڵاتانی بەلتیق، پۆڵەندا، چیک، هەنگاریا و سلۆڤینیا، دۆخەکە زیاتر ئومێد بەخش بوو، هەرچەندە کارمەندی ئاسایی بارودۆخی لە جاران باشتر نەبوو. دەربڕینی نارەزایی و بێزاری لەوەدا بەرجەستە دەبوو کە خەڵکێکی یەکجار زۆر بە لێشاو کۆچی دەکرد بۆ ئەوروپای رۆژئاوا بۆ ئەوەی لەوێ وەکو کرێکار کاری رەش بکەن یاخود وەک پەنابەر داوای مافی پەنابەریی سیاسی بکەن.

لە تەنیشت گۆرباچۆڤەوە یاریکەرێکی دیکەی سەرەکی هەبوو، کە رۆڵی هەبوو لە کۆتایی هاتنی جەنگی سارددا، ئەویش پاپا یۆحەننا پۆڵسی دووەم بوو، ئەویش توشی نائومێدییەکی زۆر بوو. ئەو بەشدارییەکی گرنگی کرد لە روخاندنی رژێمی کۆمۆنیست لە پۆڵەندا. پۆڵەندا یەکەمین داشی دۆمینەکە بوو کە کەوت. ئەو هیواخوازی ئەوە بوو کە دوای رزگاربوونی لە ستەمی کۆمۆنیزم، پۆلەندییەکان ئیتر دەست ئەکەن بە ژیانێکی ئایینی و رۆحانی زیاتر. پۆڵەندای کاتۆلیکی ئەوروپای رۆژئاوا رۆشن دەکاتەوە. ئەوروپایەک کە بێباوەڕی باڵی بەسەردا کێشاوە. کیشوەرە کۆنەکە سەر لەنوێ بەرگی کریستیانی دەپۆشێتەوە.

پاپا توشی نائومێدییەکی گەورە بوو، کاتێک بینی بەشی هەرە زۆری پۆڵەندییەکان خەمی ئەم دنیا دەخۆن و دەیانەوێت بەخێرایی بەشدار بن لە کۆمەڵگەیەکی بەکاربەری گەورە. بایەخیان بۆ بابەتە ڕۆحانیەکان نەماوە و لە جاران کەمتریش بایەخ بە پەیامەکانی کەنیسە دەدەن. هەروەها بە شێوەیەکی بەرچاو کەنیسەی پۆڵەنداش دەسەڵاتی سیاسیی خۆی لەدەستدا. پاپا لێرەوە ئیتر ڕونتر قسەی دەکرد و ڕەخنەی لە هەندێ ڕەهەندی خراپی سەرمایەداری دەگرت و تیشکی دەخستە سەر لایەنە باشەکانی کۆمۆنیزم. هەروەها لیخ ڤاوێنساش توشی نائومێدی بوو: ساڵی ١٩٩٠ پۆڵەندییەکان ئەویان وەکو سەرۆک هەڵبژارد، بەڵام هاوڵاتیانی سپڵە چیتر نەیانویست لە ساڵانی ١٩٩٥ و ٢٠٠٠ دا ئەو وەکو سەرۆک پەسەند بکەن. ئەوان بە ئاشکرا کەسێکی تریان پێ باشتر بوو، دەنگیان دا بە کاندیدێکی کۆنە کۆمۆنیست!

## بەشی چواردە
## چل تێز لەسەر جەنگی سارد

١- جەنگی سارد لە ساڵی ١٩١٧ دەستی پێکرد. سیستەمی سەرمایەداری نەیدەتوانی بەرگەی بوونی وڵاتێکی سۆسیالیستی (یەکێتیی سۆڤێت) بگرێت. دەوڵەتە رۆژئاواییە بەهێزەکان و یابانیش پێکەوە لە کاتی شەڕی ناوخۆدا پشتیوانییان لە ژەنراڵە سپییەکان دەکرد (١٩١٨-١٩٢٠).

٢- سەرکردەکانی سۆڤێت نەیاندەویست بچنە ژێر باری لەدەستدانی پانتاییەکی فراوانی خاکەکەیان لە شەڕی ئەڵمانیا (١٩١٤-١٩١٧) و پۆڵەندا (١٩١٩-١٩٢٠). ناوچە لەدەستدراوەکانیش ئەمانە بوون: فینلاند، ئێستلاند، لیتوانیا، بیسەرابیا، چەند بەشێکی روسیای سپی و ئۆکرانیا. جگە لە فینلاند، هەموو ئەو شوێنانە جارێکی تر لە ماوەی نێوان (١٩٣٩-١٩٤٥) بوونەوە بە بەشێک لە یەکێتیی سۆڤێت.

٣- دوای ئەوەی بێهیوا بوون لە سەرهەڵدانی شۆڕشێکی کۆمۆنیستی لە ناوەندی ئەوروپا، سەرکردەکانی وەکو لینین و ستالین زۆر زوو باوەڕیان بە شۆڕشی نێونەتەوەیی نەما (١٩٢١). هەرچەندە زۆرجار کۆمینترن زمانی هاندان و زبری بەکار دەهێنا، بەڵام لە راستیدا سەرقاڵی دروستکردنی سۆشیالیزم بوون لە یەک وڵاتدا، هەر بۆیە پەرۆش بوون بۆ ئەوەی کە باشترین پەیوەندییان هەبێت لەگەڵ وڵاتانی سەرمایەداریدا.

٤- ساڵی ١٩٣٩ ستالین زەندەقی لە ئەڵمانیا چوو بوو، دەیویست خۆی لە جەنگی ئەڵمانیا بە دوور بگرێت، چونکە دەیزانی کە رژێمەکەی تیادەچێت. پەیمانی بەرگری لەگەڵ فەرەنسا و بەریتانیا و پۆڵەندا دژی ئەڵمانیا بۆ ئەو مایەی خۆشحاڵی بوو، هەروەک چۆن پەیمانی دەستدرێژی نەکردنە سەریەکتری لەگەڵ ئەڵمانیا لە ٢٣ی ئابی ١٩٣٩ مۆر کردبوو. شکستی دانوستانەکان لەگەڵ رژێمە دیموکراسەکانی رۆژئاوا و پۆڵەندا بە تەنها هەڵەی ستالین نەبوو.

٥- بەدرێژایی ماوەی پەیمانی دەستدرێژی نەکردن لەگەڵ ئەڵمانیا (٢٣ی ئابی ١٩٣٩-٢٢ی حوزەیرانی ١٩٤١)، ستالین وەک پاشکۆیەکی هتلەر و بگرە گوێڕایەڵیش ڕەفتاری دەکرد.

٦- لە کاتی هاوپەیمانییە مەزنەکەدا لە نێوان سۆڤێت و ئەمەریکا و بەریتانیا دژی نازییەت، لە نێوان هاوپەیمانەکاندا گرژی و ئاڵۆزی هەبوو. بەریتانی و ئەمریکییەکان لەوە دەترسان ستالین بەتەنها خۆی و لە پشتەوە پێچی لێبداتەوە و پەیمانی ئاشتی لەگەل هتلەر ببەستێت. هەروەها ستالینیش لەوە نەدەگەیشت کە بۆچی هەمیشە دۆستەکانی خۆیان دووا دەخەن و بەرەی دووەمی شەڕ ناکەنەوە، هەرچەندە لەو بارەوە بەردەوام بەڵێنیان دەدا. ستالین لەو باوەڕەدا بوو کە ئەمریکییەکان بە خۆش حاڵییەوە تەماشای ئەڵمانیا و روسەکان دەکەن کە چۆن یەکتر تەفروتونا دەکەن. هاوپەیمانەکان لە دوا ساتەکاندا لە نۆرماندی بۆیە دابەزین زیاتر بۆ ئەوە بوو کە ڕێگە لە پێشکەوتنی زیاتری هێزەکانی سۆڤێت بگرن بەرەو ئەوروپای رۆژهەڵات، نەک بۆ تێکشکاندنی نازییەکان.

٧- سۆڤێتییەکان ئەڵمانیای نازییان تێکشکاند و ئەمەریکاش یابانی ناچار کرد خۆی رادەست بکات.

٨- ئەوروپا لە یاڵتا و تاران و پۆتسدام دابەش نەکرا. ڕێککەوتن لەسەر ئەوە کرا کە سۆڤێت مافی خۆیەتی دراوسێی دۆستی هەبێت لە فینلاند، پۆڵەندا، هەنگاریا، رۆمانیا، بولگاریا. ئەوەش بە واتای ئەوە بوو کە ئەو دەوڵەتانە سیاسەتی دەرەکی خۆیان لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی سۆڤێت تەبا و هاوجوت بکەن و ڕێگایان پێ نەدرێت بچنە ناو هاوپەیمانییەکی دژە سۆڤێتەوە. لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت دەبوو پەیمانی دۆستایەتی مۆر بکەن و سۆڤێت بەڵێن بدات لە ئەگەری هەر هێرشێکی ئەڵمانیا هاوکاریان بێت. کەواتە ئەم وڵاتانە وەکو بەربەستێک دادەنران لەبەرامبەر هەر هێرشێکی تازەی چاوەڕوانکراو لە لایەن میلیتاریزمی ئەڵمانی دژ بە یەکێتیی سۆڤێت.

٩- هیچ پێویستی بەوە نەدەکرد دوو بۆمبی ئەتۆمی بکێشرێت بە یاباندا بۆ ئەوەی ناچاری خۆبەدەستەوەدانیان بکات. ئەوان زوتر لە مانگی حوزەیرانی

١٩٤٥دا ئامادە بوون خۆیان رادەست بکەن بەو مەرجەی ئیمپراتۆر پارێزراو بێت. سۆڤێتیش هەڵە نەبوو لەوەدا کە پێی وابوو ئەو بۆمبە ئەتۆمیانە هەوڵێک بووە بۆ ترساندنی ئەوان.

١٠- لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا ئەمەریکییەکان کە مۆنۆپۆڵی ئەتۆمیان کردبوو، لە رووی ئابوری و سەربازییەوە ببونە زەبەلاحی دنیا. یەکێتیی سۆڤێت بیست و حەوت ملیۆن کەسی لەدەست دابوو، وێرای ٤٠٪ توانا ئابورییەکانی، بۆیە خوازیار بوو هەناسەیەک بداتەوە.

١١- تاقیکردنەوەکان لەگەڵ هتلەر رۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان هەبوو لە کاردانەوەکانی هەریەکە لە ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤێت لە دوای جەنگ. ئەمریکییەکان هیچ گومانیان لەوە نەبوو کە ستالین هەرگیز ناشکێت و وەکو هتلەر تینوی جەنگە، ستالینیش بە هێندی ئەوەی کە لە هتلەر ترسابوو، لە ئەمریکییەکان دەترسا ، بەلآم هاوشێوەی سالآنی ١٩٣٩- ١٩٤١ لە جیاتی ئەوەی ملکەچ و گوێڕایەڵ بێت، خۆبەزلزان و ملهوڕ بوو.

١٢- کۆمۆنیستەکانی پۆڵەندا هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٤٧یان تەزویر کرد، چونکە دڵنیا بوون کە هەرگیز حکومەتێکی دۆستی سۆڤێت بە هەڵبژاردن نایەتە ئاراوە. پۆڵۆندییەکان سنوری تازە و دەستوەردانی سۆڤێتیان رەتدەکردەوە. لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپای رۆژهەڵاتدا، کۆمۆنیستە لۆکاڵەکان لە ماوەی نێوان ١٩٤٦-١٩٤٨ لە رێگای کودەتاوە دەسەڵاتیان بەدەستەوە دەگرت. بەڵگەی ئەوە لە بەر دەستا نیە کە ئەو کودەتایانە بە فەرمانی ستالین کرابێتن. ستالین لە مارشاڵ پلاندا ١٩٤٨ قایل بوو بەوەی کە ئەوروپای رۆژهەڵات (فینلاندیزە) بکرێت.

١٣- پلانی مارشاڵ (١٩٤٨-١٩٥٢) درزێکی تەواوی خستە نێوان هاوپەیمانە کۆنەکانەوە. ئەمریکییەکان ویستیان لە رێگای فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی لە ئەوروپای رۆژئاوا، ئاو بکەنە ژێر کۆمۆنیستەکان. ستالین لەو باوەڕەدا بوو کە ئەوروپای بەهێزی رۆژئاوا، لەوانەش ئەڵمانیای رۆژئاوای گەشەسەندوو رەنگە بتوانێت باندۆرێکی راستەقینە بێت بۆ راکێشانی ئەوروپای رۆژهەڵات و لە کۆتاییدا ئەوروپای رۆژهەڵات خۆی لە خولگەی سۆڤێتی دوور بخاتەوە.

هەروەها ئەو لە ئەنگێزەی تۆڵەکردنەوەی ئەڵمانیایەکی بەهێز، بە پشتیوانی هێزی ئەتۆمیی ئەمەریکا دەترسا، ئەو لەمەدا تەواو هەڵە بوو. ئەو پەردە ئاسنینەی کە وەک کاردانەوە بەرامبەر بە پلانی مارشال دروستی کرد و ئەوروپای بەتوندی داخست، بووە هۆکاری سەرهەڵدانی تیرۆری ستالینی و سوتەمەنی بۆ جەنگی سارد.

١٤- یەکێتیی سۆڤێت هەرگیز پلانی هێرش کردنە سەر ئەوروپای ڕۆژئاواو داگیرکرنی نەبووە. سەرکردەکانی خۆرئاوا هەمیشە ئەو ڕاستییەیان زانیوە. ئەو کەرەسە بەرگرییانەی کە پەیمانی ناتۆ جێگیری دەکردن لە بەرامبەر ئامانجەکانی یەکێتیی سۆڤێت نەبوون، بەڵکو دژی کەرەسە بەرگرییەکانی یەکێتیی سۆڤێت بوون. لە دوای مردنی ستالین - ماوەیەکی کەم نەبێت- سەرکردەکانی سۆڤێتیش باوەڕیان بە هێرشێکی ڕۆژئاواییەکان نەبوو، بۆیە پێشبڕکێی چەک خۆی ببووە خۆراکی خۆیی و جڵەوەکەی بەدەست کەسەوە نەمابوو.

١٥- دوور لە هێرشی سۆڤێت، سەرکردەکانی ئەمەریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا لەوە دەترسان پارتە کۆمۆنیستەکان بە ئامرازی دیموکراسی لە فەرەنسا و ئیتالیا دەسەڵات بەدەستەوە بگرن.

١٦- کاتێک ستالین لە بەهاری ١٩٤٨دا هەستی بەوە کرد کە ڕۆژئاواییەکان دەخوازن ئەڵمانیایەکی ڕۆژئاوای سەربەخۆی بەهێز و پڕچەک دروست بکەن، یەکێک لە مەترسیدارترین ساتەکانی جەنگی سارد هاتە ئاراوە. ئەو ڕاستییە ستالینی حەپەساند، لە بەر ئەوەی جەنگە کوشندەکە هێشتا سێ ساڵی تەواو نەکردبوو، جەنگێکی تر نەدەکرا، بۆیە کاردانەوەی تاک و لاوازی ئەوە بوو کە ڕێگاکان بۆ ناو بەرلین دابخات. ستالین دەیویست لە هەموو حاڵەتێکدا خۆی بە دوور بگرێت لە ململانێی چەکدارانە لەگەڵ ئەمەریکا، هەر بۆیە ئابلوقەکەش بە تەواوی نەبوو. کەرەسە و پێداویستی خۆراک بۆ ناو بەرلینی ڕۆژئاوا هەر لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سۆڤێتەوە دەهات. ئەو پردە ئاسمانییەی هاوپەیمانەکان دروستیان کرد بەشی ئەوەی نەدەکرد

خۆراک بۆ دانیشتوانی بەرلینی رۆژئـاوا دابین بکات و ژیانی رۆژانەیان مسۆگەر بکات.

١٧- ستالین بەهۆی نەخۆشیی پارانۆیدەوە هەرگیز نەیدەتوانی لێبوردە بێت بەرامبەر بە سەرکردە کۆمۆنیستە سەربەخۆکانی وەکو تیتۆ و ماو، ئامادە نەبوو ئەوانە لە ریزی خۆی دابنێت، بۆیە ئەمانە زیاتر دژایەتیی کران نەک هاوکاری.

١٨- وێـرای عەقیدە و بـاوەڕیـان سـەرکـردە کۆمۆنیستەکان زیاتر ناسیۆنالیست دەهاتنە بەرچاو، نەک ئینتەرناسیۆنالیست، ئەمەش بۆ خۆی بەشێک لە هۆکاری ململانێی نێوان چین و سۆڤێت دەخاتەڕوو.

١٩- کاتێک دیکتاتۆری کۆریای باکور کیم سونگی دووەم لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٥٠دا هێرشی کردە سەر دیکتاتۆری راستڕەو سینیگمان ری لە کۆریای باشور، ئەمە بە ئاگاداری ستالین و ماو رویـدا. ئەو دووانـە هیچکامیان فەرمانی هێرشەکەیان نەدابوو، بەڵکو لاری نەبوونیان پێدابوون. دوای لێدوانێکی (دیان ئاشەسۆن)، گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی کە ئەمەریکا کاری بەسەریانەوە نابێت. کیم ئیل سونگی دووەم دڵنیایی ئەوەی پێدابوون کە شەڕێکی ناوخۆی لۆکاڵی دەبێت و بە ئاسانی سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. ئەمریکی و سۆڤێت و چینییەکان بەبێ خواستی خۆیان پەلکێشی ئەم شەڕە کران. هەردوو لایەنی کۆریا کڵاویان کردە سەریان.

٢٠- ماو زیاتر نوێنەری جوتیارانی سەرهەڵداو بوو لە دژی فیوداڵەکان نەک هەڵگری بیروباوەڕی مارکسی – لینینی.

٢١- ستالین و دواتریش مۆلۆتۆڤ و بێریا زۆریان هەوڵدا بۆ یەکخستنەوەی ئەڵمانیا و بێلایەنکردنی. دەکرا ئەو ئەڵمانیایە دیموکرات و سەرمایەداریش بێت ئەگەر پێویستی بکردبا. سۆڤێت ئامادە بوو قوربانی بدات بە رژێمی ئۆلبریێشت. سەرکردە رۆژئاواییەکان و ئەوانەی ئەڵمانیای رۆژئاواش ئەم پێشنیازەیان پەسەند نەبوو.

٢٢- دامەزراندنی پەیمانی وارشۆ کاردانەوەیەکی راستەوخۆی یەکێتیی سۆڤێت بوو بەرامبەر بە پڕچەککردنی ئەڵمانیای رۆژئاوا (١٩٥٥).

٢٣- پەیمانی برۆکسل کە بە یەکێتیی ئەوروپای رۆژئاوا ناوی دەبرا (١٩٩٥-٢٠٠٠) پەیمانێکی توند ترە لە پەیمانی ناتۆ (١٩٤٩). ئەو پەیمانە هەموو لایەنەکان پابەند دەکات کە دژی دەستدرێژی کردنی بێگانە هەنگاو بنێن. پەیمانی ناتۆ کەمتر توندە.

٢٤- لەدوای پەیدابوونی چەکی ئەتۆمەوە چەندین تیۆری ستراتیژی گرنگ پەیدا بوون، دەتوانین هەموو ئەو تیۆرانە بگەڕێنینەوە بۆ هەوڵدان لە پێناوی (لەناو بردنی یەکجارەکی یەکتر MAD).

٢٥- ئەگەر گریمانەی ئەوە پەسەند بکەین کە بەهۆی (لەناو بردنی یەکجارەکی یەکتر) جەنگی سێیەمی جیهان هەڵناگیرسێت، ئەوە دەتوانین بڵێین کە بەس بوو بۆ هەردوو لایەن کە تەنها پەنجا ژێردەریایی ئەتۆمی هەبێت و بیست کڵاوەی ئەتۆمی دوورمـەودای هەڵگرتبێت، ئیتر ئەو کات هەموو چەکەکانی تر زیادە دەمانەوە.

٢٦- جەنگی گـەورەی نێوان رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا هەڵنەگیرسا لەبەر ئەوەی هەڕەشەی لەناوبردنی یەکجارەکی یەکتر لە گۆڕێدا بوو، بەڵکو ئەو جەنگە هەڵنەگیرسا لە بەرئەوەی هیچ کام لە هەردوو لا ئەوەی نەدەویست.

٢٧- دەستوەردانی یەکێتیی سۆڤێت لە هەنگاریا ساڵی ١٩٥٦ و پەیمانی وارشۆ لە چیکوسلۆڤاکیا لە ساڵی ١٩٦٨، دەکرێت وەکو کێشەیەکی ناوخۆی بلۆکی رۆژهـەڵات تەماشا بکرێت، چونکە ئـەوەی نەسەلماند کە یەکێتیی سۆڤێت بەنیازی دەستدرێژی کردن بووبێت بۆ سەر ئەوروپای رۆژئاوا. دەتوانین هەمان شت لەسەر تیرۆریزمی ترسناکی ستالینیی بڵێین.

٢٨- ڤیدڵ کاسترۆ کە ناسیۆنالیستێکی چەپ بوو، دواتر بوو بە کۆمۆنیست و رۆیشتە بـەرەی سۆڤێتەوە، بەهۆی بـاوەڕی خودی خۆیەوە نەبوو بە مارکسیزم، بەڵکو کاردانەوە بوو بەرامبەر بە ملهوڕیی ئەمەریکا.

٢٩- هەریەکە لە ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤێت پارە و کەرەسەیەکی زۆریان تەرخان کرد لە پێناوی هێرشکردنە سەر شوێنێک یان پاراستنی ناوچەیەکی خۆڵەمێشی هەژموون لە جیهانی سێیەم. تەنها ئامانجێک لەو کارانە ئەوە بووە کە رێگا لە نەیارەکەیان بگرن دەسەڵاتی خۆی بڵاوبکاتەوە لەو شوێنە.

ئەو دەستێوەردانانە زۆربەی جاران ئەنجامی پێچەوانەی بەدەست دەهێنا و دواتریش دەردەکەوت ئەوەی بە دەست هاتووە شایەنی ئەو هەموو هەوڵ و کۆششە نەبوو.

٣٠- لە پترۆسی گەورەوە هەتا دەگاتە لینین، ستالین، خرۆشۆڤ، بریژنێڤ و هەتا گۆرباچۆڤ سەرکردەکانی روس هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون پەیوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ ئەوروپای رۆژئاوا هەبێت. ئەوە کارێکی زۆر پێویست بوو بۆ ئەوەی بتوانن تەکنەلۆژیای رۆژئاوا بەدەست بخەن کە داماوبوون بۆی. هەوڵی نزیکەی سێ سەد ساڵ بۆ ئەوەی روسیا بگەیەننە ئاستی تەکنەلۆژیای ئەوروپا هێشتا سەری نەگرتووە. تەکنەلۆژیای رۆژئاوا لە کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگی و ئەرتۆدۆکیسدا هەرگیز گەشە ناکات.

٣١- جێگیرکردنی موشەکی کورت و ناوەند مەودا لە لایەن خرۆشۆڤەوە لە کوبا ساڵی ١٩٦٢ هەوڵێکی شکستخواردوو بوو لە پێناو بەدەستهێنانی هەلی یەکسان. ئەمەریکا پێشتر توانیبووی بە دڵی خۆی رۆکێتی درێژمەودا و ناوەند مەودا لە ئەوروپای رۆژئاوا جێگیر بکات. خرۆشۆڤ دووچاری شکستێکی قووڵ بۆوە، ناچار بوو باڵادەستیی سەربازی ئەمەریکا بسەلمێنێت.

٣٢- ئەمریکییەکان لەو باوەڕەدا بوون کە دەبێت ڤێتنام کاول بکەن بۆ ئەوەی لە کۆمۆنیزم رزگاری بکەن.

٣٣- دوای ئــەوەی هــەریــەکــە لــە نیکسۆن و کیسینگەر و بریژنێڤ رێکەوتنی (ساڵت) یان لە ساڵی ١٩٧٢ مۆرکرد و دوای ئـەوەی ویللی براندت بەرپرسیاریەتی ئەڵمانیا لە جەنگ و لەدەستدانی بەشێکی زۆر لە خاکی ئەڵمانیای بە رەسمی ناساند (١٩٦٩-١٩٧٣) دەکرا راستەوخۆ جەنگی سارد کۆتایی بێت. دەکرا کۆنگرەی هێلسنکی لە ١٩٧٥ بکرایەتە ئاهەنگی کۆتایی جەنگ. پرسی ئەڵمانیا چارەسەرێکی گونجاوی بۆ دۆزرایەوە و ئیتر سۆڤێتییەکان چیدیکە لە تۆڵەسەندنەوەی ئەڵمانیا نەدەترسان، کەچی ململانێ بۆ بە دەستهێنانی ناوچەی نارۆشنی دەسەڵات لە جیهانی سێیەم سەرلەنوێ گرژی و ئاڵۆزی هێنایە ئاراوە.

٣٤- زۆر کەس هەستی بە ئاسودەیی کرد کاتێک بەهاری پراگ کۆتایی هات (ئابی ١٩٦٨)، سەرمایەدارە سوننەتییەکان و کۆمۆنیستە توندڕەوەکان هەردولایان لە سۆشیالیزمێکی مرۆڤ دۆستانە دەترسان.

٣٥- دەرکـەوت کە ئاسانتر و هەرزانترە ئەگەر یەکەمجار لە ڕێگای دانوستانەوە، موشەکەکانی هـەردوو لا کـەم بکرێنەوە، نـەک چـاوەڕوان بن. ئەگەر هەردوولایەن ئەمەریکا و سۆڤێت لە پێشدا سیستەمی رۆکێتی ستراتیژی SDI دروست بکەن و دواتر دانوستان بکەن بۆ لەناو بردنی ئەوە دەبێت بزانین لە بنەڕەتا ئەو موشەکانە زیادە بوون!

٣٦- بە شێوەیەکی گشتی ئەو وتەیە باو بوو کە کۆمۆنیزم هۆکاری چەقبەستنی ئابوری و هەموو ئەو نەهامەتیانەیە کە بەسەر ئەوروپای رۆژهەڵات و یەکێتیی سۆڤێتدا هاتووە، بۆیە دەگوترا کە چارەسەر لەوەدایە کۆمۆنیزم رەت بکرێتەوە و لە شوێنی ئەو بازاڕی ئازاد و دیموکراسیەت پەیڕەو بکرێت. کاتێک دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە هەڵە دەبێت، کەواتە چارەسەرەکەش زۆر کەم سودبەخش دەبێت.

٣٧- کۆمۆنیزم لەبەر ئەوە هەرەسی نەهێنا کە ڕێگان لە پێشبڕکێی چەک بردیەوە. بەر لەوەش کە ڕێگان بێتە سەر دەسەڵات، گۆرباچۆڤ و ژمارەیەک لە هاوبیرانی بە نیازی ئەنجامدانی چاکسازی بوون لە سیستەمی سۆڤێتی. گلاسنۆست و پیرۆسترۆیکا لە ساڵی ١٩٩١دا بەشێوەیەکی چـاوەڕوان نەکراو لە گرێژەنە دەرچـوون و بووە هۆکاری هەرەسهێنانی کۆمۆنیزم و یەکێتیی سۆڤێت. پێشتر هاوڵاتیانی ئەوروپای رۆژهەڵات بە شێوەیەکی ئاشتیانە رژێمە کۆمۆنیستە گەندەڵەکانیان لە ١٩٨٩دا راماڵی. ڕێکخراوی سۆڵیدارنۆشک و پاپا یۆحەننا پۆڵسی دووەم رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە رۆخانی رژێمی کۆمۆنیستی پۆڵەندا، ئیتر دوای ئەوە وەک کاریگەری دۆمینە ئەوانی تریش کەوتن.

٣٨- سیستەمی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت شێوەیەکی تایبەت بوو لە مارکسیزم کە لینین ڤێرژنێکی تایبەت بە روسیای لێدروست کرد، ئەوەش

هەڵقوڵاوی کەلتوری ئەرتۆدۆکسی بوو بە ناوی لینینیزم کە ستالینیزم درێژە پێدەری ئەو بوو. ئەگەر مارکسیزم لە ئەڵمانیا و فەرەنسا بچەسپایە، ئەوە دۆخەکە تەواو بە جۆرێکی تر دەکەوتەوە. وڵاتانی پاشکۆی سۆڤێت بە ناچاری ستالینیزمیان پەیڕەو کرد. لینینزم و ستالینیزم تەواو نامۆ نەبوون بە روسەکان: ئەوە هەرگیز راست نییە کە دەگوترێت لینینیزم و ستالینیزم روسیایان گەیاند بەو رۆژە، بە پێچەوانەی ئەوەوە روسەکان بوون کە مارکسیزمیان گۆڕی بە لینینیزم و ستالینیزم. بە دڵنیاییەوە گۆرباچۆڤ هەڵە نەبوو کاتێک لەو باوەڕەدا بوو کە فۆرمێکی پەسەندکراو تر لە سەروی هەموشیانەوە بەرهەمدارتر و مرۆڤانەتر لە لینینیزم گونجاوتر دەبێت لە بازاڕی ئازاد بۆ روسەکان.

٣٩- ناتوانین لە دۆخی کۆمەڵەی وڵاتانی سەربەخۆ (CIS)[١٢٢] و ئەوروپای رۆژهەڵات تێبگەین، بەبێ ئەوەی بارودۆخی ئەو وڵاتانە بزانین بەر لە سەرهەڵدانی کۆمۆنیزم، واتە پێش ساڵی ١٩١٧ یان ١٩٤٥. جگە لە وڵاتانی بەڵتیق و کۆماری چیک و سلۆڤینیا، زۆربەی ئەو وڵاتانە هێشتا نیمچە فیودال و زۆر دواکەوتوو بوون. لە دەرەوەی سەرمایەداریدا دەژیان وملکەچی فۆرمێک لە فۆرمەکانی کۆلۆنیالی بوون. پیشەسازییەکی زۆر کەم هەبوو ئەویش لە ژێر دەسەڵاتی بێگانەدا بوو. بەشێکی زۆر لە بازرگانی تاک و کۆ لە دەستی جووەکاندا بوو. تەنانەت ئەگەر رژێمی کۆمۆنیستیش نەبوایە ئەو وڵاتانە هەر دوواکەوتوو دەمانەوە و کەمتر گەشەیان دەکرد لە چاو رۆژئاوا.

٤٠- دەتوانین لە گۆشە نیگای ئەوەشەوە تەماشای جەنگی سارد بکەین کە ململانێیەکی کۆن بوو لە نێوان ئەرتۆدۆکسی و ئاینزاکانی دیکەی کریستیانی. چونکە جیاوازییەکی یەکجار زۆر لە نێوان ئەقڵیەتی کالڤینیستی ئەمەریکی

١٢٢ کۆمەڵەی وڵاتانی سەربەخۆ (The Commonwealth of Independent states) ئەم کۆمەڵەیە وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ یەکێتیی سۆڤێت دروستکرا. لە مانگی ک١ی ١٩٩١ لە دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤێت ١٢ وڵاتی یەکێتیی سۆڤێت ئەم رێکخراوەیان بۆ هەماهەنگی هاوکاری ئابوری و سیاسی و کەلتوری و ئەمنی دروست کرد. لە راستیدا ئەم کۆمەڵەیە هیچ رۆڵیکی گرنگی ئەوتۆی نەگێڕا. وەرگێڕ.

و ئەرتۆدۆکسی روسی هەبووە. هێشتا ئەگەری ئەوە هەیە کە لە داهاتوودا گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا سەرهەڵبدات. ترس لە دوژمنی هاوبەش لەوانەش بۆ نمونە چین و ئیسلامی فۆندەمێنتاڵ رەنگە هەردوو ئەو لایەنە لەیەکتر نزیک بکاتەوە.

# ناوەڕۆک

پێشەکی ........................................................................................................ ٥
بەشی یەکەم: بەرایی (١٩١٧-١٩٤١)...................................................................... ٢١
پارسەنگی هێزی نێودەوڵەتی بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیا:................. ٢١
شۆڕشی ١٩١٧ و دەستوەردانی خۆرئاواییەکان لە شەڕی ناوخۆدا:.............. ٣٠
سەنترالیستەکان لە فیدرالیستەکان دەبەنەوە:........................................................ ٤٥
خەونی شۆڕشی جیهانی دەڕەوێتەوە: ...................................................................... ٤٦
رەوشی خراپی ئابووری یەکێتی سۆڤیەت داوای ڕیالیزم دەکات:.................. ٤٩
ئەنتەرناسیۆناڵ و کۆمۆنیستی چین (١٩١٩-١٩٣٥):................................................ ٥٥
بێ بازاڕیی گەورە: یەکێتیی سۆڤێت دەبێتە "ئەندامێکی بەڕێز" ی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (١٩٣٠-١٩٣٦):........................................................................................ ٦٠
شەڕی ژاپۆن لە چین (١٩٣٧-١٩٤١): ...................................................................... ٦٦
بەشی دووەم: هاوپەیمانیی سێ زلهێزەکە (١٩٤١-١٩٤٥):...................................... ٨١
بەرەی دووەم:........................................................................................................... ٨٤
ماو لە دژی ژاپۆنیەکان شەڕ دەکات (١٩٤١-١٩٤٥):.............................................. ٩٠
تراژیدیای پۆڵۆنیەکان: ............................................................................................. ٩٤
کۆنگرە گەورەکان:.................................................................................................. ١٠١
هەڵوێستی سێ زلهێزەکە ساڵی ١٩٤٣ پێش کۆنگرەی تاران:............................... ١٠١
رۆزفلت:.................................................................................................................. ١٠١
چەرچل:................................................................................................................... ١٠٣
ستالین:................................................................................................................... ١٠٥
تاران:....................................................................................................................... ١٠٦
مۆسکۆ:................................................................................................................... ١٠٨

یالْتا: ........ ١١٢
ترومان: ........ ١١٥
پوتسدام: ........ ١١٦
خۆبەدەستەوەدانی یابان: ........ ١٢٠
بەشی سێیەم: گرژی و ئاڵۆزی (١٩٤٥-١٩٥٣) ........ ١٢٥
باڵادەستیی تەکنەلۆژی و سەربازی و ئابوریی ئەمەریکا: ........ ١٢٥
ململانێی سیاسی لەسەر ئێران و تەنگەبەرەکانی تورکیا (١٩٤٥-١٩٤٦): ........ ١٢٩
هاوکاری ئابوری وەک چەکێکی سیاسی (١٩٤٥-١٩٤٧): ........ ١٣١
وێناکردن لەسەر بنەمای ئەزموونی جەنگ: ........ ١٣٣
بارودۆخ لە ئەوروپای رۆژهەلات (١٩٤٥-١٩٤٨): ........ ١٣٧
یوگوسلاڤیا و ئەلبانیا: ........ ١٣٧
بولگاریا، رۆمانیا، هەنگاریا: ........ ١٣٩
بولگاریا ........ ١٤١
رۆمانیا: ........ ١٤٢
هەنگاریا: ........ ١٤٤
چیکوسلۆڤاکیا: ........ ١٤٩
فنلاند: ........ ١٥٣
دۆکترین (عەقیدە)ی ترۆمان : کپکردنەوەی هەژموون: ........ ١٥٣
گرێ کوێرەی ئەڵمانیا (١٩٤٥-١٩٤٧): ........ ١٥٥
مارشاڵ پلان (بوژاندنەوەی ئەوروپا) و کۆمینیفۆرم (١٩٤٧): ........ ١٦١
کودەتاکەی چیکۆسلۆڤاکیا (١٩٤٨): ........ ١٦٧
دوو ئەڵمانیا (١٩٤٩): ........ ١٧١
هەموو شتێکمان دەوێت یاخود (پاکێجی برۆکسل) ١٩٤٨ و ........ ١٧٦

پەیمانی ئەتلەسی ١٩٤٩: ........ ١٧٦
ماو لە چین سەردەکەوێت (١٩٤٥–١٩٤٩): ........ ١٨٤
جەنگی کۆریا و پێشبڕکێی چەک (١٩٤٩–١٩٥٣): ........ ١٩٠
شەڕانگێزی هەر دوولا: ........ ١٩٠
جەنگی کۆریا: ........ ١٩٣
سەرەتای پێشبڕکێی چەک: ........ ٢٠١
سەرلەنوێ چەکدارکردنەوەی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و شکستی کۆمەڵگەی بەرگری
ئەوروپی (١٩٥٠–١٩٥٥): ........ ٢٠٥
پەیمانی وارشۆ و بێلایەنیی یوگوسلاڤیا: ........ ٢١٠
تیرۆری ستالینیستی لە ئەوروپا: ........ ٢١٤
بەشی چوارەم: یەکەمین هەوڵەکان بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەسەردەمی
ئەیزنهاوەر و خرۆشۆڤ (١٩٥٣–١٩٦١) ........ ٢١٧
سیاسەتی ڕواڵەتیی نوێ لە لایەن هەردوو سەرۆک ........ ٢١٧
ئەیزنهاوەر و دالاسەوە: ........ ٢١٧
مردنی ستالین، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە کریملن و ڕاپەڕینی ........ ٢٢٤
ئەڵمانیای دیموکرات (١٩٥٣–١٩٥٦): ........ ٢٢٤
دوای مردنی ستالین، جۆرێک لە لیبرالیزەبوون: ........ ٢٢٤
ڕوداوەکان لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات (DDR): ........ ٢٢٧
پاشەکشە لە لیبرالیزەکردن و کۆنگرەی جنێف (تەموزی ١٩٥٥): ........ ٢٣٢
گوتارەکەی خرۆشۆف و ڕیشەکێشکردنی ستالینیزم و ڕاپەڕین ........ ٢٣٧
لە پۆڵەندا و هەنگاریا (١٩٥٦): ........ ٢٣٧
خرۆشۆڤ: ........ ٢٣٧
پۆڵەندا: ........ ٢٤٠

هەنگاریا ........ ٢٤٢
چین و سیاسەتی ریشەکێشکردنی ستالینیزم: ........ ٢٥١
شەڕ لە پێناو جیهانی سێیەمدا ........ ٢٦٠
سی ئای ئەی: ........ ٢٦٠
ناسیۆنالیستە عەرەبەکان: ........ ٢٦٢
ڤێتنام: ........ ٢٦٥
سیاتۆ و سەنتۆ ........ ٢٦٨
کوبا: ........ ٢٦٩
سەرلەنوێ قەیرانی بەرلین و پڕچەککردن و چەکداماڵین ........ ٢٧١
بەشی پێنجەم: سیاسەتی کینیدی و جۆنسۆن و نەیارەکانیان خرۆشۆڤ و بریژنێڤ ........ ٢٧٨
(١٩٦١-١٩٦٨) ........ ٢٧٨
کینیدی (وەڵامی پڕبەپێست) و دیواری بەرلین: ........ ٢٧٨
کوبا و سەماکردن لە سەر پەتی ئەتۆم: ........ ٢٨٣
یەکەم ڕێککەوتنەکانی سنوردارکردنی چەک و لابردنی خرۆشۆڤ: ........ ٢٩٠
کینیدی، جۆنسۆن و تراژیدیای ڤێتنام: ........ ٢٩٣
ئەوروپای رۆژئاوا: هەر کەسەی لە ئاوازێک دەخوێنێت، ........ ٣٠٥
دیگۆڵ و براندت و هارمل: ........ ٣٠٥
لە ئەلبانیاوە هەتا چین و چیکوسلۆڤاکیا: ........ ٣١٢
دەسەڵاتی سۆڤێت بەسەر کۆمۆنیزمدا لەق دەبێت! ........ ٣١٢
رۆمانیا: ........ ٣١٢
چین: ........ ٣١٣
بەهاری پراگ ١٩٦٨ ........ ٣٢٠

سەرەڕای ململانێکان، ستراتیژی (لەناوبردنی یەکجارەکی یەکتر)................ ٣٢٦
دۆخەکە بە هێواشی بەرەو ئارامی دەبات:...................................... ٣٢٦
بەشی شەشەم: هێوربوونەوەیەک لە نێوان ..................................... ٣٣٤
نیکسۆن، کیسینگەر، فۆرد، براندت و بریژنێڤ ................................ ٣٣٤
یەکەم ڕێکەوتنی گەورەی کۆنترۆڵکردنی چەک (سالّت ١):...................... ٣٣٤
چین و ئەمەریکا.. چەخماخە لە ئاسمانێکی سامالّدا:............................ ٣٤٢
لە سیاسەتی "ڕۆژهەلاّت"ی براندت بۆ بەڵگەنامەی هێلسنکی:.................... ٣٥٧
سنورەکانی هێورکردنەوە (بە تایبەت لە جیهانی سێیەم):......................... ٣٦٢
کۆنزەرڤاتیڤە تازەکان:.................................................... ٣٦٣
بەنگلادش ............................................................... ٣٦٥
شیللی:.................................................................. ٣٦٥
خۆرهەلاّتی ناوەڕاست .................................................... ٣٦٧
یونان و قوبرس:.......................................................... ٣٦٩
پرتوگال:................................................................ ٣٧٠
کۆمۆنیزمی ئەوروپی ...................................................... ٣٧١
ئەفریقیا:................................................................ ٣٧٢
بەشی هەشتەم: ڕێگان و بریژنێڤ، ئەندرۆپۆڤ ................................. ٣٧٥
چرنینکۆ و گۆرباچۆڤ (١٩٨١-١٩٨٨)........................................ ٣٧٥
جەنگی ئەستێرەکان و دامالّینی چەک:....................................... ٣٧٥
هاوڕێ لەگەڵ پاپا یۆحەننا پۆڵسی دووەم لەسەر ڕێگای جەنگ .................. ٣٨٤
دژی ئیمپراتۆریەتی شەڕ:................................................. ٣٨٤
سۆلّیدارنۆشک (Solidarnosc): .............................................. ٣٨٥
لوبنان:.................................................................. ٣٩١

خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی کۆریای باشور: ........ ٣٩٢
ڕێگان (گرینادا) رزگار دەکات: ........ ٣٩٢
باشوری ئەمەریکا: ........ ٣٩٣
تیرۆریزم و ئێران گەیت: ........ ٣٩٥
گۆرباچۆڤ (گلاسنۆست و پیرۆسترۆیکا): ........ ٣٩٦
چاکسازییە سیاسییەکان (١٩٨٨): ........ ٤١٠
دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ململانێ ناوچەییەکان: ........ ٤١٢
بەشی نۆیەم:ساڵی موعجیزە١٩٨٩ ........ ٤١٦
My Way: ........ ٤١٦
پۆڵەندا: ........ ٤١٩
هەنگاریا: ........ ٤٢٠
ئەڵمانیای دیموکرات: ........ ٤٢٢
چیکو سلۆڤاکیا: ........ ٤٢٧
بولگاریا: ........ ٤٢٩
ڕۆمانیا: ........ ٤٣٠
یوگوسلاڤیا و ئەلبانیا: ........ ٤٣٤
یەکێتیی سۆڤێت: ........ ٤٣٥
دارمانی جەنگی سارد: ........ ٤٣٨
بەشی دەیەم: کۆتایی جەنگی سارد١٩٩٠ ........ ٤٤٣
یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا لە ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠: ........ ٤٤٣
سەردەمی دژایەتی و دووبەرەکی ئەوروپا کۆتایی هات: ........ ٤٤٧
کۆتا نەسک ........ ٤٥٣
کودەتای شکست خواردوو: ........ ٤٥٤

کۆتاییەکی دراماتیکیی یوگوسلاڤیا ........ ٤٦١
بەشی دوازدە: جەنگی سارد لە روانگەی ئەوروپییەکانەوە ........ ٤٦٤
بەشی سیازدە: دەرەنجامەکان ........ ٤٧٧
ئایا ریگان و بوشی باوک جەنگی ساردیان بردەوە؟ ........ ٤٧٧
ئایا دەکرا خۆ بەدووربگرین لە شەڕی سارد؟ ........ ٤٨٠
فاکتەری کەلتوری: ........ ٤٨٣
نائومێدی: ........ ٤٩٠
بەشی چواردە: چل تێز لەسەر جەنگی سارد ........ ٤٩٣